# لاپەڕەی
# بیرەوەرییەکانم
# 1991 – 1966

**د. جەمشید حەیدەری**

**بەرگی دووەم**

**هەولێر** – 2014

- ناوی کتێب : لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم (1966 – 1991)
- بابەت : یادداشت
- نووسینی : د. جەمشید حەیدەری
- تیراژ (1000) دانە
- تایپ و نەخشەسازی و بەرگ : هیوا کۆمپیوتەر
- چاپ : چاپخانەی
- چاپی یەکەم ، هەولێر / 2013
- بەرگی دووەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (     )ی
ساڵی (2014)ی دراوەتێ

# پێشەكی

دیـاره نووسـینی بـیرەوەری كـارێكی ئاسـان نییـە، چـونكە پێویسـتی بـەتۆماركردنو بەڵگـە هەیـە، منـیش بـەرگی یەكـەمی بیرەوەرییـەكانم لـە كـاتی خۆیـدا لەسـوێد نووسـیو بـەدوو شـێوە بڵاومكردنـەوە، لەسـاڵی 1992 بـەرگی یەكـەمم تـەواو كـرد بووكەلەسـاڵی 1949-1966، لەبـەر گەرانـەوەم بـۆ كوردسـتان دەستنووسەكەم دابرای خۆشەویستم شاعیرو نووسەر كاك خەبات عارف كاری چاپكردنو تایپكردنی خستە ئەستۆی خۆی، كە جێگـای سـوپاسو پێزانینـە، بـەرگی یەكـەم لەبـەر ئـەوەی بارودۆخێكی سیاسی نەگونجاو بوو، زۆر بابەتو رووداوو ناوی هاوڕێو دۆستانم فەرامۆش كردبوو، بەڵام كەبەرگی دووەمم تەواو كرد و بڕیارمدا هەردوو بەرگ چاپ بكەم، گەیشتمە ئەو بڕوایەی پێداچوونەوە بەبەرگی یەكەمدا بكەمو كەمو كوڕیەكان تەواو بكەنو زنجیرەی رووداوە یەكتری تەواو كەن.

لەسـاڵی 2012 هاوڕێیـانی حیزبـی شـیوعی كوردسـتان پێشنیازی ئەوەیان كرد رێزلێنانم بۆ بكەن، منیش داوام لێكردن بەبۆنەیـەوە هەردووبـەرگی بیرەوەرییـەكانم لەسـەر ئـەركی خۆیـان بۆچاپ بكـەن، ئـەوانیش بـەلێنیان دا ئـەرگی چاپكردنیان بخەنـە ئەستۆی خۆیان.

بێگومـان لێرەدا پێویسـتە ئامـاژە بەوەبكـەم، كەبـەرگی دووەم كەلـە1966/9/1 تـا 1991/9/5 لـەگۆڤاری (K21) لەلایـەن بـرای گـەورەو خۆشەویسـتم كـاك مومتـاز حەیـدەری هـەموو بڵاوكرایـەوە، كـەزۆر سـوپاس و پێـزانیم بـۆی هەیـەو داوای تەمـەن درێـژی بـۆ

دەکــەم، لەخزمــەتی رۆشــنبیری و پاراســتنی ئەرشــیفی بزاڤــی رزگاریخوازی کورد، هەروەها سوپاسـی هاورێیـانی حیزبـی شـیوعی کوردستان دەکەم کەئەرکی لەچاپدانیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان.

مــن بیرەوەرییــەکانم بەرســتگۆیی لەگــەڵ خــۆمو خوێنــەران نووسـیوەو چـم دیـوەو زانیـوەو رووداوەکـان چـۆن بوینـە هەوڵمـداوە وەك خۆیان بیانخەمە بەرچاو.

بێگومـان بـێ کـەمو کـوری نییـە، بەپێویسـتی دەزانم سوپاسـی هەمووئەوانە بکەم کەدەستی یارمـەتیان بـۆ درێـژکردمو هانیـان داوم بـۆ نووسـینی بیرەوەرییـەکانم بەتایبـەتی هاوسـەرەکەم، کۆسـرەت ئەحمەد بێکەس.

بێگومـان یەکسـختنی هـەموو بەشـەکان دوای بڵاوبوونـەوەی لەگۆڤاری (K21) و پێداچوونەوەو راستکردنەوەی هەڵەی چاپی لەلایەن دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا ئەنجامدراوە سوپاسی و پێزانیم بـۆ بـرای بـەرێزم دکتـۆر ئیـدریس عەبـدوڵڵا هەیـە کـە خـۆی زۆر پێوەماندوو کرد، هیوای سەرکەوتنی بۆدەخوازم

**جەمشید حەیدەری**

هەولێر

2013/6/15

## بەشی یەکەم

# بەیروت - مۆسكۆ

لە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا تا 1966/8/31م بڵاوکردۆتەوە، واتــە تــا ئــەو ڕۆژەی بــەیروتم بەجێهێشــتووە بــەرەو مۆســکۆ. لێــرەدا هەوڵدەدەم بە پێی توانا ئەوەی بێتەوە یادم، تۆماری بکەم، جا نازانم تا چ ڕادەیـەك سـەرکەوتوو دەبم، چونکە بەداخـەوە یاداشـتەکانی ئـەو کـاتم نییــە، تــەنیا هەنــدێ ڕووداوم لــە دەفتــەری ڕۆژمێــری ســاڵانەدا تۆمــار کردوون، پشت بەو تۆمارانە، ئەوەی بەبیرم دێتەوە، دەینووسمەوە.

بنــەمای چــوونم بــۆ ســۆڤیەت، بەشــداری بــوو لــە کــۆنگرەی یــەکێتی قوتابیــانی جیهــان لــە شــاری لینینگــراد (ســانت پیتــەربۆرگ)، لەگــەڵ نوێنەری یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عیراق دکتۆر فاروق ڕەزاعـە، کە ئەو کات جێگری سـەرۆکی یـەکێتی گشـتی قوتابیـانی کۆمـاری عیراق بـوو و لـە (پـراگ ـ چیکۆسـلۆڤاکیا) دەژیـا.. (ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت سەرۆکی یەکێتی گشتی دکتۆر (مەهدی ئەلحافز) بوو، ئەو پیاوەی دوای ڕووخـانی ڕژێمـی سـەدام، بـووە وەزیـری پلانـدانان، لـە حکومـەتی ئـەیاد عەلاوی).

بۆ زانینیش سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی جیهان، ئەو کات (نوری عەبدولڕەزاق حسێن) بوو، ئەویش هاوولاتی عێراق بوو (نوری عبدالرزاق حسین، ئێستا کە ساڵی (2008)ە، سکرتێری ڕێکخراوی هاوکاری ئاسیا و ئەفریقیایە لە قاهیرە).

وەك لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەم پێکردووە، من لە 1966/8/11 بەغدام بەجێهێشتووە و لە ڕێگای سوریاوە گەیشتومەتە بەیروت، بەڵام ڤیزای سۆڤیەتم نزیکەی (20) ڕۆژ دواکەوت، بۆیێ بۆم نەکرا بەشداری کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی جیهان بکەم.

ڕۆژی 1966/8/31 ئێوارە گەیشتمە فرۆکەخانەی شێریمێتۆڤا لە مۆسکۆ، دیارە لەو ڕۆژەدا، چەند خوێندکارێك دەگەیشتنە مۆسکۆ بۆ خوێندن. لە فڕۆکەخانەدا کچێکی ڕووس لە ڕێکخراوی کۆمسۆمۆل (یەکێتی گشتی لاوانی کۆمۆنیست) چاوەڕوانی دەکردین، ئێمەیان خستە نێو پاسێك، بەرەو شار بەڕێ کەوتین (فرۆکەخانە نزیکەی 40 کم لەشارەوە دووربوو)، لە ڕێگادا کچەکە پرسیاری لێکردم: تۆ دەتەوێ چ بخوێنی؟

گوتم: من بۆ خوێندن نەهاتووم، بۆ بەشداری کۆنگرە هاتووم.

گوتی: کۆنگرە تەواو بووە، تۆ بۆ خوێندن وەرگیراوی.

گوتم: ئەگەر وابێ دەمەوێ پزیشکی بخوێنم.

ئێمەیان بردە بەشی ناوەخۆیی ئینستیۆتی وزە (معهد الطاقة) و بەسەر دوو ژوور دابەشیان کردین. من و کوڕێکی ئەندەنووسی، کە لە (چین)ەوە هاتبوو، پێکەوەیان دانانین و هەریەکە یەك ڕوبلیان دایني بۆ نانی ئێوارە و گوتیان: بۆفیە لە خوارەوە هەیە (چونکە ئێمە لە نهۆمی دووەم ژوورمان وەرگرتبوو).. (ڕوبل: دراوی سۆڤیەت و ڕوسیایە.. ڕوبل

**ئەو کات لە بانك لـە یـەك دۆلار پتر بوو، بـەڵام لـە بازاڕی ڕەشـدا دۆلارێك (2-3) ڕوبل بوو).**

**من و کوڕە ئەندەنووسییەکە بە زمـانی ئینگلیزی دەدوایـن و پێکـەوە هاتینە خوارێ و چووینە بۆفیە، لە بۆفیەدا تەنیا چایەکی زەرد لـە میـزی منداڵی ساوای دەکرد و نانی ڕەش و سەوسەج هەبوو، من تـەنیا چایـەکم خواردەوە..**

**لـە بۆفیـە چـاوم بـە چـەند خوێنـدکارێك کـەوت لـە ڕەنـگ و قـژیان وێدەچوو خەڵکی وڵاتانی عەرەب بن. لێم پرسین: کەسی عێراقی لێرەدا دەژی؟**

**گوتیان: بەڵێ ..**

**گـوتم: ئەگـەر بکـرێ ئاگاداریـان بکـەن، کـە خوێنـدکارێکی عێراقـی بـە ناوی جەمشید حەیدەری هاتووە و ژمارەی ژوورەکەم پێدان.**

**پـاش ئـەوەی گەڕامـەوە ژوورەکـەم، کوڕێـك لـە دەرگایـدا و خـۆی پێناسـاندم، نـاوی (ماجیـد ئەلعوبێـدی) بـوو، گـوتی: لـە کۆمەڵـەی خوێندکارانی عێراق (رابطة الطلبة العراقيين) کار دەکەم.**

**دوای ئـەوەی یـەکتریمان ناسـی، پێـی ڕاگەیانـدم، کـە چـەند خوێندکارێکی کورد لـەو بەشـە ناوخۆییـەدا دەژیـن و خـەڵکی هـەولێرن.. ئەوانە بریتینە لە جەودەت بیلال (برای زوبیر بیلال)، عەونی قەساب، ئازا دۆغرمەچی، جەلال ئەلخەتیب)..**

**داوام لە ماجید کرد، پەیوەندیم بۆ ساز بکات لەگەڵ نوێنـەری حیزبـی شیوعی، چونکە دەمزانی مامۆستا کەریم ئەحمەد لە مۆسکۆیە.**

**کوڕە گـوتی: باشـە، مـن پەیوەنـدی بـە دکتـۆر صـلاح خـالص دەکـەم، چونکە ئەو لە ماڵەوە تەلەفۆنی هەیـە، تـا ئـەو پەیوەنـدی لەگـەڵ نوێنـەری**

حیزب (خلیل ئەلجەزائیری) بکات.

ئەوەی شایانی باسە، پاشناوی من حەیدەری بوو، کە لەگەڵ پاش ناوی شەهید جەمال حەیدەری یەکیان دەگرتەوە و پێشمگوتن: من برای شەهید جەمالم.

بێگومان ئەو پەیوەندییە (برای شەهید جەمال) کارئاسانی زۆری بۆ کردم و هەموو بەرپرسەکان (مەبەستم بەرپرسەکانی حیزبی شیوعی عێراقە) یەکسەر کارەکانیان ڕادەپەراند و یارمەتیان دەدام.

ڕۆژی 1966/9/1 لەگەڵ کاک ماجید ئەلعوبێدی، پێکەوە چووینە ماڵی دکتۆر صلاح خالص لە شەقامی لێنیسکی پرۆسپێکت.. دکتۆر صلاح خالص و خێزانەکەی دکتۆرە سوعاد خزر، هەردووکیان مامۆستا بوون لە زانکۆی مۆسکۆ، دکتۆر صلاح لە بەشی عەرەبی دەرسی دەداوە، خۆی دەرچووی زانکۆی سۆربۆن بوو لە پاریس و لە ساڵی 1954 لە عێراقیش گۆڤاری (الثقافة الجدیدە)ی دەردەکرد..

من دکتۆر (صلاح)م بە ناو دەناسی، چونکە لە دوای کودەتای هەشتی شوباتی ڕەش (8 شوباتی 1963)، ئەندامی کۆمیتەی پشتگیری گەلی عێراق بوو، کە بە سەرۆکایەتی شاعیری گەورەی عێراق محەمەد مەهدی جەواهیری لە ئەورووپادا دژی ڕژێمی بەعس دامەزرا.

دکتۆر صلاح و خێزانی زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کردم و دەنگوباسی عێراقیان لێ پرسیم؟ منیش ئەوەی دەمزانی بۆم باس کردن. دکتۆر صلاح پەیوەندی بە قوتابخانەی باڵای حیزبی شیوعی سۆڤیەت کرد و داوای کاک کەریم ئەحمەدی کرد، بەڵام ئاگاداریان کرد، کە کاک کەریم ڕۆیشتوەو مۆسکۆی بەجێهێشتووە، ئەوسا دکتۆر صلاح پەیوەندی بە خەلیل ئەلجەزائیری کرد، کە بەرپرسی کۆمیتەی مۆسکۆی

حیزب بوو.. ئەویش بەڵێنی دا کە هەر پێویستییەکی هەبێ، بۆی جێبەجێ دەکەین....

بەم شێوەیە، دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆمان لەماڵی دکتۆر صلاح خوارد، لەگەڵ ماجید گەراینەوە بەشی ناوخۆ.

ئێوارە، نوێنەری کۆمسۆمۆل و وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئاگاداریان کردم، کە بەیانی خۆم ئامادە بکەم، بۆ شاری (خارکۆڤ)م ڕەوانە دەکەن.. (ئەوەی شایانی باس بێت، زۆربەی خوێندکارانی بێگانە بۆ تەواوکردنی زمان و بەشی ئامادەیی زمان فێربوون، ڕەوانەی شارەکانی تر دەکران، دوای ئەوەی زمانیان تەواو دەکرد، ئەوسا بە پێی ئەو پسپۆڕییەی هەڵیاندەبژارد، دابەشی سەر بەشەکان و کۆلێژ و شارەکان دەکران).. منیش پێم ڕاگەیاندن: من ئامادە نیمە بچمە (خارکۆڤ)، ئەگەر لە مۆسکۆ نەمێنمەوە ئەوە ئامادەم بۆ عێراق بگەڕێمەوە.

ئیدی یەکسەر چوومەوە ژوورەکەی کاك ماجید و پەیامەکەمم پێ ڕاگەیاند.

گوتی: کێشە نییە، ئێستا تەلەفۆن بۆ دکتۆر صلاح دەکەین. لەگەل دکتۆر صلاح دوام، گوتی: مەگەڕێوە ژوورەکەت و بەیانی بەشی ناوخۆ بەجێ بهێڵە تا کاری مانەوەت ئەنجام دەدەین.

شەوێ لەگەڵ کاك ماجید سەردانی (کاك جەودەت بیلال و کاك عەونی)مان کرد، دڵیان زۆر خۆش بوو، کە منیان بینی، هەر چەند پێشتر یەکتریمان نەدەناسی، بەڵام خەڵکی یەك شار بووین، لە دانیشتنەکەدا، کاك (جەلال ئەلخەتیب)یش ئامادەبوو، (کاك جەلال لە کۆتایی ساڵانی نۆهەد لە لایەن پیاوانی بەعس لە بەغدا کوژرا).

ڕۆژی 9/2 سەرلەبەیانی سەردانی ماڵی دکتۆر (صلاح خالص)مان

کـرد، ئـەویش ئاگـاداری خـەلیل ئەلجـەزائری کردبـوو، (خـەلیل)یش گوتبـووی: بـا ئـەو لـە مۆسـکۆ بمێنێتـەوە، ئێمـە کارەکـەی جـێ بـەجێ دەکەین.

چـەند ڕۆژێـك نەگەڕامـەوە بەشـی نـاوخۆی ئینسـتیتۆی وزە، تـا لـە ڕێگـای حیزبـەوە خوێندنەکـەیان بـۆ کردمـە شـاری مۆسـکۆ ـ زانکـۆی دۆسـتایەتی ـ پـاتریس لۆمۆمبـا.. (وەك دەزانـرێ، زانکـۆی لۆمۆمبـا، لەدوای کوشتنی پاتریس لۆمۆمبای سەرۆك وەزیرانی کۆنغۆ لە مۆسکۆ دامەزرا و ناوی لۆمۆمبایان پێ بەخشی).

ئەو زانکۆیە بۆ پێگەیاندنی کادیری زانستی بۆ وولاتانی دواکەوتوو دامەزرا، خوێندن لەو زانکۆیەدا لەسەر حیسابی دەوڵەتی سۆڤیەت بوو، زۆربـەی زۆری قوتابیـانی هـی وڵاتـانی ئـەفریقیا، ئاسـیا و ئـەمریکای لاتینـی بـوون، بـە تایبـەتی ئـەو دەوڵەتانـەی لـە دوای سـاڵی 1960 سەربەخۆییان وەدەست هێنابوو.

سەرۆکایەتی زانکۆ لەنێو شار بوو، لە ئەپارتمانی دەنسکۆی و لەگەڵ چەند کۆلیژێك، ئەوەی تریان لە خواروری ڕۆژئاوای مۆسکۆ بوو، کە پێـی دەگـوترا: (سـۆرەکڤتەرۆی کڤارتـال).. کـە نیزیکـی مـیترۆی یۆگـۆزا پـەت نێیـا خـواروری ڕۆژئـاوا بـوو.. بەشـی ئامـادەیی زمـان و بەشـە ناوخۆییەکانی زانکۆ لەو شوێنەدا بوون.

مـن کـە وەرگـیرام، لـە بلـۆکی دوو، لەگـەڵ دوو خوێنـدکاری تـر لـە ژوورێکیان دانام. ئەوەی شایانی باس بێت، سۆڤیەتیەکان خوێندکارە بێگانـەکانیان پێکـەوە لـە یـەك ژوور دانـەدەنا، بـەڵکو دەبووایـە خوێنـدکارێکی ڕووس، یـان سـۆڤیەتی لەگەڵیانـدا بـژی، ئـەوان بیانۆیـان ئەوە بـوو، تـا دۆسـتایەتی و زمـان زووتـر فێـربن، بەڵام لە ڕاستیدا وەك

بۆمان دەرکەوت و ڕوون ببوەوە، تەنیا بۆ ئەو مەبەستە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەبوو، بزانن بێگانەکان چ دەکەن؟ چۆن بیردەکەنەوە؟ ڕایان لەسەر سۆڤیەت و ژیانی سۆڤیەت چیە؟

سیستمی ژیان لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی دۆستایەتی، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ سیستمی بەشەکانی تری زانکۆکانی سۆڤیەت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو، چونکە زۆربەی خوێندکارانی ئەم زانکۆیە وەك ئاماژەم پێکرد، هی وڵاتان و دەوڵەتانی دونیای سێیەم و دواکەوتوو بوون، تێیاندا هەبوو، هەر خوێندنی دواناوەندییان لە وڵاتی خۆیان تەواو نەکردبوو، بۆیێ پێویست بوو سەرەتا فێری زمان بن و خوێندنی دواناوەندی تەواوکەن، بەلام هەموو هەر پێکەوە لە بەشە ناوخۆییەکاندا دەژیاین.

لە ساڵی 1966، کە من لە زانکۆی لۆمۆمبا وەرگیرام، (مجمع الجامعه) یاخود ئەپارتمانەکانی بۆ زانکۆ تەرخان کراو، لە 7 بلۆك پێکهاتبوو، دوو یا سێ بلۆك دوو نهۆمی بوون، بلۆکی یەك و دوو بەشی ناوەخۆی ئامادەیی زمان و ئیدارە بوو، دوو بلۆکی پێنج نهۆمی و دوو بلۆکی حەوت نهۆمی. یەکێك لە بلۆکەکان تەنیا بۆ کچەکان و خاوەن خێزانەکان تەرخان کرابوو.

ئەوەی شایانی گوتنە، تەنیا لە زانکۆی دۆستایەتی، کچانیان لە کوڕان جیاکردبووەوە، بەلام ئەو کچانەی مێردیان کردبوو، یاخود ئەو کوڕانەی خاوەن ژن بوون، بۆیان هەبوو لە بلۆکی کچاندا بژین. هەروەها لە ڕۆژانی خوێندن، ڕێگا بە کورەکان نەدەدرا سەردانی کچان بکەن، تەنیا ڕۆژانی شەممە و یەك شەممە نەبێ، ئەویش دەبووایە پێناسەی خۆیان لەلای دەرگەوان بەجێ بهێڵین و ژوورەکەش دیاربکەن، کە دەچنێ

و بۆیان هەبوو، تا کاتژمێری (11)ی شەو لەوێ بن، لە بلۆکی کوڕانیشدا هەمان سیستم پیادە دەکرا، واتە: مێوان دەبووایە پێناسەی بەجێ بهێڵێ و تا 11 شەو پتر نەمێنێ، ئەگەر یەکێك دوابکەوتبووایە، ئەوە لە کاتی ڕۆیشتنی، پێناسەکەیان نەدەداوەو دەدرا ئیدارە.

کچی بێگانە، واتە کچێکی سۆڤیەتی نەبێ، بە ئاسانی و بێ گیر و گرفت دەیتوانی سەردانی خوێندکارە بێگانەکان بکات، بەڵام ئەگەر کچێکی سۆڤیەتی، یا خوێندکارێکی کچی سۆڤیەتی سەردانی کوڕێکی بێگانەی بکردایە، دەبووایە پاسپۆرتی لەلای دەرگەوان بەجێ بهێڵێ و ناونیشانیماڵەوەش بداتە دەرگەوان، زۆر جاریش قسەی ناشیرینی پێ دەگوترا، لەوانەش بوو لەلایەن کۆمیتەی کمسۆمۆل و لایەنەکانی تریش چاوی لێ زەق بکرێتەوە و سزا بدرێ.

هەر بێگانەیەك، خوێندکار بووایە، یاخود بۆ هەر کارێکی تر لە مۆسکۆ، یا هەر شارێکی تر بژیابووایە، بۆی نەبوو، بێ ئیزنی پۆلیس و بێ ڤیزا لە (40)کم پتر لە شار دووربکەوێتەوە. ئەگەر نیازی سەردانی شارێکی تری بکردایە، دەبووایە بۆ خوێندکاران لە ڕێگای ئیدارەی کۆلێژ، یا زانکۆ داخوازی پێشکەش بکات لەگەڵ دیاری کردنی ناوی شارەکە، ناوی ئەو کەسەی دەچێتە لای، ناونیشانی و هۆی سەردانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ڕێگایان نەدەدا، هەزار و یەك بیانوویان دەدۆزییەوە، بۆ ئەوەی سەفەرەکە نەکەی.

هەندێ شاری گەورەی وەك مۆسکۆ، لینینگراد، کیڤ.. لە بۆنەی گەورەدا، بەر لە یەك مانگ بۆ بێگانە دادەخرا بوون.

لە بیرۆی توریست (نووسینگەی گەشت و گوزار)، بەشی تایبەتی بۆ بێگانە هەبوو، بێگانە بۆی نەبوو پلیتی (فڕۆکە، شەمەندەفەر) لەو شوێنە

بكرێ، كە بۆ سۆڤيەتيەكان تەرخان كراوە، ئەوەی شايانی باس بێت . ئەگەر پليتی شەمەندەفەر، يا فرۆكە بۆ سۆڤيەتيەك بۆ نموونە بە (5) ڕوبل بووايە، ئەوە بۆ بێگانە دوو قات بوو (10) ڕوبل.. بۆيی خوێندكارە بێگانەكان لە ڕێگای كچە سۆڤيەتيەكانی ناسياويان پليتيان دەكڕی و سەفەريان دەكرد، بیّ ڤيزا و بە هەرزانی، لێرەدا پێويستە ئاماژە بە جياوازييەك بكەين، خوێندكارانی ولاّتانی ئەفريقی (ڕەش پيستەكان)، نەياندەتوانی بەو شێوەيە سەفەر بكەن، چونكە يەكسەر دەناسران، بەلاّم خوێندكارانی ولاّتانی ئاسيا و هەندیّ ولاّتی ئەمريكای لاتين و ئەوروپی زۆر بە ئاسانی، كارەكانيان جیّ بەجیّ دەبوو، چونكە لە سۆڤيەتی پێشوودا، بە سەدان گروپی ئێتنی (ميللەتان) دەژيان (ڕووسی، ئەرمەنی، گورجی، ئەزەری، كورد، لاز قەرگيز، تاجيك و ... هتد) ئەوانە لە ڕەنگ و شێوەدا هيچ جياوازييەكيان، لەگەلّ خەلّكانی ولاّتانی ئاسيا و ئەمريكای لاتين و ئەوروپا نەبوو.

خوێندكارانی بێگانە لە سۆڤيەتدا چەند جۆرێك بوون:

– ئەوانەی لە دەولّەتە سەرمايەدارەكانی ئەوروپا و ئەمريكا هاتبوون.

– ئەوانەی لە ولاّتانی دونيای سێيەم . لەسەر حيسابی دەولّەت هاتوون.

– ئەوانەی لە ولاّتانی بلۆكی ڕۆژهەلاّتی . سۆسياليستی . هاتبوون.

– ئەوانەی لەسەر حيسابی ڕێكخراوە پيشەيی و كۆمەلاّيەتيەكان و حيزبە كۆمۆنيست و چەپەكان و بزاڤی ڕزگاريخوازی نيشتمانی هاتبوون.. (ئەوانە لەسەر حيسابی دەولّەتی سۆڤيەت دەيان خوێند).

– ئەوانەی لە قوتابخانەی بالاّی حيزبی و سەنديكا و لاوانی كۆمۆنيست دەيانخوێند.

بێگومـان، مووچـە و یارمـەتی خوێنـدکارانیش بـە پێـی ئـەو جۆرانـە جیاواز بوو، تەنیا چەند نموونەیەك لەو دەرماڵە یاخود مووچانە دەخەمە پێش چاو:

. ئەو خوێندکارانەی لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی پیشەیی و کۆمەڵایـەتی و حیزبـی لـە زانکۆکـان دەیانخوێنـد مانگانـەی سـاڵی ئامادەیی لـە نێوان 80-90- ڕوبل بوو.

- ئەوانـەی لەسـەر حیسـابی دەوڵەتـە سـەرمایەدارەکان و دەوڵـەتانی دونیای سێیەم بوون، مانگانەیان لـە نێوان 150- 180 ڕوبـل بـوو (جگـە لەوەی مانگانە دۆلاریشیان لە باڵیۆزخانەکانیان وەردەگرت).

- ئەوانەی لەسـەر حیسابی بلۆکی سۆسیالیستی بوون، مانگانـەیان لە نێوان 50-60 ڕوبل بوو، بەڵام لـە باڵیۆزخانـە و ماڵـەوەش پارەیـان بۆ دەهات.

- ئەوانەی لە قوتابخانەی باڵای حیزبی هـاتبوون، مانگانـەیان (180) ڕوبل بوو، جگە لەوەی فرۆشگای تایبەتیان هەبوو، کە هەموو جۆرە کـەل و پەل و جگەرە و خواردنەوەی بێگانەی تێدا دەفرۆشرا، بە ڕوبل کـەل و پەلـەکان دەفرۆشـران، بـە پێچـەوانەی فرۆشـگای خوێنـدکارانی بێگانـە و دیپلۆماسیەکان، کە تەنیا بە ڤەلوت (دۆلار، مارك، کرۆن،... هتـد) مامەڵـە دەکرا.

- بێگانـە بـۆی نـەبوو، شـەو لـە هـیچ شـوێنێك بخـەوێ، جگـە لـە ئـەو خانووەی، هوتیلـەی، بەشـە ناوخۆییـەی بـۆ دیـاری کرابـوو دەسـتگاکانی ئاسایش ئاگاداری بن.

بێگانە بۆی نەبوو، شەو لە دەرەوەی بەشی ناوخۆ بمێنێتەوە، یـاخود ژوورێـك لـە خانەوادەیـەکی سـۆڤیەتی بـەکرێ بگـرێ.. هـەر کەسـێك

**هاتووچۆی بێگانەی بکردایە، یاخود مێوانداری بێگانەی بکردایە و شەو لەلای خۆی بینواندایە، تووشی کێشە دەهات، بە تایبەتی ئەگەر ئەو خێزانە ڕووسە، یان سۆڤیەتیە لە ئەپارتمانێکی هاوبەش (کەمونال) کە چەند خێزانێك پێکەوە لە شوقەیەك دەژیان (ئەو مەسەلەیە، تەنیا بۆ ئەوانەی خێزانەکانیان سۆڤیەتی بوو پەیڕەو نەدەکرا). . ئەوەی شایانی باسە لە شارە گەورەکان، کە ژمارەی دانیشتوانی لە چەند ملیۆنێك پترە، مەسەلەی نیشتەجێ بوون ئەستەم بوو، بۆیێ سیستمی شوقەی هاوبەش باو بوو، لە شوقەیەك کە پانتایی نەدەگەیشتە 100م$^2$، لەوانە بوو سێ تا چوار خێزان پێکەوە بژیابان، هەر ژووری بۆ خێزانێك بوو، دوو خێزان و دوو زگورتی لەیەك شوقە بژین، کە موبەق و تەوالێت و حەمامیان هاوبەش بوو، بەلام ئەگەر ئەپارتمان، یا شوقەکە سەربەخۆ بابوو، مانەوەی بێگانە لایان مەترسی کەم بوو، پێویستە بگوترێ گەلانی سۆڤیەت بەگشتی و ڕووسیش بە تایبەتی ڕقیان لە بێگانە نەبوو، بەڵکو مرۆڤ لەنێوانیاندا هەستی بە غەریبی نەدەکرد.**

**لە شوێنێکی تری ئەم بیرەوەریانەدا، ئاماژەم بە هەندێ جۆرێ فرۆشگا کردووە، کە تەنیا بۆ بێگانەکان بوو، دەمەوێ لێرەدا، تەنیا هەڵوێستە لەسەر فرۆشگای (بریۆزکە) بکەم، کە تایبەت بوو، بۆ ڤەلوت (پارەی بێگانە) ئەوەیان بۆ دیپلۆماسی، خوێندکارانی بێگانە، توریستەکان تەرخانکرابوو، سۆڤیەتیەکان بۆیان نەبوو لە دەرگاش بچنە نێو فرۆشگا، ئەگەر پارەی بێگانەشیان هەبووایە... جگە لەوە جۆرێکی تر بۆ کەشتیەوان و فڕۆکەوانەکانی ئەوانەی هاتووچۆی دەرەوەی سۆڤیەت دەکەن، فرۆشگای تایبەتیان هەبوو، ئەوانەش ئەو برە پارەیەی مووچەیان، کە لەدەرەوە کار دەکەن بە ڤەلوت وەردەگرت، بەلام نەك کاش، بەڵکو لەڕێگای بانکەوە دەکرا بە (چەك)، دەکرا لە فرۆشگاکە بە**

چەك کەل و پەل بکڕن، با دەفتەرێکیش بێ.. خۆ ئەگەر پارەی بێگانەش لای هاوولاتیەکی سۆڤیەتی بدۆزرابووایە، تووشی سزا دەهات، ئەو پارەی چۆن دەستکەوتووە؟

ئەوەی شایانی باس بێت، زۆر کەل و پەلی سۆڤیەتی لەو فرۆشگایانە دەفرۆشران، هاوولاتی سادەی سۆڤیەت، ڕۆژێکیش لە ڕۆژان لە کۆگا و فرۆشگاکانی ئاسایی بەرچاویان نەکەوتبوو، تەنیا لەو فرۆشگایانە یاخود ڕەوانەی دەرەوەی سۆڤیەت دەکرا. دەگێرنەوە: جارێك کابرایەکی ئەرمەنی سەفەری ئەوروپا دەکات، لەوێ چاوی بە جووتە پێلاوێکی جوانی ژنان دەکەوێ و دەیکڕی بۆ ژنەکەی، کە دەگەڕێتەوە ئەرمەنستان پێشکەش ژنەکەی دەکات.. ژنەش زۆر دڵخۆش دەبی، بەلام کە سەیری ژێر پێلاوەکە دەکات نووسراوە (لە ئەرمەنستان دروستکراوە)!! لە قاقای پێکەنین دەدا، چونکە لە هەموو ئەرمەنستاندا ئەو جۆرە پێلاوە لە بازاڕ نافرۆشرێ.

ئەوەی شایانی باس بێت، خەڵکی سۆڤیەت بەگشتی، ئینسان دۆستن، نەریت و عادەتی ڕۆژهەلاتییان هەیە، گۆشەگیر نەبوون (من ئەوکاتەی لە سۆڤیەت بووم، خەڵکی وابوون، بەلام دوای نەمانی سۆڤیەت نازانم بارەکە چۆنە، چونکە لە مانگی دوانزدەی ساڵی 1991ەوە سەرم لەو ولاتە نەداوە، دەڵێن زۆر گۆڕاوە، نەك تەنیا لە بواری ئابووری، بەڵکو کۆمەلایەتی و ڕەفتاریشیان گۆڕاوە). میوان دۆست بوون، ئەوەی لە ماڵەوە هەبووایە بۆ میوان لەسەر خوانیان دادەنا، بە دەگمەن بێگانە هەستی بە نامۆیی دەکرد لە نێوانیاندا، هەموو گلەیی و ڕەخنە و ناڕەزاییەکانیان لە شێوەی گاڵتە و گەپ و نوکتەدا دەردەبڕی، بۆیی گەورەترین گەنجینەی نوکتەی سیاسی و کۆمەلایەتی لە سۆڤیەتدا لە دایکبووە و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو سیستمە، بە

ڕاشکاوی دەخاتە بەرچاو.

## خوێندن و کاری حیزبایەتی و کۆمەڵایەتی
### کۆلێژی ئامادەیی زانکۆی دۆستایەتی – لۆمۆمبا

لەو کۆلێژەدا ماوەی فێرکردنی زمان دە مانگە، خوێندکاران بە گروپ لەسەر بنەمای ڕشتەی داهاتووی خوێندن دابەش دەکرێن. گروپەکان: پزیشکی، مێژوو، زمان و ئەدەبیات یاسا و زانستی سیاسی، ئەندازیاری، کشتوکاڵ... هتدن. ئەو گروپانەش لەنێو خۆیاندا دابەشکردنێکی تریان هەیە، کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت . ئەویش مەسەلەی زمانی هاوبەشە . واتە ئەوانەی یەك زمانی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە . مەبەست لێرەدا، زمانی دایك نییە، بەڵکو زمانی دووەمە، کە لە ڕێگای ئەو زمانەوە لێك تێدەگەن.. وەك زمانەکانی : (ئینگلیزی، فرەنسی، ئیسپانی)..

ـ بۆ ئەو سێ زمانە پتر لەبەرچاو دەگیرێ؟ چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی خوێندکاریان لێهاتووە، زمانی دووەمیان یەکێك لەو زمانانەیە.

ژمارەی گروپی خوێندکاران لەنێوان (7–5) خوێندکارە.

سێ مانگی یەکەم، تەنیا زمان دەخوێندرێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕشتەی داهاتوو، واتە: بابەتەکان زمان و وشە و زاراوە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە خوێندنی داهاتوووە هەیە. سێ مامۆستا دەرس دەدەنەوە یەك بۆ فۆنۆتیك، یەك بۆ ڕێزمان، یەك بۆ بابەتی گشتی، دەرسی فۆنۆتیك و ڕێزمان لە (1/9– تا کۆتایی حوزەیران) بەردەوامی هەیە.

خوێندن بەسەر دوو کۆرس دابەش دەکرێ . کۆرسی یەکەم لە 9/1

تا کۆتایی مانگی دوانزدە ـ تا قیکردنەوە، کۆرسی دووەم لە مانگی یەك تا مانگی حوزەیران، تاقیکردنەوە.

لەکاتی خوێندنی زمان لە مانگی یەکەمدا، مامۆستا جاروبار بۆ شیکردنەوە، بە پێی هاوبەشی گروپەکە، پەنا بۆ زمانی دووەم دەبات: (ئینگلیزی.. فرەنسی... ئیسپانی).. لەمانگی دووەمدا، خوێندکار پێویستە لە ڕێگای فەرهەنگی دوو زمانی بە دوای وشەو واتاکاندا بگەڕێ، مامۆستا تەنیا بە زمانی ڕووسی دەدوێ (واتە زمانی بێگانە بەکارناهێنێ)

ڕۆژانە خوێندن لە نێوان 5-6 کاتژمێر بەردەوامە، لە کۆرسی دووەمدا، واتە: لە دوای نیوەی ساڵ، بابەتی خوێندن زۆر دەبێ، جگە لە زمان و ڕشتەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنی داهاتوویش دێتە گۆڕێ. من لە بەشی پزیشکیم دەخوێند، لەتەك زمان پێویست بوو: کیمیا، بایۆلۆجی، ئەنەتۆمی (تەشریح)، بیرکاری، لەگەڵ هەندێ بابەتی گشتی وەك: مێژووی سۆڤیەت، کۆمەڵگای سۆڤیەت، هەندێ بنەمای گشتی ئابوری و فەلسەفەش بخوێندرێ... خوێندکار، ئەگەر لە سێ مانگی یەکەم خۆی ماندوو بکات، لە کۆرسی دووەمدا خوێندنی بە ئاسانی بەرەو پێش دەڕوا.. لەتەك خۆماندوکردنی مامۆستا و بەکارهێنانی لەبراتۆر (موختەبەر)ی زمان و خۆماندووکردنی خوێندکار، کۆمەڵگاش یارمەتیدەرە، چونکە هەڵگری زمانەکە (ڕوسەکان) مرۆڤی ئینسان دۆستن و هەروەها زمان و کەلتووری خۆیان خۆش دەوێ، بۆیێ کاتێ خوێندکاری بێگانە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات و تێکەڵاویان دەبێ، لە کاتی دواندندا، ئەگەر هەلەیەکی زمانەوانی یاخود دەربڕین (فۆنۆتیك) ڕوویدا، ئەوان یەکسەر بۆی ڕاست دەکەنەوە، بێگومان ئەوەش یارمەتی

دەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی بە چاکی و زوو فێری زمان بیت.

دوای ئـەوەی لـە زانکـۆی دۆسـتایەتی دەسـتم بـە خوێنـدن کـرد، پێوەندی حیزبایەتیم نوێ کردەوە و لە شانەیەکی حیزبی تا کۆنفراسی حیزبی لیژنەی یەکێتی سۆڤیەتی حیزبی شیوعی عیراق. ئەوەی شایانی باس بێـت، لیژنـەی حیزبـی شـیوعی عێـراق لـە سـۆڤیەت، گـەورەترین ڕێکخـراوی حیزبـی شـیوعی عێـراق بـوو لـە ئـەوروپا، لـەدوای سـۆڤیەت ڕێکخراوەکـانی حیزبـی شـیوعی عێـراق لـە بـەریتانیا، ئـەڵمانیای دیموکرات، چیکۆسلۆڤاکیا، بولگاریا، پۆلۆنیا، یوگوسلاڤیا و هەنگاریا بوو، بەڵام چالاکترین ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق لە بەریتانیا بوو.

جگە لە ڕێکخـراوی حیزبـی، مـن لـە دوو ڕێکخـراوی تـری کۆمەڵایـەتی ئەندام بووم، کە لە سۆڤیەت چالاکیان هەبوو- کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقـی- رابطـة طلبـة العـراقیین- و کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەوروپا- لقی سۆڤیەت.

بێگومان ڕاستەوخۆ و بەبێ کێشە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق وەرگیرام، چونکە من لە عێراق، لە دوای ساڵی 1964 یەکێك بووم لە ئەندامانی لێژنەی زیندووکردنەوەو چالاکی یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراق و نوێنەری ئەو ڕێکخراوەش بووم بۆ کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی جیهان، بەڵام بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- لقی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ وەرنەدەگیرا، چونکە بە پێی پەیڕەوی نێوەخۆی کۆمەڵە، لقەکان ماڤ ئەوەیان نەبوو، بەبێ ڕەزامەندی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە بەرلین، ئەندام وەرگرن. دیارە ئەو بەندەش لە پەیڕەوی کۆمەڵـە، بـەو مەبەسـتە چەسپاندرابوو، تا ڕێگا لـە شـیوعیە کوردەکان بگرن و ژمارەیان لە کۆمەڵەدا زۆر نەبێ، ئەوەش پەیوەندی

هـەبوو بـە هەڵوێسـت و سیاسـەتی حیزبـی شـیوعی عێـراق و حیزبـە شیوعییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێ لکێنرا بوو، بەرامبەر بە کێشەی کورد، بەتایبەتی هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراق لە بارەی شەڕی کـورد و حکومـەتی قاسـم و هـەروەها هەڵوێسـتی لـە ڕێکخـراوە کوردستانییەکان بـە گشـتی و هەوڵـدان بـۆ توانـەوەیان لـەنێو ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتییەکانی عێراقدا– ئەو سیاسەتە لە عێراق لە نێوان ساڵانی 1958– 1962 پیادە دەکرا.

من لەڕێگای لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە سۆڤیەت داخوازیم پێشکەش کرد، کە ئەوکات بەرپرسیاری لق جوانە مەرگ ئەمین جەلال بوو، ئەمین برای شەهید شاسوار جەلالە، کە بە شەهید ئارام ناسراوە.

–2 –

لـە ئۆکتۆبـەری 1966، مومتـازی بـرام گەیشـتە مۆسـکۆ بـۆ خـوولی قوتابخانەی حیزبی. بە گەیشتنی ئاگاداری کردم و چاومان پێك کەوت. مومتاز دەیتوانی سەردانی من بکات لە زانکۆی دۆستایەتی، هەرچەندە ئەوانەی لە قوتابخانەی حیزبی دەیانخوێند، بۆیـان نـەبوو پەیوەنـدیان لەگەڵ خوێنـدکارانی عێراق هـەبێ، چونکە قوتابخانە و هاتنیـان نهێنـی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی برام بوو، چاوپێکەوتنمان ئاسایی بوو، لەگەڵ ئەوەی من بۆم نەبوو، بزانم ئەو لە چ ناوچەیەکە، یاخود ئادریسی وی کوێیەو ئەم ئادرێسی خۆی پێ نەدەگوتم.. منیش بە پێویستم نەدەزانی لێی بپرسم، بە تەلەفۆن پەیوەندیمان دەکرد و لە شوێنێك چاومان پێك دەکـەوت... دوای ماوەیـەك لـە گەیشـتنی مومتـاز بـۆ مۆسـکۆ، ڕۆژێـك ئاگـاداری کـردم کـە تۆفیـق ئەحمـەد هـاتووە. مـن و تۆفیـق هـاوڕێی کـۆن

بووین، لە ئاوەگردەوە- تۆفیق ئەحمەد- لە پێشمەرگەیی بە هاوڕێ هەژار ناسرا بوو، سەرۆكی پێشووی سەندیكای كۆمپانیای نەوتی كەركوك بوو، مرۆڤێكی ئازا بوو، بەر لە هاتنی لە لایەن ئاسایشی عێراق دەستگیر كرابوو، بەڵام لە كاتی گواستنەوەی لە ئاسایشەوە بۆ وەزارەتی بەرگری، لە دەست پۆلیس ڕایكردبوو... دوایی لە ڕێگای حیزبەوە بە پاسەپۆرتێك چوو بووە كوێت و لەوێشەوە هاتە مۆسكۆ بۆ خوێندنی حیزبی. بە هاتنی تۆفیق زۆر دڵخۆش بووم و ژوانەكم لەبەر دەرگای میترۆ ئۆكتیابر سكایا برسكایا لەگەڵ دانا.. دوایی چاومان پێك كەوت، چووینە (پاركی گۆركیێ)، كە یەكێكە لە پاركە مەزنەكانی شاری مۆسكۆ و بە ناوی نووسەری گەورەی سۆڤیەت (مەكسیم گۆركیێ) كراوە، تا درەنگانێك پێكەوە بووین، چونكە ئەوانەی لە قوتابخانەی حیزبی دەیانخوێند، تەنیا ڕۆژانی شەمە و یەكشەمە بۆیان هەبوو قوتابخانە و شوێنی نیشتەجێ بەجێ بهێڵین و كاتی گەڕانەوەشیان بۆ بەشی ناوخۆ دیار بوو، ئەگەر لە كاتی خۆی نەگەڕابووانەوە، ئەوە دەرگا داخرابوو...

من و تۆفیق و مومتاز (دیارە مومتاز لەگەڵ تۆفیق لە یەك قوتابخانە و بەشی ناوخۆ بوون) هەفتەی جارێك، دە ڕۆژێك جارێك چاومان پێك دەكەوت.

دەمەوێ ئەوە بڵێم كە تۆفیق لەبەر ئەوەی لە كۆمپانیای نەوت كاری كردبوو، زمانی ئینگلیزی دەزانی و بە ماوەیەكی زۆر كەمیش فێری زمانی ڕووسی بوو، نەك هەر قسەكردن، بەڵكو نووسین و وتار خوێندنەوە..

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم، ئەو پیاوە لە ساڵانی هەشتاكان، ناچار بوو رووبكاتە سوێد، كە گەیشتە ستۆكهۆڵم دەیتوانی سوێدی

تێبگات، ئەوەش لەوەوە هاتبوو، بۆ ماوەی چەند مانگێك لە كەمپی پەناهەندان لە ئێران كتێبی زمانی سوێدی- ئینگلیزی چەنگ كەوتبوو، لەو ماوەیەدا ڕستە و وشەیەكی زۆری سوێدی لەبەر كردبوو. لە داهاتوودا، دەگەڕێمەوە سەر باسی تۆفیق چ لە مۆسكۆ و چ لە سوێد، بەپێی سالآن و كاتی بیرەوەرییەكان.

1966/11/7

ئێمە وەك خێزانێكی شیوعی، كە هەموو برایەكان لە ڕیزی حزبی شیوعی عێراق ئەندام بووین و بە نهێنی، یان بە ئاشكرا یادی شۆڕشی ئۆكتۆبەرمان زیندوو ڕاگرتبوو، لەو بۆنەیەدا ئاهەنگی بچووك و چالاكی جۆراو جۆر ئەنجام دەدرا، سەردانی دۆستانمان دەكرد، لە كارگە و قوتابخانە و كۆلێژەكان، چوكلیت دابەش دەكرا، باسی شۆڕشی ئۆكتۆبەر و خەباتی چینی كرێكاران لە پێناو دادی كۆمەلآیەتی و نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەیی دەكرا.

وەك لە بەرگی یەكەمی بیرەوەرییەكانمدا هاتووە، من و خوشكەكانم بۆ دواجار، لە یادی ئۆكتۆبەری سالی 1962 چاومان بە شەهید جەمال كەوت، كە ئەم ڕۆژە لەگەلْ شەهیدان جۆرج تەلۆ و محەمەد صالح ئەلعەبلی لە بەغدا سەردانیان كردین. بەو شێوەیە پەروەردەكرام و ئێستا لە ولآتی شۆڕشی ئۆكتۆبەر خۆشترین ڕۆژ بوو، كە بتوانم بەشداری ئەو ئاهەنگە بكەم. لەو ڕۆژەدا، ملیۆنەها هاوولاتیانی سۆڤیەت سەر لە بەیانی و بەشێوەیەكی ڕێك و پێك، ڕێكخراوەكانی كرێكاران، جوتیاران، لاوان، ژنان و هەموو دەستەو توێژەكان، بە ئالای سوور و دروشم و بالۆن و گوولی سوور و گولی دەستكردی جۆراو جۆر لە شەقامەكانی

مۆسـکۆ ڕیـز دەبـوون، بـەرەو گۆڕەپـانی سـووری بـەر دەرگـای کـرملین دەچوون، کە لـەوێ ڕێـرەو دەسـتی پێکرد و خوێنـدکارانی بێگانـەش لـە ڕێگای ڕێکخراوەکانی خۆیان بەشداری ئەو جێژنەیان دەکرد. میللـەتانی سـۆڤیەت و نوێنـەرانی کۆمارەکـان بە جلی میللی، جگـە لـەوە لەشـکری سوور بە هەموو جۆرە چەکێکیانەوە بەشداری ئەو ڕێپێوانەیان دەکرد.

هەر ڕێکخراوێك شوێنی بۆ دیاری کرابوو، بۆ خوێندکارانی بێگانـەش شـوێنی کۆبوونـەوە و ڕێپێـوان بـە گـوێرەی پیتـی ئەبجـەدی نـاوی وڵاتـەکانیان ڕێکخـرا بوو. لەسـەر مـەزاری لێنین- سـەرکردایەتی حیزبـی شـیوعی سـۆڤیەت ڕادەوەسـتان بـۆ سـڵاو لێکـردن و وەرگرتنـەوە لـە جـەماوەری بەشـدار بـوو، لـەلای چـەپ و ڕاسـتەوەی مەزارەکـە، لەلایـەك قارەمانـانی شـەری جیهـانی دووەم و خۆیـان و قارەمانـانی کـاری سۆسیالیسـتی، لەلایـەکی تـر، نوێنـەرانی دەوڵـەتانی بـاوەڕپێکراو (دیپلۆماسەکانی بێگانە) دەوەستان.

ئاهەنگەکـە لـە لایـەن وەزیـری بـەرگری دەسـتی پێـدەکرد و ڕادەگەیاندرا... ئەوسا دەستە دەستە، نوێنـەرانی جۆرەکانی لەشکر لـە پیـادەوە دەسـتی پێـدەکرد، تـا دەگەیشـتە تانـك و زریپـۆش و ڕۆکێـت (ساروخ)، پاشان نوێنەری سەندیکای کرێکاران و ...هتد.

من بۆ یەکەم جار بوو لە ژیانمدا لە گۆڕەپانی سوور لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی عێـراق و کورد، بـە جلـی کـوردی لـەو ئاهەنگـەدا بەشداریم کرد.

هـەر چـەندە لـەو ڕۆژەدا، بـە تایبـەتی لـە ڕۆژی 11/6 ئاهـەنگ لـە ڕیستۆڕان و مـاڵان و هۆڵـەکان دەگێڕدرا، خوێنـدکاران لەگـەڵ دۆسـتانیان پێکەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، من لە بەشی نـاوخۆ... کە تـازە بووم، هـەموو

دوو مانگ بوو گەیشتبووم، دۆست و برادەرە کورد و عەرەبەکان، لەگەڵ دۆستی کچ و برادەرانیان پێکەوە بوون، من ئێوارەکەی نەچووومە لای کەس، بەڵکو بیرم لەماڵەوە دەکردەوە، بیرم هەر لەکن براو خوشکەکانم بوون، هێشتا ڕانەهاتبووم... بۆیێ لە ژوورەکەمدا، بە تەنیا دانیشتم، مۆمێکم هەڵکرد و دەستە گوڵێکی جوانم لەسەر مێزەکە دانا و وێنەیەکی لینین.. بوتڵەك شەڕاب و هەندێ سەلاتە.. ڕادیۆشم کردبووەوە... ئەو دووکەسەی لە ژوورەکەم دەژیان، ڕووسەکەیان بە بۆنەی جێژن چووبووەوە ماڵی باوکی، برادەرە عێراقیەکەم کە ناوی (عەبدولوەهاب) بوو، خەڵکی حلله بوو، دەرچوو بوو، ئەو بەر لە من بە ساڵێك هاتبووە مۆسکۆ و زمانی دەزانی، منیش هێشتا لە زمان کۆڵەوار بووم.

وەك دەزانرێ لە هەموو ئەوروپادا، ساڵی نوێ، گرنگی تایبەتی پێدەدرێ، بە تایبەتی جێژنی لەدایکبوونی عیسا (مەسیح) .. هەرچەندە زۆربەی مەسیحیەکانی ڕووسیا سەر بە کلێسەی ڕۆژهەڵاتین، واتە کاسۆلیك نین و جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، کە نەك تەنیا لە ڕێبازی ئایینی بەڵکو ساڵنامەشیان جیاوازە، بەپێی ساڵنامەی رووسان لە 1/13 ساڵی نوێ دەست پێدەکات، نەك 12/31، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی سۆڤیەت وەك هەموو جیهان ئاهەنگی ساڵی نوێ بە شێوەیەکی فەرمی لە 12/31 دەگێڕن و لە 1/13 دووبارەی دەکەنەوە. من بۆ یەکەمجار بوو، ئاهەنگی سەری ساڵ بگێڕم ئەگەر لە یادم مابێ، لەگەڵ مومتازی برام پێکەوە لە دەرەوەی مۆسکۆ جێژنەکەمان کرد. ئەوەی بێتەوە یادم، سەعات 12ی شەو، کە خەڵکی پێکەوە شامپانیا نۆش دەکەن، من بەر لە سەعات 12 دەستمکرد بە نووسینی نامەیەك بۆ بەغدا، هەستی خۆم تێدا دەربڕی، کە لەوان دوورم و پێم خۆشبوو پێکەوە جێژن بکەین...

لە ساڵی 1967 لە خوێندن بەردەوام بووم. لە مانگی شوباتی 1967، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق، کۆنگرەیەکی نائاسایی گرێدا. سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق، ئەوکات خەلیل ئەلجەزائیری بوو، کە هەروەها ناوبراو بەرپرسی لیژنەی سۆڤیەتی حیزبی شیوعی عیراقیش بوو.

من یەکەمجار بوو لە کۆنگرەی ئاشکرا بەشداری بکەم. کۆنگرەکە لە باڵەخانەی زانکۆی مۆسکۆ بەسترا، لە هۆڵی (02) ئەگەر بەهەڵە نەچووبم. کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق سیستمێکی تایبەتیان پیادە دەکرد. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، کۆنگرە لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکە پێکدێ، ئەوەی هەستم کرد ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە زۆرە، بەڵام بەشدار بووان کەمە، کە پرسیارم کرد بۆ ژمارەی بەشدار بووەکان کەمە؟ لە وەڵامدا گوتیان: ئەگەر هاتوو خوێندکارێك نەهات، دەتوانی دەنگی خۆی بە ئەندامێکی بەشدار بوو بدات تا لەجیاتی ئەو دەنگ بدات.. یاخود لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە بۆی هەیە، لەنێو بەشدابووواندا، ژمارەیەك باجی دەنگدان دابەش بکات بەسەر ئەوانی تردا...

بۆم دەرکەوت، بەم شێوەیە دەیانەوێ وای ڕابگەینن، کە: زۆرترین ژمارە لە ئەندامان بەشداری کۆنگرەیان کردوە، ئەو باجانەش دەدرێتە هەر بەشدار بوویێك، بەمەرجێ هەر ئەندامێك جگە لە دەنگی خۆی، مافی ئەوەی هەیە دوو باجی تریش وەرگرێ، واتە سێ دەنگی هەیە، بەو شێوەش، سەرپەرشتیارانی کۆنگرە دەتوانن ئەو کەسانە دەرچووێنن، کە مەبەستیانە، بەڵام ئەمن کە تازە لە عێراقەوە هاتبووم، ئەوەم پێ هەزم نەکراو بە پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆم لە قەڵەم دا، لە دژی ئەو جۆرە

هەڵبژاردنەدا دەنگم دا و بە مافی خۆم زانی.. کە: من بە نوێنەرایەتی یەکێتی گشتی قوتابیانی کۆماری عێراق هاتوومەتە سۆڤیەت، ئەو شێوە پێشێلکاریە قەبول نەکەم و بە توندی دژی بووەستم.. بە سەرەتایی ترین پێشێلکردنی مافی دیموکراسیم لە قەڵەم دا.

دیارە بۆچوون و هەڵوێستی من لە کۆنگرەدا جێگای ناڕەزایی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق و بەرپرسی لێژنەی حیزبی شیوعی عێراق بوو. هەروەها لە کۆنگرەکەدا هەستم بەوەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کورد بەشدار نەبووینە، نەك ئەوانەی سەربە حیزبی تربوون، بەڵکو ئەوانەی ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعی عێراقیش بوون. پاشان بۆم دەرکەوت، هۆی بەشدار نەبوونی کوردەکانی ئەندامی حیزبی شیوعی لە کۆنگرەدا دەگەڕێتەوە، بۆ ڕۆژانی دوای کودەتای شوباتی 1963 و بە تایبەتی دوایی هاتنی عەبدولسەلام عارف لە کودەتای 1963/11/18 و پشتگیری حکومەتی عەبدولسەلام عارف و هەولی خۆ تواندنەوە لە ڕیزی (الاتحاد الاشتراکی).. کە ئیدی لە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی ناکۆکی لەسەر مەسەلەی کورد و هەڵوێست لە شۆرشی کوردستان درووست بوو، بۆچوونی جیاواز لەنێوان هاوڕێیانی کورد و عەرەب هاتەکایەوە، ئەوەش بووە هۆی دوورخستنەوەی هەندێ هاوڕێی شیوعی کورد لە لێژنەی حیزبی و لە شانەکان و کۆکردنەوەیان لە شانەی تایبەتیدا، تاکو بۆچوونەکانیان بە بۆچوونی لیژنەی حیزبی ئاژاوە و ناکۆکی نەخاتە ڕیزی ڕێکخراوەکانی حیزبی و پەرەنەسێنێ. لێرەدا بە ڕاشکاوی مافی دیموکراتی ئەندامانی حیزبیان پێشێلکردبوو.

شەوی دوای کۆتایی کۆنگرە نائاساییەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە مۆسکۆ، خەلیل ئەلجەزائیری، کە بەرپرسی لیژنەی یەکێتی

سۆڤیەتی حیزبی شیوعی عێراق بوو، لەگەڵ بەرپرسانی تر، زۆر بە توونـدی سەرزەنیشتی منیان کرد کەچۆن لە بەردەم کۆنگرەدا بەم شێوەیە دواوم.

من پێم گوتن: دەتوانن موحاسەبەم بکەن، بەڵام پێم وایە، ئێوە ماف دیموکراتی مرۆڤ و ڕێکخراوی دیموکراتی پێشێل دەکەن.

ئەگەر بەهەلە نەچووبم لەو کۆنگرەیەدا من بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق هەڵبژێردرام.

لە ئاداری 1967 شاندێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە سۆڤیەت بۆ بەشداری لە ڤیستڤالی خوێندکارانی عێراق لە بەریتانیا بەڕێ کەوتین، شاندەکە بە سەرۆکایەتی دکتۆر نەزمی عەبدولصاحب و من پێکەوە چووین.

ئەوەی شایانی باس بێت، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە بەریتانیا ساڵانە لە مانگی ئادار ڤیستڤاڵی هونەر و ئەدەبی و سیاسیان لە یەکێك لە شارەکانی ئینگلستان دەگێرا و نوێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە وڵاتانی ئەوروپا بەشدارییان تێدا دەکرد. ساڵی 1967 لە شاری رامزگیت ڤیستڤال سازکرا.

## 1967/5/1

ئەوەی شایانی باس بێت و لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا ئاماژەم پێکردووە، لە 1961/5/1 لە هەولێر دەستگیر کرام....، ئێستا باس لەوە دەکەم کە لە مۆسکۆ جێژنی یەکی ئایار، جێژنی کرێکارانی جیهان لە مۆسکۆ بەشداری ڕێ و ڕەسمی ئەو ئاهەنگە مەزنەم کرد، کە لە مەیدانی سوور لە ڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق و کوردا و بە جلی

کوردی... ڕۆژێك بوو لە خۆشترین ڕۆژانی ژیانم.
1967/5/2

وەك لە شوێنێکی تری ئەو بیرەوەرییانە ئاماژەم پێکردووە، لە ساڵی 1966 دوای چەند مانگێك مومتازی برام گەیشتە سۆڤیەت بۆ خوێندنی لە قوتابخانەی باڵای حیزبی شیوعی... لە ئێوارەی 5/1 گەیشت، پێشنیاری کرد، کە جێژنی لەدایکبوونم کە دەکاتە 5/2 ئاهەنگێك بگێڕین... پێشناریشی کرد لە ماڵی هاوڕێ شەهید سەلام عادل بێت. ئەوەی شایانی باس بێت ماڵی سەلام عادل لە نۆڤۆسلۆدسکایا بوو، ئەو شوقەیە بەر لەساڵی 1959، شوقەی مەلا مستەفای بارزانی بوو، هەروەها ئەو مامۆستایەی دەرسی بە مومتاز دەگۆتەوە، یەکێك بوو لەوانەی دەرسیان بە مەلا مستەفا و سەلام عادل گوتبووەوە، مامۆستای مومتازیش بوو... لە ئاهەنگەکەدا چەند کەسێك بەشداریان کرد، لەوانە عەلی کوڕی سەلام عادل، نزمی سەفار (نزمی سەفار و فازڵ سەفار .. جووتە کوڕی نەرگیزی خێزانی شەهید جەمال بوون، فازڵ لە تەمەنی 15 ساڵی لە ساڵی 1963 لە بەرچاوی دایکیدا بەعسیەکان کوشتیان، چونکە ئامادە نەبوو دان بە نهێنی شوێنی شەهید جەمال بنێ و نزمیش دوای ئازاد کردنی لە زیندان، لە ساڵی 1963دا حیزب ڕەوانەی سۆڤیەتیان کرد، بۆ خوێندن.. نیرگز سەفاڕ و هەردوو کوڕو کچێکی و کچی دووەمی، کە لە بەندیخانەی بەعسی لەدایکبوو، هەموو پێکەوە لەگەڵ شەهید موهیب حەیدەری برامان لەلایەن بەعس دەستگیر کران... لە ئاداری 1963 شەهید موهیب لە لایەن بەعسیەکانەوە شەهید کرا، لە دواییدا نەرگیز خۆی و دوو کچی حکومدران، کە یەکیان لە دایکبووی 1961 بوو ئەوی تریان لە دایك بووی 1963 بوو.. نزمی سەفار دوای

تەواو کردنی خوێندن لە ساڵانی حەفتا گەڕایەوە بەغدا و لە چاپخانەی حیزبی شیوعی کاری دەکرد، دیسان بە دەستی بەعس شەهید کرا.

لەو جاوە کە مومتازی برام، جێژنی لە دایکبوونمی بە ڕەسمی گێڕا، من ئێستاشی لەگەڵ دابیت هەموو ساڵێك لە 5/2 جێژنی لەدایکبوونی خۆم دەگێڕم...

هەر لەساڵی 1967 بە سەرکردایەتی شاندێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق چوومە ئەلمانیای دیموکرات بۆ بەشداری لە کۆنگرەی (10)یەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق، کە لەشاری کارل مارکس شتات بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا چاوم بە هەندێ دۆست و خزم کەوت، لەوانە دکتۆر زوهدی داودی، فوئاد نوری سالح، هیوا بەهجەت، مارف حەمە دەمین... لەکۆنگرەکەدا، من وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقم لە سۆڤیەت خوێندەوە. وتارەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و ڕەشنووسی وتارەکەم لەلادا پارێزراوە. خاڵە سەرەکیەکانی وتارەکە و پوختەی ناوەڕۆکەکەی دەخەمە بەرچاوان.

- گرنگی کۆنگرە و گوڕینەوەی شاندی ڕێکخراوەکان لە دەرەوەی وڵات و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی بزووتنەوەی خوێندکاران.

- بارودۆخی عێراق .. گرتن و زیندانی کردنی خەڵك.

- جێ بەجێ نەکردنی ڕێکەوتنامەی 1966/6/29 لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز و هەوڵدانی دەوڵەتی عێراق بۆ لەنێو بردنی شۆڕشی کوردستان.

- پشت بەستنی دەوڵەت لە سیاسەتی ئابووری- بە داهاتەکانی نەوت و پشت گوێ خستنی بوارەکانی تر و کانزاکانی تر بۆ پەرەپێدانی ئابوری وڵات.

- جێ بەجێ نەکردنی برگەکانی قانوونی 80ی ساڵی 1960 دەربارەی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی.
- هەڵوێستی حکومەت لە ئازادییە دیموکراتییەکان و دان نەنانی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خوێندکاران لە زانکۆکانی عێراق و پوچەڵکردنەوەی ئەنجامەکان، چونکە یەکێتی گشتی خوێندکارانی کۆماری عێراق زۆرینەی دەنگەکانی هێنابوو.
- هەروەها لە وتارەکەدا ئاماژەم بە چالاکیەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە سۆڤیەت و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وڵاتانی بێگانە بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی کردبوو، ئاماژەشم بەوە کردوە، کە: ئێمە ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجومەنی ڕێکخراوەکانی خوێندکارانی وڵاتانی عەرەبین لە سۆڤیەتدا و سەرکردایەتی ئەو ئەنجومەنەش لە دەست خوێندکارانی عێراقە.

دیسانەوە ئامازەم بە پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە سۆڤیەت لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق و هاوکاری و چالاکی هاوبەشیان کرد.

لە وتارەکەدا ئامازە بەوە کراوە، کە کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق یادداشتێکی پێشکەش بە دەسەلاتدارانی عێراق کردووە، دەربارەی دانان بە بڕوانامەی دەرچووانی زانکۆی دۆستایەتی (پاتریس لۆمۆمبا) لە مۆسکۆ، هەروەها داوای درێژکردنەوەی پاسەپۆرتی خوێندکارانی عێراق لە لایەن بالیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ کراوە.

لە کۆتایی وتارەکەدا ئامازەم بە چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق کرد، دوای هەڵگیرسانی شەری نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە 1967/6/5.

لە ڕۆژی 1967/6/5دا، لە ژووری خوێندندا بووم، کاتێك برادەرێکی عـەرەبی فەلەسـتینی بـە نـاوی تەیسـیر لەدەرگایـدا و لـە مامۆسـتاکەمی داواکـرد، کـە ڕێگـا بـدات دەرس بـەجێهڵم.. کـە چـوومە دەرەوە، تەیسـیر ئاگاداری کردم، کە شەڕ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکردووە، پێویسـتە ڕێکخراوەکـانی وڵاتـانی عـارەبی چـالاکی ئـەنجام بـدەن و هەڵوێست وەرگرن.

مـن لەبـەر ئـەوەی نوێنـەری کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی عێـراق بـووم لـە کۆلێـژی ئامـادەیی (پزیشـکی)، دەبووایـە دەسـت بـەجێ پەیوەنـدی بـە ڕێکخراوەکانی بێگانە و عەرەب بکەم.. بۆیە کە گەڕامەوە هۆڵی خوێنـدن، داوای ڕوخسـەتم لـە مامۆسـتاکەم کـرد، ئیـدی یەکسـەر چـوومە بەشـی ناوەخۆ و پەیوەندیم بە هاوڕێیان کـرد و لـەو ڕۆژەوە تـا شـەڕەکە کۆتـایی هـات، شـەو و ڕۆژ خوێنـدکارانی وڵاتـانی عـەرەبی، خـەریکی کۆبوونـەوەو خۆپیشاندان بوون، ئەوەی ڕاستی بێـت، ئێمـەی کـورد لـە عەرەبەکان زۆر گەرمتر و چالاکتر بووین، من کە دەڵێم (ئێمەی کـورد) مەبەسـتم لـە کوردە شیوعیەکانە بە تایبەتی.

ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت، سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتانیش، هەموو جۆرە چالاکییەکی دژی لەشکری عێراق هەلپەسارد.

لــە سـۆڤیەتدا ژمارەیــەکی زۆر لــە کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی بێگانــە (عــەرەب، ئێرانــی، ئــەفغانی، لاتـین ئـەمریکی، ئـەفریقی هــەبوون، لـەنێو کۆمەڵەی خوێندکارانی وڵاتانی عەرەبی، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی، سـوری، میسـری، بـەحرێنی و هـەروەها کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی ئێرانـی زۆر چالاك بوون.

لـەنێو کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی عێـراق و سـوریا، شـیوعییەکان ڕۆڵـی

سەرەکییان دەگێڕا، بەڵام کۆمەڵەی ئێرانیەکان بە گشتی چەپەکان، نەك تودەوییەکان، زۆر چالاك بوون.

بەر لە شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق پێشنیاری یەکگرتنی خوێندکارانی وڵاتانی عەرەبی کرد بوو. ڕێکخراوی هەندێ لەو وڵاتانەی عەرەبی، بە تایبەتی میسری و ئوردنی، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، کە: (یەکێتی خوێندکارانی عەرەب) پێکبهێنرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کورد لە ڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی عیراق و سوریەدا هەبوون، ئەو دوو ڕێکخراوەیەش لەژێر دەستی حیزبی شیوعی عێراق و سوریا دابوون، ئەو دوو ڕێکخراوەیە، کە وەك ئاماژەم پێکرد، کوردی تێدابوو، ڕازی نەبوون لەسەر ناوی (یەکێتی خوێندکارانی عەرەب)، لە ئاکامدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە: ڕێکخراوەکە لەسەر بنەمای هاوکاری پێك بێت و هەر ڕێکخراوێك سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ... بەم شێوەیە ڕێکخراوەکە لەژێر ناوی (رابطة طلبة البلدان العربیة) دامەزرا و چەند ساڵێك سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەش لە دەست خوێندکارانی عێراق بوو.

بێگومان ئەو ڕێکخراوەیە ڕۆڵێکی چالاکی لە سازدانی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ عەرەبەکانی میسر و ئوردن و ڕێکخستنی کاری دەستە جەمعی لە کارگە و بیناسازیدا هەبوو، ڕۆژانە ژمارەیەك لە خوێندکارانی وڵاتانی عەرەبی و دۆستانیان دەچوونە کار و پولەکەیان بۆ زیان پێکەوتووەکانی عەرەب دەشاند.

منیش چەند ڕۆژێك کارم کرد لەو ئەپارتمانەی لە شەقامی کالێننسکی پروسپیکت دروست دەکرا، هەروەها بەشداریم لە پێشوازی سەرۆکی سوریا دکتۆر نورەدین ئەتاسی کرد، کە لە ڕۆژانی شەڕ

گەیشتە مۆسکۆ.

بەشداری چالاکی خوێندکارانی کورد لەو جۆرە چالاکیانە، هۆی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەندام و لایەنگیری حیزبی شیوعی بوون، لە لایەکی تر دەمان ویست، پێیان ڕابگەیەنین کە: ئێمەی کوردیش هاودەردین لەگەڵتان، بەلام بەداخەوە، دەڵێم، کە: ئەوان (زۆربەیان) لەگەڵ کورد هاودەرد نەبوون، ئەگەرچی هەندێ لە خوێندکارانی یەمەن و بەحرین خۆیان بە دۆستی کورد دادەنا.

زانکۆی دۆستایەتی، وەك هەموو زانکۆکانی تری یەکێتی سۆڤیەت، هاوینان کامپی کارکردن و هەسانەوەیان هەبوو.. خوێندکارانی سۆڤیەت، هاوینان ڕوویان دەکردە ئەو ناوچانەی کاری تێدا دەکرا لە سیبیریا، ئاسیای ناوەند، قەفقاس (کاری بینا، مێوە کۆکردنەوە، ڕێگاوبان... هتد). چونکە پارەیەکی باشیان چەنگ دەکەوت و بۆ ساڵی خوێندن، پێویستیان بە یارمەتیماڵەوەیان نەدەکرد... ئەو کامپانە لە لایەن ڕێکخراوی لاوانی شیوعی ڕێك دەخرا.. ماوەی کارکردن یا هەسانەوە (24) ڕۆژ بوو. پشووی هاوین دابەش دەکرا. هەر گروپێك بە پێی خواستی خۆی لە بەشی یەکەم (24) ڕۆژی تەموز، یا (24) ڕۆژی ئاب بچێتە کار، یا هەسانەوە.

خوێندکارانی بێگانەش بۆیان هەبوو، بچنە کامپی کارکردن، هەروەها بچنە کامپی هەسانەوە لە کەناری دەریای ڕەش.

زانکۆی مۆسکۆ و زانکۆی دۆستایەتی چەند کامپێکیان هەبوو لەسەر دەریای ڕەش، (بوریڤێسینك ـ زانکۆی مۆسکۆ) ، (ماکاپسێ ـ زانکۆی دۆستایەتی)، خوێندکاران بەر لە تەواو بوونی ساڵی خوێندن ناونووس دەکران، بە پێی خواستی خۆیان: دەچنە کەمپی هەسانەوە، یان

دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، یان ڕوو لەوڵاتی سێیەم دەکەن...

کەمپی پشووی هاوینان وەك کەمپی کارکردن، کەماوەکەی (48) ڕۆژ بوو، دەکرا دوو بەش.. هەر جارەی (24) ڕۆژ.. بێگومان پارەی خواردن و شوێنی نووستن لەو دەرماڵەیە، یا لە مووچەی هاوینی خوێندکار دەگێڕدرایەوە.

لە قەراخ دەریادا، لە ماوەی ئەو 24 ڕۆژەدا، دەیان چالاکی کەلتووری، ئاهەنگ و سیمینار و دیالۆگی جۆراو جۆر لەسەر بابەتی جۆراو جۆر.. بۆ زیندوکردنەوەی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی خوێندکارانی بێگانە و سۆڤیەت، لە نێوان خوێندکارانی بێگانە و سۆڤیەت سازدەدرا.

لە هاوینی 1967دا، دوای شەڕی نێوان عەرەب و جوولەکە، چەند سیمینارێکی هاوبەش لە نێوان خوێندکارانی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئاسیا سازکرا. (ڕابیتەی خوێندکارانی وڵاتانی عەرەب) زۆر چالاکانە هەوڵیدەدا، کە: ئاکامی شەڕە درێژخایەنەکەی نێوان عەرەبە فەلەستینیەکان و جوولەکە و هۆی تێکشکانی هێزەکانی عەرەب لە بەردەم پەلاماری ئیسرائیل بخەنە بەرچاو و ڕۆڵی دەسەڵاتدارەکانی عەرەب و هاوکارییان لەگەڵ ئەمریکا و دۆستانی ئیسرائیل بە ڕاشکاوی شیبکەنەوە، هەروەها ڕژێمەکانی عەرەبی کۆنەپەرست، کە ڕێگا خۆشکەربووینە بۆ ئەو شکستییە گەورەیە، چونکە ماف دیموکراسی و ئازادی پێشێلکراوە، بە تایبەتی ئاماژە بە ڕۆڵی ڕژێمی عێراق دەکرا، لە دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963، کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان و بە تایبەتی ئەفسەرانی نیشتمانپەروەری، لە زیندانەکانی ڕژێمی عارف دەیاننالاند، یانیش دوورخرابوونەوەو خانەنشین کرابوون، بەتایبەتی

فرۆکەوانەکان، هەرچەند داوایان لە ڕژێمی عارف – تاهر یەحیا کردبوو، ئازادیان بکەن و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکەن، بەڵام ڕژێمی عارف لەو ئەفسەرانە دەترسا، نەوەك دوای کۆتایی شەڕ لێی هەڵگەڕێنەوە، بۆیێ ڕێگای نەدان و ئازادی نەکردن، خۆشی نەیتوانی وەك پێویست ڕۆڵی خۆی لەو جەنگەدا ببینێ.

لە قەراخ دەریای ڕەش و لەکامپی ماکاپسێ خوێندکارانی وڵاتانی عەرەبی چالاکی زۆریان ئەنجامدا، وەك ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئەوەی سەرنج راکێش بێ، ئەوەبوو نوێنەری هەردوو ڕێکخراوی خوێندکارانی عێراق و سوریا– کە زۆر چالاك بوون، هەر دوو نوێنەری ئەو ڕێکخراوانە کورد بوون– یەکیان دوکتور محمد شێخۆ بوو، خوالێخۆشبوو، ئەوکات خوێندکار بوو لە کولیجی پزیشکی و دوای تەواوکردنی لە قامشلۆ، کاری پزیشکی دەکرد و بووە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سوریا، نوێنەری خوێندکارانی عێراقیش نووسەری ئەو بیرەوەرییەیە.

زۆربەی کۆڕ و سیمینارەکان من و دکتۆر محمد شێخۆ دەمان گێڕا و وەڵامی پرسیاری بەشداربووانمان دەدایەوە، ئەوەش ڕۆڵی شیوعییەکانی لەو ڕێکخراوانە بەروونی دەخستە بەرچاو، وەك ئاشکراشە، لەو سەردەمانەدا سکرتێری یەکەمی هەردوو حیزبی شیوعی عێراق و سوریا کورد بوون– عەزیز محمد و خالید بەگداش–.

## 14ی تەموزی 1967

لەقەراخ دەریای رەش و لەکامپی (ماکاپسێ) سالیادی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 گیرا، لەو ئاهەنگەدا وتاری کۆمەڵەی خوێندکاران لە لایەن منەوە نووسرا، وەرگێراوەکەی بە رووسی لەلایەن – مۆفەق تۆفیق

مـونیر خوێندرایـەوە (مۆفـەق تۆفیـق.. کـوری شـەهید و ئاشـتیخوازی بـەنێوبانگی عێراقـە، کـە لەسـاڵی 1963 لەلایـەن بەعسـیەکانەوە شـەهید کرا، تۆفیق مونیر نیشتمانپەروەرێکی بەناو و دەنگ بوو، لـەکاتی خۆیـدا رژێمـی پاشـایەتی، کـە (حکومـەتی نـوری سـەعید)، لەگـەڵ تێکۆشـەرانی ناسراو عەزیز شەریف، رەگەزنامەی عێراقیان لیٚ سـەندراوە و بـۆ تورکیـا دوورخرانەوە).. رەشنووسی وتارەکەم لەبەردەستدایە، کە تێیدا هاتووە:

نـۆ سـاڵ لەمـەوپێش، وەك ئـەمرۆ شۆرشـە مەزنەکـەمان هەڵگیرسـا، لـە ئاکـامی تێکۆشـان و یـەك ریـزی هێـزە نیشـتمانیەکانی بـەرەی یـەکێتی نیشتمانی و رێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لـەنێو لەشـکردا، قـەڵای رژێمی پاشایەتی کۆنەپەرستی روخاند و سیستێمی کۆماری دامەزراند.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا شۆرشی تەمموز ئاسۆیەکی فرەوانی لـە بـەردەم بزاڤـی رزگـاریخوازی نیشـتمانی لـە وڵاتـانی عـەرەبی خسـتە سەرپشـت، بـەوەی کـە شۆرشـێکی رزگـاریخوازی دیمـوکراتی بـوو، کـە جەماوەری گەلەکەمان بە هەموو توێژ و چینەکانی پشتگیریان کرد.

شۆرشـی تـەمموز خەونـەکانی ئیمپریـالیزمی لـەنێوبرد و حیسـاباتی تێکشـکاند بـۆ لـەنێو بردنـی بزاڤـی رزگـاریخوازی لەوڵاتەکەمانـدا. گەلەکەمان بەسەرکردایەتی بەرەی یەکێتی نیشتمانی، دەرسێکی وای بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان دا، کە هیچ لەبیری نەکەن.

شۆرشـی 14ی تـەمموز لـە سـاڵی یەکەمیـدا، هەنـدیٚ هـەنگاو و دەسـتکەوتی جـیٚ بـەجیٚ کـرد بەپاڵپشـتی و یـەك ریـزی گەلەکـەمان و جەماوەرەکـەی وەك دەرچـوون لـە پـەیمانی بەغـدا و پوچـەڵکردنی رێکەوتننامـەکان و نەهێشـتنی بنکـەی لەشـکری بـەریتانیا لـە عێـراق و دەرچوون لـە (کوتلـەی ئیسـتەرلینی) و دانـانی قـانوونی چارەسـەرکردنی

کشتوکاڵ.. بەڵام پاراستنی ئەو دەستکەوتانە، پابەندبوو بە تێگەیشتنی هەموو لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەرکە گرنگەکان و خۆڕاگرتن لە بەردەم پەلامار و هێرشی هێزە کۆنە پەرستەکان و بە کرێگیراوانیان لە بورجوازیەت و هێزە نەتەوەییەکانی (عەرەب)، ئەوانە ریزی نیشتمانیان تێکدا و ئەستەنگیان خستە بەر پەرەسەندنی و پیلانیان گێڕا بە هاوکاری هەندێ لایەنی کۆنەپەرست و ئیمپریالیزم لە کودەتای 8ی شوباتی 1963دا، کە قەتلوعامی نیشتمانپەروەرانیان لە سەرتاسەری عێراق ئەنجامدا. دوای چوارساڵ بەسەر کودەتاکە، هێشتا دەستەی تاوانباری عارف بەسەدان تێکۆشەریان لە زیندانەکان هێشتبووەوە هەڵوێستیان لە شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل باشترین بەڵگەبوو.

**لەکۆتایی وتارەکەدا هاتووە:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات، ئەم خالانەی خوارەوە جێ بەجێ بکات:

1- بەردانی گیراوە سیاسییەکان.

2- دابینکردنی ئازادیە دیموکراتیەکان بۆ گەل.

3- سرینەوەی شوێنەواری کودەتای فاشی بەعس.

4- دەست بەسەر داگرتنی بەرژەوەندییەکانی بێگانە و جێبەجێ کردنی قانوونی چارەسەری کشتوکاڵ و تەئمینی کۆمپانیای نەوت.

5- دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان- عێراق.

6- سیاسەتێکی رزگاریخوازانە لە ئاستی دەرەوە بگرێتە بەر دژی ئیمپریالیزم.

بێگومان نیشتمانپەروەری هەر حکومەتێك لەوەدا دەردەکەوێ تاچەند ئەو داخوازیانە جێ بەجێ دەکات..

دوای پشووی هاوینی 1967، کە گەڕاینەوە مۆسکۆ، من داوام لە حیزب کرد لە هەندێ کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی بمبەخشن، چونکە خوێندن لە کۆلێژی پزیشکی و کاری حیزبی زۆر گرانە و بۆم ئەنجام، بەڵام ڕێکخراوی حیزبی پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە ناتوانی ئەرکەکانم کەم کاتەوە، بۆیێ داوام کرد بەشەکەم بگۆڕم لە پزیشکیەوە بۆ بەشی ئابووری....

لە دوای ناوەڕاستی مانگی سیپتەمبەر (ئەیلوول)ی 1967 بە ئەرکێکی حیزبی چوومە بەرلین... لە وێستگەی ترێن (شەمەندەفەر) دکتۆر کازم حەبیب چاوەڕوانی دەکردم و پێکەوە چووینەوە ماڵی ئەوان، لە ڕێگادا کازم گوتی: دەزانی لە عێراق کەرتبوون (انشقاق) لە حیزب روویداوە؟

گوتم: نازانم... گوتی: ئاگاداری ناکۆکیان بووی؟.. گوتم: بەڵێ ... دەبی راستڕەوەکان... بهائەدین نوری و باقر موسەوی بەو کارە هەڵسا بن... چونکە زۆرینەی ڕێکخراوەکانی بەغدا، لە دوای ساڵی 1964 دژی سیاسەتی ئەو دوو سەرکردەیە بوون، کە ئەندازیاری خەتی 1964 راستڕەو بوون..

گوتی : نەخێر عەزیز ئەلحاج و جەواد الگمر پێی هەڵساون و (زەکی خەیری و بەهائەدین) یان گرتووە...

# بەشی دووەم

## 1968 /12 - 1967 /9

وەك دەزانرێ لە سالی 1964 دەستەلاتی عێراق بە سەرۆكایەتی عەبدولسەلام عارف لە تەموزدا چەند بڕیارێكی وەرگرت، بە خۆمالی كردن و دەست بەسەراگرتنی هەندێ لە كۆمپانیاكان بە ناوی ((تأمیم)) وەك ئەوەی لە میسر دەركرا.

عەبدولسەلام عارف چاولێكەری میسر و جەمال عەبدولناصری لە زۆر شت دا دەكرد. وەك دامەزراندنی ((یەكێتی ئیشتراكی- الاتحاد الاشتراكی)) .. هەوڵدان بۆ خۆ توانەوەی حیزبە كۆمەنیستیەكان لە چوارچێوەی ئەو ڕێكخراوەیەدا .. لە دەرەوەش بنەمای تیۆری ئەو جۆرە بۆچوونە و ڕۆڵی بورژوازیەتی نیشتمانی لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا لە نووسینەكان - باریس پۆنۆمارینۆڤ - تیۆری زانی پارتی كۆمۆنیستی سوڤیەت ڕەنگی داوەتەوە.

دوای بڕیارەكانی عەبدولسەلام عارف لە عێراق، لە نێو سەركردایەتی حیزبی شیوعی عێراق بۆچوونێكی وا سەری هەڵدا، كە بچنە ریزی ((یەكێتیی ئیشتیراكی)) ئەو بۆ چوونەش لەو بەیانەی حیزبی شیوعی

عێراقـی بـە زەقـی بەرچـاو دەکـەوێ، کـە بـە بۆنـەی (تـأمیم) لـە بەغـدا بڵاوکرایەوە، لە کۆتایی بەیانەکەدا دروشمی قەومی عەرەبی ((ئازادی، ئیشـتراکی، یـەکێتیی) هـاتبوو، تـەنیا جیـاوازی ئـەوە بـوو، کـە بەیانەکـە جێگـۆرکێی بـە دروشمـی بـەعس کردبـوو بـە ((یـەکێتیی، ئـازادی، ئیشتراکی))ی هێنابوون.

ئەو بەیانە نارەزاییـەکی زۆری لـە نێـو حزبـی شـیوعی دروسـت کـرد، دەگوترێ خاوەن و بەرپرسی ئەو بەیانە ((باقر ئیبراهیم موسـەوی)) بـوو، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو.. ئەوەی شایانی باسە، لەو ماوەیەدا هاورێیان عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمـەد لـە دەرەوەی عێـراق بـوون. مـن وەکـو ئەنـدامی حـزب، کـە بـەیانی تـەموزی 1964-م خوێنـدەوە بـە بەرپرسی خۆم راگەیاند: ئامادە نیمە کاربکەم.

دێتەوە یادم، ماڵمان ئەو کات لە بەغدا - دربونە المصرف- لە فضـل بوو، رۆژێکیان هاورێیان جاسم حەلوایی و تۆفیق ئەحمەد هاتنە لام، بۆ گفتوگۆ لەم بارەیەوە، بەڵام ئامادەییم پیشـان نـەدا بگەرێمـەوە کـاری حیزبی و گوتم: تەنیا لە رێکخـراوی پیشـەیی (یـەکێتی گشـتی قوتابیـانی کۆماری عێراق) درێژە بە خەبات دەدەم.

ئـەوەی بێتـەوە یـادم، یـەکێك لەوانـەی پروپاگەنـدەی توانـەوە لـە ((ریزی یەکێتی ئیشتراکی))ی دەکرد و لە رۆژنامەکان وتاری بە عەرەبی بڵاودەکـردەوە وەزیـری رۆشـنبیری پێشـووی هـەرێمی کوردسـتان فەلەکەدین کاکەیی بوو.

بێگومـان ئـەو سیاسـەتە، بـووە هـۆی ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە تێکۆشـەرانی شـیوعی لـە بەندیخانـەکان بـە تایبـەتی لـە بەندیخانـەی - حله- پاکانە بنووسن و خەڵکانی تریش وازبهێنن، هەروەها لە دەرەوەی

ولاتیش بەرهەڵستکاری ئەو ڕێبازە هەبوون، لەوانە: زەکی خەیری و عەزیز ئەلحاج و مەهدی ئەلحافز ، هەروەها هەر لەوساڵەدا ڕێبازی خەتی ئاب لە پراگ ڕاگەیاندرا، کە ئەو ساڵ هاوڕێ عەزیز محەمەد بە سکرتێری حیزب هەڵبژاردرا.

بێگومان ئەو ڕێبازە بەرهەڵستکاری لە دەرەوە و ناوەوە زۆر بوو، تا لە نیسانی 1965 ئەو ڕێبازە ئیدانەکرا و بە کلکایەتی ڕاستەڕەوی وەسفکرا، وەك لە نێو حیزب و لەو هەڵسەنگاندنەی بەر لە لەتبوون ئاماژەی پێکراوە. (بنواڕە: مناضـل االحـزب، ژمارە: 1، ساڵی 12 ، ناوەڕاستی شوبات 1966).

(ئەوەی شایانی باس بێت دوو هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حیزب لە دوای شۆڕشی 14 تەمموز و کودەتایی بەعس لە ساڵی 1963 و ڕێبازی ساڵی 1964 ئامادەکرا بوو، یەکێك لە لایەن عامر عەبدوڵلا و بەهائەدین نوری و سەلام ئەلناسری، ئەوەی تریان لە لایەن زەکی خەیری و عەزیز ئەلحاج) ەوە. لەو هەڵسەنگاندنانە دەردەکەوێ، کە دوو ڕێباز لە دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لە نێو حیزب سەری هەڵداوە، ڕێبازێك: سەلام عادل و جەمال حەیدەری و هەڤالانی و ڕێبازی دووەم: بەهائەدین نوری و عامر عەبدوڵلاو هەڤالانی.

لێرەدا نامەوێ هەڵوێستە لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنانە بکەم ، بەلام لە شوێنی تر بە پێی پێویست ئاماژە بە هەندێ لایەنی ئەو هەڵسەنگاندنانە دەکەم.

لەگەڵ د. کازم حەبیب گەڕاینەوە ماڵەوەیان، لەوێ هەندێ باسی ڕووداوەکانی ساڵانی (1965‑964)ی بۆ کردم، پاشان باسی شەهید جەمالی بۆ کردم، کە لە دوای کۆنگرەی 22ی حیزبی شیوعی سۆڤیەت

و کۆنگرەی ساڵی 1960ی حیزبە کرێکار وکۆمۆنیستەکانی جیهان لە مۆسکۆ بەسترابوو.. هاوڕێ جەمال دوو کۆڕی لە بەرلین گێڕا بوو، یەکێك لەسەر مێژووی حیزبی شیوعی عێراق، ئەوی تریان لەسەر کۆنگرەی پارتە کۆمۆنیستەکان، – ئەوەی شایانی باس بێت، شریتی هەردوو کۆڕ (کۆپی) لەلایەن دکتۆرە نەزیهە دلیمەوە بۆم ڕەوانەکرا، بەڵام شریتی ئەسڵی لە ساڵی 1990 لە سەردانێکم بۆ پڕاگ، کە لە ماڵی گەورە مۆسیقاژەنی کورد هاوڕێی نەمر قادر دیلان پارێزرابوو، بە دەستم گەیشت – کاك قادر پێی ڕاگەیاندم: کاتی خۆی هاوڕێ جەمال ئەو دوو شریتەی داوەتێ .. ئەویش وەك وەفاداری پارێزتویەتی.

دکتۆر کازم خێزانەکەی ئەڵمانی بوو، باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن ڕەزامەندی حیزبی وەرگرت لە ژنهێنان، چونکە حیزب بڕیارێکی هەبوو، نابێ ئەندامانی حیزب ژنی بێگانە بخوازن، بۆ ئەوەی دوای تەواوکردنی خوێندن، گەڕانەوەیان بۆ وڵات مسۆگەر بێت.

وەك لەسەرەوەدا ئاماژەم پێکردوە، هاوڕێ جەمال دوای کۆنگرەی (22)ی حیزبی شیوعی سۆڤیەت سەردانی ئەڵمانیای دیموکراتی دەکات، دکتۆر باس لەوە دەکات، کە ئەو نیازی هەیە کچێکی ئەڵمانی بخوازێ، بەڵام ڕێکخراوی حیزب ڕەزامەندی لەسەر نیە، هاوڕێ جەمال دەڵێ: ئەوە مەسەلەیەکی شەخصیە، هەرچەندە بڕیارێکی وا هەیە. دکتۆر سوود لەو قسەیە وەردەگرێ و لێی دەپرسێ: تۆ دەڵێی چی؟ وەڵامی دەداتەوە: من هیچ مانیعم نیە. بەم جۆرە دکتۆر کازم بەشێوەیەکی فەرمی ژن دەهێنێ.

دکتۆر گوتی هەندێ بەیان لەلایەن، ئەوانەی جیابووینەوە گەیشتۆتە دەرەوە، بەڵام ڕێکخراوی دەرەوەی حیزب (لتخ – لجنە تنظیم الخارج)

قەدەغەی کردووە، بڵاوکرێتەوە.. پرسیارم کرد بە چ ڕێگایەك ئەو بەیانانە گەیشتوون؟! گوتی هاوڕێ دکتۆر عەبدولڕەزاق موسلیم (شەهید عەبدولڕەزاق دەرچووی زانکۆی مۆسکۆ بوو، فەلسەفەی تەواو کردبوو، گەڕابووەوە عێراق، مامۆستا بوو لە زانکۆی ((بەسرە)) لە 1968 لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش تیرۆر کرا).

من و دکتۆر کازم کەوتینە موناقەشە لەسەر هۆی جیابوونەوەکە و پێویستە بۆ چوونی ئەوانەی جیابوینەوە بگاتە هەموو هاوڕێیانی دەرەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە لێژنەی دەرەوەی وڵات، بەهیچ شێوەیەك ڕێگای نەدەدا.. دکتۆر کازم گوتی : ((کاکە ما عندنا حصانە أمام أفکارهم)).

بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی چیکۆسلۆڤاکیامان کرد و لەوێ لەگەڵ دکتۆرە نەزیهە ئەلدلێمی کۆبووینەوە. (دکتۆرە نەزیهە تێکۆشەرێکی ناسراوی بزاڤی ژنانی عێراق بوو، یەکەم وەزیری ژن بوو لە کۆماری عێراق، یاخود دەوڵەتی عێراق، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی بووە، پێم وایە لە کۆتایی ساڵی 2007 لە بەرلین کۆچی دوایی کرد).

لەو کۆبوونەوەیە بە دورو درێژی باسی سیاسەتی حیزبمان کرد، بەڵام لەبەرئەوەی دکتۆرە تەنیا پێی لەسەر بیروبۆچوونی حیزب دادەگرت و یەك لایەنە باسەکەی دەخستە ڕوو، نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك.. دکتۆرە نەزیهە و دکتۆر کازم هەستیان دەکرد، کە: من زۆر پەرۆشی زانینی بۆ چوونی لایەنی ترم..

بە هەر حاڵ گەڕامەوە مۆسکۆ، لەوێ لە ڕێگای پۆستی ئێمەوە، هەندێ ڕۆژنامەی عێراقی بۆ هاوڕێیانی قوتابخانەی حیزبی گەیشتبوون،

بە تایبەتی هاوڕێ شاکر مەحمود (ئەو هاوڕێیە لە دوای ڕێکەوتنی ئاداری 1970 لە لایەن بەعسیەکانەوە تیرۆرکرا). لەنێو ڕۆژنامەکاندا، (چەند ژمارەیەك لە ڕۆژنامەی ((الثورة)) و ((الجمهوریە)) و بەیانێکی سەرکردایەتی نێوەندی (القیادە المرکزیە)ی خرابووە نێو لاپەرەکانیان، بۆ ئەوەی نەزانرێ و بگات). من بەیانەکەم ، بە دەست ڕوونووس کرد، چونکە فۆتۆکۆپی لە سۆڤیەت تەنیا لە دەزگاکانی رەسمی هەبوو، ئەویش دەبووایە ڕەزامەندی دەزگای یەك (1) K.G.B (ك. گ. ب – کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەت) وەربگرێت. کە بەیانەکەم ڕوونووس کرد، بەیان و ڕۆژنامەکانم وەکو خۆی پێچایەوە وگەیاندمە هاوڕێیانی قوتابخانەی حیزبی. ئەوکات ئەو هاوڕێیانە لە قوتابخانەی حیزبی دەیانخوێند: شاکر مەحمود، تۆفیق ئەحمەد، مومتاز حەیدەری و شێخ عەلی بەرزنجی (هاشم) عومەر عەلی شێخ ((ئەبو فاروق)).

ئەو بەیانەی سەرکردایەتی ناوەندی (لەمەو دوا بەپیتەکانی (ق.م) ناوی دەبەم و لایەنەکەی تریش بە (ل.م). لە سەرەتا پیشانی هەندێ هاوڕێیانی کوردم دا و پاشان لەگەڵ چەند هاوڕێی تری عەرەب گەیشتینە ئەوەی، کە بەیانەکە بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبکەینەوە، بەڵام خۆمان ئاشکرا نەکەین، کە ئێمە ئەو کارەمان کردوە.

ئەوەی شایانی باس بێت، ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق لە سۆڤیەت گەورەترین ڕێکخراوی حیزب بوو لە هەموو ئەوروپادا، لە هەموو شارە گەورەکانی سۆڤیەت لێژنەی تایبەتی خۆی هەبوو. لە ماوەی چەند مانگێکدا توانیمان زۆربەی هاوڕێیانی کۆمۆنیستی عێراقی بۆ لای خۆمان رابکێشین و بێ ئەوەی جیاببینەوە، بەڵکو لە نێو ڕێکخراوی حیزبی کارمان دەکرد. ئەو هاوڕێیانەی زۆر بە توندی

دژی ڕێبازی (ق.م) بوون لە مۆسکۆ لە پەنجەی دوو دەست پتر نەبوون لە وانە: دایکی ئیمان – ثمینە ناجی یوسف، خێزانی شەهید سەلام عادل، دایکی سەلام – مادلین– خێزانی بەهائەدین نوری، عەمیدە – عومە المصری– خوشکی عادل المصری (عادل و عومە– هەردووک، دوو تێکۆشەری جوولەکە بوون، لە کاتی ڕەوانەکردنی جوولەکەکان لە عێراق، ئەوان لەسەر کۆمۆنیستی لە بەندیخانەدا بوون، ڕازی نەبوون بچنە ئیسرائیل و بەناچاری ئیسلام بوون، تا عێراق بەجێ نەهێڵن– هەردووکیان تا دوا هەناسە درێژەیان بە خەباتدا لە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراق)، لەنێو کۆمەنیستە پیاوەکانیش کە زۆر دژایەتی ڕێبازی(ق.م) یان دەکرد: خەلیل ئەلجزائیری – (لە لایەن بەعس تیرۆرکرا)، د. عەبدولزەهرە ئەلعیفاری (ئێستاش هەر لە مۆسکۆیە و مامۆستایە لە زانکۆی دۆستایەتی)، نزار ناجی یوسف (ئەبو لەیلا – برای ثمینە ناجی یوسفی خێزانی شەهید سەلام عادل، ئەندازیار بوو، هاتە ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لە شاخەکانی کوردستان، لە پشت ئاشان بە دەستی چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی شەهید کرا)، دکتۆر نەمیر العانی– دکتۆرای فەلسەفەیە و بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب بوو لە شاری لێنینگراد و چەند هاوڕێیێکی تر لە شارەکانی تر.

چۆنیەتی ڕووداوەکانی نێوان (ق. م ، ل.م) لە شوێنی خۆیدا کە لە ساڵی 1968 پەرەی سەند، باسی دەکەین، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی 1967.

بێگومان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە ئەوروپا و چالاکانە خەباتی دەکرد، هەرچەندە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی

**کوردستان – کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر چالاکیەکانی (ك.خ) –، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرکردایەتی کۆمەڵە– د. کەمال فوئاد – سەر بە باڵی (مەکتەبی سیاسی پارتی بوو)، کۆمەڵە کەرت نەبوو. کۆنگرەی دوانزەهەم گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، نەك تەنیا لە بارودۆخێکی دژواری خەباتی چەکداری کوردستان ، بەڵکو هەوڵێکی زۆریش دەدرا، یەك لا دەست ڕۆیشتوو نەبێ لە کۆمەڵە دا. بۆیی هەموو لایەنەکان واتە (پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی – مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سکرتێرەکەی م. ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و هەروەها حیزبی شیوعی عێراق.. هەموو لایەك خۆی ئامادە دەکرد و هەوڵی دەدا، زۆرترین ئەندامی لە کۆنگرەی دوانزدەدا ئامادەبن.**

**دوای ئەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (ك.ب.گ) شوێن و کاری کۆنگرەی (12) ی دیار کرد، کە لە (30–27) مانگی کانوونی یەکەم ، ساڵی 1967 لە بێلگراد پایتەختی کۆماری یۆگۆسلافیا دەبەسترێ. لە هەموو ئەوروپاوە خوێندکارانی کورد ڕوویان لە بێلگراد کرد، هەروەها نوێنەرانی حیزبەکان، هەردوو باڵی پارتی و حیزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا ئامادەبوون.**

**ئەوەی شایانی وتنە لە کۆنگرەدا ئەو بەڕێزانە ئامادەبوون (مام جەلال (باڵی م.س).. حەبیب محەمەد کەریم (باڵی بارزانی)، نوری عەبدولڕەزاق حوسێن (لێژنەی دەرەوەی حیزبی شیوعی عێراق و سکرتێری یەکێتی قوتابیانی جیهان لە پراگ)، صەلاح بەدرەدین لە (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا).**

**ئێمەی خوێندکارانی کورد لە سۆڤیەت (پارتی و شیوعی) بە**

**شـەمەندەفەر لـە مۆسـکۆ وە هاتینـە بێلگـراد، پـێم وایـە کـۆنگرەی (12) زۆرترین ژمارە لە خوێندکارانی کورد تێدا ئامادەبوون.**

**بەرنامەی کۆنگرە بەم شێوەیە بوو:**

**کۆبونەوە و کردنەوە – چوارشەممە (12/27) کاتژمێر 10–12،30:**

1– **کردنەوەی کۆنگرە بە سروودی (ئەی ڕەقیب).**

2– **وتاری کردنەوە.**

3–**وتاری مێوانەکان.**

4– **خوێندنەوەی بروسکەو نامەی گەیشتیوو.**

5–**دابەشکردنی پاداشی چالاکی بەسەر لقە گورج و گۆڵەکانی کۆمەڵەدا (ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت لقـی ئینگلسـتان و یۆگۆسـلاڤیا پاداشتیان وەرگرت).**

6– **کۆتایی هێنان بەکۆبونەوەکە بە سوپاس کردنی ئامادەبووان.**

**کۆبونەوەی یەکەم – هەمان ڕۆژ کاتژمێر 15–18**

1– **لێکۆڵینـەوە لـە پـەیرەوی بـەڕێوەبردنی کۆبونـەوەکانی کـۆنگرەو دەنگدان لەسەری.**

2– **لێکۆڵینەوە لە پرۆگرامی کۆنگرە و دەنگدان لەسەری.**

3– **هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە، کە ئەو کۆمیتـەی بەڕێوەبردنـەی کۆبونـەوەکان لـە سـێ کـەس پێکهـات: سەعدی دزەیی، جەمشید حەیدەری، خەسرۆ ئەمین.**

4– **هەڵبژاردنی کۆمیتەی یاریدەدەر.**

5– **خوێندنـەوەی ڕاپـۆرتی (ک. ب. گ) لەسـەر سیاسـەت وکاروبارەکـانی**

کۆمەڵە لە ساڵی رابردوودا و دەست کردن بە لێکۆڵینەوەی، کە ڕاپۆرتەکە لە لایەن دکتۆر کەمال فوئاد ی سکرتێری کۆمەڵە خوێندرایەوە.

کۆبونەوەی دووەم – هەمان ڕۆژ کاتی (00،23□00،20)
بەردەوام بوون لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتی (ک.ب.گ).

کۆبوونەوەی سێ یەم– پێنج شەممە 12/28 کاتی 9:00 –12:00
1– خوێندنەوەی بروسکەو نامەی گەیشتوو.
2– بەردەوام بوون لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتی (ک.ب.گ) و دەنگدان لە سەری.

لەبەر ناکۆکی نێوان باڵەکانی پارتی، پێشنیارکرا، کە ڕاپۆرتی (ک.ب.گ) بکرێتە دوو بەش و هەربەشی بەجیا دەنگی لەسەر بدرێ – بەشی سیاسی و بەشی چالاکیەکان – بەڵام کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی گشتی رازی نەبوو و تێکرا خرایە دەنگدان، ئەوەش بوو هۆی ئەوەی زۆرینە راپۆرتەکە پەسند نەکات، بێگومان ئەگەر پێشنیارەکە وەرگیرا بووایە – راپۆرتی چالاکی – پەسند دەکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە کە سەر بە باڵی (م.س) بوونو لایەنی سیاسی ڕاپۆرتەکە لە لایەن باڵی (بارزانی و حشك) مەقبوول نەبوو، ئەوە شکستێ بوو بۆ (ک.ب.گ) و بەتایبەتیش سکرتێرەکەی، واتە: دکتۆر کەمال فوئاد.

ئەوەی شایانی باس بێت مام جەلال و حەبیب پێکەوە کۆنەدەبوونەوە، دەبووایە نوری عەبدلرەزاق (نوێنەری حشك) بەجیا لەگەڵ هەردولا کۆببێتەوە و ئاڵوگۆری بۆچونەکان بخاتە بەردەمیان.

**کۆبونەوەی چوارەم- هەمان ڕۆژ ، کات: 14:30-18:30**

1- **خوێندنەوەی بروسکەو نامەی گەیشتوو.**

**(بروسکەو نامەیەکی زۆر لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی بێگانـە و کەسـایەتیە ناسـراوەکانی کـورد و لقـەکانی کۆمەڵـەی خوێندکاران لە ئەوروپا و ئەمریکاوە) گەیشتبوون.**

2- **کردنـەوەی دەرگـای پـاڵاوتن بـۆ ئەندامیـەتی (ك.ب.گ) ئاینـدە.. بێگومـان هـەوڵێکی زۆردرا، یـەکێتی ریزەکـانی کۆمەڵـە بپارێزرێـت و نۆێنەری حشك، نوێنەرانی کوردەکانی باکوری کوردستان و سوریا بـێ ووچـان لەگـەڵ هـەردوو لای پـارتی کۆبوونـەوە لـە ئاکامـدا گەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر دیاریکردنی حەوت کەس کە نوێنەرایەتی هـەموو بەشـداربووان بکـەن، بـەڵام دەرگای پـاڵاوتن واڵاکرا بـۆ هـەر ئەندامێك ئەگەر خوازیار بێت خۆی بپاڵێوی .. چەند کەسێك وەك سـەربەخۆ خۆیـان نـاونووس کـرد بـۆ (ك.ب.گ)، یـەکێك لەوانـە خوالێخۆشبوو دکتۆر ئەنوەر دڵسۆز بوو..(کوردێکی هەولێری بوو، لە کاتی خۆی چوو بووە کۆماری مهاباد و پاشانیش دوای تێکچوونی کۆمار گیرا بوو ... بەر لە شۆرشی 14 تەمموز 1958 لە کۆمپانیای نـەوت I.P.C لـە کـەرکوك کـاری دەکـرد، دوای شۆڕشـی تـەمموز روویکـردە سـۆڤیەت بـۆ خوێنـدن، (زمانـەکانی: کـوردی، عـەرەبی، ئینگلیزی و تورکی و ڕووسـی) دەزانی، دواتـر لـە سۆڤیەت قانوونی تـەواو کردبـوو، جـارێکی تـریش گەڕایـەوە سـۆڤیەت دکتـۆرای لـە قانوون وەرگرت.. ماوەیەك لە سۆڤیەت مایەوە، پاشان چووە یەمەنی دیموکراتی وەك ڕاوێژکار لەلای سەرۆکی یەمـەن کاری کرد، دوایـی گەڕایـەوە عێـراق و لـە وەزارەتـی ڕوشـنبیری دامـەزرا.. لـە هەشـتاکان**

گەڕایەوە هەولێر، بەتۆمەتی کوشتنی کچەکەی خۆی زیندانی کرا و لە زیندان کۆچی دوایی کرد).

3- دەستکردن بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی لقەکان و لێکۆڵینەوەیان و دەنگدان لەسەریان:

1- لقی ئینگلستان، سوێد، فەرەنسا، نەمسا، ئەڵمانیای فیدراڵی.

کۆبونەوەکانی پێنجەم - هەمان ڕۆژ کاتی 00:20-23:00

بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی لقەکان :

یەك: بەرلینی ڕۆژئاوا

دوو: ئەڵمانیایی دیموکراتی

سێ: پۆڵۆنیا

چوار: چیکۆسلۆڤاکیا .

کۆبوونەوەی شەشەم- هەینی 12/29 کاتی 00:9-12:00

1-بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان

- لقی هەنگاریا، بۆلگاریا، یەکێتی سۆڤیەت، ڕۆمانیا، یوگوسلاڤیا

کۆبوونەوەی حەوتەم- هەمان ڕۆژ کاتی 14:30 - 18:30

1- خوێندنەوەی بروسکەو نامەی گەیشتوو.

2- ڕاپۆرتی مالی (ك.ب.گ) و لێکۆڵینەوە و بڕیاربڕیاردان لەسەری.

3-لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر ئەو گۆڕینانەی پێشنیار ئەکرین لەسەر دەستوری کۆمەڵە.

4- داخستنی دەرگای پالاوتن بۆ ئەندامیەتی (ك.ب.گ)ی ئاینده.

**کۆبوونەوەی هەشتەم –شەممە 12/30 کاتی 9:00 – 12:00**
**–بڕیارو ڕاسپاردەکان**

**کۆبوونەوەی نۆیەم– هەمان ڕۆژ کاتی 30: 14 – 18:30**
**بەردەوام بوون لەسەر وەرگرتنی بڕیارو ڕاسپاردەکان.**

**کۆبونەوەی دەیەم– هەمان ڕۆژ کاتی 20:00– 23:00**
**تەواوکردنی پاشماوەی کاروباری کۆنگرە**

**کۆبوونەوەی یانزە – یەك شەممە 12/31 کاتی 9:00 – 12:00 :**

**هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێی (ك.ب.گ) و کۆتای هێنان بە کاروبارەکانی کۆنگرە.. بەڵام، لەبەر هەندێ ناکۆکی هەڵبژاردن دواخرا بۆ پاش نیوەڕۆ و گفتوگۆ درێژەی کێشا تا ئێوارێ و لە دوای کاتژمێری هەشتی ئێوارە کۆبوونەوە هەر بەردەوام بوو، دەنگ دان لە دوا چرکەکانیساڵی 1967 دەستی پێکرد .. ئەوەی شایانی باسە، کاتژمێر 12 ی شەو ، کە لە هەموو ئەوروپا خەڵکی ئاهەنگی سەری ساڵیان دەگێرا، ئێمە لە هۆڵی کۆنگرەدا بووین، تەنیا کە زەنگی سەعات 12 لێیدا، بۆ ساتەوەختێك چرا کوژایەوە، هەموو ئەندامانی کۆنگرە بە یەك دەنگ سرودی ئەی ڕەقیب مان چڕی ... پاشان دەنگدان درێژەی هەبوو تا ئەژمارکردنی دەنگەکان، نزیکەی سەعات چواری بەیانی ناوی ئەندامانی هەڵبژاردراوی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندرا، کە لەمانە پێکهاتبوون:**

**د. کەمال فوئاد نوێنەرانی باڵی (م.س)**
**لەتیف رشید نوێنەرانی باڵی (م.س)**
**جەوهەر شاوەیس نوێنەرانی (حشع)**
**جەمشید حەیدەری نۆینەرانی (حشع)**
**محەمەد سالح جومعە نوێنەرانی (باڵی بارزانی)**
**دارا عەتار نوێنەرانی (باڵی بارزانی)**
**سەردار ئاراراتی بێلایەن لە کوردەکانی باکوری کوردستان**
**یەدەگ: خوالێخوشبوو– دارا ئەدیب (م.س)**
**خوالێخۆشبوو– د . حوسێن بارزانی (بارزانی)**

**بەپێ ی بەرنامەی کۆنگرە بڕیار بوو لە کاتژمێر 20:00 ئاهەنگی ئێوارێ، کە بە بۆنەی تەواو بوونی کۆنگرەی دوانزدەهەم و کۆتایی ساڵی 1967 دەست پێبکات، ئەنجام بدرێ، بەڵام زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە لە هۆڵی کۆنگرە مانەوە، هەرچەندە چێشتخانە لە ئوتێلەکە بۆ ئاهەنگ سازکرابوو، هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرە دوای دەنگدان روویان لە شوێنی ئاهەنگ کردبوو، چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردن نەبوون، بەڵام ئێمە سەعات 4:00 بەیانی چوینە شوێنی ئاهەنگ تا شەشی بەیانی ... کۆنگرەی دوازدەهەم بەسەرکەوتوویی و بە یەکگرتوویی کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.**

**ئەوەی شایانی باس بێت، لایەنەکانی نێو کۆنگرە لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون، سکرتێری کومەڵە نەمێنێ ، بەڵکو سکرتاریەت لەسێ کەس دروست بکرێ، کە هەر یەکێك نوێنەری لایەنێك بێت و بە نۆرەش بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرن، لەسەر ئەو بنەمایەش دەستوری**

کۆمەڵە گۆڕانکاری لێکرا، هەروەها لەسەر ئەوە پێکهاتن، کە ئەندامانی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پێویستە زۆربەی لە ئەڵمانیا بن، نۆێنەرایەتی باڵی م.س و بارزانی دووانیان لە لەندەن و دووانی تریش لە ئەڵمانیا بوون، نۆێنەرانی حشك، دکتۆر جەوهەر شاوەیس لە هەنگاریا بوو، نووسەری ئەو دێرانەش لەسۆڤیەت بوو. بۆیە داوا لە حیزبی شیوعی کرابوو، کە نوێنەرانی خۆی بۆ ئەڵمانیا بگوازێتەوە. بەڵام دیارە مەسەلەی گواستنەوەکە دواکەوت و چەند جارێك داواکە لەلایەن د. کەمال فوئادەوە دووبارە دەکرایەوە، بەڵام بێ سوود بوو، لێرە پێویستە ئەوە بڵێم، کێشەی گواستنەوەی من، لەوەدا بوو، لەو ماوەیەدا، من پابەندی سیاسەتی حشع (ل.م- لێژنەی مەرکەزی) نەبووم، چونکە من وەگەر (ق.م -قیادەی مەرکەزی) حشع کەوتبووم، بۆیی تەگەرە هەبوو و حشع نەیدەویست من بۆ ئەڵمانیا ببات. کاری کاك جەوهەریش دواکەوتبوو. لەو بارەیەوە، د.کتۆر کەمال فوئاد نامەیەکی بۆم ڕەوانەکرد دەربارەی دواکەوتنی گواستنەوەی ئێمە بۆ ئەڵمانیا و بەشداری کردن لەچالاکیەکانی (ك.ب.گ)، هەروەها دکتۆر لەتیف ڕەشید لە مانگی مارتی 1968 نامەیەکی بۆ هەموو ئەندامانی (ك.ب.گ) ڕەوانە کردبوو، تیایدا ئاماژە بە نامەیەکی د.کەمال فوئاد دەکات دەربارەی دواکەوتنی دانانی پرۆگرامێك بۆ کارەکان، لە نامەکەی کاك لەتیف هاتووە: کاك دارا عەتار (نوێنەری باڵی بارزانی) تائێستا نەگەڕاوەتەوە ئینگلستان و کارەکان بەرێکوپێکی ناڕوا و داوا دەکات کە (ك.ب.گ)، یاخود سکرتاریەت بەرنامەیەك داڕێژێ بۆ کاری داهاتوو و لەخاڵی (ب) ی نامەیەك دا هاتووە: (لەبارەی هاوبەشی کردنی خەباتی گەلەکەمان لە ئیمرۆدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان، چونکە بەڕاستی ماوەیەکی

**زۆرە کۆمەڵە هیچ شتێکی تازەی بلاونەکردۆتەوە هەتا وەکو دەنگو باسیش لەبارەی زروفی ئێستای کوردستانەوە و ئەمەش ئەبێتە هۆی سستی لەو ناوەدا لە زۆر سەرەوە جا ئەبێت رێگایەکی زۆر بەکەڵك دابنرێت بۆ ئەم نوقتەیە..**

**هەروەها سکرتاریەت لە نامەی ژمارە (9)ی، کە لە 1968/5/5 ئاراستەی لێژنەی رێکخراوی حیزبی شیوعی عێراقی لە دەرەوە کردوە، ئاگاداریان دەکاتەوە، نوێنەرایەنی حشع پێویستە چالاکانە ڕۆڵی خۆیان لە کارەکانی سکرتاریەتدا بگێڕن، چونکە ئامادەنەبوونیان و دوورییان لە مەڵبەندی گشتی دەبێتە تەگەرە لە بەردەم کارەکان، بۆیێ داواتان لێدەکەین، کە ئاگاداری نوێنەرەکانتان بکەنەوە ئامادەبن لە بەڕلین یاخود ئەڵمانیای دیموکراتی جێنشین بن.. دەقی نامەکە وەهایە:**

**جمعية الطلبة الاكراد في اوربا**
**العدد/9**
**التاريخ**
**1968 / 5/5**
**الي لجنة تنظيم الحزب الشيوعي العراقي في الخارج**
**تحية نضالية/**

لاشك وانكم تعلمون حق العلم بأن المؤتمر الأخير لجمعيتنا المنعقد في بلغراد أواخر شهر كانون الأول عام 1967 كان له دوراً فعالاً في توطيد الوحدة الطلابية الكردية في اوروبا و في تدعيم الجمعية لدفعها بخطوات كبيرة الى الأمام لانجاز المهمات الجسام الملقاة على عاتقها لخدمة الحركة التحررية الكردية والحركة التحررية في العراق.

ومن الضروري الاشارة في هذا المجال الى ان الوحدة الطلابية هذه كانت ثمار ائتلاف بين القوى الممثلة في داخل الجمعية ومن االضروري بأن تلعب كل فئة سياسة من هذه القوى دورها القيادي الفعال في قيادة الجمعية لدفع أعمالها الى الأمام ومن الجدير بالذكر

بأننا لا نشك بأي شكل من الأشكال في اخلاص واندفاع ممثليكم في قيادة الجمعية لتحمل مسؤولياتهم في ادارة اعمال سكرتارية الجمعية المتفق على شكلها التنظيمي و التمثيلي لذا نرى من الواجب علينا تبيان و توضيح مسألة بعد رفاقكم عن هذه الهيئة القيادية للجمعية مما يؤدي، بلا شك الى عرقلة انجاز مهام السكرتارية بالأخص والجمعية على العموم. لذا فاننا نناشدكم العمل لأجل ابلاغ ممثليكم بالحضور والإقامة في مدينة برلين أو في جمهورية المانيا الديمقراطية والسعي بصورة جدية ولأهمية الموضوع- من جانبكم لانهاء هذه المشكلة حيث ان الطلبة الأكراد قد وضعوا ثقتهم بهذا الائتلاف ولاشك ان عرقلة اعمال الجمعية وعدم قيام السكرتارية بالدور المطلوب سنكون نحن لوحدنا مسؤولين امام جماهير طلبتنا. ختاماً نتقدم اليكم بالشكر الجزيل.

***سكرتارية جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا***

**لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە وەبیر بێنمەوە، کە من لە ساڵی 1966 داوای ئەندامیتیم لە کۆمەڵە کردبوو، بەڵام وەرگێرانەکەم دواکەوت، لە بەشی یەکەم ئاماژەم پێکردووە، بەڵام کە لە بەرلین چاوم بە (د. کەمال فوئاد) کەوت، ناسنامەی کۆمەڵەی بۆ هێنام، لەگەڵ ناسنامەکە نامەیەکی منی بۆ هێنام، کە لە ئەرشیفی کۆمەڵە پارێزرابوو، منیش روو نووسی نامەکەم لای خۆم نووسیەوە، کە لێرەدا بەباشی دەزانم وەك خۆی بڵاوی بکەمەوە:**

الجمهورية العراقية

اربيل - جمشيد الحيدري

1960/8/6

**بۆ ئەندامانی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا**

**پێشکەشە**

**هاوڕێیان لەو کاتەی کە هەواڵی بەستنی کۆنگرەکەتانم بیست زۆر دڵخۆش بووم، بەڕاستی بەستنی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد زۆر**

دەورێکی بالأی هەیە بۆ ناسینی گەلی کورد بە گەلانی ئەوروپا.

برایان

لە ناوجەرگەی کوردستان، لە شوێنی قارەمانی شۆرشی بازیان و بارزان گەرمترین سلأو و خاوێن ترین هەست پێشکەشی کۆنگرەکەتان ئەکەم.

قوتابیانی کوردستانی عێراق بە چاوێکی پڕ هیواوە لە دەرونێکی خاوێنەوە چاوەڕوانی بریارەکانی کۆنگرەکەتان ئەکەن، چونکە بەڕاستی کۆمەڵەکەتان ڕاستی خۆی دەربری بەرامبەر ئەو جۆرە چەوسانەوەی، کە ئەکرێ دەربارەی گەلی کوردی قارەمان لە تورکیاو ئێران.

برایان

بوونی کۆمەڵەکەتان لە ئەوروپا زۆر پێویستە، چونکە ناسینی گەلەکەمان و مەسەلەی کوردی بە گەلە برادەرکانمان ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی جولانەوەی رزگاری کورد.

برایانی خۆشەویست

لەو کاتەی کە کۆنگرەکەتان لە ئەڵمانیا دەبەسترێت، کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە کوردستانی عێراق لە شەقلأوەش دەبەسترێت، کە لە کاروباری قوتابیانی کورد ئەکۆلێتەوە.. ئەم کۆنگرەیە دەستکەوتێکی قوتابیانی کوردە لە شۆرشی 14 تەمموزی پیرۆز، ئێمەی قوتابیانی کورد لەژێر ئالأی یەکێتی قوتابیانی گشتی لە کۆماری عێراق ئیش ئەکەین، پڕ بەدڵ هیوا ئەکەین کە ئێوە بەرەوپێش بڕۆن، ئیتر سلأوی قوتابیانی کوردستان بۆ کۆنگرەکەتان پێشکەش بێت.

ئیتر هەربژی کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بۆ خزمەت کردنی گەلی کوردمان.

بژی خەباتی گەلی کورد لە هەموو گۆشەکانی کوردستان

بژی کۆماری عێراق بە دیموکراتی و سەربەخۆیی

بژی پەیوەندی بەینی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا لەگەڵ یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق

بژی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

***هەولێر- جەمشید حەیدەری***

دوای کۆنگرەی (12)ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کە من و کاك جەوهەر شاوەیس بۆ (ك.ب.گ) هەڵبژاردراین، بڕیاربوو هەردووکمان بۆ ئەڵمانیا بگوازرێینەوە، من ئەوکات وازم لە پزیشکی هێنا بوو، لە بەشی ئابووری دەوامم دەکرد، دوای بڕیارەکە من داوای یەك ساڵ مۆڵەتم کرد لە زانکۆ، بۆ ئەوەی مەسەلەی گواستنەوەکەم جێ بەجێ بکەم لەسەر بریاری حیزب. بەڵام لەو ماوەیەدا، کێشەی ناوەخۆی حیزب تەشەنەی کرد... لە ئەوروپا وەك لە ناوەوە، ڕێکخراوی حیزب تووشی کەرتبوون هات، هەرچەندە بەشێوەیەکی نهێنی بوو، تا لە نیسان و مایسی 1968، زۆر بە ڕوونی ناکۆکیەکان سەریان هەڵدا، هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی حیزبی لەگەڵ (ق .م) بوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لەگەڵ جیابوونەوە نەبووین، بەڵکو داوامان دەکرد کە دانیشتن و کۆبوونەوە بکرێ و بەرپرسانی (خەتی ئابی 1964) دوور بخرێنەوە و سزا بدرێن، بەلام سەرکردایەتی (ل.م) دیاربوو خۆی بە نوێنەری شەرعی دەزانی و پشتگیری سۆڤیەتیشیان لەگەڵ دابوو... لە هەموو سۆڤیەت لە ڕێکخراوی مۆسکۆ تەنیا (ئوم ئیمان – ثمینە ناجی یوسف – خێزانی شەهید سەلام عادل و نزار ناجی

یوسف (ئەبو لەیلا) کە لە دواییدا لە شەڕی پشت ئاشان شەهید کرا ، د. عەبدولزەهارە ئەلعیفاری و عەمیدە(عمومە المصری) و نەزمی سەفار (لە لایەن بەعسەوە حەفتاکان کوژراوە) و لە شاری لینگراد د.نەمیر ئەلعانی، دکتۆر مادلێن مونیر (خێزانی بەهائەدین نوری)، عەبدولئەمیر ئەلموسەوی، د.خەلیل جەزائیری (کە لە حەفتاکان لەلایەن بەعسەوە کوژراوە) چەند کەسێکی تر) لەگەڵ بوون...

لەو ماوەیەدا لە کوردستان کۆنفرانسی 3ی حشك (ل.م) سازکرابوو، دوای کۆنفرانس شاندێکی حشع بە سەرۆکایەتی (زەکی خەیری) هاتە ئەوروپا بۆ بەشداری کۆبوونەوەیەکی حیزبە کرێکار و کۆمەنیستەکان لە بۆدابست (هەنگاریا) .. شاندەکە لە مانگی ئادار کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ رێکخراوی دەرەوەی حشع ئەنجام دابوو، کە لە ڕۆژی 3/8/ 1968 بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەکە لە کۆنووسەکە دا هاتووە، هاوڕێیانی (لتخ) هەموو ئامادە بووینە، جگە لە هاوڕێ نوێنەری ئینگلستان و سەرپەرشتیاری رێکخراوی هەنگاریا و بە ئامادەبوونی دوو هاوڕێی سەرکردایەتی- یەکێك لەوانە زەکی خەیری بوو.ج - . لەلاپەرە (2) کۆنووسەکە دا هاتووە: دوای جیابوونەوەی (رەمزی - عەزیز ئەلحاج)، نەجم - ئیبراهیم علاوی- بەیانێکی ناوەخۆی بلاوکردۆتەوە دەربارەی جیابوونەوەکە دەڵێت: زۆربەیان دەرچووی قوتابخانەی (تەحریفیەت)ن لە بولگاریاو سۆڤیەت...

ئەوەی شایانی باس بێت، لەبەغدا دوو ڕێبازی لە (ل. م) هەبوو، یەکیان لەلایەن (نەجم - ئیبراهیم عەلاوی) و ئەوەی تریان لە لایەن (رەمزی - عەزیز ئەلحاج و حسین جواد ئەلگومەڕ)، بەپێی قسەکانی زەکی خەیری لە کۆنووسەکە دا - ڕەمزی داوای لە نەجم کردوە کە

هێرش بۆ سەر سۆڤیەت نەکا ...کاتی نەهاتووە...

وەکو دەردەکەوێ ململانێی نێوان هێڵی عەزیز ئەلحاج و ئیبراهیم عەلاوی لە لایەك و چوارینەی (بەهائەدین نوری، عامر عەبدوڵلا ، سەلام ئەلناسری و باقر ئیبراهیم موسەوی) درێژەی هەبووە، لە شوباتی 1967، ل.م عەزیز ئەلحاجی هێناوەتە نێو م.س (مەکتەبی سیاسی) بۆ ئەوەی یەکێتی حیزب بپارێزن– لە م.س دوو لایەن (چەپ وڕاست) – (چەپ– عەزیز و ڕاست بەهائەدین) بەوە ناسرابوون.. هێڵی عەزیزو عەلاوی داوای لابردنی و سزادانی بهادین و گروپەکەی دەکرد.. لە مانگی حوزەیران (لە 9/ 6) کۆبوونەوەی لێژنەی مەرکەزی حشع بەسترا، لە و کۆبوونەوەیەدا – گروپی ئەلحاج– وەکو لە کۆنووسەکەدا هاتووە– داوای لەنێوبردنی ئیسرائیلیان دەکرد– ئەو کۆبوونەوەیە دیارە دوای شەڕی 5/6/ 1967 ئیسرائیل و میسر کراوە)...

لەلاپەرە (3) ی کۆنووسەکەدا هاتووە، کە ڕەمزی (عەزیز ئەلحاج) لەڕێگای حەبیب محەمەد کەریم (سکرتێری پارتی)، چەکی پێگەیشتووە و هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە عەزیز ئەلحاج و حوسێن جەواد ئەلگومەر و ئەحمەد مەحمود حەلاق ڕوویان لە کوردستان کردوە، بە مەبەستی ڕاکێشانی هاوڕێیانی حیزب بۆ لای خۆیان، بەڵام هیچیان بۆ نەکراوە، تەنیا فاخیر مێرگەسوری نەبێت – لێرەدا زەکی خەیری– دەڵێ: کە فاخیر دەمێك بووە لە حیزب دەرکراوە. ئەوەی شایانی باس بێت لەقسەکانی زەکی خەیری دەردەکەوێ، کە ناکۆکیەکان لە چەند خاڵێکدایە ، لەوانە– لابردنی گروپی چوار نەفەری و هەڵسەپاندنیان – بەستنی کۆنگرە، خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەرینی جەماوەری و کودەتای لەشکری، مەسەلەی هاوکاری لەگەڵ بەعسیەکان

(ئەوانەی سەر بە سوریانە)، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە گروپی سەر بە (علی صالح ئەلسەعدی) و هەروەها (فوئاد ڕکابی) و هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە کامیل جادرچی نامەیەکی ئاڕاستەی حیزب کردووە و داوای کردوە: نابێ خۆی فەرز بکات وەك پێشرەوی بزاڤ، یاخود سەرۆکایەتی حکومەتی لە دەست بێت..

لە لاپەڕە (5)ی کۆنووسەکە دا لە وەڵامی هەندێ پرسیاردا زەکی خەیری دەڵێ : هەرچەندە ئێمە گرنگی بەخەباتی چەکداری دەدەین، بەڵام ئیحتیمالی تریش هەیە... لەوانە بەشداری حکومەتی تاهیر یەحیا بکەین.. هاوڕێ عەلی لە چیکۆسلۆڤاکیا دەپرسێ... کە دەڵێن ئیحتمال، واتە وازهێنان لە دروشمی – ڕوخانی دەسەڵات– لە قسەکانی زەکی دەردەکەوێ، کە لە مەودوا لە بەیانەکانی حیزب ئاماژە بە روخانی دەسەڵات ناکرێ..

لە قسەکانی زەکی خەیری دەردەکەوێ، کە لە کۆنفرانسی سێیەم (57) کادری بەشداریان تێدا کردوە.

هاوڕێ یەك لە بولگاریا دەپرسێ – حیزب هەڵوێستی عەزیز ئەلحاج– دەزانێ لەوکاتەی لە دەرەوە بوو، هەروەها کە لە وڵات بوو، بۆ ئەوەی لەبەرچاو نەگرت؟ کە پێشنیاری کرد بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی؟!

زەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە...دەڵێ: 5٪ حیزب لەگەڵ ئەوانە، ئەویش لە بەغدا... جێگای ئاماژە پێکردنە نوێنەری ڕێکخراوی حیزب لە سۆڤیەت وەك لە لاپەڕە (7) ی کۆنووسەکەدا هاتووە دەڵێ: ڕێکخراوی ئێمە کەرتبوونەکەی ڕیسوا کردووە، تەنیا یەکێك هەیە پشتگیری لە (ق.م) دەکات. من وەك ئەندامێکی ئەوکاتی حیزب دەڵێم،

کە نوێنەری حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا، ڕاستی نەفەرموو بوو، چونکە زۆربەی زۆری ئەندام و کادیرەکانی حیزب لە سۆڤیەت لەگەڵ (ق.م) بوون، لە شوێنی تری ئەم بیرەوەرییانەدا ئاماژەم بە ناوی ئەو کەسانە کردووە، کە لەگەڵ (ل. م) بوون، بۆییش قسەی نوێنەری ناوبراو چەند دوورە لە ڕاستی، پێم وایە هەر ئەوەندەش قسەکانی زەکی خەیری دوورە لە ڕاستی.

لێرەدا تەنیا هەڵبژاردەکم لە بۆچوونەکانی زەکی خەیری لە کۆبوونەوەی 8/3/ 1968 خستە بەرچاو، دوای ئەوە زەکی خەیری هاتە سۆڤیەت و داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوڕێیانی حیزب کرد، بەڵام لەسەر داخوازی ئەو بەرپرسی ڕێکخراوی کۆنی حشع لە سۆڤیەت (خەلیل ئەلجەزائیری) چەند کەسێکیان نەهێشت لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکەن، کە لە ئەپارتمانی (دەنسکۆی) سازدرا– لەوانەی ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە کۆبوونەوکەدا نەکرد، نووسەری ئەو دێرانە (جەمشید) و ئەحمەد موختار ئامێدی و شەوقی محەمەد حەسەن سوەری–، گوتم ڕاستەوخۆ، چونکە کۆبوونەوەکە لە نهۆمی 4-5 بوو، ئێمە لە نهۆمی خوارەوەتر ئامادەبووین و چاودێری کۆبوونەوەمان دەکرد، هاوڕێیانمان هەر دە خولەك جارێك یەکێك دەهاتە خوارێ و ئاگاداری باسەکانی دەکردین.. مشت و مڕ زۆر توند بوو لە نێوان هاوڕێیانی ئێمە لەگەڵ زەکی خەیری..کە زەکی ڕایگەیاندبوو، هەمووان دەردەکەین و سەرلەنوێ ناوی ئەندامان تۆمار دەکەین... هاوڕێ دکتۆر فەلاح نەهر لە وەڵامدا بە زەکی گوتبوو: حیزب کێڵگە (ئەقتاعیە)ی خۆت نیە بە ئارەزوی خۆت خەڵك دەرکەی و ناونووس بکەیەوە.. زەکی کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت .. ئەوانەی سەر بە (ل.م) ڕۆیشتن، ئێمە

درێژەمان بە کۆبوونەوەکە دا و پاشان بڕیارماندا، کە کۆنفرانس ساز کەین و هەڵوێست ڕابگەینین.. ئەوەی شایانی باسە، هاوڕێ سعودی ئەلناسری، بەبیرو بۆ چوون لەگەڵ ئێمە نەبوو، بەلام لەبەر ڕەوشتی ئەوانەی سەر بە (ل. م) بوون هاتە پاڵ ئێمە و بەلام دکتۆر محمد علی ئەلماشتە ناڕاستەوخۆ لە گەڵ ئێمە بوو.. ئێمە دەستەیەکمان لە چەند کەسێك دانا بۆ سەرپەرشتی کارەکان: د. میصباح ئەلخەیرۆ، ئامینە نەهر، سعود ئەلناصری، جەمشید حەیدری و هاوڕێیەکی تریشمان ناوەکەی نایەتەوە بیرم... ئێمە بەر لە هاتنی زەکی خەیری لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق، ئامادەباشیمان هەبوو، سەرکردایەتی کۆمەڵە جگە لە دوو یان یەك ئەندام سەر بە (ل.م) بوو، ئەوەش بووە هۆی هاوڕێیانی (ل.م) بانگێشی (مەهدی حافز) لە پراگەوە بکەن بۆ مۆسکۆ(کە سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق بوو لەدوای کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی و لەپراگ دەژیا...

بەم شێوەیە کۆبوونەوەیەك لە مۆسکۆ بەسترا، بە بەشداری زۆربەی خوێندکارانی عێراقی و هەندێ هاوڕێش کە ئەندامی ڕێکخراوی قوتابیان نەبوون، بەڵکو تەنیا ئەندامی حیزب بوون. ئامادەبوون، مشت و مڕێکی زۆر لە کۆبوونەوەکە ڕوویدا ئاکامەکەی هەروەك خۆی مایەوە، چونکە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە کۆنگرەی سالانەی خۆی بە ئاشکرا هەڵبژاردرابوون...

هەروەها لە مانگی مایسی 1968 ، ئێمەمانان کە لایەنگیری (ق.م) بووین، بڕیارماندا کۆبوونەوەیەك بۆ لایەنگیرانی خۆمان لە دەرەوەی مۆسکۆ ئەنجام بدەین، دوای ئەوەی لەو کۆبونەوەیە، کە زەکی خەیری تێدا ئامادەبوو، نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك ، وەك لە شوێنێکی تر

ئامـاژەم پێکـردوە ئێمـە درێـژەمان بـەو کۆبونەوەیـە دا، دوای دەرچـوونی زەکی خەیری ، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم هاوڕێ شەهید (عەلی بەرزنجی- هاشـم) مایـەوە، بـەڵام کـە مـن نووسـەری ئـەو دێرانـە باسـێکم لەسـەر سیاسەتی حیزب لەدوای 1959 پێشکەش کرد...زۆر تـوڕە بوو..ئەوەی شـایانی باسـە لێرەدا ئاماژەی پێبکـەم، لەسـاڵی 1964 و لەخـەتی ئـاب، زەکـی خـەیری و عـەزیز ئـەلحاج و مەهـدی حـافز لـە پـڕاگ دەژیـان، هەرسێکیان دژی خەتی ئاب بوون، زەکی خەیری وتارێکی بە ئینگلیـزی دژی خـەتی ئـاب بڵاوکردۆتـەوە لـەو وەختـەدا، دوای گەڕانەوەشـیان بـۆ عێـراق کـە نـاڕەزایی لـە نێـو حیـزب تەشـەنەی کردبـوو دژی ڕێبەرایـەتی خـەتی ئـاب، لێژنـەی ناوەنـدی حیـزب رایسـپاردبوو، هەڵسـەنگاندن بـۆ سیاسـەتی حیـزب ئامـادەبکرێ، ئـەوە بـوو، دوو ڕاپـۆرت ئامـادەکران ، ڕاپۆرتێك لە لایەن - زەکی خەیری و عەزیز ئەلحاج و ڕاپـۆرتی دووەم- دەگوترا لە لایەن (بەهائەدین نوری و عامر عەبدوڵڵا) ئامادەکرابوو.

ئەوەی شایانی وتنـە لـە سـاڵی 1959، کـە حیـزب بـە نـاوی خوێنـدن جـەمال حیـدەری لـە ئـەیلولی 1959 ڕەوانـەی مۆسـکۆ کـردو پاشـانیش سـەلام عـادل و محەمـەد صـالح ئەلعـەبلی رەوانـەی مۆسـکۆ کـران، بـەڵام ئەوەی ڕاستی بوو، مەبەسـت خوێنـدن نـەبوو، بـەڵکو ڕێبـازی جـەمال - سـەلام عـادل لەگـەڵ بۆچـوونی زۆرینـەی مەکتـەبی سیاسـی نـەدەگونجا لـە هەڵوێسـت وەرگـرتن لەسیاسـەتی (عەبدولکـەریم قاسـم)، ئەوسـاش هاوڕێ بەهائەدین، زەکی عامر، محەمەد حسێن ئەبولعیسا هـادی، هاشـم ئەلئەعزەمی و سەلام ناسری ڕێبەرایەتی حیزبیان لە ئەستۆ گرتبوو و لە بـەردەم قاسـم پاشەکشـەیان دەکـرد و زۆربـەیان داخوازیـەکانی (قاسـم) یان جێ بەجێ دەکرد وەك (سڕکردن- تجمیـدکردنی) ڕێکخـراوی حیـزب

لەنێو لەشکردا... ئەو سیاسەتە درێژەی هەبوو تاکۆتایی 1961، بەڵام گۆڕانکاری سیاسەتی حیزب لە پایزی 1962 دەستی پێکرد، کە جەمال حەیدەری و سەلام عادل گەڕانەوە عێراق... ئەو باسەم بۆیی کرد، چونکە پەیوەندی بە هەڵوێستی زەکی خەیری یەوە هەبوو، لە ساڵی 1962 زەکی ڕەخنەی لە خۆ گرت، کە هەڵەی کردوە دەگەڵ سیاسەتی بەهائەدین نوری و هاوڕێیانی کەوتبوو.. لە ساڵی 1964 دژی خەتی ئاب ڕاوەستا، بەڵام لە 1967 دیسان هەڵوێستی گۆڕی ....هتد

ئەو دوو ڕاپۆرتە دەبووایە بۆ ڕێکخراوەکانی حیزب دابەزێ و بزانرێ کامیان پەسەند دەکات، بەڵام لێژنەی ناوەندی بڕیاریدا کە تەنیا بۆ کۆمیتەکانی ناوەندی باڵا و ناوچەکان دابەزی، نەگاتە شانەی حیزبی.. ئێمە لە سۆڤیەت داوامان کرد کە ڕاپۆرتەکان بۆ تاوتۆ کردن و ئاشنا بوون داببەزێ ، بەڵام بێ سوود بوو. ئەوسا تۆفیق ئەحمەد لە قوتابخانەی حیزبی دەیخوێند، بە نهێنی ڕاپۆرتەکەی (زەکی و عەزیز ئەلحاج)ی دامێ ... منیش دوای خوێندنەوەی، کورتەیەکی ڕاپۆرتەکەم لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی پێشکەش کرد..، هەروەها لەو کۆبوونەوەی لە دەرەوەی مۆسکۆ کرا، من وەڵامێکم بۆ نامەکەی هاوڕێ (جەندەل – زەکی خەیری) ئامادەکرد و لە کۆبوونەوەکەدا خوێندمەوە– ئەوەی شایانی باسە: زەکی خەیری لەلایەن (ق.م) دەستگیر کرابوو، دوای رزگار بوونی لە نامەکەیدا باس لە چۆنیەتی دەستگیر کردن و رزگار بوونی دەکات... دەقی وەڵامەکەیم پاراستوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە عەرەبی نووسراوە، ئێستاش ناپرژێمە سەر وەرگێرانی.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم ، من لە ڕابردووی خۆم پەشیمان نیمە، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەم ، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا

(مەبەستم هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە) بە بۆچوون و هەڵوێستی خۆم داچوومەوە، چونکە لە کاتی خۆیدا، زۆر شتمان بە هەڵە کراوەتە مێشك، یاخود بەهەڵە تێ گەیشتووین، بە تایبەتی مەسەلەی نەتەوایەتی ئینترناسیۆنالیزم، هەر چەندە لە سەرەتای ژیانی سیاسیمەوە بیری کوردایەتی و دڵسۆزی بۆ کوردستان و دوا ڕۆژی کورد، لەلام کز نەبووە، بەڵام بەندی حیزبایەتی و پابەند بوون بە دیسپلەینی حیزبی، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەڵوێستی مرۆڤ ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لە سیاسەتی حیزب لامداوە و تووشی ڕەخنە هاتووم، کە دیسپلینی حیزبیم ڕەچاو نەکردوە، بەڵام لە نێو شانەی حیزبی، یاخود لەو لێژنانەی کارم کردوە، هەردەم کێشەی کورد و ماڤ کورد بابەتی سەرەکی قسەکانم بووە و لەنێو ڕێکخراوی دیموکراتیشدا بە ڕاشکاوی هەڵوێستم وەرگرتووە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە بەشێوەیەك پەروەردەکراوم، کە دژی هیچ میللەت و نەتەوەیەك نەبم، بەڵکو بڕوای تەواوم بە دۆستایەتی میللەتان هەیە و بڕواشم وایە، ئێمە کە میللەتێکی چەوساوەین، دەبێ هەردەم پشتگیری لە میللەتانی چەوساوە بکەین.

لەوانەیە هەندێك لە ئەوانەی بیرەوەرییەکانم بخوێننەوە، هەڵوێستی منیان لە گەلانی عەرەب و بە تایبەتی گەلی فەلەستینی سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام دەبێ ئێمە ئەوە بزانین، کە لە منداڵیەوە لە قوتابخانە، لە کۆمەڵگا و لە کاری سیاسی دا، ئێمە خۆمان بە عێراقی ناساندوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆربەی پارتە سیاسی یەکانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد بەو شێوەیە بیردەکاتەوە و هەڵس و کەوت دەکەن، بەڵام بۆچوون و هەڵوێستم گۆڕانی زۆر بەسەردا هاتووە هەستی خۆ بە عێراقی زانینم لای من دەمێکە بەرەو نەمان ڕۆیشتووە،

بەپێچەوانەی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ئاکامی سیاسەتی دەوڵەتی عێراق بەرانبەر بە کورد، هەروەها هەڵویستی گەلانی عەرەب بە گشتی و هێزە سیاسیەکانی عەرەبی عێراق و وڵاتانی عەرەب بەرانبەر بە مەسەلەی کورد و مافەکانی و دوا ڕۆژی کوردستان، لەو ساڵانەی دواییدا، واتە لە نۆهەتەکان زنجیرە وتارێکم لە ڕۆژنامەکانی ((رزگاری)) و ((ئاڵای ئازادی)) بڵاوکردۆتەوە، دەربارەی هەندێ چەمك و زاراوەی بە هەڵە بەکارهاتوو، سەبارەت بە عێراق، بە برایەتی کورد و عەرەب، بە یەکێتی خاکی عێراق، بەوەی کە دەڵێن: ئەدەبی عێراقی، مۆسیقای عێراقی، گۆرانی عێراقی، کە هەموو سڕینەوەی تایبەتمەندی کوردی پێوە دیارە، چونکە برایەتی لە نێو دوو گەلی جیاواز نییە، بەڵکو دەکرێ دۆستایەتی هەبێت، هەروەها ئەو سنورە سیاسیەی کە پێیدەگوترێ عێراق، لە دوو نیشتمان پێکهاتووە، یاخود دەڵێن ئەدەبی عێراق – لێرەدا مەبەست لە ئەدەبی عەرەبیە نەك کوردی، یان تورکمانی، کلدانی – ئاشوری، بۆیی پێویستە بگوترێ – ئەدەبی عەرەبی لە کۆماری عێراق...وەك دەزانرێش ئەدەب بە کەرەستەکەی دەزانرێ ، کەرەستەی ئەدەبیش زمانە.

## ڤیستیڤاڵی نۆیەمی لاوان و خوێنکارانی جیهان
## سۆفیا - بولگاریا
## 28/تەمموز- 6ئابی 1968

ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق، وەك هەموو جاران، بەر لە ڤیستیڤاڵ خۆیان ئامادە دەکرد، کە بە جۆرێکی چالاکانە و بە ژمارەیەکی باش بەشداری ڤیستیڤاڵی نۆیەمی لاوان

وخوێنــدکارانی جیهــان لــە ســۆفیا بکــەن، ئێمــەش لــە کۆمەڵــەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا، کـە ئەنـدامی یـەکێتی خوێنـدکارانی جیهانی بووین، هەوڵ و کۆششـمان بۆ ئـەوە بـوو، کە شـاندێکی گـەورە بـە نـاوی کوردسـتان بەشـداری فیسـتیڤاڵ بکـات، بـەڵام تەگـەرە لـە بـەر دەممـان زۆر بـوو، چـونکە هەنـدێ لـە ڕێکخراوەکـانی وڵاتـانی عـەرەبی نوێنەرایـەتی دەوڵەتـە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان، بـە هـەموو شـێوەیەك ئەسـتەنگیان دروسـت دەکرد و داوایـان دەکـرد، کـە خوێنـدکارو لاوانـی کوردســتان لــە ژێــر چــەتری ڕێکخراوەکــانی (عێــراق و ئێران...هتــد) بەشداری بکەن، نەك سەربەخۆ، وەك فیستیڤاڵەکانی پێشوو کە زۆربەی لــە ژێــر چــەتری (ڕێکخراوەکـانی حیزبـی شـیوعی عێـراق) بەشـداریان دەکرد، بەڵام بارودۆخی عێراق و بـوونی شۆرشـی کوردسـتان، هـەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، دەرفەتێکی باشـی بۆ ئێمە ڕەخساند، کە هەوڵ و کۆششمان -مەبەستم هەوڵ و کۆششـی کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کــورد لــە ئــەوروپا ســەربگریّ، بــە تایبــەتی شـاندی شۆرشـی کوردسـتان کـە گەیشـتبوونە سـۆفیا- خواڵێخۆشـبوو تێکۆشەر نوری شاوەیس (ئەندامی م.س پارتی دیموکراتی کوردستان و مـولازم خـدر بـە نـاوی سـەرکردایەتی شـۆرش). ئێمـە هـەوڵمان دا ژمارەیەکی زۆر لەخۆێندکارانی کورد بگەنە بولگارستان، بە تایبەتی لـە یۆگۆسلافیا و لەگەڵ خوێنـدکارانی بولگاریـا و نوێنەرایـەتی (ك.ب.گ) لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و سۆڤیەت.

لقـی سـۆڤیەتی کۆمەڵـە، هەوڵیـدا ژمارەیـەکی زۆر لـە خۆێنـدکارانی کورد لـە نێـو شـاندی عێراقـی و لـە ڕێگـای کۆمسـۆمۆڵی سـۆڤیەت بگەنـە سوفیا بۆ بەشداری فیستیڤاڵ .

کاتێ نوێنەرانی کۆمەڵە گەیشتنە سۆفیا، هێشتا کۆمیتەی ئامادەکاری فیستیڤاڵ بڕیاری ئەوەی نەدابوو، کە شاندی سەربەخۆی کۆمەڵە لە فیستیڤاڵ بەشداری بکات، بەڵام لە ئاکامی هەوڵەکانی کۆمەڵە لەگەڵ نوێنەرانی حشع و ڕێکخراوی لاوانی بولگاریا و هەروەها هەوڵەکانی شاندی شۆڕشی کوردستان، ڕێگا درا – شاندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەژێر دروشمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بەشداری ڕێپێوانی یاریگەی سۆفیا و بەشداری هەموو چالاکیەکانی فیستیڤاڵەکە بکات.

نوێنەرایەتی ک.ب.گ ئەوانەی بەشداری فیستیڤاڵیان کرد: د. کەمال فوئاد، جەوهەر شاوەیس، دارا ئەدیب، حوسێن بارزانی، محەمەد صالح جومعە، جەمشید حەیدەری، بەڵام نایەتەوە یادم، کە (دارا عەتا و لەتیف ڕەشید) بەشداری فیستیڤاڵ بوون، یاخود نا. ئەوەی شایانی باس بێت، کە شاندی ئێمە هاتە نێو یاریگای سۆفیا، لە نێو شوێنی تەماشا کەران ، دوو مناڵی کورد بەجلی کوردیەوە هاتنە پێش شاندی کۆمەڵە، دوای تەواوبوونی ڕێپێوانەکە زانیمان کە ئەو دوو مناڵە – کوڕ و کچی– مامۆستا کەریمی حیسامی بوون (شلێر و کەمال).

ئەوەی شایانی باسە ، پتر لە 20 هەزار لاو و خوێندکار لە جیهانەوە بەشداری فیستیڤاڵیان کرد، جگە لە لاوان و خوێندکارانی بولگارستان کە ئەرکی ڕێکخستن و بەڕێوەچوون و ژیانی بەشداربووانیان لەئەستۆ بوو، لە هەمەموو چالاکیەکانیش بەشدار بوون.. شاندی کۆمەڵە لە ماوەیەی ڕۆژانی فیستیڤاڵ، جگە لە بەشداری سیمینارەکان و ئاهەنگەکان، لەو ماوەیەدا لەگەڵ پتر لە (100) شاندی لاوان و خوێندکاران کۆبوونەوەی دوو قۆڵی ئەنجامدا و کێشەی کورد و

**کوردستانمان بۆ ڕوون دەکردنەوە، هەندێ جار باسی کوردستانمان بۆ دەکـردن، هەنـدێ شـاندی ئـەفریقی، یـا لاتـینی ئـەمریکی ، نـاوی کوردسـتانیان هـەر نەبیسـتبوو– دەیـانگووت/ ئەفغانسـتان ، پاکسـتان/ ئێمە دەبوایە نەخشەی ئاسیایان بۆ بکەین و شوێنی کوردستانی تێدا نیشان بکەین.. بێگومان ئەو ڕۆژانەی فیستیڤاڵ هیچ لەیاد ناچێت.**

**دوای کۆتـایی هـاتنی ڤیسـتیڤاڵ ، ڕێکخـراوی خوێنـدکارو لاوانـی پۆلۆنیا (ZSP– زێت.ئێس .پی) کۆمیتەی کۆمەڵەیان بانگهێشتی وارشـۆ (پایتـەختی پۆلۆنیـا) کـرد، لەوێـدا ك.ب.گ کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی پێکهێنـا، کۆبوونەوەکە لەدوای 20 ئابی 1968 بوو، ئێمە هێشتا لە وارشۆ بووین، کە هێزەکانی پەیمانی وارشۆ لە پڕاگ (چیکۆسلۆڤاکیا) دابەزی. بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم و بنووسم بۆ مێژوو، ئەو کات ، ئێمـەمانان کـە خۆمـان بـە چـەپ لـە قەڵـەم دەدا و لـەژێر کاریگـەری بۆچوونی سۆڤیەتدا بووین، پێمان وابوو، دەبوایە هێزەکانی پـەیمانی وارشـۆ، نـەك تـەنیا پـڕاگ داگـیر بکـات، بـەڵکو دەبوایـە یۆگۆسـلافیا و ڕۆمانیـاش داگـیر بکـات، لـە ڕوانگـەی ئـەوەی لـەو دوو وڵاتەشـدا، هەڵگەڕانەوە لە سۆسیالیستی سەری هەڵداوە، بۆیە پێویستە ئەوانیش تەمبێ بکات. هەرچەندە ، هەندێك لە ئێمە – من یـەکێك بووم لەوانـە، کـە زۆر بەتوونـدی ڕەخنـەم لـە سیاسـەتی سـۆڤیەت دەگـرت بەرانبـەر بـە عێـراق، بـە تایبـەتی لـەدوای شـەڕی (5) ڕۆژەی عـەرەب و ئیسـرائیل و سـەردانی سـەرۆکی ئەنجومـەنی بـاڵای سـۆڤیەت نیکـۆلای پـەدگۆرنی بـۆ بەغدا و دانـانی چـەپکە گـوڵ لەسـەر گـۆڕی (عەبدلسـەلام عـارف)، جێـی ڕەخنـەم بـوو!! لەگـەڵ ئەوەشـدا پێمـان وابـوو کـە چیکۆسـلۆڤاکیا و یۆگۆسـلاڤیا و ڕۆمانیـا لادەرن و پێویسـتە ڕادەیـەك بـۆ سیاسـەتیان**

**دابنرێ ....**

**بێگومان ئەو هەڵوێستەی ئێمە زۆر ئاسایی بوو، هەر دەبووایەش بەم جۆرە بێت، ئەگینا دەخرایە خانەی لادان... تا دەگاتە خیانەت، بە گوێرەی سیاسەتی پیادەكراوی حیزبە شیوعیەكانی سەر بە سۆڤیەت. هەڵوێستیش سەنگی مەحەك بوو، بەم شێوەیە پەروەردە كرابووین، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەم ، كە ئەندام و لایەنگرانی (ق.م) بە توندی، ڕەخنەیان لە حیزبی شیوعی سۆڤیەت دەگرت، لە دەستێوەردانی بۆ كاروباری نێوە خۆی حیزبە براكانی تر، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ، كاریگەری پەروەردەی دەیان ساڵمان لەسەر مابوو.**

**لەدوای تەواو بوونی كۆبوونەوەی (ك.ب.گ)ی كۆمەڵە ، من بۆ مۆسكۆ گەڕامەوە، كاك جەوهەر شاوێس بۆ هەنگاریا، برادەرانی تریش بۆ ئەڵمانیا....هتد**

**وەكو لە شوێنێكی تری ئەم بیروڕاییانەدا ئاماژەم پێكردوە، من دەبووایە بەپێ ی بڕیاری حیزب بۆ ئەڵمانیا بگوازرێمەوە، هەر بۆیەش بۆ ماوەی ساڵێك مۆڵەتم لە زانكۆ وەرگرتبوو، بەلام لەبەر ئەوەی من وەگەر (ق.م) كەوتبووم، هەڵوێستی حشع گۆڕا. هەر بۆیی لە 9/1/ 1968 كە ماوەی مۆڵەتەكەم تەواو دەبوو، خوێندنیش دەستی پێكرد لە سۆڤیەت، ڕۆژی 9/1 ڕوومكردە زانكۆی دۆستایەتی (لۆمۆمبا) – كۆلێجی ئابووری و لە پۆلی خۆم دەوامم كرد، لە 4-9/5 كە هەموو خوێندكاران ڕوویانكردە قاسەی مووچە (دەرماڵەی خوێندن) وەرگرتن، منیش نۆرەم هات، ژمێریار پێ ی ڕاگەیاندم كە من لە (خوێندن دەركراوم) .. من بڕیارەكەم پێ سەیر بوو، چونكە من ئیجازەم هەبوو تا 1968/9/1 ، پاشان هیچ كارێكی ئەوتۆم نەكردووە ، كە ببێتە هۆی**

دەرکردنم لە زانکۆ.

هەر لە هەمان ڕۆژ پەیوەندیم بە ئەندامانی کۆمیتەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد– لقی سۆڤیەت و هەروەها بە ڕێکخراوی (حشع – ق.م) و کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق (رابطة الطلبة العراقيين) کرد، بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك.

هەرچەندە ئێمە گومانمان لەوە نەبوو، کە ئەو چەند هاوڕێ یەی لە گەڵ (ل.م حشع) و لەڕێگای پێوەندییان بە سۆڤیەتەوە کارەکەیان گەیاندۆتە ئەو ئاستە– واتە: بڕیارەکە لە حیزبی شیوعی عێراقەوە لە سۆڤیەت کراوە (چونکە من لەسەر حیسابی حیزبی شیوعی دەم خوێند).

لە سەرەتادا من و خواڵێخۆشبوو حوسێن بارزانی (کە ئەندامی یەدەگی ك.ب.گ)ی کۆمەڵە بوو، سەردانی بەرپرسانی زانکۆی لۆمۆمبامان بەشی بێگانەکانمان کرد، هەر یەك لەبەرپرسەکان بیانوێکیان دەهێنایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من نامەیەکی ڕەسمی کۆلێجی ئابووریم پێ بوو، کە ئیجازەکەم تا 1968/9/1، مەسەلە کە ڕادەوەستا .. پاشان بڕیارماندا شاندێك لە چەند کورد و عەرەب بچینە لای جێگری سەرۆکی زانکۆ و بەرپرسیاری خوێندکارانی بێگانە– ئەوانەی بەو کارە هەڵسان : د. حوسێن بارزانی، د. عادل حەسەن حوسنی، عەبدولئیلا سباهی (کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق) و چەند کەسێکی تر.

لە هەمان کات نامەیەکمان ئامادەکرد بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی سۆڤیەت کە پتر لە (100) خوێندکاری کورد و عەرەب، نەك تەنیا عێراقی، بەڵکو وڵاتانی عەرەبی و ئێرانیش تێدا ئیمزایان کرد،

داوای گەڕانــەوەی منیــان بــۆ خوێنــدن دەکــرد و هەڵوێســتی خۆیــان دەربارەی دەرکردنی من پیشان دابوو. فۆتۆکۆپی نامەکەم لایە پێنج خاڵی تێدا هاتووە.

بۆ وەزارەتی خوێندنی بالا، سەرۆکایەتی زانکۆی دۆستایەتی گەلان، کۆمیتەی یەکێتی سۆڤیەت له 27/9/ 1968.

ئەمە وای کرد، سەرۆکایەتی زانکۆی دۆستایەتی لەژێر فشاردا، بڕیاریدا، کە کۆبوونەوەیەك بکات و بەبڕیارەکەی دابچێتەوە، منیش لە گەڵ نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە سۆڤیەت دکتۆر حوسێن بارزانی بانگهێشت بکات. لە ڕۆژی کۆبوونەوەدا، 1968/10/9 ، بەڵکو بەر لەوەی کۆبوونەوەکە دەست پێبکات، هەست دەکرا کە ئەوان (سەرۆکایەتی زانکۆ) سوورن، چونکە فەرمانەکە لە سەرەوە بۆیان هاتووە و لەسەر داخوازی کۆمیتەی ناوەندی حشع بوو... لە کۆبوونەوەکەدا من و دکتۆر حوسێن ئامادەبووین و هەموو بیانۆکانمان ڕەتکردەوە.. وەك ئەوەی دەبوایە من لە ماوەی ئیجازەدا، سۆڤیەت بەجێ بهێڵم و ئەگەر لە سۆڤیەت بمێنمەوە نابێ هیچ چالاکی دژ بەوان ئەنجام بدەم- کە هیچ جۆرە چالاکیەکم بەرانبەر سۆڤیەت نەبوو، بەڵکو ناکۆکی نێوەخۆی حیزبی ئێمە بوو- ، لەکاتێکدا سەرۆکایەتی زانکۆ دەیزانی کە من ناتوانم بۆ عێراق بگەڕێمەوە و هەروەها لەو ماوەیەدا کە سەفەرم بۆ دەرەوەی سۆڤیەت کردوە، وەك ئەندامی ك.ب.گ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا - سەفەرم بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، پۆڵۆنیا، بوڵگاریا کردوە، بۆ کاری ڕێکخراوەیی و بە ئاگاداری و بلیتی کۆمیتەی لاوانی سۆڤیەت، چونکە ئێمە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و کۆمەڵەی لاوانی سۆڤیەت ئەندامی یەکێتی خوێندکارانی جیهانین و هاوکاری

یەکتر دەکەین، ئەو جۆرە سەفەرانە لە ڕێگای ئەوانەوە ڕێکدەخرا، بەڵام لە کۆتایی کۆبوونەوەکە، سەرۆکایەتی زانکۆ بڕیارە کۆنەکەی پەسەند کردو داوایان لە من کرد کە سۆڤیەت بەجێ بهێڵم).

ئێمە کۆمیتەی دەرەوەی حشع (ق.م) و کۆمەڵەی خوێندکاران کەوتینە بیری دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، لە یەکێك لە وڵاتانی تری ئەوروپا و لە و ماوەیەدا بەڕێز مستەفا جاف کە لەڕێکخراوێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو سەردانی مۆسکۆی کرد، منیش لە ساڵی 1966 لە گەڵ کاك مستەفا لە بەیروت لە ڕێگای بڵند حەیدەری یەوە ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیدا کردبوو، هەروەها لەگەڵ برای کاك مستەفا (بورهان جاف) لە بەغداوە ئاشنابووم و هەروەها دەمزانی کە کاك مستەفا پەیوەندی بە سەرۆکایەتی شۆڕشی کوردستانەوە هەیە، بۆیی نامەیەکم لە 1968/10/10 بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ڕەوانەکرد و داوام لێکردن، کە زەمالەم بۆ وەربگرن.. (دەقی نامەکە لە پاشکۆی ئەو کتێبە بڵاودەکەمەوە).

لەسەر بڕیاری کۆمیتەی دەرەوەی (حشع ق.م) بۆ گەڕانەوەم بۆ عێراق خۆم ئامادە کرد. بەپێ ی بڕیارەکە دەبوایە، ئێمە چەند هاوڕێیەك بۆ عێراق بگەڕێنەوە .

بڕیاردرا –سعود ئەلناصری– لە ڕێگای قاهیرەوە بگەڕێتەوە عێراق، من و دکتۆر میصباح ئەلخەیرۆ – کە ئەندامی دەرەوەی ڕێکخراوی حشع ق.م بوو – خۆی و خێزانەکەی (زاهیدە) لە ڕێگای لوبنانەوە.

لە 1968/11/26 لە مۆسکۆوە بەرەو بەیروت هاتین. لە بەیروت هەوڵمان دا، چاومان بە حیزبی شیوعی لوبنانی و ڕێکخراوە چەپەکانی فەلەستینی بکەوێ، بۆ ئەوەی هەڵوێستی (ق.م) حشع روون بکەینەوە،

ئەوە بوو چاومان بە (کەریم مەڕوە) لە حیزبی شیوعی لوبنانی کەوت .. هەروەها (موحسین ئیبراهیم – کە ئەو کات سەرنووسەری گۆڤاری – الحریە– بوو، کەوت.. بۆمان دەرکەوت کە برادەرانی حیزبی شیوعی لوبنان هەڵوێستیان لەگەڵ (ل.م حشع) بوو، بەڵام لەگەڵ (موحسین ئیبراهیم) ئاڵوگۆڕی بیرو رامان دەربارەی چەمکی پێشەنگی حیزبی شیوعی سۆڤیەت و ناکۆکی نێوان چین و سۆڤیەت و هەروەها سەربەخۆیی سیاسی حیزبەکان کرد، واتە هەر حیزبەك لە دارشتن و دیاریکردنی ڕێبازەکەی سەربەخۆیە وەك لە بڕیارنامەی کۆبوونەوەی حیزبە کۆمەنیست و کرێکارەکانی ساڵی 1960 –مۆسکۆ داهاتووە...

ئیدی سۆڤیەت و هیچ ناوەندێك ماڤ ئەوەی نییە، ڕێبازی خۆی بەسەر حیزبێکی تردا بسەپێنێ، هەروەها هەر حیزبێك بەرپرسیارە لە بەرانبەر چینی کرێکاری وڵاتەکەی و هەروەها باس لە مەسەلەی هەڵوێست لە بزاڤی رزگاریخوازی فەلەستین و خەباتی چەکداری و بزاڤی رزگاریخوازی کورد کرا...هەروەها دەربارەی هەڵوێست لە دەستەڵاتدارانی عەرەب بەگشتی و میسر بەسەرۆکایەتی عەبدولناسر بە تایبەتی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.. موحسین ئیبراهیم بەڵێنی دا، کە پشتگیریمان بکات و بڵاوکراوە و بەیانەکانی ئێمە لە دەزگای ڕاگەیاندنی ئەواندا ڕەنگ بداتەوە.

لە بەیروت لەگەڵ دکتۆر میصباح ولخەیر وا ڕێکەوتین، ئەو لە ڕێگەی کویێتەوە بگەڕێتەوە، چونکە خەڵکی موصل بوو، هەروەها لە لایەن حکومەتی قاسم و بەعسیەکانەوەش حوکمی سێدارەی لەسەربوو، بۆیی وامان بە چاك زانی ئەو لە ڕێگای کویێتەوە بگەڕێتەوە، بەڵام من و زاهیدەی خێزانی دکتۆر میصباح لە بەیروتەوە هاتینە

**دیمەشق و بە نێرین بۆ بەغدا گەڕاینەوە، شەو گەیشتینە بەغدا، ئەو شەو من لە ماڵی باوکی زاهیدە خەوتم، بەیانی باوکی زاهیدە منی بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی گەیاندە (راغیبە خاتوون)، کە ئەو کات ماڵی کاك صالح لەو گەڕەکە دەژیان، چونکە من نەمدەزانی ماڵی خۆمان (ماڵی کاك عاصم و خوشکەکانم) لە کام گەڕەك دەژین، پاشان چوومە ماڵی خۆمان، کە لە گەڕەکی – وەزیرییە –بوون بە خوشك و براکان و دایکم شادبووم.**

**ئەوەی شایانی باسە، شەوی 26/25 ی مانگی نۆڤێمبەری 1968 هاوڕێیانمان ئاهەنگێکی خنجیلانەیان بۆ ئێمە ڕێکخست، کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی تێدا ئامادە بوون، هەندێك لەوانە ئێستا لە ژیان نەماون، وەك کاك محەمەد عیزەت و دکتۆر میصباح، بەڵام هەندێکی تر لە ژیانن.. لەوانە دکتۆر ئەحمەد موختار ئامێدی (کە ئێستا سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی دهۆکە) ... تا دوانزەی شەو لەو ئاهەنگە بووین، دوایی گەڕاینەوە بەشی ناوەخۆی زانکۆی دۆستایەتی تا سەعات چواری بەیانی درێژەمان بە دانیشتنەکان دا، سەعات چواری بەیانی بە تاکسی بەرەو فرۆکەخانەی شیریمێتێڤا– مۆسکۆ بەڕێکەوتین بەرەو لوبنان. تەواو لەیادم نەماوە چ ڕۆژێك گەڕاینەوە بەغدا، بەڵام لە کۆتایی مانگی دوانزەی 1968 بوو...**

***الى الحزب الشيوعي العراقي***
***الرفاق الاعزاء***
***تحية رفاقية حارة***

أُهنئكم في ذكرى تأسيس الحزب، فتمنياتنا ولكافة الرفاق والاصدقاء، تحقيق اماني شعبنا في الحرية والديمقراطية.

خلال زيارة لدمشق في تشرين الثاني 1981، وخلال لقاءاتي مع

بعض القياديين في الحزب، كنت ألح على نشر ما كتبه الرفيق جمال من مقالات وكذلك شيئا عن حياته.. الاّ ان ذلك لم يتحقق.. وفي الذكرى العشرين لاستشهاده، حاولت القيام بهذا الواجب تجاه انسان ضحى من اجل الشعب وكان معلمي في الحزب، وهو الذي رشحني له. وفعلا قمت بترجمة المقال المنشور في الكتاب- اقوى من الموت- الصادر في الاتحاد السوفيتي. وكذلك كتبت ملاحظاتي حول المقال في هوامش الترجمة، مع لمحة قصيرة عن عائلة الحيدري والرفاق الذين كانوا مع الشهيد. وجمعت مقتطفات من اشعاره وحصلت على مقالتين له... جمعت كل هذه المواد وهيئتُ للطبع في السويد، ولكن بعد ذلك قررت مفاتحة الحزب بذلك... انني اعتقد بضرورة نشر هذا الكراس من قبل الحزب في ذكرى اليوبيل الذهبي مع مقدمة ضرورية من قبل الحزب. ان المواد المهيئة للنشر ارسله اليكم وارجو اعلامي اذا كان الحزب على استعداد لنشره وخلافه سوف اضطر الى نشره، دون ملاحظة الحزب، انني المنقد قد يكون هناك خلاف لكم معي في الهوامش. ارجو تدوينها في المقدمة. ايها الرفاق ان المقالات تحتاج الى تنقيح اللغوي وانني اعتقد ان الرفاق العرب لديهم امكانية في تنفيذ هذه المهمة بخصوص الكراس. انني ارسل اليكم النسخة الاصلية ومعها عدد من الصور التذكارية، ويرجى عدم تلافها واعادة المسودة بعد الطبع اليّ ،حتى تبقى تلك الصور ضمن البوم العائلة.

ان هذا الكراس مساهمة متواضعة في الذكرى اليوبيلي الذهبي للحزب الشيوعي العراقي.

ملاحظة: يمكن الاتصال بيّ عن طريق المنظمة الحزبية في السويد او الكتابة مباشرة على العنوان التالي:

Dr.AL-HAYDARI JIMSHID
Oslogatan 27 4tr.
16331 Spanga
SWEDEN.

***انني فضلت نشر الكراس باسم.. د.بروسك" بدلاً من اسمي الحقيقي. مع الشكر.***

***صديقكم ورفيقكم في النضال***
***د.جمشيد الحيدري***

***84/5/22***

# بەشی سێیەم

## بەغدا لەکۆتایی مانگی 12/ی 1968 تا 1970/9/4

هەرچەندە ماوەیەکی زۆرنەبوو، لە وڵات و خوشك و براو دایكو دۆستان دووركەوتبوومەوە، هەموو نزیکەی دووساڵو نیو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمجارم بوو، ئەو ماوەیە لێیان دووربکەومەوە، زۆر غەریبیم دەکردن، هەرچەندە گەڕانەوەشم بە ئارەزووی خۆم نەبوو، بەڵام وەك لە بەشی پێشوو ئاماژەم پێکردووە، بارە سیاسیەکە ناچاری کردم، چونکە لەگەڵ هێڵی سیاسی حیزب نەبووم، دەبوایە لەدوو ڕێگا، یەکێکیان هەڵبژێرم مانەوە لە سۆڤیەت و پاشگەزبوونەوە لە هەڵوێستم، یاخود گەڕانەوەو مەترسی دەست گیرکردنم لەلایەن ڕژێمەوە..من دووەمم هەڵبژارد.

بێگومان، هەرچەندە زۆرم پێ ناخۆش بوو خوێندنم بەجێهێشت، بەڵام شادبوون بە خوشك و براو دایك و دۆستان دڵخۆشی کردمو لە گەڕانەوەش پەشیمان نەبووم، چونکە بەئارەزووی خۆم بوو – واتە: خۆم ئەو ڕێگایەم هەڵبژارد بوو –.

كۆتایی ساڵی 1968 بوو، چەند رۆژێك بۆ سەری ساڵی تازە مابوو.. خۆمان بۆ پێشوازی ساڵی نوێ ئامادە دەكرد.. سەری ساڵمان لەماڵەوە بە ئامادەبوونی برایان- كاك عاصم، كاك سالح و هاورێ ئەحمەد مەحمود حەلاق و دایك و خوشكەكانم مەلیحەو سەلمەو نازەنین بەرێكرد.. نایەتەوە یادم مومتاز لە بەغدا بوو، یاخود نا.. بەڵام ئەوەیان دواجار بوو، كە هاورێ ئەحمەد لەگەڵماندا بوو، چونكە دوای سەری ساڵ لە لایەن بەعسەوە دەستگیر كرا.

لە دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا پەیوەندیم لەگەڵ حیزب لە رێگای هاوڕێ ئەحمەد بوو.. ئەو كاتەش هەوڵم دەدا، هەندێ لەو هاوڕێیانەی لە سۆڤیەت گەڕابونەوە بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە كاری حیزبی بدەین، لەوانە كاك فازیل فەرەج (خەڵكی شاری سلێمانییە.لە ساڵانی 1953-1954 خوێندكاری كۆلیژی پزیشكی بوو، نوێنەری حیزبیش بوو لە لێژنەی بەرەی نیشتمانی بۆ هەڵبژاردنەكانی ساڵی 1954، دوای هەڵبژاردن و راوەدوونانی تێكۆشەرانی دیموكراتخواز، كاك فازل ناچار بوو واز لە خوێندن بهێنێ و كاری نهێنی حیزبی بكات.. دوای شۆڕشی تەمموزی 1958، لەگەڵ یەكەم گروپی خوێندكارانی عێراق بۆ سۆڤیەتی پێشوو ڕەوانەكراوە، كاك فازیل چووە سۆڤیەت و لەوێش لە بەشی زمانی رووسی، زانكۆی مۆسكۆی خوێند و لە رێكخراوی حیزبیش درێژەی بە خەباتی خۆی دەدا).

لە نێوان ساڵانی 1964-1966 هەندی بۆچوونی جیاواز لە نێوان هاوڕێیانی حیزب هەبوو، سەبارەت بە سیاسەتی حیزب ساڵی 1964و هەروەها هەڵوێست لە مەسەلەی كورد.. بە تایبەتی كێشەو بۆچوونی جیاواز لە نێوان هاوڕێیانی كورد و عەرەب بەدەركەوت، دەربارەی

هەڵویست لە مەسەلەی کورد، ئەوەش بووە هۆی، دوورکەوتنەوەی هەندێ لە هاوڕێیانی کورد لە حیزب، نەك دەرچوون لە ریزی حیزب، بەڵکو دوورکەوتنەوە لە چالاکی حیزبی.

لە ساڵی 1967، کە لەتبوون لە حیزب روویدا، ئەو هاوڕێیانە لە (ق.م) نزیك بوون – مەبەست لە (ق.م) قیادەی مەرکەزییە، واتە: سەرکردایەتی ناوەندی، وەکو لە پێشووش ئاماژەم بۆ کرد، لەلاپەرەکانی داهاتوودا تەنیا بە (ق. م) ئاماژە بۆ ئەو سەرکردایەتییە دەکەم – ، کاك فازیل یەکێك بوو لەوانە..من هەوڵمدا پەیوەندی لە نیوان حیزب (ق.م) و کاك فازیل دروست بکەم.. ئەوها رێکەوتین ئێوارەیەك لە شەقامی (ئەبو نەواس) لە چایخانەیەك چاومان پێك بکەوێ و هاوڕێ ئەحمەدیش ئامادەبێ، چونکە هاوڕێ ئەحمەد ئەندامێکی سەرکردایەتی (ق.م) بوو، هەروەها خەڵکی سلێمانی بوو، لەگەڵ کاك فازیل یەکتریان دەناسی، ئەو ئێوارەیە هاوڕێ ئەحمەد نەهاتە ژوانەکە... کە گەڕامەوەماڵەوە، زانیم هاوڕێ ئەحمەد لە لایەن بەعسەوە دەستگیرکراوە، ئەوەی شایانی باس بێت، بەر لەدەستگیرکردنی هاوڕێ ئەحمەد، بەعس دەستی بە راوە دوونانی هاوڕێیانی ئیمە کرد بوو، لەو ماوەیەدا (فەیاز موزان)، (تارق رەحیم)، (مالیك مەنصور)، (عەبدولحەمید صافی) و چەندانی تر دەستگیر کرابوون.. بۆیێ لە رووانگەی هێرشەکەی بەعس بۆ سەر (ق.م)، (ق.م) بەیاننامەیەکی توندی دەرکرد دژی بەعس و داوای روخانی حکومەتی بەعسی کرد بوو.. بڕیاریشی دابوو، هەندێ لە سەرکردەکانی روو لە کوردستان بکەن.

هەر لەو ماوەیەدا شەهید صالع عەسکەری لەلایەن بەعس دەستگیرکرا، هەر دوای دەستگیرکردنی شەهید صالح، هاوڕێ

ئەحمەدیش گیرا، من پەیوەندیم لە ڕێگای کازم صەفار کرد.. – (کازم برای خێزانی شەهید جەمالی برام بوو، لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری نەجەفە، ئەو بنەماڵەیە هەموویان سەروماڵیان لە ڕێگای حیزب داناوە، لە ساڵی 1956 کوڕێکیان بە ناوی عەواد لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا دژی هێرشی سێ لایەنی (ئینگلیز، فەڕەنسا، ئیسرائیل) بۆ سەر میسر شەهید کرا، هەروەها خێزانی شەهید جەمال، نێرگس صەفار لە لایەن پۆلیسی نوری سەعید دەستگیرکرا، کە پۆستەی حیزبی لە بەغدا بۆ کوردستان دەهێناو حوکم درا).. (دەربارەی ئەو تێکۆشەرە نێرگس صەفار، بڕوانە: ژمارەی 2–3 گۆڤاری (k21).

بەر لەوەی منیش دەستگیر بکرێم، پەیوەندیم بە هاوڕێیانی (ق.م) کردو کەوتمە چالاکی، بەڵام بە تەواوی بۆم دەرنەکەوتبوو لە حیزب دا لە چ پلەیەکدا بووم، لە ڕێگای شەهید فەتحوڵلا عیزەت و لە ڕێگای کاک یاسین – کە قوتابیەکی بەشی کوردی ئامۆژگای زمانی بەغدا بوو –، لە ڕێگای ئەوەوە کاک نەوزادم ناسی و ڕێکخراوەی قوتابیانی وەرگرتە ئەستۆ. (شەهید فەتحوڵلا عیزەتی پاریزەر، خەڵکی شاری کەرکوك بوو، برای هاوڕێییێکی دێرینم بوو، کە ناوی محەمەد عیزەت بوو.. فەتحوڵلا عیزەتم لە 1965– 1966 دەناسی کە خوێندکاربوو لە (کۆلیژی حقوق)، دوای دەرچوونی، بووە پارێزەر، نوسینگەکەی لە (حافز ئەلقازی) بوو لە بەغداو لە ڕێگای– کازم صەفارەوە ئاگاداریم بۆ دەهات و کارەکانم بەڕێوە دەبرد.

بەر لە دەستگیرکردنی– عەزیز ئەلحاج– لە ئەمنی عامەوە، هەواڵێك گەیشت، کە (ئاراخا چادرۆ)ی ئەندامی لێژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق باڵی (ل.م) ڕەوانەی کرابوو، تیایدا هاتبوو: عەبدولحەمید صافی

و مالیك مەنصور هەڵوێستیان لاوازە.

ئەگـەر بەهەڵـەدا نەچـووبم بـەیانی رۆژی 1969/3/4، خوشـکی تێکۆشـەر (وەجیهـە صـەفاڕ) ئاگـادار کرامـەوە، کـە وەجیهـە خوشـکی نێرگس صەفاڕی (خێزانی شەهید جەمال) و خێزانی شەهید (عەلی وەتار بوو، کە لە 1963 شەهید کرا بوو)، بە پێی هەواڵەکەی وەجیهە: (کازم صـەفاڕ)ی برای، شـەو لـە لایـەن بەعسـەوە دەستگیرکراوە، منیش لەبەر ئـەوەی پەیوەنـدیم لەگـەڵ کـازم بـوو، یەکسـەر لـە مـاڵ دەرچـووم، بـەڵام هەڵەکـەم لـەوە دابـوو، بـە ماڵـەوەم راگەیانـد، دەچـمە (کازمیـە) مـاڵی مامۆسـتا حەمدیـە رەحمـان.. (حـاجی حەمدیـە ئیسـتا مـاوە لـە بەغدایـە دیارە لەو ساڵانەی دوای بووەتە حاجی).

مامۆستا حەمدیە خوشکی هونەرمەند (صەباح عەبدولڕحمان)ە، لە ساڵی 1963 خۆم لە ماڵی ئەوان شاردبووەوە وەك لە بەرگی یەکەمی بیرەوەییەکانیشم ئاماژەم پێکردوە.

مـن لەگـەڵ خوشـکە حەمدیـەو مێردەکـەی زۆر دۆسـت بـووم، زۆرجـار سەردانم دەکردن، ئەو رۆژەش، کە چوومە ماڵیـان، پێم رانەگەیاندن، کە لەبەر گرتنی (کازم صەفار و عـەزیز حـاج) هـاتووم.. رۆژەکەی لای ئەوان مامـەوەو شـەویش هـەر لـەوێ مامـەوە. شـەو درەنـگ، دوای سـەعات 12، دەرگای ماڵی خوشکە حەمدیە لێدرا، من لە ژووری سەرەوە نووستبووم، زانیم ئەوە بۆ من هاتوون.. یەکسەر خۆم گۆڕی و هاتمەوە خوارێ.. دیتم (نازم گزار و صەباح میرزا)و ژمارەیەك لە چەکدار هاتنە ژوورەوە.. نازم گزار پرسی: وێن جەمشید؟

من یەکسەر گوتم: من جەمشیدم و پاسەپۆرتم پێ بوو بۆم دەرهێنـان و گـوتم ئـەوان تـەنیا ناسـیاوی مـنن، هـیچ پەیوەنـدییان بـە شـتی تـرەوە

نییـە.. پـاش ئـەو قسـەیە منیـان بـرد. دیـارە نـاوی مـن لەلایـەن (کـازم صـەفار)ەوە گوترابـوو، یەکسـەر چووبوون (کـاك صـالح و کـاك مومتـازو کاك عاصم) یان گرتبوو.

کـاك عاصـم لەبەرئـەوەی نـەخۆش بـوو، دوای دە سـاڵی لـە بەندیخانـە (1948- 1958) بەسـەر بردبـوو، خوشـکەکانم زانیبوویـان ئەگـەر کـاکم ببەن، دەرناچێ.. بۆیـە یەکسـەر گوتبوویـان: جەمشـید لـە (کازمیە)یـە لـە ماڵی مامۆستا حەمدیە.. ئیدی بەم شێوەیە منیان دەستگیرکرد.

کە لەماڵی خانەخرێکەم منیـان دەرهێنـا، هـەر دوو چاومیان بەسـت و فڕێیاندامە نێو ماشێن.. لە ناو ماشێن هەسـتم کـرد، مومتازیـان لەگەڵـە.. مومتـاز کەوتە قسە لەگەڵ (نازم گزار) و گوتی: ئێـوە دەڵـێن: ئـەو کەسـانە دەگـرن کـە پیـاو دەکـوژن... (ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت مومتـازی بـرام لەگـەڵ ڕێکخـراوی ئێمـە نـەبوو، بەڵکو لـە (ل.م) کـاری دەکردو (ل.م)یش گفتوگۆیان لەگەڵ بەعس هەبوو..).

کـە گەیشـتینە (قەصـری ئـەمیرات) کۆشـکی شـازادەکانی هـاشمی (بنەماڵەی مەلیك فەیسلی دووەم)، لەوێ بە چاو بەستراوییەوە رایانگرتم و نازم گزار پرسی: تۆ شیوعی؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: لەگەڵ کێ پەیوەندیت هەیە؟

گـوتم: تـەنیا لەگـەڵ ئەحمـەد حـەلاق و لەگـەڵ کەسـی تـر پەیوەنـدیم نەماوە، واتا مـن لـە ڕێکخـراو پچـراوم و تـازە گەراومەتـەوە عێـراق و کـەس ناناسـم.. – دیـارە ئێمـە لـە لایـەن سـەلیم سـوڵتان (حەمیـد عوسمـان) ئاگـادارکرابووین، کـە هـاورێ ئەحمـەد مـەحمود شـەهید کـراوە، بـەپێی زانیارییەکانی (عەبدولخالق سامەڕائی) –.

یەکسەر نازم گوتی: کازم صەفاڕ بانگ بکەن..

کاتیك لە (کازم)یان پرسی: جەمشید پەیوەندی لەگەڵ حیزب هەیە؟

گوتی: بەڵێ..

چاوی منیان کردەوە. دیتم کازم صەفارّ بە بێجامە راوەستاوە، دیار بوو هەندێکیان لێ دابوو، چونکە پەنجەکانی پێی دەرمانی زەردی لێدرابوو... منیش بە (کازم صەفاڕ)م گوت من هیچ پەیوەندیم نییە.. گوتی: من لە رێگای خوشکمەوە نامەم بۆ رەوانە کردووی.. من ئینکاریم کرد کە نامەی کازمم بۆ هاتبێ..

(کازم صەفاڕ)یان بردەوە... نازم گزار گوتی: تعتەڕف؟ لۆ لا؟ ... دان دەنێی؟ یان نا؟

گوتم: ئەحمەد مەحمود بهێنن...ئەو ڕاستیەکانتان پێ دەڵێ؟

گوتیان: لێرە نیە، لە شوێنێکی ترە!

منیش گوتم: نەخێر نەماوە...

لە ژوورەکەدا- مێزێك دانرابوو- نازم گزار- کە پێیان دەگوت (ئەبو حەرب) دانیشتبوو، لە شوێنی پانکە گوریسێك هەڵواسرابوو... یەکێکی کورتە بالاّ ڕووی تێکردم: پێڵاوەکەت داکەنە.. چاکەتەکەت داکەنە....هەر دوو دەستیان لە پشتەوە بەستمو بە گوریسەکە بەرزیان کردم.... بە هەڵواسراوی ....ئەوکورتە بالاّی – کە دوایی زانیم ناوی سالم شەگرە – ، بە کیبلّ لە پەنجەکانی پێو لاقمی دەدا..... نازم گزاریش هەر پرسیاری لێدەکردم... منیش تەنیا یەك وەلاّمم هەبوو، ئەویش ئەوە بوو: دوای ئەحمەد مەحمود هیچ پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخراودا نەماوە..

سەعات نزیکەی دووی شەو بوو، سالم شەگەر دیار بوو ماندووبوو، خەویشی دەهات لە لێدان وەستاو لەسەر کورسیەك ڕونیشت... خەوە

**کوتکەی دەهاتێ... منیش پێکەنینم هات و دەستەکانیشم زۆر ئازاریان دەدام... نازم گزار پرسی: لویش تزحەك؟**

**گوتم: صاحبکم نائم....**

**هەزار جنێوی پێدام... ئەوسا منیان هێناوە خوارێ، ئەوجارەیان پێیان بەستمەوە بە گوریس و سەراوژێر...سالم شەگرە کەوتە لێدانم و دەیگوت– من هەردوو براتم کوشتووە (جەمال و موهیب)..**

**کاتی لە ئێسکی لاقی دەدام زۆر ئازاری دەدام گوتم: (فاشست)...سالم گوتی...(أذا جابو احمد حسن البكر– نفس الشی و نسوی وياه...) ئەو کات احمد حسن بکر سەرکۆماری عێراق بوو.**

**پاش ماویەك پێیان کردمەوە.. گوتیان: هەستە! نەمدەتوانی هەڵسمە سەر پێ... بن پیلیان گرتم و هەڵسامەوە... چاکەتەکەم لەبەرکرد، بەڵام نەمدەتوانی پێڵاوەکانم لە پێ بکەم....پێڵاوەکانم لە دەست گرت.... بە دوو کەسان بن پیلیان گرتم و منیان بردە ژێرزەمینێك، فڕێیاندامە وێ.**

**لەو ژێرزەمنیەدا نزیکەی (100) کەس هەبوو...دوو کەس لە گیراوەکان منیان هەڵگرت بۆ لای خۆیان بردم، یەکێك لەوانە زەینل عابدین کاکەیی بوو (دوای دەرچوونی لە زیندان کچی هاوڕێ کەریم ئەحمەدی خواست، لە حەفتاکان لەلایەن بەعسەوە کوژرا).. من داوای ئاوم کرد، بەڵام زەینل عابدین گوتی: دوای ئەشکەنجە ئاو خواردنەوە خەراپە، بەڵام بە لۆکە هەندێ ئاویان لە دەمم کرد...لە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەم...دەفتەرێکی بچووك هەبوو، هەستیان پێنەکردبوو، دەستم گێڕا.. دیتم ماوە.. یەکسەر دەرمهێنا... لاپەڕەکانم خستە دەمم... چونکە لەو لاپەڕانەدا ژمارەیەك تەلەفۆن هەبوون.. لەوە ڕزگارم بوو...**

**لەبەر ئازاری لاقەکانم خەو نەدەچووە چاوم.... کاتێك گوێم لە**

پژمینێك بوو، یەكێك لەسەر یەك چەند جار پژمی... پژمینەكەی بەهی كاكم صالح دەچوو... بە زەینل عابدینم گووت: بزانە كەسێك لەوێ لە سەرەتای ژێرزەمینەكەدا بە چاویلكە هەیە؟

گوتی: بەڵێ...

زانیم كاك صالحی برامە، بە دوو كەس منیان بردە لای... كاك صالح بوو، كە چاوی بە من كەوت...گوتی: ئەوانە گوتییان تەنیا ئەوانەی دەستیان لە كوشتنی بەعسیان هەیە...ئەشكەنجەیان دەدەین...ئەوەی ڕاستی بێت، كاك صالحیان ئازار نەدابوو، چونكە زانیاریان هەبوو، كە ئەو ماوەیەك بوو نێوانی لەگەڵ (ق. م) تێكچووو بوو، لە سیاسەتیان ناڕازی بوو... نیزیكەی (13) ڕۆژ مایەوەو ئازادیان كرد.

من بۆ ڕۆژی دوایش جارێكی تر بانگیان كردمەوە، لێرەدا ناوی كابرایەكییان دەپرسی، كە ئەندامی ناوچەی بەغدا بوو، ناوی هەمام عەبدولغەنی بوو، منیش هەر دەمگووت كەس ناناسم، تا جارێكی تر (كازم صەفاڕ)یان بانگ كرد، ئەویش پێیڕاگەیاندن، كە: من هەمام ناناسم.. بەڵام بێ سود بوو، چونكە جگە لە (كازم) كەسی تر نەبوو شاهێدی بدات من لە ڕێكخراودا چالاكم.

نزیكەی هەفتەیەك لەو ژێرزەمینە ماینەوە، پاشان ئێمەیان گواستەوە ژووری تاكە كەسی، كە تازە لە ژوورەكانی – كۆشكی شازادەكان– دروست كرابوو، هەر ژوورێك كرابووە، چوار ژووری بە درێژیی 2م و پانی 1,5م، ژوورەكان ساردبوون، تەنیا بەتانیایەكمان لەژێر بوو، بەتانیەكیشمان بەخۆمان دادەدا.. بەو جلو بەرگەی، كە لە كاتی دەستگیركردنمان لەبەرمان بوو دەنووستین..

ئەوەی شایانی باس بێت، قاتێكم لە بەیروت كڕی بوو، هەر بەو قاتە

بووم، ریش تەڕاش کردنمان لیٚ قەدەغە بوو، ڕۆژی سیٚ جەم خواردنیان دەداینیٚ...جارێك ڕێگایان پیٚ دەداین، بچینە (w.c) و هەر ژوورێکیش بوتلی بەتالیان دەداینیٚ بۆ پێویستی تر...

من کە گوازرامەوە ژوورەکە، دوو کەسی تریش لە پێش من گۆازرابوونەوە، ئەوان (فەیاز موزان‌و تارِق رەحیم) بوون.. یەکەمیان لە (خەتی صیدامی) بەرەنگار بوونەوەی بەعسیەکان بوو، ئەوی دووەمیان بەرپرسی لێژنەی ناوچەی بەغدای خوێندکاران بوو، واتە ئێمە سیٚ کەس لەیەك ژووری بچوکدا بووین. لەو ماوەیەدا، کە نزیکەی (80) ڕۆژی خایاند، جارێك میوانێکی نوێمان بۆ هات، من لەو بڕوایەدا بووم، کە دەرباز بووە، ئەویش (مامۆستا حوسێن کێکی- مامۆستای جوگرافیای دواناوەندی بوو، خەڵکی بادینان بوو، پێشتر لە ساڵی 1963 لە شاخ یەکترمان ناسی بوو، کاك حوسێن وەك لە دوای ڕاپەڕین بۆیان باس کردم، زانیم تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو، کۆچی دوایی کردوە) ، هەروەها لەو ماوەیەدا، ئەگەر هاوڕێیەکی نویٚ دەستگیربکرابایە، شەوان لە دەرگایان دەدا.

لەو ماوەیەدا، من دوو جار بانگهێشتی ژووری لێکۆڵینەوە کرام، جارێکیان خوێندکارێکی کۆلیژی پزیشکی بە ناوی (جواد) دەستگیرکرابوو، ناوی منی هێنابوو، کە من بەرپرسیاری ئەوم، بەڵام کە بانگیش کرام، من ئەو خوێندکارەم نەدەناسی؟! لێیان پرسیم، ئەوە دەناسی؟ گوتم: نا، بەڵام هاتەقسەو گوتی: من لەگەڵ تۆ ژوانم هەبوو، لە ڕێگای حیزبەوە،... شوێنی ژوانەکەشی دیارکرد، کە لە شەقامی (جمهوری- نزیك پەیمانگای مامۆستایانی کچان بووە).. گوتم: من پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخراو پچرابوو... تۆش ناناسم... بەوە وازیان

**لێهێنام.**

**جـارێکی تـر لـە ناوەڕاسـتی مـانگی نیسـانی 1969 بـوو، دیـارە ڕێکخـراوی قوتابیـان بـە بۆنـەی یـادی دامەزرانـدنی یـەکێتی قوتابیـانی گشـتی لـە 14ی نیسـان، بەیاننامـەیان بڵاوکردبـۆوەو لـە ئاکامـدا کـاك نەوزاد- کە خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری بوو، دوای مـن بەرپرسیای لەئەسـتۆدابوو، پێشـتریش لـەلای پـارێزەر شـەهید فـەتحوڵڵا عیـزەت یەکترمان ناسی بوو.... دەستگیرکرابوو، شەو هاتنە سەر ژوورەکەمان، بانگی (تاڕق رەحیم)یان کرد.**

**ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت، (تـاڕق و نـەوزاد) نـەك هـەر پەیوەنـدی حیزبیان هەبوو، بەڵکو برادەریش بوون، (تاڕق) کە دانی بە نهێنیـەکانی حیزب نابوو، ناوی نەوزادی نەهێنابوو، بەڵام ئاماژەی بەوەکردبوو، کە خوێندکارێك لە کۆلێژی ئەندازیاری لە ڕێکخراوەکە بەرپرسیارە.**

**تاڕق کە گەڕایەوە ژووەرکەمان، رەنگی تێکچوو بوو...گوتی: نەوزاد گیراوە، بێگومان...شلەژام، نەوەك نەوزاد ناوی من بهێنێ، چونکە بەر لە دەستگیرکردنم، مـن پەیوەنـدیم لەگـەڵ نـەوزاددا هـەبوو، بـەڵام کـە منیـان بانگ نەکرد بۆ ناسینی نەوزاد، نەوزاد گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە من بەهیچ شێوەیەك نایناسـم (دوایـی کـە چاومان پێکـەوت ئـەوەی بـۆ بـاس کردم). بەڵام جارێکی تر دوای نیوە شەو، منیان بانگێشت کردەوە.. کە چووم: دیتم کوڕێکی کورتە باڵا، بە بێجامەوە لەسەر قەنەفە دانیشتووە، قاچەکانی ناگاتـە عاردی، گـزار پرسـی: ئـەوە دەناسـی؟ گـوتم: نـەخێر... بەڵام ئەو کوڕە هاتە قسە: تۆ لە بەغدا، لە چایخانەی...لەگەڵ (ماجیـد و نالی) دانیشتبووی باسی سۆڤیەتت بۆ دەکردن.**

**گوتم: من تۆ دەناسم؟ لەگەڵتم قسە کردووە؟!**

گوتی: نا... نا.. بەڵام من تۆ دەناسم.

(ئەو کوڕە خوێندکاری کۆلیژی زانستی بەغدا بوو، دۆستی (ماجد و نالی) بوو)... ئەوەی شایانی باس بێت، من کە لە سۆڤیەت گەڕامەوە، پەیوەندیم بە براکانی دکتۆر ئەحمەد موختار ئامێدی (ماجید و نالی) کرد، بۆ ئەوەی دەنگوباسی ئەحمەدیان بۆ بکەم، دکتۆر ئەحمەد ئێستا لە دهۆك، خانەنشین کراوە، (ماجید و نالی)یش ئەو کات خوێندکار بوون، لە زانکۆی- بەصرا - ، گزار داوای کرد ئادرێسی ماجید و نالی بڵێم.

گوتم: من نازانم.... چونکە ئەوان لە ڕێگای ناسیاوەکانیان پەیوەندییان کرد و جێگای ژوانیان دیاری کرد... چی تر من لە لایەن گزارەوە بانگ نەکرام بۆ لێپرسینەوە، بەڵام جارێك (عەلی ڕەزا باوە- کە ئەندامی سەکردایەتی بەعس بوو) بانگی کردین (مەبەست من و مومتازە).. لە سەرەتادا، من نەمدەزانی کە مومتاز ئازاد نەکراوە، پاشان لە 1969/5/1 زانیم، کە ئەویش لە ژووری تاکە کەسی- نزیك خۆم بووە). دیارە ئەو بانگ کردنە بە هۆی ئەوە بووە، دایکم لە ڕێگای د.موکەڕەم تاڵەبانی و عەونی یوسف هەوڵی داوە ، دەنگ و باسی مان و مردنی ئێمە بزانن... بەعسیش ئاگاداری کردوون، کە هەردووکمان ماوین... عەلی ڕزا باوە- داوای لێکردین کە بە تەلەفۆن- بەڵام بە زمانی عەرەبی- لەگەڵ ماڵەوە بدوێین و چشمان پێویستە داوایان لێ بکەین، کە بۆمانی ڕەوانە بکەن...وامان کرد.

لە ڕۆژی 1969/5/1 لە جێژنی کرێکارانی جیهان، بۆیەکەم جار، دەرگای ژوورەکانی تاکەکەسیەکانیان کردەوە، چۆکلێت بەسەرمان دابەش کرا.. لەو ڕۆژەدا ئێمە، ئەوانەی لەو چوار ژوورە تاکەکەسیەدا

بووین، یەکترمان ناسی، لەناو ئەوانەدا- مومتازی برام هەبوو، هەروەها کوڕێکی هەڵەبجەیی بە ناوی لەتیف موراد، کە لە (خەتی صیدامی-نەك صەدامی) بوو، تاوانبار بوو بە کوشتنی چەند سیخوڕێك... لەتیف دەیگوت: من پەشیمان نیم لەوەی کردومە، ئەگەر حیزب بڕیار بدات، ئێستاش ئەگەر بە ددان بێت، دوژمن دەکوژم، ئەوەی شایانی باسە دوای ئازادکردنی ئێمە، لەتیف و ساڵح عەسکەری و هەندێکی تریش کوژران.

دیسان کە لە ژووری تاکە کەسی بووین، شەوێك هەستمان کرد، قەرەباڵغی لەبەر دەرگای ژوورەکانمان پەیدابوو...ژمارەیەك گیراویان هێنابوو، ڕوویان لە دیوار کردبوون بەرانبەر دەرگای ژوورەکانمان، کە دەرگای ژووری شازادەکانیان پێوەدا، من هەستامەوە لە کولانکەی ژوورەکەمان تەماشام کرد، تا بزانم، کەس ناناسم، دەرچوو- هەموویان هاوڕێی هەولێر بوون، لەوانە: کاك قادر مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی، حەسن عەدۆ، عومەر شێخەڵلاّم ناسی.

لەو ساڵانەدا، بەعس دەیویست وا پیشان بدات، کە حیزبێکی پێشکەوتووخوازەو پەیوەندی لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستی باشە... بۆیە بڕیاری دا — دان بە کۆماری ئەلمانیای دیموکراتی دابنێ... بۆ ئەمەش لەسەر پێشنیاری (کازم صەفاڕ و پیتەر یوسف- کە دوو ئەندامی سەرکردایەتی (ق.م) بوون، دەبوایە نامەی پیرۆزبایی بۆ ئەو هەنگاوە، لەلایەن ئەندامە گیراوەکانی (ق.م) بۆ سەرۆکۆمار ڕەوانە بکرێ و پشتگیری ئەو هەنگاوە بکرێت....نامەکە وەك دەگۆترا لەلایەن کازم صەفاڕ ئامادە کرابوو، بۆ پشتگیری ئەو هەنگاوە، لە تەك ئەمەشدا دژی ئێران و سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی، شتی تێدا نووسرابوو...

بەر لە واژۆکردنی نامەکە- کێشە دروست بوو، لەسەر ئەوەی کە

ناوی مەلا مستەفاو مەسەلەی کوردی تێدا هاتووە... بەڵام دەقەکە نەگۆڕدرا... مەبەستیش لەناونووسینی ئێمەمانان ئەوەبوو، کە ئەوانەی هەڵوێستیان هەبوو، لەنێو خەڵکیدا ناویان بزڕێنن، – دەڵێن ئەو پێشنیارە – پیتەر یوسف کرد بووی، نەوەکو خاوەن هەڵوێستەکان بگەڕێنەوە خەباتی سیاسی.

دیسان هێشتا ئێمەیان لە ژووری تاکە کەسی نەگواستبووەوە بۆ هۆڵێکی گەورە...لە حەوشەی کۆشکەکە کۆیانکردیینەوە، بۆ گوێگرتن لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکەی عەزیز حاج.

هێشتا لە ژووری تاکە کەسی دابووین، کە پاش نیوەڕۆییێک وەزیرەکانی حکومەتی (عەبدولڕحمان عارف)یان گواستەوە قاوشەکەی ئێمە، (تاهر یەحیا/ سەرۆك وەزیران، عەبدولڕحمان بەزاز/ سەرۆك وەزیرانی رێکەوتنی 1966/6/29، شاکر مەحمود شوکری/ وەزیری بەرگری، شامل سامەڕائی/ وەزیری تەندروستی، عەبدولکەریم فەرحان/ وەزیری رۆشنبیریو سکرتێری گشتی–الاتحاد الاشتراکی العربی، عەبدولکەریم ئەلهانی/ وەزیری کارو کۆمەڵایەتی و ژمارەیەکی تر لە سەرکردەکانی لەشکری لەوانە ئیبراهیم فەیصل ئەنصاری، عەبدولعەزیز ئەلعقێلی....ناوەکانی ترم لە یاد نەماوە).

ئەوانەیان بە شێوەیەکی زۆر ناشرین سەرتاشین، پاشان زەوییان پێ پاگژکردنەوە. ئەوەی لەبیر ناکەم – دکتۆر عەبدولڕحمان بەزاز – کە لە رژێمی پاشایەتی راگری کۆلێژی حقوق بوو، لە حکومەتی عەبدولڕحمان عارف سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، ڕۆبێکی حەریری سووری پیاوانەی لەبەر بوو، پێیان داکەند و بە زۆر پێیان خستە نێو پەقرەجێك ئاوو هۆڵی بەردەرگای ژوورەکانیان پێ سڕییەوە؟!! ڕووداوێکی تریش، کە

پەیوەنـدی بـە تـەوهین کردنـی گیراوەکـان هـەبوو، بـە تایبـەتی نەتـەوە پەرستەکانی عەرەب، کە لەگەڵ ئێمـەدا لـەو زیندانـەدا بـوون... بەیانییێك نازم گزار تاهر یەحیای لەگەڵدابوو، لە دەرگای ژوورەکەی ئێمەی دا ..بە (تاهیر یەحیا)ی گـوت: پێیان بڵـێ: (من فضلكم عندكم وساخە). منیش وەڵامم دایەوە: هیچ شتی پیسمان نیە..

(تـاهیر یـەحیا) ویسـتی بگەڕێتـەوە دواوە، (نـازم گـراز) پێـی گـوت: (أوگف) ...(ابو فرهود اخاف بایگ منهم شی؟!)

هەروەها ڕووداوێکی تریش هەر لەو ماوەیەدا بـوو، کـە ئێمـە مانانیـان لـە حەوشـەی کۆشـکەکەدا (بەندیخانـەی نـاوبراو) کـۆکردەوە، گوتیـان: ئاهـەنگمان هەیـە، (تـاهیر یـەحیا) شـەڕواڵێك و کراسـێکی سـپی لەبـەر کردبـوو و قامچـیەکی لـە دەسـەت دابـوو، وەزیرەکـانی گیراویشـی ڕێـز کرابوون، چەپ ڕاستی پێ دەکردن و عەمید (نافع بگە) بە دەسـت بـۆقی لێدەدا...(تاهیر یەحیا) هـاواری دەکـرد: (چـەپ، ڕاسـت).. ئـەوەی هەڵـەی بکردایە، قامچیەکی لە پێی دەدا.... لەنێو ئەوانەی زۆر هەڵـەیان دەکـرد- دکتۆر عەبدولڕحمان بەزاز- بوو.. قامچی پێدەکەوت... ئەو ڕۆژە، هەموو ئـەو بەرپرسـانەیان ناچـار دەکـرد، هەریـەك گـۆرانی، یـان نوکتەیـەك بگێڕێتەوە... دکتۆر بەزازیش نوکتەیەکی ئینگلیزی بۆ گێڕاینەوە.

ڕووداوێکی تریش کـە هێشـتا لـە ژووری تاکـە کەسـی بـووین ڕوویـدا، ئێوارەیەك دکتـۆر عەبدولڕحمان بەزازیان هێنـا لـە ژوورەکـەی تـەك ئێمـە و پێیان ڕاگەیاند، کە ئەو شەوە لە سێدارەی دەدەن... دکتۆر عەبدولڕحمان بەزاز هەر دەیگوت و دەیگۆتەوە کە ئـەو نەتەوەپەرستێکی موسڵمانە... قورئـانی دەخوێنـدەوە.. ئێمـە ئـەو شـەو خـەو نەدەچـووە چاومان....هەر چاوەڕێی ئەوە بووین، کە بە دوایدا دێن و دەیبەن... تا نانی بەیانی هیچ

ڕووی نەدا.....ئەوە فشارێکی دەروونی بوو دەکرا سەر گیراوەکان، بەیانی دکتۆریان گواستەوە، بەڵام لە سێدارەیان نەدا، پاشان بە مردنی خۆی مرد..

دوو ڕووداویشم دێتەوە یاد، کە دوو کەس بوونە قوربانی، یەکیان مامۆستایەکی بەغدایی بوو، بەناوی (هاشم ئالوسی)، ئەو پیاوە زۆر ئەشکەنجە درابوو، نەخۆش بوو، لە ئاکامدا گیانی لە دەست دا، ئەوی تریان کرێکارێکی کوردی- ناوچەی خانەقین- کرێکاری نەوت بوو، ئەویش لە ژووری نهۆمی دووەمی کۆشکەکە هەوڵی ڕاکردنی دابوو، گیراو زۆریان لێدابوو، لەبەر دەرگای ژوورەکەی ئێمە لە بەتانیەك پێچرابوو، جار بە جار نوزەی لێوە دەهات، بەڵام پاشان بێ دەنگ بوو، ...بەیانی لاشەکەیان برد....

لە دوای ناوەڕاستی مانگی ئایاری 1969 ئێمەیان گواستەوە بۆ هۆڵێکی گەورەو فراوان، پێیان دەگوت – قاوش – لەو قاوشانەدا- دوو قاوش بوو، هەموو گیراوەکان (نەتەوەییەکان عەرەب و شیوعییەکان) پێکەوە بووین... حەمامو تەوالێت هەبوو، ڕێگایان پێداین، کە ڕیش بتاشین... لە قاوشەکەی ئێمەدا چەند بەرپرسێکی گەورەی نەتەوەییەکانی عەرەب لە ئەفسەرو وەزیرەکانی حکومەتی عەبدولڕحمان عارفمان لەگەڵدابوو، لەوانە: (تاهیر یەحیا، عەبدولعەزیز عەقیلی، شامل سامەڕائی، عەبدولکەریم فەرحان و عەبدولکەریم هانی).

دوای ئەوە ئێمە لەو دوو قاوشە کۆبووینەوە، بۆمان هەبوو لە کاتێکی دیاریکراو پیاسە بکەین، هەروەها دەستکرا بە لێپرسینەوە، ئەمجارەیان هەر چەند کەسیان بانگ دەکرد، نزیکەی (40) پرسیاریان بە نووسین دەدا دەستی و کاغەز و قەڵەمیان دەدانێ، وەڵامی ئەو پرسیارانە

بدەنەوە. کە لەو قاوشانەدا بووین، دوو ڕووداوی ترم لە یاد ماوە.

جارێکیان نازم گزاز هاتە قاوشی ئێمەو داوای لە (لیوا ڕوکن عەبدولعەزیز عەقیلی و تاهیر یەحیا) کرد، کە هەریەك تاکە نەعلێك هەڵگرێ و یەکتر بدەنە بەر نەعلان....بێگومان ئەو دوو کەسایەتیە، یەکتریان دا بەر نەعلان...... پاشان نازم گزار ڕۆیشت... (عەبدولعەزیز عەقیلی) جێگای لە تەك ئێمەدابوو، پرسی: ئێوەش بەمجۆرە ئیهانەم دەکەن..... (عەبدولعەزیز عەقیلی نەیدەشاردەوە کە دژی کورد و شیوعیە.... ئێمەش (من و مومتاز) پێمان گوت: نەخێر ئێمە دەتدەینە دادگاو بڕیارەکەی جیبەجێدەکەین....

گوتی: زۆر سوپاستان دەکەم، تەنیا ئیهانەم مەکەن.

بێگومان مامەڵەی بەعسیەکان لەگەڵ هەموومان زۆر خراپ بوو، بەلام ئەوان دەیانویست بە ئێمەی شیوعی بڵێن، کە: ئەوان دژی کۆنەپەرستین و حیزبێکی پێشکەوتوخوازن...

جارێکی تریش هەر هەمان نازم گزار نیوەڕۆییێك دوای نان خواردن هاتە قاوشەکە، زەلامێکی بالا بەرزی لەگەڵدا بوو، سەری تەراش کرابوو، یەك سەبەتە پێڵاوی لەسەر سەری دانابوو و هەڵیگرتبوو... نازم ڕووی لە ئێمە کرد (شیوعیەکان) و گوتی: ئەوە جەلادی شیوعیەکانە! وەك بڵێی خۆی ملائیکەت بێت... بەو زیندانیەی گۆت خۆت بناسێنە.

ئەویش گوتی: ڕەشید موصلیح (ئەوە ئەفسەرێکی گەورەی لەشکری عێراق بوو، لە ساڵی 1963 دا لە دوای کودەتای شوومی 8ی شوبات حاکمی عەسکەری گشتی عێراق بوو، خاوەنی بەیانی ژمارە (13)بوو کە بۆ لەنێوبردنی شیوعیەکان و هەموو ئەوانەی داڵدەیان دەدەن) دەرکرابوو– نازم دیسان پێی ڕاگەیاند، کە بە چاکی خۆی بناسێنێ:

گوتی: عمیل امریکی..

نازم گزار ڕووی لە شیوعیەکان کرد: هەستن لەو کابرایە بدەن.

ئێمە هەموومان گوتمان: ئێمە گیراوین، کاری وا ناکەین.... نازم خۆی و ڕەشید موصلیح ڕۆیشتن.

## ئازاد کردنی ژمارەیەك لەگیراوەکان

دەنگۆ هەبوو، کە سەرکردایەتی بەعس بڕیاریداوە، هەندێك لە گیراوەکان ئازاد بکات، جگە لە سەرکردایەتی (ق.م) دیارە لە دەرەوەش لەلایەن بنەماڵەکان و حیزبی شیوعی و لە ڕێگای خوالێخۆشبوو (حەمید عوسمان) لە لایەك و (د. موکەڕەم تالەبانی) لە لایەکی ترەوە، کار بۆ ئەو مەسەلەیە کرابوو، (د.موکەڕەم) بۆ ئازادکردنی مومتاز هەولیدا بوو، چونکە ئەو سەر بە (ل.م) بوو.

وەك لە شوێنێکی تریش ئاماژەم پێکردوە، ڕۆژانە چەند کەسێك بانگدەکراو نزیکەی (40) پرسیاری ئامادەکراو دەدرایە دەستیان، کە دەبووایە بە نووسین وەڵامیان بدەینەوەو بە سێ دانە، بەداخەوە هەموو پرسیارەکانم لە یاد نەماوە، بەڵام هەندێکیان بەمجۆرە بوون:

– ناو و ساڵی لە دایکبوون، شار و بنەماڵە.

– کێ لە بنەماڵەکەت لە سیاسەت کاری کردووە؟

– لەگەڵ کام حیزب؟

– کەی هاتویتە ڕیزی حیزبی شیوعی و ناوی نهێنیت چی بوو؟

– پلەی حیزبیت، ئەو هاوڕێیانەی لە شانەو کۆمیتە لەگەڵت دابوون و کاریان کردووە؟

–شێوەی پێوەندی حیزبی چۆنە؟

– پۆستت؟ (بەریدی حیزبیت)

– کاری نێوە خۆی حیزبت چی بوو؟

– کێ لە سەرکردەکانی حیزب دەناسی (لێرەدا مەبەست تەنیا (ق.م) نەبوو، بەڵکو (ل.م)یش بوو.

– ڕاو بۆچوونت لەسەر حیزبی شیوعی؟

– سیاسەتی زەبرو زەنگ و خەباتی چەکداری، دروشمی ڕوخانی حیزبی بەعس؟

– ڕات بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەت چییە؟

– ڕات بەرانبەر بە حیزبی بەعس چیە؟

– ئامادەی هاوکاریمان بکەی؟ و بەچ شێوەیەك؟

بێگومان کە ئێستا بیرەوەرییەکانم دەنووسم، نە پرسیارەکان و نە وەڵامەکانی خۆمم لەبەر دەستدا نییە، چونکە دەستگای بەعس دوای نووسینەوە، وەڵامەکانیان هەموو لێ وەردەگرتین.

لێرەدا بە پێی تواناو ئەوەی لە بیرم ماوە (دوای چل ساڵ) دەینووسمەوە، بێگومان هیواداربووم دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، دۆسیەی خۆم چەنگ بکەوێ و هەمووی وەك خۆی بڵاوبکەمەوە... ئێستاش بێ ئومێد نیم، کە ڕۆژێك بێت دۆسیەی تایبەتی خۆم دەست کەوێ و لە داهاتوودا بڵاویان بکەمەوە.

ئەوەی شایانی باس بێت وەڵامی پرسیارەکان بە زمانی عەرەبی بوون، من لێرەدا یادەوەرییەکانم بە کوردی دەنووسم، هەر بۆیەش پرسیارو وەڵامەکان بەکوردی دەبێت.

– ناوم: جەمشید حەیدەر عاصم حەیدەری یە.

– لە ساڵی 1943 (بە پێی دەفتەری نفوس) لە هەولێر لە دایك

بوويمە.

– لە بنەماڵەی مەلازادەی حەيدەريەكانی ماوەرانم.

– باوكم خوێندنی مەلايەتی تەواو كردبوو، لە دەوڵەتی عوسمانی كارمەند بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، خەريكی كشتوكاڵ بوو، لە ساڵی 1954 كۆچی دوايی كردوە.

– مامم- ئيبراهيم حەيدەری لە دەوڵەتی عوسمانی (شيخ الْسلام) بووە، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، وەزيری ئەوقاف بووە، لەساڵی 1931 كۆچی دوايی كردووە، كوڕە گەورەكەی- داود حەيدەری- وەزيری عەدلی عێراق بووەو هەروەها (محافظ)ی بانكی ناوەندی عێراق بووە لە لەندەن و ئيمزاشی لەسەر ديناری عێراقی كردووە، لە دوای 14ی تەمموزی 1958 لە توركيا ماوەتەوەو لەوێش كۆچی دوايی كردوە.

– ئەيوب حەيدەری ئامۆزام، سەفيری عێراق بووە لە پاكستان، نەگەڕاوەتەوە عێراق نازانم ماوە، يا مردووە.

– براكانم چواريان بە تۆمەتی شيوعيەت لە كاتی پاشايەتی زيندان كراون و لە شوباتی 1963 دوو برام لە لايەن بەعس كوژراون، جەمال حەيدەری و موهيب حەيدەری.

– لە ساڵی 1959 هاتومەتە ڕيزی حيزبی شيوعی عێراق، كە دەستگير كرام، ئەندام بووم لە ڕێكخراوی قيادەی مەركەزی حيزبی شيوعی عێراق.

– ناوی نهێنيم لە حيزبدا (بروسك) بووە.

(ئەوەی شايانی باس بێت، ناوی حيزبيم كە هاتمە ڕيزی قيادەی مەركەزی – نەبەز – بووە، بەلام لە وەلامەكەدا ئاماژەم پێنەكردوە).

– لە وانەی لە هەولێر کارم لەگەڵدا کردوون، لە دوای1961 کەسیان لەگەڵ حیزبی شیوعی نەماون، ناوەکانم لەیاد نەماوە، بەلام ئەوانەی لە بەغدا کارم لەگەڵدا کردوون، برادەرانی عەرەب بووینە، تەنیا ناوی نهێنی ئەوانم زانیوە، ناوی ڕاستەقینەیان نازانم، جگە لە کاظم الصفار، ئەویش لەبەر ئەوەی خزمایەتیم لەگەڵیدا هەیە، چونکە برای خێزانی جەمال حەیدەری برامە.

لە سۆڤیەت لەڕێکخراوە دیموکراتیەکان کارم کردووە، پاشانیش هاتومەتە ڕیزی قیادەی مەرکەزی، کە ناوەکانیان لە لایەن عەزیز ئەلحاج گوتراوە، بەڵام ناوی دوو برادەرم گوتووە، – کە لەگەڵ (ل.م) کاریان دەکرد، ئەوانیش نزار ناجی یوسف و خەلیل جەزائیری بون، (ئەوەی شایانی باس بێت، کە ناوی ئەو دوو برادەرە، لەو کاتەدا کە درکاندومن، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستیان بەرانبەرم کە لە سۆڤیەت بووم، و ناچار گەڕامەوە عێراق– بەداخەوە دەڵێم کە (نزار ناجی یوسف – ابو لیلی– برای خێزانی شەهید سەلام عادل بوو، لە شەڕی پشت ئاشان شەهید کرا، خەلیل جەزائری– دوای حەفتاکان هاوکاری بەعسی کرد و پاشان هەر لەلایەن ئەوانەوە تیرۆر کرا).

– دوای گەڕانەوەم بۆ عێراق تەنیا پەیوەندیم بە شەهید ئەحمەد مەحمود حەلاقەوە هەبووەو لە دوای گیرانی ئەویش پەیوەندیم پچڕاوە.

– شێوەی کاری حیزبی، وەك دەزانن لەسەر بنەمای شانە کار دەکرێت، دەربارەی پەیوەندی حیزبی و پۆست (بەرید)– عەزیز حاج لە هەموومان باشتر ئەوە دەزانی.

– لە سەرکردایەتی حیزب– ئەوانەی دەیانناسم بە هۆی شەهید جەمال و کەسانی تربوو– ئەوانە: سەلام عادل، هادی هاشم ئەعزەمی،

بەهادین نوری، کەریم ئەحمەد، عەزیز محەمەد، عەزیز حاج، کازم صەفاڕ و ئەحمەد مەحمود حەلاقن.

– حیزبی شیوعی، حیزبێکی چینایەتییە، لە ڕیزەکانیدا هەموو کەس جێگای دەبێتەوە، کە بڕوای بە بەرنامەو پێڕەوی ناوەخۆی هەبێ و لە یەك لە شانەکاندا کار بکات و لە پێناو سۆسیالیزم خەبات بکات.. حیزبێکی نیشتمانی پێشکەوتنخوازە.

– عەرەب دەڵێن: لکل فعل رد فعل، ئەگەر زەبرو زەنگت لەگەڵ بەکارهات، تۆش ناچاری بەو شێوەیە وەڵامیان بدەیتەوە.

ئێمە خەباتی چەکداریمان دژی ڕژێمی عارف کرد، کە ئێوەش کودەتاتان لەسەر کرد، هەڵگری دروشمی ڕوخانی بەعس– عەزیز حاج و سەرکردایەتی بەرپرسیارن، من لە داڕشتنی ئەو سیاسەتەدا بەشداریم نەکردوەو لەوەتەی گەڕاومەتەوە عێراق چالاکی حیزبیو سیاسیم نەکردووە.

– یەکێتی سۆڤیەت، دەوڵەتێکی مەزنە، سیۆسیالیستەو دۆستی میللەتانی بەش خوراوەو دۆستی عێراقە.

– حیزبی بەعس، وەك لە ناوەکەی دەردەکەوێ، حیزبێکی قەومی عەرەبی سۆسیالیستە، وەك لە دروشمی حیزب دیارە، خەبات لە پێناو نەتەوەی عەرەب و یەکگرتنی دەکات.

– لە دژی ئیمپریالیزم و ڕزگاری نیشتیمانی ئامادەم هاوکاریتان بکەم، شێوەی هاوکاریەکەم بەمجۆرەیە، هەر هەنگاوێك بزانم دژی ئیمپریالیزم و لە خزمەتی گەلە پشتگیریتان لێ دەکەم.

پاش ئەوەی وەڵامەکەم نووسی، دامە دەستی ئەو کەسەی سەرپەرشتی دەکرد، دوای خوێندنەوەی، کەوتە پرسیاری هەمەجۆر.. بۆ

نموونە:

پ ـ جەمال حەیدەری، چەند جار چووتە سۆڤیەت، چۆن چووە؟

و. جەمال حەیدەری، ئەندامی (م.س) (حشع) بوو، حزبیش ڕەوانەی کردووە، من نازانم.

پ ـ ئێوە بەیانتان دژی بەعس دەرکردو داوای ڕوخانتان کرد.

و ـ وەڵامی ئەو پرسیارە لە عەزیز حاج بپرسە، چونکە سەرکردایەتی بەیانی دەرکردووە.

پ ـ تۆ دەڵێی ئامادەم هاوکاریتان لەگەڵ بکەم، لە دژی ئیمپریالیزم، ئێمە ئەوەمان ناوێ، تۆ دەبێ لەسەر هەر جموجۆلێك ڕاپۆرتمان بۆ بنووسی و ئێمە یەکێك دیار دەکەین، کە پەیوەندییت پێوە بکات.

و ـ من ئامادە نیمە ڕاپۆرت بۆ کەس بنووسم و پەیوەندیش بە کەس ناکەم، تەنیا ئەگەر کاری باش بکەن، پشتگیریتان دەکەمو دژتان نابم.

دوای چەند ڕۆژێك دیسان بانگیان کردمەوە، هەمان داخوازیان دووبارە کردەوە، گووتیان ئەگەر بەڵێن بدەی، ئەمڕۆ ئازادت دەکەین، منیش هەمان قسەی پێشووم دووبارە کردەوە... ئەوجارەیان چەند جنێوێکی ناشیرینی پێدام و گووتی: بیگەڕێننەوە ژووری زیندان، با لەوێ بڕزێ.....

منیان گەڕاندەوە زیندان، بەڵام ژمارەیەك لە زیندانیەکان ئازادکران، من نازانم چ وەڵامێکیان دابووەوە، دوای دوو هەفتە یا پتر دیسان بانگیان کردمەوەو هەمان ئەو پرسیارانەیان دایە دەستم، کە بە نووسین وەڵامیان بدەمەوە، هەر بە هەمان شێوەی پێشوو وەڵامەکانم نووسی.

دیسان بانگ کرامو داوای هاوکاریان لێکردم.. وەڵامەکەم، هەر بە شێوەی جاری یەکەم بوو....بەڕێیان کردمەوە زیندان، بەڵام دوای دوو

سـەعات بانگیـان كردمـەوە، گوتیـان، ئێسـتا ڕەوانـەی ئاسایشـی گشـتیت دەكــەین و ئــازادت دەكــەین، بــەڵام لــەژێر چــاودێریت دەهێڵینــەوە، هەركارێكی حیزبی و چالاكی بكەی، خۆت دەزانی چیت لێ دەكەین.

جلەكانم لەبەركردو منیان خستە نێو ماشێنێك بۆ ئاسایشی گشتی، كـە ئـەو كـات لای (كۆشـكی سـپی) بـوو. لـەوێ چـەند وێنـەیان بـۆ گـرتم و مۆری پەنجـەیان وەرگـرتم و (250فلس) یـان دامـێ، گوتیـان بـڕۆ!! تـا لـە دەرگـای دەرەوەش هـاتمـە دەرێ، بـڕوام نـەدەكرد ئـازاد كـراوم.. واتـە: لـە مانگی حوزەیرانی 1969 ئازادكرام.

كـە گەیشـتمە سـەر شـەقام، سـواری تاكسـی نەفـەرات بـووم، بـۆ بـابول موعەززەم. لـەوێ بـە پاصـی ژمـارە (7) چـوومە وەزیریـە، چونكـە ماڵمـان ئـەو كـات لـە وەزیریـە بـوو.. نیـوەڕۆیێكی درەنـگ بـوو، بـە هەڵكـەوت ئـەو ڕۆژە (ب. ن)یش هاتبووە ماڵمان، تا دەنگوباسی من بزانێ.

## گەڕان بەدوای كار

كە لـە زینـدان دەرچـووم و گەڕانـەوەش بـۆ دەرەوە مـەحاڵ بـوو، بۆیـێ هـەوڵم دا بگەڕێمـەوە دەسـتگای هاوینەهـەوارو گەشـت و گـوزار، كـە لـە 1962 لەوێــدا كارمەنــد بــووم، بــەڵام دوای كودەتــای 1963 لــە كــار دەركرابــووم، ســەردانی بەڕێوەبەرایــەیتی دەســتگای گەشــت و گــوزارو هاوینە هـەوارەكانم كـرد، كـە سـەر بـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن بـوو – (مصلحە المصـایف والسـیاحە العامـە) – ئەگـەر بەهەڵـە نەچـووبم (علاءالــدین البكــری) بەڕێوەبــەری گشــتی دەســتگاكە بــوو، وەزیــری ڕۆشنبیری (صلاح عمر العلی) بوو..

(صـلاح عمـر العلـی – ئەنـدامی سـەركردایەتی بـەعس بـوو، بـەڵام لـەو

**کاتەی کە دکتۆرە (نزیهە الدلیمی) وەزیری (البلدیات) بوو، لە وەزارەت ماوەیەك کارم کرد بوو، ئەو کات (صلاح عمر العلی) بەڕێوەبەری (خۆیەتی) بوو– صلاح خۆی بە چەپی بەعس دادەنا.... لە فەرمانڕەوایی بەعس ماوەیەك نوێنەری عێراق بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و پاشان کەوتە دژایەتی (صەدام)، ماوەیەك لە سعودیەو میسر دەژیا، ئێستاش ماوە لە دەرەوەی عێراق)ە.**

**من لەکاتی خۆی (1965–1966) هەوڵم دا بگەڕێمەوە دەستگاکە، بەڵام بێسوود بوو.. (بڕوانە: چەند لاپەڕەیەك لە بیروەرییەکانم – چاپی ستۆکهۆڵم 1992، ل 101)، بەڵام ئەو جارەیان بە پێی بڕیاری (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش– مجلس القیادە الپورە) بە گەڕانەوەی ئەو کارمەندانەی بەهۆی سیاسی لەکار دەرکراون، بۆ کارەکانیان– ئەو بڕیارە منیشی دەگرتەوە، بەڵام کە منیان گەڕاندەوە، مووچەکەم بەپێی پلەی خوێندنی ساڵی (1962) (ناوەندی) بوو، هەرچەندە هەوڵمدا پلەکە هەموار بکەن بەپێی دەرچوونی دواناوەندی، ڕازی نەبوون، منیان گەڕاندەوە کار، بەڵام نەك لە شوێنی خۆم، بەڵکو لە سەرەتا ڕەوانەی (طاق کسری – المضارب العربیە) یان کردم، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو شوێنەی کەسەربە گەشت و گوزار بوو و پاشان لەوێوە گوازرامەوە (صدر القناه).**

**دوای دەرچوونم لە زیندان، هەوڵمدا پێوەندی بەو برادەرانە بکەم، کە سەبەرست بوون، واتە نەناسرابوون، بە تایبەتی ئەو هاوڕێیانەی لە سۆڤیەت خوێندنیان تەواو کردبوو، ئەندامی (ق.م) بوون، لە سەرەتادا هەوڵمدا پەیوەندی بە دکتۆر میصباح الخەیرو بکەم – دکتۆر میصباح – خەڵکی موصل بوو، لە دوای یاخی بوونەکەی شەواف لە لایەن**

حكومەتی قاسم، حوكمی ئیعدامی بۆ دەرچوو بوو– دكتۆرای لە قانوون هەبوو و ئەندامی سەكردایەتی ڕێكخستنی (ق.م) بوو، لە سۆڤیەت پێكەوە بۆ لوبنان گەڕابووینەوە، بەڵام من و زاهیدەی خێزانی دكتۆر میصباح پێكەوە لە ڕێگای سوریا بۆ بەغدا گەڕاینەوە، دوای گەڕانەوەی دكتۆر میصباح، لە ڕێگای ناسیاوەكانی بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەر هەڵگیرابوو، ناویشی وەك ئەندامی (ق.م) لای ڕژێمی بەعس ئاشكرا نەبوو.

دكتۆر دوای گەڕانەوەی و لەو كاتەی ئێمە لە زیندانی بەعسی بووین، ئەو لە شەقامی سەعدون لە بەغدا نووسینگەی پارێزەری دانابوو، لەبەر ئەوەی من و دكتۆر میصباح لە ڕێكخراوی سۆڤیەت پێكەوە كارمان دەكردو دەمزانی ناوی لەلایەن گیراوەكانەوە نەهاتووە، پەیوەندیم پێوە كرد، بەڵام ئامادەیی نیشان نەدا، كار بكات، من نازانم دكتۆر لەژێرەوە پەیوەندی بە بەعس كردبوو یاخودنا... بەڵام كە جارێكی تر عێراقم بەجێهێشت بۆ سۆڤیەت چوومەوە، ئەو هەواڵەم بیست، كە وەك ڕاوێژكاری قانوونی لە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی (بەعس) دامەزراوە. هەروەها هەوڵمدا پەیوەندی بە برایەكی تر بكەم، كە ئەویش ئەندامی ڕێكخراوی (ق.م) بوو، لە سۆڤیەت پێكەوە بووین، ئەویش گەڕابووە بەغدا و وەك ئەندازیار كاری دەكرد، ئەویش برای شەهید صەبیح سوباهی و عەزیز سوباهی بوو. ناوی (عەبدولئیلا سوباهی) بوو، (ساڵی (2009/2008) ئەو برایە لە دانیمارك دەژیا).

دەنگو باسی ئەو هاوڕێیەم زانی، كە لە دەرەوەی بەغدا لەلای دەوڵەمەندێكی ناسراوی بەغدایی (فەرید ئەلئەحمەر)– كە مرۆڤێكی چەپ و دۆستی حیزبی شیوعی بوو، كار دەكات و ئامادە نییە، جارێكی

تر کاری حیزبی بکات.. (ئەوەی شایانی باس بێت، دەنگو باسی ئەو هاوڕییەم نەدەزانی، لە دوای دەرچوونم لە عێراق تا مانگی تەمموزی 2008، بە تەلەفۆن لە دانمارکەوە پەیوەندی پێوەکردم).

دوای ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعس، ئومێدی ئەوەم پەیدا کرد، کە بتوانم درێژە بە خوێندن بدەم، چونکە وەك لە بەشی پێشودا ئاماژەم پێکردوە، کاتی خۆی یاداشتێکم بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ڕەوانە کردبوو، داوام کردبوو، زەمالەکم بدەنێ.

لە دوای 11ی ئادار بۆ جەژنی نەورۆز، لەگەڵ هاوڕیی دێرینم کاك ئەحمەد یونس ئامێدی گەشتێکمان بۆ کوردستان کرد، تا گەیشتینە ناوپردان.... ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵەمان لەوێ کرد.

کە لەوێ بووین ، صەدام حسێن کە جێگری سەرکردایەتی بەعس بوو، بە فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر گەیشتە ناوپردان، بەر لەوەی بە مەلا مستەفای بارزانی بگات، صەدام و دکتۆر مەحمودو چەندی تر لە سەرکردەکانی پارتی لەگەڵ هاتبوون، دوای نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرەکە بە ماوەیەك، مەلا مستەفا بە جێبێك گەیشتە شوێنەکەو صەدام و یاوەرەکانی چوونە پێشوازی، صەدام داوای لە مەلا مستەفا کرد، کە وتەیەك بدات، بەڵام مەلا مستەفا گوتی: فەرموو: بدوێ بۆ خەڵك، ئەو پێشەوازیەم وێنەکێش کردووە.

لە ئاهەنگەکانی جێژنی 14ی تەمموز، دەستگای هاوینەهەوار و گەشت و گوزار منیان لە (صدر القناە) گواستەوە بۆ وەزارەت، وەك وەرگێڕی زمانی ڕوسی لەگەڵ شاندی سۆڤیەتی و مەنگۆلی.

لە سەرەتادا لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری سۆڤیەت – پرەکۆڤیف، کە

سەرۆکی شاندی سۆڤیەت بوو، بۆ ئاهەنگەکانی تەمموزو هەروەها یاوەرەکەی عەرەبناسی ڕووسی یوری ڤاسیلیڤ، لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامە (ناوی ڕۆژنامەکەم لەیاد نەماوە) ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دەستەڵاتداری مەنگۆلیابوو لە ماوەی ڕۆژەکانی جێژنی شۆڕشی تەمموز، (لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، کە بەعس (17ی تەمموزی بە جێژن دادەنا بەڵام ئاهەنگەکە لە 14ی تەمموزەوە دەستی پێدەکرد).

وەك دەزانرێ لەو بۆنانەدا، دەوڵەت لە کۆشکی کۆماریدا ئاهەنگ دەگێڕێ، کە سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسن بەکر و جێگرەکەی صەدام حسێن و گەورە پیاوانی دەوڵەت و باڵیوزەکانی وڵاتانی بێگانەو میوانەکانی دەوڵەت ئامادە دەبن.. منیش وەك وەرگێڕ لەگەڵ شاندی سۆڤیەت لە ئاهەنگەکەدا ئامادە بووم.

ئەوەی شایانی گوتنە، بە هەڵکەوت شاندی سۆڤیەت هاتنە سەر مێزێك بۆ نانخواردن کە (نازم گزار و صەباح میرزا) ڕووبەڕوومان لەسەر مێزەکە بوون؟! (ئاهەنگەکە لە باخچەی کۆشکی کۆماری بوو).. لەبەر ئەوەی زۆر لە مێژ نەبوو لە زیندان دەرچوو بووم، نازم گزار و صەباح میرزا خۆیان منیان گرتبوو و هەروەها لە کۆشکی شازادەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵمدا کردبوو، نازم یەکسەر پرسی: ئەوە لێرە چی دەکەی؟

منیش لە وەڵامدا گوتم: لەگەڵ شاندی سۆڤیەتیم.

گوتی: واز ناهێنی؟

گوتم: من لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە وەك وەرگێڕ کاردەکەم.

من باسی (نازم گزار)م بۆ وەزیری ڕۆشنبیری سۆڤیەت کردو چ جۆرە ئەشکەنجەو ئازاری گیراوە سیاسیەکان دەدات.

هــەر بــەو بۆنەیــەوە، کۆمەڵــەی دۆســتایەتی عێــراق و ســۆڤیەت ئاهەنگیان گێراو منیش لە ئاهەنگەکە ئامادە بووم، بە هەڵکەوت شـەهید فـاخیر مێرگەسـۆری و ئیـدریس بـارزانییش هاتبوونـەوە ئاهەنگەکـە. وەزیـری ڕۆشـنبیری سـۆڤیەت کـە زانـی ئیـدریس کـوڕی مـەلا مسـتەفای بارزانییە، پێی گوتم: با هەندێ قسـەیان لەگەڵدا بکـەین، پرۆکۆڤیۆـڤ بـە ئیدریسـی گـوت: مـن زۆر دۆسـتی بـارزانیم و لـە سـۆڤیەت ناسـیاویم لەگەڵیدا هەبووە، سڵاوی منی پێ ڕابگەینە.

ئیدریس خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و دۆستایەتی کورد و سۆڤیەتی هێناوە زمان و باسی ڕێکەوتنی 11ی ئاداری کرد.

پاشان مـن و شـەهید فاخیر و ئیـدریس و نـوری عەبـدولڕەزاق حسـێن (کـە سـکرتێری کۆمەڵـەی ئاسـیا و ئەفریقایـە– ئێسـتاش هـەر ئـەوە).. پێکەوە کەوتینە قسە کردن. شەهید فاخیر بە ئیدریسی گوت:

. من و کاك جەمشید زۆر دۆستین، کاتی خۆی کاك جەمشید لەگەڵ پـارتی بـوو، منـیش ئەنـدامی پـارتی نەبوویمـە، بـەڵام لـە ڕێکخـراوی قوتابیانی کوردستان زۆر چالاك بوویمەو لەسەر پارتی حیساب کراوم.. منـیش (فـاخیر) شـیوعی بـووم، کەچـی ئێسـتا ئـەو شـیوعیە و منـیش پارتی!!

(لەبـەر ئـەوەی مـن لـە هـیچ ڕێکخراوێکـی حیزبـی شـیوعی لـە 1970، کارم نەدەکرد، بۆیێ شیوعی نەبووم، بەڵکو دۆستی حیزبی شیوعی بووم و ئێسـتاش هـەر دۆسـتی حیزبـی شـیوعی کوردسـتانم وەك بیروبـاوەڕ لەگەڵ شیوعیەتم، بەڵام وەك سیاسەت بۆچوونی خۆم هەیە).

پاشان شەهید فاخیر ڕوویکردە نوری عەبدولڕزاق و گوتی: کاك نوری ئەگەر ئینقیلاب ڕووبدات، تۆ چ دەکەی؟

(نوری زەلامەکی زل و قەڵەو بوو، لە هیچ شوێنێك نە دەشاردرایەوە، لەژیانیدا نەکەوتبووە دەست ڕژێم و نەگیرابوو، لە پەنجاکان لە قاهیرە بوو، دوای شۆڕشی 14ی تەمموز گەڕابووەوە عێراق و لە شەستەکان سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی جیهان بوو لە پراگ (چیکۆسلۆڤاکیا-چیك).. لە نۆهەتەوەش هەر لە قاهیرەیە، دەڵێن ئێستاش ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمارە (مام جەلال).

بەر لەوەی نوری وەلامبداتەوە، کاك ئیدریس گوتی: سواری فڕۆکە دەبێ بۆ دەرەوەی وڵات!

هەر لەو ماوەیەدا، من لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و زانای عەرەبناسی سۆڤیەت یۆری ڤاسیلیڤ (ڤاسیلیڤ ماوەیەك پەیامنێری- ڕۆژنامەی پراڤدا- بوو لە (ظفار) ئەو کاتەی خەباتی چەکداری دژی سوڵتان قابووس هەبوو، هەروەها ماوەیەك لە قاهیرە بوو و چەند کتێبی لەسەر وڵاتانی عەرەب نووسیووە)، لەگەڵ یوری سەردانی ڕۆژنامەی – الثورة – مان کردو لەوێ لەگەڵ حەمید سەعید، کە یەکێك بوو لە بەرپرسانی ڕۆژنامەکە، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیمان کرد، هەروەها لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی ناوەندی حیزبی دەسەڵاتداری مەنگۆلیا، چەند چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەرپرسانی بەعس کرد.

دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکانی تەمموز، من گەڕامەوە (طاق کسری – سەلمان پاك) و لەو کاتەی لە سەلمان پاك بووم، تێکۆشەری ناسراوی لوبنانی (کەمال جونبلاد) سەردانی (طاق کسری)ی کرد و من پێشوازیم لێ کرد، ئەوەی شایانی باس بێت، شەهید کەمال-گۆشتی نەدەخوارد- نەباتی بوو.

لە کۆتایی مانگی تەمموز لە سەر داخوازی خۆم، گواسترامەوە

هاوینەهەواری (سەلاحەدین) – وابزانم چوومە جێگای خوالێخۆشبوو (حسێن قەرەداغی– برای کامەران قەرەداغی– من کاک حوسێنم لە ساڵی 1963وە دەناسی، کە لە ئێستگەی شۆڕش – لە ئەشکەوتی گردەڕەش – ماوەت کاری دەکرد و بەرنامەیەکی هەبوو، بە ناوی (هەمبانەی درۆ).

لەوماوەیەدا، من لە لایەك خەریکی خوازبێنی (ب.ن) بووم، لە ڕێگای مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا، جا شاندێك لە مامۆستا هەمزەو تایەر حەیدەری و کاك عاصمی (برام) چوونە لای باوکی (ب.ن)، خوالێخۆشبوو (سەید. ن)، هەر چەند قسەکەی ڕەتنەکردوە، بەڵام کارەکەی دواخست، بەڵام دوایی لەسەردانی (مامۆستا هەژار و صادق بهاالدین). بۆ سۆڤیەت، تێگەیشتم مامۆستا صادق بەهائەدین ئامێدی، ڕۆلێکی نەرێنی گێرابوو، چونکە من شیوعیم و سۆرانیم....!! هەروەها (سەید.ن)یش خێزانی کۆچی دوایی کردبوو دەیویست ژن بهێنێ.... بە نەسیب نەبوو.

لە لایەکی تر مەسەلەی خوێندنم هاتە پێش.. شەهید دارا توفیق ئاگاداری کردمەوە، کە زەمالە بۆ شۆڕش هاتووە (بۆ ئەڵمانیا و سۆڤیەت)، هەروەك لە شوێنێکی تر ئامارەم پێکردووە، کە لە سۆڤیەت بووم، یاداشتێکم لە ڕێگای خوالێخۆشبوو کاك مستەفا جاف بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ڕەوانە کردبوو، کە زەمالەکم بدەنێ، ئێوارەیەك چوومە ڕۆژنامەی (برایەتی – التآخی) کە شەهید دارا توفیق سەرنووسەری بوو، چاوم بە کاك دارا کەوت، ئەویش گوتی: داخوازییەك بنووسە بۆ ئەوەی ناوت بخرێتە نێو لیستی ئەوانەی بۆ خوێندن ڕەوانە دەکرێن.

داخوازیەکەم نووسی، گوتی بیبە لای کاك حەبیب محەمەد کەریم –

سکرتێری پارتی (من کاك حەبیب محەمەد کەریمم لە ساڵی 1963وە دەناسی، ئەوسا لە ڕادیۆی شۆڕش لە ئەشکەوتی گردەڕەش- ماوەت کاری دەکرد) و پاشانیش بۆ لای خوالێخۆشبوو نوری شاوەیسی ببە، چونکە ئەویش ئەندامی ئەو لێژنەیەیە.

کاك حەبیب لە ئیدارەی برایەتی دەوامی دەکرد، چوومە لای- خوا هەڵناگرێ گوتی: ئەگەر بۆ ئێوە نەکەین، بۆ کێی دەکەین؟ یەکسەر لەسەر داخوازیەکەی نووسی – ناوی بخرێتە لیستی خوێندکاران.. گوتیشی: بڕۆ لای کاك نووری شاوەیس، با ئەویش بۆچوونی خۆی بنووسێ.

کاك نوری ئەو کات وەزیری نیشتەجێی عێراق بوو.. چوومە لای کاك نوری ڕەحمەتی، ئەویش پشتگیری خۆی نیشانداو لەسەری نووسی و گوتی بیدە کاك دارا.

دیسان گەڕامەوە لای کاك دارا، کاك دارا فەرمووی، بگەڕێمەوە هەولێر، کە وەڵام هاتەوە، لە ڕێگای کاك صالح ئاگادارت دەکەینەوە، بەڵام کاك دارا، داوای لێکردم کە بۆ ئەڵمانیا بڕۆم، نەك بۆ سۆڤیەت، منیش لەبەر ئەوەی کاتی خۆی بە ناهەق لە سۆڤیەت، لە خوێندن دەرکرابووم و برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق دەیانگوت جارێکی تر چاوت بە سۆڤیەت ناکەوێتەوە...بۆیێ سووربووم لەسەر ئەوەی، ئەگەر زەمالەم دەدەنێ، من دەچمە سۆڤیەت، ئەگەر نا زەمالەم ناوێ.

کاك دارا گوتی: کەیفی خۆتە...لەوانەیە برادەران پێیان ناخۆش بێ و تەگەرە بخەنە بەرت.

گەڕامەوە کوردستان و چوومە سەرکارەکەم لە هاوینەهەواری صەلاحەدین و چاوەڕوانی وەڵامی کاك دارا بووم.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی 1970، ئاگادارکرامەوە، کە خۆم بۆ سەفەر

ئامادە بکەم، منیش هاتمە بەغداو چوومە ئیدارەی- ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت، بەڵام دەرکەوت کە لەساڵی 1963 وە لە سەفەر قەدەغەکراوم.

ئەوەی شایانی باس بێت مومتازی برام (100) دیناری دامێ، لەو (100) دینارە، پەنجا دینارم دا ڕەسمی پاسپۆرت و پەنجایەکەی تریشم خستەگیرفان بۆ کڕینی هەندێ کەل و پەلی پێویست.

لە سەرەتا لە ڕێگای کاك تاهیر حەیدەری و ناسیاوانی هەوڵم دا بۆ لابردنی قەدەغەکە، بەڵام جێبەجێ نەبوو، پاشان چوومە لای کاك سامی عەبدولڕحمان (محەمەد مەحمود عەبدولڕحمان، (کاك سامی ڕەحمانی) م لە ساڵی 1963 دەناسی، ئەویش لە ئەشکەوتی گردەڕەش- لە ڕادیۆی کوردستان) بوو، کە وەزیری کاروباری شیمال بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.. (کاك سامی لەگەڵ پۆلێك لە کادیرانی پارتی و یەکێتی لە 1/شباتی/ 2004 لە ئاکامی تەقینەوەی لقی دووی پارتی و مەڵبەندی سێی یەکێتی، شەهید کرا)، ئەو بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ دەستگاکانی ئاسایشی عێراق بوو، ئەویش لە ڕێگای ئەفسەرێکی پۆلیس، کە پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس بوو، مەسەلەی قەدەغەکردنەکەی خستە بەردەست کاربەدەستان، لە کاتی سەردانم بۆ دەستگای پاسەپۆرت، چاوم بە کاك عەونی یوسف کەوت.. (کاك عەونی شۆڕەسواری کوردایەتی لە هەولێر، مخابن وەك پێویست یادی ناکرێ، بەڵکو پشتگوێ خراوە).. بەڵام کاك عەونی خۆی لێ نەناسکردم، هەرچەندە، ئێمە خزمایەتیشمان هەیە.

من تێگەیشتم کە کاك عەنی لێم زوێرە، چونکە جارێك لە هەولێر، لە ماڵی شێخ ئەحمەد عەبدولقادر نەقشەبەندی، کە وەڵداش زاوای کاك

عەونی یە (هەروەها کاك ئەحمەد خۆی، خێزانی و خێزانی کاك عەونیش پلکزای منن). جێژن سەردانی ماڵی کاك ئەحمەدم کرد، خەڵکەکی زۆری لێبوو، کاك عەونی- یش باسی کوردایەتی دەکرد.. (یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی کوردایەتی لە چلەکان لە هەولێر) و جاروباریش باسی مارکسیەتی دەکرد و هەر دەیگوت: مارکس وای گوتووە و لینین وای گوتووە.

بە بۆچوونی منیش، ئەوەی ئەو دەیگوت هیچی بە قسەی مارکس و لینین نەدەچوو، ئەوەش منی زۆر قەلس کرد، چونکە پێم وابوو کاك عەونی بە کەیفی خۆی قسە دەکات، وەك بڵێی مارکسیو لینینی لەبەر کردبێت... بۆیە منیش هاتمە قسەکردنو پرسیم ئەریٚ کاك عەونی مارکس لەکام کتێب وای گوتوە!

کاك عەونی هەڵچوو!! دوایی کاك شێخ ئەحمەد کەوتە نێوانمان و هێوری کردینەوەو کۆتایی بە مەسەلەکە هێنا.. دیارە کاك عەونی کە چاوی بە من کەوت ڕووداوەکەی هاتەوە بیر، بۆییٚ خۆی لیٚ نەناس کردم. هەر چۆنێك بێت بە یارمەتی کاك سامی عەبدولڕحمان قەدەغەکەم لەسەر لاچوو.

لەبەر ئەوەی من کارمەندی دەوڵەت بووم، دەبووایە واز لەکار بهێنم، چونکە ڕازی نەبوون مۆڵەتم بۆ خوێندن بدەنیٚ، منیش بە پێی قانوون، کە سوودم لە پشووە پێشترەکان وەرنەگرتبوو، داوای (45) ڕۆژ پشووم کردو ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتو گوزارم وەرگرت و بردەمە دەستگای پاسپۆرت و پاسەپۆرتم وەرگرت، کە بۆ ڕابواردن دەچمە دەرەوەی وڵات.

دوای ئەوە هەموو پێداویستیەکانی سەفەرم ئامادەکرد، چوومە لای

**کاك دارا توفیق، پێم ڕاگەیاند کە من ئامادەمو پاسەپۆرتم لە گیرفانە.. گوتی: بڕۆ بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت، ڤیزە وەرگرەو وەرەوە لای من.**

**باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە (کەڕادە مریەم) بوو، کە چوومە وێندەرێ، ناسیاوم لەگەڵ ئەو زاتانە پەیداکرد، کە ئەوانیش هاتبوون بۆ ڤیزە، لەبەر ئەوەی من ڕووسیم دەزانی، داوایان لێکردم، یارمەتییان بدەم، ئەو زاتانە: (ناصح غەفور، حەمە زیاد، کەمال عەلی) بوون.. ئەوەی شایانی باس بێت، ناصح غەفور- دکتۆرای لە کییڤ وەرگرت- ماوەیەك وەزیری پەروەردەی حکومەتی کوردستان بوو، پاشان سەرۆکی لیستی زەرد بوو لەپەڕلەمانی کوردستان.. حەمەزیاد دوای تەواو کردنی کۆلێژ، ڕوویکردە ڤییەننا و ئێستا لە سوێد دەژی.. کەمال عەلی دوای تەواوکردنی خوێندن لە پیتی گۆرسك، ماوەیەك دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول چووە ڤییەننا وەك پەنابەر، دواتر گەڕاوە سۆڤیەت و دکتۆرای لە مێژوو وەرگرت، پاشان بووە پەناهەندە لە سوێد، ماوەیەك لە سوێد لە پرۆژەی کوردی پێکەوە کارمان کردووەو گۆڤاری چوارچراشمان پێکەوە بە هاوکاری کاك فەردە تۆران، محەمەد گەمجی (برای کەندال نەزان) و کاك کەریم سنجاری (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ)، دۆستایەتیمان باش بووە، لەگەڵ ئەوەی بۆ چەند ساڵێك لەبەر هۆی سیاسیو بۆچوونی جیاواز لێك دابڕاین، بەڵام ئێستا زۆر برادەرو دۆستی یەکترین، دکتۆر کەمال ئێستا مامۆستای زانکۆیە لە سلێمانی).**

**دوای وەرگرتنی ڤیزە، چوومەوە لای کاك داراو ئاگادارم کردەوە، کە ڤیزەی سۆڤیەتم وەرگرتووە، ئەویش (80) دیناری دامێ بۆ پلیتی فڕۆکەو خوا حافیزیم لێ کرد.. (دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، لە مانگی ئابی 1977 لە بەغدا بەرانبەر پەیکەری موحسین ئەلسەعدون، بۆ**

دواجار چاوم بە کاک دارا کەوت و پێی گوتم: لێرە مەمێنە.. لە ساڵی 1980 لە مۆسکۆ هەواڵی ڕفاندنی کاک دارام بیست).

کە چووم بۆ کرینی پلیت، ڕاستەوخۆ بۆ مۆسکۆ جێگا لە فڕۆکەی ئەیرۆفلۆت نەبوو، بە هێڵی چیکی پلیتم بڕی (بەغدا– پڕاگ – مۆسکۆ).

لە ڕۆژی 4/9/ 1970 لە بەغداوە، لە فڕۆکەخانەی بەغدا بەرەو پڕاگ بەڕێ کەوتم.. ئەوەی شایانی گۆتنە جگە لە کاک عاصم و کاک مومتاز، کە لە فڕۆکەخانە بە ڕێیان کردم، کاک تاهیر حەیدەری و برادەری دێرینم کاک حەمید سوڵتان ئامادە بوون.



**ستۆکهۆلم  لە ناوەڕاستی هەشتاکان**



مۆسکۆ/ ئایاری 1967 لەگەڵ خوێندکارانی بەحرێن



لەکۆبوونەوەی بەشی کوردی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی 1977 لەراستەوە : زاریێ ئۆسوپۆڤا، جەمشید، د. ئۆردوخانی جەلیل



لەساڵی 1967 لەگەڵ هاوڕێیان : محمد عیزەت و فەهمی فەرەج مۆسکۆ



سەردانی هاوڕێ ( سلام عادل ) بۆ ئەلەگەز- لەگەڵ بنەماڵەی شاکرۆی محۆ - ئەرمەنستان
– کۆتایی پە نجاکانی سەدەی بیستەم



Nwê Kirdnewe
(renewals)

Berwar (date) ................

Sikirtêrî Liq (branch secretary)

Berwar (date) ................

Sikirtêrî Liq (branch secretary)

Berwar (date) ................

Sikirtêrî Liq (branch secretary)

Berwar (date) ................

Sikirtêrî Liq (branch secretary)

Berwar (date) ................

Sikirtêrî Liq (branch secretary)

Tenha bo salî morkiraw be kar dêt.
Valid for one year unless renewed.

Komeley Xwêndikaranî
Kurd le Ewrupa
(Damezra le salî 1956)

Kurdish Students' Society
in Europe
(founded 1956)

**کارتی ئەندمێتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا** 1967



**پۆستکارتی ڤیستیفاڵی لاوان و خوێندکارانی جیهان- سوفیا – بولگارستان ئابی** 1968

# KURDISTAN

NO 13

1969



## CONTENTS

**EDITOR,**

DARA ATTAR,
21, ONSLOW GARDENS
LONDON S.W.7
UNITED KINGDOM

**SECRETARIAT,**

K.S.S.E.,
BERLIN 1064.
P.O. BOX 871
D D R


K.S.S.E. AIMS
General Executive Committee

KURDISTAN POLITICS IN PERSPECTIVE
Editor

KURDISTAN MON AMOUR
Lord Kilbracken

XIITH CONGRESS RESOLUTIONS

UNCONSTITUTIONAL TREATMENT OF THE KURDS IN TURKEY
Serdar Ararati

THE REMNANTS OF MITHRAISM IN HATRA AND IRAQI KURDISTAN AND ITS TRACES IN YAZIDISM; THE YAZIDIS ARE NOT DEVIL-WORSHIPPERS
Taufiq Wahby

THE KURDISH WAR IN IRAQ: THE CONSTITUTIONAL BACKGROUND
C.J. Edmonds

SOFIA INTERNATIONAL FESTIVAL

DOCUMENTS: THE KURDS AND THE U.N.

LETTER FROM BARZANI TO DE GAULLE

BOOKS ON KURDS AND KURDISTAN


Previous Issues:
We regret that all previous issues of "Kurdistan" are out of print, and therefore cannot be supplied.

1

**بەرگی گۆڤاری (کوردستان) ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا**
**بەزمانی ئینگلیزی ژمارە (13) 1969**

## بەشی چوارەم

# 1970/9/4 بەغدا – پراگ - مۆسکۆ

رۆژی هەینی 9/4/ لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە ڕێکەوتم بەرەو پراگ (پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا– ئێستا کۆماری چیکە). کاتژمێری 2/30 گەیشتمە فرۆکەخانەی پراگ. دیارە لە فڕۆکەخانەدا بە ڕوسی قسەم لەگەڵ کارمەنداندا دەکرد، بەڵام ئەوان بە ئینگلیزی وەڵامیان دەدامەوە، چونکە ڕقیان لە ڕوسی دەبووەوە، بە تایبەتی دوای ڕووداوی ساڵی 1968، کە لەشکری پەیمانی وارشۆ پراگی داگیرکرد.. ئەوەی شایانی باس بێت لە ساڵی 1968 گۆرانکاریەك لە پراگ روویدا، کە ئەلکساندەر دوبچیك کرایە سەرۆکی ئەو وڵاتە.. چیکۆسلۆڤاکەکان بە سیستێمی فەرمانڕەوا رازی نەبوون و داوای سەربەخۆیی و ئازادییان دەکرد. لە مانگی ئابی 1968، ئەوکاتەی لەشکری پەیمانی وارشۆ لە پراگ دابەزی، من لە وارشۆ بووم، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. لە یەك، لەو بەشانەی بڵاوم کردۆتەوە ئاماژەم پێکردوە.

کارمەندانی فرۆکەخانە ئاگاداریان کردم، کە کاتژمێر 7/30 فرۆکەیەك لە پراگەوە بەرەو مۆسکۆ دەفڕێ.

**مـن بـەو فرۆکەیـە بـەرەو مۆسـکۆ هـاتم، کـە گەیشـتمە فرۆکەخانـەی (شـێرپمێتۆڤا) بیرم لـەوە کـردەوە، بـەرەو کـوێ بـڕۆم؟ کـات درەنـگ بـوو (9/30ی شەو بوو)!! بڕیارمدا بە تاکسی ڕوو بکەمە ماڵی خەسووی کاك محەمـەد عیـزەت لـە شـەقامی مارشـال ژووکـۆڤ – لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانم چەند وشەیەك لەسەر هاوڕێی شەهیدم کاك محەمەد عیزەت ئال عزیز مەڕوان بنووسم.**

**کاك محەمەد لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری کەرکوکە، ماڵەکەیان لـە نزیـك (تەکیـەی شـێخ نـورەدین)ە، لـە سـاڵی 1936 لـە دایـك بـووە و لـە چلەکان قوتـابی بـوو لـە (کلیـە الفیصـل)– هـەر لـەو کۆلێـژە – (ناوەکـەی کۆلێژ بوو) بەڵام خوێنـدن تێیـدا (ناوەندیو دواناوەندی) بـوو.. محەمـەد لـەوێ ئاشـنایەتی لەگـەڵ بیری چـەپ پەیـدا دەکـات و بەشـداری چالاکی قوتابیان دەکات، بەم هۆیەوە لە کۆلێـژ دەردەکرێ. دوای ئـەوە خوێنـدنی ناوەندی و دواناوەندی تـەواو دەکـات.. لـە داوی شۆڕشـی 14ی تـەموزی 1958 لەگەڵ یەکـەم دەسـتەی قوتابیانـدا بـۆ خوێنـدن ڕەوانـەی سـۆڤیەت دەکرێ، لە ئامۆژگاری (ڕێگاوبان) وەردەگیرێ و بە ئەندازیار دەردەچێ.**

**کاك محەمەد ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعی عیراق و کۆمەڵـەی خوێنــدکارانی عــیراق و کــورد بــوو.. لــە دوای کودەتــای 8ی شــوباتی 1963و دامەزراندنی کۆمیتـەی بـەرگری لـە گـەلی عێـراق، کـە لـە پـراگ بـە ســەرۆکایەتی شــاعیری گــەورەی عێــراق محەمــەد مەهــدی جــەواهیری دادەمەزرێ.. لـە سۆڤیەتیش لقی ئـەو کۆمیتەیـە بـە سـەرۆکایەتی دکتـۆر صلاح خالص بوو.**

**(د. صلاح پرۆفیسۆری ئەدەبی عەرەبی بوو، دەرچووی سۆربۆن بوو، لـە ناوەڕاسـتی پـەنجاکان گۆڤـاری الثقافـة الجدیـدە–ی لەگـەڵ ژمارەیـەك**

روناکبیرانی عەرەب لە بەغدا دەردەکرد).

کـاك محەمـەد ئەنـدامێکی چـالاکی ئـەو کۆمیتەیـە بـوو و ڕاسـتگۆو دڵسۆزی خەباتی ڕەوای گەلی کوردو گەلانی عێراق بوو.. کاك محەمەد دوای تـەواوکردنی خوێنـدن لـە مۆسـکۆ گەڕایـەوە بەغـداو لـە بەغـداش کۆلێژی قانونی زانکۆی (موستەنصریە)ی تـەواوکرد، واتـە: خاوەن دوو بڕوانامـە بـوو: ئەنـدازیار و پـارێزەری (قـانون ناسـی). لـە دوای روخـانی رژێمی صەدام حوسێن لە ساڵی 2003دا کاك محەمەد ماوەیەك گەڕایەوە کـەرکوك.. پاشـان بەداخـەوە لـە بەغـدا لـە 2004/10/1 شـەهیدکرا. هـاوڕێی و دۆسـتێکی زۆر نزیکـی مـن بـوو (بـرا بچوکەکەشـی پـارێزەر فەتحوڵڵا عیزەت لە 1972 لە لایەن بەعسەوە شەهیدکرا).

شـەو لـە مـاڵی خەسـووی کـاك محەمـەد نەدێـژدە کوزمێنچـا مامـەوەو لـەوێوە پەیوەنـدی بـە کـاك حسـێن بـارزانی کـرد، کـە نوێنـەری پـارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە مۆسکۆ- ئەوەی شایانی باسـەو لـە بەشـی پێشوودا ئاماژەم پێکـردوە، کـە گەڕانـەوەی ئـەمجارەم بـۆ مۆسـکۆ لەسـەر حیسـابی زەمالـەی شۆڕشـی کوردسـتان بـوو-، (کـاك حوسـێن فـەقێ ئەحمـەد- یـەکێك بـوو لـە پێشـمەرگەکانی خوالێخۆشـبوو مـەلا مسـتەفای بـارزانی لـە سـاڵانی 1943-1945 و لەگـەڵ بـارزانی دا روویکردبـووە سـۆڤیەت. کـاك حوسـێن دوای گەڕانـەوەی بارزانیـەکان بـۆ عێـراق، ئـەو یەکێك بـوو لـەو بارزانیانـەی، کـە لـە سـۆڤیەت خوێنـدنی تەواونەکردبوو، بۆیە بۆ تەواو کردنی خوێندن لە سۆڤیەت مابووەوەو دکتۆرای لە مێـژوو وەرگرتبـوو، دوای تـەواکردنی خوێنـدن لـە حـەفتاکان گەڕایـەوە عێـراق، بەڵام نەچووە شاخ، بەڵکو لە بەغدا کاری دەکرد، کە حکومـەتی صـەدام رەشبگیری بارزانیـەکانی کـرد لـە قوشـتەپەو ئەوانـەی لـە بەغـداش بوون،

کاك حوسێن دەستگیرکراو شەهید کرا).

من لە ڕووسیا چوومە لای کاك حوسێن، کە لە بەشی ناوەخۆی ئەکادیمیای زانستی- ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ لە نزیك میترۆی ئەکادیمیسکایا بوو. کاك حوسێن ئاگاداری کردم، کە سۆڤیەت زەمالەکەی منیان ڕەتکردۆتەوە، چونکە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراق دژی هاتنی من بووینە بۆ سۆڤیەت (لەبەشی رابردوو ئاماژەی پێکراوە). لەگەڵ کاك حوسێن ڕێکەوتین ڕۆژی 1970/9/7 پێکەوە سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە مۆسکۆ بکەین.

لە وەزارەت بڕیارکەیان بۆ دووپات کردمەووە، منیش پێم ڕاگەیاندن، کە بالێۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا ڤیزای پێداوم، لەسەر ئەو بنەمایەی، من لە خوێندن وەرگیراوم، ئەگەر خوێندنەکەم ڕەتکرایەوە، من پەیوەندیم بە کاك دارا توفیق دەکەم، کە بەرپرسیاری پێوەندییەکان بوو لەگەڵ سۆڤیەت (شەهید دارا توفیق لە پەنجاکان لە ئینگلتەڕا دەیخوێندو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا، لە کاتی حوکمرانی عەبدولکەریم قاسم ماوەیەك سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان بوو لە بوداپێست، لە ناوەڕاستی شەستەکان پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هەبوو، بە تایبەتی پێش ڕێکەوتنی ئاداری 1970، لە کۆنگرەی 8ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە ئەندامی سەرکردایەتی (پێشتر ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق بوو).. لە دوای ڕێکەوتنی 11/ئادار تا داخستنی ڕۆژنامەی (التآخی) سەرنووسەری ئۆرگانی ناوەندی پارتی بوو، لە دوای شکستی شۆڕش لە 1975، لە ئێران نەمایەوەو ڕووشی لە ئەوروپا نەکرد، بەڵکو وەك ژمارەیەك لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕایەوە

بەغدا.. بۆ نمونە: حەبیب محەمەد کەریم- سکرتێری پارتی.. سەیدا صالح یوسفی.. دارا تۆفیق و ژمارەیەکی تر، هەر یەکێك لەوانە جگە لە سەیدا یوسفی کارێکی دەوڵەتییان پێ سپێردرا..

لە ساڵی 1977 بۆ دواجار کە سەردانی بەغدام کرد، لە شەقامی – سەعدون- چاوم بەکاك دارا کەوت و لێی پرسیم: ئەوە لێرە چ دەکەی؟ گوتم: بە سەردان گەڕاومەتەوە.. گوتی.. ئێرە بە جێ بهێڵە، بگەرێوە دەرەوە.

کاك دارا وابزانم ئەو کات بەرێوەبەری گشتی بوو لە وەزارەتەکەی (د. موکەڕەم جەمال تالەبانی).. بەداخەوە لە ساڵی 1980 بەعس کاك دارای لە شەقام ڕفاند و بێ سەرو شوێن کرا- ڕەوانی شاد)..

کە ئەوەم بە بەرپرسەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵای سۆڤیەت گوت.. گوتی: تا رۆژی چوارشەمە چاوەڕوان بە، تا وەڵامێك وەردەگرین .. رۆژی چوارشەمە 1970/9/9 من و کاك حوسێن بارزانی پێکەوە سەردانی وەزارەتمان کرد.. پێیان راگەیاندین، کە دەتوانم لە سۆڤیەت بمێنمەوە، بەڵام بە مەرجێك بۆم نییە لە مۆسکۆ بخوێنم و تەنیا دوو کۆلێژیان بۆ دیاری کردم، کە دەتوانم تیایاندا درێژە بە خوێندن بدەم، ئەوانیش بریتی بوون: (کۆلێژی پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی لە شاری کیێڤ، یاخود کۆلێژی ئەدەبیات لە شاری لینینگڕاد).

من ئارەزووی ئەوەم هەبوو لە ئەندازیاری بەشی (میعماری) یا خود پزیشکی درێژە بە خوێندن بدەم. دیارە ئەوان بە ئەنقەست ئەو دوو کۆلێژەیان دیارکردبوو، تا من ڕازی نەبم و بگەڕێمەوە عێراق، بەمجۆرە لەلایەك پەیوەندییان لەگەڵ پارتی دەپاراست و لەولاوەش ویست و دڵی حیزبی شیوعیان نەدەرەنجاند، چونکە ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێڕاق

لە مۆسکۆ ئاگاداری سۆڤیەتیەکانیان کرد بوو، کە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نینە من لە مۆسکۆ بمێنمەوەو سەر ئێشەیان بۆ دروست بکەم.. منیش بێ سێ و دوو بڕیاری خوێندنی زمان و ئەدەبی ڕووسیم هەڵبژارد، لە شاری لینینگراد، چونکە دەمزانی دوای تەواوکردنی ئەو بەشە، دەتوانم درێژە بە خوێندنی باڵا لە بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی بدەم، چونکە ئەزموونی دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف-م هەبوو، کە بەشی ڕوسی تەواو کردو دوایی لە بەشی کوردۆلۆژی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای سۆڤیەتی - لای پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ وەرگیراو دکتۆرای لە بواری فەرهەنگناسی - کوردی وەرگرت.

گوتیان ڕۆژی چوارشەمەی داهاتوو وەرە فەرمانەکە وەرگرە.. ڕۆژی چوارشەمە 9/16 سەردانی وەزارەتم کرد و فەرمانی خوێندنم وەرگرت بۆ شاری لنینگراد.

ئێوارەی چوارشەمە 9/16 کاتژمێری (52: 10) بە ترێن بەرەو لینینگراد بەرێکەوتم، ئاگاداریان کردبووم، کە بەیانی لە وێستگەی ترێن چاوەڕوانیم دەکەن.

ڕۆژی 9/17، کاتژمێری (30: 7) گەیشتمە وێستگەی ترێن، (مۆسکۆڤسکی ڤەگزال - وێستگەی مۆسکۆ)، لەوێ کارمەندێك کە کچ بوو چاوەڕوانی دەکردم و بە جانتاوەو بە تەکسی ڕوومان لە زانکۆی لینینگراد- بەشی بێگانەکان لە ئیدارەی زانکۆدا- کرد، نامەی ڕەسمی وەزارەتم پێدان، یەکسەر شوێنی نووستن و خوێندیان بۆ دیاری کردم، بەڵام گوتیان: تا سەری مانگ مانگانەت نادرێتێ، چونکە لەو ڕۆوە 17-9 - حیسابت بۆ دەکرێ.

منیش گوتم: پارەم پێ نیە، ناچمە بەشی ناوەخۆ تا پارەی ئەو

مانگەم بۆ سەرف نەکەن.

چەند ساعەتێك خۆم و جانتام لە کەریدۆری زانکۆ دانیشتم، تا بڕیاریادرا یارمەتی مانگی ئەیلوولم بۆ سەرف بکەن و پارەکەم وەرگرت و تاکسیم گرت چوومە بەشی ناوخۆی کولێژی ئاداب و زمان، لە شەقامی شێڤچێنکا (تەراس شێڤچینکا – گەورە شاعیری سەدەی نۆزدەی ئۆکرانیایە) خانوی ژمارە (25).

ژمارەی بەشی ناوەخۆی ئێمە (4) بوو، ژمارەیەك لە خوێندکاری بێگانەی تێدا بوو (عێراق، سوریا، ئەفریقیا، ئەوروپا)، جگە لە خوێندکارانی سۆڤیەت هی بەشی ئاداب و مێژوو و فەلسەفە.. من کەوتمە ژووری (149)، سێیەم خوێندکار بووم لەو ژوورەدا، خوێندکارێکی فینلەندی (کالۆ) و یەکی سوری (نەوفەل نەیوف) و من، بەڵام دوای هەفتەیەك عەبدوللتیف عەبدولڕەحیم (باقی نازیٚ) کوردێکی سوری بوو، بەشی ئامادەیی زمانی لە مۆسکۆ تەواوکردبوو، ئەویش هاتە ژوورەکەی ئێمە، بووینە چوار خوێندکاری بێگانە لە ژوورێکدا (باقی نازیٚ– کە لە ئامادەیی زمانی لە مۆسکۆ دەیخوێند، لە ساڵی یەکەم کچێکی ڕوسی بەناوی (لیدا) خواست بوو، لە بەر ئەوە هەر دووهەفتە جارێك دەچووەوە مۆسکۆ.. باقی نازیٚ کە هاتبووە سۆڤیەت ئەندامی حیزبی شیوعی سوری بوو، بەڵام کوردێکی دڵسۆز بوو، هەر چەندە پابەندی سیاسەتی حیزبەکەی بوو، بەڵام بە هەموو شێوەیەك ناڕاستەوخۆ بەشداری چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو، ڕۆژنامەیەکی دیوارمان لە بەشی ناوەخۆ دەردەخست بە ناوی (کوردستان)، باقی نازیٚ بە ناوی خوازراو تێیدا دەنووسی.. دوای دوو ساڵ باقی نازیٚ گوازرایەوە بۆ مۆسکۆ.

باقی نازێ ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕێکی زۆر باشە، ڕۆمانی (ئەو چیایەی بە خوێن ئاودراوە)ی بە ڕوسی چاپکراوە و پێشەکیەکەی لە لایەن کوردەلۆژی بەناوبانگ میخائیل لازەریڤ نووسراوە.. باقی نازێ ژمارەیەك چیرۆکی بە کوردی بلاوکردۆتەوە، ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی دهۆك، نووسەرێکی بەتوانایە، زمانێکی کرمانجی پاراوی هەیە (کوردی و ڕوسی و عەرەبی باش دەزانی). عەبدوللەتیف لە سەرەتادا بە عەرەبی لەگەڵم دوا، کە من ئاگادارم کرد، من کوردی عێراقم، ئەویش یەکسەر گوتی: منیش کوردی سوریام.

من دوای دوو ساڵ دابڕان لە خوێندن، جارێکی تر گەڕامەوە بەر خوێندن، جاری یەکەم لە کۆلێژی ئامادەیی لە بەشی پزیشکی وەرگیرابووم، دیارە زمانی خوێندنی پزیشکیش زۆر جیاوازە لە زمانی بەشی زمان و ئەدەب، بۆیێ داوام کرد، ئەگەر ساڵەکی تریش زمانی ڕوسی بخوێنم، بەڵام زانکۆ ئەوەی پەسەند نەکرد، بەڵکو یەکسەر لە کۆرسی یەکەمی زمان و ئەدەبیاتی ڕوسی دەستم بە خوێندن کرد.

بێگومان کۆرسی یەکەم لە بەشی زمان و ئەدەبی ڕوسی گرانترین کۆرسە بۆ بێگانان، چونکە لێرەدا تەنیا مێژووی زمان و ئەدەب ناخوێندرێ، بەڵکو فۆلکلۆری ڕوسی، مێژوو، ئەدەبی ئەنتیك (یۆنان و ڕۆمان) دەخوێنرێ، هەموو ئەوەش پێویستی زۆری بە زانینی ڕوسی هەیە بە شێوەیەکی باش، چونکە هەموو موحازەرەکان بە زمانی ڕوسی بوون. کۆرسی یەکەم زۆر خۆم ماندووکردو بە نومرەیەکی زۆر باش ئەو کۆرسەم تەواو کرد. بەم شێوەیە بنەمایەکی باشم بۆ درووستبوو، بۆ کۆرسەکانی تر.

دوای چەند ڕۆژێك لە گەیشتنم بۆ لینینگراد و دوای ئەوەی کەمێك

شارەزاییم لە شارەکە پەیدا کرد، بە دوای هەندێ دۆستی کۆن گەڕام، کە دەمزانی لەو شارەدا دەژین، لەوانە:

ئاوڕەحمانی حاجی مارف، نەریمان عەزیز پشتیوان، وریا نوری سەعید.. هەروەها سەردانی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی لینینگرادم کرد، بۆ جارێکی تر چاوم بە مامۆستا قەناتی کوردۆ کەوتەوە، جاری یەکەم لەگەڵ مامۆستا قەنات لە ساڵی 1968 لە مۆسکۆ چاومان پێك کەوت بوو، لەو کاتەی مامۆستا بەرگری لە تێزی دکتۆرای زانستی خۆی لەسەر رێزمانی بەراورد لە نێوان زاراوەی کرمانجی سەروو و کرمانجی خوارەوە دەکرد، هەروەها لەو سەردانەمدا لەگەڵ دکتۆر ئۆردوخانی جەلیل یەکترمان ناسی (دکتۆر ئۆردوخان کوڕی شاعیری کوردی ئەرمەنستان جاسمی جەلیلەو برای مێژوو نووسی کورد دکتۆر جەلیلی جەلیلە- ئەو بنەماڵەیە هەموویان خزمەتی ئەدەبیات و مێژوو و فۆلکلۆر و مۆسیقای کوردییان کردوە – ئۆردوخان: فۆلکلۆر.. جەلیل: مێژوو.. جەمیلەی خوشکیان: مۆسیقای کوردی.. زینەی خوشکیان: وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانی ڕوسی و لاتقی).

من دکتۆر جەلیلی جاسمم لە ساڵی 1968/1967-وە دەناسی، هەروەها لە بەشی کوردی لەگەڵ دکتۆرە زاریێ یوسوپۆڤا یەکتریمان ناسی، کە کچە کوردێکی گورجستانە و دکتۆرای لەسەر زاری سلێمانی زمانی کوردی وەرگرتبوو، هەر لەو بەشەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ دکتۆرە مارگریت ڕۆدینکۆ پەیدا کرد، (ڕۆدینکۆ دکتۆرای لەسەر (مەم و زینی) ئەحمەدی خانی وەرگرتووە و یەکەم وەرگێڕی ئەو داستانەیە بۆ سەر زمانی ڕوسی، ئەو زانایە چەندان دەستنووسی کوردی ساغکردۆتەوە و بلاوی کردوونەتەوە).

هەروەها لەگەڵ دکتۆرە ڤاسیلیڤا ئاشنایەتیم پەیدا کرد، ئەویش دکتۆرای لە مێژووی کورد هەیە، وەرگێڕی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە، شەرەفنامەی بە دوو بەرگ لە چاپداوە، بەرگی یەکەم ساڵی 1967 و بەرگی دووەم ساڵی 1976.. هەروەها دەستنووسی ماە شەرەفخانمی کوردستانی لەسەر مێژووی ئەردەلانی ساغکردۆتەوەو بڵاوکردۆتەوە.

دیسانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ دکتۆر (ژاگلینا موسەلیان)یش پەیدا کرد، (ژاگلینا موسەلیان.. ئەو زانا ئەرمەنیەیە، کە پسپۆڕی لە فۆلکلۆری کوردییەو داستانی زەمبیلفرۆشی ساغکردۆتەوە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕوسی، دکتۆرای لە ئەدەبی فۆلکلۆر وەگرتووە، جگە لەوانە دوو بەرگ لە بیبلیۆگرافیای کوردیشی لە چاپ داوە).. بێگومان لە شوێنی خۆیدا هەڵوێستە لەسەر هەندێك لە کارەکانی ئەو زانایانە بە پێی پێویست دەکەم.

بێگومان ئاشنایەتیم لەگەڵ کوردەلۆژەکانی لینینگراد لە سەرتای هاتنم بۆ ئەو شارە، زۆر سوودبەخش بوو، لە دواڕۆژدا کە بوومە خوێندکاری دکتۆرا لە هەمان بەشدا سوودم لیَ بینین.

وەك لە شوێنی تردا ئامارژەم پێکردوە لە 9/17 گەیشتمە لینینگراد، بەلام لە رۆژی 1970/9/21 بە ڕەسمی لە کۆلێژی ئەدەبیات– فیلەلۆگی– کاتژمێری 12 یەکەم موحازەرە ئامادە بووم. خوێندن هەموو رۆژێ 9/00ی بەیانی دەستی پێدەکرد، هەندێ جار تا سێی ئێوارە، هەندێ جار تا 12ی نیوەڕۆ، بە پێی خشتەی دیاریکراو.

لە سەرەتادا دەرسەکان قورس بوون، ماندووبوونێکی زۆری دەویست، بەلام بەرە بەرە لێڕاهاتم، هەرچەندە هەندێ جار بە ڕوسی

پێڕانەدەگەیشتم موحازەرە بنووسم و ڕاستەوخۆ بە کوردی دەمنووسی، دوای دەهاتمـەوە، سەرچـاوەکانم دەخوێندنـەوە، ئـەوە بـوو لـە کۆرسـی یەکەم لە هەموو دەرسەکان بە نومرەی زۆر باش تەواوم کرد.

لـە ڕۆژی 1970/9/28، لـە کـاتی پشـوودا، سـەعات 30: 11 لـە کـەفتیریا بـووم، کـە هەنـدێ خوێنـدکاری عـەرەب هاتنـە لام و ئاگادریـان کـردم، کـە سـەرۆکی میسـر جـەمال عەبدولناسـر کۆچـی دوایـی کـردوە (ئـەوەی ڕاسـتی بێـت مـن لـە سـاڵی 1956 عەبدولناصـرم زۆر خـۆش دەویست، بە تایبـەتی دوای خۆمـاڵی کردنـی (کـەناڵی سـویس)، لـە ڕێگـای خوێندنـەوەی ژیاننامـەی (مسـتەفا کامـل) و (سـەعد زەغلـول) زانیـاریم لەسەر میسر هەبوو، کە عەبدولناسر و ڕادیۆی (صوت العرب) بانگەشەی یەکێتی عەرەبی دەکرد، هەستی کوردایەتی لە لای من پـەرەی سـەندو لـە یادمە کە لە رادیۆی (صوت العرب) دەیگوت: (الله أكبر و العزه للعرب).

مـن لـە قوتابخانـە لەسـەر دەفتـەرەکانم دەمنووسـی: (الله أكبر والعـزه للاكراد)، ئەوە لە رۆژی 14ی تەمموزی 1958، کە ڕژێمی پاشایەتی لـە عێراقـدا ڕووخـا، مـن وێنەیـەکی عەبدولناصـرم لـە گۆڤـاری-المصـور- دەرهێنابوو، لە دیوارمدا، وێنەم لەگـەڵ گرتوە و هـەروەها لـەو رۆژەدا کـە جـەماوەری هـەولێر بـۆ پشـتگیری شـۆڕشـی 14ی تـەموز خۆپیشـاندانیان ڕێکخسـت، تـەنیا دوو وێنـەیان هـەڵگرتبوو وێنـەی (مـەلا مسـتەفای بارزانی) و وێنەی (جەمال عەبدولناصر)، بۆیێ کە هەواڵەکەم گوێ لێ بوو شلەژام و زۆرم پێ ناخۆش بوو.. بێگومان کۆچی ناوەختی عەبدولناصـر بـۆ بزاڤـی رزگـاریخوازی ولاتـانی عـەرەبی خەسـارەتێکی گـەورە بـوو، بـۆ ئێمـەی کـوردیش، چـونکە عەبدولناصـر لـە هـەموو سـەرکردەکانی تـری عەرەب، ئەوسا هەڵوێستی بەرانبـەر کـورد باشتر بوو. بێگومـان ئـەوکات

زۆر کاری تێکردم، لەوانەیە ئەمڕۆ بوایە بە شێوەیەکی تر ڕەنگی دەداوە.

لە دوای گەیشتنم بۆ لینینگراد لە 1970/10/30 دوو نامەم لە عێراقەوە پێ گەیشت، یەکیان لە کاک سالح و ئەویتریان لە مومتاز، کە پەیوەندی هەبوو بە خوازبینی کچێك، بەڵام پرۆژەکە لە بەر چەند هۆیەك سەرنەکەوت.

لە رۆژی 10/31 بەفرێکی زۆر باری، زستانی ساردو سەهۆلبەندی ڕوسیا دەستی پێکرد.

لە رۆژی 1970/12/22 کۆرسی یەکەمم بە پلەی زۆر باش تەواو کرد.

بۆ سەری ساڵی تازە چوومە مۆسکۆ، کە ژمارەیەك دۆست و هاوڕێم لەوشارەدا هەبوون، هەم سەردانیان بکەم و هەمیش سەری ساڵی تازە پێکەوە پیرۆز بکەین.. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم لە بەشی ناوخۆی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی لۆمۆمبا لە لای دکتۆر ئەحمەد موختار ئامیدی دابەزیم، بەڵام چەند شەوێکیش لە ماڵی خێزانی شەهید محەمەد صالح ئەلعلی- نینا- مامەوە، شەهید محەمەد صالح لەگەڵ شەهید جەمالی برام لە ساڵی 1963 لە لایەن بەعسەوە کوژران.

لە مۆسکۆ، جگە لە ئەحمەد ئامیدی، کاك محەمەد عیزەت و صلاح حەدادو وەهبیە شەوکت و فەرج مەحمود و شیرین قەدری جان و موەفەق تۆفیق مونیر و سعود ئەلناصری و ژمارەیەك دۆستی تری عەرەبی بەحرێن و فەلەستینیم هەبوون..

هەروەها سەردانی دایکی ئیمانم کرد (ثمینە ناجی یوسف- خێزانی شەهید سەلام عادل).

لێرەدا دەمەوێ باسی ڕووداوێك بکەم، کە تازە هاتبوومە شاری

لینینگڕاد، کە نەزانی و ناشارەزایی تێدا دەردەکەوێ.

من چا خۆرەوەمە، لە ڕۆژێکدا 5-6 کوپ چای دەخۆمەوە، چاش ئەگەر دیَم نەکا نایخۆمەوە.. گەڕام بەدوای چایپەست و قۆری، قۆری لە بازاڕ چەنگ کەوت، بەلاَم چایپەستم دەست نەکەوت، مامۆستای زمانی ڕوسیم لە مالەوە چایپەستی بۆ هێنام. خواردنی چێشتخانەی بەشی ناوەخۆم بە دلّ نەبوو، دەمویست بۆ خۆم خواردنی کوردەواری ئامادە بکەم، چوومە بازارو دوکانەکان مەنجەلێکی بچوکم دەست نەکەوت، بەلاَم جارێك شتێکم کری چینکۆ بوو لە مەنجەلی دەکرد و سپی بوو و دوو دەستکی هەبوو.. ئێوارەیەك دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف و دکتۆر ئۆردوخان هاتنە لام.. منیش ترێی ڕەشم کری بوو، هەستام ترێیەکەم لە نێو ئەو مەنجەلە شوشتەوە و لەبەر دەمم دانان.. هەر دووك دایانە قاقای پێکەنین.. گوتم ئەوە بە چ پێدەکەنن.. گوتیان ئەوە ترێت لە ناو ئەوە داناوە؟!

گوتم لەو مەنجەڵە پترم نیە.

گوتیان: کورە ئەوە مەنجەلّ نیە.

گوتم: ئەدی چییە؟

گوتیان: ئەوە قەعدەیە؟

منیش لەگەلّ ئەوان دامە قاقای پێکەنین.. گوتم: باشە، خاوێنەو تازە کڕاوە، با ترێیەکە بخۆین بۆ کوڕەکەمی هەلّدەگرم.. ئەو کات هێشتا ژنم نەهێنابوو.. سالّی 1972 کە حەیدەری کوڕم لە دایکبوو- قەعدەکەم بەخشیە حەیدەر.

دوای هاتنم بۆ لینینگڕاد کەوتمە چالاکی لە ریزی کۆمەلەی خوێندکارانی کورد و لە نەورۆزی 1971 کۆمەڵە نەورۆزێکی لە یەکێك لە

فابریکەکانی شاری لینینگراد ڕێکخست، ئەوە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر قوتابیانی کورد بوو، لەوانەی لە ئامۆژگا و زانکۆکانی لینینگراد دەیانخوێند و بە بەشداری مامۆستا قەناتی کوردۆ و ئۆردوخانی جەلیل و ئەیوبی و من و دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف، ئەو خۆیی و خێزانی ڤالنتینا هاتبوون.. (ڤالنتینا- بەداخەوە لە سەرەتای نیسانی 2009 لە لایەن تیرۆریستان لە بەغدا کوژرا).. منیش تازە لەگەڵ دایکی حەیدەر یەکترمان ناسیبوو، ئامادەبووین. لەو ئاهەنگەدا ناسیاویم لەگەڵ ژمارەیەك لە خوێندکارانی کوردی سوریا و لەگەڵ چەند خوێندکارێکی کوردی گورجستان پەیدا کرد.

وەك ئاماژەم پێکرد، هەر لە ئاداردا من و دایکی حەیدەر یەکتریمان ناسی و دوایی ڕێکەوتین هاوسەرگیری پێکبهێنین. بۆ ئەو مەبەستە سەردانی تەلاری مارەکردنمان لە شاری لینینگراد کرد، لەبەر ئەوەی من هاوولاتی سۆڤیەت نەبووم، بە پێی یاسای دەوڵەتی سۆڤیەت، دەبووایە ڕەزامەندی بالیۆزخانەی عێراق وەربگرم.

دوای تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، لە کۆتایی حوزەیران چومە مۆسکۆو ڕووم کردە بالیۆزخانەی عێراق، ئەو کات (صالح مەهدی عەماش) بالیۆزی عێراق بوو لە مۆسکۆ.

داوای ئەوەی لێکردم، کە دەبێ ئەو کەسەی دەیهێنی موسلمان بێت و بە پێی شەرع مارەی بکەی، ئەوسا وەرە ئێرە. گەڕامەوە لینینگراد ، ئەوسا لە لینینگراد دوو مزگەوت هەبوو، یەکیان لە شەقامی گۆرکێ هی تەتەرەکان بوو. لەگەڵ دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف سەردانی مزگەوتی تەتەرانمان کرد، تا بزانین ئەوان چمان پێدەڵێن ، کە چووین مەلای مزگەوت تەتەر بوو، بە ناوی مەلا مەحمود، خۆشحالی دەربڕی، کە

زانی بۆ ئەم کارە هاتووین. سەرەتا باسی مزگەوت و موسلمانانی شاری لینینگراد‌ی بۆ کردین و ئاماژەی بەوەدا، کە چەند سەرۆك دەولەتی ئیسلامی و عەرەبی سەردانیان کردوون و یارمەتیان پێ داون وەك (جەمال عەبدولناصری سەرۆکی میسرو ئەحمەد سوکارنۆی سەرۆکی ئەندونۆسیا).. پاشان ڕەزامەندی دەربری، کە دایکی حەیدەر بێت لەسەر دەستی ئەو موسلمان بێت و بە شەریعەتی ئیسلامی مارەی بکات و ڕۆژێکی بۆ دیاری کردین، کە پێویستە دوو شاهید لەگەڵ خۆمان ئامادە بکەین.

لە ڕۆژی دیاریکراو، من و دکتۆر ئاوڕەحمان و هاوسەری ئایندەم پێکەوە چوینە مزگەوت، بەڵام پێشەکی من کورتەیەکم لەسەر ئیسلام و نەریتی باوی ڕۆژهەڵات بۆ باس کرد و فێری شەهادەم کرد و بۆشمان بە پیتی روسی نووسی، تا لە بەردەم مەلا مەحمود بیخوێنێتەوە.

مەلا مەحمود لە سەرتا باسی ئاینی ئیسلامی کرد (بە زمانی ڕوسی) و داوای لێکرد، کە بە ڕاستگۆیی نیازی هەبێ ببێتە موسلمان.. ئەویش گوتی مادامەکی قانوونی عێراق وا دەخوازێت منیش بە ئارەزووی خۆم هاتووم ببمە (ئیسلام).. ئەوسا مەلا مەحمود داوای لێکرد کە شەهادە بهێنێ.. ئەویش شەهادەکەی بۆ خوێندنەوە.. مەلا چەند جارێك دوو پاتی کردوە: بوونە ئیسلام چ دەگەینێ.. پاشان بە پێی شەریعەتی ئیسلام ئێمەی لێك مارەکرد و فۆڕمی تایبەتی بە زمانی عەرەبی و ڕوسی هێناو پریکردەوەو من و دکتۆر ئاوڕەحمانیش شاهیدی ڕووداوەکە بووین و ئینجا مەلا بەمۆری خۆی مۆری کردو بۆشی ئیمزاکردین.

پاش ماوەیەك سەردانی مۆسکۆم کردو چوومە بالیۆزخانەی عێراق، کاغەزی ئیسلام بوون و مارەییەکەم بۆ بالیۆز برد. ئەو جارەیان (صالح

مەهدی عەماش) چەند مەرجێکی تری دانا (مەبەستی عەماش ئەوە بوو، نابێ ژنی بێگانە بهێنین)، لەوکاتەدا مامۆستا عەزیز شەریف، کە وەزیری دادی عێراق بوو، لە سەردانی مۆسکۆ بوو. چوومە لای عەزیز شەریف، مامۆستا عەزیز لەگەڵم هاتە لای بالیۆزی عێراق (صالح مەهدی عەماش)، بالیۆز بەڵێنی بە مامۆستادا، کە ڕەزامەندی بنووێنێ، بەمەرجێك ماڵەوەمان لە عێراق دژ نەبن، واتە پێویست بوو کاك صالح بە نووسین ڕەزامەندیی لەسەر ژنهێنانەکە هەبێ.

بەم شێوەیە مەسەلەکە درێژەی کێشا و ساڵ وەرگەڕا، بووە 1972، هێشتا بالیۆزخانە ڕەزامەندی پێ نەداوم، بەڵام لەو ڕۆژەی لە مزگەوت مارەم کردو هاوسەرگیریم پێکهێنا، بووینە ماڵێك.

بە پۆست نامەیەکم بۆ کاك صالح ڕەوانەی بەغدا کردو ئاگادارم کرد، کە من بە پێی شەریعەتی ئیسلام ژنم هێناوە، بەڵام بالیۆزخانەی عێراق بێ ڕەزامەندی ئێوە، ڕەزامەندیم پێنادات و تکام لێکرد، کە بە بروسکە ئاگاداری بالیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ بکەن. نامە لە نێوان سۆڤیەت و بەغدا ماوەی (10–15) ڕۆژی دەخایاند، بەڵام کاك صالح ڕازی نەبوو بروسکە بۆ عەماش رەوانە بکات.

پاشان زانیم، کە بەختیاری کوڕە گەورەی کاك صالح بە ناوی باوکیەوە، بروسکەی بۆ بالیۆزخانەی عێراق ڕەوانە کردوە و وێنەیەکی بۆ منیش ڕەوانە کردوە.

جارێکی تر سەردانی مۆسکۆم کرد و وێنەی بروسکەکەم بۆ بردن، بەڵام ئەو جارەیان عەماش ڕەزامەندی بە مەرجێك دامێ، کە فۆرمێك ئیمزا بکەم، کە داوا لە عێراق ناکەم لە دەستگای حکومی دامەزرێنێ، چونکە ئەو کات بریارێکی ئەنجومەنی باڵای شۆرش (مجلس قیادە

الثورة) دەرچوو بوو، کە هەرکەسێك ژنی بێگانە بیَ (جگە لە ولأتانی عەرەبی)، یا دەبیَ واز لە کار بهێنیَ، یاخود ژنەکەی تەلاق بدات، یا ژنەکەی ببێتە هاوولأتی عێراقیو واز لە ڕەگەزنامەی ولأتەکەی خۆی بهێنیَ. منیش بە نووسین ڕامگەیاند، کە داوای کار لە حکومەتی عێراق ناکەم ، ئەوسا ڕەزامەندی بالیۆزخانەی عێراقم وەرگرتو گەڕامەوە لینینگراد.

هەموو دیکۆمێنتەکانم پێشکەش بە تەلاری مارەکردن کرد. لەبەر ئەوەی مارە کردن تەنیا لە تەلاری تایبەتی مارەکردن ئەنجام دەدریَ و لەو شارەشدا دوو تەلاری مارە کردن هەیە، کە ڕۆژانە هەر تەلارەك لە (10) جووت زێتر مارە ناکەن، چونکە ڕیَ و ڕەسمی مارە کردن درێژ دەخایەنیَ (نزیکەی 40 خوولەك- تا یەك کاتژمێر.

تەلاری مارە کردن رۆژی 1972/4/1ی بۆ مارەکردنی ئێمە دیارکرد.

ئەوەی شایانی باس بێت، دایکی هاوسەرەکەم نەیدەزانی کە من خەڵکی سۆڤیەت نیم، بەڵکو هەروای دەزانی، خەڵکی یەکیَ لە کۆمارەکانم، بە تایبەتی من خۆم بە خەڵکی ئازەربایجان بە دایکی هاوسەرەکەم ناساند بوو، بۆیێ لە ڕۆژی مارەکردنی فەرمیدا، کە سکرتێری تەلار- پێویستە دەرچووی کۆلێژی یاسا بێت – ڕایگەیاند، کە هاوولأتی عێراقی و هاوولأتی سۆڤیەت هاوسەرگیری پێکدەهێنن، وەك شۆك بۆ دایك و پوری وابوو؟! هەموو شلەژان؟! بەڵام کار لە کار ترازابوو.. بە پێی نەریتی تەلار دەبووایە دووکەس شاهێدی مارەکردن بووانایە- یەکیان لە لایەن کوڕەوە، ئەوی تریان لە لایەن کچەوە.

شاهێدی من دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف بوو، شاهێدی ئەویش دەستە خوشکێکی بەناوی (نادیا) بوو.. وەك دەزانریَ لە زۆربەی ولأتان

1ی نیسان جێگای بڕوا نیە، لە سۆڤیەتیش وەك کوردستان وایە. بۆیێ کە کارتی بانگێشەمان بۆ خزم و دۆستان ڕەوانە کردبوو، زۆربەیان لە تەلار ئامادە نەبوون، بەڵام بە درەنگ بۆ نانخواردن دوای تەلەفۆن کردن ئەوساهاتن، – کە جەختمان کردەوە: بە ڕاستی لە 1/نیسان ئاهەنگەکە ئەنجامدەدەین، دەنا وایان دەزانی گاڵتەیان لەگەڵ دەکەین و نەدەهاتن – .. ئیدی درەنگانێك هاتنەماڵەوەمان بۆ نانخواردن و پیرۆزبایی. ئەوەی شایانی وتنە من دووجار لە سۆڤیەت و جارێکیش لە عێراق دایکی حەیدەرم مارە کردوە. لە 1971 لە مزگەوتی تەتەران، لە 1972 لە تەلاری مارەکردن و لە ساڵی 1977 لە دادگای شەرعی بەغدا. ئەوەی شایانی باس بێت لە 1972/6/24 حەیدەری کورم لە دایکبووە، کە تەمەنی یەك ڕۆژ بوو، کە من لەگەڵ خوێندکارانی بێگانە بۆ کاری هاوینە ڕومکردە سیبیریا لە کامپی خوێندکارانی زانکۆ.

لە حوزەیرانی 1971 کۆرسی یەکەم. قۆناخی یەکەمی کۆلێژم تەواوکرد. لە مانگی تەمموزو ئاب لە زانکۆکان (هاوینەهەوارو کامپی کارکردن) بۆ خوێندکارانی سۆڤیەت و بێگانە ڕێکدەخرێ _ هاوێنەهەوار_ لە کەناری دەریای ڕەش و کامپی کارکردن لە سیبریا، مۆلداڤیاو ناوچەکانی تری قەفقاس. خوێندکاران دەبێ بەر لە کۆتایی ساڵی خوێندن خۆیان ناونووس بکەن لە هاوین دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، دەچنە کامپی کارکردن، دەچنە هاوێنەهەوارەکان.

شوێنی هاوێنەهەوارەکان دیاریکراوە، ماوەکەشی 24 ڕۆژە، تۆ خۆت بڕیار دەدەی لە تەمموز، یاخود کەی، ڕوو لە هاوێنەهەوار دەکەی _ پێویستە مانگەکە دیاری بکەی _ من خۆم ناونووس کرد بۆ سەر دەریای ڕەش. لە کۆتایی حوزەیران بە ترێن (شەمەندەفەر) ڕوومان لە سۆچی

کرد _ (سۆچی شارێکی گەشتو گوزارە لە قەراخ دەریا) _ و لەوێوە بە پاص گوێزراینەوە بۆ کامپی حەسانەوە.

ژمارەیەکی زۆر خوێندکارانی بێگانە لە (ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکای لاتینو هەندێ وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی) جگە لە خوێندکارە زیرەك و چالاکەکانی ڕێکخراوی کۆمسۆمۆل و نوێنەرانی زانکۆ و چەند مامۆستایەکی سەرپەرشتیار هاتبوون.

شوێنی نووستنو سێ جەمە خواردن لەسەر حیسابی دەرماڵەی ئەو مانگە بوو کەلەوێ دەمایەوە. لە کامپەکەدا بەرنامەی جۆراجۆر بۆ ماوەی 24 ڕۆژ ڕێکدەخرا _ سمینار، ئاهەنگی گشتی، یادکردنەوە، بۆنەی نەتەوەیی خوێندکارانی بێگانە (جەژنی دامەزراندنی کۆمار _ بۆ نموونە _ جێژنی ولاتە یەکگرتووەکان کە لە تەمموز، جەژنی 14 تەمموزی (فەرەنسا، عێراق) جەژنی 23 تەمموزی میسر..، هەروەها کێبڕکێی وەرزشی، گۆرانی، زانستی، جگە لەوەی سەر لە بەیانیان تا نیوەڕۆ مەلەوانی و خۆدانە بەرتاو لە قەراخ دەریا، ئێواران لە دوای کاتژمێری 8- تا 11 ئاهەنگی موسیقاو هەلپەڕکێ (دانس) .. سەرەنجام شەو دەبووایە، لە کاتژمێری دیاری کراودا، خوێندکاران بگەڕێنەوە ژوورەکانیانو چرا دەکوژایەوە.

ئەو 24 ڕۆژەم زۆر بە خۆشی ڕابوارد، لەگەڵ خوێندکارانی زۆر وڵات ئاشنایەتیم پەیداکرد، لە کۆڕو سمینارەکان بەشداریم دەکردو باسی کێشەی کوردو خەباتی ڕزگاریخوازی کوردم بۆ خوێندکارە بێگانکان دەکرد، ئەوجارەیان بە پێچەوانەی ساڵی 67 لە دوای شەڕی 5 ڕۆژەی حوزەیران، زۆربەی چالاکیەکانم بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەورووپا _ کێشەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان-م- باس

دەکرد.

کە گەڕامەوە لینینگراد، لە فڕۆکەخانەی لینینگراد کاك نۆفەل نەیوف (خوێندکارێکی عەرەبی سوری بوو لەگەڵ من لە بەشی ناوەخۆ دەژیا، هاتبووە پێشوازیم، هەرچەند من دایکی حەیدەر (کە هێشتا بە رەسمی مارەم نەکردبوو) لەگەڵ نۆفەل هاتبوو، ئێوارە خوانیان لە ماڵی دایکی خێزانم (داپیری حەیدەر) ڕێکخست بوو و پێشەوازییێکی گەرمیان لێکردم، هەرچەندە زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەگەڵ نۆفەل نانی ئێوارەمان لەلای داپیرەی حەیدەر (ئاناپیترۆفنا) خوارد..

دوای چەند رۆژێك، رۆژی 1971/8/7 خوشکە عەمیدە (هاوڕێییێکی حیزبی شیوعی عێراق بوو، بە ئاین جوو بوو، کاتی خۆی کە جوولەکەیان لە عێراق ڕەوانەی فەلەستین دەکرد، ئەو کچە جوولەکەیە (کە دەڵێم کچ - تا مردیش مێردی نەکرد) و لەگەڵ برای لەسەر کۆمۆنیستی لە بەندیخانەی عێراق زیندانی بوو، بۆ ئەوەی عێراق جێ نەهیلێ، بوو بوونە موسلمان.. لەدوای کودەتای بەعس لە ڕێگای حیزبەوە (زانیاری تەواوم نیە) ئەو خوشك و برایە لە سۆڤیەت گیرسانەوە. ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو و ناسیاویم لەگەڵی هەبوو. عەمیدە - یاخود ناوی (عمومە المصری)- تا نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو لە موسکۆ دەژیاو لەوێشدا کۆچی دوایی کرد - مروڤێکی زۆر دڵسۆزی حیزب بوو)، بە تەلەفۆن ئاگاداری کردم، کە برای گەورەمان کاك عاصم لە 1971/7/20 کۆچی دوایی کردوە.

لە 1972/9/1 لە کۆرسی دووەمی زانکۆدا درێژەم بە خوێندن دا، ساڵی 1972 جگە لە خوێندن و کاری کۆمەلایەتی (کۆمەڵەی خویندکارانی کوردو کۆمەڵەی خویندکارانی عێراق) مەسەلەی ژنهینان و

لـە دایکبـوونی حەیـدەر، هەنـدێ ڕووداو سـەرنجیان ڕاکێشـاوم، لەوانـە ئالۆزبوونی پەیوەندی نێوان حکومـەتی بـەعس و سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردستان دەربارەی جێبە جێ نەکردنی ڕێکەوتنی 11/ئاداری 1970 و پەیمانی دۆستایەتی بەعس و سۆڤیەت و شوێن پـێ قایمکردنی بـەعس و دەسـەڵاتەکەی، کـۆنگرەی هەشـتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و کۆنگرەی دووەمـی حیزبـی شـیوعی عێـراق و هەڵوێسـت لـە دەسـتەلاتی بـەعس و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر هەڵوێسـتی سـۆڤیەت لـە کێشـەی کـورد و دەستێوەردانی دەرەکی.

لـە کۆتـایی سـاڵی خوینـدنی 1971- 1972، لـە 1972/6/25 مـن لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە خوینـدکارانی بێگانـەو خوینـدکارانی کۆلێـژی ڕاگەیانـدن – ڕۆژنامەگـەری لینینگـراد لـە ژێـر نـاوی گروپـی یۆڤـانتس ڕومـان لـە سـیبیریا کـرد- کـۆمی- کـۆمی کۆمارێکی ئۆتۆنـۆمی بـوو لـە سـیبیریا، ئێمـە یـان بـە هەلیکۆپتـەر گواسـتەوە نـاو دارسـتانیکی دوورە دەست، تـەنیا لـە دوو ڕێگـاوە مـرۆڤ دەگەیشتە ناوچەکە- ڕێگـای چـۆم- پێچۆرە یاخود فرۆکە .. لەو دارستانەدا نەوت دۆزرابووەو، خانووەکانی ئێمە کاتی بوون- فارگۆنی شەمەندەفەر بوون...

بە ڕۆژ سەر لە بەیانی دوای نانخواردن گـروپ گـروپ ڕوومـان دەکـردە دارستان بۆ بڕینەوەی دارەکان- لە گروپەکەی من خوێندکارێکی کۆلێژی پزیشکی لوبنانی و یەکی تری ئەمریکایی هەبوو. ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کارمان دەکرد، ژمارەیـەك لـە خوێنـدکاران کاری ئیداری و چێشتخانەیان بـەڕێوە دەبـرد.. لـەو شـوێنە شـەو لەبـەر میشـوولە نەدەهاتینـە دەرەوە، بەڵکو لە فارگۆنەکانیشدا دەبووایـە جۆرە بۆنیك، کـە لـە قەنەفل دروسـت کرابـوو لـە دەسـت و سـەرو چـاومان بـدەین، تـا مێشـوولە لێمـان دوور

بکەوێنــەوە- نزیکــەی 15-16 ڕۆژ کــارم کــرد ، بــەڵام لەبــەر نــەزانی هاوکارەکـەم - خوێنـدکارە لوبنانیەکـە- مەکینـەی دار بڕینـەوە بـە چۆکم کەوت، خەراپ برینداری کردم. لەبەر ئەوەی ڕێنمایی پێویست لـە لایـەن ئـەو خوینـدکارەو سەرپەرشـتکاری خوینـدکاران پیـادە نـەکرابوو، ئەگـەر هــــەواڵی برینــــدار بــــوون بــــە بەرپرســــانی زانکــــۆ گەیشــــتبووایە، سەرپەرشتکارو ئەوانـەی دەسـتەی تەکنیکینـە هـەموو لـە کار لادەدرانو تووشــی ســزا دەبــوون، بــۆیێ دوای لێکۆڵێنــەوە و گفتوگــۆ، ڕێکــەوتین برینەکــە چــارە بکــەین و ڕووداوەکــە بــە نهێنــی بمێنێتــەوە، چــونکە سەرپەرشــتکارو دەســتەی ئیــدارە هــەموو خوێنــدکار بــوون، ڕۆژانــەی کرێکار لەو شوێنە دوورانە زۆرە، هاتبوون پارەیەك پەیدا بکەن بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن. ئیمەش زۆربەی بێگانەکان- وڵاتانی عـەرەبی، ئێـران و ڤێتنامی بووین، کە لەسەر حیسابی ڕێکخراوە دیموکراتیـەکانو لایەنـە سیاسیەکان لـە سـۆڤیەت دەمانخوێنـد، یارمـەتیمان نـە لـە ماڵـەوە، نـە لـە دەوڵـەت پـیێ نەدەگێشـت، بەڵکو بەو دەرماڵەیە دەژیـاین، کـە زانکـۆ بـۆی دابینکردبـووین، مانگانـە(90 ڕوبـل) بـوو، چـونکە ئـەو خویندکارانـەی لەســەر حیســابی دەوڵەتــەکانیان دەیانخوینــد - مووچــەو یارمــەتیان لــە بالیۆزخانـەی وڵاتەکـەیان وەردەگـرت. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوەی جێگـای سەرنج بوو، خوێندکارانی ڤیتنامی لە ئیمەش کەمتریان وەردەگرت، بەڵام پاشــەکەفتیان دەکــرد- کــە خوێنــدنیان تــەواو دەکــرد- کــەلو پــەلیان دەکـڕیو هەریەکەشـی پاسـکلێکی لەگـەل خـۆی دەبـردەوە، رابـواردنو خواردنـەوەو جگـارە کێشانیشـیان دەگمـەن بـوو، بـە پێچـەوانەی ئێمـەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بۆیی دوای ئـەوەی برینەکـەم سـاڕێژ بوو، لەسـەر داخوازی خۆم گەڕامەوە لێنیبگراد.

**سالانە لە مانگی شوبات زۆربەی ڕێکخراوەکانی بێگانە کۆنگرەی ساڵانەی خۆیان لە مۆسکۆ دەبەست. منیش ئامادەی کۆنگرەی کۆمەڵەی خویندکارانی کوردو کۆمەڵەی خوێندکارانی عیراق وەك ئەندامی ئەو دوو ڕێکخراوە دەبووم، بەڵام لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی خویندکارانی کۆماری عەرەبی سوری بەسترا، منیان بانگێش کردبوو، چونکە ئەو کۆمەڵەیە ژمارەیەك کوردی سوری تێدا ئەندام بوون، بە تایبەتی ئەندامانی حیزبی شیوعی سوری.**

**پێم وایە، ئەو کۆنگرەیە لە ساڵانی پێشوو جیاواز بوو، چونکە ئەو جارەیان شیوعیەکانی سوریا و بەعسیەکان پێکەوە لەیەك کۆمەڵەدا کاریان دەکرد. سەرۆکی کۆمەڵەی خویندکارانی سوریا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دا، باسی هەموو شتێکی کرد لە سوریا، تەنیا باسی کوردی نەکرد. منیش وەك میوانێك پرسیم: بۆم هەیە پرسیارێك بکەم؟ _ (دیارە خۆم پێناساندن) _ و گوتی فەرمو: منیش گوتم: لە سوریا جگە لە عەرەب ، کوردو چەرکەزو ئەرمەن دەژین، بەڵام تەنیا وەك ئەوەی – بلێی سوریا هەر عەرەبن، لە سوریا پتر لە 80 هەزار کورد لە ساڵی 1961 بیٚ ڕەگەزنامەن، مافی خوێندنیان بە زمانی خۆیان قەدەغەیە، ئەوانەی بیٚ ڕەگەزنامەی سورین، بیٚ بەش کراون لە کارکردن و نموونەم بۆ هێنانەوە: کە هەندیٚ کورد (برایەك– سورییە، ئەویتریان بێگانە) .. لەوەڵامدا گوتی: سەرۆك وەزیران کوردە (ئەیوبی سەرۆك وەزیرانی سوریا بوو ئەو کات)، منیش گوتم: مەلیك حوسێنیش عەرەبە ، بەڵام فەلەستینەکان دەکوژیٚ و ئێوە بە عەرەبی نازانن، منیش دەڵێم: ئەیوبی _ ئەگەر بە ڕەچەڵەك کوردیش بیٚ، هیچی بۆ کورد نەکردووە.. گوتی: تۆ میوانی و سوریش نیی، ئیدی دەست لە کاروباری ئێمە وەرمەدە.. گوتم**

زۆر سوپاستان دەکەم‌و هۆڵی کۆنگرەکەم بە جێ هیشت، بەڵام وتەکانم کاری خۆی کرد، خوێندکارانی کوردی سوریا لە کۆنگرەدا دوای دەرچوونی من، کێشەی کوردی سوریایان خستبووە بەرباس‌و لێکۆلینەوە.

##ساڵی خویندنی 1972-1973 کۆرسی سێیەم لە زانکۆدا

لە ساڵی سێیەمی خوێندن دا، بابەتەکان گۆڕانیان بەسەر دێ‌و ژمارەیان پتر دەبێ، لەتەك ئەدەبیاتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو بە گشتی‌و ئەدەبی ڕوسی بە تایبەتی، ئەدەبی بێگانەش لە سەدەی 19-20 دەخوێندرێ، لەو کۆرسەشدا دەستدەکرێ بە ئامادەکردنی باسی ساڵانە بە پێی ئارەزووی خوێندکار (لەبواری زمان، یاخود ئەدەب). بۆ خوێندکارانی سۆڤیەتی زمانێکی بێگانەش دەچێتە پرۆگرام (ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەلمانی و ئەسپانی)، خوێندکار ئازادە لە هەڵبژاردنی زمانەکەدا، بەڵام بۆ خوێندکاری بێگانە، لەبەر ئەوەی زمانی ڕوسی خۆی بۆیان بێگانەیە، ئیدی زمانێکی تر مەرج نیە، هەرچەندە سەربەستن لەوەی ئەگەر ئارەزوویان هەبێ زمانێکی تریش هەڵبژێرن.

جگە لە خوێندن‌و چالاکی دیموکراتی و بەرپرسیارەتی خێزانی، من زۆر کاتیشم بۆ بەدواداچوون بە باری سیاسی عێراق‌و کوردستان دەڕویشت، چونکە لەو ساڵەدا هاوپەیمانی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی بەعس لە بەرەیەکدا راگەیەندرا، کە زۆر لایەنی ئەو هاوپەیمانیە جێگای ڕەخنە بوو، چونکە حیزبی بەعس هەوڵی ئەوەی دەدا، دۆستایەتی لەگەل سۆڤیەت و حیزبی شیوعی لەسەر حیسابی

کێشەی سەرەکی عێراق بێت – چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و جێ بە جێ کردنی بەندەکانی رێکەوتنی ئادارو هەروەها ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق.. ئەوەی راستی بێت لە دوای 11 ئادار هاوپەیمانی پارتی دیموکرات و بەعس، پاوانکردنی هەموو عێراق بۆ بەعس لە بەغداوە تا بەصرەو پارتیش لە زاخۆوە تا حەمرین، واتە: پارتی لە هاوپەیمانی لەگەل بەعسدا، هاوپەیمانی کۆنی و خەباتی شاخی پشت گوێ خست، بەڵکو هیچی بە شیوعیەکان ڕەوا نەدەبینی– راستە لە کۆنگرەی (8)دا پارتی لە وتارەکەی کاك کەریم ئەحمەد کە ڕەخنەی لە سیاسەتی بەعس گرت و هەروەها لە ساڵی 1972 حیزبی شیوعی کۆنگرەی دووەمی لە کوردستان گرت، بەڵام لە پڕاکتیکدا کە پارتی حوکمی کوردستانی لە دوای ئاداری 1971 لە دەستدابوو، حیزبایەتی تەسکی پیادە دەکرد. من پێم وایە حیزبی بەعس لە هەردوولا (لە پارتی و شیوعی) زیرەکتر سیاسەتی دەکرد، چونکە توانی دوو هاوپەیمانی ستراتیجی لێك جیا بکاتەوە، بە بۆ چوونی من حیزبی شیوعی هاوپەیمانی ستراتیجی بزاڤی رزگاریخوازی کوردە، بزاڤی رزگاریخوازی کوردیش هاوپەیمانی ستراتیجی حیزبی شیوعی و بزاڤی دیموکراتی عێراقە.

من پێم وایە لەو ساڵانەدا (واتە: لە دوای ئاداری 1970–1975) هەردوو حیزب کورتبینی سیاسیان نواندو ئەو سیاسەتەش زیانی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردو بزاڤی دیموکراتی لە سەرانسەری عێراق گەیاند).

هەموو ساڵێ وەك نەریتێك خوێندکارانی بێگانە، لە سەرەتای ساڵی خویندن کە لە 9/1 دەست پێدەکات، شەوی یەکتری ناسین بۆ

خویندکارانی نویّو کۆن ساز دەکەن، کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە شاری لینینگراد، شەوی لەو جۆرەی ڕێکخست، بەڵام ئەو جارەیان ئەم بۆنەیە بە بەشداری خویندکارانی بەعسو ڕێکخراوی حیزبی بەعس لە شارەکەدا ڕێکخرا بۆ ئەوشەوە منو پێشرەوی کەریم ئەحمدیش بانگ کرابووین، چونکە هەردووکمان ئەندامی کۆمەڵەی خویندکارانی عێراقیش بووین و لەسەر حیزبی شیوعی حیساب دەکراین، هەرچەندە بۆچوون و هەڵویستمان لەسەر بەرەی بەعسو شیوعی لەگەل شیوعیەکان یەکی نەدەگرتەوە.

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا، دوای کردنەوەی ئاهەنگەکە، لە کافیتیریایەك لە شەقامی نێڤسکی پروسپێکت، نوێنەری حیزبی شیوعی (لە یادم نەماوە) ئیبراهیم یا خود عەبدولوەهاب جبوری بوو، هەستاوە سەر پێ و بە کالی پێکی هەڵدا بۆ دۆستایەتی بەعس و شیوعی هەڵگرت، هەموو ئامادە بووان، هەلسانەوە سەر پیّ، جگە لە منو پێشرەو کەریم ئەحمد، ئیمە رامانگەیاند کە ئێمە بۆ دۆستایەتی بەعس و شیوعی بە کال هەڵناگرین و ناخۆینەوە، کە بووە جێگای نارەزایی هەر دوو حیزبو لایەنگرانی، هەندەی پێی نەچوو، ئاهەنگەکەمان جیّ هێشت.

هەر لەو پایزەدا، هەردوو حیزب کۆرێکیان لە بەشی ناوەخۆی زانکۆدا گیرا، لەسەر هاوپەیمانی هەردوولا، من ڕەخنەم لە هەندیّ خاڵی ئەو هاوپەیمانییە گرت دەربارەی کارکردن لە نێو لەشکردا، کە تەنیا بەعس بۆی هەیە ڕێکخستنی لەویّ هەبیّ، ئاماژەم بەو هەڵە مێژووییە کرد، کە کاتی عەبدولکەریم قاسم ئێمە ڕێکخراوی حیزبمان لە نێو لەشکردا سڕکرد، هەروەها دەربارەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و پیشەییەکان، کە لە ژێر سەرکردایەتی بەعس بێت و ئەندامێتی

ڕێکخراوە دیموکراتیەکان سەر بە حیزب لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ بەعس چۆل کەین، وەك (یەکێتی قوتابیانی جیهان، یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان‌ویەکێتی ژنان..) هتد..لێرەوە نێوانی من و ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق لە شارەکەدا تێکچوو و کەوتنە دژایەتیم و سیاسەتی سالآنی کۆتایی شێستەکانیان بەرانبەرم پیادە کردەوە.

لە نێوان سالی 1970-1973 زۆربەی کاتم هەر لەبەشی ناوەخۆ دەژیام، لە دوو سالی یەکەم ئەو چوار کەسە پێکەوە بووین (نەوفەل نەیوف و عەبدوللەتیف عەبدولڕحیم- باقی نازیٚ- کارلی – فینلەندی بوو، هەندیٚ جار دەبووینە (5) خوێندکار لە ژوورێك دا).

من و نەوفەل و باقی نازیٚ، سەرەتای هەموو مانگێك پێکەوە هەریەك 40-50 ڕوبلمان دا دەنا بۆ خواردن، کە بە خۆمان ئامادەمان دەکرد، لە 15 ڕۆژی یەکەمدا، خواردنی چەورمان دەخوارد، هەموو ڕۆژی گوشت، هەفتەی دوو جاریش خواردنەوە (بیرە، ڤۆدکا..)، بەلآم (15) ڕۆژی دوایی تەنیا پەتات ە(بە کولآیی، بە برژایی) لەوە پتر پارە بەشی نەدەکردین..، بەلآم زۆر تەبا بووین.. هەر سێکمان ڕێکەوتبووین، ئەو ڕۆژەی کامەمان مێوانی بێت، ئەوانی تر درەنگ دەهاتنەوە مالەوە.

ماوەیەك خوێندکاریکی ڕوسی گوندیان ڕەوانەی ژوورەکەی مە کرد، کە لە بەشی فارسی کۆلیژی ڕۆژهەلآت دەیخوێند، ناوی (یورە) بوو، یورە زۆر ساویلکەو گێل بوو، نانی ئێوارانی تەنیا شیر و سەموون بوو، لە زانکۆ دەهاتەوە، هەر لە مالەوە دادەنیشت.. چەند جارێك ئاگادارمان کرد، کە ئێمە هەر یەك لە وانەی لە ژوورەکەدا دەژی، ئەگەر میوانی تایبەتی هات، پێویستە ئەوانی تر تا درەنگ نەگەڕێنەوە، بەلآم یوری کە میوان دەهات نەدەڕۆیشت، یاخود دەچووە دەرەوە، دوای نیو سەعات

دەگەڕایەوە، چەند جارێك وشیاریمان دایێ، کە ئەگەر بەو شێوە بڕوا، لە ژوورەکە دەریدەکەین.. بەڵام بێ سوود بوو، ڕۆژێك ئێمە بە سێیان پلانێکمان بۆ دانا، باقی نازێ و نەوفەل بە تەنیا لەگەڵ یورە باسی پەیوەندی پیاو و پیاو لە خوارووی عێراق و کەنداوی بۆ بکەن و بیترسێنن... دوای چەند ڕۆژێك ئێمە بە سێ یان خواردنمان ئامادە کردو مێزمان ڕازاندەوە.. یورەش خۆی و شووشە شیرەکەی دانیشت.. دوای ماوەیەك نەوفەل و باقی نازێ دەرچوون و گوتیان درەنگ دەگەڕێینەوە..ئەوان ڕۆیشتن.. من و یورە ماینەوە..من هەڵسام و دەرگای ژوورەکەم کلیل داو کلیلم خستە گیرفانمەوە.. یورە تێکچوو.. دەرگای بکەرەوە.. ئەمنیش پێم گوت: باقی نازێ باسی خەڵکی عێراقیان بۆ کردی..گوتی: ئا..ئا..

گوتم: قوڕبەسەر ڕزگارت نابێ.. ئیستا پێت دەڵێم، ئەگەر پێت گۆترا میوانمان هەیە، دەچیتە دەرەوە تا سەعات 11-12 شەو ناگەڕێیتەوە، ئەگینا وای لە خۆت..

یورە تۆبەی کرد.. ماوەیەك لە ژوورەکەمان مایەوە، بەڵام چمان پێ بگوتبایە، یەکسەر جێ بەجێی دەکرد، دوایی بەشی ناوەخۆشی بە جێهێشت، چووە بەشێکی تر.. بەمجۆرە یورەمان لە کۆڵ بووەوە، بەڵام کاڵێ بێ زەڕ بوو، هەرچەندە ئەویش خەسلەتێکی خەراپی هەبوو، شەوانی شەممە دۆستیکی کچی هەبوو، کە ئێمە دەنووستین، دەهاتە لای ، خەوی لە ئێمە حەرام دەکرد.. چەند جارێك کاڵێمان ئاگادار کرد، لەوەی کەوا: دەبێ، کە ئیمە دەنووین کەس نەیێتە لای، دەتوانی بۆ خۆی بچێتە لای.. هەندێ جار کاڵی وەی دەکرد، بەڵام جارێکیان ئێمە نووستبووین، کاتژمێری سێی شەوبوو، لە شەڕی کاڵی و دۆستەکەی بە

ئاگاهاتین، بە کەوش کەوتبوونە گیانی یەکتر.

دوای ئەو ڕووداوە، کاڵێشمان لە یەخە بووەوە.. ئێمە هەرسێکمان ماینەوە، دوای ماوەیەك باقی نازێ لێنیگرادی بەجێهیشت، چووە مۆسکۆ درێژە بە خوێندن بدات لە نزیك خێزانی و کچەکەی (نازێ)، منیش هەفتەی دوو ڕۆژ دەگەڕامەوە بەشی ناوەخۆ پتر لە لای دایکی حەیدەرو حەیدەر دەبووم، بەڵام لە ژوورەکەدا ناونووس کرابووم.. ژوورەکە تەنیا بۆ نەوفەل مایەوە، نەوفەل ساڵێك لە پێش من بوو، دوای تەواو کردنی زانکۆ درێژەی بە خوێندن دا،دکتۆرای لە ئەدەبی ڕوسی وەرگرت، بەڵام لەبەر ئەوەی دژی ڕژێمی سوریا بوو، نەگەڕایەوە، بەڵکو ماوەیەك چووە جەزایر.. بیستم ئیستا لە مۆسکۆ دەژی.. بەم شێوەیە ساڵی سییەمی کۆلیژم تەواو کرد.

ساڵی خویندنی 1973–1974 (کۆرسی چوارەم) دەستی پێکرد، ئەم کۆرسە کۆرسێکی گرنگە، بابەتی نوێ و نووسینی باسێکی زانستی لە بواری (زمان، ئەدەب) لەخۆ دەگرێت، من ئەدەبم هەڵبژارد.. ئەو ساڵەش، ساڵی ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق دەربارەی قانوونی ئۆتۆنۆمی بوو، شەڕو پێکدادان و ڕاوەدوونانی تێکۆشەرانی دیموکرات و شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان پارتی و شیوعی لەسەر لاپەرەکانی ڕۆژنامەکانی (تەئاخی) و (تەڕیق ئەلشەعب) و ڕەنگدانەوەی ناکۆکیان لە دەرەوەی وڵات لە نێو لایەنگرانی پارتی و شیوعی و بەعس و لە جولانەوەی خویندکاراندا.. ساڵەکەی کردە ناخۆشترین ساڵ، لە ژیانی زانکۆییم، چونکە لە لایەك خوێندن گران بوو، لەولاوەش کێشەی سیاسی ئاڵۆز بوو، فشارمان لەسەر زۆر بوو.. من بەرپرسیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووم لە لینینگراد..ململانێ توونە تر دەبوو. دووبەرە لە نێوان خوێندکاران دروست بوو، زۆربەی خوێندکارانی کورد

(سوریا و عێراق) ئەوانەی لایەنگرنی پارتی بوون، لەگەڵ خویندکارانی سەر بە حیزبی شیوعی.. هەرچەندە من لە رووی فیکریەوە لەگەل شیوعیەکان بووم، بەڵام رەخنەم لە هەڵویستی سیاسی حیزبی شیوعی هەبوو دەربارەی بەرە لەگەل بەعس و قانوونی ئۆتۆنۆمی، ئەو هەڵویستەش وای لێکردم وەك سەرۆکی کۆمەڵەی خویندکارانی کورد پاڵپشتی لە سەرکردایەتی کورد و هەڵویستەکەی بکەم، لەگەڵ ئەوەی من رەخنەم لەوانیش هەبوو لە پەیوەندییان لەگەڵ رژێمی شای ئێران و کەوتنە دژایەتی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق، من هەڵویستی هەر دوو حیزبم پێ هەڵە بوو، چونکە لە خزمەتی بزاڤی رزگاریخوازی و دیموکراسیەت نەبوو، بەلکۆ لە خزمەتی بەعس بوو، بە زانین یاخود نەزانین.

لە پشووی نیوەی ساڵ روومکردە مۆسکۆ، بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی (15) هەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت، کە لە رۆژی 1974/2/6 لە زانکۆی مۆسکۆ لە ژێر دروشمی پشتگیری لە شۆڕشی گەلی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بەسترا.

لە کۆنفرانسەکەدا (18) دروشم هەڵواسراوبوو، هەندێ لەوانە بریتی بوون لە:

. بژی دۆستایەتی کورد و سۆڤیەت.

ـ راگرتنی تەعریب و داننان بە رەگەزنامەی عێراقی بۆ کوردە فەیلیەکان.

. پشتگیری خەبات و مافی گەلانی عەرەب و فەلەستین و گەلی شیلی دژی دەستەی فاشی پینۆچێت.

. لە پێناو جێ بە جێ کردنی بەیانی ئادار بە تەواوی خەبات دەکەین.

. لە پێناو بەرەپێشبردنی زانست و خزمەتی گەلی کورد.

**. نەمری و بەرزی بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان.**

**کۆنفرانسەکە لە لایەن سکرتێری کۆمەڵە کرایەوە، پاشان وتاری زانکۆی مۆسکۆو کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق و خویندنەوەی نامەو بروسکەی حیزبە سیاسیەکان (بەعسی، شیوعی،پارتی دیموکراتی) و ڕێکخراوەکانی کوردی لە دەرەوەی سۆڤیەت خوێندرانەوە.**

**کۆنفڕانس لە لایەن سێ خوێندکار بەڕێوەچوو، ئەوانیش: (عەزیز فەرمان و صەلاح زەنگەنە و یەکەکی تر ناوەکەیم لە یاد نەماوە)، بەداخەوە لاپەڕەکانی باسی کۆنفڕانس دەکات لە بیرەوەرییەکانم لەناو چوونە، بەڵام ئەوەی بێتەوە یادم عەبدوڵڵا پەشێو لە کۆنفڕانسەکەدا ئامادە بوو.. پێم وایە سکرتێری لقی کۆمەڵەش ئەو کات ئیبراهیم حاجۆ (د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) بوو. تەنیا سێ چوار دێر لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمەڵەکە ماوە، باس لە بارودۆخی کورد لە بەشەکانی کوردستان دەکات، بە تایبەتی چەوسانەوەی کورد لە لایەن ڕژێمەکانی ئێران و سوریا و تورکیا.**

**لە ئادار بارۆدۆخی سیاسی لە نێوان رژێمی بەعس و سەرکردایەتی کورد ئالۆزتر بوو، هەروەها لە نێوان حیزبی شیوعی و پارتیش، بە تایبەتی لە ساڵی 1973دا (12)کادری شیوعی کە لە خوێندن گەڕانەوە لە ڕێگای سوریاوە، بە دەستی (عیسا سوار) کوژران و هەروەها حیزبی شیوعی بەو یاسایە ڕازی بوو، کە بەعس بڕیاری لە سەردابوو بۆ ئۆتۆنۆمی، هەرچەند هەر سێ حیزب پڕۆژەی خۆیان هەبوو، بەڵام بەعس پرۆژەی پارتی قەبوول نەکرد و حیزبی شیوعیش پڕۆژەکەی لەگەل بەعس گونجاند.. ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان بەعس و بزاڤی کوردی.**



**د. عزەدین مستەفا رەسول ، د. جەمشید حەیدەری - بەغدا (ساحە التحریر)**



لەڕاستەوە : جەمشید حەیدەری ، ئەحمەد سونجەری ، حەمید سوڵتان ، مومتاز حەیدەری / سەلمان پاك



ئەم وێنەیە بۆ یەکە مجار بڵاو دەکرێتەوە / کامێرای جمشید حەیدەری



شەهید فاخیر مێرگەسۆری



شەهید دارا تۆفیق



شەهید سامی عەبدولرەحمان



جەمشید حەیدەری / 1972 سیبیریا



قەناتی کوردۆ – جەمشید حەیدەری



لەگەڵ حەیدەری کورم ئابی 1972 لینینگراد



لەگەڵ هاوڕێی دێرینم محمد عیزەت ئال عەزیز مەردان

# بەشی پێنجەم

## 1974/3/11 تا 1976/2/7

بەشی پێشووم بە مەبەست لە 1974/3/11 کۆتایی پێهێنا، چونکە دەبووایە لەو مێژووەدا، بەندەکانی ڕێککەوتنامەی ئاداری 1970 جێ بەجێ بکرێت، بەڵام پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق و پاشگەزبوونەوەی لە بەندەکان و خۆبەهێز زانینی، بە (بەرە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت و خۆماڵیکردنی نەوت)، هەموو ئەو فاکتەرانە لە خزمەتی سیاسەتی بەعس بوون بۆ پێ داگرتن لەسەر سیاسەتی خۆ فەرزکردن و سەپاندنی.. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر ململانێ و دووبەرەکی لە نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵوێستی ئێران، کە بە هەموو شێوەیەك ڕێگر بوو، لەوەی سەرکردایەتی کورد نەرمی بنوێنێ، چونکە ئێران و ئەمریکا فشارییان لەسەر سەرکردایەتی کورد زۆر بوو، بە مەبەستی ئەوەی حکومەتی عێراق ناچار بکەن، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی دوو قۆڵی لەگەڵ ئێران لەسەر حیسابی ماف کورد، کە لە ڕێکەوتنی ئاداری 1975 بەرجەستە کرا.

بێگومان یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی سیاسەتی سەرکردایەتی کورد و حیزبی شیوعی عێراق، دۆستی ستراتیژییان بە دۆستی کاتی گۆڕییەوە، چونکە بزاڤی رزگاریخوازی کورد دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی حیزبی شیوعی و بزاڤی دیموکراتی بوون لە عێراقدا، هەروەها حیزبی شیوعی و بزاڤی دیموکراتی لە عێراقدا دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی بزاڤی کورد بوون، چونکە نە رژێمی بەعس، کە دەستی بە خوێنی شیوعییەکان و کورد سوور بوو، نە رژێمی شای ئێرانیش، کە دەستی بە خوێنی کورد و دیموکراتخوازەکانی ئێران سوور بوو، دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی بوون.

لە ساڵی 1974 من سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووم لە لێننگراد، پەیوەندی حیزبیم لەگەڵ هیچ حیزبێکی کوردی یا عێراقیدا نەبوو، بەڵام لە رووی بیر و فیکرەوە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق نزیك بووم، لە هەمان کاتدا خۆم بە بەشێکی جیانەکراوە لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەزانی، کە لە شۆڕشی کوردستان بەرجەستە بوو.

لە روانگەی بەرژەوەندەی گەلی کوردەوە سیاسەتی پارتی و شیوعیم هەڵسەنگاند و رەخنەم لە هەڵوێستی هەردوو لادا هەبوو، لە پارتی پەیوەندی بەهێزییان لەگەڵ ئێران و دژایەتییان لەگەڵ حیزبی شیوعی و لە حیزبی شیوعی عێراقیش لە بەرەیان لەگەڵ حیزبی بەعس، بەڵام کاتێ مەسەلەی هەڵگیرسانەوەی شەڕ هاتەپێش، دەبووایە خۆم یەکلا بکەمەوە و هەڵوێست وەرگرم، بێگومان دژایەتی حکومەتی بەعس و پشتگیری هەوڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشم هەڵبژارد.

بە ناوێکی خوازراو، وتارێکم بە زمانی عەرەبی لە ژێر سەردێری "مع من نقف" نووسی، هەرچەندە بڵاو نەبووەوە، بەڵام دەقەکەم لەبەردەستە

**کە تێیدا هاتووە:**

**لەگەڵ کێ دەبین؟ لە تەک شۆڕشی کورد؟ یان لە تەک دوژمنانی؟**

**دوای ئەوەی رووداوە داخدارەکان لە کوردستان پەرەی سەند و شێوەیەکی نوێ و ترسناکی بەخۆوە گرت، کە سەرچاوەکەی لە روانگەیەکی شۆڤینیەوە بۆ کێشەی کورد دەڕوانرا و هەوڵدان بوو بۆ ناشیرنی کردنی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو دروستکردنی پێکدادان لە نێوان هەردوو حزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (شیوعییەکان)دا بەپشتگیری دەستەڵات بۆ لایەنێك دژی ئەوەی تر و چەکدارکردنییان بە ئاشکرا، کە لەمەدا خوازیار بوون: دوو چۆلەکە بە بەردێك بکوژن، لەلایەك حیزبی شیوعی لە کوردستان لە جەماوەرەکەی دوور کەنەوە و کەش و هەوای دژایەتی شیوعیەت درووستبکەن، لەولاوەش بە شیوعییەکان لە پارتییەکان بدەن.**

**لە درێژەی وتارەکەمدا، رەخنە ئاڕاستەی سیاسەتی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کراوە لە وەرگرتنی چەك لە دەستەڵات بە ناوی بەرگری لە خۆکردن و چونی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ ئۆردوگاکانی سوپای عێراق، لە هەمان کاتدا ئاماژەش بەوە کراوە، کە بەدەستی عیسا سوار 12 کادیری حیزبی شیوعی لە ساڵی 1973 کوژراون.**

**هەروەها رەخنە لە رۆژنامەی (تەریق ئەلشەعب) گیراوە، کە ئاگری شەڕ خۆش دەکات، وتارەکە باس لە هەڵوێستی شۆڕشی کورد لە دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە شیوعییەکان دەکات و هەروەهاش باس لە بەشداری شیوعییەکان لە خەباتی چەکداری کوردستان دەکات، وتارەکە ئاماژە بە بروسکەی هاوڕێ عەزیز محەمەد بۆ بارزانی دوای رێکەوتنی 11ی ئاداری 1970دەکات، کە رۆڵی شۆڕش و پارتی بەرز**

هەڵدەسەنگێنن، هەر لێرەشدا ئاماژە بە وەرچەرخانێك لە سیاسەتی حیزبی شیوعی بەرامبەر بە پارتی و بارزانی دەکرێت و لە کۆتاییدا بانگەشەی ئەوە دەکرێت:

پێویستە لەسەر هەر کوردێکی دڵسۆز بۆ میللەتەکەی و دیموکراتیەت، هەڵوێستی لە تەك شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی بێت.

دیارە من زانیارییەکانم دەربارەی بارودۆخی کوردستان و سیاسەتی لایەنەکان لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و رادیۆکان (بە عارەبی و رووسی) وەرگرتووە، هەندێ جاریش بەیاننامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد مافی لە ئەوروپا پێ گەیشتووە، بەڵام ئاگاداری وردەکاری و هەواڵەکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق نەبوومە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشدا، وەك سەردانەکەی هاوڕێ کەریم ئەحمەد بۆ لای بارزانی و نامەی هاوڕێ عەزیز بۆ مەلا مستەفای رەحمەتی.

## تەموزی 1974

هاوینان لە سۆڤیەتی پێشوودا، خوێندکاران چ سۆڤییەتییەکان و چ بێگانە بۆیان هەیە لەو پشووەدا سەرپشك بن، چ هەڵدەبژێرن، دەتوانن بچنە بنکەی کارکردن، کە بۆ خوێندکاران ڕێکدەخرێ، یاخود بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، یا روو لە یەکێك لە هاوینەهەوارەکانی سەر دەریا و ناوچەکانی تر بکەن، بۆ ماوەی 24 رۆژ (ئەگەر بۆ کارکردن بڕۆن، دەتوانن دوو مانگ کار بکەن)، بەڵام ئەگەر بۆ حەسانەوە بێت تەنیا 24 رۆژە.

جا خوێندکار لە مانگی نیسان پێویستە ئاگاداری بەشی بێگانە بکات (بۆ خوێندکارانی دەرەوەی سۆڤیەت).. خوێندکارانی سۆڤیەتیش لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی لاوان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ناونووس دەکرێن، هەروەها خوێندکار خۆی بڕیار دەدات لە نۆبەی یەکەم – تەمموز– یاخود نۆبەی دووەم (ئاب) بچێتە کەمپی هاوینەهەوار لە سۆچی دا.

ئێمە ژمارەیەك لە خوێندکارانی کورد لە مانگی تەمموز ڕوومان کردە کامپی پوریڤسنیك لەسەر دەریای ڕەش، ئەوەی شایانی باسە، هەر زانکۆیەك کامپی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام کەمپەکان لە نزیك یەکن لە قەراخ دەریادا. ئەو هاوینە لەسەر دەریادا ئێمە ژمارەیەك لە خوێندکارانی کورد (مەجید حەمید عارف، ئیبراهیم عەزیز (حاجۆن)، کوردستان موکریانی، شوکریە ڕەسوڵ و جەبار قادر و نووسەری ئەو بیرەوەرییانە).. هەر چەندە لە دوو کامپی جیاواز بووین، چونکە من لەزانکۆی لێنینگرادەوە هاتبووم، ئەوانی تر لە مۆسکۆوە هاتبوون، بەڵام هەر پێکەوە کاتمان بەسەر دەبرد.

لە کامپی هاویندا، زۆر جۆرە چالاکی بۆ ، بەشداربووانی کامپەکە ئەنجام دەدرێ، کۆڕ و سیمینار و پێشبڕکێ، وەرزش و ئاهەنگ و یادکردنەوەی بۆنە نیشتیمانییەکان.

لە کامپی هاوینەدا، ڕێکخراوەکانی سەرپەرشتکاری هاوینەهەوارەکان و بەشداربووانی کەمپی هاوین – ڕێکخراوی لاوانی سۆڤییەت و ڕێکخراوەکانی بێگانە سەرپەرشتی هەموو چالاکییەکان دەکەن –. لەو کەمپەی ئێمە لێی بووین، جگە لە ڕێکخراوی خوێندکار و لاوانی سۆڤییەت، دوو سێ ڕێکخراوی تر هەبوون، کە هی خوێندکارانی

ولاتـانی ئاسـیا و ئـەفریقیا و ئـەمریکای لاتـین بـوون و بـۆ رێکخسـتنی چالاکییەکان، هاوکـاری خوێنـدکارانی ولاتـانی بلـۆکی سۆسیالیسـتی بوون.

ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت لـە کەمپەکـەدا لـە لایـەن – یـەکگرتنی خوێنـدکارانی ولاتـانی عـەرەبی و یـەکگرتنی خوێنـدکارانی ئاسـیا و ئەوانی تر و رێکخراوی خوێندکارانی عێراق لە چوارچێوەی رێکخراوی ولاتانی عەرەبی چالاکییەکان ئەنجام دەدران، بەلام لەبەر ئەوەی ئێمەی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا، خۆمـان بـە بەشـێك لـە خوێنـدکارانی ئاسـیا دادەنـا و منـیش ئـەوکات سـکرتێری کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد بـووم لـە شـاری لێنینگـراد و بـە راوێـژ لەگـەڵ خوێندکارانی کوردی مۆسکۆ لەو کەمپەدا بەشدار بووین، بڕیارماندا لە چواچێوەی رێکخراوی خوێندکارانی ئاسیادا چالاکی ئەنجام بدەین، بە تایبـەتی لـەو رێکخـراوەدا نوێنـەرانی خوێنـدکارانی ئێـران –تـوودە– و رێکخـراوی خوێنـدکارانی ئەفغانسـتان هاوکارمـان بـوون... مـن وەکـو کوردێك و نوێنەری کۆمەڵە بەشداری هەموو چالاکییەکانی خوێندکارانی ئاسیام دەکرد، ئەو خوشك و برایانەی لەسەرەوە ناوم هێناون، کە ئێستا هەموویان ماون و هەمووشییان لە هەولێر دەژین ئاگادارن.

ئەرکی ئێمە ئەو کات، واتە هاوینی 1974 گران بوو، چونکە لە لایەك لـە کوردسـتان شـەڕ هەڵگیرسـا بـوو، دەبووایـە پـەیامی گەلەکـەمان بـە خوێندکارانی دونیا رابگەینین و رژێمی بەعس ریسوا بکەین، لەلایەکی تر دەبووایە ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە سۆڤییەت رێکەوتنی دۆستایەتی لەگەڵ عێراقدا مۆر کردوەو هێزە چەپەکانی ولاتـانی عـەرەبی پشتگیری عێراق دەکەن و حیزبی شیوعی عێراق هاوپەیمانی بەعسەو بەشدارە لە

حکومــەت و ئەنجومــەنی  تەشــریعی ناوچــەی ئۆتۆنــۆمی، بێگومــان هاوسـەنگی ڕاگـرتن لـە دۆخێکـی وەهـادا ئاسـان نـەبوو، بـەڵام هەڵوێسـتی نیشـتمانی و نەتـەوەیی ناچـاری دەکـردی، کـە خـۆت یـەکلا بکەیـەوە و ئاکامی هەڵوێستەکەشت پێ قبووڵ بێت.

مـن هـەر چـەندە لەسـەرەتادا هاوپـەیمانی نێـوان بـەعس و شـیوعیم قبووڵ نەبوو، هەروەها خزانی پارتیشم بۆ باوەشـی ئێران قبـووڵ نـەبوو، بـەڵام کـە شـەڕ هەڵگیرسـا و فڕۆکـەکانی بـەعس کوردسـتانییان بۆمبـاران دەکرد و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کـە روویـان لـە قەڵادزێ کردبوو کەوتنــە بــەر پــەلامار، پێویســت بــوو بــە توونــدی سیاســەتی بــەعس و جینایەتــەکان مــەحکوم بکــەم، وەکــو کــوردێکی نیشــتمانپەروەر، بــەدەر لەوەی من خۆم بە دۆستێکی نزیکی حیزبی شیوعی عێراق دەزانی، بەڵام هەڵوێستی حیزبی شیوعیم پێ هەڵـە بـوو، بۆیـێ لـە هاوینەهـەواری سـەر دەریـای ڕەش، هــەموو توانــام خســتەگەڕ بــۆ کێشــەی ڕەوای گەلەکــەم و ناســاندنی بــە خوێنــدکارانی ئاســیا و ئــەفریقیا و ئــەمریکای لاتــین و بەشــداری کــردنم لــە چالاکییەکانی ڕێکخــراوی خوێنــدکارانی ئاســیا و ئەفریقیا.....).

لـە هـەمان کاتـدا و لـە تـەممووزی 1974 بەشـداری یـادی شۆڕشـی 14 تــەممووزی 1958م کــرد و وتــارێکم بــە زمــانی عــەرەبی لــە بۆنەکــەدا پێشکەش کرد.

هەرچــەندە قســەکانم بــە پێچــەوانەی بۆچــوونی بەرپرســیارەکانی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی عێـراق بـوو، بـەڵام پێویسـتە بـۆ مێـژوو بنووسـم، هەندێ هاوڕێی عەرەبی  عێراقی لـە ناخـەوە پشـتگیرم بوون، بـەڵام لەبـەر پابەندی حیزبایەتی گازاندە و گلەییان لێ کردم.

که له قەراخ دەریا بووم، هەواڵم بۆ هات کە لە مانگی ئاب، خوشکی گەورەم لەبەر ئەوەی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هاتووە، بۆ چارەکردن دێتە بولگاریا، پێویستە رووبکەمە سۆفیا، چونکە زمانی بێگانە نازانی و منیش رووسی دەزانم لە بولگاریادا وەك وەرگێڕ دەتوانم یارمەتی بدەم.

ئەوە بوو، دوای تەواوکردنی ماوەی پشووی کامپی قەراخ دەریا گەڕامەوە لینینگراد و لەوێشەوە بە ترێن (شەمەندەفەر) رووم کردە سۆفیا و لە هوتێلی (ریلە) کە سەر بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی بۆلگارستان بوو، دابەزیم، چونکە خوشکەکەم لەسەر حیسابی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق رەوانەی بۆلگارستان کرابوو.

رۆژانە سەردانی خوشکم دەکرد لە نەخۆشخانەدا و ئێواران دەگەڕامەوە هوتێل.. ماوەی نزیکەی مانگێك لە سۆفیا مامەوە، لەو کاتەی لە سۆفیا بووم، هاوڕێ عەزیز محەمەد و خێزانێشی لە سۆفیا بون، چەند جارێك چاومان پێك کەوت و زۆر گلەییم کرد، لە سیاسەتی حیزبی شیوعی و هەڵوێستییان، هەروەها لەو وتار و هەواڵانەی لە رۆژنامەی (تەریق ئەلشعب) دەربارەی شۆڕشی کورد بڵاو دەکرایەوە، دیسانەوە لە هەڵوێستی حیزب بەرامبەر قسەکانی (سەدام حوسێن)، لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەرەی نیشتمانی نێوان بەعس و شیوعی و تۆمەتەکانی بەرانبەر بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و هەروەها لە هەندێ وتاری سەرکردەکانی حیزبی شیوعی بەرانبەر بزاڤی کوردی بە سەرکردایەتی بارزانی و بە تایبەتی ئاماژەم بە وتاری دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی کرد کە لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان) و وتاری (عامر عەبدوڵڵا) کە لە لوبنان لە کۆبوونەوەیەك دژی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان،

پێشکەشی کردبوو.

هاوڕێ عەزیز هەڵوێستی حیزبی بۆ روونکردمەوە و هەموو هەوڵەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی بۆ لێک تێگەیشتن و هەڵنەگیرسانەوەی شەڕ، بۆ خستمە ڕوو.. هاوڕێ عەزیز باسی هەڵوێستی هەندێ لە سەرکردەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کرد بەتایبەتی شەهید سامی (محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان) و ئاماژەی بەوە کرد، کە حیزبی شیوعی هاوڕێ (کەریم ئەحمەد)ی رەوانەی لای مەلا مستەفا کرد بوو، هەروەها گوتی: خودی خۆشم (هاوڕێ عەزیز) نامەی تایبەتیم بۆ شەخسی مەلا مستەفا رەوانە کردبوو.

من هەر لە ساڵی 1974 نامەیەکی درێژم بۆ هاوڕێ عەزیز دەربارەی سیاسەتی حیزبی شیوعی لەگەڵ بەعس و مەسەلەی کورد رەوانە کرد، بەڵام بەداخەوە نامەکەم نەماوە، هەرچەندە وێنەی نامەکەم هەڵگرتبوو، بەڵام نازانم لە ئەرشیفی دەرەوەم بەجێ ماوە و ئێستا دەستم نایگاتێ تا لێرەدا بڵاوی بکەمەوە.

لەو کاتەی لە سۆفیا بووم، بۆم لوا، چاوم بە دکتۆر ئاوڕەحمانی قاسملۆ بکەوێ و لەگەڵ کاک کەریمی حیسامی و مامۆستا حەسەنی قزڵجی یەکتری ببینین.. دیارە ئاشنایەتیم لەگەڵ کاک کەریم کۆن بوو، چەند جارێك لە سۆفیا لەگەڵ دکتۆر محەمەد شکاك لە ماڵی کاک کەریم نانمان خواردبوو، بەڵام ئەو جارەی، کە دکتۆر قاسملۆ بە سەردان هاتبووە سۆفیا، مامۆستا حەسەنی قزلجی مێوانداری کردین، لە کۆتایی مانگی ئابدا، من گەڕامەوە سۆڤیەت و خوشکیشم گەڕاوە عێراق.

لە سەرەتای مانگی ئەیلولی 1974 دوای گەڕانەوەم بۆ لێنیگراد، لە 1974/9/13 رۆژانی دەستپێکردنی خوێندن بوو، لەبەر دەرگای

سەرەکی زانکۆی لێنینگراد چاوم بە (ئیبراهیم سەماوی) یەکێك لە بەرپرسەکانی ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق کەوت و ئاگاداری کردم، کە ژمارەیەك خوێندکاری کوردی سەر بە حیزب بەیانێکییان دەرکردووە، دژی من و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە لێنینگراد و کۆمیتەیەکیان بە ناوی کۆمەڵە دامەزراندوە و بەیانەکەش لە رۆژنامەی (تەریق ئەلشەعب)دا بڵاوکراوەتەوە و دانەیەکی لە بەیانەکە پێدام، کە تێدا نووسرابوو: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەو شارەدا لە ژێر دەستی ڕاستڕەوەکان دایە و سەرۆکەکەی (مەبەست لە من بوو) کە مرۆڤێکی فیودالی (ئەقتاعی) و شۆڤینی ڕاستڕەوە....، دوایی کە رۆژنامەی (تەریق ئەلشەعب)م خوێندەوە، کە بەیانەکەی تێدا بڵاوکرابووەوە، ئەو چەند ڕستەی سەرەوە ئاماژەم پێکرد قرتاندرابوو، واتە تۆمەتەکانیان بڵاو نەکردبۆوە.

ئەوەی شایانی باسە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دامەزرانیەوە تا 1974 لەگەڵ جیاوازی بۆچوون، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی 1966 پارتی ناکۆکی کەوتە ڕیزەکانی، بووە (دوو باڵ.. باڵی مەلا مستەفا و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال)، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی ڕیزەکانی پاراست، بەڵام ئەو جارەی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی مەڵبەندی (پراگ)یان دامەزراند و لە وڵاتی تریش ڕێکخراوی سەربەخۆییان (سەر بە حیزبی شیوعی) جیابوونەوە، کۆمەڵە بووە دوو مەڵبەند (مەڵبەندی بەرلین و مەڵبەندی پراگ)، ئەوەی شایانی باس بێت ئەو هاوڕێیانەی لێنینگراد، هیچ کامییان ئەندامی کۆمەڵە نەبوون، چونکە لە شارەکانی تر، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی زمان، بۆ لێنینگراد گوازرابوونەوە و داوای ئەندامێتیان لە کۆمەڵە نەکردبوو و لەگەڵ لقی

لێنینگراد پەیوەندییان نەکردبوو.

ئـەوەی بێتـەوە یـادم ئەوانـەی واژووی بەیاننامەکـەیان کردبـوو: خوالێخۆشبوو مونعیم عـەتار، ناهیدە ئەحمـەد بـانیخلانی، ئەسـکەندەر یەڵدا و گێلاس ئەحمەد بانیخلانی، ناوەکانی ترم لە یاد نەماوە.

بێگومـان چـاوپێکەوتنم لـە سـۆفیا لەگـەڵ هـاوڕێ عـەزیز کاریگـەری هـەبوو لـە سـەرما، چـونکە هەنـدێ وردەکـاری بـاری سیاسـی عێـراق و کوردستانی بۆ شیکردمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من پابەندی سیاسـەتی حیزب نەبووم و هەڵوێستی سەربەخۆیی خۆم دەپاراست، خوێنـدکارانی کورد بە گشتی و خوێندکارانی بێگانە و عـەرەبی کەنـداو حێسابییان بۆ بۆچوونەکەم دەکرد، بەرپرسـانی ڕێکخـراوی سۆڤیەتی حیزبی شـیوعی عێراق لەساڵی 1967 لە دژایەتیکردنم دابوون و هانی هاوڕێیانی کوردی سـەر بـە حیزبییـان دەدا خۆیـان لـێم بپـارێزن، نـەوەکو کاریگـەریم لەسـەر هەڵوێستییاندا هەبێ، بۆیێ پەیوەندیم لەگەڵ بەرپرسـانی لێژنـەی حیـزب سـارد بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن بڕیـارم دا نامەیـەك ئاراسـتەی لێژنـەی حیزبـی شـیوعی عێراقـی شـاری لێنینگـراد بکـەم، بـە تایبـەتی دوای گەڕانەوەم لە بۆلگارستان و چاوپێکەوتنم لەگەڵ (ئیبراهیم سەماوی) لـە 1974/9/13 هەرچـەندە نامەکـەم نووسـی، بـەڵام پاشـگەز بوومـەوە لـە ڕەوانەکردنی، تەنیا وتارێکم بۆ ڕۆژنامەی (تەریق ئەلشـەعب) لەسـەر ئـەو بەیانـەی دژی لقـی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد نووسـی، کـە لـە ڕۆژنامەکـەدا بڵاوبـووەوە، بـەڵام بەداخـەوە ڕەدەکـەیان بڵاونـەکردەوە، لێـرەدا بەباشـی دەزانم هەنـدێ برگـەی نامـە نووسـراوەکە بـۆ لێژنـەی لێنینگرادی حیزبی کە لـەرۆژی 1974/9/14 نووسـراوە، بڵاوبکەمـەوە.. نامەکـە بـەزمانی عـەرەبی نووسـراوە، بـەڵام بـەکوردی هەنـدێ بڕگـەی

دەخەمە بەرچاوی خوێنەران.

دوای گەڕانەوەم لە (بولگاریا) ئومێدەوار بووم چاوم بەهەندێ هاوڕێیانی بەرپرسیار لە مۆسکۆ و لینینگراد بکەوێ، بەڵام لەبەرئەوەی هاوڕێ (خەلیل ئەلجەزائری لە ساڵی 1967، دژی ئێمە بوو لە قیادەی ناوەندی (القیادە المرکزیە)، پێشتریش من رۆڵم هەبوو لە دوورخستنەوەی و هەڵپەساردنی لە کاری حزبی، لەبەر رەفتارێکی خراپی، لەشمبەیتر ئەو بەرپرسی لێژنەی حزبی بوو لە سۆڤیەت لە مۆسکۆ نەبوو و گەڕابووەوە عێراق، بە چاکم زانی چاوپێکەوتنەکە دوابخەم، بەڵام دوای ئەوەی لەسمترڵیشمبەیتر (ئیبراهیم سەماوی) ئاگاداری کردم لە رۆژنامەی (تەریق ئەلشەعب) بەیانێك دژی من و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد – لقی لێنینگراد بڵاوکراوەتەوە، هێرشێکی ناڕەوا بۆ لەسەر من کراوە و هەوڵدراوە هەڵوێست و رەفتاری من بشێوێنن و تۆمەتم بخەنە پاڵ، بۆ ئەوەی بچمە رێزی لایەنێکر تر، من هەڵوێستی خۆم بەباش دەزانم، هەرچەندە لە هەندێ لایەوە ناکۆکە لەگەڵ سیاسەتی حیزب، بەڵام من رێگا بەخۆم نادەم ببمە داردەستی دوژمنانی حیزب، یان هەر هێزێکی تر.

من لەو رۆژەی حیزبی شیوعیم ناسیوە و بەر لە تر ساڵ چوومەتە ریزیەوە، ناکەومە بەرەی دوژمن.

بۆ روونکردنەوەی هەندێ رووداو، کە لە خوارەوەی سۆڤیەت، (مەبەستم لە کامپی هاوینەهەواری سۆچی لە تەمموزیشمبەیتر کە بەر لە چەند لاپەڕەیەك ئاماژەم بە چالاکییەکانی کردووە) و هەڵوێست لە مەسەلەی کورد و چارەسەری و هەروەها هەڵوێست لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەخەمە بەرچاوتان.

لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەمەد لە سۆفیا لە ڕۆژانی بیریلیشمینیتر وسمیریلیشمینیتر کردم، زۆر ڕاستیم بۆ روونبوویتەوە، دەربارەی سیاسەتی حیزب لە ئۆتۆنۆمی و شەڕی هەڵگیرساو لە کوردستاندا.

من بڕیارم دابوو، دوای گەڕانەوەم پەیوەندیم لەگەڵ حیزب بەهێز بکەم و درێژە بە خەبات بدەم لە ڕیزی بزاڤی قوتابیان دا، بەڵام تووشی شۆك هاتم، کە چاوم بە ڕەفتار و هەڵوێستی خۆم داخشاندەوە، دیتم هەندێك دەیانەوێ من وەکو مرۆڤێکی ڕەگەزپەرست و دژ بە عەرەب لە قەڵەم بدەن.

## دەربارەی ڕووداوەکانی سەر دەریای ڕەش ( کامپی هاوین )

من پێم وایە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بۆیە هەیە، تا بەرگری لە بەرژەوەندی خوێندکارانی کورد و ماف ڕەوای گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بکات، چونکە ئەندامانی کۆمەڵە لە (عێراق، سوریا، ئێران و تورکیا) لە خۆ دەگرێ، ئێمە نوێنەرایەتی هەموو خوێندکارانی کوردستان دەکەین و لەسەر ئەو بنەمایەش، ئێمە نەچووینە ڕیزی ڕێکخراوی خوێندکارانی ولاتانی عەرەبی، کە بە دەستپێشخەری کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراق لە یەکێتی سۆڤیەت (رابطة الطلبة العراقيين في الإتحاد السوفياتي) دامەزراوە.

هەرچەندە هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، لە هەمان کاتدا ئەندامن لە ڕێکخراوی خوێندکارانی ئەو دەوڵەتانەی لێی هاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵە نوێنەری هەموو خوێندکارانی کوردستانە، ئەگەرنا بوونی هەر پێویست نەبوو، لە کامپەکانی سەر

دەریای رەش، ئەرکی نوێنەرانی کۆمەڵەیەو بەرپرسیارن لە گەیاندنی دەنگی گەلی کوردستان بە رێکخراوی خوێندکاران و بەرپرسە لەوەی بەشداری لە چالاکییەکاندا بکات و لەسەر ئەو بنەمایەش ئێمە چووینە ریزی رێکخراوەکانی خوێندکارانی ئاسیا، چونکە کوردستان دەکەوێتە ئاسیا، هەروەها بەشداری چالاکییەکانی رێکخراوەکانی دەوڵەتانی لێوەی هاتووین (عێراق و سوریا) کردووە، بەڵام سەرۆکی رێکخراوی خوێندکارانی دەوڵەتانی عەرەب هەڵوێستەکەی ئەوەبوو، کە ئێمە دوژمنایەتی عەرەب دەکەین، بۆیە ئێمەش رەخنەمان لە هەڵوێستی ئەو گرت.

بەڵام رەخنەگرتن لە هەڵوێستی تاکە کەسێك یان کۆمەڵەیەك،مانای ئەوە نییە ئێمە دوژمنی میللەتانی عەرەبین، یان دوژمنی هەموو عەرەبین، بەداخەوە لەنێو ئێمەشدا پارتییەکان ئەگەر رەخنە لەهەڵوێستیان بگرین، وای لێکدەدەنەوە تۆ دژی هەموو گەلی کوردی؟!

ئەوەی شایانی باس بێ لە سیمیناری (بوریڤسیك– مۆسکۆ) کە کاکە ئیبراهیم حاجۆ وتاری خوێندکارانی کوردی خوێندبۆوە، ئیبراهیم لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە وتارەکەیدا نە هێرشی کردبووە سەر ئۆتۆنۆمی و نە دژی بەرەی نیشتمانی، بەڵکو داوای چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کوردی کردبوو، چونکە دەقی وتارەکەم لەلایە.. تەنیا خاڵێك جێگای ناڕەزایی بوو، ئەویش ئەوەبوو، کە گوتی: خەباتی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی!

پرسیار و وەڵامەکان ئاسایی بوون، خوێندکارێکی سوریا هەندێ کێشەی درووست کرد، دوایی سیمینارەکەی جێ هێشت.

ئەو روونکردنەوەی من پێشکەشم کرد پەیوەست بە ماف چارەنووسی

گــەلان و هەڵوێســتی شــیوعیەکان وتم: مارکســییەکان دان بــە مــافی چارەنووسی گەلان دادەنێن و گەلی کوردیش هـەروەك لـە بەڵگەنامـەکانی کۆنفرانسی دووەمی حیزبی شیوعی ساڵی □لهیتر هاتووە، کورد ئومەتـە هـەموو مـافێکی هەیـە، ئەگـەر بارودۆخەکـە گونجـاو بێـت، بـەڵام ئێسـتا بارەکە نەگەییوەو لە بەرژەوەندی گەلی کورد نییە، دروشمی جیابوونـەوە هەڵگری، بەڵام لە داهاتوودا مافی خۆیـەتی، چۆن ئێمـە پشـتگیری لـە مـافی گەلی عەرەب دەکەین بۆ یەکێتی و ئازادی و لەو روانگەشەوە بۆ کورد..

خوێنـدکارێکی سـوری لـە وەڵامـی منـدا گـووتی: ئەگـەر وابووایـە؟ بـۆ حیزبی شیوعی ئێستا لەگەڵ حکوومەتەو دژی پارتیە، بۆ پـارتی نەهاتـە نێـو بـەرە، کـاك ئیـبراهیم وەڵامـی دایـەوەو گـووتی: هەڵوێسـتی حیزبـی شـیوعی راسـتە، منـیش گـوتم مانـای وانییـە، حیزبـە شـیوعییەکان لـە مەسەلەی نەتەوایەتی تووشی هەڵە نایەن!..

ئەو وەڵامەی من هاوڕێ سوریەکەی تـووڕە کـرد و سیمینارەکەی جـێ هێشت، من ئێستاش لەسەر هەڵوێسـتی خـۆمم، چـونکە چیکـو سـلۆفاکیا دوای (لهیر) سـاڵ، ململانێـی تونـد لەسـەر مەسـەلەی نەتـەوەیی دەسـتی پێکرد و دوای ساڵی تی□نیتر)ی زایینی چیکوسلۆڤاکیا بووە دەوڵـەتێکی فیدڕالی، هەروەها گۆڕان لە هەڵوێستی حیزبی شـیوعی عێراقـی لـەنێوان لهفیتر–□لهیتر روویـداوە و کۆنفرانسـی دووەم هەڵوێسـتێکی روونـی لـە مەسەلەی کورد تۆمارکردووە.

بەڵام لە (بوریڤسنیلسە) هیچ شت روویننەداوە و ئەوەی لەو رۆژنامەی کەمپەکەدا بڵاوکرابووەوە، من و کاك موئەیەد (نوێنـەری حیزبی شـیوعی و کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی عێـراق بـوو)، کـە ئامادەمـان کردبـوو، هەرچـەند هەنـدێ بۆچـوونی ناکۆکمـان هـەبوو، بـەڵام هەنـدێ لـە برایـانی عـەرەبی

سوری رۆڵێكی خەراپیان گێڕا..

ئەوەی پەیوەندی بە كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردەوە هەیە، من لە بولگاریاش لەسەر ئەو بۆچوونە بووم، كە پێویستە كۆمەڵەی خوێندكاران دوور بخرێتەوە لە ململانیٚ و ناكۆكی حیزبی، تا وەكو رێكخراوێكی خوێندكارانی – دیموكرات بپارێزرێت و خەبات لە پێناو مەسەلەی رەوای گەلی كورد بكات و بەرگری لە ماف ئەكادیمی خوێندكارانی كورد بكات و دژی ئەوە بوویمە كۆمەڵە ببێتە زمانحاڵی لایەنێكی سیاسی دیاریكراوو دژی لایەنێكی تر، من لەنامەكەمدا بۆ رۆژنامەی (تەریق ئەلشەعب) هەمان هەڵوێستم دەربڕیوە..

پێم وایە پێویستە لە كۆبوونەوەیەكی گشتی خوێندكارانی كورد لە یەكێتی سۆڤیەتدا، رێبازی كۆمەڵە دیاری بكرێت و بەرنامەیەكی وا دابڕێژێت، كە هەموو لایەنەكانی بەشداربوو لە كۆمەڵەدا لەسەری رێككەوتن.

وەك دەزانن لە سالانی [illegible] بە هۆی ئەوەی لایەنێك دەستی بەسەر كۆمەڵە داگرتبوو، كە دژایەتی سەركردایەتی شۆڕشی دەكرد، ئەوكات پارتییەكانی سەر بە بارزانی و شیوعیەكان هاوكار بوون، بەلام ئەمڕۆ هەموو حیزب و لایەنەكانی كوردی پێكەوەن، تەنیا شیوعیەكان و هەوادارەكانیان یەك هەڵوێستن، بۆیە پێویستە چالاكییەكان چڕتر بكرێنەوە، من لەو بڕوایەدام كە هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە مەسەلەی كورد بە رێگەچارەی ئاشتیانەیە و لە پێناو گەشەسەندنی عێراق و جێبەجیٚ كردنی داخوازییە نەتەوایەتییەكانی گەلی كوردە.

بێگومان چارەسەری مەسەلەی كورد پەیوەندیدارە بە دیموكراسیەت و چەند كەش و هەوای دیموكراسی پتربێت و دیموكراسیەت بچەسپیٚ،

مەسەلەی کورد باشتر چارەسەر دەکریٚ.

دەمــەویٚ پیٚتــانی رابگەیــەنم، کــە بۆچــوونم دەربــارەی ئەنجوومــەنی تەشریعی لەگەڵ ئیٚوە جیاوازە، چونکە لە بڕ ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە تـەنیا دە کەسیان شیوعینە، جگـە لـە چەند کەسیٚکی سـەربەخۆ، ئـەوی تریان بەعسی و سەرۆك جاشەکانی کۆنن و کۆنە (حەرەس قەومی)ن، من پیٚم وایە ئەنجونـەنیٚکی لـەو جـۆرە، لـە توانایـدا نییـە کیٚشـەکە چارەسـەر بکات!!

دەربــارەی پــارتیش.. مــن پــیٚم وایــە چــەند ســالیٚکە، وەك حیزبــە بورژوازییــەکانی عیٚــراق بــە پیٚــی قۆنــاغ و کــات، دژایــەتی شــیوعیەکان دەکــات، لەوانەیــە بالیٚــك لــەو حیزبــەدا دەخــوازیٚ پەیوەنــدی لەگــەڵ شیوعیەکان تیٚك بدات، بۆ لیٚدانی حیزبی شیوعی، کەلْك لـەو بارودۆخـە وەرگریٚ.

مـن بـە هـاوڕیٚ عـەزیزم گـووت: هەرچـەندە لەگـەڵ سیاسـەتی حیـزب نـاکۆك بم، بـەلاّم هـەر لـە بـەرەی حیزبـدا دەبم، کـاتی خـۆی کـە هـاوڕیٚ فیکـرەت جاویٚـد شـەهید کـرا، وتـاریٚکم بـۆ بـیری نـویٚ رەوانـە کـرد لـەژیٚر سەردیٚری: شیوعیەت لە مردن بەهیٚزترە.

ئـەو نامەیــەم وەك لەســەرەوەدا ئامــاژەی پیٚکــراوە لــشمتربلیشمبنیتر نووســراوە، نامەیــەکی تــرم هــەر لــشمبنیتر بــۆ هــاوڕیٚ عــەزیز لەســەر هەلْویٚستیان لەبەرەدا نووسیوە.. ئیٚستا لەبەردەستم دانیە.

## سالْی خویٚندنی 1974-1975

ســالْی خویٚنــدنیشمبنیتر-لهینیتر دوا ســالْی خویٚنــدنم بــوو، بۆیــە دەبووایە خۆم زۆر ماندوو بکەم، چونکە سالْی نووسینی تیٚزی ماجستەر

و تاقیکردنەوەی کۆتایی بوو، لە ساڵی پێشوودا باسێکم لەسەر دڕامانووسی گەورەی رووس ئەلکساندەر سێرگیڤیچ گریبەیدۆڤ (لهتر/تر/لهنیی‌تر–بیمه/ترلی‌یتی‌تر) نووسی، درامای (نەهامەتی لە ژێریدایە).

هەڵوێستی نووسەری ئەو درامایە لەگەڵ بزاڤی دیسامبەرییەکان دابوو.. (دیارە: بزاڤی دیسامبەرەییەکان، بزاڤێك بوو بۆ گۆڕانی سیستەمی سیاسی رووسیا، ئەو بزاڤە لەلایەن رێکخراوێکی نهێنی ئەفسەرانەوە دامەزرابوو و لەشمتری دیسەمبەری لهیتی‌تر هەوڵێکی سەرنەکەوتوانەیاندا، پێنج کەس لە بەشداربووانی لە سێدارە دران و (بریتی‌تر) کەسیش حوکمی جۆراوجۆر دران و رەوانەی سیبیریا کران).

قارەمانی سەرەکی ئەو درامایەی گریبەیدۆڤ بە ناوی (چاتسکی) نوێنەری ئەو بزاڤە بوو، کە ئاماژەم پێکرد، هەربۆیەش باساکەی من لەژێر سەردێڕی (چاتسکی –دیکابریست– چونکە بە رووسی بە دیسەمبەر دەڵێن دیکابر).. ئەوەی شایانی باس بێت شاعیری گەورەی رووسیا ئەلیکساندەر سیرگیڤیچ پۆشکین (□یر/لهلینیی‌ترئی‌یر/ترلیسی‌تی‌تر) کە بەر لە رووداوی‌شمتری دیسەمبەری لهیتی‌تر بۆ گوندی میخایلۆفسکی دوور خرابووەوە، بەڵام لە دوای ئەوەی ڕاپەڕینی دیسەمبەرییەکان شکستی هێناو نیکۆڵای یەکەم دەسەڵاتی وەرگرت، بەدوای پۆشکینی نارد لە کۆشکی قەیسەر چاوی پێکەوت و لێی پرسی: ئەلکساندەر سێرگیڤیچ، ئەگەر لە رۆژی‌شمتری دیسەمبەر لە پتیترۆگراد بووای لە کوێ دەبووی؟ پۆشکین لە وەڵامی قەیسەردا بە ڕاشکاوی رایگەیاند: لەگەڵ هاوڕێکانم دەبووم، لەگۆڕەپانی سینات (سینات–ئەنجوومەنی پیران–باڵەخانەکەی لە ناوەڕاستی شارەو گۆڕەپانەکەشی بەناویکراوە)، چونکە ئەفسەرانی بزاڤەکە لەو گۆڕەپانەدا کۆبوونەوە بە مەبەستی گۆڕینی

رژێمی قەیسەری.

نیکـۆلای لێیخۆشـبوو و پۆشـکین گەڕایـەوە میخایلۆڤسـکیا، ئـەوەی شایانی باس بێت پۆشـکین ئەندام نـەبوو لـەو رێکخراوە نهێنیـەدا، بـەڵام شـیعرەکانی پۆشـکین دەربـڕی، هەڵوێسـتی شۆڕشـگێرانەی بزاڤەکـەبوو، پۆشـکین هەڵوێسـتی نـەگۆڕبوو، چـونکە ژمارەیـەك لـە دیسـەمبەرییەکان هـاوڕێی پۆشـکین بـوون، دوای دوو سـاڵ لەسـەر راپەڕینەکـەدا، لەسـاڵی بیییتیتر پۆشـکین لـە شـیعرێکدا بـە ناونیشـانی (مـن سـروودی جـاران دەڵێمەوە) هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی دووپات دەکاتەوە.

بـەڵام بۆ تێـزی ماجستـەرەکەم، رۆمـانی (قارەمـانی ئـەو سـەردەمەم)ی گـــەورە شـــاعیری رووســـیا میخائیـــل یوریـــۆڤیچ لێرمونتۆـــڤ (سمتر/برترشمتتیتر-لهتربلی/تثیمتیتر)م هەڵبژارد.

لێرمۆنتۆف لە دوای پۆشکین بە گەورەترین شاعیری رووسای سەدەی نۆزدەهـەم دەژمێردرێـت، ئـەوەی شـایانی وتنـە لێرمۆنتـۆف جگـە لـەوەی شاعیرێکی گەورە بوو، چیرۆك و رۆمان نووس و هونەرمەندی شێوەکار و مۆسـیقا ژەنێکـی بـە توانـا بـوو، تێزەکـەم لـەژێر سـەردێڕی (پیچـۆرین قارەمانی ئەو سەردەمە) بوو، چونکە کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکەبوو، کەسایەتییەك بوو هەڵس و کەوت و رەفتار و بۆچوونەکانی لەگەڵ ئاستی بیرکردنـەوەی سـەردەمەکەی نـەدەگونجا، بـەڵکو پێشـکەوتووتر و شـازتر بوو.

مـن ئـەو تێـزەم لـەژێر سەرپەرشـتیاری پرۆفیسـۆر (ڤیکتـۆر مانۆیلـەڤ) نووسـی، کـە یـەکێك بـوو لـە گـەورە شـارەزایان و پسـپۆڕی ئـەدەبیاتی سەدەی نۆزدە و بە لێرمۆنتۆڤ ناس دەناسرا.

لە مانگی شوباتی لهیتر من دەستم بە نووسینی کرد، ئەوەش دوای

ئەوەی هەموو سەرچاوەکانم بەسەرکردەوە، کە پەیوەندی بە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی سەرەتای سەدەی نۆزدەمی رووسیاوە هەبوو، بەڵام لەناو نووسیندا بووم، کە لە مانگی ئاداری لهیتر هەواڵی مۆرکردنی رێکەوتنی ی ئاداری لهیترمان پێگەیشت، کە لە نێوان سەدام حوسێن و محەمەد رەزا شا لە (ئەلجەزایر) ئەنجام درا و شۆڕشی ئەیلوول تووشی شکست هات، بێگومان ئەو هەواڵە بۆ کوردەکانی دەرەوەی وڵات، جەرگبڕبوو و چاوەڕوان نەکراوبوو، چونکە شۆڕشی کورد هێزێکی چەکداری زۆری هەبوو و هەروەهاش گەلی کوردی لە پشتەوە بوو، بەڵام ئەو وێنانەی تەلەفزیۆنەکان بڵاویان دەکردەوە، پێشمەرگە چەك دادەنێ و سەرکردایەتی شۆڕش هەندێك روو لە ئێران دەکەن و هەندێکی تریش خۆ دەدەنە دەستی حکوومەتی بەعس، کاریگەری دەروونی خەراپی لەسەرمان هەبوو، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەی لەگەڵ شۆڕش بوون، نەك لەگەڵ حکوومەتی بەعس لە بەغداد.

من وەکو کوردێك ئەندامی هیچ حیزبێکی کوردی، یان عێراقی نەبووم، بەڵام هەڵوێستم لەگەڵ شۆڕش بوو، بۆیە زۆر شڵەژام، پەیوەندیم بە دۆستان و هەوادارانی شۆڕش لە خوێندکارانی کورد لە سۆڤیەت کرد، بۆ ئەوەی هەڵوێست وەرگرین.

ئەوەی شایانی باس بێت، لایەنگرانی شۆڕش لەدەرەوە، زۆربەیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، دوای شکستی شۆڕش بۆچوونی جیاوازیان لەنێودا درووستبوو، هەندێك راستەوخۆ پەیوەندییان بە باڵیۆزخانەی رژێمی بەغدا لە مۆسکۆ کردو هەندێکی تر بڕیاری ئەوەیان دا، کە دوای تەواوکردنی خوێندن روو لە ئەورووپای رۆژئاوا بکەن، بە تایبەتی دەوڵەتەکانی وەك نەمساو ئەڵمانیا،

پەناهەندەی کوردیان وەردەگرت، لەبەر ئەوەی من ئەندامی هیچ حیزبێك نەبووم، دەبووایە بڕیارێکی سەربەخۆ وەرگرم، بەتایبەتی ئەوکات من خاوەن ژن و منداڵ بووم و خێزانەکەم خەڵکی سۆڤیەت بوو.

من بڕیارمدا خەریکی تێزەکەم بم، چونکە لە چوارساڵی پێشوودا نمرەکانم باش بوون، هەر لە سەرەتاشدا کە بەشی رووسیم هەڵبژارد، بەو نیازە بووم دوای ئەوەی ماستەر لە ئەدەب و زمانی رووسی وەردەگرم، درێژە بە خوێندن بدەم لە بوواری ئەدەبی کوردیدا، بۆیە هەموو توانام خستەگەڕ بۆئەوەی تێزەکەم باش دەربچێ، تا بەشەکەم پێشنیاز بکەن بۆ درێژەدان بە خوێندن.

لە نیسانی لەینیتردا باڵیۆزخانەی عێراق نامەیەکیان ئاراستە کردم، تیایدا داوا دەکەن تلبی نیسانی لەینیتر پێویستە سەردانی باڵیۆزخانە بکەم و هەڵوێستم یەکلا بکەمەوە، ئەگەرنا پاسەپۆرتم لێ وەردەگرنەوە، نامەکە بە واژووی دکتۆر (قوتەیبە ڕاوی) بوو، کە (مولحەقی سەقافی) بوو، لە باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ.. منیش بە تەلەفۆن ئاگادارم کردنەوە، کە خەریکی تێزەکەمم، تا کۆتایی مانگی ئایار بۆم ناکرێ سەردانیان بکەم، باڵیۆزخانە پەیوەندییان پێوە کردم و ئاگاداریان کردم، کە ئەوان دووکەس دەنێرنە لام لە بەشی ناوخۆدا.

ئێوارەیەك لە دەرگای ژوورەکەم درا، کە دەرگام کردەوە، دوو خوێندکاری عەرەب (ئەندامی یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی عێراق بوون، کارمەندی باڵیۆزخانە بوون)، خۆیان پێشکەش کرد.. گوتیان: ئێمە دەزانین، تۆ پشتگیری (جەیبولعەمیل)ت دەکرد، ئێستاش داواتان لێ دەکەین هەڵوێستی خۆتمان بۆ روون بکەیەوە؟

گوتم: من ئەندامی هیچ حیزبێك نیم و لێرە خوێندکارم.

گوتیان: پێویستە بە نووسین هەڵوێستت لە حکوومەتی عێراق روون کەیەوە.

گوتم: زۆرباشە، وەڵامی خۆمتان بۆ دەنووسم و ڕەوانەی باڵیۆزخانەی دەکەم.

ئەوان بەم شێوە خواحافیزیان کرد، منیش زۆر بیرم کردەوە، بە چ شێوەیەك وەڵامەکە بنووسم؟! سەرەنجام بڕیارم دا، پرسوڕا بە هەندێ لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی بکەم، هەرچەندە لێژنەی حیزبی شیوعی هەڵوێستی دژی من بوو، منیش بە تێگەیشتنی خۆم بارەکەم لێکدایەوە، هۆی شکستی شۆڕشم خستە بەرچاو، کورت بینی سیاسەتی پارتی و خۆ خستنە باوەشی ئێران بوو!!

بەرژەوەندی تایبەتی خۆم کە من نە ئەندامی پارتیم، نە ئەندامی شیوعی، پێویستە هەڵویستەك وەرگرم، لەو هەلومەرجەدا، کە لەسەر تەواوکردنی خوێندنم و زیانم پێ نەکەوێ؟! (دیارە کە نامەکەم نووسی، لەو رووانگەیەوە هەڵسەنگانی بارودۆخەکەم کردوە)، لەوانەیە ئەگەر ئەمڕۆ بووایە، یاخود لە زینداندا بوومایە، هەڵوێستم بە شێوەیەکی تر دەبوو، چۆن کە لە بەندیخانەدا بووم، لە سالێنی نیتر، ئامادە نەبووم سازش لەسەر هەڵوێستم بکەم، بۆ ماوەیەکی درێژتر لە زیندان مامەوە، بەڵام هەڵوێستی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی عێراقم دەزانی، کە لەوانەیە فشارم بخەنەسەر، بۆ ئەوەی سۆڤیەت بەجێ بهێڵم و خوێندن تەواو نەکەم، کەسی ئەوتۆشم لە ئەوروپای رۆژئاوادا نەدەناسی، پەنای بۆ بەرم، بۆیە نامەیەکم لەسشە/لهینیتر بۆ دکتۆر (ئوسامە گەیلانی) قونسلی عێراق نووسی، دانەیەکم بۆ باڵیۆزخانە رەوانەکرد، دانەیەکم بۆ حیزبی شیوعی عێراق و دانەیەکم بۆ خۆم لە ئەرشیف راگرت..

لەنامەکەمدا هاتووە: من لەو بڕوایەدام، کە چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراقدا، بەشێکە لە مەسەلەی دیموکراتیەت لە وڵاتدا و بەیاننامەی مێژوویی ئادار، بەرهەمی خەباتی هاوبەشی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کوردە، کە رادەی بۆ شەڕی براکوژی داناو دانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دانا.

هەروەها لەنامەکەدا هاتووە: بزاڤی دیموکراتی کورد بەشێکی جیانەکراوەیە لە بزاڤی دیموکراتی و نیشتمانی گەلی عێراق.. بێگومان جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی لە بەرژەوەندی جەماوەری زەحمەتکێشی گەلی کوردە، بە بڕوای من تەنیا راستەوخۆ پشتبەستن بە هێزە دیموکرایتیەکانی کوردستان بەهێزکردنی رۆڵی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتخوازە لە ژیانی سیاسی وڵاتدا.

بێگومان ئەو نامەیە لایەنێکی لاوازی پێوە دیارە، بەڵام لە بەراورددا لەگەڵ هەڵوێستی زۆربەی خوێندکارانی کورد (لایەنگرانی شۆڕش) و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سکرتێری یەکەمیەوەش جیاوازە، چونکە ئەوانە هاتنەوە باوەشی بەعس و هەندێکیان لە خوارووی عێراق بوونە، کارمەندی دەوڵەت، بەڵام من خۆم پاراست و دوورە پەرێز مامەوە و بە یەکجاریش، تا دوای راپەرینی ١٩٩١ نەگەڕامەوە، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٨ دکتۆراشم وەرگرت.

لە مانگی ئایاری ١٩٧٨ تێزەکەم ئامادەبوو، بەڵام دەبووایە بەر لەوە سێ تاقیکردنەوە ئەنجام بدەم، وەك لە شوێنێکی تر ئاماژەم پێکردوە، پەیوەندیم لەگەڵ رێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق لە سۆڤیەت خەراپ

**بـوو، بـە هـەر شـێوەیەك بۆیـان بکرایـە، تەگـەرەیان دەخسـتە بـەردەمم، چــونکە دەیــانزانی لــە خوێنــدن باشــم و کۆلێژەکەشــم لــە دکتــۆرا وەرمدەگریٚ، ئەگەر لەو سیٚ تاقیکردنەوەشدا نمرەکەم (نایاب) بێت، بۆیە نوێنەرانی لێژنەی حیزبی شیوعی عێراق لە شاری لێنینگراد (ئیبراهیم سەماوی و عەبدولوەهاب جبوری)، کە پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسیاری بەشی خوێندکارانی بێگانە لە زانکۆی لێنینگراد (لاریسا ئیلینشنا) زۆر بـاش بـوو، هەوڵیانـدا لـە ڕێگـای ئـەو نـەهێڵن لـەو تاقیکردنەوانـەدا بـە (نایاب) دەربچم.**

**لــە ڕۆژی یەکــەمی تاقیکردنــەوەدا (لاریســا) هــات لــە تــەك لێژنــەی تاقیکردنــەوەدا دانیشــت، کــە کــاری وی نــەبوو، ئێمــە پێــنج خوێنــدکار بــووین، کەبەشــداری تاقیکردنــەوە بــووین، (ســیٚ فینلەنــدی، یــەك ئەرجـەنتینی و مـن)، ئێمـە یـەك گـروپ بـووین، لـەنێو خۆمـان مەزەنـدەی نمرەکانمــان کردبــوو، (دوو کچــە فینلەندیەکــە پلــەی نایــاب، کــورە فینلەندییەکـە پەسـەند، ئەرجەنتینیەکـە بـاش، منـیش نایـاب).. دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکەمان ئەنجامدا، ئاکامەکەی بە جۆرێکی تر هاتەوە، کوڕە فینلەندیەکە بە (نمرەی باش) دەرچوو، بەڵام من بە (پەسەند).. من ناڕازی خۆم  بە نووسین دەربڕی، چونکە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی لە زانکۆ بووم، لەو دەرسەدا هەموو نمرەکانم (نایاب) بوو.. من زانیم ئەوە دەست تێوەردانی بەشی بێگانەبوو، بۆیە کە لە دوو دەرسەکەی تر زووتر دەچووم و یەکەم کەس دەچوومە ژوورەوە.**

**دوو دەرسەکە (یەکیان مێژووی فەلسەفە بوو، ئـەویتریان کۆمـۆنیزمی زانستی)، ئەو ڕۆژەی مێژووی فەلسەفەمان هەبوو، مامۆستاکان چوونە ژوورەوە من لە دوایان چوومە ژوورەوەو یەکسەر پرسیارەکەم وەرگرت..**

وەلامدانەوە راستەوخۆ بوو، نەك بە نووسین، دوای چارەگێك ئامادەییم پێشاندا بۆ وەلامدانەوە، یەکسەر چوومە بەردەم لیژنەی تاقیکردنەوە، کە لە سێ پرۆفیسۆر پێکهاتبوو، وەلامەکانم دایەوە، دوای ئەوە هاتمەوە دەرەوە، لەسەر پەیژەکان تووشی خاتوون (لاریسا) هاتم، گوتی: وەرە تاقیبکەوە، پێم گوت: من تەواوم کرد و لە تاقیکردنەوەی سێیەمیشدا هەر بەو جۆرە رەفتارم کرد، لە تێزەکەشمدا نمرەی باشم وەرگرت، کە رۆژی □یر/له/لهیی تر بەرگریم لێکرد.

دوای ئەوە لیژنەی زانستی بەشی ئەدەبیاتی رووسی لەسەر پێشنیازی پرۆفیسۆر مانوئیلۆف، ناوی منی پەسەند کرد، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئەسپرانتۆرە (بۆ دکتۆرا) و کۆنووسەکەش لە لایەن سەرۆکی بەشی ئەدەبیاتی رووسی پرۆفیسۆر مەکە گۆنیکا ئیمزا کرا، دەبووایە لە کۆتایی مانگی حوزەیران، لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی زانستی زانکۆی لێنینگراد پەسەند بکرێ، بەلام لێرەدا دیسان خاتون (لاریسا) دەستتێوەردانی کرد، ئەویش ئەو برگەیەی پەیوەندی بە منەوە هەبوو، نەخرابووە بەردەم ئەنجوومەنی زانستی.. ئەوەش بۆ ئەوەبوو، کە رێگا لە من بگرن و ناچارم بکەن بگەرێمەوە عێراق، بەلام من پەیوەندیم بە پرۆفیسۆر مەکە گۆنیکاوە کرد، لەم بارەیەوە، ئەویش پێی راگەیاندم، کە بەشی ئەدەبیات بە رەسمی و لە کۆنووسی خۆیدا دەستنیشانی منیان کردوە بۆ درێژەدان بەخوێندن و دیسان پەیوەندیم بە پرۆفیسۆر مانۆئیلۆف کرد، خۆشکەکەی ئاگاداری کردم، کە پرۆفیسۆر چویتە (ئاسیای ناوەند) بۆ پشوودان و ناونیشانی تەلەفۆنی پێدام، منیش پەیوەندیم پێوەکرد و ئاگادارم کردەوە، ئەویش بروسکەیەکی رەوانەکرد و دووپاتی کردەوە، کە ئەو پێشنیازی کردووەو بەشی ئەدەبیات

پەسەندی کردووە.

چوومە لای خاتون (لاریسا)، بروسکەی مانۆئیلۆفم بۆ برد، گوتی: دیارە لەبیرکراوە لە کۆتایی مانگی هەشت ئەنجومەن کۆدەبێتەوە، بەڵام ئەتۆ ماوەی مانەوەت لێرەدا کۆتایی هاتووە، بۆیە پێویستە سۆڤیەت بەجێ بهێڵی و پاسەپۆرتت بێنە تا بلیتی فڕۆکەت بۆ بکڕین، گوتم: زۆرباشە.

من مامۆستایەکم، لە بەشی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەند بە ناوی (تەمارا میخایلۆڤنا) دەناسی، کە زۆر یارمەتی خوێندکارانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەدا، چوومە لای ئەو، حاڵ و مەسەلەکەم بۆ باس کرد.. ئەویش پەیوەندی بە کۆمیتەی هاوکاری ئاسیا و ئەفریقیا لە لێنینگراد کرد و مەسەلەکەی تێگەیاندن و کاتێکی لێوەرگرتن بۆ ئەوەی چاوم پێیان بکەوێ.

ئەو کۆمیتەیە شوێنیان لە باڵەخانەی دۆستایەتی بوو، چوومە لایان، چاوم بە ریچکۆڤ نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ و یوری میخایلۆڤیچ کەوت، باسی دەستتێوەردانی (لاریسا) و هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراقیم بۆکردن، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم، هەڕەشەو گوڕەشەی (لاریسا)شم بۆ باس کردن، کە دەڵێ: پێویستە بە زووترین کات سۆڤیەت بەجێ بهێڵم و ڤیزای مانەوەم بۆ درێژ ناکەنەوە.

ئەوان داوایان لێکردم پاسەپۆرتەکەمیان بۆ بێنم تاکو ڤیزای مانەوەم تا مانگی ئەیلوول بۆ درێژ بکەنەوە، بەم شێوەیە تا دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی زانستی زانکۆ، بۆ سێ مانگ ڤیزایان بۆ درێژ کردمەوە.

لەو ماوەیەدا من هەوڵمدا پەیوەندی بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق لە رێگای هاوڕێ (عەزیز محەمەد)ەوە بکەم، بە تەلەفۆن و

نامە، ئاگادارم کرد، من داوای (زەمالە) لە وان ناکەم، تەنیا دژایەتی مانەوەم نەکەن، چونکە کۆمیتەی هاوکاری ئاسیا و ئەفریقیا پشتگیریم دەکەن..

لە مانگی ئەیلول سەردانی زانکۆم کرد، بۆ زانینی بڕیاری ئەنجوومەن، پێیان راگەیاندم، کە لەو کۆبوونەوەشدا مەسەلەی من نەخراوەتە روو.

دووبارە ئاگاداری کۆمیتەی هاوکاری ئاسیا و ئەفریقیام کرد، ئەوانیش دیسانەوە ڤیزەیان بۆ درێژ کردمەوە، تا مانگی کانونی یەکەم.. لەو ماوەیەدا پەیوەندیم بە نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق لە مۆسکۆ (عمومە مصری – عەمیدە) کرد، چونکە هاوڕێ عەزیز گووتی لە رێگای (عەمیدە) ئاگادارتان دەکەینەوە، ئەویش هەر دەیگووت هیچ وەڵام لە حیزبەوە نییە.

ئەگەر بە یادم بێت هاوڕی عەزبز هاتبووە مۆسکۆ، پەیوەندیم پێوەکرد و پرسیاری وەڵامی نامەکەم کرد، گوتی: مەکتەبی سیاسی لاریی نییە، مادام لەسەر حسابی زەمالەی حیزب نییە و ئاگاداری هاوڕێیانمان کردەوە، ئینجا من پەیوەندیم بە (عەمیدە) کردەوەو پێم گوت: هاوڕێ عەزیز وای گووت.

گوتی: باشە، ئێمە خەبەری (ئیبراهیم سەماوی) دەدەین، لەگەڵت بچێتە زانکۆ و ئاگاداریان بکاتەوە، کە حیزبی شیوعی دژی وەرگرتنت نییە.

دوای دوو رۆژ پەیوەندیم بە (ئیبراهیم سەماوی) کرد و لەگەڵم هاتە لای (لاریسا)، پێی راگەیاند، کە: حیزبی شیوعی دژی وەرگرتنی جەمشید نییە.

دوای ئـەوە، کـە چـوومە لای کۆمیتـەی ئاسـیا و ئـەفریقیا، گوتیـان: ئێسـتاکە کۆتـایی سـاڵە، مەسـەلەکە دەکەوێتـە سـاڵی داهـاتوو، بۆیـە پێشنیاز دەکەین، بگەڕێوە بەغدا، ئێمە ڤیزەت بۆ دەکەین، چوون و هاتن و ماوەکـەش درێـژ دەکەینـەوە، کـە لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا فـەرمان دەرچوو، ئاگادارت دەکەینەوە، ئێستا بڕۆ، با زانکۆ بلیتی چوونت بۆ بەغدا بۆ بکڕێ، مامۆستا (تامارا) ئادریسی بەغدای لێ وەرگرتم، گوتی: بێ خەم بە، من ئاگادارت دەکەم و خۆشم بە دوای مەسەلەکەدا دەچم.

ئـەوەی شـایانی بـاس بێـت، مـن لـە مـانگی شەشـەوە بـێ مووچـە و یارمـەتی بـووم، تـەنیا خێـزانم کـاری دەکـرد، منـیش لـەو ماوەیـەدا چـەند جارێك ئاگاداری کاك (صالح)م کردبووەوە، کە دەگەڕێمـەوە، بـەڵام هـەر دوام خسـت، جـا کـە بڕیارمـدا بگەڕێمـەوە، لـە مـانگی کـانونی یەکـەم، ئەمجارەیان ئاگادارم نەکردن، چونکە نەمدەزانی لە فڕۆکەخانە دەستگیر دەکـرێم؟ یـان نـا؟ بۆیـە بـێ ئاگـاداری گەڕامـەوە بەغـدا، کـە گەیشـتمە فڕۆکەخانەو بە سەلامەتی دەرچووم، یەك فلسی عێراقیم پێ نەبوو، بەڵام لە هۆڵی پێشوازی فڕۆکەخانەدا، چاوم بە دکتۆر کاوس قەفتان کەوت، هاتبووە پێشوازی کوڕێك بە ناوی (سەردار)، پێم وایە ئەو کوڕە لە لایەن بەعس لە هەشتاکان لە سێدارە درا، پاش چاکی و چۆنی، داوام لە دکتۆر کاوس کرد، کە تاکسییەکم بۆ بگرێ، تا (راغیبە خاتوون)، چونکە کەسم ئاگادار نەکردۆتەوە و پارەشم پێ نییە..

نزیکـەی سـەعات (١٢) تێپـەڕی بـوو، لەبـەر دەرگـای مـاڵی کـاك صـالح هاتمـە خـوارێ.. لـە دەرگـام دا، کـەس دەرگـای نـەکردەوە، کـاك صـالح نوستبوو، بەڵام کە نەختێك بە توندی لە دەرگام دا، کاك صالح لە خـەو هەڵساو دەرگای کردەوە، یەکترمان ماچ کرد و گلەیی کرد کە بۆ ئاگادارم

نەکردوون، منیش بۆم باس کرد، هۆیەکەی چی بوو.

کە من گەڕامەوە کاك صالح لە رۆژنامەی (العراق) کاری دەکرد و لەگەڵ حیزبەکەی عەزیز عەقراوی بوو، منیش دژی ئەو حیزبە بووم و دژی ئەوەش بووم، کە کاك صالح لەگەڵیان کار دەکات، چەند رۆژێك لە بەغدا مامەوە، پاشان پێم وایە لەگەڵ کاوەی کوڕی هاتمەوە هەولێر، دیارە گەڕانەوەم بێ کێشە بوو.

من لەو ماوەیەدا توانیم شەهادەی زانکۆی لێنینگراد (تعادل) بکەم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و خۆ ئامادە بکەم بۆ گەڕانەوە، دوای ئەوەی بروسکەم بۆ دێ، بەڵام کێشەکە ئەوەبوو بە چ شێوەیەك پاسەپۆرت نوێ بکەمەوە و چۆن رێگای چوونە دەرەوەی وڵات وەربگرم؟

دوای ئەوەی (تامارا میخایلۆڤنا) بروسکەی بۆ رەوانە کردم، کە کارەکەم تەواو بوو و پێویستە بگەڕێمەوە، دەبووایە رەزامەندی دەرچوون لە عێراق جێبەجێ بکەم، لە دەزگای پاسەپۆرت پێیم راگەیاندن، کە: من خێزان و کوڕم لە لینینگرادە، دەچم بۆ ئەوەی بیانهێنمەوە عێراق.

بەو شێوەیە پاسەپۆرتم وەرگت و بە هەلیشم زانی بەر لەتی ی شوباتی بلینی تر عێراق بەجێ بهێڵم، بۆیە رۆژیبی یر/بلینی تر لە بەغداوە بەرەو مۆسکۆ فڕیم، شەو گەیشتمە فرۆکەخانەی شێرێمێتەڤا، لەوێ تاکسیم گرت بۆ ماڵی خەزووری هاوڕێی شەهیدم (محەمەد عیزەت عەزیز مەردان)ی کەرکوکی.



مومتاز حەیدەری – جەمشید حەیدەری / 1998

# بەشی شەشەم

## 1983/3/5 – 1976/2/7

سەرلەبەیانی رۆژی 1976/2/7 لە ریّگای فرۆکەخانەی بەغدا، بەرەو مۆسکۆ بەرێ کەوتم، نزیکەی سەعات 1ی نیوەڕۆ گەیشتمە فرۆکەخانەی شێریمتۆڤا لە مۆسکۆ. تاکسیم گرت و چوومە شەقامی مارشال ژۆکۆڤ، کە ماڵی خەزووری هاوڕێی شەهیدم محەمەد عێزەت لەو شەقامە بوو، دوای نانی نیوەڕۆ، جانتا و کەل و پەلەکانم لەوێ جێهێشت، روومکردە بەشی ناوخۆیی شەقامی ئەستراڤیتیانۆڤ، کە بەشی ناوخۆی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت، ئنستیتۆی رۆژهەلاتناسی لێ بوو. ئەو کات چەند برادەرێکی کوردی عێراق و سوریا لەوێدا دەژیان. هەروەها بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە دایکی حەیدەرەوە کرد و هەروەها بە مامۆستای بەشی مێژوو تەمارا میخایلۆڤا سینکۆڤا، کە زۆر یارمەتی دام لە مەسەلەی وەرگرتنم لە خوێندنی باڵا و هاوکاری کردم لە ڕێگای خانەی دۆستایەتی ئاسیا و ئەفریقیا.

سەرلەبەیانی رۆژی 1976/2/8 روومکردە وەزارەتی خوێندنی باڵای سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی بڕیاری وەرگرتنم لە خوێندنی باڵادا.

لە وەزارەت ئاگاداریان کردم، کە لە زانکۆی لێنینگراد وەرگیراوم بۆ درێژە پێدان بە خوێندن لە بەشی ئەدەبی رووسیدا، بەڵام پێم راگەیاندن، کە: من نیازم لە خوێندنی بەشی رۆژهەڵاتناسیدایە، نەک ئەدەبی رووسی. بۆ دوو رۆژێك مەسەلەکەم دوا خرا، دووبارە پەیوەندیم بە مامۆستا تەمارا و نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ (لە خانەی دۆستایەتی) کرد و ئاگادارم کردن، ئەوان پێیان راگەیاندم، کە فەرمانی وەزاری بۆ زانکۆی لێنینگراد بهێنم، ئەوان لە لێنینگراد لەگەڵ زانکۆ و ئنستیتۆی رۆژهەڵاتناسی پەیوەندی دەکەن و کارەکەم بۆ جێبەجێ دەکەن.

چەند رۆژێك لە مۆسکۆ مامەوە تا فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵام وەرگرت، کە بۆ ئسپرانتۆر (دکتۆرا) لە زانکۆی لێنینگراد بۆ فەکولیتێتی ڤیلۆلۆگی ئاراستە کرابوو. بە شەمەندەفەر گەڕامەوە لێنینگراد.

ئەو رۆژەی گەڕامەوە، یەکسەر نەچوومە زانکۆ، بەڵکو پەیوەندیم بە مامۆستا تەماراوە کرد و لە خانەی دۆستایەتی چاوم بە هەر یەك لە نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ و یوری میخایلۆڤیچ و بەرپرسێکی تر کەوت، کە ناوەکەم لەیاد نەماوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشی بێگانە لە زانکۆی لێنینگراد بدوێن و هەروەها لەگەڵ ئینیستیتۆی رۆژهەڵاتناسی پەیوەندی بکەن، چونکە پێویست بوو لە بەشی کوردی رەزامەندی وەرگرن، کە پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ ئامادەیە سەرپەرشتی نامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی بکات، یاخود نا؟ ئەوەی راستی بێ من پێشتر لەگەڵ مامۆستا کوردۆ و ئۆردوخانی جەلیل و زاریێ یوسوپۆڤا لەو مەسەلەیە دوا بووین، کە بەشی کوردی خۆشحاڵ بوو، بەڵام دەرکەوت کە مامۆستا قەناتی کوردۆ لە لایەن رێکخراوی حیزبی شیوعی عێراقەوە لە لێنینگراد پێی راگەیەندرابوو، کە حیزب (مەبەستم رێکخراوی حیزبی

شیوعی لە شاری لێنینگرادە)، پێیان خۆش نییە، من لە سۆڤیەت بخوێنم، وەك پێشتریش لە بەشی پێنجەم ئاماژەم پێکردووە، مامۆستا راستەوخۆ نەیگوت وەریناگرین، بەڵکو بیانۆی هێنایەوە، کە ئەو پسپۆڕی لە زماندا هەیە، ناتوانێ سەرپەرشتیی ئەدەب بکات، هەرچەند کوردۆ یێڤ لە بواری ئەدەبیاتیشدا شارەزایی هەبوو، هەروەها راستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دکتۆر مارف و دکتۆر ئیحسان فوئاد و کەسانی تریشی کردبوو. بەڵام کە من خۆم لەگەڵیا رۆنیشتم و کەوتینە گفتوگۆ، کە پێویستە ئەو سەرپەرشتیی کارەکەم بکات و بەڵێنم پێدا، کە هەر دەقێك پێویست بوو، من وەریگێڕمەوە سەر زمانی رووسی، لە لایەن باری تیۆرییەوە مامۆستای زۆرم هەن لە زانکۆی لێنینگراد یارمەتیم دەدەن و هەروەها دکتۆر ئۆردۆخان و دکتۆر زارێ و هەموو ئەندامانی بەشی کوردی بەڵێنیان دا، کە یارمەتیم بدەن (یارمەتی مامۆستا بدەن). لە خانەی دۆستایەتی داوایان لێکرد، کە رەزامەندی بفەرمێ لەسەر وەرگرتنم.

ئیدی سەرۆکی ئنستیتۆی رۆژهەڵاتناسی پرۆفیسۆر یوری ئاشوتۆڤیچ پترۆسیان دوای ئەوەی رەزامەندی قەناتی کوردۆی وەرگرت، رەزامەندیی دا، کە خوێندنەکەم لەلای ئەوان بێت، پێویستە مێژووی فەلسەفە بە گشتی و کۆمۆنیزمی زانستی، کۆرسێك لە ئاکادیمیا وەك مەرج بۆ هەمووان (بۆ خوێندکارێکی خوێندنی باڵا) تەواو بکەم.

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، لە 1976/2/17 بە فەرمی لە ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی لێنینگراد لە دکتۆرا وەرگیرام.

لە دوای ئەوەی بە فەرمی بوومە خوێندکار لەلای پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، لە یەکەم چاوپێکەوتنی فەرمی وەك مامۆستا و خوێندکار،

مامۆستا چەند مەرجێکی بۆ دانام، کە پێویستە لە ماوەی سێ ساڵدا پەیڕەوییان بکەم، ئەوانیش:

1. پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەم بە شێوەیەکی گشتی.

2. بەرنامەی ساڵانە و مانگانە.

3. خوێندنەوەی چ دەربارەی کوردەلۆژی نووسراوە و لەبەردەستدایە.

4ـ نووسینی راپۆرت بۆ کۆنفرانسی ساڵانەی ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی لەسەر بابەتێك لە بابەتەکانی نامەی دکتۆراکەم.

5. فێربوونی نووسین و خوێندن بە لاتینی (ئەوەشی دیار کرد، کە پێویستە لە ماوەی دوو هەفتە تا سێ هەفتە لەدەست بەکاربوون جێبەجێ بکەم، ئەگەر دەرنەچووم لە سەرپەرشتی کردنی نامەکەم پاشگەز دەبێتەوە).

منیش دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، بابەتی لێکۆڵینەوەکەم داڕشت، کە دەربارەی پەخشانی هونەری کوردییە لە نێوان ساڵانی 1925-1960.

بەشەکانم دیار کرد و قۆناغەکان و ئەو نووسەرانەی بەرهەمەکانیان دەکەوێتە هەر بەشێك، هەروەها لە ساڵی یەکەم چ دەخوێنمەوە، چ دەنووسم و بەشداریم لە کۆنفرانسدا لەسەر چ بابەتێك دەبی. هەروەها بەرنامەی ساڵانەم بە سەر مانگ دابەش کرد و دانەیەکم دا قەناتی کوردۆ، دانەیەك لە بەشی کوردی پارێزرا و دانەیەکم بۆ خۆم هەڵگرت. بە پێی ئەو بەرنامەیە دەست بەکار بووم.

یەکەم خاڵ کە لێرەدا بە (خاڵی 5)م داناوە، دەبووایە جێبەجێی بکەم، مامۆستا چەند فەرهەنگێکی دامێ و لەگەڵ دەقێکی کوردی بە لاتینی و گوتی بڕۆ کاریان لەسەر بکە. ئێمە رۆژانی دووشەممە و چوارشەممە چاومان پێك دەکەوت، بەڵام هەندێ جار چوارشەممان

فەرامۆش دەکرا، ئەگەر پرسیارمان نەبووایە سەردانی بەشمان نەدەکرد.

دوای ئەوەی کارم لەسەر نووسین و فێربوونی لاتینی کرد و هاتمەوە لای قەنات و ئاگادارم کرد، کە ئامادەمە بۆ تاقیکردنەوە، ئەویش دەقێکی نوێی بە لاتینی دامێ و گوتی بیهێنەوە سەر پیتی عەرەبی. دوای ئەوەی دەقەکەم کردە پیتی عەرەبی، داوای لێکردم، کە دەقەکە بکەمەوە لاتینی، بەڵام دەقە لاتینیەکەی خۆی لێوەرگرتمەوە. دوای ئەوەی دەقەکەم هێناوە سەر لاتینی و دامە دەستی، گوتی لاتینی خۆت لەگەڵ دەقەکە بەراورد بکە تا بزانی هەڵەکانت چییە. چەند وشەیەکم بە هەڵە نووسیبوو، گوتی برۆ هەفتەیەکی تر وەرەوە. بەمجۆرە لاتینی فێربووم بە نووسین و خوێندنەوە، ئەوەش زۆر یارمەتی دام لە ساڵانی هەشتاکان، کە لە سوێد پەنابەر بووم، بە تایبەتی لەگەڵ کوردەکانی باکوور و کرمانجی ژووروو. بەمجۆرە لە کۆتایی 1978 نامەکەم بە تەواوی ئامادە کرد، لە شانسی منیش لە ساڵی1978 ئەنجومەنی زانستی ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی هەڵوەشایەوە و دەبووایە نامەکە لە مۆسکۆ تاوتوێ بکرێت، ئەوەش کێشەیەکی تەکنیکی بۆ ئێمە دروست کرد، چونکە قوتابخانەی زانستی مۆسکۆ و لێنینگراد لە بواری لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب جیاوازە. ئەوەی شایانی باس بێت لە ماوەی 1977-1978 سێ بابەتم بە رووسی لە کۆنفرانسەکان پێشکەش کرد و بڵاوکرایەوە. بابەتی یەکەم لەسەر چیرۆکی (لە وڵاتی قارمانا)ی مامۆستا برایم ئەحمەد، بابەتی دووەم لەسەر چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائب و بابەتی سێیەم لەسەر رۆمانتیزم لە پەخشانەکانی مامۆستا شاکر فەتاح دا.

لە هاوینی 1976 دکتۆر مارف خەزنەدار سەردانی لێنینگرادی کرد، بۆ دیدەنی زاگرۆسی کوڕی و گەڕان لە ئەرشیفدا بۆ هەندێ سەرچاوەو

دەستنووسی کوردی، ئەوەی شایانی باس بێت دکتۆر مارف زۆربەی ڕۆژانی هەفتە دەهاتە ئینستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی و کتێبخانەی ئاکادیمیای زانستی. بێگومان ڕۆژانی دووشەممە و چوارشەممە سەردانی بەشی کوردی دەکرد. هاوینان، دکتۆر ئاوەڕەحمانی حاجی مارف و دکتۆر نەریمان عەزیز پشتیوان و دکتۆر کاوس قەفتان کە خێزانی ئاوڕەحمان و کاوس خەڵکی لێنینگراد بوون، دەهاتنە ئەوێ، بۆیە بۆ من زۆر خۆش بوو، بە تایبەتی لەگەڵ ئاوڕەحمان و کاوس نێوانمان زۆر خۆش بوو. لەگەڵ ئاوڕەحمان و نەریمان هەفتەی جارێك دووجار چاومان پێك دەکەوت، بەڵام لەگەڵ دکتۆر کاوس، کە لە لێنینگراد بووایە، ئەگەر بڵێم ڕۆژانە نەبووایە، لە هەفتەی 5 ڕۆژ پێکەوە بووین.

کاوس قسەی خۆش و گاڵتە و شتی خۆشی لەسەر برادەرانی دەگێڕاوە، زۆر جار قسە و ڕەفتارەکانی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکری بۆ دەگێڕامەوە و هەموو جاریش لاسایی ئەوی دەکردەوە (بە سەری بابم)!!، یاخود هەندێ لە ڕەفتار و ڕەوشتی دکتۆر ئیحسان فوئاد و هونەرمەند محەمەد عارف ... هتدی دەگێڕایەوە.

بێگومان هەندێ لەو دۆست برادەرانەی ناوم هێناون، بەداخەوە ئێستا لە ژیاندا نەماون، ڕەوانیان شاد، وەك دکتۆر نەریمان پشتیوان و دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف و دکتۆر ئیحسان فوئاد و دکتۆر کاوس قەفتان و دکتۆری هونەرمەند محەمەد عەلی عارف. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، چونکە لە چلەی دکتۆر محەمەد عەلی عارف بانگهێشت نەکرابووم و وتەیەکم لەسەر نەنووسیوە، چەند وشەیەکی لەسەر بنووسم، چونکە من و مامۆستا محەمەد لە ساڵی 1956 یەکتریمان

ناسیوە، کە دوای دەرچوونی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەرچوو، بە مامۆستا لە قوتابخانەی (مزەفەرییە) دامەزرا، منیش ئەوکات لە قۆناخی پێنجی سەرەتایی بووم – ئەوەی شایانی باس بێت، من لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانم ئاماژەم بەوە کردووە، کە ئێمە (واتە من و مومتازی برام) لە ساڵی1955 گەڕاینەوە قوتابخانە– مامۆستا محەمەد لە قوتابخانەکەماندا هەوڵێکی زۆری دا، ئەو قوتابییانەی لە بوواری هونەردا بەهرەیان هەیە، کۆ بکاتەوە و گەشە بە بەهرەکەیان بدات، منیش یەکێك بووم لەو قوتابیانەی دەستی هونەری شێوەکاریم هەبوو، مامۆستا محەمەد ڕێنوێنی و ڕێنمایی دەکردین بۆ ئەوەی توانای هونەریمان گەشە پێ بدات، لە گروپی ئێمەدا ئەو قوتابیانە بەشدار بوون: هادی ئەحمەد، زەکریا سلێمان، زیاد شێخ عومەر، قەرەنی فەتاح، فەرید عەبدولخالق دەباغ، فوئاد نادر – بەداخەوە هەموو ناوەکانم لە یاد نەماوە. لە پێشەنگای هونەری ساڵی خوێندنی 1956–1957 من بە دوو تابلۆ بەشداریم کرد و پاداشتی دووەمم لە هونەری شێوەکاری وەرگرت.

لە دوای شۆڕشی 14ی تەمموز من و مامۆستا محەمەد نەك وەك قوتابی و مامۆستا پەیوەندیمان پێکەوە بوو، بەڵکو بووینە هاوڕێی نزیك. پاشان لێك دابڕاین، من گیرام و مامۆستا محەمەد بۆ تەواو کردنی خوێندن لە بوواری هونەر، بەرەو مۆسکۆ چوو. لە ساڵی1966 کە چوومە مۆسکۆ جارێکی تر لەگەڵ مامۆستا محەمەد یەکتریمان گرتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو قوتابیانەی هەولێریش، کە ئەوسا لەوێ دەیانخوێند، وەکو: کاك جەودەت بیلال (جەودەت هۆشیار)، سەڵاح حەداد و محەمەد عیزەت و هەندێ خوێندکاری تری هەولێر.

لە نێوان ساڵانی 1966–1968 کە لە مۆسکۆ دەژیام، چەند هەفتە جارێك لەگەڵ مامۆستا محەمەد یەکترمان دەبینی و سەردانی مەرسەمەکەم دەکرد. لە کۆتایی ساڵی 1968 کە گەڕامەوە بەغدا و لە دوای دەرچوونم لە زیندانی (قصر النهایە)، لە مانگی مایسی 1969 لە بەغدا لەگەڵ مامۆستا محەمەد دیسان پێك گەیشتین، تا ئەیلولی ساڵی1970. لە دوای حەفتاوە تا 1992 لێك دابڕاین، بەڵام دوای راپەڕین، کە گەڕامەوە کوردستان، مامۆستا محەمەد لە کۆلێژی ئاداب مەرسەمی هەبوو، دیسان یەکتریمان گرتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم. پاشان لە ساڵی1993 کە لە کۆلێژی پەروەردە دامەزرام و لە 1994 بوومە سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب، رۆژانە سەردانی مەرسەمەکەم دەکرد، نیو سەعات لە لای دەمامەوە، باسی هونەر و ئەدەب و فۆلکۆرمان دەکرد. من و مامۆستا محەمەد هەرچەندە هاوڕێ بووین، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی خۆی مامۆستای هونەریم بووە، هەر بە چاوی مامۆستا سەیرم دەکرد، ئەویش وەك هاوڕێ و برا تەماشای دەکردم.

مامۆستا مرۆڤێکی دڵسۆز و بە ئەمەك بوو، هەندێ رەفتار و رەوشتی تایبەتی خۆی هەبوو، زۆر بەڕێز و ناسك بوو. هەموو ژیانی خۆی بۆ هونەری رەسەن تەرخان کردبوو، بابەتی تابلۆکانی سروشتی کوردستان و میراتی نەتەوایەتی بوو. لەو ماوەیەی لە ئاداب بوو، زۆر ئازاریان دا، لە مەسەلەی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرکەوتوویی دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەر وەرگرت. پاشان کە چووە کۆلێژی ئەندازیاری، من هاموشۆم دەکرد و سەرم لێدەدا و جاروبار سەردانی ماڵەوەشم دەکرد. لە هەموو پێشانگای ئەو چەند ساڵانەی دوایی ئامادە دەبووم. هەر کتێبێکی دەرچووبایە پێشکەشی دەکردم،

**هەروەها لە کەتەلۆگی یەکێ لە پێشانگاکان چەند دێڕێکی منی لەسەر یەکێك لە پێشانگاکان تۆمار کردبوو.**

**من لەگەڵ سێ قوتابی تر، کە لە قوتابخانەی (مزەفەرییە) شاگردی بووین، هەموو جێژنەکان سەرمان لێدەدا، بەڵام ئەوانی لە من پتر وەك ئەرك و ئەمەك، هیچ جێژنەیەك فەرامۆشیان نەدەکرد، ئەوانەش برایان هادی ئەحمەد، زەکریا سلێمان و قەرەنی فەتاح بوون.**

**من و مامۆستا محەمەد دواجار لە رەمەزانی ساڵی (2009) لە نزیك گۆڕەپانی ئاشتی (کۆتری ئاشتی) پێك گەیشتین، بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە پاشتر هەواڵی کۆچی کت و پڕی مامۆستام بیست و شڵەژام، چونکە مامۆستا محەمەد زۆر پرۆژەی هونەری مابوو، هێشتا زۆر لەسەر خۆ بوو، بەڵام وەك کوڕە گەورەکەی لە رۆژنامەی (بارزان) بڵاوی کردەوە، کەمتەرخەمی پزیشکەکان بووە هۆی کۆچی ناوەختی. مامۆستا محەمەد هونەرمەندێکی گەورە بوو، تابلۆ رەنگینەکانی، نەمرییان بۆ تۆمار کردووە.**

**با بگەڕێمەوە ساڵی1976، ئەوکات هەندێ جار سەردانی مۆسکۆم دەکرد، بۆ دیدەنی لەگەڵ هاوڕێیانی کورد لە مۆسکۆ، یان کۆبوونەوەیەك، یان بۆ کارێکی پێویست، لەوێش چەند هاوڕێ و دۆستی ترم هەبوون، کە خوێندنی باڵایان دەخوێند، وەك پەشێوی شاعیر و د.کەمال عەلی و دکتۆر بەشیر سەبری و سەردانی کوردەلۆژەکانی مۆسکۆم دەکرد، وەك مانوێل حەسرەتیان و میخائیل لازەریڤ و ڕوسلان سەبۆلۆڤ و چەرکی بەکاییڤ، جگە لەوانە سەردانی ماڵی خەزوورانی کاك محەمەد عیزەت و نینا و سوعادی (خێزان و کچی) هاوڕێی شەهید (محەمەد ساڵح ئەلعەبدەلی)م دەکرد.**

لێرەدا حەز دەکەم ئەگەر بە کورتیش بێت، باس لەو ژنە رووسە بکەم، کە ناوی نینا بوو. نینا خێزانی هاوڕێی شەهید محەمەد ساڵح عەبدەلی بوو، ئافرەتێکی زۆر بە وەفا بوو، دۆستایەتی لەگەڵ هەموو هاوڕێیانی کۆمۆنیستی عێراق هەبوو. هاوڕێ جەمال، عامر، بەهائەدین، دگلە، سەلام عادل و هونەرمەند مەحمود سەبری. من لە رێگای نیناوە ئاشنایەتیم لەگەڵ خێزان و کچی هاوڕێی شەهید فەهد پەیدا کرد، هەروەها نینا دەرگای ماڵەوەی بۆ هەموو کۆمۆنیستەکی عێراق کرابۆوە. نینا تەنیا یەك کچی هەبوو بە ناوی (سوعاد)، زۆر یادگاری دەگێڕایەوە لەسەر ئەو هاوڕێیانەی دەیناسین، ژمارەیەك تابلۆ و سکیچی هونەرمەند مەحمود سەبری پاراستبوو، (دوای سەبری سۆڤیەت بەجێ دەهێڵی و دەچێتە پراگ) یەك لەو وێنانەی مەحمود سەبری، کە لە لای پارێزراو بوو، وێنەیەکی هاوڕێی شەهید _ سەلام عادل _ ە.

لە هاوینی 1976 و تا کۆتایی ئەو ساڵە، هەندێ لە دۆست و برادەران، چ ئەوانەی بە سەردان بۆ سۆڤیەت هاتبوون و چ ئەوانەی خێزانەکانیان سۆڤیەتی بوو، پێیان شاد بووم، ئامارژەم بە دکتۆر مارف و دکتور کاوس قەفتان کردووە، بەڵام جگە لەوانە دکتۆر نەریمان پشتیوان، دکتۆر وریا نوری سەعید و دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف و دکتۆر ئەنوەر عەبدوڵڵا دڵسۆز بوون. من لەگەڵ هەموویان دۆستایەتی و پەیوەندیی باشم هەبوو و یەکتریمان زوو زوو دەبینی و کاتی خۆشمان پێکەوە رادەبوارد.

لەو ساڵەدا، من بۆ ئەوەی دەرفەتی کار کردنم لەسەر نامەی دکتۆراکەم هەبێ، ناچار بووم بچمە بەشی ناوخۆیی ئاکادیمیای زانستی لە شەقامی مۆریز تۆرێز 37/2 (ئەو شەقامە بە ناوی سکرتێری گشتی

حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا کراوە)، چونکە لەو شوقەی لەگەڵ خێزانم و خەسووم دەژیام، دەرفەتی کار و خوێندنم نەبوو شوقەکە، زۆر تەسك بوو، هەموو دوو ژوور بوو، بۆیە لە بەشی ناوخۆدا دەژیام، تەنیا ڕۆژانی هەینی تا دووشەم لەگەڵ ژن و منداڵەکەم دەبووم، دووشەممان لە ئینیستیتۆوە دەگەڕامەوە بەشی ناوخۆ. لەو بەشەدا ژمارەمان زۆر بوو، عەرەبی سوری تێدا هەبوو، جگە لە خوێندکارانی بێگانە، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کۆمارەکانی تری سۆڤیەتی تێدابوو. من لەگەڵ خوێندکارانی ئەرمێنیای سۆڤیەت پەیوەندیم خۆشبوو. ئەوان ژمارەیان 14خوێندکار بوو، کە لە بەشە جیاجیاکانی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیرابوون. لە نێویاندا، یەکێك لەسەر زمانی کوردی دکتۆرای دەکرد، بە ئەسڵ ئەرمەنی ئێران بوو بە ناوی ئەسەتریان، ئەویتریان (ئەرمەنی سوریا) بوو بە ناوی ئەلکساندەر خاچۆتۆریان.

ئێمە ئەو پانزدە خوێندکارە سیستمێکی تایبەتیمان پەیڕەو دەکرد و هاوکاری یەکتریمان دەکرد. نانی ئێوارەمان لە سەعات 12ی شەو دەخوارد، هەر شەوەی یەکێکمان دەبوو خواردن ئامادە بکات، چونکە لە دوای دووی شەوێ هەرکەس لە ژووری تایبەتی خۆیدا خەریکی خوێندن و نووسین دەبوو، هەندێ جار تا بەیانی هەر نەدەنووست، بەیانی ئەو ڕۆژانەی دەبوایە سەر لە ئینیستیتۆ بدات، بەیانی نانی دەخوارد و دەچووە کارەکەی، ئەگەرنا تا سەعات 10-11 دەنووست و پاشان دەکەوتە کار کردن و ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ، هەر کەس لە ژووری خۆی نانی دەخوارد، تا سەعات 11-11:30 کاری خۆی دەکرد، ئەوسا لە یەك شوێن کۆ دەبووینەوە نانی ئێوارانمان دەخوارد.. (ئەو پانزدە

خوێندکارە 3یان کچ بوون، 12کەی تر کوڕ بوون، بەڵام تەنیا من تێیاندا کورد بووم، ئەوانی تر هەموو ئەرمەنی بوون)، بەشی ناوەخۆکەی ئێمە لە ماڵی دکتۆر ئۆردوخان نزیك بوو، هەندێ جار دکتۆر ئۆردوخان بە پیاسە سەردانی دەکردم و هەندێ جاریش تەلەفۆنی دەکرد، کە بچمە لای.

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم لە پایزی 1976 دکتۆر عزەدین مستەفا رەسووڵ هاتە سۆڤیەت بۆ خوێندنی دکتۆرای زانست (ناوك). کە هاتە لێنینگراد و سەردانی بەشی کوردی کرد، پاشان ئێوارە لە ژوورەکەی من دانیشتنێکمان رێکخست، کە ئێمە هەرسێکمان بووین: (مامۆستا قەناتی کوردۆ و عزەدین و من)، دکتۆر هاتبوو و نیازی ئەوە بوو، کە لەسەر ریالیزمی سۆسیالیستی لە ئەدەبی کوردی بنووسێ، بەڵام مامۆستا کوردۆ گوتی: پێویستە لەسەر خانی کارێك بکەی.

دکتۆر گوتی: من ئەوە 13ساڵە لەسەر خانی بۆ قوتابیان دەرس دەدەم. مامۆستا گوتی: پێویستە خانیەڤیدێنیە هەبێ (واتە خانی ناسی) وەك بابەتێکی زانستی بێت.

دکتۆر گوتی: لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر خانی بە زمانی عەرەبی لە بەردەستە. کە گەڕایەوە مۆسکۆ دکتۆر پێشنیازەکەی دکتۆر کوردۆی جێبەجێ کرد.

لە ماوەی ساڵی 1976-1977 کە دکتۆر عزەدین لە مۆسکۆ بوو، چەند جارێك سەرم لێداوە و شەوێ لەوێ ماوم، زۆر جاریش لەسەر هەندێ بۆچوون ناکۆکیمان بوو. بۆ نموونە شەوێك لە بەشی ناوەخۆی ئاکادیمیا بووین، لەو بەشەی دکتۆر جەبار قادر، فاروق عومەر سەدیق و جرجیس حەسەن و ئیبراهیم عەزیز و شوکریە رەسووڵ و دکتۆر کوردستان موکریانی لێ دەژیا، نایەتەوە یادم کێ و کێ لەوێ بوون،

بەڵام لە دەفتەری یادەوەرییەکانم نووسراوە: لە 1976/12/26 دکتۆر قسەی لەسەر هێمنی شاعیر کردووە، کە هیچ شێعرێکی دژی شا نەنووسیوە، لەسەر ئەوە، بووەتە دەمەقاڵێمان.

لە ساڵی 1976، لە مانگی 11، مومتازی برام بە سەردان هاتە سۆڤیەت و لە لای من میوان بوو. لەو سەردانەی، جگە لە سەردانی مۆزەخانە و شوێنە مێژووییەکانی ئەو شارە، چاوی بە ژمارەیەك لە دۆستانی کەوت و چەند جارێك سەردانی بەشی کوردناسی کرد. بە بۆنەی 100ساڵەی مەلای گەورە (مەلا محەمەدی کۆیی) سیمینارێکی لە بەشی کوردی پێشکەش کرد. لە سەرەتا مامۆستا کوردۆ بە کوردی لەسەر مەلای گەورە دوا و پاشان مومتاز لەبەر رۆشنایی ئەو کتێبەی لەسەر مەلای گەورەی نووسیبوو، باسی رۆڵی ئەو کەڵە پیاوەی کرد.

## ساڵی1977

لەو ساڵەدا، من سەرقاڵی نووسینی بەشی دووەمی نامەکەم بووم، کە پەیوەندی بە چیرۆکنووسانی قۆناغی گۆڤاری گەلاوێژەوە هەبوو، بە تایبەتی مامۆستایان برایم ئەحمەد، عەلائەددین سەجادی، شاکر فەتاح و ئیحسان مستەفا (لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە) و نووسەرانی کۆتایی سییەکان تا کۆتایی چلەکان واتە تا داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ. هەر لەو ساڵە دەبوایە تاقیکردنەوەیەك ئەنجام بدەم لەسەر مێژووی فەلسەفە و تاقیکردنەوەی دووەمیش لە بواری ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی. بە پێی ئەو بەرنامەی دامرشتبوو، لە هاویندا خۆم و منداڵەکان(چونکە دەرفەت هەبوو سەردانی وڵات بکەم، بگەڕیمەوە) و منداڵەکەشم، چونکە ئەوسا تەنیا (حەیدەر)ی کوڕم هەبوو بە کوردستان

ئاشنا بکەم، بە داخەوە تەنیا 1977 حەیدەر سەردانی کوردستانی کرد کە تەمەنی 5ساڵ بوو، هەر چەندە ئێستا تەمەنی 38ساڵە، بەڵام نیازی سەردانی نییە.

لە 1977/7/31 من و حەیدەری کوڕم پێکەوە بە فڕۆکەی مۆسکۆ – بەغدا گەڕاینەوە وڵات. بێگومان حەیدەر یەکەم جار سەردانی عێڕاقی دەکرد، جگە لە مومتازی برام کەسی تری لە خزمان نەدەناسی. لە بەغدا لە ماڵی کاك ساڵح دابەزین و چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە، پاشان بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین. ئەو کات هێشتا خوشکەکانم (مەلیحە و سەلمە) و دایکم لە ژیاندا بوون، ئاسۆ و حەمەی خوارزام منداڵ بوون، کاروان و سازانی (منداڵەکانی مومتان)یش زۆر بچووك بوون. حەیدەر زۆر شەیتان بوو. بەڵام لەبەر خوشکی گەورەمان (مەلیحە) کەس نەیدەوێرا قسەی لەگەڵ دا بکات. خوشکم زۆر دڵی بە حەیدەر خۆشبوو، چونکە ئەو بەخۆی منی بەخێو کردبوو، منی زۆر خۆش دەویست، منیش لە هەموو کەس پتر ئەوم خۆش دەویست. جارێکیان حەیدەر دەستی لە بەختیاری برازام وەشاند (بەختیار ئەوکات مامۆستای دواناوەندی بوو)، بەڵام بەختیار لەبەر دڵی مەلیحەی خوشکم بێدەنگ بوو. حەیدەرمان بردە گوندی (بێریات) و (ماوەران).

لە ساڵی1977 لە هەولێر جموجۆڵ و چالاکی ئەدەبی زۆر بوو، نووسەر و هونەرمەند و شاعیران ڕۆڵێکی بەرچاویان لە وشیار کردنەوەی خەڵك و ریسوا کردنی سیاسەتی بەعس دەبینی، بە تایبەتی دوای شکستی بزاڤی چەکداری کورد دوای ڕێککەوتنی ئەلجەزایری1975.

خەباتی چەکداری سەر لەنوێ سەری هەڵدابوو، هێزە نیشتمانییەکانی دژ بە بەعس خەباتی نهێنیان دەکرد، تەنیا چالاکی

ئاشکرا لەلایەن حیزبی دەستەڵاتدار (بەعس) و هاوبەرەکەی (حیزبی شیوعی عێراق) و هەندێ ڕێکخراو و حیزبی کارتۆنی (دەستکردی بەعس) وەك: حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان بە سەرۆکایەتی دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی هاشم عەقراوی و ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازەکانی کورد بە سەرۆکایەتی مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆر)، ئەو حیزبە کارتۆنیانەی دەستکردی بەعس لای جەماوەری کورد خۆشەویست نەبوون، بەڵکو هەموو بە پیاوی بەعس لە قەڵەم دەدران، بەڵام نووسەران چ ئەوانەی لە دوای هەرەس گەڕابوونەوە و چ ئەوانەی خۆیان پاراستبوو، زۆر بوێرانە خەباتیان دەکرد، کۆڕ و بەرهەمەکانیان خۆپێشاندانی سیاسی بوو و لە لایەن جەماوەرەوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرا.

ئەوەی شایانی باسکردنە، هەر چەند حیزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ حیزبی بەعس لە بەرەدا بوو، بەڵام بەعس بە هەموو شێوەیەك، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە شیوعیەکانی دەدا، پەڕ و باڵی دەکردن، بیانۆی پێ دەگرتن، ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی سەر بە حیزبی شیوعی سەرکوت دەکرد، ئەندام و هەوادارانی لە نێو لەشکردا زیندانی دەکردن و هەندێکیانی بە سێدارە مەحکوم دەکردن.

لەو کاتەی لە هەولێر بووم، لە چەند کۆڕێکی ئەدەبی ئامادە بووم، یەکێك لەو کۆڕانە، کۆڕی چیرۆك خوێندنەوە بوو، تێیدا کاکە مەم بۆتانی چیرۆکنووس، چیرۆکێکی هێمائامێزی خوێندەوە.. هەروەها لە کۆڕێکی شیعری، ئەگەر بە هەلە نەچووبم، بۆ کاك ئازاد دڵزاری شاعیر بوو، هەروەها لە شانۆگەریەك ئامادە بووم، کە سەعدون یونس دەرهێنەرەکەی

بوو، بێگومان لە حەفتاکان هونەرمەند و ئەدیبان، لەگەڵ شکستی بزاڤی کوردی، چالاکانە کاریان دەکرد بۆ بەرز کردنەوەی ورەی جەماوەر.

لە سەرەتای مانگی هەشت دایکی حەیدەر لە مۆسکۆوە گەیشتە بەغدا و لە ماڵی کاک ساڵح دابەزین، لەو ساڵانەدا کاک ساڵح لە ڕۆژنامەی عێراق کاری دەکرد و وەکو پێشتر گوتم: هاوکاری موقەدەم عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی دەکرد، هەرچەندە وازی لە حزبەکەی عەقراوی هێنابوو، بەڵام ماوەیەك وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەکە مایەوە، ئەو کات تاریق عەزیز وەزیری ڕۆشنبیری بوو، لەسەر وتارەکانی ڕۆژنامەی "العراق" ، بە تایبەتی پاشکۆی کوردی ئەو ڕۆژنامەیە، کە زۆربەی نووسەرانی خاوەن هەڵوێست تێیاندا دەیاننووسی و تا ڕادەیەکی باش لە خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا بوو، چەند جارێك کاك صالح بانگهێشت دەکرا.

من کە لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی کاك ساڵح حەیدەری دەکەم، مەبەستم پاکانە کردن نییە لە هەڵوێستی سیاسیی ئەو، بەڵکو بە ویژدان مرۆڤ پێویستە هەڵوێستی ساڵح حەیدەری و موقەدەم عەزیز، لە هەڵوێستی هاشم عەقراوی و ئەوانی تر جیا بکاتەوە، چونکە ئەو دوو کەسە ئێستا لە ژیان نەماون، هۆی تایبەتی و بابەتی پاڵی پێوەنان بچنە پاڵ ئەو ڕێکخراوە، بەڵام لە ئاکامدا گەیشتنە ئەو باوەڕە، کە ناتوانن هاوکاری بەعس بکەن و سەربەخۆیی بۆچوونی خۆیان بپارێزن، ئەوە ساڵح حەیدەری وازی لە ڕۆژنامەکە هێنا و عەزیز عەقراوی هەر چەندە وەزیری حکومەت بوو، رایکردە سوریا و پەنابەری هەڵبژارد.

لە مانگی ئابی 1977 کە لە بەغدا بووم، سەردانی ژمارەیەك هاوڕێیانی خۆم کرد، لەوانە سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی

عێراقم کرد و چاوم بە هاوڕێ عەزیز محەمەد و هاوڕێ کەریم ئەحمەد کەوت، هەروەها سەردانی کاک بابەکر پشتدەریم کرد، کە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و کار بوو. لەو چاوپێکەوتنانەم چ لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی شیوعی و چ لەگەڵ کاک بابەکر پشدەری، هەردوولا لە کاتی گفتوگۆکاندا، دەنگی رادیۆیان بەرز دەکردەوە، تاکو دەستگاکانی هەواڵگری نەتوانن گوێیان لە گفتوگۆکان بێت و تۆماری بکەن، چونکە دەزانرا بەعس لە رێگای ئامێری تایبەتی، کە ئاراستەی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کراوە گوێ لە بەرپرسانی حزبی شیوعی و هەروەها گوێ لە بەرپرسەکانی خۆشی دەگرێ و تۆماریان دەکات.

ئەوەی سەرنج راکێش بوو، حیزبی شیوعی لە بەرەدابوو لەگەڵ بەعس و کاک بابەکریش وەزیری بەعس بوو، بەڵام بەعس بڕوای پێیان نەدەکرد، ئەوانیش هەرچەندە لەگەڵ بەعس هاوکاریان دەکرد، بەڵام لە خۆیان دەترسان.

دوای هاتنی دایکی حەیدەر، چەند رۆژێك لە بەغدا ماینەوە، پاشان هاتینە هەولێر لە لای خوشکەکانم ماینەوە، پاشان بۆ یەك هەفتە خانووی گەشت و گوزاریمان لە پیرمام گرت و سەردانی شەقڵاوە و ماوەران و بێریاتمان کرد. پاشان بۆ ماوەی هەفتەیەك گەڕاینەوە بەغدا. لە 1977/9/28 گەڕاینەوە سۆڤیەت. لەو رۆژەوە بەغدام بەجێ هێشت تا 2010/10/21 چاوم بە بەغدا نەکەوتۆتەوە.

لە نێوان وەرزی کۆتایی ساڵی1977 تا مانگی 11ی تشرینی دووەمی 1978، دەبووایە نامەی دکتۆراکەم ئامادە بێت و هەموو تاقیکردنەوەکانیشم ئەنجام دابێت. بۆیە لە کۆتایی مانگی دیسامبەری1977 دەبوو تاقیکردنەوەی مێژووی فەلسەفە بکەم و لەگەڵ

ئامادە کردنی راپۆرتێك، لەبەر ئەوەی رشتەی فەلسەفە، جگە لە مێژووی فەلسەفە، کۆمۆنیزمی زانستی و بزاڤی کۆمۆنیستی لەخۆ دەگرت، من راپۆرتێکی 15لاپەڕەم لەسەر حیزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد نووسی.

ساڵی 1978 پتر خەریکی تەواو کردنی نامەی دکتۆراکەم بووم، هیچ شتێکم لە دەفتەرەکانمدا نەدۆزییەوە، کە پەیوەندی بە رووداوێك بکات و من لە لای خۆم تۆمارم کردبێت. تەنیا ئاماژەیەکەم لە دەفتەری سەرەتای ساڵی 1978 دۆزییەوە، کە لە ساڵیادی 60 ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار کراوە. منیش لە کۆڕێکدا بەشداریم کردووە بە بابەتێك لە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ئەویش لە رۆژی 1977/11/12 بووە.

بەر لەوەی بچمە یادەوەرییەکانی ساڵی1979، بە باشم زانی هەر لەو بەشەدا رووداوێکی ساڵانی 1976-1977م لەبیر چووبوو لێرەدا بیخەمەوە بەرچاو، ئەویش لە سەردانی بەغدا بەشداریم لە کۆڕێك کرد لەسەر چیرۆکی کوردی، کە لە مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی بەغدا بۆ چیرۆکنووس کاك حوسێن عارف ساز کرابوو. لەسەر چیرۆکی کوردی ساڵانی 1925-1960، کە دەقاودەق لەگەڵ قۆناخەکانی نامەی دکتۆراکەم یەکیان دەگرتەوە، ئەو نامەیەی من لە شوباتی1976 ناونیشانی نامەی دکتۆرام لە لایەن سەرۆکایەتی ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی لێنینگراد و بەشی کوردی پەسەند کرابوو.

بێگومان کۆڕەکەی مامۆستا حوسێن عارف بۆ من زۆر بەسوود بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بابەتەکە وەك کتێب چاپ نەکرابوو، فریا نەکەوتم راستەوخۆ ئاماژە بە بۆچوونەکانی حوسێن عارف بکەم، لە ساڵی 1978

كتێبەكەم پێ گەیشت، كە من لە سەر تەواو كردنی نامەكەم بووم. لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشەكی باسەكەم ئاماژەم پێكردووە و هەڵمسەنگاندووە و لە كاتی خۆشیدا مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی وتارێكی رەخنەیی لەسەر لێكۆڵینەوەكەی كاك حوسێن نووسیبوو و بە نامیلكە پێم گەیشت، منیش وتارێكم لەسەر نامیلكەكەی كاك عومەر مارف نووسی و پێم وایە لە پاشكۆی كوردی– رۆژنامەی عێراقدا بڵاوكراوەتەوە. ئەگەر هەلە لە ساڵەكەدا هەبێت داوای لێبوردن لە خوێنەران دەكەم.

بە پێی بەرنامەی داڕێژراو پێویست بوو لە مانگی 1978/11 نامەی دكتۆراكەم تەواو بكەم، چونكە ماوەكە تا مانگی شوباتی 1979 بوو، كە دەیكردە سێ ساڵ.. هەرواشبوو، ئەوە بوو لە مانگی نۆڤەمبەری 1978 لە بەشی كوردی ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی لێنینگراد نامەكەم تاوتوێی یەكەمی كرا و پەسەند كرا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی زانستی لە ئینستیتۆی ئێمەدا هەڵوەشایەوە، بۆیە بڕیاردرا گفتوگۆكە بگوێزرێتەوە بۆ ئینستیتۆی مۆسكۆ، وەك لە شوێنێكی تری ئەم بەشەدا ئاماژەم پێكردووە. ئیدی مانگی شوباتی 1979 دیاری كرا بۆ گفتوگۆی سەرەتایی بۆ جاری دووەم، هەرچەندە جاری یەكەم لە لێنینگراد تاوتوێ كرا بوو، بەلام لەبەر جیاوازی قوتابخانەی ئەدەبی و زمانی مۆسكۆ لەگەڵ لێنینگراد، دەبووایە سەرلەنوێ تاوتوێ بكرێتەوە.

لە بەشی ئەدەبیات بە سەرۆكایەتی پرۆفیسۆر كەمیسارۆڤ دەستەی تاوتوێ، تێبینی و بۆچوونی خۆیان لەسەر نامەكە خستە بەرچاو و داوایان كرد دەستكاری لە دابەشكردنی بەشەكاندا بكرێت، چونكە لە بەشی یەكەم بۆ نموونە باسی چوار نووسەرم كردبوو، هەر یەكەیان بە جیاواز (پیرەمێرد، جەمیل سائیب، ئەحمەد موختار جاف و محەمەد

عەلی کوردی) ئەوان داویان کرد لەسەر بنەمای بابەت و ناوەرۆکەوە هەموویان یەك خەم و لە کۆتایی هەر بەشێك ئەنجامەکەی بخەمە بەرچاو. بۆ ئەو مەبەستەش چوار مانگیان مۆڵەت دامیّ. دەبووایە لە مانگی شەش بڕیاری پەسەند کردن بدریّ. من لە مانگی ئادار کارەکەم تەواو کرد، بەڵام لە مۆسکۆ کاتیان دیاری نەکرد، چونکە نۆرەی خوێندکارانی تری پێشی من بوو، منیش پەلەم بوو، چونکە ماوەی مانەوەم تەواو ببوو، بەڵام بەشی ئەدەبیاتی مۆسکۆ تاوتوێکەیان خستە مانگی نۆ. لە مانگی نۆ پەیوەندیم پێکردن، دیسان مانگێکی تریان دواخست. لە مانگی تشرینی یەکەم دوای فشارێکی زۆر ڕێگای چاپکردن و کورتەی نامەکەیان دا، بەڵام گفتوگۆیان دیار نەکرد. دەیانگوت کاتیان نییە. لە مانگی 11ی 1979 پێم ڕاگەیاندن، کە ماوەی مانەوەم لە سۆڤیەت درێژ ناکرێتەوە پێویستە لە ساڵی1979 تەواوی کەم. ئەوجا بڕیاردرا، کە لە 1979/12/28 ڕۆژی گفتوگۆ بێت. ئەوانەی موناقەشە دەکەن دیار کران، بریتی بوون لە: پرۆفیسۆر کەمیسارۆڤ، پرۆفیسۆر کۆرئوغلو و دکتۆر کەریمی ئەیوبی.

لە 1979/12/26 لەگەڵ مامۆستا کوردۆ دانیشتم و ئاگادارم کرد، کە ڕۆژی 1979/12/28 تاوتویێی نامەکەم لە مۆسکۆ دەکریّ، مامۆستا کوردۆ فەرمووی: من ناتوانم بێمە مۆسکۆ، تۆ خۆت بڕۆ و بەرگری لە خۆت بکە.

ئەوە بوو شەوی 26-1979/12/27 بە تیرێن لە لێنینگراد بەرەو مۆسکۆ بە ڕێکەوتم. لە مۆسکۆ لە بەشی ناوخۆی (ئەستراڤیتیانۆڤا) کە بەشی ناوخۆی ئاکادیمیای زانستی بوو، لەویّ دابەزیم و ئاگاداری چەند دۆست و برادەرێکم کرد، کە بەیانی گفتوگۆی نامەکەمە. من ئەوەی لە

**یادم مابێت دکتۆر کەمال عەلی و چەند کەسێك لە هۆڵی تاوتوێکە ئامادە بوون. گفتوگۆ نزیکەی سێ سەعات و نیوی خایاند. دوای ئەوەی نامەکە پەسەند کرا، ئێوارەی رۆژی 1979/12/29 بۆ لێنینگراد گەڕامەوە، بۆ ئەوەی لە سەری ساڵی نوێدا 79-1980 لەگەڵ ماڵەوە و دۆستان ئاهەنگی سەری ساڵ بگێڕین.**

**دوای ئەوەی چەند مانگێك چاوەڕوانی ئەمە بووم، کە بڕوانامەکە لە لایەن ئەنجومەنی زانستی وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەنجومەنی وەزیران (ئەنجومەنی زانستی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران) پەسەند بکرێت، لە مانگی ئادار پەسەند کرا.**

## **ل**C,B,A15

## **کۆچی دوایی مەلا مستەفای بارزانی** 1979/3/1

**تاك رۆڵی تایبەتی لە مێژوودا دەگێڕێت، بەڵام مێژووش تاك دروست دەکات. مەلا مستەفای بارزانی لە چلەکانەوە وەك سەرکردەیەکی نیشتمانی دێتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداری، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی 1945 خۆی و چەکدارەکانی دایانە پاڵ کۆماری دیموکراتی کوردستان و بەشداریی راستەوخۆیان لەو کۆمارە جوانەمەرگەی کورد کرد و هەروەها دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کورد بە سەرکردەی ئەو پارتەیان هەڵبژارد و دوای رووخانی کۆماری دیموکرات و خۆ وەدەست نەدانی بە رژێمی عێراق و روو کردنی بەرەو سۆڤیەت و مانەوەی لەوێ تا شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958، هەموو ئەو فاکتەرانە بوونە هۆی**

دیاریکردنی رۆڵ و پایەی مەلا مستەفای بارزانی، ئیدی کە گەڕایەوە، وەك کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕی نیشتمانی پێشوازی لێکرا.

لە دوای شۆڕشی ئەیلوولی1961 تا شکستی شۆڕش لە دوای رێککەوتنی ئەلجەزایر، بارزانی وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان حیساب دەکرێ. هەرچەندە سەرکردەی مەزن، ئەگەر هەڵەیەکی بچووکیش بکات، زۆر بە گران لەسەر خۆی و میللەتەکەی دەوەستێ، بەڵام ناکرێ شکستی شۆڕشی ئەیلوول تەنیا بخرێتە ئەستۆی تاکە کەسێك، بێ لەبەرچاو گرتنی باری سیاسی و سیاسەتی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان لە لایەك، هەروەها رۆڵی راوێژکار و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵانی حەفتاکان و خوێندنەوەی ناواقیعیانەیان بۆ هەڵوێستی ئێران و ئەمریکا و ململانێی دوو سیستمی جیاواز و بەرژەوەندیان لە ناوچەکەدا (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی). بێگومان هەموو ئەو فاکتەرانەی ئاماژەیان پێکرا، تێکڕا و دەرس وەرنەگرتن لە مێژووی کورد لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکان، هۆی شکستی شۆڕش بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، مستەفا بارزانی لە لایەن زۆرینەی کوردەوە وەك سیمبۆل تەماشا کراوە، هەر بۆیەش بەیانی ئەو رۆژەی هەواڵی کۆچی دوایی بڵاو بۆوە، هەمووماني هەژاند، ئەوانەی بارزانیان خۆشدەویست، یاخود نا. دێتەوە یادم بەیانی بوو، دکتۆر ئۆردوخانی جەلیل کە قورگی پڕ لە گریان بوو، هەواڵەکەی پێ راگەیاندم. شڵەژام، تاسام، فرمێسك لە چاوەکانما رێچکەی کرد. زۆرم

پێ ناخۆش بوو، کە مەلا مستەفای بارزانی کۆچی دوایی کرد. بەڵام لەوەش پتر پێم ناخۆش بوو لە شاخەکانی کوردستان و لە سەنگەر نەبوو، لە واشنتۆن بوو. زۆرجار لە بۆنەکاندا گوتوومە، بارزانی سەرکردەیەکی گەورە بوو لە سەدەی بیستەم، ناکرێ وەك هەندێك بە تەواوی خەتی راست و چەپی بە مێژووەکەی دا بێنی و ناشکرێ وەك پەپوولە سەیری بکرێ. مێژووی کورد لە سەدەی بیستەمدا، پێویستە بە ویژدانەوە و دوور لە سۆزەوە، رۆڵی شێخ مەحمودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، سەید رەزای دەرسیمی، پێشەوا قازی محەمەد، مەلا مستەفای بارزانی، دکتۆر ئاورەحمانی قاسلو، هەمزە عەبدوڵڵا و ....هتد، لە روانگەی مەتریالیزمی مێژوویییەوە رۆڵیان هەڵسەنگێنی و تۆمار بکەی.

## کۆچی دوایی خوشکی گەورەم 1979/7/6

من لە 1977/3/10 وازم لە جگارە کێشان هێنا، بەڵام لە رۆژی 1979/7/5 بەیانی لە خەو هەڵسام، دڵم زۆر تەنگ بوو، خەسووم ئانا بیترۆڤنا جگارەکێش بوو، داوای جگارەکم لێکرد. بەڵام نەگەڕامەوە سەر جگارە کێشان، چاوەڕوانی هەواڵێکی ناخۆش بووم.

مانگی تەمموز بۆ بنەماڵەی ئێمە شوومە. چونکە باوکم لە تەمموز کۆچی کردووە، برا گەورەکەم عاسم لە تەمموز کۆچی کردو، جەمالی برام لە تەمموز شەهید کرا. بۆیە زۆر دڵم تەنگ بوو، بەیانیەك هەر لە سەرەتای تەمموز بوو، پۆستەچی نامەی هێنا، نامەکە لە هەولێر هاتبوو. بەر لەوەی نامەکە بکەمەوە، جگارەکەم پێکرد. کە نامەکەم کردەوە، هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی گەورەمی تێدابوو. فرمێسك هاتە خوارێ

و ڕانەوەستا، چونکە خوشکە مەلیحە منی بەخێو کردبوو، هەر لە چەند مانگییەوە،کڵاو و گۆرەوی دەچنی و پارەکەی بۆ بە شیر دەدام، چونکە دایکم شیری نەبوو. هەتا گەورەش بووم ئەو لە دایك نزیکتر بوو بۆ من. چەند ئەمن ئەوم خۆش دەویست، ئەو هەزار ئەوەندە. لەو ڕۆژەی هەواڵەکەم پێ گەیشت، گەڕامەوە سەر جگارە کێشان تا 1983/3/10، لەو ڕۆژەشدا لە ستۆکهۆڵم بڕیارم دا واز لە جگارە بهێنم، بەڵام...

## 1979/9/12
## 70 ساڵەی مامۆستا قەناتی کوردۆ

لە ئینستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی لێنینگراد، بە بۆنەی حەفتا ساڵەی لەدایکبوونی قەناتی کوردۆ، کۆنفڕانسێکی زانستی ڕێکخرا و دەیان ڕۆژهەڵاتناسی لێنینگراد بەشدارییان تێدا کرد و هەروەها ڕۆژهەڵاتناسێکی ئینگلیزیش بەشداری تێدا کرد، منیش بە ناوی کوردەلۆژەکانی کوردستانی عێراق بە وتارێك بەشداریم تێدا کرد. هەروەها لە (داچە) – خانووی هاوینی مامۆستا کوردۆ لە دەرەوەی شار، خوێندکارانی کورد و دۆست و خزمەکانی ئاهەنگێکی قەشەنگیان بۆ گێڕا، هەندێ لە کوردەکانی ئەرمەنستان و چەند کوردێکی ئاسیای ناوەند هاتبوون.

لە ساڵی 1979 ڕووداوێکی گرنگ، جگە لە تەواو کردنی خوێندنی دکتۆرا لە ژیانی من ڕوویدا، ئەویش جوانەی کچم لە 1979/6/5 لە دایك بوو، واتە ئێستا (1979) کوڕ و کچێکم هەیە، بەرپرسیارەتی زۆرترم کەوتۆتە سەر شان. مانەوە لە سۆڤیەت ئاسان نەبوو، گەڕانەوەش

مەترسی لەسەر بوو، بۆیە کەوتمە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کارێك لە سۆڤیەت، ئەوەش پێویستی بەوە هەبوو، کە وەك پەنابەری سیاسی وەرگیرێم، چونکە خێزانەکەم سۆڤیەتی بوو، بەڵام دیسان پێویست بوو زۆر هەوڵ بدەم و لە زۆر دەرگا بدەم بۆ ئەم مەبەستە. هەوڵەکان زۆر بێسوود بوون، بۆیە لە حوزەیرانی1980 هاتمە مۆسکۆ و بڕیارم دابوو بۆ عێراق بگەڕێمەوە، هەرچەندە دەمزانی لەوانەیە لە فڕۆکەخانە یەکسەر بۆ بەندیخانە پەلکێشم بکەن، بەڵام کە هاتمە مۆسکۆ، هاوڕی عەزیز لە مۆسکۆ بوو، ئەویش پێی راگەیاندم، کە گەڕانەوەم مەترسیدارە، چونکە لەو ساڵەدا هەندێ لە دکتۆرەکانی کوردی زانکۆی بەغدا خانەنشین کرابوون، وەك دکتۆر کاوس قەفتان و دکتۆر مارف خەزنەدار و...هتد. منیش ئەگەر بگەڕێمەوە دوو رێگام لەبەر دەمدا هەیە، یان هاوکاری بەعس بکەم، واتە خۆم لەگەڵیاندا بگونجێنم، یان چاوەڕوانی ئەمە بم تووشی راوەدوونان بم. بۆیە هاوڕێ عەزیز ئامۆژگاری کردم، نەگەڕێمەوە، بەڵکو هەوڵ بدەم لە شوێنێك کار بکەم چ لە سۆڤیەت بێت، یان لە وڵاتێکی تر.

بۆیە من بڕیارم دا کە هەوڵێکی جددی بدەم، لە رێگای ئەو دۆستانەی لە (جەزایر و لیبیا)بوون کارێك بدۆزمەوە، هەروەها بە پێی دەستووری سۆڤیەت، کە من منداڵ و خێزانم سۆڤیەتین، بۆم هەیە ماوەم پێ بدرێ لە سۆڤیەت بژیم. دیارە لێرەدا کۆمیتەی دۆستایەتی ئاسیا و ئەفریقا لە لێنینگراد ئەو دوو مامۆستایەی یارمەتیان دام بۆ خوێندن، ئەوەی بۆیان کرا کردیان. لە سەرەتادا بۆ ساڵێك لە ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی بەشی تیۆری ئەدەب وەرگیرام و پاشان بۆ ساڵێکی تر لە زانکۆی لێنینگراد – فەکولیتیتی رۆژهەڵات وەرگیرام، بۆ کۆرسی رێبازی دەرس وتنەوەی

ئەدەبیاتی رۆژهەڵات (میتۆدی دەرسی ئەدەبیاتی رۆژهەڵات)، ئەو دوو ساڵە یارمەتیدەر بوون، بۆ ئەوەی رەزامەندی دەوڵەتی سۆڤیەتم، بۆ مانەوە لە خاکی سۆڤیەت بۆ دەرچێ، بە مەرجێك بۆم نییە ئەو دەوڵەتە بەجێ بهێڵم بێ رەزامەندی ئەوان. دیارە مەرجێکی قورس بوو، بۆ من، بەڵام من ئەو کات هیچ رێگای ترم نەبوو.

لە ساڵی 1980 بە پاپۆڕ (کەشتی) سەفەرێکی 12رۆژیم بۆ بەریتانیا کرد. هەر رۆژێك لە پایتەختی وڵاتێك دادەبەزین. کەشتییەکە لە کەنداوی فینلەندی کە شاری لێنینگراد دەکەوێتە کەناری ئەو کەنداوە – لێنینگراد لە ساڵی1703 لەلایەن پەترۆسی یەکەم دامەزراوە و ناویشی (سانت پیترسبورگ) بووە، لە شەڕی جیهانی یەکەم ناوەکەی گۆڕاوە بۆ پیترۆگراد (گراد واتە شار) و لە ساڵی 1924 کە ڤلادمیر لێنین کۆچی دوایی کرد (سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 لە روسیا و دامەزرێنەری یەکێتیی سۆڤیەت)، ئەنجومەنی شار بڕیاریدا ناوی شارەکە بگۆڕێت و ناوی لێنرا لێنینگراد، لە دوای ساڵی1991 و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ناوە کۆنەکە گەڕایەوە و ئێستا بە سانت پیترسبورگ دەناسرێ-. بەیانی رۆژی یەکەم گەیشتینە هیلسینگی پایتەختی فینلەندا، تا ئێوارە لەوێ ماینەوە و گەشتێمان بەنێو شارەکەدا کرد. ئێوارە بەڕێکەوتین، رۆژی دوایی گەیشتینە شاری ستۆکهۆڵم – پایتەختی سوید. ئەوەی شایانی باس بێت من لە سوێد چەند کەسێکم دەناسی، لەوانە کاك حەنەفی جەلەبلی، مامۆستا جگەرخوێن، محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان.. هەروەها بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە کاك (فەرهاد شاکەلی)یەوە هەبوو، جگە لەوە کاك فازیل جافیشم دەناسی.. بۆیە کە گەیشمە ستۆکهۆڵم پەیوەندیم بە کاك فەرهاد

کرد، ئەویش هاتە سلوسن، پۆرتی (مینا–بەندەر) پاپۆڕەکەی لێ بوو، ئەگەر بە هەلەدا نەچووبم کاک بەختیار ئەمین و کاک ئەمجەد شاکەلی براشی لەگەڵدابوو. چووینە ماڵی کاک فەرهاد لە سۆلونتۆنا و لەوێ نانمان خوارد و پاشان چووینە مارکێتی ئۆبس OBS بۆ کڕینی هەندێ کەل و پەل بۆ منداڵەکان. ئەو کات کاک فەرهاد پێشنیازی کرد نەگەڕێمەوە سۆڤیەت، بەڵام من بەقسەی ئەوم نەکرد. تا ئێوارە پێکەوە بووین، پاشان منیان گەیاندە پاپۆڕەکە و بەرەو کۆپنهاگن – پایتەختی دانیمارك بەڕێ کەوتین.

لە دانیمارك کەسم نەدەناسی و هیچ ئادرێسم نەبوو، بۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکی لوبنانی، کە خوێندکاری پزیشکی بوو لە لێنینگراد، تا ئێوارە، بە دووان لە نێو شاردا گەڕاین، ئێوارەش گەڕاینەوە نێو پاپۆڕ. لە کۆپنهاگن بەڕێ کەوتین بۆ بەلچیکا، بەیانی گەیشتینە شارێکی بچووك لە قەراخ دەریا. شارێکی جوان و خنجیلە و خاوێن بوو. لە بەلجیکا هەر لەرێگای دەریاوە روومانکردە لەندەن. بەیانی زوو گەیشتینە پۆرتی (بەندەر)ی، لەوێ دابەزین، چونکە لەندەن نزیکەی دوو کاتژمێر لەو پۆرتە دوور بوو، سواری ترێن بووین بۆ شاری لەندەن.

لەندەن شارێکی چەند بڵێی گەورەیە. زۆر بازاڕ و شەقامی لێ بوو، کە هەموویان بێگانە بوون، هیندی، بەنگالی، عەرەب، ئەفریقی. لە یەکێك لە بازاڕەکان تووشی منداڵ و خێزانی کاک تاهیر حەیدەری بووم، کە دواجار لە ساڵی1977 لە بەغدا یەکتریمان بینی بوو. بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە کاک تاهیرەوە کرد و چاك و چۆنیمان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی من ماوەکەم کەم بوو، نەمانتوانی یەکتر ببینین و تا ئێستا کاک تاهیرم نەبینییەوە، تەنیا لە مایسی 2010 توانیم بە تەلەفۆن قسەی

لەگەڵ بکەم. سەفەرەکەم 12ڕۆژی خایاند و گەڕاینەوە شاری لێنینگراد.

هەر لە ساڵی 1980 (پاییزی ئەوساڵە) سەفەرێکی سوریام کرد. لە سوریا جگە لە برا کوردەکانی عێراق، کە لەو وڵاتەدا پەناهەندەی سیاسی بوون، ژمارەیەك کوردەکانی سوریام دەناسی، کە کاتی خۆی لە مۆسکۆ لەگەڵ مندا خوێندکار بوون، لەوانە: د. شیرین قەدری جان، نوری فەرحان، عەبدولڕەحمان عەونی، زیاد مەولا، هەیسەم قوترەش، د. محەمەد شێخۆ، د. حیکمەت، د. ئیسماعیل و د. عەزیز فەرمان و... بۆ ماوەی 20 ڕۆژ لە دیمەشق مامەوە، چاوم بە زۆر لە برادەرانی ئەوێ کەوت، پێم وایە هەر لەو سەفەرەش بوو چاوم بە دکتۆر سادق حەداد (برای عەبدوڵڵا حەداد) کەوت و کاك فاتح ڕەسووڵ، حاجی سلێمانی شەقڵاوەیی، کاك عەدنان موفتی، ملازم فوئاد (ئێستا پێم وایە بۆتە لیوا). هەندێ دۆستی عەرەبم هەبوون لە بنەماڵەی (حەسەنن ئەلنەهر) لە چایخانەی (ئەلرەوزە) یەکتریمان دەبینی.

لە دیمەشق سەردانی ماڵی (قەدری جان)ی شاعیرم کرد و چاوم بە د. شیرین کەوت و لەگەڵ ئەویشدا سەردانی ماڵی "مەمدوح سەلیم"م کرد، کە خێزانەکەی چەرکەسی بوو. مەمدوح کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام دەمزانی کە کتێبخانەیەکی باشی هەیە و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانیان هەبوو و یەکێك بوو لە دامەزرێنەرەکانی پارتی (خۆیبوون)، بەڵام بەداخەوە زۆربەی کتێبخانە و نامە و دەستنووسەکانی مەمدوح سەلیم لە لایەن پارتەکانی باکووری کوردستان دەستی بەسەردا گیرابوو، من لە ماڵی "مەمدوح بەگ" چەند بەڵگەنامەی خۆیم دەستکەوت، وەك کاتی پەناهەندەیی لە بەیروت ساڵی1938، وێنەی خۆی لە کۆبوونەوەی خۆیبوون لە ساڵی1927 کە

لە وێنەکەدا ئیسماعیل حەقی شاوێس، عەلی سەید و گۆرانی و کەسانی تریشی تێدابوو. وێنەیەکی نایابی قەدری جان، دکتۆر نورەددین زازا، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر و عەلی فەتاح دزەیی لەگەڵ دوو بەرگ تاریخی مەردۆخ بە فارسی، وێنە و بەڵگەنامەیەکی باوکی مەمدوح سەلیم و نامەیەك بە زمانی عەرەبی لە یادی کۆچی دوایی جەلادەت بەدرخان. ئەوانەم هەموو لەگەڵ خۆم هێناوە، ئێستاش لە لای من پارێزراون.

کە هێشتا لە سۆڤیەت بووم، دوو کەسایەتی کوردی یەك لە باکوور (محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان) و سوریا (مامۆستای شاعیر جگەرخوێن) هاتن بۆ شاری لێنینگراد.

مامۆستا محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان– نووسەر و وەرگێڕ، کە کارەکانی ئەو کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە، بە تایبەتی ئامادە کردن و هێنانە سەر پیتی لاتینی گۆڤاری (ژین)ی پیرەمێرد، لێکۆڵینەوە لەسەر (مەم و زین)ی خانی و دەیان کاری تر، کە جێگای شانازی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە. محەمەد ئەمین بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەردانی لێنینگرادی کرد و کۆڕ و کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ خوێندکارانی کورد و زانایانی بەشی کوردەلۆژی، بە تایبەتی لەگەڵ مامۆستا قەناتی کوردۆ. هەروەها سەردانێکی شوێنە مێژوویی و دێرینەکانی ئەو شارەی کرد، کە لە شەڕی جیهانی دووەم بۆ ماوەی 900 ڕۆژ لەلایەن هیتلەرییەکانەوە ئابلۆقە درابوو، بەڵام داگیر نەکرا.

لە ساڵی 1982 دا، مامۆستا جگەرخوێنی شاعیر بە هاوڕێیەتی کاك حەنەڤ جەلەبلی بۆ چەند ڕۆژێك سەردانی لێنینگرادی کرد. دیسان زۆر بە گەرمی لە لایەن زانایانی بەشی کوردی: قەناتی کوردۆ، ئۆردوخانی جەلیل (ئەوەی شایانی باس بێت ئۆردوخان کتێبێکی تایبەتی لەسەر

**شیعرەکانی جگەرخوێن لە شەستەکان چاپکردووە)، کەریمی ئەییوبی و زاریٚ و هەموو زانایانی بەشی کوردی و خوێندکارانی کورد لەو شارەدا پێشوازی لێکرا. لەو سەردانەی دا، من لە نزیکەوە جگەرخوێنم ناسی و دوای ئەوەی بوومە پەناهەندە لە سوێد، زۆر جار سەردانم دەکرد و نێوانمان زۆر خۆش بوو.**

**هەندیٚ رووداوی بچووکم لە کاتی نووسینی بیرەوەرییەکانم لەیاد کردبوو، بەڵام چونکە پەیوەندی بە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە هەیە، بە پێویستم زانی بە کورتی ئاماژەیان پێبکەم.**

**لە سەردانەکەی ساڵی 1977 بۆ هەولێر، دکتۆر عەزیز گەردیم ناسی. ئەو کات مامۆستای سەرەتایی بوو، بەڵام دوایی کۆلێجی زمانی بەشی فەرەنسی تەواو کرد و لە نۆهەدەکان و لە سەرەتای سێیەمین هەزارە، ماجستێر و دوو دکتۆرای وەرگرت.**

**مامۆستا عەزیز گەردی، چەندی بڵێی لێهاتووە، چ وەك زانایەك و زمانزانێك و چ وەك وەرگێڕێکی بە توانا و سەلیقە. کاك عەزیزم لە ڕێگای مومتاز حەیدەری برامەوە ناسی. کاك عەزیز ئەو کات کتێبی "داغستانی من"ی نووسەری داغستانی (رەسووڵ هەمزاتۆف)ی وەگێڕابووە سەر زمانی کوردی. ئەو پشتی بە دوو دەقی جیاواز بەستبوو، یەکیان بە زمانی ئینگلیزی بوو، ئەویتریان بە زمانی عەرەبی.**

**دکتۆر عەزیز داوای لێکردم ئەگەر بکریٚ دەقە کوردییەکە لەگەڵ دەقی رووسی رۆمانەکە بەراورد بکەم. زۆرم پێخۆشبوو، چونکە "داغستانی من"ی هەمزاتۆف وەك بڵێی باسی "کوردستانی من" دەکات. ڕێکەوتین کە دکتۆر عەزیز رۆژانە بێتە ماڵی مومتازی برام (چونکە من لە ماڵی ئەو دابەزی بووم) تا پێکەوە بەراوردەکە بکەین. کاك عەزیز دەقە**

کوردییەکەی بۆم دەخوێندەوە و منیش لەگەڵ دەقە رووسییەکە بەراوردم دەکرد. لەو شوێنانەی کە وەرگێڕە عەرەبییەکە، یان ئینگلیزییەکە هەندێ رستەیان فەرامۆش کردبوو، کە دەڵێم فەرامۆش لێرە مەبەستم ئەوەیە بە ئەنقەست بوو، چونکە ئەو رستانە پەیوەندی بە سیاسەتی سڕینەوە و داپلۆسینەوە هەبوو، وەك گۆڕینی ناوی چیاکانی داغستان بە ناوی رووسی وەك ئەوەی حیزبی بەعس چ لە سوریا و چ لە عێراق و تورکیا لە دژی ناوە رەسەنەکانی شار و چیاکانی کوردستان پیادەیان دەکرد. ئەو کارەمان ئەنجام دا و کاك عەزیز لە چاپی یەکەمدا ئاماژەی بەوە کردووە.

دیسان لەو ساڵانەدا بوو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کتێبێکی لەسەر شاعیری گەورەی رووسیا "ئەلکسەندەر پۆشکین" وەرگێڕا. داوای لە عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر کرد، کە دەقەکانی شیعری پۆشکینی بۆ بکاتە کوردی. دکتۆر عەبدوڵڵا شیعرەکانی نێو کتێبەکەی لە زمانی رووسییەوە دەکردەوە کوردی و ئەوکات وا بە پێویست زانرا، کە دەقە کوردی و رووسییەکە من بەراوردی بکەم، ئەویش دیسان لە کتێبەکەی "پۆشکین"ی کاك محەمەد ئاماژەی پێکراوە.. ئەوەی شایانی باس بێت، ئەو کاتەی پەشێو لە ئینستیتۆی زمانی (مۆریز تۆرێز)ی دەخوێند، من زۆر جار سەردانم دەکرد، کە لە خوێندنی باڵاش وەرگیرا، پەیوەندیمان زۆر باش بوو و تا ئێستاش من و پەشێو دۆست و هاوڕێی یەکین.

لەو ساڵانەدا، هەندێ رەفتاری سەیرم لە پەشێو بەدی دەکرد، کە جێگای سەرنج بوون، خۆی لە بیری دەکرد.. بۆ نموونە: جارێکیان لە ژوورەکەی خۆی مێوانی هەبوو، دوای نانخواردن پەشێو هەستاوە سەر

پێ بۆ دەرگا چوو، زۆر سوپای میوانەکانی کرد و خواحافیزی کرد. کە پرسیمان پەشێو بۆ کوێ؟ گوتی: دەچمەوە. وای دەزانی ئەو میوانە، نەك میوانی هەیە.

یاخود جارێك لە مارکێت دەچێت شتوومەکی خواردن بکڕێ و جانتای کتێبی پێدەبێت، جانتاکە لە کاسە (قاسە) بەجێ دەهێڵێ و سەبەتە دەبات، ئەوەی پێویستی بێ دەیکڕێ و لە قاسەدا پارەکەی دەدات، لە جیاتی ئەوەی کڕیویەتی بخاتە نێو جانتاکە، بە پێچەوانەوە ئەوەی لە نێو جانتاکەی هەیە، هەڵیدەڕێژێ. ئەو جۆرە رەفتارانەم هەموو تۆمارکردبوو لە ژێر ناوی "پەشێویات" بۆ پاشکۆی عێراقی (کوردیم) رەوانە کرد، کە کاك ساڵح سەرپەرشتی دەکرد، بۆی چاپ نەکردم، چونکە کاك ساڵح پەشێوی زۆر خۆش دەویست.

هەر بەو بۆنەوە، سەردانی کاك ساڵحم هاتەوە یاد، بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی جیهان لە هێلسنگی. لەو ساڵانەدا بوو، کاك ساڵح لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەشداری ئەو کۆنگرە – کۆنفرانسەی کرد.

نوێنەرەکان لەوانە پێك هاتبوون: سەعد قاسم حەمودی، فەخری کەریم، عوسمان فایق، ساڵح حەیدەری و سعود ئەلناسری.. وەفدەکە بە مۆسکۆدا تێپەڕین و کاك ساڵح ئاگاداری سعود ئەلناسری کردبوو، کە لە رێگای هاوڕێیانەوە خەبەر بدەنە من، چونکە من لە لێنینگراد دەژیام، بەڵام کەس ئاگاداری منی نەکرد، کە کاك ساڵح لە مۆسکۆیە. لە گەڕانەوە لە کۆنگرەکە کاك ساڵح لە هوتێلی رووسیا بەرانبەر گۆڕەپانی سوور دابەزی بوو. کاك عەبدوڵڵا پەشێو ئەو هەواڵەی زانیبوو، کە کاك ساڵح لەگەڵ وەفدەکەیە و وەفدەکە لە هوتێلی رووسیا دابەزیون. چووبووە

سەردانی، ئەویش دەڵێ خەبەرم دابووە سعود ئەلناسری ئاگاداری جەمشیدی برام بکات کە من دێمە مۆسکۆ، دیارە نەیزانیوە و بەیانیش ئێمە دەگەڕێینەوە بەغدا. کاك عەبدوڵڵا تەلەفۆنی بۆ کردم و ئاگاداری کردم، کە کاك ساڵح لە مۆسکۆیە و بەیانی دەگەڕێتەوە بەغدا.

لە سۆڤیەتی پێشوودا، خوێندکاری بێگانە بۆی نەبوو لە شارێك بۆ شارێکی تر بێ ڤیزە هاتووچۆ بکات، ئێوارەش بوو خەبەرەکەم زانی. منیش بڕیارم دا هەر ئەو شەوە بەرەو مۆسکۆ بچم. شەمەندەفەر لە سەعات 11:55ی شەو هەبوو لە لێنینگراد بۆ مۆسکۆ. منیش خێزانم لەگەڵ خۆم بردە وێستگەی شەمەندەفەر بلیتی بۆ خۆی کڕی. (سۆڤیەتی پێویستیان بەوە نەبوو مۆڵەت لە پۆلیس وەرگرن) لەبەر ئەوەی لە لێنینگراد و شارەکانی تری سۆڤیەت نەتەوەی هەمەجۆر هەن، کوردێك و ئازەربایجانیەك لێك جیا ناکرێنەوە. من شەوێ سواری شەمەندەفەر بووم، بەیانی سەعات 6:20 گەیشتمە مۆسکۆ.(نێوان مۆسکۆ و لێنینگراد 600کیلۆمەترە)، یەکسەر بە میترۆ چوومە وێستگەی (پراسپێکت مارکس)، کە نزیك گۆڕەپانی سوورە. راستەوخۆ چوومە هۆتێلی رووسیا. کە چووم هێشتا کاك ساڵح لەخەو هەڵنەستابوو. لە خەوم بەئاگا هێنا و پێك شاد بووین.

کاك ساڵح چاوی شوت و خۆی گۆڕی، پێکەوە چووینە چێشتخانەی ئۆتێل بۆ نانی بەیانی، چونکە ئەوان دەبووایە سەعات 8 بەڕێکەون بۆ فڕۆکەخانە. قاوەمان پێکەوە خواردەوە. کاك ساڵح مرۆڤێکی میسالی بوو، بڕوای بەوە نەبوو، کە لە سۆڤیەت گەندەڵی تەشەنەی کردووە، بڕوای وابوو دەبێ دەوڵەتی سۆسیالیستی نموونەی باشی بێت، بەڵام پەشێو بۆی سەلماندبوو، کە سۆڤیەت ئەوە نییە کە باسی لێدەکەن،

سیستمەکە بۆگەن بووە. عەبدوڵڵا بە چ شێوەیەك ئەوە دەسەلمێنێ؟ لە سۆڤیەت لە دوکانی فرۆشتنی خواردنەوە تا سەعات 7ی ئێوارە کار دەکەن و پاشان فرۆشتنی خواردنەوە قەدەغەیە. عەبدوڵڵا کاك ساڵح دایانە دوکانێك دوای سەعات 7:30، دەپرسی خواردنەوە ماوە، دەڵێن نەخێر، عەبدوڵڵا چەند روبلێك دەخاتە دەستی کرێکارە کارمەندەکە، یەکسەر دەچێتە ژوورەوە و شوشەیەك ڤۆدکا لە نێو رۆژنامەیەك دەپێچێتەوە و دەیداتێ. کاك ساڵح لەوە سەری سوڕ دەمێنێ، کە بە رشوەت و بەرتیل هەموو کارێك ئەنجام دەدرێت؟!!

ئەوەی راستی بێت لە کاتی فەرمانڕەوایی بریژنیف، وڵات تووشی کارەسات هات، گەندەڵی هەموو لایەنێکی ژیانی گرتبوو، هەر بۆیەش رووسەکان دەڵێن، ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەبێ، چونکە دەستگاکانی حیزب گەندەڵ بوون، ئەندامانی سەرووی حیزب و کادیرەکانی پێشکەوتوویان گەندەڵ بوون، جەماوەر بڕوای بە حیزب نەمابوو، ئەگینا حیزبێك 14ملیۆن ئەندامی هەبێ و 28 ملیۆن یەکێتیی لاوانی کۆمۆنیستی هەبێ، چۆن بە بڕیارێکی بۆریس یلتسن هەڵدەوەشێتەوە و کەسیش نایەتە سەر شەقام، بەرگری لە حیزب و دەوڵەت بکات.؟!

سەعات 8 من لەگەڵ کاك ساڵح و وەفدەکە چوومە فڕۆکەخانە، لەوێ لە چاوەڕوانی دا دیتم فەخری کەریم و عوسمان فایق بە عەرەبی قسە دەکەن، منیش لەگەڵ کاك ساڵح بە کوردی قسەمان دەرکرد. عوسمان فایق (کە دوایی لە لایەن رێکخراوێکی کوردییەوە کوژرا) هاتە قسە و گوتی: بۆ بە عەرەبی قسە ناکەی؟ منیش گوتم: تۆ و فەخری کەریم کوردن، بۆ بە کوردی قسە ناکەن؟

نایەتەوە یادم قسەیەکی کرد، منیش لە وەڵام دا گوتم: هەتا چیاکانی

**کوردستان مابێ، کوردیش هەر دەمێنێ. دیارە عوسمان رەنگی تێکچوو و سەعد قاسم حەمودی تەنیا دەیڕوانی. کاتی ماڵئاوایی هات و کاك ساڵح چووە شوێنی پاسپۆرت، منیش گەڕامەوە، سەردانی پەشێوم کرد و ئێوارە گەڕامەوە لێنینگراد.**

**لە ساڵی1977 من سەردانێکی یەریڤانم کرد. وەك دەزانرێ بنەماڵەی جاسمی جەلیل، کتێبخانە و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان هەیە. من لەگەڵ دکتۆر جەلیلی جەلیل لە ساڵی1967وە پەیوەندیم هەیە، لە مۆسکۆ زۆرجار کە دەهاتە مۆسکۆ لە لای من، یان لە لای دکتۆر ئەحمەد موختار ئامێدی دەمایەوە. جگە لەوەی دوای حەفتاکان لەگەڵ دکتۆر ئۆردوخان لە بەشی کوردی پێکەوە بووین و زۆر دۆست و هاوڕێ بووین. من پێویستیم بە هەندێ سەرچاوە هەبوو، کە دەمزانی لە ماڵی جەلیل چەنگ دەکەوێ، چونکە هەموو کوردەکانی دەرەوەی سۆڤیەت هەر کتێب، رۆژنامە، گۆڤارێکیان بە کوردی هەبووایە، یاخود لەسەر کورد شتی تێدابووایە، جەلیل وەریدەگرت و دەیبردەوە یەریڤان. بۆیە منیش بڕیارم دا بچم هەم کوردەکانی ئەرمەنستان ببینم و بناسم و هەمیش ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەردەگرم بەسەر بکەمەوە.**

**من لە یەریڤان جگە لە بنەماڵەی جاسمی جەلیل، ئەوانەشم دەناسی: مەکسیمی خەمۆ (زمانزان)، شەرەف ئاشیریان (مێژوونووس)، تۆسنی رەشید و نورێ جەواری و هەروەها نورێ پۆلادبێگەف، کچی شاعیر و شۆڕشگێڕی سەرەتای بیستەکان فەریقی پۆلاد بیگ.**

**من لە یەریڤان لە ماڵی جاسمی جەلیلدا چاوم بە کتێبی "الواقعیە فی الادب الکردی"ی دکتۆر عزەدین مستەفا کەوت، کە تەماشام کرد،**

ئەو دانەیە لە لایەن دکتۆر عزەدین پێشکەشی من کراوە، کاتی خۆی (واتە ساڵی 1968) کە مۆسکۆم بەجێ هێشت و گەڕامەوە عێراق گیرام. کتێبەکانم و هەندێ کەل و پەلی ترم لە مۆسکۆ لە لای دکتۆر ئەحمەد ئامێدی بەجێ هێشتبوو، جەلیلیش ئەو کتێبەی بردبوو. داوام لە دکتۆر جەلیل کرد، کە کتێبەکەم بداتەوە، چونکە پێشکەشی من کراوە، بەڵام رازی نەبوو بۆ ماوەی یەك مانگیش بمداتێ، هەرچەندە بەڵێنم پێدا کە بۆی بگەڕێنمەوە.

لە سەردانی رادیۆی یەریڤان، داوایان لێکردم: باس لە بارودۆخی کوردەکانی ئەرمەنستان بکەم، من ئامادەییم نیشان دا، بەڵام دەربارەی ئەوەی قوتابخانەی کوردی لە ئەرمەنستان دا هەیە، بۆچوونمان جیاواز بوو، چونکە ئەوان دەیانگوت قوتابخانەی کوردی هەیە، ئەمنیش دەمگوت: نەخێر نییە، بەڵکو لەو قوتابخانانە ژمارەیەکی زۆر منداڵی کورد هەیە، دەرسی زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەیە. راستە لە سییەکان قوتابخانەی کوردی و تەکنیکۆی (قوتابخانەی پیشەیی) کوردی هەبوو، بەڵام ئێستا نەماوە، راستە ئێستا بەشی کوردەلۆژی هەیە، لە زانکۆی یەریڤان بەشی زمانی کوردی کراوەتەوە، یەکێتیی نووسەرانی ئەرمەنستان لقی کوردیان هەیە، بەرپرسانی رادیۆ رەزامەندیان نیشان دا من وتاری خۆم بخوێنمەوە، بەڵام دوایی زانیم کە بڵاو نەکراوەتەوە.

لێرەدا پێم خۆشە باسی نوریێ پۆلاد بێگ بکەم. نوریێ کچێ عەگیدی پۆلاد بێگ بووە، بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەرمەنستان بۆ سیبیریا دوورخرابووەوە و لەوێ ژنێکی رووسی هێنابوو بە ناوی (ئانا)، لەو ژنە سێ منداڵی هەبوو (فەریق، باسە عەباس و نوریێ، کچ)، لە ساڵی 1907 عەگید بەگ دەگەڕێتەوە ناوچەی خۆی، بەڵام خێزانەکەی لەگەڵ کوڕە گەورەکەی (فەریق) دەگەڕێنەوە سیبیریا.

لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری1917، فەریق گەنج دەبێت، گەنجێکی بە توانا دەبیّ، وەك شۆڕشگێڕ و نووسەر، لە ساڵی1918 یەکێك دەبێت لەوانەی دەستەڵاتی سۆڤیەتیان لە (ئێرکوتە) دامەزراندووە، پاشان هێزەکانی (لەشکری سپی) کە دژی شۆڕش دەبن، پەلاماری دەستەڵاتی سۆڤیەتی نویّ دەدەن. فەریق لەگەڵ هاوڕێکانی دەستەی پارتیزانی رێك دەخەن و لە ئاکامدا بە دەستی ئەفسەرێکی لەشکری سپی دەکوژرێت. (لەم بارەیەوە سەیری وتارێکی من بکە، کە لە رۆژنامەی العراق لە ساڵی1977 بڵاو کراوەتەوە و هەروەها بە زمانی کوردی هەمان بابەت لە گۆڤاری پەیڤ ژمارە لەندەن).

نوریّ و باسە لەگەڵ باوکیان لە ئەرمەنستان دەمێننەوە، منیش کە سەردانی ئەرمەنستانم کرد، لە سۆراخی نوریّ بووم، گوتیان: ماوە، ئەوسا تەمەنی گەورە بوو، چووم و سەردانم کرد، ئەو ژنەش لە بواری زانستی کاری دەکرد.

ئەوەی شایانی باس بێت، من دوای تەواو کردنی خوێندنی دکتۆرا و وەرگرتنی بڕوانامەکە لە مارتی1980دا، دوای ئەوەی بڕیارم دا بۆ عێراق نەگەڕێمەوە، وەك لە شوێنێکی تر ئاماژەم پێکردووە، لە مانگی ئەیلوولی1980 بۆ ماوەی ساڵێك لە ئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ بەشی تیۆری ئەدەب ماوەی کار کردنم پێدرا، پاشان هاتمە لێنینگراد و لەو ماوەیەشدا هەوڵم دا (ئیقامەی دایمی) لە سۆڤیەت وەرگرم و بۆ ماوەی ساڵێك لە کۆلێژی رۆژهەڵات (الكلية الشرقية) مێتۆدی دەرس وتنەوەی ئەدەبی رۆژهەڵاتیم خوێندن و دیراسە کرد، واتە لە ساڵی خوێندنی 1981-1982، لەو ماوەیەدا رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتم وەرگرت، کە لە سۆڤیەت بمێنمەوە.

لە ساڵی 1982 داوام کرد رێگام پێبدەن سەردانی سوریا بکەم، چونکە بۆم نەبوو بگەڕێمەوە عێراق، بەڵام دەستگا بەرپرسەکانی سۆڤیەت رێگایان پێ نەدام. منیش لەوە زۆر تووڕە بووم، پاسپۆرتی ئیقامەکەم بۆ گەڕاندنەوە، بەڵام ئەوان رازی نەبوون لێم وەرگرنەوە، دەیانگوت پێویستە خێزانەکەت رەزامەندیی هەبێت، کە تۆ ئێرە بەجێ دەهێڵی، ئەویش لەگەڵم هاتە پۆلیس و بە نووسین رەزامەندیی نیشان دا. ئەوسا من پەیوەندیم بە کاك فەرهاد شاکەلی کرد و پێم راگەیاند، کە نیازم هەیە بێمە سوێد. کاك فەرهاد گوتی: من پارێزەرت بۆ دەگرم، پێش هاتنت ئاگادارمان بکەوە. منیش مێژووەکەی پاسپۆرتی عێراقیم گۆڕی و درێژم کردەوە و داوام کرد بلیتی فڕۆکەم بۆ بکڕن بۆ سوێد. پێویستم بەوە هەبوو هەندێ کەل و پەلی خۆم و دانەیەك لە نامەی دکتۆرا و بڕوانامەکان و هەندێ دەستنووسی خۆم لەگەڵ خۆم بەرم. بۆ ئەوەش پێویست بوو رەزامەندیی بەشی یەکەم (پەیوەندیی بە ئاسایشی وڵاتەوە هەیە) وەرگرم، کە ئەوانەی لەگەڵ خۆم دەیان بەم، هی خۆمە و پەیوەندیی بە سۆڤیەتەوە نییە.

بلیتی فڕۆکەم بۆ رۆژی هەینی 1983/3/4 بڕی و ئاگاداری کاك فەرهاد شاکەلیم کرد، کە ئێوارەی رۆژی 3/4 دەگەمە ستۆکهۆڵم.

دکتۆر ئۆردوخان و دکتۆر جەلیل لەگەڵم هاتنە فڕۆکەخانە. لەوێ لە پشکنین داوای رەزامەندی بەشی یەکەمی ئینستیتۆیان کرد، دکتۆر ئۆردوخان ناسنامەی خۆی بۆ جێ هێشتن بە بارمتە و رێگایان بە مندا بچمە فڕۆکە و سۆڤیەت بەجێ بهێڵم.

فڕۆکەکە دەبووایە لە لێنینگراد بچێتە ئۆسلۆ (پایتەختی نەرویج) و لەوێوە بچێتە ستۆکهۆڵم. سەعات 4ی ئێوارە لە فڕۆکەخانەی ئۆسلۆ دابەزی، بەڵام ئەوانەی بەرەو ستۆکهۆڵم دەفرین، لەنێو فڕۆکە

مانەوە. دوای سەعاتێك بەرەو ستۆکهۆڵم بەڕێ کەوتین. کە فڕۆکەکە لە ستۆکهۆڵم دابەزی، منیش دوو جانتام پێ بوو، لەگەڵ گەشتیارەکان رووەکردە شوێنی پاسپۆرت و کۆنترۆڵ، کە نۆرەم هات، پاسپۆرتەکەم لە بەر دەمی پۆلیسی پاسپۆرت دانا. پرسی: ڤیزە؟

گوتم: نیمە، هاتووم بۆ پەنابەری.

پۆلیس پێی راگەیاندم کە بگەڕێمەوە دواوە، لەسەر کورسیەك هەبوو دانیشتم، تا گەشتیار و هاوڵاتیەکانی سوێدی هەموو دەرچوون، نزیکەی 20خولەك کابرایەك هات و کامێرای لە دەست بوو، وێنەی گرتم و پاشان منیان بانگهێشتی ژوورێك کرد، کە دوو پۆلیسی سڤیلی لێ بوو، پرسیاریان لێ کردم: بە چ زمانێك قسە دەکەی؟

گوتم: رووسی و کوردی.

(دیارە پرسیارەکان بە زمانی ئینگلیزی بوو)، بەڵام من نەمدەتوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکان بەو زمانە بدەمەوە، بۆیە داوای وەرگێڕم کرد.. پەیوەندییان بە وەرگێڕێکی کورد زمان کرد. کابرا بە تەلەفۆن پرسیاری لێدەکردم و وەریدەگێڕاوە سەر زمانی سوێدی. نزیکەی سەعاتێکی خایاند، پاشان گوتیان: فەرموو. جانتاکانیان خستە سەر عەرەبانەیەك و منیان برد بۆ هۆتێلی فڕۆکەخانە.

سەعات نزیکەی 9ی شەو بوو. کە چووم، پۆلیسێکی کچ جانتای لێوەرگرتم و داوای کرد سەعات و قایشی پشتێ داکەنم. ژوورێکی کردەوە و چوارپایەکی لەسەر بوو، گوتی: فەرموو.

گوتم: ناچمە ژوورێ.

ژووری تایبەت بوو بۆ ئەوانەی لە ژێر چاودێری پۆلیسن.

پاش ئەوە گوتم: برسیمە من لە سەعات 12وە نانم نەخواردووە.

گوتیان: هیچمان نییە، بەڵام دوایی بەرداخێك قاوە لەگەڵ پاکێتێك بسکوێتیان بۆ هێنام، کە تەواوم کرد، پۆلیسە کچەکە گوتی: فەرموو بڕۆ ژوورەکەت.

گوتم: ناچم خەوم نایەت، من ڕۆژنامەم لە جانتادا هەیە.

جانتای بۆ کردمەوە و ڕۆژنامەی ئەدەبی (لیتراتۆرنەیە گەزێتە)، کە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە، یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەت دەری دەکەن. لە نزیك پۆلیسەکە لەسەر کورسیەك دانیشتم و دەستم بە خوێندنەوە کرد تا سەعات 11:15، ئەوسا ڕۆژنامەکەم گەڕاندەوە و داوای فڵچەی ددانم کرد، کە لەنێو جانتاکەمدا هەبوو، ددانم شووشت و چوومە ژوورەکەم لەسەر چوارپایەکە پاڵمداوە.

پۆلیسە کچەکە دەرگای داخست، بەڵام دەرگاکە جامخانە بوو. هەر چەند دەقیقە جارێك پۆلیسەکە دەینواڕیە ژوورەوە. زۆر ئیزعاج بووم، هەستامەوە. بانگم کرد و گوتم: بۆ هەردەم دەنۆڕییە ژوورەوە؟

دەرگای کردەوە و گوتی: دەترسم خۆت بکوژی.

منیش پێی پێکەنیم!! گوتم: بۆ هاتیمە خۆم بکوژم؟

ڕۆیشت چی تر نەهاتەوە. منیش لێی نووستم. بەیانی لەخەو هەڵسام، دیتم ئەو جارەیان پۆلیسێکی پیاو لەوێوەیە. دەرگام لێدا، هات دەرگای کردەوە، چوومە ئاودەستو، دەستو چاوم شوشت.

پۆلیس گوتی: بڕۆ خوارەوە چێشتخانە هەیە نانی بەیانی بخۆ.

چووم نانم خوارد و قاوەم خواردەوە و چەند جگارەیەکم کێشا و هاتمەوە سەرێ. لەسەر کورسی لە تەك پۆلیسەکە دانیشتم. دیسان جگارەم کێشا. سەعات 10:20 پۆلیسەکە گوتی، بانگت دەکەن بۆ

لێکۆڵینەوە.

پۆلیسەکە لەگەڵم هات. چووینە لای کارمەند – پۆلیسی سڤیل دانیشتبوو و تایپی لەلای خۆی دانابوو. کوڕێک وەك وەرگێڕ بە کوردییەکی جوان قسەی دەکرد، بۆم دەرکەوت خەڵکی باکوورە، بەڵام لە ئێران بووە. ناوی هەڤاڵ بوو. پۆلیسە سوێدیەکە پرسیاری دەکرد و یەکسەر بە تایپ دەینووسی، هەڤاڵ بۆی دەکردەوە کوردی، منیش وەڵامم دەدایەوە و ئەویش یەکسەر دەیکرد بە سوێدی و پۆلیسە سوێدییەکە دەینووسی. پرسیارەکان هەموو لایەنی ژیانی خۆم و خێزانم چ لە کوردستان و چ لە رووسیای دەگرتەوە.

پۆلیسی سوێدی ئەوەی بۆ هەزم نەدەکرا، کە من کوردی باشوورم، چونکە من لەساڵی 1966 هاتوومەتە رووسیا، هەرچەند بەڵگەنامەی عێراقم پێ بوو، بەڵام وای لێکدەدایەوە، کە من کوردی رووسیام.

بە هەڤاڵم گوت، من کوردی عێراقم و چ پرسیارێکی هەیە لەسەر عێراق، بەغدا و هەولێر من ئامادەم وەڵامی بدەمەوە. لێکۆڵینەوەکە چوار کاتژمێری خایاند. کە کۆتایی هات، پۆلیسە سوێدیەکە دەقی پرسیار و وەڵامەکانی خستە بەر دەمم تا واژۆ بکەم، بەڵام داوام لە هەڤاڵ کرد وەڵامەکانی خۆمم بۆ وەرگێڕێتەوە سەر کوردی تا دڵنیا بم لەوەی ئەوەی تۆمار کراوە قسەکانی منن. هەڤاڵ هەمووی بۆ کردمە کوردی، ئەوسا واژۆم کرد.

گەڕامەوە سەرێ. پۆلیسەکەی پاسەوانم گوتی، بڕۆ بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. ئەو رۆژە شەمموو بوو 1983/3/5. شەمموو و یەکشەمە رۆژی پشووە لە سوێد. چوومە چێشتخانەکە نانم خوارد و گەڕامەوە سەرەوە و چووم لە ژوورەکەم پاڵم داوە. سەعات لە نێوان 3:30 تا 4

پۆلیسی پاسەوان هات و گوتی: کەس لە ستۆکهۆڵم دەناسی؟ گوتم بەڵێ، تەلەفۆنی دەزانی؟ گوتم بەڵێ، فەرموو تەلەفۆنی بۆ بکە با بێتە دوات. منیش تەلەفۆنم بۆ کاک فەرهاد شاکەلی کرد و ئاگادارم کرد، کە یەکێك بێتە فرۆکەخانە چونکە ئازاد کراوم.

کابرای پۆلیس جانتاکانی دەرهێنا و ئەو قایش و بڕە سەعات و پارەی پێم بوو، دایەوە دەستم و گوتی: بیژمێرە، هیچی کەم نییە. ژماردم و سوپاسم کرد. کارتێکیان دا من، گوتیان: دوایی سەردانی شارەوانی ناوچەی دۆستەکەت بکە. منیان هێنا خوارەوە لەبەر دەرگای فرۆکەخانە. (کاك فازیل جاف – دکتۆر) و کاك ئەمجەد شاکەلی برای فەرهاد چاوەڕوانم بوون. لەگەڵ ئەوان چووینە ماڵی کاك فەرهاد. کە چووم خێزانی کاك فەرهاد – زینەتی خوشکی هەڤاڵ سەلاح – نەجمەدین بیولە کەیا–ی شەهید مێزیان ئامادە کردبوو. هەموومان پێکەوە (فەرهاد، ئەمجەد، فازیل، زینەت و من) نانمان خوارد. بە ڕاستی کاك فەرهاد چ لە ڕێگای پارێزەرەوە، چ ڕاستەوخۆ زۆر یارمەتی دام و هەروەها کاك ئەمجەد و خوشکە سوعادی خێزانی و خوشکە زینەتم، من هەردەم منەتباریانم و ئەو هەڵوێستەیان لەیاد ناکەم.

## تێبینی:

داوای لێبوردن لەو دۆست و برادەرانە دەکەم، ئەگەر باسی ڕووداوێك، یان خود هەڵوێستی برادەرێك یا هەر شتێکم لەیاد کردبێت، چونکە ژمارەیەك نامەو دەفتەرە کۆنەکانم لە ساڵی 1993 لەناو چوونە و هەندێ شتیشم لە ئەرشیفی دەرەوەیە و لەبەر دەستم دا نینە.



**سەردانی کاك مومتاز حەیدەری بۆ لیلینگراد 1976، ئەوانەی دیارن : مومتاز حەیدەری ، ئەلکساندەر یەلدا ، د. دلێر کەرکوکی ، شێرزاد حەنا**



**دیمەشق، لە راستەوە بۆ چەپ : د. سادق محەمەد حەداد ، ملازم فوئاد چەلەبی، د. جمشید**



لینینگراد – 1977 ، لە راستەوە : د. جەمشید ، د. عزەدین ، د. کاوس



ستۆکهۆڵم – 1980 ، لەراستەوە : ئەمجەد شاکەلی ، جەمشید حەیدەری ، فەرهاد شاکەلی ، سوعاد ( خێزانی ئەمجەد )



لەچەپەوە بۆ راست : د. گارنیك ئاستریان، د. ئەلکساندەر خاچاتۆریان، د.جەمشید حەیدەری-
هەرسێکمان خوێنکاری دکتۆرا بووین 1979



لیلینگراد (1976) لە راستەوە بۆ چەپ : ئۆردۆخانی جەلیل، جەمشید حەیدەری ، قەناتی



جەمشید حەیدەری لە بەشی کوردی ئینستیتۆی  رۆژهەڵاتناسی – لینینگراد - 1979





گەورە نووسەری کورد  محەمەد مەلا کەریم - مۆسکۆ

## بەشی حەوتەم

# ستۆكهۆڵم 1983/3/5

ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ خوشكە زینەتی خێزانی كاك فەرهاد شاكەلی چووینە كەمونی سۆلۆنتونە بۆ ئەوەی من بە كارمەندانی ئەو كەمونە بناسێنیٚ وەك پەنابەری سیاسی. لەوێدا كارەكان بە زوویی ئەنجام دران و كاتیان دامیٚ و ئامادەییان نیشان دا، كە یارمەتیم بدەن، بەڵام پێویست بوو خانووەك بدۆزمەوە. هەر لەگەڵ خوشكە زینەت چووینە دەستگای خانووبەرەی خوێندكاران لە سۆلنا – كەمون. لەویٚ لە خانووی خوێندكاران لە بێریس هەمرا لە رۆژی 1983/3/11 ژوورێكم وەرگرت لە باڵەخانەیەكی سیٚ نهۆمی. لە رۆژی دوایی چووینەوە كەمونی سۆلۆنتونە ئاگادارمان كردنەوە، كە خانوومان چەنگ كەوتووە، ئەوانیش نامەیەكیان بۆ فرۆشگایەكی خۆیان نووسی، كە پێداویستیی خانووەكە لەو فرۆشگایە بكڕم و پارەكەش كەمون دەیدا.

پێداویستیی ژووری نووستن و چێشت لێنانمان بە ویستی خۆم وەرگرت. بۆ ژوورێكی دیكە پێویستیم بە تەلەفۆن هەبوو، واتە خەتێك رابكێشم، بەڵام ئەوەیان دەبووایە یەكێك ببێتە كەفیل، خوشكە سوعادی

خێزانی کاك ئەمجەد شاکەلی لەگەڵما هاتە تەلەفۆنات و خەتم وەرگرت، واتە لە ماوەی یەك هەفتەدا کارەکانم ئەنجام دران، هەروەها سوعاد یا زینەت لەگەڵما هاتن و چووینە کۆڤی(KV- خوێندنگەی زمانی سوێدی بۆ بێگانەکان، کە سەر بە زانکۆی ستۆکهۆڵم بوو)، خۆم ناونووس کرد.

ئەو کات دوو خوێندنگە بۆ فێرکردنی بێگانەکان لە (ستۆکهۆڵم)دا هەبوو ،کۆڤی و ئای. بی . ئێف (ABF- سەربە سۆسیال – دیموکرات بوو، پێم وایە یەکێکی دیکەش هەبوو، کە سەر بە پارتی پارێزگاران – مۆدەرات بوو)، بەڵام کۆرسی یەکەمم تەواو نەکرد، پاشان لە ساڵی 1984 گەڕامەوە خوێندنی زمانی سوێدی لە شوێنی دیکە ئاماژەی پێدەکەم.

ئەوەی شایانی باس بێت، لەو باڵەخانەیەی خوێندکاران لە "بێرس هەمرا" ژمارەیەك پەنابەری کوردی باشووری کوردستانی لێبوو، هەندێکیان خەڵکی شارەکەی خۆم (هەولێر) بوون. لەوانە: سامی حەسەن، شێرۆ فەیسڵ، سەمیر عەبدۆك و فەخرەدین گەردی، هەروەها دوو کوردی (سلێمانی و ئاکریٚ)شم ناسی، کە ئەوانیش لە هەمان باڵەخانەدا دەژیان، عەبدولوەهاب عەلی (سلێمانی) و شاکر ئاکرەیی بوون.

هەر لەو ماوەیەدا ناسیاویم لەگەڵ کاك شێروان عەزیز پشتیوان پەیدا کرد. کاك شێروان برای هاوڕێی دێرینم، دکتۆر نەریمان عەزیز پشتیوانە ﴿من کاك نەریمانم لە سۆڤیەت ناسی، کوردێکی دڵسۆز بوو، کە من ئەوم ناسی ئەو ئەندامی حزبی شیوعیی عێراق بوو، لە ساڵی1967 هاوبیری ئێمە (قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی) بوو. دکتۆر نەریمان، دکتۆرای لە ئەندازیاری هەبوو. وازی لە حزبایەتی هێنابوو، بەڵام کوردپەروەرێکی

دڵسۆز بوو، ئەو بنەماڵەیە هەموویان، بەتایبەتی تێکۆشەر عەزیز پشتیوان، کە تووشی زیندان و دەربەدەری و راوەدوونان بوو، بەڵام تا کۆچی دوایی کرد، کۆڵی نەدا، هەروەها رۆڵەیەکی ئەو بنەماڵەیە – کامەران – شەهید کرا و کوڕێکی دیکەیان لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی دوای 1975 شەهید کرا. دکتۆر نەریمان، لە دوای روخانی سەدام حوسێن، چالاکانە هەوڵی دەدا ماستەرپلانی شارەکانی کوردستان دابڕێژێ لەو کاتەی نەسرین بەرواری وەزیر بوو لە بەغدا، بەڵام بەداخەوە کۆچی دوایی کرد. رەوانی شاد.. (ئەوەی شایەنی باس بێت، من کاک شێروانم لە رێگەی کاک عەبدولوەهاب عەلییەوە ناسی).

دوای هاتنم بۆ سوێد، بۆ یەکەم جار لە دوای1977ەوە توانیم پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ هەولێردا بکەم، توانیم لە ئاداری 1983 بە تەلەفۆن لەگەڵ خوشکەکان و دایك و برام (مومتاز) قسە بکەم. بەداخەوە لەبەر نەخۆشی گوێم لە دەنگی دایکم نەبوو.

لە 11ی ئاداری 1983 بڕیارم دا واز لە جگارەکێشان بهێنم، چونکە پاکەتی جگارە لە سوێد زۆر گران بوو. من پاکەتی "دانهێل"م دەکێشا، ئەو کات دانەی بە 14کرۆن بوو، بەڵام لە دوای2010 پاکەتی دانهێڵ بوو بە 60 کرۆن.

لە 27ی ئاداری 1983 بۆ جارێکی دیکە پەیوەندیم بە هەولێرەوە کرد، تا دەنگوباسی دایکم بزانم، بەڵام مومتازی برام ئاگاداری کردم، کە دایکم ئەو رۆژە کۆچی دوایی کردبوو. بە ڕاستی ئەو هەواڵە زۆر ئازاری دام، چونکە لە ساڵی1970 کە بۆ دووەم جار عێراقم بەجێهێشت، چەند خۆشەویستێکم کۆچیان کرد و من بە دیدەنیان شاد نەبووم.

لە ساڵی1971 برای گەورەم کاك عاصم کۆچی کرد، لە تەمموزی

1979 خوشکی گەورەمان مەلیحە کۆچی کرد. "سەلمە" شم هەر نەدیتەوە. هەواڵی کۆچی دوایی دایکم دووبارە منی گەڕاندەوە سەر جگەرەکێشان، کە تا ئێستاش (ئاداری 2013) هەر بەردەوامم لەسەر کێشانی.

من دوای یەك مانگ لە هاتنم بۆ سوێد، پەنابەریم بۆ دەرچوو. دیارە، کە من بۆ سوێد هاتم، هەندێ کەسایەتیی رۆشنبیر و ناسیاوم لە سوێد دەناسی، لە بەشی شەشەمی بیرەوەرییەکانم ئاماژەم پێکردوون. لە ماوەیەکی کورتدا، ژمارەیەك لە کوردەکانی باشوورم ناسی، لەوانە: کاك مومتاز حەسەن، عاسی رەباتی، ئاسۆس کەمال و ژمارەیەکی دیکە، کە ناویانم لەیاد نەماوە.

بێگومان وەك لە بەشی رابردوو ئاماژەم پێکردووە، من بە تەنیا هاتم بۆ سوێد، منداڵەکان لە لینینگراد مانەوە، بەڵام رۆژانە پەیوەندیم پێیانەوە هەبوو، چونکە ئەو کات جوانەی کچم زۆر منداڵ بوو، تەمەنی چوارساڵ بوو، دڵم زۆر لەلای بوو. لە 1983/6/6 بە رەسمی پەنابەریم پێدرا، بەڵام بۆشم نەکرا سەریان لێدەم، چونکە پاسپۆرتم نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی پاسپۆرتم وەرگرت، لە 1983/9/19 بۆ چەند هەفتەیەك سەردانی لێنینگرادم کرد.

لە رێگەی کاك (حەنەڤ)یەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ ژمارەیەك لە کوردەکانی باکووری کوردستان پەیدا کرد. لەوانە: کاك مەمۆ یەتکین _ کە کوردێکی ئادییەمانی بوو _ ، کاك مەمۆ ساڵانێکی زۆر بوو لە سوێد دەژیا، خولیای کۆکردنەوەی کتێبی هەبوو. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو بە زمانەکانی: تورکی، ئینگلیزی، فرەنسی، کوردی و عەرەبی. بە هەر زمانێك شتێك لەسەر کورد نووسرابێ، مەمۆ دەیکڕی. لە دوای

1993 مەمۆ سوێدی جێهێشت و روویکردە بەلجیکا و لە بروکسل دەژی.

وەك لە بەشی رابردوو ئاماژەم پێکرد، من لەگەڵ شاعیری میللی جگەرخوێن لەو سەردانەی بۆ سۆڤیەت ناسیاویم پەیدا کرد. جگەرخوێن جگە لەوەی شاعیرێکی گەورەی زاراوەی کرمانجیی سەرووە، لە هەمان کاتدا تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەری رێگەی کوردایەتی بوو. جگەرخوێن لە ساڵی 1984 کۆچی دوایی کرد، لە قامیشلۆ لە خانووەکەی نێژراوە. لە ساڵی1988دا سەردانی گڵکۆکەیم لە قامیشلۆ کرد. لە رێگەی مامۆستا (جگەرخوێن)ەوە ناسیاویم لەگەڵ کاك کەمال بورقای پەیدا کرد. کاك کەمال تا ساڵی 2004 سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا بوو. کەمال بورقای سیاسەتمەدار و شاعیرێکی ناسکە، بەرلەوەی روو لە هەندەران بکات، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی تورکیا بوو.. دیوانی شیعری بە زمانی کوردیش هەیە.

کە لە برێس هەمرا دەژیام، لە رێگەی عەبدولوەهاب عەلی، ئاشنایەتیم لەگەڵ جەوهەر نامیق پەیدا کرد. کاك جەوهەر بە ناوی "سەلیم" لە شاخ ناسراوبوو، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمیتەی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تا کۆنگرەی نۆیەم. دوایی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەوکات لە کۆنگرە وازیان لە حزبایەتی هێنا، بەڵام هەندێك لەوانە پارتی گەلیان دروست کرد. لەوانە: نووری شاوێس، سامی عەبدولڕەحمان (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان)، ئازا خەفاف، کەریم شنگاری و وریا سەعاتچی. بۆیە کاك جەوهەر کاری حزبی نەدەکرد، بەڵکو وەك کرێکار یاخود کارمەند لە پۆستە کاری دەکرد. مرۆڤێکی خوێندەوار بوو، بە رۆژنامەنووسی

میسری "محەمەد حەسەنێن هەیکەل" کاریگەر بوو. دەستی هونەریشی هەبوو. کاک جەوهەر دوای سەردانی کاک مەسعوود بارزانی بۆ سوێد، ساڵی1987؟ گەڕایەوە ریزی پارتی تا گەیشتە سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و لە دوای راپەڕینیش، کە پەڕلەمانی کوردستان دامەزرا، یەکەم سەرۆکی پەڕلەمان بوو، بەڵام دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003دا، کاک جەوهەر لە کاری حزبی دوور کەوتەوە، بەڵام سیاسەتی دەکرد و کتێب و وتاری دەربارەی باری سیاسی کوردستان بڵاو دەکردەوە. من و کاک جەوهەر دۆستایەتیمان هەبوو، لە هەندێ خاڵدا بۆچوونیشمان نزیک بوو. (بە داخ و پەژارەوە لە 2011/3/22 لەستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کرد).

هەر لە ساڵی1983 دوای ئەوەی پاسپۆرتی پەناهەندەییم وەرگرت، سەردانی منداڵەکانم لە سۆڤیەت کرد. لەو سەردانەمدا زۆرم ئازار کێشا، چونکە جوانە زۆر دەگریا و نەیدەخواست بەجێی بێڵم. لەبەر دەرگای شەمەندەفەر توند قاچی گرتبووم، نەیدەهێشت بچمەوە نێو ڤارگۆن.

لە مانگی شوباتی 1984، کۆرسەکی زمانم بۆ دەرچوو، کە هەفتانە 30 کاتژمێر بوو و لە 1984/2/13 دەستی پێکرد و لە 1984/6/21 تەواو بوو.

لە ساڵی 1984 خۆم ناونووسی کرد بۆ شوقەیەك، چونکە منداڵەکان بڕیاریان دابوو بۆ ماوەیەك بێنە سوێد، ئەگەر بە دڵیان بوو، ئەوە بۆ ساڵی داهاتوو بە یەکجاری دێن، بەڵام ئەوجارەیان تەنیا بە مێوانی دەبێ.

لە کۆتایی ئاداردا، شوقەم بۆ دەرچوو لە هوسبی، شەقامی ئۆسلۆگاتان 27. شوقەکە 100مەتری دووجا بوو، لە نهۆمی چوارەم

بوو و نزیك ویێستگەی میترۆ بوو، لە 1984/4/1 وەرمگرت.

لە هاوینی 1984، حەیدەر و جوان و دایکیان بۆ ماوەی دوو مانگ هاتنە ستۆکهۆڵم، پاشان گەڕانەوە لێنینگراد و بڕیاریان دا لە ساڵی داهاتوو بە یەکجاری بێن، بۆیە پێویست بوو بەڵگەنامەی پێویست ئامادە بکەن و لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سوید لە مۆسکۆ ڕەوانەی وەزارەتی پەنابەران بکرێت و منیش لەلای خۆمەوە داوەتیان بکەم.

کە هێشتان لە برێس هەمرا دەژیام، ناسیاویم لەگەڵ کچە کوردی سوریایی نۆڤین سەرحان پەیدا کرد. نۆڤین ئەوکات خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو، هەروەها کاری وەرگێڕانی دەکرد. نۆڤین ئەو کات ئەندامی حزبی شیوعیی سوری بوو و زۆر دۆستی حزبی شیوعیی عێراقیش بوو. نۆڤین کچێکی چالاك بوو لە بواری ڕێکخراوی دیموکراتیی ژنان – کورد و سوێدی. ئەو بیست ساڵەی من لە سوێد بووم، نۆڤین خوێندنی تەواو نەکرد، بەڵام وەك وەرگێڕ بێ وچان کاری دەکرد. چەند جارێك سەردانی کوردستانی باشووری کردووە. ئێستا وەك ئاگادارم نۆڤین کادیرێکی چالاکی پارتی سۆسیال – دیموکراتی سوێدە.

هەروەها لە سوێد کاك حەسەنی ڕەحیمی قازیم دۆزیەوە. من و کاك حەسەن لە ساڵی 1977 لە بەرلین یەکتریمان ناسی.. کاك حەسەن و برایمی جۆرابچی بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون. کاك حەسەن کوردێکی دڵسۆزە، زمانزانێکی بەتوانایە، لە کارکردن ماندوو نابێت، بەڵام بەداخەوە لە سیاسەتدا دەمدەمیە. لەو ماوەی من کاك حەسەنم ناسیوە، ماوەیەك دۆستی یەکێتیی نیشتمانی بوو، ماوەیەك لەگەڵ حزبی دیموکرات بوو، لە ناوەڕاستی نۆهەدەکانەوە لە بروکسل لەگەڵ برادەرانی پ.ك.ك لە تەلەڤزیۆن کار دەکات. ئەوسا، واتە

لە سەرەتای هەشتاکان هەندێك لە پارتەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور، بۆچوونیان بەرانبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان خراپ بوو، دیارە هۆی ئەوە زۆرە و دەگەڕێتەوە بۆ دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول و هەڵوێستی پارتی لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران و پێکدادانی نێوان پارتی دیموکرات و حزبی دیموکرات، دوای تەرمی بارزانی.

لەو کاتەی کۆرسی زمانی سوێدیم دەخوێند، لەگەڵ دکتۆر تاهیر بابان یەکتریمان ناسی. ئەوکات دکتۆر تاهیر بەرپرسی کۆمیتەی سوێدی حزبی شیوعیی عێراق بوو، یاخود یەکێك بوو لە بەرپرسەکان. دکتۆر تاهیر داوای لێکردم بە بۆنەی 50 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعیی عێراق لەگەڵ دکتۆر سەلام بەهائەدین نوری کۆڕێك بگێڕین. دکتۆر سەلام لە تەمەنی 10ساڵییەوە لە سۆڤیەت دەژیا و خەریکی خوێندن بوو، حزبایەتیی نەکردبوو، چونکە لە ساڵی 1964 لە شارۆچکەی ئیڤانۆڤا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردبوو، پاشان زانکۆی لە مۆسکۆ تەواو کردبوو و دکتۆرای لە بیۆفیزیك وەرگرتبوو و وەك پەنابەر هاتبووە سوێد. (ئەوەی شایانی باس بێت، دکتۆر سەلام لە ستۆکهۆڵمیش دکتۆرایەکی دیکەی وەرگرت لە بیۆشیمیك(کیمیا). ئێستاش هەر لە سوێد دەژی، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕی بەهائەدین نوری بوو، کە باوکی لە پەنجاکان سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق تا هەشتاکانیش لە سەرکردایەتیی ئەو حزبەدا بوو، هەر بۆیە دکتۆر سەلامیان لەگەڵ من دانا، ئەگینا دکتۆر سەلام شارەزایی لە مێژووی حزبی شیوعی نەبوو و زانیاریی لەسەر بارودۆخی عێراق نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کەرەستەیەکی ئەرشیفی دەوڵەمەندم لەسەر

مێژووی حشع هەبوو، هەمووم خستە بەردەستی).

من بە دکتۆر تاهیر بابانم راگەیاند کە لە کۆڕەکەدا: (تەنیا لەسەر سیاسەتی حشع دەربارەی کورد و سیاسەتی حشع لەو ماوەیەی، کە خۆم ئەندامی ئەو حزبە بوومە، واتە لە نێوان 1959-1968 دەدوێم، چونکە لەو سالانە چالاکانە بەشداری خەباتی حزبی شیوعیم کردووە، بەلام لە دوای 1968 من لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بوومە و پاشانیش وازم لە حزبایەتی هێناوە)، بەلام ئەوەشم پێ گوتن، کە: من لە سەر سیاسەتی حزبی شیوعیی عێراق دەربارەی کێشەی کورد بە گشتی دەدوێم. لەوەی لەگەڵیدا بوومە و رەخنەم لێگرتووە، من بە چاوێکی رەخنەگرانە لەسەر سیاسەتی حشع لە 1934 باسم کرد لە کۆنفراسی یەکەم، کۆنگرەی یەکەم و کۆنفرانسی دووەم سالی 1956، هەڵوێستی حزبی شیوعی دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958، کودەتای 8ی شوباتی 1963، هەڵوێستی راستڕەوی حزبی شیوعی لە سالی 1964 و پشتگیریی حزب بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی "موشیر عەبدولسەلام عارف" و سیاسەتی حزب لەنێوان 1964-1967 واتە: تا جیابوونەوەی قیادەی مەرکەزی لە 1967/9/17، ئاماژەم بەوەکرد، کە: من لە دوای 1967 هەڵوێستم گۆڕاوە، بۆیە من لە مایسی 1968 لە حشع دەرچووم (لێرەدا مەبەستم لە لایەنگرانی لێژنەی مەرکەزییە).

بەشێکی دیکە لە قسەکانم پەیوەندییان بە سیاسەتی حزب بوو دوای کودەتای 1968، کە بۆ جاری دووەم بەعس دەسەلاتی وەرگرت و ئاماژەم بە رێککەوتنی ئاداری 1970 و قانوونی ئۆتۆنۆمیی کوردستان 1974و هەڵوێستی حزب لەو بەرەیەی لەگەڵ حزبی بەعس 1973 و رێککەوتنی سەدام و محەمەد رەزا شا 1975 و هەڵوێستی حشع تا ئەو

کاتەی سەدام حوسێن جڵەوی سیاسەتی عێراقی بە تەواوی لەدەست گرت لە تەممووزی1979 و راوەدوونانی شیوعییەکان و هەڵگرتنی چەك لە لایەن شیوعییەکان و خۆدانە پاڵ شۆڕشی کوردستان و هەموو ئەوانەم کرد.

لەو کۆڕەی کە بەبۆنەی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعیی عێراق گرتم، ئاماژەم بە نامەیەك کرد، کە لە ساڵی 1974 بۆ هاوڕێ عەزیز محەمەدم رەوانە کردبوو، دەربارەی سیاسەتی حزب لەو سەردەمەدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەقی نامەکە بڵاو بکەمەوە بێ دەستکاریی ناوەڕۆك، تەنیا دەستکاریی زمانی نامەکەم کردووە، چونکە کەم و کوڕیی لە نووسینی کوردیەکەی ئەوسامدا هەیە.

"هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست، عەزیز محەمەد – سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی عێراق (*)

**سڵاوێکی گەرم و ڕێزگرتن**

ئەوەی هانی دام ئەو نامەیەت ئاراستە بکەم، ئەوە بوو، کە زروفی ئێستای وڵات، تەنگوچەلەمەی ناوەخۆی گەیشتۆتە رادەیەك، ئەرکی سەر شانی هەموومان، هەموو هاووڵاتیەکی دڵسۆز ئەوەیە، بەشداریی دۆزینەوەی رێگایەکی راست بکات، بۆ خزمەت کردنی گەلی عێراق ﴿دەبووایە بنووسم گەلانی عێراق﴾ بە کورد و عەرەبەوە و گەشە پێدانی رژێمێکی دیموکراتی راست، لەسەر بنچینەی دیموکراتی فرەوان بۆ جەماوەری گەل.

هەست کردنم بەو دەورە باڵایەی ئێوە لەنێو پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەیگێڕن و لەبەر ئەوەی ئەو هەڤاڵانەی ئێوە، کە لەم وڵاتەدا دەخوێنن، تەنیا دۆڵی کاربەدەستان ﴿کاربەدەستانی رژێم﴾ لێدەدەن.

هەر جۆرە قسەیەك لەگەڵیاندا دەگاتە پێوەنووساندنی تاوان (تۆمەت)ی شۆڤینیەتی کوردی بە نێوچاوانی قسەکەرەوە، بۆیە دوای ئەوەی لەگەڵ کاك محەمەدی مەلا کەریم ﴿کاك محەمەد ئەوکات لە سۆڤیەت بوو﴾ دوام، بە پێویستم زانی ئەو نامەیە بۆ جەنابتان بنووسم و وێنەی نامەکەش لای خۆم هەڵدەگرم بۆ دواڕۆژ.

جا ئەوەی دەمەوێ لەو نامەیەدا لەگەڵ ئێوە لێیبکۆڵمەوە، چەند خاڵێکە:

1- یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان کە پارتی کۆمۆنیست ڕەزامەندیی لەسەر داوە.

2- دەربارەی وەزعی ئاڵۆزی کوردستان و ئامادە کردن بۆ شەڕ دژی کوردستان.

3. ڕۆژنامەی (تەڕیق ئەلشەعب) و ڕێڕەوی ڕۆژنامەکە.

4- دوا وتاری سەدام حوسێن لە ڕۆژی 4/25 لە بەردەم نوێنەران و ئەندامانی کۆمیتەی پارێزگاکانی عێراق لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

## 1- یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان

ئەوەی بە وردی سەیری ناوەڕۆکی ئەم یاسایە بکا و لەگەڵ یاسای ئۆتۆنۆمی وڵاتی سۆڤیەت، یا وڵاتە بورجوازییەکانی وەك هیندستان و ئەمەریکا بەراوردی بکات، دەبینێ، کە یاسای حکومەتی بەرەی نیشتمانی کەم و کورتی زۆری تێدایە، کەم و کوڕییەکانیشی بریتینە لە:

1- دەستنیشان نەکردنی سنووری کوردستان، ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە ئاشکرایە، کە بورجوازیەتی عەرەبی دان بەو شوێنانەی کوردستان نانێت، دواڕۆژ ڕەچاو دەکات، چونکە جووڵانەوەی ئازادیی

گەلی کورد هەر دەبێت سەربکەوێت، جا ئەگەر هات و ئێستا دان بەوە بنێن، کە ئەم شوێنانەی نەوتی تێدایە دەکەوێتە نێو قەوارەی خاکی کوردستان، سوبەی ڕۆژێ، ئەگەر هات و میللەتی کوردستان ڕزگاری بوو، هەوڵی یەکگرتنی ئەو پارچەیەی خاکی کوردستانی دا، ئەوان (مەبەست لە بورجوازیەتی عەرەب، ئەو ناوچانە لە کوردستان دادەماڵن)، پاشان ئێوە زۆر باش دەزانن، کە چارە نەکردنی ئەم خاڵە، هۆیەکی بنچینەییە لە ناکۆکیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس.

2. دانی سوڵتە (دەسەڵات) بە سەرۆك كۆمار هەروەك بەعس دەیەوێ، واتە: ئەنجومەنی نیشتمانی لە کوردستان هیچ توانای نابێ، لە کاتێکدا حوکمی شەش ساڵەی دوایی بەعس بۆمان نیشان دەدات، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس هەموو کارێکی خستۆتە دەستی خۆی، تاکو ئێستا ئەنجومەنی وەزیران هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکو وەك حکومەتی قاسم وایە. حزب ﴿مەبەست لە کۆمۆنیستەکانە﴾ تەحەمولی مەسئولیات لە هەموو بڕیارەکانی حکومەتی عێراق دەکات، چونکە بەشدارە و لە بەرەی نیشتمانی لەگەڵ بەعس دایە. تەبعەن ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لە کەم و کوڕیی یاسای ئۆتۆنۆمی بدوێت، پێویستیی بە ئەتروحەیەك هەیە، لەبەر ئەوە من تەنیا دەڵێم ئەم یاسایە، کەمترین ئامانجی میللەتی کورد جێبەجێ دەکات و لەگەڵ بیروباوەڕی حزب ناگونجێت، کە لە کۆنفرانس و کۆنگرەکان و پرۆگرامی چەسپاندووە.

## 2ـ وەزعی ئاڵۆزی کوردستان

ئەوەی من دەیبینم، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، هەرچەندە داوای ئەوەی کردبوو، ماوەی 15 ڕۆژەکەی بەعس پتر بکرێت (درێژ بکرێ) و

دەرگا لەبەردەم پارتی بکرێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا دەربارەی یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان. هەر چەندە ڕۆژنامەی – بیری نوێ – هەستی (هەڵوێستی) خۆی دەربڕیوە دەربارەی دوور کردنەوەی کرێکارانی کورد لە کەرکوك، بەڵام بە جۆرێکی گشتی ئێوەش (حزب) بەشدارن، لەتەك بەعس لە ئاڵۆزیی وەزعی کوردستان. هەر چەندە من لەو بڕوایەدام، کە شەڕ بە هیچ جۆرێك چارەی مەسەلەی کورد ناکات، تاکە ڕێگە ئەوەیە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی بەشداری بکات، چونکە هەر جۆرە کاری دیکە وەزع ئاڵۆزتر دەکات. ئێوە زۆر باش دەزانن نە عەزیز عەقراوی و نە عوبێدوڵڵا بارزانی، ناتوانن چارەی وەزعی کوردستان بکەن. نەدەبوایە ئێوە (پارتی کۆمۆنیستی عێراق) هاوبەشی ئەوانە بکەن، کە ئەوە چوار ساڵە، بەڵکو دەمێکە هەوڵ دەدەن جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد کەرت کەن. نەدەبوایە ئۆرگانی کۆمۆنیستەکانی عێراق، ببێتە شوێنی بڵاوکردنەوەی وتارەکانی کەسانی وەك عەزیز عەقراوی و... هتد.

میللەتی عێراق بە چاوی ڕێزگرتن سەیری پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ئێوە (مەبەستم هاوڕێ عەزیزە) دەکات، کە یەکێکی لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد. دڵنیام لەوەی کە پارتی کۆمۆنیست نابێتە بەشێك لەو هێرشەی دەکرێتە سەر کوردستان، چونکە کاتی فڕۆکەکانی عێراق بۆمباران کوردستان دەکەن، سەیری ئەوە ناکەن ئەمە کێیە؟!

دێتەوە یادتان ساڵانی 1963 چۆن بەعسیەکان کوردستانیان ئاوەدان دەکرد! میللەتی کورد تا ئێستا خوێنی شەهیدانی کوردستانی لەبەر چاوە، لەبەر چاوی لاوانی کۆیسنجاق، ڕواندوز و سلێمانی لە کاتی سەیرانگەی بەهار (وەك عەماش دەیگوت): میللەتەکەمان دڵنیایە، کە

ئێوە بە هەموو جۆرێك هەوڵ دەدەن، حزبی بەعس دووبارە کوردستان بە خوێنی کورد و عەرەب نەخش بکات.

شەڕ قەزیەکە چارە ناکات، تاقە رێگە ئەوەیە بە چاوێکی دووربین سەیری دواڕۆژی عێراق بکرێت، برایەتیی کورد و عەرەب لەبەرچاو بگیرێت لەسەر بنچینەی رێزگرتنی تەواوی ماق گەلی کورد لە عێراقدا.

## 3- رۆژنامەی – تەریق ئەلشەعب – و رێڕەوەکەی

ئەوەی چاو بە لاپەڕەکانیئەو ئۆرگانەی حیزبی شیوعیدا بگێڕێت، ناتوانیٚ لەگەڵ رۆژنامەی (الپورە) لێکی بکاتەوە، بە تایبەتی لە کاروباری ناوەخۆی ولاّتدا. بلاّوکردنەوەی بروسکەی عەزیز عەقراوی! بلاّوکردنەوەی ناوی ئەو کوردانەی گەڕانەوە لای حکومەت؟! بلاّوکردنەوەی بانگهێشت بۆ پێشمەرگەی کوردستان!! پیاو سەیری لێدیٚ (جێگەی سەرسوڕمانە)؟!! ئایا ئەم جۆرە کارانە، لە بەرژەوەندیی حزبی شیوعیدایە؟ یاخود ئەمە دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی وەزع و پەیوەندیەکە لە خەباتی خوێناوی دەخاتە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزب؟! بۆ چی دەبی رۆژنامەی حزبی شیوعی لەم هێرشە دژی پ.د.ك بەشداری بکات. ئێمە لەبەرچاومانە – قاسم – کاتی داود سایغی دروست کرد (مەبەست لە رێگادان بە حزبە کارتۆنییەکەی داود سائغە)، خۆتان دەزانن پەیدابوونی هەر حزبێك بە قانون، یاخود بە هەوەسی ئەم و ئەو نییە، بەڵکو زروڤ مەوزوعی و زاتیی جووڵانەوەی نیشتمانی فەڕزی دەکات.

جا حزبێکی کارتۆنی، ئەمڕۆ حکومەت دەیەویٚ دروستی بکات، بۆ دەبێت پارتی کۆمۆنیست خۆی بکاتە هاوبەش؟ بەلای منەوە ئەگەر ناتوانن رێگا لە حکومەت بگرن، بەشداریان مەکەن، چونکە دواڕۆژ مێژوو

هـەموو لایـەك موحاسـەبە دەكـات، موحاسـەبەی ئێـوە گـرانترە، چـونكە پێشڕەوی كرێكارانی عێراقن، ماركسیزم و لێنینزم پەیڕەو دەكەن؟!

دەربـارەی – تـەڕیق ئەلشـەعب – دەمـەوێ ئـەوەش بـاس بكـەم، كـە ڕۆژنامەی – إتحاد الشعب – كاتی خۆی (گۆشەیەكی تێدابوو) – دەنگی گـەلی كـورد –، بـەڵام تـەڕیق ئەلشـەعب ئەمەشـی نییـە، بـە بۆنـەی 40 ساڵەی دامەزراندنی حزب، نـە لـە ڕۆژنامـەی تـەڕیق ئەلشـەعبدا و نـە لـە گۆڤاری "الثقافـة الجدیـده" و لـە ژمـارەی تایبـەتی " ط.ش"یـش، باسـی هـاوڕێی تێكۆشـەر و شـەهیدی نیشـتمانی جـەمال حەیـدەری نـەكراوە، ئەمەش یەكەم جار نییـە سـاڵی پارەكـەش لـە دە سـاڵەی هـاوڕێی شـەهید سەلام عادل و جەمال حەیدەری، دیسان باسی جەمال نەكرا، لە كاتێكدا باسی شەهید فەهد، عەبدولڕەحیم شەریف كرا، تەنیا وتارە بچووكەكەی محەمەدی مەلا كەریم، كە لە مۆسكۆ نووسیبووی، باسی جـەمال دەكـات. ئەوە چۆن لە قەڵەم دەدەن؟!

لـە لاپـەڕەكانی " تـەڕیق ئەلشـەعب "دا وتـاری "ئـوم سـەلام" (مـادلێن مـونیر – خێزانـی بەهائـەدین نـووری) بـڵاو دەكرێتـەوە!! كـە زۆر چـاك دەزانن هەڵوێستی لە 1963 چ بووە، بەڵام بە یەك وشە باسـی تێكۆشـەر "نـەرگز ئەلسـەفار" و تێكۆشـەرانی دیكـە ناكرێـت. ڕۆژنامـەی "ط.ش" و گۆڤـاری "پ.ج" بۆتــە ڕۆژنامــەی تایبــەتی بــرادەر "زەكــی خــەیری" و خێزانەكەی.﴿ئـەو دێـڕە تـەنیا بـۆ هـاوڕێ عـەزیز نووسـراوە، نـەك بـۆ سەركردایەتیی حزبی شیوعی و لە كەوانە دانراوە – لە نامەكەدا.﴾

## 4- دەربارەی وتاری سەدام حوسێن .. ئەم وتارە لە 1974/4/25 دراوە و لە خاڵی 4ەم ئاماژەی پێكراوە.

هێرش بردنە سەر شەخسی بارزانی، هەردەم لە لایەن دوژمنانی گەلی

کـورد بـووە. نـوری سـەعید، قاسـم، بـەعس 1963 و ئێسـتا سـەدام حوسێن! بەڵام ئەوەی جێگـای داخـە ئەمـە لـە بەردەم نوێنـەرانی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق روو دەدات، لـە عەهـدی قاسـم شـیوعیەکان بەنـد دەکران، بەڵام هێرشیان نەدەبردە سەر بارزانی. بەڵام ئێستا پاش هێرش بۆ سەر بارزانی، نوێنەرانی (بەرەی نیشتمانی!) بروسکە بۆ سەرۆك بەکر (کۆمار) رەوانە دەکەن، من لەو بڕوایەم ئێوە (پارتی کۆمۆنیست) بە هیچ جۆرێـك بەشـداری لـەم هێرشـە ناکـەن و ئـەوە هەوڵدانـە بـۆ بـەدکردنی مێژووی گەشەداری کورد، چونکە بارزانی بە هەموو کەم و کوڕییەکیەوە، مرۆڤێکی کوردی دڵسۆز بوو بۆ کورد و کوردستان. ئێوە لە ساڵی1971 لە مۆسکۆ گوتتان: بارزانی نابێتە عەمیل.. (ئەوەی شایانی باس بێت لـە ساڵی1971 لـە مۆسـکۆ لـە هـاوڕێ عـەزیزم پرسـی: بـارزانی عەمیلـە؟ گـوتی، بارزانی لەگـەڵ چیرچڵیش هاوکـاری بکـا، نابێتـە عـەمیل).. بـەڵام سەدامی هاوبەشی ئێوە دەڵێت: بارزانی عەمیلە.

هاوڕێ عەزیز

مـن لـەو بڕوایـەم کـە ئێـوە هـەوڵ دەدەن بـۆ چـاك کردنـی پـارتی کۆمۆنیست، هەڵوێستی راست لەم مەسەلەیەدا وەردەگریت.

ئیتر خۆشیتان ئاواتەخوازم.

***براتان***

***جەمشید حەیدەری***

***26/نیسانی/1974***

(*)

– هـەموو ئـەو دێڕانـەی لـەنێوان کەوانـە () دا هـاتوون لـە کـاتی پاکنووس کردنەوە نووسراوە.

– حکومەتی عێراق لە ساڵی 1974 یەك لایەنە و بە لەبەرچاو نەگرتنی بەیانی ئاداری 1970 لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و بەعس، قانوونی (مەجلیسی تەشریعی) راگەیاند، کە بووە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا. بێگومان حکومەتی عێراق بە پشت بەستن بە رێککەوتی نێوان سۆڤیەت و عێراق لە لایەك و راگەیاندنی بەرەی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق و رەزامەندیی کۆمۆنیستەکان بە قانوونەکە، هەروەها ناکۆکیی نێوان پارتی دیموکرات و کۆمۆنیست و فشاری ئێران لەسەر سەرکردایەتیی پارتی دیموکرات و کورتبینیی سیاسی (پارتی و کۆمۆنیست) – مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە بزاڤی کۆمۆنیست و دیموکراتی گەلانی عێراق هاوپەیمانی ستراتیژی بزاڤی کورد بوون، بەڵام هەردوولا لە ژێر فشاری دەرەکی، هاوپەیمانی ستراتیژییان بە هاوپەیمانیی کاتی گۆڕییەوە – ئاکامەکەشی بە شکستی بزاڤی کورد و لێدانی کۆمۆنیستەکان دوای شکستی بزاڤی کورد تەواو بوو. (هەولێر – 2011/3/1).

من هێشتا لە سۆڤیەت بووم، واتە لە ساڵی 1982 دوای سەردانی سەیدا جگەرخوێن و محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان بۆ لێنینگراد، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس هاتە گۆڕێ، کە دکتۆر کەندال نەزان و یەڵماز گۆنای خەریکی کارێکی وانە. ئامادەیی خۆم نیشان دا روو بکەمە پاریس و هاوکارییان بکەم، بەڵام وەرگرتنم لە فەرەنسا بە وتەی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان لە زمانی (دکتۆر کەندال)ـەوە، دەبوایە سەرەتا بچمە بەلجیکا ماوەیەك و پاشان لەوێوە بۆ پاریس. ئەوەم بۆ نەکرا، 1983 رووم کردە سوێد.

دوای دامەزراندنی ئەنیستیتۆی کوردی لە پاریس، بانگهێشت کرام

بـۆ کۆبوونەوەیـەك لـە پـاریس، بـەڵام ڤیـزەی فەرەنسـیم پـێوەرنـەگیرا و بەشداریم لە کۆبوونەوەکەدا نەکرد، بەڵام لە دەستەی پشتگیریی گۆڤاری "هیوا"ی ئەنیستیتۆی کورد دانرام. بە پێی پرۆگرام گۆڤارەکە دەبووایە بەسـێ زار دەربچـێ (کرمـانجی خـواروو، کرمـانجی سـەروو و زازایـی - دملـی). مـن نامەیـەکم بـۆ بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـە رەوانـە کـرد، بەتایبەتی دەربارەی بەکارهێنانی سێ زار لە گۆڤارەکەدا، کە لە خزمـەتی یەکتێی زمانی کوردیدا نییە، وەك ئاگادار کرام لـە کۆبوونەوەکـەدا دکتـۆر کەمال فوئادیش، هەمان هەڵوێستی ببوو.

من لەچەند ژمارەیـەکی گۆڤاری هیوادا ئەندامی دەستەی پشتگیری بـووم و لـە گۆڤارەکـەدا دوو وتاریشـم بـڵاو کـردەوە. لەبـەر ئـەوەی لـە دەسـتەکەدا بـووم، وتارەکـانی گۆڤارەکـەم بـەر لـە بڵاوکردنـەوەی، بـۆم دەهـات و منـیش بۆچـوونی خـۆم دەربـارەی بڵاوکردنـەوەیان، یـاخود نەکردنیان بۆ دەنووسین، بەڵام هەندێ وتاریش بێ پرس کردن بە ئێمـە، ئەو برایانـەی لـە پاریس بوون بڵاویـان دەکردەوە. لەبەر ئـەم هۆیـە، مـن خۆم لە دەستەی پشتگیری کێشایەوە، چونکە بە بۆچوونی من مافی ئێمـە پێشـێل دەکـراو هەنـدێ لـەو وتارانـەش لەگـەڵ گۆڤـارێکی ئاکـادیمی نەدەگونجان.

هـەروەها لـە گۆڤـاری – دراسـات کردیـە – کـە بـە زمـانی عـەرەبی و فارســی دەردەچــوون و کــاك ســیامەند زەیــد و ئەحمــەد عوسمــان سەرپەرشـتییان دەکـرد، دوو وتـارم بـە زمـانی عـەرەبی بـڵاو کـردەوە. یەکێکیان کورتەیەکی چڕ دەربارەی پەخشانی هونەری کوردی – تێزی دکتۆراکــەم بــوو، ئــەویتریان رەتــی نامەیــەکی نووســەر و بیرمەنــدی بەنێوبانگی عێرق هادی ئەلعەلەوی بوو، کە هێرشی تێدا کرابووە سـەر

کۆڕی زانیاریی کورد لە عێراق.

– کاک کەریمی حیسامی لە ساڵی 1984 بە پاسپۆرتێکی تونسی سەردانی ستۆکهۆڵمی کرد. من لە ڕێگای نۆڤین سەرحان ئاگادار کرام، کە ڕۆژێك کاك کریم میوانی نۆڤین بوو. من کاك کەریمم لە ساڵی 1968ەوە دەناسی، لە کاتی بەشداریم لە فسیڤاڵی قوتابیان و لاوانی جیهان لە سۆفیا.

ئەو چاوپێکەوتنەم بە تەواوی لە یاد نەماوە، بەڵام نامەیەکی کاك کەریم حیسامیم لایە، کە لە 1984/12/3م بۆ هاتووە، تیایدا داوای کردووە: کورتە باس (ئەو نامیلەکیە کە کاك کەریمی ڕەدی دکتۆر قاسملوی داوەتەوە دەربارەی سۆسیالیزمی مەوجود) وەرگێڕمە سەر زمانی عەرەبی). دیارە منیش ئاماژەم بە هەندێ سەرچاوە کردووە، کە کاك کەریم لە نووسینەکەی بەکاری هێناوە.

کاك کەریم دەنووسی: برام پێشەکی سوپاسی وەرگێڕانەکە دەکەم، بەڵام لەمەڕ سەرچاوەکان هەروەك لە کتێبەکەشدا هەیە و لە پشتی ئەم نامەش نووسیومن، لێرەدا بۆم روون نییە و لەیادمدا نەماوە باسی کامە کتێب دەکات، بەڵام لە ناوەرۆکی نامەکە بۆم دەرکەوت، کە باسی کورتە باس نییە، چونکە دەنووسێ: "لە بارەی کورتە باس، بە گیانی تۆ لە فارسی بەدەر لام نییە و راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەم تاقە یەکێکم لەلا بوو ئەوە بۆم ناردی." لە کۆتایی نامەکەدا دەنووسێ: "وەبیرم هاتەوە، کورتە باسی کوردیم داوە بە ڕەفیق (مەبەست ڕەفیق سابیرە)، لێی وەردەگرمەوە و بۆتی دەنێرم."

بەپێی ئەو نامەیە، کاك کەریم جاری یەکەم لە 1984 هاتۆتە سوێد، بەڵام جاری دووەم لە 1985/10/24 هاتووە و لەو هاتنەیدا باسی

دەرکردنی رۆژنامەی "سەردەمی نوێ"ی لەگەڵدا کردووم.

لە ساڵی 1985 لە ڕێگای نووسینگەی کار، بۆ شەش مانگ کارێکم دەستکەوت لە کتێبخانەی دەوڵەتی لە رنیکەبی.. رۆژانە لە بەیانییەوە تا سەعات 5ی ئێوارە کارم دەکرد و سەرپەرشتیاری کتێبخانەکە ژنێکی فینلەندی بوو بە ناوی "پیرکۆ"، تا بڵێی ژنێکی باش بوو، تا رادەیەك دۆستایەتیمان پەیدا کرد، لەدوای هاتنی دایکی حەیدەر و منداڵەکان لە ساڵی1985، بۆ ماڵی خۆی بانگهێشتی کردم.

لە هاوینی1985 لە ڕێگای نۆڤین سەرحانەوە زانیم، کە کاك کەریم هاتۆتە ستۆکهۆڵم و لەلای نۆڤینەوە بانگهێشت کرام و لەوێ لەگەڵ کاك کەریم دانیشتین و پاشان پیاسەیەکمان کرد و ئاگاداری کردم، کە نیازیان هەیە رۆژنامەیەکی کوردی دەربکەن، — واتە رۆژنامەیەکی سەربەخۆ بێت و کوردستانی بێت — ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی و رۆشنبیری تێیدا بەشداری دەکەن و تۆش بۆ ئەم مەبەستە دیار کراوی.

منیش گوتم: ئەگەر سەربەخۆ بێت و کوردستانی بێت و ناوەکان بناسم و مەبەستەکەی لام روون بێت، لاریم نییە. کاك کەریم ئاماژەی بە هەندێ ناو کرد. لەوانەی کۆنە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان بوون: ئەمیری قازی، عەزیزی ماملێ، سالاری حەیدەری، مەلا محەمەدی خدری، حاجی ئەحمەدی و کەسایەتیی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە سویسرا دەژیان، بە ناوی سارەمەدینی سادق وەزیری و هەروەها ناوی چەند رۆشنبیرێکی باشووری کوردستان، کە دووانیانم دەناسی: ئەنوەر قادر و عەبدوڵڵا پەشێو، بەڵام ئەو دوو شاعیرە، نە راستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ لە داهاتوودا بەشدارییان لە رۆژنامەکەدا نەکرد، بەڵام من رەزامەندیم راگەیاند و پێشنیاری ئەوەشم کرد، کە: پێویستە چەند

کەسێکی باکووری کوردستانیش بەشداریی تێدا بکەن.

ئەوە بوو کاك کەریم لە سەرەتای مانگی 11ی 1985 بەرەو بەرلین بەڕێکەوت و دەبووایە لەوێوە بۆ پاریس بچێ و بەشداریی کۆبوونەوەیەك بکات لەگەڵ ئەوانەی نیازیان هەبوو رۆژنامەکە دەربکەن، بەڵام لە بەرلین پۆلیسی ئەڵمان رێگەیان نەدا و گەڕایەوە بولگاریا. کۆبوونەوەی پاریس وەك لە نامەیەکی مەلا محەمەدی خدری، کە لە 1985/11/20 بۆ کاك کەریمی رەوانە کردووە، هاتووە: "...برادەران بە تێکڕا رایان لەسەر دەربڕی. دیارە کاك ئەمیر نەزەری تایبەتیی خۆی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، کە: نووسەر و هەیئەتی تەحریری رۆژنامەکە تەنیا کوردە ئێرانییەکان بن... بەڵام ئەو نەزەرە بە تێکڕا رەت کرایەوە.(لە بیرەوەرییەکانم – کەریم حیسامی – بەرگی نۆیەم – ل62 – ستۆکهۆڵم 1995).

دوای گەڕانەوەی، مەلا محەمەدی خدری لە پاریس و باس کردنی کۆبوونەوەکە، منیش نامەیەکم بۆ کاك کەریمی حیسامی نووسیوە کە تێیدا هاتووە: "دوای گەڕانەوەی مەلا محەمەد باسی ئەوەی بۆ کردم، کە لە پاریس چ بڕیارێك وەرگیراوە دەربارەی دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی بە ناوی "ئاگری".

جێگای خۆشییە کە ئێمەی کوردیش بتوانین کاری وا بکەین، کە خزمەتی مەسەلەی گەلەکەمانی تێدا رەچاو بکرێت. ناوی چەند کەسێکی باس کرد، کە بەشداری لە رۆژنامەکەدا دەکەن. زۆر سوپاستان دەکەم کە منیشتان دەستنیشان کردووە. بەشداری کردن لە نووسین بۆ رۆژنامە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی مرۆ ئەندامی دەستەی نووسەران بێت. ئەگەر مەبەست لەوە دایە، کە وەك نووسەرێك بەشداری بکەم و جاروبار

وتارێك ئامادە بکەم، ئەوە بێگومان کەمتەرخەمی ناکەم، بەڵام ئەگەر ئەندامی دەستەی نووسەران بم، ئەرکی تایبەتی لەسەر شانی دەستەی نووسەرانە، پێویستە بەشداریی تەواو بکەم لە هەموو کارەکانی ڕۆژنامە و دیار کردنی ڕێڕەوی سیاسی...(بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بەرگی نۆیەم، 1995، ل 63-64).

دیارە کاك کەریم و هاوڕێیانی بڕیاریان دابوو، من لە دەستەی نووسەران دابم، کە دەستەکە لە مانەی خوارەوە پێکهاتبوو: سارەمەدین سادق وەزیری – سەر نووسەر، کەریمی حیسامی – جێگر و ئەوانەی دیکە دەستەی نووسەران: عەزیز مامڵێ (پاریس)، حاجی ئەحمەدی (ئاڵمانیا)، مەلا محەمەدی خدر و جەمشید حەیدەری (سوێد) و هەروەها مستەفا دوزگون (سوێد – بەشی کرمانجیی سەروو).

لە 1986/2/1 لە ستۆکهۆڵم هەندێ لە ئەندامانی دەستەی نووسەران دیاری کران و کۆبوونەوەیەکمان کرد، کە تێیدا، جگە لە نووسەری ئەو بیرەوەرییانە، کاك سالاری حەیدەری، مەلا محەمەدی خدری، حاجی ئەحمەدی و مستەفا دوزگون ئامادە بوون، بۆ دیاری کردنی باسەکانی ژمارەی یەکەمی.. (ئەوەی شایانی باس بێت، لە کۆبوونەوەی پاریس – ئاگری – پێشنیاز کرابوو، بەڵام دیارە کاك کەریم و سارەمەدین لەسەر "سەردەمی نوێ" ڕێککەوتبوون).

هەرچەند لە سەرەتا کاك ئەمیری قازی و کاك سالاری حەیدەری ئامادییان نیشان دابوو، بەڵام کاك سالار تەنیا یەك جارئامادەی کۆبوونەوە بوو. کاك ئەمیر هەر ئامادە نەبوو، بەڵام ئێمە ئەوانەی لە ستۆکهۆڵم بووین، بابەتەکانی ژمارەی یەکەممان ئامادە کرد. دوای ئەوەی کاك کەریم (وتارەکانی سارەمەدینی بە فارسی و کوردی وەك

سەروتار بۆ ڕەوانە کردین – ژمارەی یەکەم لە بەشی کرمانجیی خواروو و سەروو و لەگەڵ پاشکۆیەکی فارسی) ئامادە کران، بەڵام کێشەی لەچاپدانمان هەبوو. پاشان لەگەڵ چاپخانەیەکی فینلەندی پێکهاتین، کە ژمارەی یەکەممان بۆ چاپ بکات. ئەوەی شایانی باس بێت، ژمارەی یەکەم بۆ دووی ڕێبەندان ئامادە کرابوو، بەڵام لە کۆتایی شوبات دەرچوو. ڕۆژنامەکە لە چاپخانە دابوو کە سەرۆك وەزیرانی سوێد ئۆلف پالمە تیرۆر کرا. ئێمە لە لاپەڕەی یەکەم کە بە هەڵە ببووە دوالاپەڕە، وێنە و هەواڵی تیرۆر کردنی و مەحکوم کردنی ئەو کارەمان بڵاو کردەوە.

ژمارەی یەکەمی سەردەمی نوێ لە کۆتایی مانگی شوباتی 1986 دەرچوو. بۆ ئەوەی خەڵکانێك یاری بە چارەنووسی خەڵکی دیکە نەکەن، وشك و تەڕ پێکەوە نەسووتێ، دەربارەی ئەو پووڵەی ڕۆژنامەکەی پێ چاپ دەکرا، من لە سەرەتادا هەندێ شتم گوێ لێدەبوو، بەڵام لەم داواییانەدا هەندێ شتم بۆ ئاشکرا بوو. (نەك بە تەواوی، لەوانە بە مەزەندە یاخود...!) هەرچەند گومانم لە هەندێ بۆچوون لەم بارەیەوە هەیە.

من لە ساڵی 1995 لە بارەی ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ" هەندێ شتم نووسیوە، دەمەوێ وەك خۆی لێرەدا بڵاویان بکەمەوە. دوای 5 ساڵ لە ڕاوەستانی ڕۆژنامەکە، هەندێ سەرەداو باسی ئەوەیان دەکرد، کە پارەی ڕۆژنامەکە لەلایەن دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دابین دەکرێ، من ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە تەواوی نەگەیشتوومەتە سەرچاوەی تەواوی پووڵەکان، چونکە نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ ئاگاداریم نەبووە، تەنیا ئەوەی کاتی خۆی من لە کاك (کەریم حیسامی)م زانی، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی کاك کەریم بۆ کوردستان،

دیاری و یارمەتیی زۆری بۆ پێشکەش کراوە (تۆتۆمبیل...) ئەوانەی بۆی هاتبوو، فرۆشتوویەتی پارەکەی لە ئەڵمانیا لە بانگ داناوە، هەروەها کاك کەریم پەیوەندی و ناسیاویی زۆری لە هەندەران هەبوو، چ لە کوردەکانی رۆژهەلات و چ هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ئێران. کاك کەریم یارمەتیی بۆ دەهات لە هەندێ لە دەوڵەمەندەکانی کورد لەو کاتەی من لە رۆژنامەکەدا کارم دەکرد، کە جێگەی دڵخۆشیی من بوو. هەروەها رێبازی رۆژنامەکە کوردانە بوو. من ئێستاش کاتێ بۆچوونەکانی ساڵی 1995 دەنووسمەوە و کاك کەریم لە ژیاندا نەماوە، لەو بڕوایەدام کە کەریمی حسامی، مرۆڤێکی کوردپەروەر و سۆسیالیست بوو. بڕوای بە بیری کۆمۆنیستی هەبوو، ئەگەر چی پابەندی هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی نەبوو. (بە رای من) هیوا و ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەوەی هەندێ جار سەرنجی رادەکێشام، نەك نووسینەکانی خودی کاك کەریم، بەڵام هەندێ لەوانەی من دەمنووسی – کاك کەریم نەیدەویست بە هیچ شێوە پەسنی سۆڤیەت بدەم – بەڵکو ئەو خۆی لەوە دوور دەخستەوە و راستەوخۆ رێگریی دەکرد، کە باسی سۆڤیەت لە رۆژنامەکەدا بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دوای چەند ژمارەیەك کاك فەرهاد شاکەلی – مۆرکی رۆژهەلاتی – مەبەست بلۆکی رۆژهەلاتی دا پاڵ رۆژنامەکە.

بێگومان رۆژنامەی سەردەمی نوێ کە 54 ژمارەی لێ‌دەرچوو، لە روانگەی بەرژەوەندیی کورد و بزاڤی رزگاریخوازی کورد وتارەکانی دەنووسی و لایەنگری هیچ ئۆردوگایەك نەبوو. داگیرکەرانی کوردستانی ریسوا دەکرد و بەرگریی لە ماف رەوای کورد دەکرد لە هەموو پارچەکاندا، بەڵام حزبی دیموکرات دژایەتیی دەکرد، لایەنگرانی حشع

بە گومانەوە سەیریان دەکرد، بە وتەی کاك کەریم ئەحمەد (کە ئەندامی م.س حشع بوو)، مام جەلال ڕۆژنامەکەی بە لایەنگری حشع دەدا قەڵەم. لە ڕاستیدا نە حشع، نە ئەندامانی بەشدارییان تێدا نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تێبینیی کاك کەریم لەسەر وتارەکانی من دەربارەی کوردەکانی سۆڤیەت، یان لە بواری کوردەلۆژیی سۆڤیەت، کە لە چەند ژمارەیەکدا بڵاوم دەکردەوە، سەرنجی ڕادەکێشام، کە دەبێ لایەنێك لە پشت ڕۆژنامەکەدا هەبێ.

من لە ڕۆژنامەکەدا دوو جۆر وتارم نووسی، سیاسی و ڕۆشنبیریی گشتی. جارێك وتارێکم لەسەر هەڵوێستی سۆڤیەت "پیریستوریکا و کێشەی کوردی سۆڤیەت" نووسی.. کاك کەریم بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوو لە "سەردەمی نوێ"دا بڵاو بکرێتەوە، هەرچەندە من خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پارەی دەرکردنی ڕۆژنامەکەی دابین دەکرد، من ناچار بووم وتارەکەم لە گۆڤاری "بەربانگ"دا بڵاو بکەمەوە.

دەربارەی ڕاگرتنی زنجیرە وتارەکانی (کوردناسی – کوردۆلۆژی)یش کاك کەریم گوتی: برادەرانی سۆڤیەت ئەوە ناخوازن؟

من لەوەوە گەیشتمە ئەنجامێك... بۆ؟! ئەوان چ پەیوەندییان بەوە هەیە؟! وازم لێهێنا، چونکە بە گشتی ڕێبازی ڕۆژنامەکەم بەدڵ بوو کە لە خزمەت ڕێبازی کوردایەتییە، بۆیە چاوم لێ پۆشی.

تا ڕادەیەك گەیشتمە ئەو بڕوایەی سۆڤیەت بە شێوەیەك لە شێوەکان یارمەتیی ڕۆژنامەکە دەدات، بەڵام مەسروفاتی ڕۆژنامەکە لەوە زۆرتر بوو، بۆیە کاك کەریم هەوڵی دەدا یارمەتی لە هەندێ دۆستەکانی ئەورووپا کۆبکاتەوە... بەو شێوەیە ڕۆژنامەکە تا 1990 درێژەی هەبوو.

رۆژنامەی "سەردەمی نوێ" لە 1986 پتر لە ئەستۆی من و مەلا محەمەدی خدری بوو، لەگەڵ مستەفا دوزگون، بەڵام لەبەر ئەوەی مەلا محەمەد بە پێچەوانەی رێککەوتنمان، کە پێکەوە کاری دەستەجەمعی بکەین.. ئەو بێ پرسی ئێمە و لە پەیوەندییدا لەگەڵ سارەمەدین وەزیری کارەکانی دەکرد و پاشان بە ئێمەی دەگوت.. بۆیە من لە 1986/6/4 دوای دەرچوونی ژمارەی سێیەمی رۆژنامەکە، نامەیەکی (7) لاپەڕەییم بۆ دەستەی نووسەران نووسی، کە هەندێ رەخنە و پێشنیار و بۆچوونی خۆم دەخەمە بەرچاویان بۆ ئەوەی کارەکە بە رێك و پێکی ئەنجام بدرێت.. لێرەدا خاڵە گرنگەکانی نامەکە دەخەمە بەرچاوی خوێنەران:

– لە یەکەم ژمارەی – سەردەمی نوێ – پاشکۆیەکی فارسی هەبوو، من بەرهەڵستکار بووم، بۆ ئەو پاشکۆیە، بەڵام تا سێ ژمارە درێژەی هەبوو، چونکە پێم وابوو بوونی ئەو پاشکۆیە بە فارسی ئێرانچیەتیی بەدواوەیە، بۆیە پێشنیارم کرد لابچێ یاخود پێویستە بە زمانەکانی (عەرەبی و تورکی)یش پاشکۆکە دەربکرێ، واتە بە زمانی میللەتانی دراوسێمان.

– لە نامەی پێشوومدا، کە لە مانگی 11ی 1985 ئاماژەی پێکراوە، نابێ هیچ بابەتێك لە دەستەی نووسەران شاراوە بێت و هەر ئەندامێکی دەستەی نووسەران ئەرکی خۆی بۆ دیاری بکرێ و هەموویان یەکسانن بەرانبەر ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە.

– دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەك پێویستە دەستەی نووسەران کۆببێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ژمارەکە.

– وتارەکانی سارەمەدین سادق وەزیری، بەر لە چاپکردنی پێویستە

لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسەند بکرێ، نەك دوای چاپکردنی وەك ئەوەی مەلا محەمەدی خدری دەیکات.

– لە کۆبوونەوەی کۆتایی مانگی یەك و سەرەتای مانگی شوبات، کە هەموو دەستەی نووسەران تێیدا ئامادە بوون، جگە لە سارەمەدین و کەریم حیسامی ئەو بنەمایە تۆمار و پەسەند کرابوو، بەڵام مەلا محەمەد پابەند نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆچوونی سارەمەدینی لا گرنگ بوو.

– مەلا محەمەد و عەزیزی ماملێ ئاماژەیان بە قورسیی زمانی فارسیی سارەمەدین دەدا، بۆیە لە توانای مەلا محەمەددا نەبوو وتارەکانی سارەمەدین بە چاکی وەرگێڕێ، وشەی عەرەبی لە وەرگێڕانەکەدا زۆر بوو. بۆ نموونە: تەنیا لە سەروتاری ژمارەی یەکەمدا 13وشەی عەرەبی و لە ژمارەی2 دیسان 13وشەی عەرەبیی تێدا هاتبوو. بە لای مەلا محەمەدەوە زمانی کوردیی عێراق هەر عەرەبییە، لە کاتێکدا زمانە کوردییەکەی خۆی بەمجۆرە بوو، کە ئاماژەی پێکراوە، لەوانەیە کوردەکانی باشوری کوردستان لە ژێر کاریگەریی رێزمانی عەرەبیدا بن، بەڵام لە جیاتی وشەی عەرەبی، پتر فارسی بەکار دێنن.

– بە پێی ئەنجامدانی کارەکان لە لای مەلا محەمەدەوە، دەستەی نووسەران هیچ رۆڵێکیان نییە، تەنیا پرسە خەسوانەیان پێ دەکرێ، بەڵکو خۆی و سارەمەدین و کاك کەریم هەون.

– بۆ دوارۆژ و مێژوو، پێویستە وتارەکان ئیمزای خاوەنەکانیان لەسەر بێت، بەڵام لەو سێ ژمارەیەی بڵاو کراونەتەوە، تەنیا وتارەکەی من کە نازناوی "بروسك"ی لەسەر نووسراوە، دەنا ئەوانی تر ئیمزای خاوەنیان لەسەر نییە.

– بە بۆنەی یادی "هێمن" وتارەکەی من بڵاو نەکراوە، بەڵکو هی کاك

کەریم بڵاوکرایەوە، هەرچەندە من پێم وانییە وتارەکەی من لە هی، کاك کەریم خراپتر بێت.

– گۆشەی ئەدەب کە دەستی پێکرد، من وتارێکی بچووکم نووسی لەسەر ئەدەب و ئاماژەم بە بابا تاهیری هەمەدانی کردبوو، وەك شاعیری کورد، مەلا محەمەد، بابا تاهیری بە شاعیرێکی ئێرانی لە قەڵەم دەدات، لەوانەیە برایانی دیکەش هەمان بۆچوونیان هەبێ، بەڵام زانایانی کورد وەك عەلائەدین سەجادی، ئەمین زەکی، رەفیق حلمی، عزەدین مستەفا و... و خۆشم هەر بە کوردی دەزانم. ئەوانەی بە کوردی نازانن دەتوانن بە وتار و بەڵگە وەڵام بدەنەوە. (مەلا محەمەد دەیگوت: دەبێ بۆ سارەمەدین بنێرینی بزانین ئەو رای چییە)؟

– بەکارهێنانی ساڵ و مانگ لە رۆژنامەکەدا، پێویستە ستاندارد بێت، لە تەك کوردیدا زایینی بەکار بێت لە جیاتی ئێرانی و ناوی مانگەکانیش هەر بەو شێوەیە بێت. بۆ نموونە: فەورییە، واتە فێبریوەری – شوبات، جورێك هەڵبژێردرێ، کە بۆ کوردی عێراق و تورکیا و سوریاش باو بێت، نەك تەنیا ئێران.

– وتارەکانی رۆژنامە زۆر درێژ نەبێ، چونکە خوێنەر مافی ئەوەی هەیە بڵێ گۆڤاری "سەردەمی نوێ" نەك رۆژنامە. ئاخەر هەندێ وتار چەند لاپەڕەیەکی پڕ دەکرد. لەو 12 لاپەڕەیەی رۆژنامەکە.

– لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە سوێد لە رۆژنامەکەدا کاریان دەکرد تەنیا من مافی ئەوەم هەبوو رۆژنامە بە ناوی خۆم دەرکەم، چونکە کاك ئەمیری قازی و سالاری حەیدەری هەر بەشدارییان تێدا نەکردبوو و لەبەر ئەوەی بە پێی قانوون ئەگەر رۆژنامە، یان بڵاوکراوەیەك شەش ژمارەی بە رێکوپێکی لێ دەرچوو، حکومەت یارمەتیی ماڵیی دەدات. بۆیە بە

ناچاری وەك كاك كەریم لە بەرگی 9ی بیرەوەرییەکانی ئاماژەی پێ دەکات: "بە ناچار هاتینە سەر ئەو باوەڕە، کە بە ناوی دکتۆر جەمشیدی حەیدەری ئیجازەی دەرکردنی رۆژنامەی "سەردەمی نوێ" وەرگرین. (ل77)

من ئەو چەند دێڕەم نووسی، کە کاتی خۆی لە نامەکەدا نەبوو، چونکە هەر باسی ئەوەمان نەکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کاك کەریم لە ساڵی 1995 بەو شێوەیەی بڵاو کردۆتەوە، بۆیە دەیخەمە بەرچاوی خوێنەران، ئەگەر لە کاتی خۆی بمزانیبووایە بە ناچاری داوایان لە من کردووە، بێگومان نەمدەکرد، بەڵام لە دوو چووان مەچوو...! لەو خاڵەدا من تەنیا ئاماژەم بەوە کردووە، کە ئەوان (مەلا محەمەد و سارەمەدین...) منیان وەك مێوان و هاوکار دادەنا، نەك ئەندامی دەستەی نووسەران.

– لە نامەکەدا پێم راگەیاندوون ئەگەر خواستیارن من دەست لەکار دەکێشمەوە و دەکرێ "ئیجازەی رۆژنامەکە" بە ناوی کەسێکی دیکە بێت، لە من ببوورن.

– لە کۆتایی نامەکەدا 10خاڵم پێشنیاز کردووە، هەندێك لە خاڵەکان لە مەتنی نامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم، بەڵام ئەوانەی دیکە دەخەمە بەرچاوی خوێنەران:

1– دەبێ لە کۆبوونەوەدا، ئابووری، داهات و سەرف بە تەواوی روون بێت، چونکە من و کاك مستەفا دوزگین نازانین سەرچاوەی ئەو پارەیە لە کام لایەوە دابین دەکرێ.

2– دەنگوباسی شەڕی چەکداری لە کوردستان و دەنگوباسی کوردستان لە هەموو ژمارەکان بڵاو بکرێتەوە، کە بە داخەوە تا ئێستا لەم رۆژنامەدا هیچ بڵاو نەکراوەتەوە.

3- نابێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا هێرش بکرێتە سەر ئەو هێزانەی لە کوردستان خەبات دەکەن و توانجیان لێ بگیرێت.

4- لاپەڕەی - بیری سەربەست - لە ڕۆژنامەکە بڵاو بکرێتەوە.

5- لە هەرسێ ژمارەی رابردوو باسی کوردی سووریا نەکراوە.

**لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە:**

برایانی خۆشەویست، ئەگەر لەسەر ئەو پرۆگرامە ڕێککەوتین، بێگومان گیروگرفت کەم دەبێ، بەڵام ئەگەر نا، من داوای لێبوردن دەکەم لە بەشداری کردن لە دەستەی نووسەران. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لە خزمەتی کوردستان و گەلە بەشخوراوەکەی.

**براتان**

**بروسك**

**1986/6/4**

**ستۆکهۆڵم**

لێرەدا چیتر بە پێویستی نازانم لەسەر ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ" بدوێم، ئەگەر یەکێك مەبەستی بێت، بگەڕێتەوە سەر وتارێکم لە گۆڤاری "ڕۆژنامەڤانی" ژمارە 11-12، ساڵی2003، لاپەڕەکانی 433-449-499.. بڵاوکراوەتەوە.

* * *

- شوباتی 1986 تیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی سوێد ئۆلف پاڵمە

من لە ساڵی1983 کە هاتمە سوێد، ئۆلف پاڵمە لە ئۆپۆزسیۆن بوو،

ڕۆژێکیان لەگەڵ کاک فەرهاد شاکەلی لە گاملەستان (ستۆکهۆڵمی کۆن) لە قاوەخانەدا ڕۆنیشتبووین. کاک فەرهاد سەرنجی ڕاکێشام بۆ مرۆڤێك، کە دوو جانتای لەدەست بوو، پاڵتۆیەکی لەسەر شان بوو، گوتی: ئەوە ئۆڵف پاڵمەیە، سەرۆك وەزیرانی پێشووی سوێد، سۆسیال – دیموکراتە، ماڵی خۆی دەگوێزێتەوە. لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئۆڵف پاڵمە سەرکەوت و بووە سەرۆك وەزیرانی سوێد.

ئۆلف پاڵمە هەڵوێستی بەرانبەر بە مەسەلەی کورد زۆر دۆستانە بوو. هەروەها هەڵوێستی لە پشتگیریی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقیا ڕوون و ئاشکرا بوو. دەگێڕنەوە کە پاڵمە خۆی سەرکردایەتیی خۆپێشاندانی دژی "پینۆچێت – ژەنەڕاڵی شیلی و CIA دەزگاری هەواڵگریی ئەمەریکا دەکرد، چونکە لە ساڵی 1973، ئەمریکا لە ڕێگەی کودەتای ژەنڕاڵ پینۆچیێ لە شیلی، بووە هۆی کوشتنی سەرۆکی ئەو وڵاتە سیلڤادۆر ئەلێندی و کوژرانی هەزاران هاوڵاتیی شیلی، بەدەستی کۆدەتاچییەکان، ئەوسا گۆرانی بێژی بەنێوبانگی شیلی فیکتۆر گارا شەهید کرا و سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی شیلی لویس کارڤالان و شاعیری گەورەی شیلی پاپلۆ نێرۆدا دەستگیر کران.

لە 1986/2/29 دەبووایە کۆنفرانسی سەر لە نویێ دامەزراندنی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بە شێوەیەکی تازە و لەسەر بنەمای جێنشینی کوردەکان لە شارەوانییەکان دابمەزرێتەوە.. بەیانیی ڕۆژی 2/29 هاتمە قوتابخانەو دەستگای "ئای. بی. ئێف ABF" کە دەبووایە کۆنفرانسی تێدا ساز بکرێ.. کە گەیشتم، چەند برادەرێك هاتبوون و ڕایانگەیاند، کۆنفرانس دواخراوە، لەبەر ئەوەی شەوی

رابردوو سەرۆك وەزیرانی سوێد ئۆلف پالمە شەهید کراوە.

هەرچەندە لە سەرەوەدا باسی هەندێ رووداوی ساڵی 1986م کردووە، بەڵام بە پێویستم زانی هەندێ رووداوی دیکە کە لە ساڵی1985 روویان داوە و هەندێ لە چالاکییەکانم لە بوواری نووسین و کۆڕگێڕان، کە لە دەفتەرێکی کۆنم نووسیبوون و بەو دواییە کەوتنەوە بەردەستم، ئاماژەیان پێ بکەم.. لەوانە چەند کۆڕ و سیمینارێك کە لەو ساڵەدا گێڕاومن.

. لە سوێد لە 1985/12/15 کۆڕێکم گێڕاوە، لە چلەی کۆچی دوایی قەناتی کوردۆ (1985‐1909).. کۆڕەکە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی قەنات بووە، لەگەڵ پێشانگەی کتێبە چاپکراوەکانی.

ـ لە 1986/2/2 لە یادی چل ساڵەی کۆماری کوردستان، کۆڕێکم لەگەڵ کاك محەمەدی موهتەدی و دکتۆر کەمال عەلی گێڕاوە.

. لە 1986/5/31 لە ساڵڕۆژی دووەمی شاعیری گەورەی گەلەکەمان هێمن، کۆڕێکم لەسەر ژیان و نووسینەکانی گێڕاوە، بە پشت بەستن بە پێشەکییەکەی دکتۆر ئاوڕەحمانی قاسملوو و پێشەکی خودی هێمنی شاعیر بۆ "تاریك و روون" و کتێبێکی کاك کەریم حیسامی لەسەر هێمن و گۆڤاری "نیشتمان" – ژ.ك.

. دوای کۆچی دوایی مامۆستا سەجادی، لە شاری یۆتۆبۆری کۆڕێکم لەسەر ژیان و بەرهەکانی مامۆستا سەجادی گێڕا و لەگەڵ نموونەی هەندێ لە نووسینەکانی و گوڵبژێرێك لە "رشتەی مرواری".

. کە هەواڵی کۆچی (کامەران موکری)م لە 1986/12/7 پێگەیشت، وتارێکم لە رۆژنامەی "سەردەمی نوێ" و کۆڕێکم لە ستۆکهۆڵم گێڕا و لە پێشەکیی کۆڕەکەدا وتم: "لە 1986/12/7 هەواڵێکی دڵتەزێن لە هەموو

کوردستانی خوێناوی و دەرەوەی وڵاتیش دەنگی دایەوە. هەواڵی وەستانی دڵە گەورەکەی شاعیری نیشتمانپەروەر و تێکۆشەر کامەران موکری بوو." هەروەها نووسیومە: "لە تەك ئەو کارەساتانەی داگیرکەران بەسەر کوردی دەهێنن، سروشتیش لە پەلاماردانمان نەکەوتووە. ناوە ناوە پەنجەی مردن لە گیانی رۆڵەیەکی لێهاتوو و زانایەکی بێ هاوتا و شاعیرێکی ناودار و هونەرمەندێکی گەورە گیر دەکات لە ساڵی1983 وە پەنجەی مردن ئەستێرەی ئەو رۆڵە لێهاتووانەی کوژاندۆتەوە، مامۆستایان: تۆفیق وەهبی، پەلمانز گونای، جگەرخوێن، عەلائەدین سەجادی، قەناتی کوردۆ و هێمن و قزڵجی، ئەمڕۆش کامەران موکری.

ـ لە ساڵی 1986 لە تەك کۆڕ و سیمینارەکاندا، چەندان وتارم لە یادی کەڵە پیاوانی کورد لە رۆژنامەی "سەردمی نوێ" و گۆڤاری "بەربانگ"دا بڵاو کردۆتەوە.

. لە یادی 30 ساڵەی شێخ مەحموودی نەمر، قازی، گیوی موکریانی و گۆرانی شاعیر، شێخ مارف بەرزنجی و... هتد.

– لە ساڵی1977ـەوە من کەسم لە خزم و کەسەکان چاو پێ نەکەوتبوو، چونکە هەموویان لە کوردستان و عێراق بوون. لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران 1980، برازایەکەم لە شەڕدا بە دیل گیرا – سەردار – کە ساڵی 1990 ئازاد کرا، لە ساڵی 1985 لە تارانەوە نامەیەکم پێگەیشت، کە کوڕە بچووکەکەی ساڵحی برام – کاوە – لە تارانەوە بەرەو هەندەران دێ.

نامە گۆڕینەوەمان هەبوو تا گەیشتە دانیمارك.. لە رۆژی 1985/10/10 بە شەمەندەفەر رووم کردە کۆپنهاگن – پایتەختی دانیمارك. کە گەیشتمە کۆپنهاگن، لە وێستەگەی شەمەندەفەر لەگەڵ

کاوە پێک گەیشتین. کاوە ئاگاداری کردم کە تەنیا چەند سەعاتێک بۆمان هەیە پێکەوە بین، چونکە هەر ئەمڕۆکە ئەو بۆ دوورگەیەک ڕەوانە دەکرێ.. کاوە ڕۆژی 1985/9/29 گەیشتبووە دانیمارک. هەندێک دەنگوباسی دڵتەزێنی لە بارەی دیلکردنی سەرداری برازام پێ ڕاگەیاندم، کە لە ئێران لە بەندیخانەیە.

– لە 1986/3/19 بە فەرمی ئیجازەی دەکردنی ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ" و تۆمار کردنم پێ‌گەیشت.

من و کاک کەریم هەوڵمان دا کە ژمارەیەک لەو نووسەرانەی لە سوێد دەژین، بەشداریمان بکەن و بانگهێشتی هەندێکمان کرد، بەڵام زۆربەیان ئامادەییان تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژی 1986/10/22 لە ماڵی مندا من و کاک کەریم و خەبات عارف و فەرهادی شێخ مارف بەرزنجی دانیشتنێکمان ساز کرد بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان داوایان دەکرد، کە ڕۆژنامەکە پابەندی هیچ ڕێبازێک نەبێ و هەر کەس بە ئارەزووی خۆی چ دەنووسێ و چۆن دەنووسێ تێیدا بڵاو بکرێتەوە، ئێمەش لەو بڕوایەدا بووین پێویستە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت، بۆیە بەشدارییان لەگەڵمان نەکرد.

– ئەگەر لە ساڵانی خەباتی شاخ نووسەرانی کورد، ئەوانەی لەگەڵ شۆڕش بوون، یەکێتیی نووسەرانی کورد و یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان دامەزراندبوو، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی کورد و عەرەب لە دەرەوەی وڵاتدا، بە تایبەتی ئەوانەی لە سوریا دەژیان، ڕێکخراوێکیان بە ناوی "رابطة الكتاب و الصحفيين و الفنانين الديمقراطيين العراقيين" دامەزراندو گۆڤارێکیان بە ناوی "البديل" دەردەکرد. ئەو ڕێکخراوە هەوڵیدا نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی دیموکراتی

لە هەندەرانیش بەشداریی تێدا بکەن، دیارە ژمارەیەك لەوانە بوونە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، منیش یەکێك بووم لەوانە.

ئەو ڕێکخراوەیە لە نیسانی ساڵی 1986 هەفتەی "الثقافة التقدمیە العراقیە"(ڕۆشنبریی پێشکەوتنخوازی عێراق)یان لە دیمەشق (شام) ڕێکخست، کە تیایدا هیچ باس لە کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردی نەکرابوو، بۆیە منیش وەك ئەندامی ئەو ڕێکخراوە لە 1986/7/21 نامەیەکم بە زمانی عەرەبی ئاراستەی ئەو ڕێکخراوە کرد. لێرەدا دەقی نامەکە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکەمەوە:

"رسالة مفتوحة الي رابطة الكتاب و الصحفيين و الفنانين
الديمقراطيين العراقيين

تحية و بعد...

إن الأنظمة المتسلطة علي رقاب الشعب الكردي في البلدان التي تقتسم كردستان، تخنق كل صوت حر في بلادنا و تحارب الثقافة الكردية و تشوه تاريخ الكرد و كردستان. إن المثقفين الكرد في كردستان العراق كانوا في طليعة المناضلين من أجل حرية العراق و كرامة شعبه، كانوا و لايزالوا موضع إعتزاز الشعب الكردي و العربي في العراق.

و كان الأدب الكردي طيلة العهود الماضية و لازال مرآتا لنضالات الشعب الكردي من أجل الحرية و الديمقراطية. إن الادباء الكرد رغم الاضطهاد و القمع، رغم الاغراءات لم يتحولوا الي أبواق الانظمة الفاشية. إن العناصر الكردية من الادباء الذين يخدمون النظام و يغنون بأمجاد الحكام الفاشيين لايتجاوز أصابع اليد، بل كان الادباء الكرد دعاة الاخوة و الصداقة بين الشعب الكردي و الشعوب المجاورة. و قد إنعكست في نتاجات شعرائهم الكبار من أمثال: **گۆران، جگرخوین، هەژار**، كامران، ديلان و **بێکەس**، تلك الأخوة و الصداقة.

لقد غنى شعراءنا للجزائر المناضلة و فلسطين الجريحة و **ڤيتنام**

البطلة، مجدوا نضال الشعوب **السوڤيتيه** ضد الفاشية و بطولات أمريكا اللاتينية ضد اليانكي. إن التقاليد الطيبة و الصداقة العريقة هذه إنعكست في أشعار عدد من الشعراء العراقيين من أمثال الشاعر العربي الكبير محمد مهدي الجواهري و الشاعر الكبير سعدي يوسف و...

و الآن عندما يخيم الليل الفاشي علي كردستان و العراق، و عندما يحتضن كردستان المناضلين الكرد و العرب ضد الفاشية و الإرهاب، عندما يضطر المثقفون ترك الوطن أو إلتحاق بالأنصار و **الپيشمەرگە** و يشكلون منظماتهم الادبية و الفنية داخل الاراضي المحررة في كردستان أو خارج الوطن و يساهمون فعلا في النشاطات الثقافية، رافعين راية الثقافة التقدمية، نجد في هذه الظروف بالذات و خلافا للتقاليد العريقة، يُستبعد ممثلي الثقافة الكردية من ما أطلق عليه اسبوع "الثقافة التقدمية العراقية" الذي جري في نيسان الماضي في دمشق.

عندما قرأت لأول مرة أخبار هذا الاسبوع على صفحات مجلة "الحرية" المناضلة تصورت أن الصحفي الذي نشر الخبر، قد أهمل الاشارة الي الثقافة الكردية، رغم قناعتي بان محرري "الحرية" و المجلة نفسها تعتبر من المنابر المدافعة عن حقوق الشعب الكردي، الا أن الانباء التي نشرتها فيما بعد جريدة "الغد الديمقراطي" و "رسالة العراق" أكدت غياب الثقافة الكردية في الرابطة و التسمية في ذلك "الاسبوع".

إن اهمال دعوة ممثلى الثقافة الكردية لمشاركة في هذا الاسبوع، حيث يتواجد عشرات من الشعراء والكتاب والفنانين الكرد في الغربة وعدد منهم اعضاء في الرابطة، يذكرني بالمربد الشعرى الذي انعقد في السبعينات في ظل النظام الفاشي المتسلط على العراق "مع الفارق طبعاً" لقد خاب ظني في الرابطة والتسمية التي اعطيت لذلك الاسبوع.

ايها الزملاء

حرصنا علي الثقافة التقدمية العراقية، التي لاوجود لها بدون الثقافة الكردية – طبعا كان بامكانكم تسمية "أسبوع الثقافة العربية في العراق" و لأجل ان لايتكرر من أمثال هذه الاخطاء في المستقبل، و من اجل ان تتحول الرابطة الي هيئة نشيطة في خدمة الثقافة التقدمية في

**العراق، ادعوكم الي استدراك ذلك.**
**تقبلوا فائق الاحترام.**
**عضو رابطة الكتاب و الصحفيين و الفنانين العراقيين.**
**1986/7/21**

***د. بروسك (جمشيد الحيدري)***
***السويد – ستوكهولم"***

**من تا ساڵی 1988 پەیوەندیم لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە مابوو، لە ساڵی1987 نامەیەکی دیکەم بۆ نووسیون و هەروەها لە ساڵی 1988 دوا نامەم بۆ نووسیون، بەڵام لە گۆڤاری "البدیل" بابەتێکم لەسەر "ڕۆشنبیریی کوردی لە تاراوگە" بە زمانی عەرەبی بڵاو کردۆتەوە، هەروەها لە 1989/3/17 لە لەندەن بۆ لقی ئینگلترا و ئیرلەندە، کۆڕێکم گێڕاوە بە ناوی "الثقافة الکردیە فی المنفی". بۆ ئەوەی لە بەشەکانی دیکە جارێکی دیکە نەگەڕێمەوە سەر باسی ئەو ڕێکخراوە و هەڵوێستم دەربارەیان، بۆیە بە پێویستی دەزانم لەو بەشەی بیرەوەرییەکانمدا هەردوو نامەکەی دیکەش بڵا بکەمەوە، کە یەکێکیان لە 1987/11/17 نووسراوە و ئەوی دیکەیان لە 1988/2/24 نووسراوە.**

**لەبەر ئەوەی هەموو نامەکان بۆ ئەو ڕێکخراوە بە زمانی عەرەبی بوو، وەك خۆی بڵاویان دەکەمەوە.**

**<u>نامەی 1987/11/17:</u>**

"الزملاء الاعزاء في الهيئة الادارية لرابطة الكتاب و الصحفيين و الفنانين الديمقراطيين العراقيين

بعد إطلاعي علي رسالة السكرتارية الموجهة الي سائر اللجان و الفروع بعد عقد مؤتمرها الثاني و التوجهات البرنامجية العامة لعام 1987-1991 التي جاءت مخيبة للآمال بشأن الثقافة الكردية و ذلك:

اولا: ان البرنامج و الأسماء الواردة في الهيئات المسؤولة لا صلة لهم بالثقافة الكردية أو الادباء الكرد، و سبق أن وجهت في العام الماضي رسالة مفتوحة الي الهيئة الادراية السابقة حول إهمالها لمسألة مشاركة الثقافة الكردية في اسبوع الثقافة التقدمية العراقية في دمشق، حيث ان الثقافة الكردية في العراق تعتبر رافدا من روافد الثقافة التقدمية العراقية.

و ان في برنامجكم المرسل في رسالة السكرتارية لا ذكر للثقافة الكردية أو ثقافة الاقليات القومية، بل ان السكرتارية استعملت جملة مطاطة "الثقافة الوطنية الديمقراطية"، بدون الاشارة الي الخصوصيات الموجودة في ساحة الثقافة العراقية.

ثانيا: كنت أعتقد سابقا بان الأخوة في الرابطة، ينظرون الي الثقافة التقدمية العراقية بشقيها، و لكن الأمور تجري علي عكس ذلك، أو انكم ترون في الثقافة العراقية جانبها العربي فقط؟ و اتمني ان اكون مخطئا في تقديري و لو ان نظرة سطحية الي التوجهات البرنامجية – باب النشاطات يزيل هذه الشكوك حيث ورد في فقرة أ-ه مايلي:

دراسة إمكان إصدار مداليات تحمل صور: جواد سليم، أبو طاطع، أبوسعيد، الجواهري، السيباب، احمد السيد(يقصد ب(محمود احمد السيد).

ان هذة الفقرة أزال كل شكوكي إزاء مواقفكم من الثقافة الكردية و هل ياتُري لم يتذكر الهيئة الادراية المؤقرة أسماء أحد من عمالقة الادب الكردي في العراق أو ان شعراءنا الفطاحل لايمثلون وجهة الثقافة التقدمية العراقية؟!

و انني كمثقف تقدمي كردي و احد الاوائل في الانتماء الي الرابطة، كنت اتتطلع ان تدرج الرابطة ضمن برامج نشاطاتها العامة إقامة إحتفال مهيب في الذكري 25 لوفاة شاعر كردستان الكبير "عبدالله **گۆران**" و تكون علي رأس مهامها الثقافية بعد مؤتمرها الثاني و لكن للأسف أهمل هذا الموضوع كذلك.

***د. جمشيد الحيدري***

- نسخة الي الصحف و المجلات العربية و الكردية للنشر
- الاستاذ بلند الحيدي للاطلاع فقط"

**دوای ئەم نامەیە لە کانوونی یەکەمی1987 ئەو ڕێکخراوە وەڵامی نامەکەی پێشوومی (1987/11/17) داوەتەوە، بەڵام من لە 1988/2/24 وەڵامی ئەو نامەیەم داوەتەوە و لێرەدا دەقی وەڵامەکەم بڵاو دەکەمەوە:**

**"ستكهلم**
**1988/2/24**

الزملاء الاعزاء في سكرتارية الرابطة
تحية و بعد

تسلمت رسالتكم المؤرخة في كانون الأول 1987، جوابا علي رسالتي المؤرخة 1987/11/17 حول برنامج عملكم لمدة ثلاث سنوات و الموزع من قبل السكرتارية. ملاحظاتي حول الاسماء المرشحة لصنع الميداليات التذكارية و كذلك حول الثقافة الكردية. يسعدني جدا ان اكون مخطئا في تصوراتي حول موقف الرابطة من الثقافة الكردية و المبدعين الكرد. و لايسعني الا أن أسأل لماذا اهملت السكرتارية الاجابة علي رسالتي المفتوحة بعد ما يسمي (اسبوع الثقافة التقدمية العراقية) في دمشق.

اما بشأن التمثيل الكردي في الهيئات القيادية للرابطة و كذلك حول المندوبين المنتخبين لمؤتمر الرابطة الأخير – فلي سؤال واحد:

هل جري اختيار المندوبين الي المؤتمر حسب الاصول الديمقراطية ضمن الفروع؟ إني اشك في ذلك.

اما بشأن تكوين فرع للرابطة في السويد، فليس هناك إمكانية في الوقت الحاضر، و شخصيا غير مستعد للعمل ضمن الرابطة، لأنني حاليا منشغل مع الزملاء الكتاب و الفنانين الكرد من كافة اجزاء كردستان باقامة أو تكوين إتحاد الادباء الكردستانيين خارج الوطن. لذلك سلمت كافة الرسائل و الادبيات المرسلة(البديل 50عددا) الي الزملاء في نادي 14تموز الديمقراطي العراقي و إنهم سوف يراسلونكم حول

العدد11 من مجلة و كذلك يحولون أثمان المجلة البديل. علما هذه هي المرة الاولي تصلنا البديل.

حول المساهمة في الكتابة الي مجلتكم، سبق و ان ارسلت قبل عدة سنوات مقالا مطولا حول الشعر الكردي المعارض، كتبناه مع الزميل أنور قادر محمد و كذلك بعثت لكم في شهر تموز الماضي تقريرا عن الثقافة الكردية في المنفي. عندما تجد هذه المقالات النور، سوف لن أتأخر بالكتابة اليكم. مع تمنياتي لكم بالنجاح لخدمة الثقافة التقدمية في بلاد الرافدين.

***المخلص***

***د. جمشيد الحيدري"***

**لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، کاتی خۆی لە مۆسکۆ لەگەڵ کاک ئەنوەر قادر دەربارەی شیعری بەرهەڵستکاری کورد بە زمانی عەرەبی خەریکی کارێك بووین. ئەو بەشەی کاک ئەنوەر ئامادەی کردبوو، لە گۆڤاری "افاق عربیە"دا بڵاوکرایەوە.**

**لە ساڵی1987 من درێژەم بەو کارە دەدا لە رۆژنامەی "سەردەمی نوێ" لەگەڵ کاک کەریم و بە هاوکاریی کاک ناسر ئیبراهیمی و دۆستانی دیکە.**

**لە کۆنگرەی حەوتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان وەك نوێنەری کۆمەڵەی سپونگە بەشداریم کرد، کە کۆنگرە لە 14-1987/2/15 لە ستۆکهۆڵم بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن هەڵبژاردرام.**

**- لە نەورۆزی 1987 لەسەر بانگهێشتی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردیی لەندەن، بەشداریم لە هەفتەی کەلتووری کرد و لەوێدا کۆڕێکم گێڕا.**

**. لە 1987/3/28 ئامادەی کۆنگرەی کاردری رێکخراوێکی بەریتانی بووم، بۆ پشتگیری لە گەلانی عێراق، کە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی**

تێیدا ئەندام بوون. لەو کۆنفرانسەدا کە لە سەعات 11:30ی رۆژی 1987/3/28 دەستی پێکرد، لەوانەی قسەیان لە کۆنفرانسەکەدا کرد، دکتۆر کازم حەبیب و ئازاد بەرواری، لەسەر شەڕی ئێران و عێراق و سیاسەتی بەعس دژی گەلانی عێراق. لەو کۆنفرانسەدا ئاماری کوشتار و وێران کردنی گوندەکان و 8 هەزار بارزانی و 748 قوتابخانە خرایە ڕوو، هەروەها لەوێدا ئاماژە بەوە کرا کە 5 حزبی کوردی خەریکی ئامادە کردنی کۆنگرەیەکی گشتیی کوردستانی دەبن، هەرچەندە بەرەی کوردستانی نییە، بەڵام هاوکاری لەنێوانیاندا هەیە.

– هەر لەو ماوەیەی لە لەندەن بووم، لە رۆژی 1987/3/25 مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردی کۆڕێکی بۆ دکتۆر فوئاد مەعسوم، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی رێکخست.

ئەوەی شایانی باس بێت، بەر لەوەی کۆڕەکەی دکتۆر فوئاد مەعسوم دەست پێبکات، من لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک عومەر مستەفا (دەبابە) راوەستابووین. کاک عومەر دەعوەتی کردم، کە بچمە ماڵەوەیان و خوشکە سورەیای خێزانی (کچی مەلای گەورە) دۆڵمەکمان بۆ لێنێ.. ئەوەی شایانی باس بێت، کۆڕەکەی من خوشکە سورەیا ئیدارەی دەکرد، کاک عومەر ژمارەی تەلەفۆنەکەی دەدامێ، گوتی بەڵام پێمەکەنە. سەیرم هات، مەزانە ژمارەکەی چوار (شەشی) تێدا بووە.

پاشان موسەجیلەم لەگەڵ خۆم هێنابوو، کاک عومەر بە دکتۆر فوئادی گوت: کاک جەمشید تۆماری دەکات. منیش لە ریزی پێشەوە، بەرانبەر دکتۆر فوئاد رۆنێشتم و موسەجیلەکەم لەسەر مێزەکەی دکتۆر فوئاد دانا.

گوتی: بۆ؟

**گوتم: بەیانی ئەگەر قسەکەم نووسی و گوتم دکتۆر فوئاد وایگوتووە، دەنگت تۆمار کرابێت.**

**دوای ئەوەی دکتۆر فوئاد کۆڕەکەی تەواو کرد، بووە گفتوگۆ. لە نێو ئامادەبووان، سەردار عەربەتی (سەرداره سوور) و مەلا رەووف (کۆنە قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی بوو)، قسەی توندیان کرد، بە تایبەتی سەردار بورجوازی کوردی بە خیانەت لە قەڵەم دا.**

**دکتۆر فوئاد لە وەڵامدا گوتی: "وەرە لەویێ بەمجۆرە قسە بکە."**

**لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە نێو وردەکاری، چونکە کاسێتی کۆڕەکەم لەبەردەستدا نییە، بەڵام لە ساڵی1993 لە 90 ساڵەی بارزانی لە پیرمام ئامادە بووم، لە پشوودا دکتۆر رۆژ نوری شاوێس گوتی: کاک جەمشید دایکم دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات.**

**(دایکی رۆژ – ناهیدەی شێخ سەلام) منیش چوومە لای. گوتی: لە لەندەن کاسێتی کۆڕی دکتۆر فوئاد مەعسومت هەیە؟**

**گوتم: بۆ؟**

**گوتی: سەردار باسی بۆ کردووم. (دەرچوو سەرداره سوور خزمایەتیی لەگەڵ ناهیدەی شێخ سەلام هەیە) باسی ئەو کۆڕەی کرد، باسی گفتوگۆی نێو کۆڕەکە و وەڵامە توندەکەی دکتۆر فوئادیشی کرد. گوتم کاسێتەکەم هەیە، بەڵام لە کوردستان نییە، لە سوێدە.**

**– لە ساڵی1987، لە سەردانەکەم بۆ لەندەن، شەوێك لەلای بن ئامۆزا و شاعیری ناوداری عێراق بلند حەیدەری مامەوە. باسی زۆر شتمان کرد، رابردوو، خزم و کەس، ئەدەب. داوام لە بلند کرد هەندێ زانیاریم لەسەر دکتۆر قوتەیبە شێخ نوری بداتێ، چونکە دکتۆر قوتەیبە، جگە لەوەی پزیشکێکی بەنێوبانگ بوو، هونەرمەندی شێوەکاریش بوو. دەمزانی ژمارەیەك تابلۆی جوانی لە زیندانی "نوگرە سەلمان" کێشاوە،**

لە دوای 1963 کە کودەتاچییەکانی بەعس دەستگیریان کردبوو.

بڵند گوتی: ئەی بۆ لەسەر من نانووسی؟

گوتم: ئەو هونەرمەندە، هونەری شێوەکاری زمانێکی جیهانییە، من وەك هونەرمەندێکی کورد تەماشای دەکەم، بەڵام تۆ شاعیری، شێعرەکانت بە زمانی عەرەبییە و ئەدەبەکەی تۆ ناچێتە نێو مێژووی ئەدەبی کوردی، لە شیعرەکانتدا باسی کوردی تێدا نییە.

بەوە زۆر قەڵس بوو؟!! گوتی: من کوردم، ئێمە ئامۆزاینە.

گوتم: راستە تۆ کوردی، بەڵام نەمدیوە باسی ئەوە بکەی لە نووسینەکاندا کە کوردی.

گوتی باشە.

دوای ساڵێك كارەساتی هەڵەبجە رووی دا. بڵند و رۆژنامەنووس هەیفا زەنگەنە کە هەردووکیان لە گۆڤاری "المجلە"ی سعودی لە لەندەن کاریان دەکرد، لە ساڵیادی هەڵەبجەدا، بە دووان، ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤارەکەیان بە ناوی "هەڵەبجە" بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بڵاو کردەوە، کە ژمارییەکی زۆر لە شاعیر و نووسەرانی عەرەب زمان (چونکە هەندێك لەوانە کورد بوون، بەڵام بە زمانی عەرەبییان دەنووسی) شتیان تیا نووسی بوو.

هەر چەندە بڵند بە ناوی خۆی هیچی بڵاو نەکردەوە، بەڵام شیعرێکی خۆی تێدا بە ناوی خواستراو بڵاو کردەوە. پاشان ژمارەیەك گۆڤاری "نیوزویك"ی بە زمانی ئینگلیزی بۆ رەوانە کردم، کە تێیدا چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بڵند کرابوو. لەوێدا ئاماژە بەوە دەکات ئەو کوردە و خەڵکی کوردستانە.

بێگومان کارەساتی هەڵەبجە زۆر کاری لە هەڵوێستی بڵند کرد، وەرچەرخانێك بوو لە بۆچوونەکانی، لە دوای راپەڕینی 1991 زۆر بە

پەرۆش بوو سەردانی کوردستان بکات، نیازی هەبوو لەگەڵ شاعیران "ئەدۆنیس، قەبانی، بەیاتی" پێکەوە بێنە کوردستان، بەڵام شەڕی ناوەخۆ و نەخۆشی ئەو دەرفەتەی نەدا، تا لە 1996/8/6 کۆچی دوایی کرد.

لە ئاداری 1987 کە لە لەندەن بووم، شەوێك لە ماڵی کتۆر کەمال میرئاودەلی مامەوە. دکتۆر کەمال ئەو کات خێزانێکی نیوە ئینگلیز و نیوە سوودانیی هەبوو، کچەکی زۆر باش بوو. دایکی ئینگلیز بوو، باوکی سوودانی بوو. رۆژی دوایی مامۆستا محەمەد رەسووڵ هاوار لە چێشتخانەیەك دەعوەتی کردین. من، دکتۆر کەمال، مامۆستا برایم ئەحمەد و هاوار. لەنێو هەمووومان مامۆستا برایم داوای ماسیی کرد. مامۆستا هاوار تەعلیقی لێدا، گوتی: دەزانی بۆ ماسیی داوا کرد؟ گوتم: نەخێر؟!

گوتی: مامۆستا برایم لە ماڵەوە ماسی ناخوا، پاشان من و مامۆستا برایم کەوتینە قسە و من پرسیاری ئەوەم لێکرد، کە لە هەندێ نووسینی خەڵکانی دیکە تۆ بە پیاوی ئینگلیز دەدەنە قەڵەم، بۆ؟

گوتی: برام، کاتی خۆی کە لەگەڵ مەلا مستەفا تێکچووین، مامۆستا تۆفیق وەهبی گوتی: برایم، با نامەیەك بۆ مەلا مستەفا بنووسم ئاشتتان بکەمەوە، بەڵام من رازی نەبووم، لە دوای بەیانی ئادار کە گەڕامەوە، مەلا مستەفا پرسیی: برایم ئینگلیز کوونە؟

لەوەدا زانیم کە مامۆستا تۆفیق وەهبی نامەی بۆ نووسیوە، بەڵام برام، هەندێ جار دەیانگوت برایم لە گیرفانەکی روبلی (رووسی) هەیە و لە گیرفانەکەی تری دۆلار.

گوتم: باشە مامۆستا بیرەوەرییەکانی خۆت بنووسەوە، ئەوانە روون بکەوە.

هاوار هاتە دەنگ و گوتی: مامۆستا برایم ترسنۆکە، نانووسیٚ.

منیش گوتم: مامۆستا ئەگەر نەنووسیٚ، مێژوونووسان ئەوەی دەربارەی نووسراوە، ئەوە تۆمار دەکەن، پێم وایە زۆرێک لە ئێوە سیاسیە کوردەکان دەتانەویٚ ئەوەی لاتانە بیبنە ژێر گڵەوە. ئەمن زۆر جار ئەوەم بە مامۆستا هەمزە عەبەوڵڵاش گوتووە. بە داخەوە نە بیرەوەریی مامۆستا هەمزە، نە بیرەوەریی مامۆستا برایم ئەگەر نووسرابیش، رووناکیان نەدیوە.





مامۆستا بەهائەدین نوری - مامۆستا برایم ئەحمەد


BÎJI BERXWEDANA





KUNGL PATENT- OCH REGISTRERINGSVERKET

UTGIVNINGSBEVIS för periodisk skrift

| Datum | Ub |
|---|---|
| 1986-03-19 | 14773 |

Patent- och registreringsverket meddelar härigenom bevis att hinder enligt tryckfrihets-förordningen inte möter att utge nedannämnda periodiska skrift.

| |
|---|
| Skriftens titel<br>Serdemi NÛ |
| Utgivningsort<br>Stockholm |
| Skriftens ägare<br>Jamshid Al-Haydari |

Detta bevis gäller intill dess det återkallas.

Lars Gullstrand

H-B Skylling

Avskrift till
postverket
akten

| Patent- och registreringsverket | Postadress | Telefon | Telex | Telegram | Postgiro |
|---|---|---|---|---|---|
| Gatuadress<br>Valhallavägen 136<br>Stockholm | Box 5055<br>102 42 STOCKHOLM | Växel<br>08-782 25 00<br>Direktval<br>08-782........ | 17978<br>PATOREG-S | PATOREG-VERKET<br>Stockholm | 1 56 84-4 |

# CARDRI

## Committee Against Repression & For Democratic Rights in Iraq




**CHAIRPERSON: ANN CLWYD MP** **P.O.BOX 210, LONDON N16 5PL**

**SPONSORS INCLUDE:**
Lord Fenner Brockway
Richard Balfe MEP
Christine Crawley MEP.
Win Griffiths MEP
Alf Lomas MEP
Stan Newens MEP
David Alton MP
Donald Anderson MP
Norman Atkinson MP
Tony Banks MP
Tony Benn MP
Andrew Bennett MP
Roland Boyes MP
Sydney Bidwell MP
Roland Brown (Leith) MP
Dennis Canavan MP
Lewis Carter - Jones MP
Bob Clay MP
Frank Cook MP
Jermey Corbyn MP
Robin Corbett MP
Harry Cowans MP
Ann Clwyd MP
Alf Dubs MP
Kenneth Eastham MP
Bob Edwards MP
Martin Flannery MP
Roy Hattersley MP
Judith Hart MP
Stuart Holland MP
Geraint Howells MP
Doug Hoyle MP
Neil Kinnock MP
James Lamond MP
Robert Litherland MP
Edward Loyden MP
Dr Oonagh McDonald MP
John Maxton MP
Joan Maynard MP
Bill Michie MP
Martin O'Neil MP
Stanley Orme MP
Raymond Powell MP
Bob Parry MP
Jo Richardson MP
Ernest Roberts MP
Jeffrey Rooker MP
Clare Short MP
Dennis Skinner MP
Chris Smith MP
Jack Straw MP
Daffydd Thomas MP
Stanley Throne MP
Richard Wainwright MP
Michael Welsh MP
Gareth Wardell MP
Daffydd Wigley MP
David WinnickMP

National Trade Unions
NALGO
FBU
NUPE
NGA

CARDRI ANNUAL SUBSCRIPTION RENEWAL/FINANCIAL APPEAL

Dear Friend,

The past year has witnessed increasing hardship and repression for Iraqi people. There is hardly an Iraqi family which not lost some-one in the Iraq-Iran war, which continues to drag on into its 7th year. Infact the tactics of the Saddam Husain dictatorship have become increasingly more brutal with the escalation of the war and the continued use of chemical weapons.

The economic and political crisis which the war brought has left no section of Iraqi society untouched.

As the Ba'ath regime becomes increasingly unstable it continues to resort to torture, execution and detention to maintain its precarious grip on power.

In Britain CARDRI's work has responded to these events with increased vigour and activity. We continue to publish information on Iraqi political prisoners and the 'Disappeared', meet with and brief MPs, Trade Unionists and political organisations, organise demonstrations, pickets and cultural activities and keep our membership informed of the news that isn't reported in the British press.

Since last year CARDRI's work has taken on new directions; we saw the publication of **SADDAM's IRAQ**, a comprehensive and up-to-date account of Iraq under President Saddam Husain, edited by CARDRI; we also seen the development and expansion of our network of branches.

However all this activity needs resources both in human and financial terms if CARDRI is to develop and continue its work.

We ask you to consider supporting oour work by affiliating yourselves and your organisations to CARDRI, giving a donation to CARDRI or by considering a longer term financial committment to the work of CARDRI by completing the BANKER's ORDER overleaf. Banker's Orders allow you to plan your giving whilst allowing CARDRI to have a firmer and more committed financial base.

Please do not ignore this appeal as the work of CARDRI depends on you.

Yours fraternally,

Vaughan West (Treasurer)

PLEASE SEE OVER

# بەشی هەشتەم

## 1989 - 1986

هەرچەندە لە بەشی حەوتەمدا باسی ڕووداوەکانیساڵانی 1986-1987م کردوە، بەڵام هەندێ ڕووداو، یاخود بڵێم چالاکیی کلتووری هەیە، کە من لەو ساڵانەدا بەشداریم تێدا کردووە، چ لە بواری نووسین و چ لە کۆڕ و سیمینارەکاندا، بۆچوون و هەڵوێستی خۆم ڕاگەیاندووە، هەروەها لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ"دا هەوڵمداوە بەپێی توانا یادی کەڵە پیاوانی کورد و زانا و هونەرمەند و شاعیرانی کورد بەرز ڕاگرم و بە خوێنەری کوردی هەندەرانیان بناسێنم، بەتایبەتی نەوەی نوێ لە هەندەران.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێ لەو وتار و کۆڕ و کۆبوونەوانە بکەم، کە لە بەشەکانی تر ئاماژەم پێی نەکردوون.

لە سەرەتای مانگی 12ی 1986، هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەر و مرۆڤ دۆستی کورد حەمەی ئەحمەد تەها (کامەران موکری)مان پێگەیشت، کە لە 1986/12/7 ماڵئاوایی لە نیشتمان کرد، وەك ئەرك بە پێویستم زانی کە ژمارەی 12ی سەردەمی نوێ ئامادە دەکرا، وتارێکی کورتم لەسەر کامەران موکری بڵاو کردەوە و هەروەها لە چلەی کامەراندا، کۆڕێکی ئەدەبیم لەسەر ژیان و شیعرەکانی

کامەران لە سوێد پێشکەش کرد. من ئاشنایەتیم راستەوخۆ لەگەڵ کامەرانی شاعیر نەبووە، بەڵام لە کۆتایی پەنجاکانەوە ئاشنام بە شیعرەکانی، بە تایبەتی هەندێ لە چوارینەکانی:

***سەرم هەڵبڕی دیم ئەم میللەتە***

***دیمەنی ژینی قەنارە پەتە***

یاخود ئەو شیعرەی بۆ خەباتگێڕی جەزایری "جەمیلە"ی نووسی و خەباتی گەلی جەزایری و کوردی پێکەوە بەستەوە، چونکە کامەران مرۆڤدۆست بوو و دەیزانی میللەتانی چەوساوە هاوچارەنووسن. کورد لە لایەن چەند دەوڵەتێك دەچەوسێتەوە و کوردستانەکەی داگیر کراوە و میللەتی جەزایریش لە لایەن ئیمپریالیزمی فەڕەنسی پتر لە سەد ساڵ داگیر کراوە... کە دەنووسێ:

***جەمیلە***

***سڵاو لە ئاگر و ژیلە***

***لە حەیرانا ، لە لاوکا***

***کاتی کچ لەگەڵ باوکا...***

من زۆرێك لەو شیعرانەم لەبەر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵم دا هەندێ لە دیوانەکانی کامەرانم چەنگ کەوێ. هەندێ لە دۆستان، چەند نامیلکەیان بۆ رەوانە کردم و هەروەها کتێبەکەی (کاکەی فەلاح)م لە سەر شیعری هاوچەرخی کوردی لەلا بوو، هەروەها نووسینێکی خوالێخۆشبوو (د.کامیل حەسەن بەسیر)م لابوو بە زمانی عەرەبی.. بە ناونیشانی (کامران شاعر من کردستان).. بۆیە کۆڕەکەم تا رادەیەك سەرکەوتوو بوو، واتە توانیم تیشك بخەمە سەر ژیان و خەبات و شیعرەکانی کامەران.

من زانیاریی دەستگیر کردن و زینداني کردن و دوور خستنەوەی لە سلێمانییەوە بۆ شارۆچکەی بەڕەم دەزانی، چونکە کامەران لەگەڵ کاکم عاسم و ژمارەیەکی تر لە تێکۆشەرانی کورد و عەرەب لەو شارۆچکەیەدا دەست بەسەر بوون، لەوانە مامۆستان گۆران، کامەران، فاتیح رەسووڵ، هاشم عەبدوڵڵا، عادل سەلیم و عاسم حەیدەری و دەیانی تر.

هەر لە ژمارەی12ی سەردەمی نوێدا، وتارێکم بڵاو کردەوە لەسەر (ئەرکی نووسەر و رووناکبیران و خوێنەرانی کورد لە ئەوروپا لە رۆژی ئێستادا).. تیایدا داوایان لێدەکەم بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و رێکخراوەکان بکەن، هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ رێکخراوە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکان بەهێزبکەن، بۆ راکێشانی رای گشتیی ئەوروپا بۆ پشتگیری لە خەباتی رەوای کورد و ریسوا کردنی رژێمە شۆڤێنیە داگیرکەرەکان و هەروەها ناساندنی ئەدەب و هونەر و مێژووی کورد بە بێگانەکان، لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە:

"خامە بکەینە چەك، وشە بکەینە گوللە، دوژمن ریسوا بکەین و داستانی خەبات و قارەمانەتی گەلەکەمان تۆمار بکەین، لاپەڕەی مێژوومان راست کەینەوە."

لە ژمارەی15 ساڵی دووەمی سەردەم دوو وتارم بڵاو کردەوە. یەکەمیان لە ساڵیادی "هێمن"ی شاعیر و ئەویتریان لە یادی رۆژنامەگەریی کوردی 89 ساڵ لەسەر دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، ئەو وتارەم لەسەر شەهیدی تێکۆشەر و خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی "ئازادی" شەهید نافع یونس (1963–1926) نووسی.

لە نیسانی1987 بەشداریی کۆنگرەی19ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا – پراگم کرد، وەك میوان بانگهێشت کرابووم لەگەڵ

تێکۆشـــەران غـــەنی بلوریـــان، حـــاجی ئەحمـــەدی، کـــەریمی حیســـامی، محەممەد شکاك، فەهد گردەوانی و قادر دیلانی مۆسیقار.

لە ڕۆژانی کۆنگرەدا، چەند کۆڕێك سازکرا. لە یەکیان تێکۆشەر غەنی بلوریان باسی خەباتی خۆی و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی کرد.

شەوانی کۆنگرەش بە خۆشی دەچووەسەر، بەتایبەتی مامۆستا قادر دیـلان گـەرمی دەکـرد، بـەڵام دەبووایـە سـەرەتا ئێمـەمانان بـە دەنگـی ناخۆشی خۆمان گۆرانیەکانی ئەو بچڕین، ئەوسا تووڕە دەبوو، دەستی پێدەکرد، وەستانی نەبوو. هەروەها ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆش بە بەستە و حەیران کۆڕەکانی شەوانی گەرم دەکرد.

لـە ئایـاری1987 هـەواڵێکی دڵتـەزێن لـە وڵاتـەوە گەیشـت، ئـەویش کۆچـی دوایـی چیرۆکنووسـی شـاری هـەولێر و شـەقڵاوە "محەممـەد مەولوود مەم" بوو. من لە کۆتایی پەنجاکانەوە "مـەم"ی چیرۆکنووسم وەك نووسـەر دەناسـی، بـەلام لـە حـەفتاکان بـۆ یەکـەمجار لـە بەغـدا لـە سەرتاشـخانەی "کامـەران" چاومان پێککـەوت، واش ڕێککـەوت ئـەو بـۆ هەولێر دەگەڕایەوە، منیش لـە دەرەوەی وڵات هاتبوومـەوە، نیـازم هـەبوو بچـمەوە هـەولێر، ئیـدی لەگـەڵ محەممـەد مـەولوود مـەم ڕێککـەوتم ڕۆژی دوایی سەرلەبەیانی یەکتر بگرین و پێکەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی گەڕاینـەوە هەولێر، لە ڕێگادا باسی کوردایەتی، ئەدەب و هەولێری بۆ دەکردم.

پاشانیش من کە نامەی دکتۆراکەم دەنووسـی، یـەکێك لـەو بابەتانـەی توێژینەوەم لەسەر دەکردن، چیرۆکەکانی کـە ساڵی1960 نووسـرابوون، ئـەوانیش لـە کـاتی خۆیـدا لـە گۆڤارەکانـدا بڵـاو کرابوونـەوە، چـەنگم نەدەکەوت، بەڵام داوام لە مومتازی برام کرد، بەڵکو چیرۆکەکانی "مـەم"م بـۆ فۆتۆکـۆپی بکـات و ڕەوانـەی بکـات. بـرای بـەڕێزم مامۆسـتا عـەزیز

گەردی کارەکەی بۆ ئەنجام دابوو، لەگەڵ چیرۆکەکانی "ئیحسان مستەفا" کە لە "دەنگی گێتیی تازە"دا بڵاو کرابوونەوە. هەواڵی کۆچی دوایی مەم منی شڵەژاند. لە ژمارە 16ی سەردەمدا وتارێکم لەسەر نووسی.

لە حوزەیرانی1987 دوو وتارم لە رۆژنامەی "سەردەمی نوێ"دا بڵاو کردەوە، یەکیان لە یادی شەهیدانی 19ی حوزەیران.. وتارەکەی تر وتارێکی سیاسی بوو لە ژێر سەردێڕی "تێڕوانینی ئیسلامییەکان لە مەسەلەی کورد" لە وتارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە:

"شۆڤینییەکانی عەرەب، فارس و تورك چ لە ژێر پەردەی نەتەوایەتیدا یان لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا کوردە موسڵمانەکان دەکوژن وماڵیان وێران دەکەن و لەسەر خاك و نیشتمانی خۆیان وەدەردەنێن... مێژووی ئەو چارەگە سەدەیەی راپەڕینی کورد و هەڵوێستی رێژێمە ئیسلامییەکانی داگیرکەری کوردستان بۆ کوردیان سەلماندووە، کە هەموویان بەرانبەر ویست و ئامانجی گەلی کورد یەکن، هەر کالایەك لەبەر کەن، هەر گورگن لە کەوڵی مەڕدا."

لە تەممووزی1987 لە یادی 10ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانیدا، وتارێکم بڵاو کردەوە و ئاماژەم بە دڵسۆزیی ئەو مرۆڤە کردووە بۆ گەلەکەی و مێژوو و کلتوورەکەی.

لە ساڵی 1987 لە ژمارەی (20‐19)ی سەردەمی نوێدا وتارێکم لەسەر باری کوردەکانی سوریا بڵاوکردۆتەوە، چۆن لە ساڵی 1961ەوە حکومەتی سوریا پتر لە (100) هەزار کوردی سوریایی بە بێگانە لە قەڵەمدا و پشتێنەی عەرەبی لەسەر سنورەکانی سوریا، تورکیا و عێراق جێبەجێ کرد، ئەو کوردانە لە هاوولاتی بوون بێبەش کران، جگە لەوە

**حکومەتی سوریا ناوی گوند و چیا و ناوچەکانی کوردنشینی بۆ عەرەبی گۆڕین.. بۆ نموونە:**

***چیای کورد بووە جبل*** الأخضر

***چیای هۆبکان بووە جبل*** الثورة

**دیارە گۆڕانکارییەکان زۆر ناوچەی گرتۆتەوە بە تایبەتی ناوچەی (عەفرین).**

**وتارەکەی من پشت بە چەندین سەرچاوە دەبەستێ لەوانە- نامیلکەیەکی د. عیصمەت شەریف وانلی، وتارەکانی رۆژنامەی (دەنگی کورد) ژمارە 68 ساڵی 1977، رۆژنامەی** (إتحاد الشعب)، (نضال الشعب)، (الديمقراطي).

**هەروەها دەربارەی مەسەلەی کورد وتارێکی مێژوونووسی سۆڤیەتی (میخائیل لازەریڤ)م بڵاوکردووەوە، لە ژێر سەردێری (کورد و کوردستان) کە لەساڵی 1986 لە کتێبی (مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتە تازە ئازادبووەکاندا) بڵاوکرابووەوە...وتارەکەم بە زنجیرە لە سێ ژمارەی (سەردەمی نوێ)دا لە (ژمارەکان 21, 22, 23) بڵاوکردەوە.**

**لە نۆڤەمبەری 1987 لە یادی (25) ساڵەی کۆچی دوایی گەورە شاعیری کورد عەبدوڵڵا گۆران لە ژێر سەردێری (یادی گۆرانی مەزن باهەر زیندوو بێ) بڵاوکردۆتەوە، لە کۆتایی وتارەکەدا نووسیومە: (دەبا رووناکبیران و شاعیر و نووسەرانی کورد یادی (25)ساڵەی کۆچی گۆرانی مەزن بکەینە، رۆژی یەکگرتنی ریزەکانمان و خەبات لە پێناو دواڕۆژێکی روناک بۆ گەلی قارەمانی کوردستان).**

**بەر لە کارەساتی هەڵەبجە وباری دژواری کوردستان و پەرش و بڵاوی نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا، لە شوباتی 1988 لە ژمارەی (24) سەردەمی نوێدا، وتارێکم لە ژێر ناوی (لە پێناوی یەکێتی**

نوسەرانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات) بڵاو کردەوە. لە بەشێکی وتارەکەدا هاتووە: (دوژمنانی کورد ئامادەن ناکۆکی خۆیان لە بیر بکەن و هەڵوێست و سیاسەتیان یەك بکەن، بەڵام ئێمە؟.....

ئەو بارودۆخەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تێدایە و کوردستان دووچاری هاتووە پێویستە هاندەر بێ بۆ یەکگرتنی ریزەکان ویەکخستنی هەڵوێست لە ئاست ئەرکی ئەمڕۆ و دواڕۆژی گەلەکەماندا.

بۆیە داوا لە نووسەر و شاعیر و زانا و هونەرمەند و کەسانی خاوەن قەڵەمی کوردی دەکەین هەوڵێکی جددی بدەن بۆ یەکگرتنی ریزەکانیان، بۆ رزگارکردنی خۆمان لە پەرەش و بڵاوی، بۆ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات).

## ئاداری 1988

لەو ماوەی لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد کارم کردوە، بەشداری چالاکیەکانی فیدراسیۆنم کردوە، چ لە بوواری نووسین لەگۆڤاری (بەربانگ)دا و چ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بۆنەکان و خۆپیشاندان دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی من بوو، هەڵوێستی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە دەوڵەتە داگیرکەرانی کوردستان بوو، چونکە هێزە کوردستانیەکان هەندێك لە سوریادا لەژێر چەتری حکومەتی سوریا بوون، هەندێکی تر لە ئێران و ئەوانی تر لە ئێراق... وەرگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەو دەوڵەتانە کارێکی زەحمەت بوو، دەبووایە رەچاوی هەڵوێستی ئەو هێزە سیاسیانە و پەیوەندییان لەگەڵ ئەو رژێمانەدا بکەین، بێگومان ئەوە ئەستەنگ بوو، بۆ ئێمەمانان، کە بە یەك چاو و لە روانگەی

بەرپرسیارەتی نەتەوەیی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەمان هەڵدەسەنگاند.

لە 1988 من لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد کارم دەکرد، بەر لە نەورۆز، فیدراسیۆن بڕیاری دا کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ نەورۆز ساز بکات.

لەلایەن فیدراسیۆنەوە کاك حەنەڤ جەلەبی –سەرۆکی فیدراسیۆن– منیش وەك ئەندام و کارمەندی فیدراسیۆن، هەروەها نوێنەرانی بەرەی (جود)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبەکانی باکوری کوردستان و سوریا و ئەوانەی ئەندامی فیدراسیۆن بووین، جگە لە لایەنگرانی (PKK) کە ئەندام نەبوون لە فیدراسیۆن، بەڵام لایەنگرانی ڕێکخراو و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری بۆنەکان دەبوون.

کۆمیتەی ئامادەکاری چەند کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ دارشتنی بەرنامەی جێژنی نەورۆز، کە مەسەلە هاتە سەر وتاری ئاهەنگەکە، کێشە هاتە پێشەوە، چونکە دەبوایە وتاری فیدراسیۆن، سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ریسوا و مەحکوم بکات، واتە: وتارەکە پێویستە گشتگیری بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبەکانی باشووری کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەبوو، هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئێراق پەیوەندیان هەبوو و هەندێ لە حیزبەکانی باکور دۆستایەتیان لەگەڵ سوریادا هەبوو (بێگومان حیزبەکانی باشووری کوردستانیش لەگەڵ سوریا دۆستایەتیان هەبوو)، کێشەکە لەوەدا بوو، هەر لایەنێك خوازیار بوون، ڕاستەوخۆ باسی ئێران، ئێراق و سوریا نەکرێ، بەڵام بۆ مێژوو، ئەوەی پتر پێیان لە ئەوە دادەگرت، حیزبەکانی باشووری کوردستان بوون، بە تایبەتی یەکێتی

نیشتمانی کوردستان کە لە (جەوقد) بوون، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم کاك بەکر حوسێن نوێنەری یەکێتی بوو لە کۆمیتەی ئامادەکاردا.

فیدراسیۆن پێشنیاری بۆ لایەنەکان کرد، کە ئەوان وتاری سەربەخۆی خۆیان هەبێ و ئازادن، لەوەی باسی دەوڵەتە داگیرکەرەکان نەکەن، بەڵام وتاری فیدراسیۆن، کە بە ناوی کوردەکانی دانیشتوی سوێد و هەموو پارچەکانی کوردستانە، ناکرێ جیاوازی لە نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکان بکات، چونکە هەموویان سیاسەتی چەوساندنەوە و داپلۆسین و سەرکوتکەرانە دژی گەلی کورد پیادە دەکەن.

دوای چەند کۆبوونەوەیەك، برادەرانی یەکێتی لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز نەبوون و بڕیاریان دا بەشداری نەورۆز نەکەن، بەڵام بەرەی (جود-پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق و ئەوانی تر) لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە وتاری تایبەتی خۆیان هەبێت.

ئاهەنگی نەورۆز دەستی پێ کرد، کاك موئەید تەیب و کچێکی کورد عەریفی ئاهەنگەکە بوون، پێم وایە نیو کاتژمێر بەسەر دەستپێکردنی ئاهەنگ تێپەڕی بوو، کە من چوومە دەرەوە لە هۆڵی ئاهەنگ بۆ ئەوەی جگارەیەك بکێشم، لەبەر دەرگادا، برادەرێکی یەکێتی نیشتمانیم دیت، بەیانێکی پێ بوو... پرسیم چ ڕوویداوە؟ گوتی: هەواڵی کیمیابارنی هەڵەبجە گەیشتووە و (400)کەس کوژرا و هەیە...بەیانەکەم لێ وەرگرت و گەرامەوە هۆڵی ئاهەنگ و بەیانەکەم دا دەست کاك موئەید تەیب بیخوێنتەوە... ئیدی جێژنی خۆشی بووە، شین و خامۆشی... خەم باڵی بەسەر ئاهەنگەکە کێشا...دیارە هەواڵەکە ڕاست بوو، بەڵام ژمارەی کوژراوەکان ڕاست نەبوو، چونکە دوایی دەرکەوت نزیکەی (5) هەزار کەس کوژراوە، جگە لە بریندارەکان ئەو هەواڵە لە هەموو دەستگاکانی

راگەیاندنی دونیا دەنگی دایەوە... لێرەدا جێگای خۆیەتی باسی رۆڵی TVکۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرچاو بگیرێت لە رووماڵکردنی رووداوەکەدا، چونکە ئێران و عێراق ئەوە هەشت ساڵ بوو لە شەڕدا بوون، هەندێ هەواڵیش هەبوو، کە رۆژێك دوان پێش کارەساتەکە، جگە لە پێشمەرگە پاسداریش هاتبوونە هەڵەبجە، هەندێ لە سوپای پاسداران لە ناوچەکەدا بینرابون... چونکە دوای هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو هەڵەبجە، هێزی پاسدارانی ئێرانیشیان لەگەڵدا بوو...

زۆربەی سیاسەتمەدارانی باشوری کوردستان، عێراقیان تاوانبار دەکرد، بەڵام بەداخەوە هەش بوون، نکۆڵییان لەوە دەکرد.

بێگومان ئێران بە مەبەستی پڕوپاگەندە دژی رژێمی عێراق کارەساتەکەی قۆستەوە، هەموو دونیا هاتە دەنگ، بەڵام دەستگای راگەیاندنی ولاتانی بلۆکی بەنێو سۆسیالیستی بێ دەنگ بوون، لە وتارێکدا کە لە ژمارەی (28)ی سەردەمی نوێدا بلاوم کردەوە لە ژێر سەردێری (کوشتاری بە کۆمەڵ و بێ دەنگی) نووسیومە:

(دەزگاکانی راگەیاندنی ولاتانی سۆسیالیستی تا ئێستا وەك هیچ نەقەومابێت لە گوێی گادا نووستوون، سەبارەت بەو جینایەتەی بەعس دەنگیان لەبەر نەهاتەدەر...)

دیارە کارەساتی هەڵەبجە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەستی نەتەوایەتی کورد بەتایبەتی لە هەندەران، چونکە لەو کارەساتەدا کورد هەموو یەکبوون، وەك یەك نەتەوە و یەك چارەنووس رەفتار و هەڵوێستیان هەبوو، بێگومان ئەوە وەرچەرخان بوو، چونکە بەر لە کارەساتەکە، کە رووداوێك لە پارچەیەکی کوردستان روویدابا، تەنیا کوردەکانی ئەو پارچەیە دەڕژانە سەر شەقام و خۆیان بە خاوەنی

رووداوەکــە دادەنــا، بــەڵام هەڵەبجــە، ئــەو ســنورەی بەزانــد و کــوردی یەکخســت هــەروەها کێشــەی رەوای خــەباتی رزگــاریخوازی گەیانــدە ئاستێکی تر...

هەرچەندە زۆربەی لاپەرەکانی سەردەمی نوێ بۆ کارەساتی هەڵەبجە و دەنگدانەوەی لەسەر ئاستی جیهان تەرخان کرابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا باری ناوەخۆی کورستانیشمان لە بیر نەکردبوو، لە ژمارە (25)ی سەردەمدا، وتارێکم بە ناوی (چرپەیەك) بڵاو کردەوە، دەربارەی زیندانی کردنــی هەنــدێ لــە تێکۆشــەرانی ی.ن.ك، کــە لەگــەڵ بۆچــوونەکانی سەرکردایەتی یەکێتی یەك نەبوون، مەبەست لە دەستگیرکردنی (مەلا بەختیار و مامۆستا پشکۆ) و هەڤاڵەکانیان بوو، کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانییەوە زیندانی کرابوون، لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە:

(لەوانەیە نووسەری ئەم چەند دێرە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بیروباوەری ئەو بەندییانە نەبێ، بەڵام لەو بڕوایەدایە ئەم جۆرە رەفتارە نەك تەنیا ناگونجــێ لەگــەڵ رێبــازی خــەباتی رزگــاریخوازی کــورد، بــەڵکو بــە پێچەوانەوەشەوە لەگەڵ رەوشتی شۆڕشگێڕانە، دژی دروشمی یەکێتی ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و دژی دروشمی تەبایی و بەرەی کوردستانییە).

هەر لە ئایاری 1988 لە یادی (70) ساڵەی دڵداری شاعیر وتارێکم بڵاوکردەوە، لە تەمموزی 1988، بەر لەوەی سەردانی سوریا بکەم، لە یادی (25) ساڵەی شەهیدکردنی تێکۆشەران (جەمەال حەیدەری و محمد صالح عەبدەلی و ئەبو سەعید) وتارێکم نووسی و لە سەردەمی نوێدا بڵاوکرایەوە.

هەر لە ژمارەی (30) تەمموزی 1988ی (سەردەمی نوێ)دا زنجیرە

وتارێکم بڵاوکردەوە، لەسەر مێژووی کوردناسی لە سۆڤیەت و روسیادا، زنجیرە وتارەکە لە ژمارەکانی 30, 31، 32، 33 دا بڵاوکرانەوە.

لە ساڵی 1982 لە سۆڤیەتەوە سەردانێکی سوریام کرد، بەڵام زۆر نەمامەوە، بەڵام ئەو جارەیان لە تەمموزی 1988 لەگەڵ جوانەی کچم پێکەوە سەردانی سوریامان کرد و لە دیمەشق (شام) دابەزین و لە ماڵی هاوڕێ (ئەبو مەحمود)، (کاك جەلال دەباغ) لە مساکن بەزرەماینەوە، لەو کاتەی سەردانی سوریام کرد، هاوڕێ کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی و ناهیدەی کچی لە شام بوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەڵستکارانی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە لە شام دەژیان.

من لە شام چەند دۆست و هاوڕێی کۆنم دەناسی، کە هەندێکیان کوردی سوریا بوون، لەکاتی خۆیدا پێکەوە لە مۆسکۆ دەمانخوێند و ئەوان دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕابوونەوە سوریا، هەندێکییان لە شام دەژیان، هەندێکی تر لە شارۆچکەی قامشلۆ، لەوانە: نوری فەرحان – رۆژنامەنووس، عەبدولڕەحمان عەونی – ئەندازیار و زیاد مەلا – وەرگێڕ، هەروەها لە شارۆچکەی قامشلۆ چەند پزیشکێکی دەرچووی مۆسکۆم دەناسی: د. حیکمەت محەمەدئەمین، د. محەمەد شێخۆ، د. ئیسماعیل قادر، د. هەیسەم قوترەش، دکتۆر عەزیز فرمان و عەبدولڕەحمان ڕەشید (ئەندازیاری نەوت لە رمێلان).

لە شام لە ڕێگای برادەرانی حیزبی شیوعی عیراقەوە توانیم پەیوەندی بە هەندێ لە برادەرانی حیزبی شیوعی سوریا بکەم وەك: رەمۆ شێخۆ – ئەندامی م. س حیزبی شیوعی باڵی (خالد بەگداش) و هەروەها لە قاوەخانەی (ڕەوزە) چاوم بە ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی عەرەبی عێراق و کورد کەوت، لەوانە (عەبدولخالق زەنگەنە، ملازم فوئاد،

عەدنان موفتی، د. صادق محمد حەداد).

لە تێکۆشەرانی عەرەبی عێراقی، کەسایەتێکی نیشتمانپەروەرم دەناسی بەناوی (حەسەن ئەلنەهر)، کە خەزوری (عەزیز ئەلحاج) بوو، هەروەها باوکی (موعین ئەلنەهر) بوو، کە لە سەرەتای حەفتاکان لە سلێمانی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەستگیر کرا، لەو کاتەی پارێزگاری سلێمانی مامۆستا عەلی عەبدوڵلا بوو .

(موعین ئەلنەهر) لەگەڵ (5) هاوڕێ، کە یەکیان پۆڵای شێخ مارف بەرزنجی بوو.. پۆڵا وەك بیستوومە لە ڕێگای بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفیدەوە رزگار کرا، بەڵام ئەوانی تر، درانەوە دەست دەستەڵای بەعس و لە سێدارە دران، هەروەها ئەو بنەماڵەیە کوڕێکی تریشیان بە ناوی (زافر ئەلنەهر) لەلایەن بەعس کوژراو ئەوانی تریش دەربەدەر کران و باوکیان لە سوریا گیرسابووەوە.

بێگومان ئەو کوردەی سەر لە شام بدات، ناکرێ سەردانی (جامع الاموی- مزگەوتی ئەمەوییەکان)نەکات، چونکە گلکۆی (صلاحەدینی ئەیوبی) لێ نێژراوە، هەروەها سەردانی -گەڕەکی کوردان- حی الاکراد- کە ناوەکەی گۆڕاوە بە (رکن الدین)، چونکە گلکۆی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و قەبرستانی بنەماڵەی بەدەرخانیانی تێدایە، بە تایبەتی هی زانا و رۆژنامەنووسی گەورە جەلادەت بەردخان و شاعیری کورد قەدری عەزیز خان.

شام شارێکی جوانە و دەکەوێتە بناری چیای (قاسیون).. من لە شام جگە لە سەردانم بۆ قاوەخانەی (الروضة) سەردانی قاوەخانەیەکی تریشم دەکرد بە ناوی (هاڤانا)، کە زۆربەی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی تێدا کۆدەبوونەوە...لەو قاوەخانەیەدا بۆ جاری سێیەم لە

ژیانم لەگەڵ شاعیری میللی بەناوبانگی عێراقی (مزەفەر ئەلنواب) چاومان پێککەوت... مـن و (مزەفەر) لـە سـاڵی 1961 ەوە یەکترمان دەناسی، هەردووکمان لە بەغدا لە (موقف السرأی) بەندیخانەی سەرای یەکمان گرتەوە، من لە هەولێر دەستگیر کرام و دوای (40) رۆژ رەوانەی بەغدا کرام، (مزەفەر)یش لە بەغدا دەستگیر کرابوو، بۆ جاری دووەم لەگەڵ (مزەفەر) لە بەغدا لە ساڵی 1969 لە ماڵی هونەرمەند (حافز ئەلدروبی) یەکترمان گرتەوە، ئەو لە زیندان رزگار کرابوو، منیش لە زیندان دەرچووبووم....ئەو شەوە، شەوی ماڵئاوایی بوو، چونکە (مزەفەر) بریاریدا بوو عێراق جێ بهێڵێ.

شەوێکی خۆشی و ناخۆشی بوو، چونکە ژمارەیەك دۆست و برادەر، نووسەر و هونەرمەند و رۆژنامەنووس لە ماڵی (ئەلدڕوبی) کۆببووینەوە، (مزەفەر) بە دەنگە خۆشەکەی چەند پارچە شیعرێکی خوێندەوە، پاشانیش بە گۆرانی شیعرەکانی چڕی...

ماوەیەك لە شام مامەوە، پاشان بڕیارم دا سەردانی شارۆچکەی قامشلۆ، بکەم بۆ دیدەنی هاوڕێ و دۆستانم و هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە و چالاکی سیاسی کوردەکان و سەردانی گڵکۆی شاعیری مەزن (جگەرخوێن) کە لە ماڵەکەی خۆی نێژرابوو.

لە قامشلۆ من لە ماڵی دکتۆر حیکمەت محەمەد ئەمین دابەزیم، کە لە ساڵانی 1966-1968 لە مۆسکۆ یەکترمان ناسیبوو، لەو ماڵەدا هەستم بەوە دەکرد، وەك بڵێی لە ماڵی خۆمم، چونکە دایکی حیکمەت هەندە ژنێکی دڵسۆز و میهرەبان بوو، هەستم دەکرد وەك دایك و خۆشکەکانم رەفتارم لەگەڵ دەکات... بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا بۆ نوێژ، من کە

لە خەو هەڵدەستام، یەکسەر فینجانە قاوەیەکی سوری و بەرداخێك ئاوی ساردی لەبەردەمم دادەنا و پاشان قاوڵتی ئامادە دەکرد، دکتۆر حیکمەت خۆی و خێزانی و دایکی وایان لێکردم، کە زۆر بیر لە ماڵەوە لە هەولێر بکەم و ماڵەوەم بێتەوە بەرچاو....لەو ماوەیەی لە قامشلۆ بووین، جوانە لە ماڵی دکتۆر فەرمان مایەوە، چونکە عەزیز خێزانەکەی رووسی بوو و کچێکی هەبوو لە تەمەنی جوانە و لە ماڵەوەدا مەلەوانگەیان هەبوو و لە ماڵی دکتۆر حیکمەت منداڵ نەبوو، جوانەش ئەو کاتە کوردی نەدەزانی بە تایبەتی زاراوەی کرمانجی ژووروو.

رۆژانە چاوم بە هەندێ لە دۆستان دەکەوت و میوانداریيان دەکردم، لەوانە دکتۆر محەمەد شێخۆ، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سوری باڵی (خالید بەگداش)، ئەوەی جێگای داخە لەو کاتەی من بیرەوەرییەکانم پاکنوس دەکەم، دکتۆر حیکمەت و دکتۆر محمد هەردووکیان کۆچیان کردووە.. لە رێگای ئەو برادەرانەوە پەیوەندیم بە حیزبەکانی کوردستانی سوریا کرد و رۆژێك لە سەردانی ماڵی (ئەبو جوان – کە کادرێکی حیزبی شیوعی بوو)، کۆڕێکم لەسەر رۆڵی کوردەکانی هەندەران گێڕ، لە کۆڕەکەدا سکرتێری الپارتی (کەمال) و حیزبی دیمکراتی پێشکەوتنخواز (حەمید دەروێش) و حیزبی چەپ (عیصمت) و ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سوری د. محەمەد شێخۆ و ژمارەیەك لە کادیر و نووسەرانی قامشلۆ ئامادە بوون.

لەم سەردانەم بۆ قامشلۆ هەندێ چاپەمەنی نهێنی کوردانم دەستکەوت، کە لە ئەرشیفی تایبەتی خۆمدا پارێزراوە.. بەر لە گەڕانەوەم بۆ شام، شەوێك لە رێستورانتی فرۆکەخانەی قامشلۆ دەعوەتێکی مەزنیان کردم، کە کاك حەمید دەروێش، کاك کەمال،

دکتۆرەکـــان: حیکمـــەت، هەیســـەم، ئیســـماعیل، عـــەزیز خۆیـــان و خێزانەکانیان ئامادە بوون، شەوێکی خۆشمان پێکەوە رابوارد، هـەروەها بەر لە گەڕانەوەم بۆ شام، سەردانی گلکۆی شاعیری گەورە–جگەرخوێن–م کرد و ماڵئاواییم لیٚ کرد.

دوای گەڕانەوەم بۆ شام، توانیم چاوپێکەوتنێکی رۆژنامـەوانی لەگـەڵ هاوڕیٚ رەمۆ شـێخۆ بکـەم و دوای گەڕانـەوەم بـۆ سـتۆکهۆڵم لـە رۆژنامـەی سەردەمی نوێدا بڵاوم کردەوە.

هـەروەها لـە شـام سـەردانی تێکۆشـەر و شـاعیر و نووسـەر عوسمـان سـەبریم کـرد، بـە عوسمـان سـەبری دەڵـێن (ئـاپۆ)، تێکۆشـەرێکی کوڵنەدەری بزاڤ رزگاریخوازی کورد بوو لـە سوریا و چەندان جار گیراو ئەشکەنجە درا، بەڵام نەچەماوە.

ئـەوەی شـایانی باسـە، لـەو سـەردانەم دا بـۆ شـام، کـە رێکـەوتی 25 ساڵەی شەهیدبوونی جەمال حەیدەری بوو، مەبەستم بوو بزانم ئایە بۆ نامیلکەی کە لە ساڵی 1983 بە عـەرەبی لەسـەر حەیـدەریم نووسیبوو و رەوانەی سوریام کرد بوو، کە حیزبی شیوعی چاپی بکات، بەڵام دوای (5) ساڵ چاپ نەکرا؟!

لە ساڵی 1983 لەیادی (20) ساڵەی شەهیدبوونی جـەمال حەیـدەری برام، نامیلکەیەکم بە زمانی عەرەبی نووسی و دکتۆر تاڵیب ئەلنەداف (بە نـاوی د. سـەلام) پێشـەکی بـۆ نووسـی، رەوانـەی شـامم کـرد بـۆ هـاوڕیٚ (عەبدولڕەزاق ئەلصافی) کە لەویٚ چاپ بکریٚ و یـەکێك لـە هاوڕێیـان (کاك عەزیز، کاك کەریم) پێشەکی بۆ بنووسیٚ... هەر جارەی دەمپرسی ... بیٚ وەڵام بـوو ... ونبـووە، نەگەیشـتووە، کـاتیٚ بـە خـۆم لـە شـام بـووم دۆزرایەوە، واتە پشتگویٚ خرابوو؟!

بۆم دەرکەوت لە زمانی هەندێ لەو هاوڕێیانە، کە من زۆر بە توندی دژی حیزبی بەعسم نووسیوە، لە سوریا بەعس فەرمانڕەوایە، بۆیە پشتگوێ خراوە، باش بوو نامیلکەکەم چەنگ کەوتەوە، بەڵام لەوێ خۆم داوام لە هاوڕێ کەریم ئەحمەد کرد کە پێشەکی بۆ بنووسی....هاوڕێ کەریم نووسی، هەرچەندە نامیلکەکە تا ئێستاش بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام وتارەکەی کاک کەریم لە گۆڤاری K-21 بڵاوکراوە.. پێشەکی ئەو نامیلکەیە لەسەر بنەماڵەی حەیدەریان بوو.

وەرگێڕانی وتارێك کە بە زمانی رووسی لە کتێبی، لە مردن بە هێزترە لە سەر شەهید جەمال حەیدەری نووسرابوو،

– هەندێ زانیاری تایبەتی خۆم لە سەر هاوڕێی شەهید.

– کۆمەڵە شیعرێکی شەهید بە زمانی عەرەبیش چاپکرابوو.

بەر لە گەڕانەوە بۆ سوێد، لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینم، کاك حاجی سلێمان شەقڵاوەیی لە شام چەند جارێك یەکترمان بینی، بەداخەوە هاوڕێ حاجی سلێمان بە نەخۆشی دڵ لە شام کۆچی دوایی کرد...بەر لەوەی بە منداڵەکانی لە سوێد شاد بێت، چونکە منداڵەکانی لە سوێد بوون، ئەویش لە شاخ و لە شام، حکومەتی سوێد رەزامەندی و فیزەی دا بە هاوڕێ حاجی، ئەو شەوەی فیزەی وەرگرت و ئاگاداری منداڵەکانی کرد، کە بەیانی دێتە سوێد، بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد، رەوانی شاد، تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی رێگای ئازادی بوو، خۆنەویست و دڵسۆزبوو.

# گەڕانەوە بۆ سوێد
## فرۆکەخانەی شام

چوومە فرۆکەخانەو جانتام بە گاژ (ڕەوانەکردن) بەڕێ کرد و پاسپۆرتم مۆر کرا... لە کاتێ سەرکەوتین بۆ فڕۆکە، ڕایانگرتم، جانتایەکی دپلۆماسیم پێ بوو، لێیان وەرگرتم و کردیانەوە، پڕ کاغەز و دەفتەر و بەیاناتی بەرهەڵستکارانی عێراقی بوو لە شام... پۆلیسی فرۆکەخانە من و جوانی کچمیان ڕاگرت و نەیانهێشت بەرەو فرۆکە بچین، دەستیان کرد بە پشکنینی کاغەزەکان و پرسیار و وەڵام.

ئێمەیان ڕاگرت و جانتەی دپلۆماسیان برد و هاتنەوە دەستیان کردە پرسیار.. کێ دەناسی؟ منیش گوتم: سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق، هێزە کوردییەکانی عێراقی.

ئەو چاوپێکەوتنە چییە؟

گوتم لەگەڵ ڕەمۆ شێخۆم کردوە، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سوری هاوپەیمانتان و باس لە سەرکردایەتی حافز ئەسەد دەکات..دەقەکەم نیشان دان..کێ لە سوریەکان دەناسی؟

گوتم: مگانیوس حەبیب.. وەزیری حکومەتی سوریایە و خوێندکار بووە لەگەڵم لە لینینگراد...

گوتیان: کەسی تر؟

گوتم: وەهیب گنوس.. ئەندامی قیادەی قەومی و بەرپرسی خوێندنی باڵا، خوێندکار بوو، لەگەڵ یەك بووین لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد، دەتوانن پەیوەندییان پێوە بکەن، چونکە لەگەڵ مگانیوس لەیەك بەشی ناوخۆی زانکۆی لنینگراد دەژیاین و هەروەها لەگەڵ

وەهیب گنوس لە بەشی ناوخۆی ئەکادیمیای زانستی و لە ئامۆژگای رۆژهەلاتناسیش پێکەوە بووین.....ئەو قسانە نزیکەی سەعاتێکی خایاند و جوانەش تەنگاو بوو، هەر بە رووسی دەیگوت چیان دەوێ؟؟!

دوای پرسیار کردن، دیسان پۆلیس و ئاسایشەکان رۆیشتن، پاشان هاتن و جانتەی دپلۆماسیان دامەوە و سەیرم کرد هیچیان دەست لێ نەداوە و گوتیان: خواحافیز.

بەلام لەبەر من، فرۆکە یەك سەعات دواکەوت، بێگومان ئەوەی لەو جانتایەم، کە رەوانەم کردبوو، بگیرابووایە، خەراپ کۆتایی دەهات، چونکە گۆڤارو رۆژنامەی نهێنی حیزبە کوردییەکانی سوریا هەموو لەو جانتایەدا بوو، کە بە گاژ رەوانم کردبوون.

بەو شێوە شامم بەجێهێشت، جارێکی تر سەرم لە شام نەداوە، ماومە ئەوە بلێم: مرۆڤ کە دەگاتە سوریا بەتایبەتی (بێگانە)، یاخود عێراقی، پێویستە سەردانی هەوالگری بکات بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە هەوالگری و کاری تری بەرێوەبەرایەتیەکانی تر.

دەبێ ئەوە بلێم: چ لە هاتنم بۆ سوریا و چ لە دەرچوونم لێی، دوو کەس زۆر یارمەتیان دام، کاك عەدنان موفتی، ئەو کات سۆشیالیست بوو لەگەلم هات، هەروەها نووسەری گەورەی عەرەب و دۆستی گەلی کورد و تێکۆشەر هادی عەلەوی... بە ڕاستی هادی زۆر لەگەلم ماندوو بوو، لەو بەڕێوەبەرایەتیە بۆ ئەوی تر، لەو ژوورە بۆ ژوورێکی تر.

لە مانگی 11ی 1988 لە ژمارەی (34) سەردەمی نوێدا، شیعرێکم بۆ هەلەبجە نووسیبووو، بلاوم کردەوە، لەبەر ئەوەی من کە خۆم بە شاعیر نازانم، بۆیە بە نازناوی (جەنگۆ)م بلاوکردۆتەوە:

***بۆ هەڵەبجەی شەهید***

***جارێکی تر***

***ئەژدەهاك لەخەو رابوو،***

***مارەکان زیندوو بوونەوە***

***جارێکی تر***

***رووبارەکان لێڵ بوون،***

***چیاکان نرکاندییان،***

***دار بەڕوو فرمێسکی***

***داباران...***

***جارێکی تر***

***پەلە هەورە چڵکنەکان***

***باڵی رەشیان***

***بەسەر وڵات داگرت***

***هەڕەشەی لافاوی خوێنیان***

***هێنا...***

***جارێکی تر***

***مەترسی مردن هەڕەشەی***

***لە کۆرپە ساواکانی نێو بێشکە کرد***

***جارێکی تر***

***دایکە ئۆقرە گرتووەکان***

***کەوتنە نووزە و واوەیلێ***

***دەنگی دڵ کووتان،***

***رۆژە رێیەك دەبیسترێ***

تارمایی مردن و
سامناکی کارەسات
باڵی بەسەر گوند و شاردا کێشا
جارێکی تر
ئاوارەیی و دەربەدەری،
رووکردنە شاخ،
خۆ حەشاردان لە ئەشکەوتدا
لە پەنای پیرەدار بەڕوو
لە ترسی سیسارکە کەچەڵی
چەپەڵی دوژمن....
جارێکی تر
هەر بابابوو،
لانك و کۆرپەی
لە تورەکەدا دەخست و
وە سەر پشتی هەڵ دەدا،
بەرەو چیا رێی دەگرت...
بەڵام....بەڵام
مردن رێگای نەدا،
پەنجەی تێ گیر کردن...
کۆرپە و دایك،
باوك و زارۆك
لە چەقی رێدا،
لە دەرگای ئەشکەوتدا

*لەسەر خوانی نانخواردندا*
*وشك هەڵگەڕان...سەریان چەمی*
*تیری مردن...جەرگیان سمی..*
*هەندرێن نەڕاندی*
*قەندیل نەڕاندی*
*لە ئاسمانی وڵاتەکەم دا*
*دەنگی.....دا.....کوردستان یا نەمان.*

***1988/6/2 ستۆکهۆڵم***

وەك لە شوێنێکی ئەم بەشەدا ئاماژەم پێ کردووە، من لە 1987 و لەسەرەتای 1988 دوو وتارم دەربارەی یەکخستنی ریزەکانی نووسەر و هونەرمەندانی کورد لە سەردەمی نوێدا بلاوکردبووەوە، دیارە نووسەرانی کورد لە بەریتانیا و ئەڵمانیاش لەم بارەوە و هاوڕابوون.... ئەوە بوو لە یادی 40 ساڵەی جاڕدانی گەردوونی ماف مرۆڤ لە 1988/12/10 کۆبوونەوەیەکمان لە ماڵی برادەرێکی قەلادزەیی بەناوی جەبار رێکخست، چونکە رۆژێك پێشتر کاك کەمال میرئاودەلی لە لەندەنەوە گەیشتبووە ستۆکهۆڵم...لەوکۆبوونەوەیەدا ژمارەیەك لە نووسەران ئامادە بوون، ئەوەی لە یادم مابێ کاك شێرکۆ بێکەس، خەبات عارف، حەمە سەعید حەسەن و محەمەدی موهتەدی.. گفتوگۆمان لەسەر باسەکە کرد، کە پێویستە نووسەرانی کورد لە رێکخراوێکی یەکگرتوو کۆبنەوە و بڕیار درا بانگهێشتی زۆرترین نووسەران بکرێ بۆ کۆبوونەوە، ئەوە بوو رۆژی 1988/12/24 (15) نووسەر لە کۆبونەوەکە ئامادە بوون، وابزانم دوو نووسەری باکوریش ئامادە بوون (مستەفا

دوزگـون و مالمسـانیژ)، بـەڵام جێگـای سـەرنجە، دوو نووسـەری تـر، کـە دەمێـك بـوو لـە سـوێد دەژیـان، بەشـداری کۆبونەوەکـەیان نـەکرد (کـاك فـەرهاد شـاکەلی و مەحەمـەد ئـووزون). لـەو کۆبونەوەیـەدا بڕیـار درا دەستەی دمەزرێنـەری یـەکێتی نووسـەرانی کـورد لـە سـوێد دابنـدرێت و خۆی ئامادە بکات بۆ کۆنگرە.

لـە وڵاتـانی تـریش هـەنگاوی لـەو جـۆرە بنـرێ، کـاك کـەمال گەڕایـەوە لەنـدەن، بـەڵام بـە داخـەوە لـە ئینگلسـتان و ئـەڵمانیا ئـەو هەوڵـە سـەری نـەگرت، لـە سـوێد دەسـتەی دامەزرێنـەر بەرنامـە و پـەیڕەوی نـاوەخۆی ئامادەکرد و بانگهێشتمان لە نووسەرانی کـورد لـە سـوێد کـرد، ئەگـەر بـە هەڵە نەچووبم نامە بۆ (49) نووسەر وهونەرمەند رەوانە کـرا، بـەڵام (36) کـەس ئامـادەی کۆنگرەبـوون، دیسـان ئـەو دوو بـرادەرە و هەنـدێکی تـر ئامـادە نـەبوون، کـۆنگرە لـە سـاڵی 1989 بەسـترا، لـە شـوێنی خۆیـدا بـە درێژی باسی لێوە دەکەم.

لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، من کۆڕێکم بۆ یانـەی 14ی تـەمموزی دیمـوکراتی عێراقـی لـە سـتۆکهۆڵم گێـڕا، لەسـەر خـەباتی نووسەرانی کورد لـە باشـووری کوردسـتان و هـەروەها هـەوڵ وکۆششـیان بۆ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کـورد، ئامـاژەم بـە وتـارێکی محەمـەد صالح دیلانی شاعیر کرد، کە لە ساڵی 1957 بڵاوی کردبووەوە، داوای دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردی دەکرد.

هەر لەسـەرەتای 1989، واتـە لـەژمارەی (38)ی سـەردەمی نوێـدا، لـە یـادی (10) سـاڵەی کـۆچی دوایـی سـەرکردەیەی کـورد مسـتەفا بـارزانی وتـارێکم بڵاوکـردەوە، ئـەو وتـارە لـە سـاڵی1993 لـە یـادی (90) سـاڵەی بارزانی لە رۆژنامەی خەبات بۆ جارێکی تریش بڵاوکرایەوە.

لـە 1989/3/18 بـانگهێش کرابـووم بـۆ بەشـداری لـە ڤیسـتیڤاڵی مەڵبەندی کوردی لەندەن.. لێرەدا بەر لەوەی بچمە سەر ئەو سەردانەم بۆ لەنـدەن، دەمـەوێ ئەگـەر بـە کـورتیش بێـت، باسـی تێکۆشـەرێکی کـورد بکـەم، کـە لەسـەر مردنـدا بـوو، بـەڵام ورەی زۆر بـەرز بـوو، ئـەویش سکرتێری پاسۆک–کاك ئازاد مستەفایە.

کـاك ئـازاد، دوای ئـەوەی تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجە هـات، بـۆ چارەکردن هاتە سوێد، هەرچەندە نـەخۆش بوو، بەڵام چەند سیمیناری پێشکەش کرد، ئەوەی بینیم ئەو ئینسانە زۆر لەسەرخۆ، بە شێوەیەکی راسـتگۆیانە و راشـکاوانە بۆچـوونی خـۆی دەردەبـڕی، بـە پێچـەوانەی نووسـینەکان و بڵاوکراوەکـانی پاسـۆك، کـە زمـانێکی زەبریـان بـەکار دەهێنا......وەك دەزانرێ پاسۆك، رێکخراوێکی نەتەوەیی بچووك بوو، هەندێك دەڵێن پاشماوەی (کاژیك)ە، بەڵام دکتۆر جەمال نەبەز بە کاژیکی لە قەڵەم نەدەدان.

کاك ئازاد بەر لە کۆچی دوایی سەردانێکی سوریای کرد بۆ بەشداری لــە کۆبوونــەوەی (بــەرەی کوردســتانی)، بــەڵام دوای گەڕانــەوەی تەندروسـتی بـەرەو خـەراپی چـوو.....من و کـاك کـەریمی حیسـامی لـە نەخۆشخانە سـەردانمان دەکـرد، بـەر لـە سـەفەرم بـۆ لەنـدەن، رۆژی3/14 من و کاك کەریم پێکەوە چووینە لای، کاك ئازاد باری تەندروستی زۆر خـراپ بـوو، بـە کورسـی لـە ژوورەکـەی هاتـە دەرێ و جگـارەکی کێشـا، گـوتی: دەسـتم قەڵـەم نـاگرێ، ئەگـەر چـاك ببمـەوە، وەڵامـی زۆر کـەس دەدەمـەوە، مـن کـە خواحـافیزم لـێ کـرد، هەسـتم دەکـرد، ئـەوە دواجـارە چاومان پێك بکـەوێ.. مـن رۆژی 1989/3/18 گەیشـتمە لەنـدەن، رۆژی 3/19 لـە سـتۆکهۆڵم تەلـەفۆنیان بـۆ کـردم، کـە کـاك ئازاد کۆچـی دوایـی

کردوە.

وەك هەموو ساڵێك، مەڵبەندی رۆشنبیری لەندەن، لە ئاداردا، چەند کۆڕ و سیمینار دەگیرێت، ئەم ساڵیش ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو، خۆپیشاندانێك رێکخرا، کە رەوەندی کوردی لە بەریتانیا بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد.

من لەو سەفەرەدا، سەردانی ماڵی بڵند حەیدەری و کەمال میرئاودەلی و سامالم کرد – سامال کچێکی کوردی سلێمانی بوو، پێشمەرگەی یەکێتی بوو–.

لەوانەی لەو هەفتەیەدا چاوم پێکەوتن لە دۆستان و ناسیاوان: کاك موحسین دزەیی، د. شەفیق قەزاز، حەمەی حوسێنی مەلا، جەمال عەلەمدار، دارا عەتار، تالیب کاکەیی، پێشەوا تاڵەبانی، غەنی دەروێش، د. محەمەد کیانی و مولازم شوان و صەباحی غالب و د. محەمەد هەمەوەندی، سامی شۆڕش، ناسری حەفید (ئەفسەر) و دەیانی تر...

لە رۆژانی هەفتەی کلتوری مەڵبەندی، کۆڕێك بۆ دکتور جەمال نەبەز رێکخرا دەربارەی (سزا لە ئیسلامدا)، رێکەوتی سیمینارەکەی د.جەمال لەگەڵ هەواڵی کۆچی دوایی کاك ئازاد مستەفا بوو، دکتۆر یەکسەر هاتە قسە کردن، یەکێك داوای لە دکتۆر جەمال کرد کە پێویست بوو – دەقیقەیەك– هێمنی بۆ گیانی کاك ئازاد رابگەینێ وەك هاوبیری خۆی، بەلام بەداخەوە، ئەوەی رەتکردەوە، کە لەگەڵ ئازاد هاوبیر بێت.

لەکۆڕەکەدا من و صەباحی غالب و دکتۆر محەمەد هەمەوەندی لە تەك یەك دانیشتبووین، کاك سامی شۆڕش و کوڕێك لە شێخەکانی بەرزنجە لە رێزی پێشەوە بوون، کاك کەمال میرئاودەلی لە نێوەڕاست بوو، دوای ئەوەی دکتۆر جەمال کۆڕەکەی خۆی پێشکەش کرد، ژمارەیەك لە

ئامادەبووان چەند پرسیار و بۆچوونی خۆیان دەربارەی بابەتەکە خستە بەرچاو..

دکتۆر نەبەز بە هەموویان دەگوت: ئێوە نازانن.. وا نیە، تەنیا رای خۆی پێ پەسەند بوو.....کە گەڕامەوە، بەداخەوە تازیەی کاك ئازاد تەواوببوو، سەردانی منداڵەکان و خێزانەکەیم کرد و سەرەخۆشی خۆم پێ راگەیاندن.. ساڵی 1989 دوا جاربوو، کە سەردانی لەندەنم کردبێت.

یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد

وەك لەو بەشەدا ئاماژەی پێ کراوە: لە کۆتایی 1988 کۆبوونەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرە دەستی پێ کرد بوو. دەستەی دامەزرێنەر رۆژی 1989/4/30ی دیار کرد بوو، بۆ کۆنگرە و بانگێشەی (49) نووسەر و هونەرمەندیان لە سوێد کردبوو.

کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لەژێر دروشمی: (لە پێناوی پاراستنی زمان و کولتوری گەلی کورد)دا یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست.

ئەوەی شایانی باس بێت، تەنیا (35) کەس لە کۆنگرەدا ئامادە بوون، لە سەرەتادا خەبات عارف شاعیر بەخێرهاتنی بەشداربووەکانی کرد و داوای لێ کردن دەقیقەیەك بۆ گیانی شەهیدانی رزگاریخوازی کورد و شەهیدانی قەڵەم و وشەی کوردی بێ دەنگ راوەستن.

بەپێی بەرنامە –رۆژەڤ– دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە هەڵبژێردران، کە لەو کەسانە پێکهاتبوو: کەریمی حیسامی، جەمال رەشید و عەلی شێر.

پاشان دوو کورتە وتار بە کرمانجی خواروو لە لایەن شێرکۆ بێکەس

بە کرمانجی خواروو و لەلایەن مستەفا دوزگون بە کرمانجی سەروو پێشکەش کران.

پاشان ئەندامانی کۆنگرە بۆ ماوەی چوار سەعات لە سەر دەستوور و پێرەوی ناوخۆی کۆنگرە دوان و گفتوگۆیان کرد، دوای چەند گۆڕانێك بریاری لەسەر درا، لە کۆتاییدا کۆنگرە دەستەی کارگێری یەکێتی نووسەرانیان هەڵبژارد و بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری یەکێتی درا، بە ناوی (نووسەر – نڤیسەر) و یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی سەرۆکی یەکێتی و سکرتێر و ژمێریار دیاری کران و دکتۆر جەمشید حەیدەری بە سەرۆك هەڵبـژێردرا و کاك خەبات عارف بە سکرتێر.. دەستەی نووسەرانی گۆڤاریش دیاری کرا، کە: شێرکۆ بێکەس و حەمە سەعید حەسەن و خەبات عارف و نووسەرێکی تر بوون، کە بە داخەوە ناوەکەیم لە یادم نەماوە و گۆڤارەکەش ئێستا لە بەر دەست دا نییە.

یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد، دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی (نووسەر) بریارێکیان وەرگرت، ناوی گۆڤارەکە بکەنە (وان)، کە بە هەردوو زاراوەی زمانی کوردی وەك یەك دەگوترێ، گۆڤارەکە تا دوا ژمارەی لەلایەن کاك خەبات عارفەوە بەڕێوە دەچوو، زۆربەی نووسەرانی زاراوەی کرمانجی سەروو کشانەوە، و پاشان کۆمەڵەی نووسەرانیان دامەزراند.

هەر لە نیسانی 1989دا، بە هاوکاری کۆمەڵەی ئەرشیفی کوردی لە 22/ نیسانی 1989 دا لە هۆڵی (ABF) پیشانگایەکی رۆژنامەوانی رێکخرا، کە (180) رۆژنامە و گۆڤاری کوردی تیا دانرابوو، لەگەڵ فۆتۆکۆپی (50) گۆڤار و رۆژنامەی کوردی. (ئەوەی شایانی باس بێت، زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکان لە ئەرشیفی جەمشید حەیدەری

وەرگیرابوون، کە کۆنترین نموونەی ئۆرگینالْ (ئەسل)ی گۆڤاری (نزار) 1948، رۆژنامەی (رێگا) 1948، (ژین) 1955، (کوردستان) 1954 و ئازادی و خەبات 1959ی تێدا بوو.

لە 1989/5/6 لەسەر داخوازی کۆمەڵەی کولتوری کوردستان لە شاری یۆتۆبۆری، کۆڕیکم لەسەر مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی گێڕا، باسی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی و قۆناخەکانی گەشەکردنی کرد... قۆناغەکانم بە شەش قۆناخ دیار کرد:

1-لە دوای مەشروتە.. واتە 1908-1920

2-کاتی حوکمڕانی شێخ مەحمودی نەمر 1922-1924

3-کاتی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1945-1947

4-دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لە عێراق

5-دوای مۆرکردنی بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970

6-چالاکی رۆژنامەگەری کوردی لە ئەوروپا لە سەرەتای سالآنی هەشتاوە تا ئەمڕۆ (1989).

لە ئاداری 1989 لە لەندەن بلآوکراوەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بە ناوی (حلبجە) بلآوکرایەوە، بێ ئەوەی ناوی ئەوانەی ئامادەیان کردووە لە سەر نوسرابێت، ئەوەی من بزانم و وەك لە بڵند حەیدەری شاعیرم بیستووە، ئەویش بۆی رەوانە کردووم. لە لایەن بڵند حەیدەری و هەیفا زەنگەنە کە هەردووکیان لە گۆڤاری -المجلە-ی لەندەنی کاریان دەکرد، ئامادە کرا بوو، هەر (هەیفا زەنگەنە) خودی خۆی پەیوەندی بە منەوە کردبوو بۆ نووسینی چەند دیرێك لە یەکەم سالْیادی کیمیا باران کردنی هەڵەبجەدا.

لەم بڵاوکراوەیەدا (49) نووسەر و هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ و شاعیر لە عەرەب و کورد (عێراقی، سوری، سودانی) بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، بە نووسین و هێڵکاری بەشدارییان تێدا کردووە، جگە لەوەی پێشەکی، کە لە هەڵەبجە و گازی ژەهراوی و یادداشتی ناڕەزایی، کە لە لایەن (202) نووسەر و هونەرمەند و شاعیر و زاناوە واژوویان کردووە بڵاوکرابووەوە.

لەو نووسەرانەی کە لەسەر هەڵەبجەیان نووسیوە، یاخود سیاسەتی رژێمی عێراقیان مەحکوم کردووە:

هادی عەلەوی، ئەلتاهر بن جلون، سەعدی یوسف، فەوزی کەریم، جومعە حلفی، سەمیرە مانع، کازم جیهاد، لوئەی عەبدوڵڵا، ئەمین عیسا، صادق ئەلصائغ، عەبدولغەنی ئەلخەلیلی، عەمانوئیل کمنو، سەعید ئەلعیراقی، عەبدولحوسەین ئەلهنداوی، ئەحمەد بن بیلە، د. ئوسامە ئەلشبیبی، غائیب توعمە فرمان، باسل حیاوی (بلند الحیدری)، جەمشید حەیدەری....

هەروەها بانگەوازێ لەلایەن رۆشنبیر و نووسەرانی عەرەب بڵاوکراوەتەوە، دژی بەکارهێنانی گازی کیمیاوی دژی کورد، ناوی هەندێکییان لە بەشی یادداشتەکەدا بڵاوبووەتەوە، وەك: گبیب تیزینی، داود تلحمی، شوقی بغدادی، محمد دکروب، فواد مرعی، هانی حورانی، حنام مینا، محمود صبری، فیصل دراج، ماهر الشریف.

ئەوەی شایانی باسە، بلند و هەیفا بە ناوی خۆیان هیچییان بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام خودی بلند بە نووسەری ئەو دێرانەی وت: شیعری (القسم الى أطفال کردستان) کە بە نازناوی (باسل حیاوی- لبنان) هی ئەوە، کە لە لاپەڕەی (22) بڵاوکراوەتەوە، منیش چەند دێرێکم نووسی کە لەلاپەڕەی (14) بڵاوکراوەتەوە، ئەوەش دەقەکەیەتی:

**في ذكرى الأولى لإستشهاد حلبجة**

ليست جريمة حلبجة، لطخة عار في جبين النظام العراقي فحسب، بل في جبين 149 دولة إجتمعت أخيراً، في باريس لمنع وإستعمال الأسلحة الكيمياوية. في الوقت الذي لم يحرك أيا منها ساكناً ولم تدن حكوماتها جريمة قتل أكثر من خمسة الآف من المدنيين العزل في دقائق معدودة.

لقد كشفت مذبحة حلبجة نفاق أولئك الذين يدعون الدفاع عن الحرية وحقوق الإنسان، ولم يعبروا بكلمة إدانة لنظام صدام حسين وجرائمه في حق الشعب الكردي.

إن التأريخ لايرحم الذين يزدرون الشعوب ويطمسون الحقائق، ويغمضون عيونهم عن جرائم الطغاة، تحت أية ذريعة كانت.

ستبقى حلبجة حية في ذاكرة شعبنا وذاكرة الأجيال المقبلة، كهيروشيما جديدة في نهاية القرن العشرين.

***د. جمشيد الحيدري/ السويد.***

**. لە مانگی نۆدا، ژمارە (3)ی پاشكۆی ئینگلیزی سەردەم، تایبەت بە هەڵەبجە بڵاوكرایەوە.**

**لەو ژمارەیەدا ئێمە ژمارەیەك لە رۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتمداری كورد یادداشتێكمان بۆ سەرۆكایەتی سۆڤیەت و ئەمریكا (گەربەچۆڤ و رێگن) رەوانە كردوە بە ناوی سەردەمی نوێ، واژووی (32)كەسی لەسەر بوو.**

**. 1989/6/2 ستۆكهۆڵم –لیننگراد–مۆسكۆ–تبلیسی–ستۆكهۆڵم**

**لە سەرەتای مانگی حوزەیران بە پاپۆڕ بە ڕێككەوتم بۆ فینلەندە، لەوێوە بە ترێن بەرەو لێننگراد. كە گەیشتمە لیننگراد، یەكسەر رووم‌كردە بەشی ناوەخۆی كۆلێژەكانی مێژوو و رۆژنامەنووسان لە ڤاسیلی ئۆستروڤسكی، نزیك ئوتیلی پری بالتیكا، كە هەندێ**

خوێنـدکاری کـورد لـەوێ بـوون، لەوانـەی کـە لـە زانکـۆی لێنیگـراد دەیانخوێند.

ئەوانەی لەو ماوەیەدا لە بەشی ناوەخۆدا دەژیان: دلێر ئەحمەد بێکەس، نیاز مەلا محمد لاجانی، سەیوان رەزا، مەغدید سەپان، غازی یـەعقوب، هـەر لـە دەرگـای یـەکێك لـە ژوورەکـانم دا.. نایەتـەوە یـادم ژووری کامـەیان بـوو، یەکسـەر گـوتی: مـوژدە مـوژدە! چ روویـداوە؟ خومەینی...خومـەینی ..مرد...مـرد .....جـامی ژەهـری هەڵمـژی... واتـە: لـە 1989/6/3 ئایـەتوڵڵا خومـەینی، سـەرکردەی شۆڕشـی ئیسلامی ئێران کۆچی دوایی کرد..

چەند رۆژێك لە لیننگراد مامـەوە، سەردانی داپیرەی منداڵەکانم کـرد و سـەردانی بەشـی کوردەلـۆژی ئامۆژگـای رۆژهـەڵاتی لیننگـرادم کرد، چاوم بە ڤاسیلیڤا، موسـەلیان، زارێ، ئۆردوخـان کـەوت، شـەوێك لـەلای ئۆردوخـان میوانـداری کـرام، شـەوێك لـە مـاڵی دکتـۆر زارێ، رۆژێـك لـە مـاڵی مامۆسـتا کـەریمی ئـەیووبی و خێزانـی ئیرەیـد، سمیرنوڤـا و سـوارەی کوریـان.. چـەند جارێـك و شـەوانێك لەگـەڵ خوێنـدکارانی کـوردی زانکـۆی لیننگـراد .... سـەردانی دۆسـت و برادەرانی رووس و ناسیاوەکانم لەم شارەدا کرد، کە پتر لە 13ساڵ تێیدا ژیام و خوێندم و گەڕام.

شـاری پەتروسـی یەکـەم و شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر و پۆشـکین و دۆستەیڤسـکی دیمـتری و شێسـتەکۆڤیچ و سـەدان هونەرمەنـد و مۆسیقار و نووسەرانی بەنێو بانگی سـەدەکانی رابـردوو، ئـەو شـارەی (900) رۆژ لەلایـەن لەشـکری هیتلـەری ئابلۆقـە درا، بـەڵام نـەتوانرا داگیر بکرێت، ئەو شارەی یەکێك لە گەورەترین موزەخانەی دونیای

تێدایە – ئێرمیتیاژ–.. چەند لەسەر جوانی و خۆشی و دەوڵەمەندی کلتوری باسی بکەی، تەواو نابێ.

## بەرەو مۆسکۆ

6/13 بە ترێن لە لیننگرادەوە بە ڕێکەوتم بۆ مۆسکۆ....نێوان مۆسکۆ و لیننگراد (600)کیلۆمەترە.. مۆسکۆ، ئەو شارەی بە رۆژ دانیشتوانی لە (20) ملیۆن پترە، یەکێکە لە شارە جوانەکانی دونیا، تەمەنی لە هەزار ساڵ پترە...

من لە ساڵی 1966 بۆ جاری یەکەم هاتوومەتە مۆسکۆ و دواجاریش لە ساڵی 1991 بوو.. لێرەدا ناکرێ باسی ئەو شارە بکەین، چونکە جێگای نییە و مرۆڤ ناتوانی ماف خۆی بداتێ.

من لە مۆسکۆ، جگە لە خوێندکارانی کورد، دۆستی تریشم هەبوون، کە سەردانی مۆسکۆم بکردایە بە زۆری لە لای ئەوان دادەبەزیم، لەوانە ماڵی خەزووری هاوڕێی دێرینم، شەهید محەمەد عزەت و ماڵی خێزانی شەهیدان – سەلام عادل و محەمەد صالح ئەلعەبلی، ماڵی دۆستی دێرینم دکتۆر جەواد حەیدەر...

لە 6/14 سەردانی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتم کرد، کە کاتی خۆی لە ساڵی 1979 تێیدا بەرگریم لە نامەی دکتۆراکەم کرد، هەروەها سەردانی کوردولۆژەکانی ئەو ئامۆژگایە– مانویل حەسرەتیان، میخائیل لازەرییڤ، ژگالینا و بەشیر سەبری و چەندان کادیری تری کوردەلۆژی وەك روسلان سەبۆلەڤ، ئەریستۆڤەم کرد... لەوێ لەگەڵیان رێککەوتم، کە رۆژی 6/16 کۆڕێکیان بۆ بگێرم لەسەر چالاکی کوردەکان لە ئەوروپای

رۆژئـاوادا.. لـە رۆژی 1989/6/16 کۆڕەکـەم گێـڕا بـە ئامـادەبوونی: حەســرەتیان، ئۆردوخــان، بەشــیری ســەبری، خوێنــدکاری دکتــۆرا مەجید و لەیلا ئەجایقا و ئەندامانی بەشی کوردناسی، نزیکەی (50) کەس لە کۆڕەکەدا ئامادە بوون، بە وردی لەسەر رەوەندی کوردی لە ئەوروپای رۆژئاوا و چالاکیەکانیان لە بوواری سیاسی و کولتوریدا قسەم کرد، هەروەها باسم لە شتی تر کرد، لەوانە: سیاسەتی رۆژئاوا بەرامبـەر بـە کـورد.. رەفتـاری ئـەو دەوڵەتانـەی ڕۆژئاوا بەرانبـەر بـە پەناهەنـدانی کـورد لـە وڵاتـەکانیان و هەڵوێستیان لـە رژێمـی عێـراق.. رەخنــەی توندیشــم ئاراســتەی سیاســەتی ســۆڤیەت کــرد، کــە دوای کارەساتی هەڵەبجە بێ دەنگ بوون، بەرانبەر بە سیاسەتی بەعس لە عێراقدا.

پـتر لـە یـەك هەفتـە لـە مۆسـکۆ مامـەوە و چـاوم بـە دۆسـتانی کـۆن کــەوت و ســەردانی هەنــدێ لــە مۆزەخانــەکان و گۆڕەپــانی ســوور و پارکی (مەکسیم گۆرکی)م کرد.

## لە مۆسکۆ وە بەرەوە گورجستان – شاری تبلیسی.

مــن لــەو مــاوەی لــە ســۆڤیەت ژیــاوم، ســەردانی ئەرمەنســتان و گورجستان و ئەزەربایجانم کردووە، کە زۆربەی کوردەکانی سۆڤیەت لەو سێ کۆمارەدا دەژیان، جگە لە کوردەکانی تورکمانستان کە لە (عەشق ئاباد) دەژین و ئەو کوردانەی کە کۆتایی سالآنی سیدا بۆ ناوچەکانی ئاسیای ناوەند راگوێزرابوون...

مـن چاوم بـە رۆشـنبیرانی کـورد دەکـەوت چ لـە کۆمارەکانیـان و چ لـە سەردانی ئەوان بۆ مۆسکۆ و لینینگراد، بۆیـە ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆرێك

لەوان هەبوو.. لە شاری تبلیسی چەند کەسێکم لە نزیکەوە، دەناسی وەك: (کەریم ئەنقوس، لامارا پاشاییڤا، ژورا و خوشکەکانی.. نووسەران عەزیز ئیسکۆ و جەردۆیی ئەسەد و هونەرمەندی شێوەکار بەسێ و ئەندۆ).

لەسەر داخوازی رۆشنبیرانی تبلیسی کۆڕێکم گێرا، کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی کوردی پایتەخت تێیدا ئامادە بوون، کۆڕەکە (6) تەوەری لە خۆ گرتبوو:

1. شەڕی پیشمەرگەیی.
2ـ سیاسەتی قەلاچۆکردنی کورد، چەکی کیمیای، زیندان و کوشتن و راگوێزان.
3. بەرەی کوردستانی.
4. باسی یەکگرتنی هێزە کوردستانیەکان (بەرەی کوردستانی، تەڤگەر، هاوکاری هەندێ لە حیزبەکانی کوردی سوریا، باری کوردستانی رۆژهەلات.
5. رای گشتی جیهان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد لە رۆژی ئێستادا، هەلوێستی دەستکگاکانی راگەیاندن لە ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و رۆژهەلات بەرانبەر کارەساتی هەلەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.
6. چالاکی کورد لە ئەوروپای رۆژئاوا.

کۆڕەکە پتر لە سێ سەعاتی کێشا.

لەو کاتەی من لە تبلیسی بووم، هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستم کاك فەهد گردەوانی تەلەفۆنی بۆ کردم، کە پێویستە بە زووترین کات بگەڕێمەوە سوێد، چونکە دەبێ لە شایی ئەودا من ئامادە بم.....بە

ناچاری، گەڕامەوە ستۆکهۆڵم.

هەر لە مانگی حوزەیران وتارێکم لە یادی شەهیدبوونی نووسەری کورد و تێکۆشەر مارف بەرزنجی لە سەردەمی نوێدا بڵاوکردەوە (لە ژمارە 41- حوزەیرانی 1989).

وەك دەزانرێ لە 20ی حوزەیرانی 1989، کۆنگرەی سۆسیال – ئینترناسیۆنال لە شاری ستۆکهۆڵم بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا سێ لایەنی کورد بانگهێشی کرا بوون: بەرەی کوردستانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام بە داخەوە نە ڕێگایان دا نوێنەرانی کورد لەو کۆنگرەدا قسە بکەن و نە مەسەلەی کوردیان وەك مەسەلەیەکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باس کرد.

دیارە لە کۆنگرەی سوسیال – ئینترناسیونالْ دکتۆر ئاورەحمانی قاسملۆ و مەسعود بارزانی ئامادە بوون. بە داخ و پەژارەوە، دوای کۆنگرەی ناوبراو، دیارە دکتۆر قاسملۆ لە گفتوگۆدابوو لەگەڵ ڕژێمی ئێران و لە 13ی تەمموزی 1989، بە دەستی چەپەڵ و پەنجەی نەگریسی خوێناوی ئاخوندەکانی ئێران دکتۆر ئاوەرحمان قاسملۆ و عەبدوڵڵا قادری و فازیل مەلا مەحمود تێرۆرکران.. بێگومان ئەوە گەورەترین کارەساتی سیاسی و خەسارەتێکی مەزن بوو، بۆ بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد، چونکە دکتۆر قاسملۆ زانا و سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتووی بێ وێنەی کورد بوو.

. لە ساڵی 1989 کۆنفرانسی پاریس ساز درا لە ژێر سەردێری: (ماڤ مرۆڤ – ناسنامەی کولتوری کورد).. دیارە بە دەستپێشخەری

**مـەدام مـیتران و فرانسـوا مـیتران ئـەو کـارە ئـەنجام درا، بـە بەشـداری ژمارەیـەك لـە سـەرکردەکانی کـورد، بـەڵام بەداخـەوە نـەمتوانی هـەواڵی کۆنفرانســەکە تۆمارکـەم و ئـەو تێبینیانەشـم نەدۆزیــەوە، کـە کـاتی خـۆی لـە لای خـۆم تۆمـارم کردبـوون، بـەڵام بەسـتنی ئـەو کۆنفرانسـە خـۆی لـە خۆیـدا گـرنگ بـوو، بـووە هـۆی کۆنفرانسـێکی تـر دەربـارەی کـورد کـە لـە سـاڵی 1991 لـە سـتۆکهۆڵم بەسـتراو لـە کـاتی خۆیـدا باسیان دەکەین.**



لەگەڵ نووسەر و تێکۆشەر عوسمان سەبری – دیمەشق / 1988



د. محەمەد شێخۆ/ ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی سوری –
جمشید حیدری - قامشلو




**کۆنگرەی خوێندکارانی کورد، مەڵبەندی پراگ، غەنی بلوریان و کەریمی حیسامی**



**د. عەبدولرەحمان قاسملو (شەهید)**



**ئازاد مستەفا / سکرتێری پاسۆک**



لەگەڵ مامۆستایان و رۆشنبیرانی کوردی گورجستان تبلیسی



یەریڤان : لەگەڵ شاعیری کورد جاسمی جەلیل و د. جەلیلی جەلیل







**کۆتایی حەفتاکان : یەریڤان ، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی ( ریا تازە )**




**مەیدانی سوور / مۆسکۆ**

## بەشی نۆیەم

# 1989- 1991/7/4

لێرەدا دەمەوێ درێژە بە رووداوەکانی ساڵی 1989 بدەم، چونکە هەندێ، رووداوم لە بەشی رابردوودا تۆمار نەکردبوو.

لەو ماوەیەی لە لینینگراد بووم، رۆژێکیان یوسفی کوێخا عەزیزی سماقوڵی من و کامەرانی قادر شۆڕشی بانگهێشت کرد بۆ ماڵەوەیان، بە بۆنەی ئەوەی لەو ساڵەدا یوسف بەشی رۆژنامەنووسی لە زانکۆی لینینگراد تەواو کردبوو.. تا درەنگانێك لە ماڵی یوسف ماینەوە و لەوێشەوە تەلەفۆنم بۆ (ئەبو تارا- برایمی صوٚفی) کرد، . کە ئەوسا بە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ناسراو بوو . لەوەم ئاگادار کرد، کە: لەو رۆژانەدا سەردانی مۆسکۆ دەکەم، هەروەها تەلەفۆنم بۆ دایکی فێنك (خێزانی هاوڕێ عەزیز محەمەد) کرد، کە بزانم هاوڕێ عەزیز لەو زووانە دێتە مۆسکۆ؟ یاخود نا؟ ئەویش پێی گوتم: دوای دە رۆژی تر دێت و داوای لێکردم، کە: هاتمە مۆسکۆ لە لای ئەوان دابەزم.

هەروەها بە پێویستم زانی تەلەفۆن بۆ خەسووی هاوڕێی دێرینم محەمەد عیزەت بکەم و بزانم دەنگوباسیان چییە، ئەوانیش ئاگاداریان

کردم، کە: لینەی خێزانی کاك محەمەد لە بەغداوە هاتۆتەوە، بۆیە لەسەردانی مۆسکۆدا بە پێویستی سەرشانی خۆم زانی سەردانی خێزانی کاك محەمەدیش بخەمە بەرنامەکەی مۆسکۆوە.

لە نێوان 18-1989/6/20 سەردانی باکۆم کرد (ئەزەربایجان) و لەوێ ژمارەیەك پەناهەندەی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان دەژیان، ئەوانەی سەر بە حیزبی تودەی ئێران و فیدائیانی خەلق و هەروەها دۆستی دێرینمان دکتۆر رەحیمی قازی بوون.. رۆژێکیان لەمێوانداری هەندێ لەو پەناهەندانە دابووم، لەوانە ئەوەی ناویم لەبیر مابێ . کاك سلێمانی چرە (هێرش)ی شاعیر و براکەی محەمەد ئەمین).. هەروەها ئێوارەیەك لای دکتۆر رەحیمی قازی دەعوەت کرام، من و کاك هێرش پێکەوە چووینە لای، ئەویش خۆی و مریەمی کچی بوون، دکتۆر رەحیم دەست خەتێکی پێدام لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی سۆڤیەت، بەداخەوە لەو چەند ساڵانەی دوایی برایەکی کوردی رۆژهەلات داوای لێکردم و بۆمی نەگەڕاندەوە، هەروەها دکتۆر رەحیم بەرگێك لە گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی 1946 کە پێکهاتبوو لە ژمارەکانی (1،2،3،5،6)، پێدام هەروەها لە 1989/6/20 چاوم بە نامەیەکی مەلا مستەفای بارزانی کەوت، کە بەدەست خەتی میرحاج نووسرابوو، بەلام ئیمزای مەلا مستەفای بارزانی لەسەر بوو، نامەکە بە ناوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە مێژووی 1948/1/21، لە نامەکەدا کۆمیتەی مەرکەزی ئاگاداری عەلی گەلاوێژ دەکا، کە بە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژاردووەو کۆمیتەی مەرکەزیش دوو کۆبوونەوەی کردووە، بەلام د.عەلی گەلاوێژ ئامادە نەبووەو هیچ هۆیەکیشی پیشان نەداوەو

ئاگاداری دەکەن کە کۆبوونەوەی سێیەم دەکرێ کە بە پێی ئەساسنامەی حیزب پێویستە ئامادەبێ و ئەگەر ئامادە نەبێ ئەوە ئیجرائاتی حیزبی لە بارەی وەردەگرن.

لەگەڵ دکتۆر رەحیمی قازی سەردانی ئەکادیمیای زانستی ئازەربایجانمان کرد و لەوێ لەگەڵ دکتۆرە حەکیمەی بلوری شاعیر یەکتریمان ناسی.

ئەوەی شایانی باسە، حەکیمەی شاعیرە، لە کاتێ خۆیدا، واتە لە ساڵی 1959 لەگەڵ شەهید جەمال حەیدەری برام، لە ئەکادیمیای زانستی کۆمەڵایەتی سۆڤیەت (سەر بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی سۆڤیەت) پێکەوەیان خوێندوەو ناسیاوی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی عێراق بە کورد و عەرەبەوە هەبوو.

حەکیمە کە زانی من برای شەهید جەمال حەیدەری-م، گوتی من لە ساڵی 1963 کە هەواڵی شەهید بوونی حەیدەری-م زانی شیعرێکم بۆ نووسیوەو لە دیوانەکەمدا بڵاو کراوەتەوە، دیوانەکەی خۆی پێشکەش کردم- ئەوەی راستیبێ دوو دیوانە شیعری خۆی پێشکەش کردم، بەداخەوە یەکێکیانم ون کردووە (لەوانەیە لە ئەرشیفی دەرەوەم پارێزرابێت).

لە 1989/6/22 هاتمە تبلیسی- پایتەختی گورجستان، ئەو کات لە کۆمارەکانی سۆڤیەت بزاڤی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە بالتیکەوە تا قەفقاس دەستی پێکردبوو.

لە رۆژی 1989/6/22 لە کۆبوونەوەی بەرەی میللی گورجستان ئامادەبووم، بێگومان ئامادەبوونەکەم لە رێگای کوردەکانی گورجستان رێکخرا، لەو کۆبوونەوەیەدا، داوا دەکرا هەموو دەستگاکانی ناوەندی

(سـۆڤیەتی) هەڵبوەشـێندرێتەوە، بەتایبـەتی دەسـتگاکانی ئـابووری، پێویسـتە دەسـتگاکانی سـەر بـە مۆسـکۆ نـەمێنێ، بـۆ گورجیـەکان بگەڕێتـەوە، پێویسـتە گورجسـتان مـافی چارەنووسـی خـۆی وەرگـرێ، ئامانجی لەشکری نەتەوەیی لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گورجستان بێت، دەستوور بگۆڕدرێ.

مـن لـە پـەراوێزی کۆبوونـەوەی بـەرەی میللـی گورجسـتان، چـاوم بـە نوێنەری هەندێك لایەنی گورجی کەوت و دەربارەی کورد دواین.

لە تبلیسەوە بە تەلەفۆن ئاگاداری دکتۆر جەلیلی جەلیل-م کردەوە، کــە ئێــوارەی ڕۆژی 1989/6/23 گەیشــتمە یــەریڤان- پایتــەختی ئەرمەنسـتان.. جـەلیل ئاگـاداری کـردم، کـە ئـەو لـە ماڵـەوە نـابێ، بـەڵام ئاگاداری دکتۆر شاکرۆی مەحۆی کردووە پێشوازیم لێ بکات...

کاتژمێر (6)ی ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتمە یەریڤان، بەداخەوە شاکرۆ دیـار نـەبوو، پەیوەنـدیم بـە مـەمۆ کـرد، لـە ڕێگـای کوڕەکەیـەوە، مـەمۆ شاکرۆیی بۆ دۆزیمەوە..

لــە یــەریڤان سـەردانی ئامۆژگـای ڕۆژهەڵاتناسـیم کـرد، هـەروەها سـەردانی چیای ئەلەگـەزم کـرد و هـەروەها سـەردانی رادیـۆی یـەریڤان بەشـی کـوردی و ڕۆژنامـەی "ریاتـازە"م کـرد، لەگـەڵ دکتـۆر شـاکرۆ بـە ماشین گەڕامەوە تبلیسی.

لـە 1989/6/26 کۆبوونەوەیـەکم لەگـەڵ کۆمـەڵگای کـوردی تبلیسـی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا شاعیر عـەزیزی ئیسکۆ باسـی بـاری کوردەکـانی گورجستانی کرد، هەروەها یورە نەبیڤ باسی گروپـی دەسـت پێشـخەری کوردەکانی گورجستانی کرد بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی کەلتووری کوردی و هـەروەها درێژکردنـەوەی بەرنامـەی رادیـۆی کـوردی، کـە لـە 29-9-

1978 دامەزراوە، بەڵام ماوەکەی کورتە و داواکراوە درێژ بکرێت.. هەروەها باسی لە شانۆ و قوتابخانەی کوردی (وانەی کوردی) کرد.

## لە تبلیسەوە بۆ مۆسکۆ..

لە 6/27 گەڕامەوە مۆسکۆ و لەماڵی هاوڕی عەزیز محەمەد دابەزیم، کاك عەزیز لە ڕێگای سوریاوە هاتبوو.. لە ماڵی ئەوان مامەوە.. شەوێ بە هەلمزانی چەند پرسیارێك ئاراستەی هاوڕێ عەزیز بکەم.. بە دوو قۆڵی دانیشتبووین، پرسیارەکانم لێکرد و ئەویش وەڵامی دامەوە، بەڵام کاتێ چوومە ژوورەکەم بۆ نووستن، بڕیارمدا یەکسەر پرسیار و وەڵامەکان بنووسمەوە تا لەبیری نەکەم. ئەوەی لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە، تۆماری ئەو شەوەیە.

-ئایا راستە هاوڕێ سەلام عادل لە ساڵی 1962 پێشنیارێکی وای کرد بوو، کە: لیژنەی هەرێمی کوردستان بکرێتە کۆمێتەی نێوەندی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان؟

-ئایا مەسەلەی فیدراڵی لە باتی ئۆتۆنۆمی لە نێو حیزبدا باسی لێکراوە؟

هاوڕێ عەزیز لە وەڵامدا باسی ئەوەی کرد، کە: بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان، لەوکاتەی هاوڕێ جەمال لە دەرەوەی وڵات بوو، هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست لەنێو خۆیاندا لەم مەسەلەیە دوان و گەیشتنە ئەنجام، ئەگەر شەڕ هەڵگیرسێ و حکومەت لە بارزان بدا، حیزب پشتگیری بارزانی دەکا دژی سیاسەتی حکومەت، بەڵام ئەگەر هاتوو تەنیا دژی ئەو کەسانە بێ، کە دژی ئیسلاحی زراعین، ئەوسا لەگەڵ حکومەت دەبین.. بەڵام کە هێرش دەستی پێکرد، هەم دژی بارزانی بوو

و هـــەم دژی ئەوانـــەی (دەرەبـــەگ) بـــوون!! بۆیـــە ئێمـــە حەپەســـاین و هەڵوێستێکی ئـەوتۆمان وەرنـەگرت. لەهـەمان کاتـدا ئێمـە پەیوەنـدیمان لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی (برایم ئەحمەد و نوری شاوێس) هـەبوو، مـن خۆم چەندان جار بە ماشێن کاك برایم و نوری-م دەگەیاندە ئەو شوێنەی کۆبوونـەوە، چـونکە بـرایم و نـوری خۆیـان شـاردبۆوە.. لەگـەڵ هـاوڕێ سەلام کۆبوونەوە دەکرا.

دوای هەڵگیرســانی شــەڕ، هــاوڕێ ئــەبولعیس (محەمــەد حســێن ئەبولعیس) - ئەندامی سـەرکردایەتی حیـزب بـوو، لـە 1963 بـە دەسـتی بەعس شەهید کرا. بۆ ماوەی مانگێك، رەوانەی کەرکووك کـرا، بۆ ئـەوەی وەزعەکـە دیراسـەت بکـات، کـە گەڕایـەوە راپـۆرتێکی نووسـی و تێیـدا ئاگـاداری کـردین، کـە: جوڵانەوەکـە لـەنێو چـووەو یاخیـەکان راونـراون.. بـەڵام لێژنـەی هـەرێمی کوردسـتان لـە راپـۆرتی خۆیـدا بـە پێچـەوانە رایگەیاند و چەند بۆچوونێکی و چەند دروشمێکی دەستنیشان کردبوو.

حیـزب لـە مـانگی مارتـدا، کـە . هـاوڕێ جـەمال کـە گەڕایـەوە وڵات کۆبوونەوەی لە بارەی وەزعی کوردستان کرد، لە کۆبوونەوەکەدا، چونکە هاوڕێ سەلام لە مۆسکۆ بوو، هاوڕێ زەکی کۆبوونەوەکەی بەڕێوە برد و هـاوڕێ جـەمال راپـۆرتی هەڵوێسـتی حیزبی لـە بـارەی مەسـەلەی کـوردی ئامادە کردبوو..

بڕیار وابوو، مـن بـۆ خوێنـدن رەوانـە بکـرێم، بـەڵام وەزعـی کوردسـتان مەسـەلەکەی دواخسـت. حیـزب مـنی رەوانـەی لای بـارزانی کـرد. ئێمـە نەماندەزانی بارزانی لەکوێ دەژی.. چووومە ناوچەی شـارەزوور و لـەوێوە لـە رێگـای پـارتی خـۆم گەیانـدە بـارزانی.. زۆر شـتمان بـاس کـرد، ئێمـە هەوڵمان دەدا لە رێگای گفتوگۆوە مەسەلەکە چارە بکەین.

لە مانگی ئەیلوول/1962 کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کرا. لە کۆبوونەوەکەدا مەسەلەی فرەوان کردنی دەستەڵاتی لیژنەی هەرێمی کوردستان هاتە گۆڕێ.. وای بۆ دەچووین، لیژنەی هەرێم بگۆڕین بە کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام مەسەلەیەك هاتە گۆڕێ، ئەویش مەسەلەی ئامادەکردنی کادیری پێویست بوو بۆ ئەم کارە، مەسەلەکە بەو جۆرە نەبوو، سەربەخۆیی تەواو بدرێتە کۆمیتەی کوردستان، بەڵکو ئەوان کۆنگرەی خۆیان بگرن، پرۆگرامەکەیان لەگەڵ بارودۆخ و ئەرکی بزووتنەوە بگونجێنن.. هێندەی پێ نەچوو کودەتای 8ی شوبات روویدا.. ئەوەی راستی پێ، بڕیاردرا، کە هەموو کادیرەکانی کورد بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، جگە لە ئەوانەی ئەرکی نێوەندی حیزبییان پێسپێردراوە، لەوانە دوو هاوڕێ.. هاوڕێ جەمال کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بوو، لەگەڵ هاوڕێ نافیع یونس، کە بەرپرسیاری لەشکری بوو. کە کودەتا روویدا، ئەو دوو هاوڕێیە لە بەغدا بوون و هەردووکیان شەهید کران.

دەربارەی هەڵبژاردنی بە سکرتێری حیزب، هاوڕێ عەزیز لەوەڵامی ئەوەدا، لە کۆبوونەوەی ساڵی 1964 سێ کەس دەنگی بە من نەدا، دووانیان زۆر لەژێر تەئسیری من بوون و سێیەمیان خۆم بووم.

(تێبینی: لە کاتی پاکنووس کردن، هەستم کرد پێویستە زمانەکەی دەستکاری بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شەوە چۆنم تۆمار کردبوو، وەك خۆی بێ دەستکاری بڵاوی دەکەوە).

وەك لە بەشی هەشتەمی بیرەوەرییەکانم ئاماژەم پێکردووە، من دوای شەهید کردنی دکتۆر ئاوڕەحمانی قاسملۆ گەڕامەوە ستۆکهۆڵم. دوای گەڕانەوەم لەگەڵ کاك کەریمی حیسامی خەریکی ئامادەکردنی

ژمارەیەکی تایبەت بووین لەسەر جینایەتی کوشتنی دکتۆر قاسملۆ و هاوڕێکانی لە ئۆتریش (ڤییەننا).

(حەمەی حاجی سەعید) سەردەشتی، کە لە دەرەوەی وڵات بە (خەسرۆ) ناسراوە، من ئاشنایەتیم لەگەڵیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1963، لە قەڵادزێ یەکتریمان ناسی، کاك خەسرۆ لە بەغداش لە ماڵی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا دەژیا، بەڵام دیارە کە من کوردستانم بەجێهێشتووە لە دوای 1966، کاك خەسرۆ لە ڕێگای مامۆستا هەمزە بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی ڕەوانە کراوە، بۆیە من و کاك خسرۆ جارێکی تر لە ستۆکهۆڵم یەکتریمان گرتەوە، دوای تێکچوونی ئەڵمانیای دیموکرات و یەکگرتنەوەی هەر دوو بەشی ئەڵمانیا.. کاك خەسرۆ هاتە سوێد و ئێستاش هەر لەسوێد دەژی، جاروبار سەردانم دەکرد، یاخود ئەو سەردانی دەکردم لە ستۆکهۆڵم.

شەوێك لە 1989/8/8 لەلای ئەو بووم، باس هاتە سەر مام هەژاری شاعیر، خەسرۆ پەیوەندی لەگەڵ مام هەژار و قزڵجی و زەبیحی دا هەبوو، بۆی گێڕامەوە کە جارێکیان لە مام هەژار دەپرسێ: مامۆستا ئێستا مەلا حەسەنی قزڵجی لەگەڵ حیزبی شیوعی یە، زەبیحی لەگەڵ پارتی یە، ئەرێ تۆ نە لەگەڵ ئەوانی، یان لەگەڵ ئەوانی تری.. (مام هەژار لە بەغدا، ماوەیەك لە گەڕەکی (الفضل- دریونە المصرف) دەژیا، کە نزیك ماڵی کاك صالحی برام بوو، لە وەزارەتی ئیسکان کارمەند بوو، لە پارتیشدا ئەندام نەبوو)، هەژاریش لە وەڵامدا، مەسەلەیەکی عەرەبی بۆ دەگێڕێتەوە، کە من فەرامۆشی دەکەم، خەسرۆ دەڵێ- ئەو مەسەلەیە چ پەیوەندی بە پرسیارەکەی منەوە هەیە. مامۆستا هەژار دەڵێ: ئەگەر پارتی بم، دەبێ جنێو بە شیوعیەکان بدەم و دژیان ڕاوەستم، ئەوانیش

کوردیان تێدا هەیەو دیفاع لە کورد دەکەن، هەرچەندە دیفاعەکەی ئەوانم بەدڵ نیە، ئەگەر دژیان نەبم، برایم ئەحمەد بە پارتییێکی باشم نازانێ، ئەگەر شیوعی بم، دەبێ دژی پارتیەکان قسە بکەم، پارتیش خەبات دەکا لە پێناو کورد.

جا ئەگەر دژی پارتی نەبم، بە شیوعیەکی باشم نازانن.. بۆیە (دیسان مەسەلە عەرەبیەکە دووبارە دەکاتەوە). لەو قسانەی مام هەژار، کە لە خەسرۆم بیستووە، عەقڵیەتی ئەوسای سیاسەتمەدارانی کورد نیشان دەدات، چەند کورت بین بووینە، بەداخەوە ئەو جۆرە عەقڵیەتە تا ئێستاش لای هەندێ لا هەر وەهایە.

ئەوەی جێگای داخە، هەندێ لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی سەرەتای ساڵی 1990م لێ ونبووە، بۆیە تەنیا ئەوانە باس دەکەم، کە لە یادم ماون، یاخود هەندێ زانیاریم لە دەفتەرێك بەرچاو کەوت، پەیوەندی بە ساڵی 1990وە هەیە.

لە ساڵی 1990 من لەگەڵ کاك کەریمی حیسامی خەریکی ئامادەکردنی ژمارەی (50)ی سەردەمی نوێ- بووین، من وتارێکم نووسی لەژێر سەردێڕی: "ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنی کوردی و ئەرکی ئەمڕۆ" لە کۆتایی وتارەکەدا نووسیومە: "ئەرکی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی کوردی و ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لەم چەند خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

1. یەکخستنی هێز و توانای هێزە سیاسیەکانی کوردستان و هەموو کەسانی ڕۆشنبیر و سیاسی لە دەورەی ناوەندێکی کوردستانی دیموکراتی.. بۆ:

أ- دامەزراندنی دەستگایەکی ڕاگەیاندنی گشتی و بڵاو کردنەوەی کوردی لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکا.

ب . دەرکردنــی چــەند رۆژنامــەو گۆڤارێـك بـە کـوردی و بـە چـەند زمانێکی بێگانە.

پ . دامەزرانـدنی دەسـتگای چاپەمەنی کـوردی ناوەنـدی بـۆ چـاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لەسەر کولتوور و زمان و ئـەدەب و هونـەری کـوردی بـە هـەموو شـێوەو لقەکانیـەوە (شـانۆ- مۆسـیقا، هەڵپـەڕکێ، گـۆرانی، سینەما، هونەرە جوانەکان..هتد).

لـە کۆتـایی دا نووسـیومە: بـە بـڕوای نووسـەر.. ئـەو ئەرکانـە دەکـرێ ئەنجام بدرێ، ئەگەر هێزە سیاسیەکان بە گیانێکی دیموکراتی و دوور لە سەپاندنی رێبازی تایبەتی خۆیان بەسەر ئەو دەستگایانەدا کاربکەن.

## ساڵی 1990

لـە سـاڵی 1990 لەلایـەك خـۆم بـۆ بەشـداری کۆنفرانسـی کوردەکـانی سۆڤیەت ئامـادە دەکـرد، لـە لایـەکی دی بەشـداری کۆمیتـەی ئامادەکـاری کۆنفرانسـی کـوردی سـتۆکهۆڵم بـووم، کـە لـە ئـاداری 1991 بەسـترا، لـە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پـێ دەکـەم، بۆیـە نەپەرژاومـە سـەر تۆمـارکردنی، هەموو رووداو و چالاکیەکان.

## تەمووزی 1990- مۆسکۆ کۆنفرانسی گشتی کوردەکانی سۆڤیەت

لە مـاوەی حـەفتا سـاڵدا، کوردەکـانی سـۆڤیەت، هـەوڵێکی زۆریـان دا، کـە مافـە نەتەوایـەتی و سیاسیـەکانیان دابین بکـرێ، بـەڵام تـەنیا هەنـدێ مافی کولتووریان لە ئەرمەنستان و لەدوای 1978 لە گورجستان بـۆ دابـین کراو لە ئەرمەنستانیش لە سەرەتای سییەکانەوە، وەك خوێنـدنی زمـان و

ئـەدەبی کـوردی، دەرکردنـی رۆژنامـەی "ریـا تـازە" و رادیـۆی کـوردی "یـەریڤان" کردنـەوەی بەشـی کوردەلـۆژی و رێگـادان بـە لقـی یـەکێتی نووسەران "چاپکردنی کتێبی کوردی بە ئەلف و بای کریلیك (سلاڤی)، بەلاّم لە ئازەربایجان و گورجستان ئەو مافەیشیان نەبوو، بەتایبەتی لە ئازەربایجان، چونکە ئازەریەکان دەیانگوت: ئێمە هەموومان موسڵمانین- جیاوازی نییە، لە کاتێکدا کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان ئێزیدی بوون و لەو دوو نەتەوەی لەگەڵیاندا دەژیان، ئاینیان جیاواز بوو، جگە لــەوە، ئەرمەنســتان و کوردســتان ســنووریان لەســەر یەکــەو چــیای "ئــەڕەرات" دەکەوێتــە نێوانیــان، هــەروەها ئەرمەنــەکانیش وەك کــورد لەلایەن عوسمانیەکانەوە دەچەوسێندرانەوە، تا ڕادەیەکیش پەیوەندییان باش بوو.

هــەر وەك دەزانــرێ کــوردە موســڵمانەکانی ئەرمەنســتان لــە کۆتــایی ســییەکانەوە، هەنــدێکیان بــۆ ئاســیای ناوەڕاســت راگــوێزران، دیــارە راگوێزانەکە تـەنیا کوردی موسڵمانی نەگرتـەوە، بەڵکو هەنـدێ کـوردی ئێزیدیشـی گرتـەوە، بـە زۆری کـوردە راگوێزراوەکـان بـۆ کۆمارەکـانی- کازاخسـتان، تاجیکسـتان، ئۆزبیکسـتان، کـەرغیزیا بـران.. لـە کۆتـایی حەفتاکان، لەوکاتەی شەفەردنادزێ بووە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی گورجستان، هەندێ ماڤ کولتووری بۆ کوردەکانی گورجستان دابین کرا، وەك کردنـەوەی رادیـۆی کـوردی (بـۆ مـاوەی 15 خولـەك)، وەرگـرتنی خوێنــدکارانی کــورد لــە زانکۆکــان بــەبێ رەچــاو کردنــی (نمــرە) و دامەزراندنی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە گورجستان.

لە ئازەربایجان، هەرچەندە ژمارەی کوردەکان زۆرتر بوو، بەلاّم لەبەر ئـەو هۆیـەی لـە سـەرەوەدا ئامـاژەم پێکـردووە، مافـەکانیان خورابـوو،

هەرچەندە بە دەیان یادداشتیان ئاراستەی سەرکردایەتی کۆماری ئازەربایجان و ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت کردبوو لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

ساڵی 1985، دوای ئەوەی گەرباچۆڤ پریسترۆیکای راگەیاند، هەموو میللەت و نەتەوەکانی سۆڤیەت هاتنە دەنگ و داوای مافی خۆیان کرد و خۆیان رێکدەخست.. داواکارییەکان پەرەی سەند، بەتایبەتی لە کۆمارەکانی (بالتێك)، کە داوای جیابوونەوەیان لە سۆڤیەت دەکرد.. کوردەکانی سۆڤیەتیش کەوتنەخۆ ئامادەکردن و خۆ رێکخستن لە هەموو کۆمارەکان و ناوچە جیاوازەکان، داوای گەڕانەوەی "کوردستانی سوور" یان دەکرد و یاداشتیان ئاراستەی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت دەکرد و بڕیاریاندا، هەموو پێکەوە کۆنفرانسێك ببەستن دەربارەی کێشەی کورد و چارەسەرکردنی کێشەکە و دابین کردنی مافەکانیان و قەرەبوکردنەوەی ئەوانەی لەکاتی فەرمانڕەوایی ستالین زیانیان پێگەیشتووەو هەروەها گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

دیارە لەکاتی حوکمڕانی گەرباچۆڤ ئازادی رادەربڕین و پەیوەندی کردن بە دەرەوەی سۆڤیەت بۆ هاووڵاتیانی سۆڤیەت فەراهەم کرابوو.

بۆیە کوردەکانی سۆڤیەتیش پەیوەندییان بە رەوەندی کوردی ئەوروپای رۆژئاوا مەیسەر بوو و هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەست و داخوازییەکانی خۆیان خستە بەردەم هەموو لایەك و داوای هاوکاری و پشتیوانی خۆشیان بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە دەرەوەی سۆڤیەت دەردەبڕی و دەنگی ئەوانیش گەیشتە راگەیاندنەکانی دەرەوە.

لە تەمموزی 1990 بە رەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی

کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و ئامۆژگای مارکسی- لێنینی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی لە مۆسکۆ کۆنفرانسێك بەسترا، کە تێیدا نزیکەی (500) کەس بەشداری کرد، ئەوانە لە نوێنەرانی کوردەکانی: ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان، کەرغیزستان، ئۆزبیکستان، تاچیکستان و کراسنەدار (ناوچەیەکە دەکەوێتە روسیای فیدراڵ) بوون، جگە لە بەشداری نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و نووسەر و رۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپادا، ئەوەی شایانی باس بێت لە کوردستانی باشوور ئەو زاتانە ئامادە بوون: "عەزیز محەمەد - سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عێراق، د.کەمال فوئاد - نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، د.مەحمود عوسمان - نوێنەری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان - نوێنەری پارتی گەل، د.محەمەد ساڵح جومعە - پارتی دیموکراتی کوردستان (ئێراق)، د.جەمشید حەیدەری- وەك رۆژنامەنووس و کوردەلۆگ (لە سوێدەوە)، لە رۆژهەڵاتی کوردستان - د. سادقی شەرەفکەندی - سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، لە باکوری کوردستان، جگە لە نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان، کەسایەتی سەربەخۆش ئامادەبوون - د.کەندال نەزان (فەرەنسا)، ئەحمەد قەرەمووس - نوێنەری سوێد، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد، محەمەد عەلی ئەسلان- سکرتێری پارتی کار لە حەفتاکان لە تورکیا، لە کوردستانی رۆژئاوا - سەلاح بەدرەدین - پارتی یەکێتی گەل: کەسایەتیەکان- دکتۆر سەعید مەلا، دکتۆر باقی نازێ و د. عیصمەت شەریف وانلی و ژمارەیەکیش لە خوێندکارانی کورد، کە لە مۆسکۆ و سۆڤیەت دەیان خوێند.

ئەوەی شایانی باس بێت لە کۆنفرانسەکەدا، من راستەوخۆ

وتارەکانی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی و دکتۆر مەحمود عوسمان-م وەرگێڕاوەتەوە سەر رووسی، هەروەها وتاری هاوڕێ عەزیز محەمەد کە بە نووسراوی ئامادەکرابوو، وەرمگێڕاوەتە سەر رووسی (ئەوانە هەرسێکیان- وتارەکانی خۆیان بە کوردی پێشکەش کرد). لە کۆنفرانسەکەدا، جگە لە خوێندکارانی کورد، هاوڕێ (ئەبو تارا و نووسەر هاشم کۆچانی) ئامادەبوون. هەروەها من وەڵامەکانی ژگالینام بۆ دکتۆر سادقی شەرەفکەندی- گفتوگۆیەکانی لەگەڵ دکتۆرە ژگالینا- پسپۆری کوردەلۆژی لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان، دەکردە کوردی هەرچەندە دکتۆرە ژگالینا فارس زان بوو، بەڵام لە قسەکردن وەڵامی پرسیارەکانی دکتۆر سادقی بە رووسی دەداوە- دکتۆر سادق بە فارسی قسەی دەکرد، بەڵام ژگالینا بە رووسی وەڵامی دەدایەوە.

لە کۆنفرانسەکەدا، من ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی ئامادەبووم دەناسی، بەڵام تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم: پرۆفیسۆر نادر نادرۆڤ، د.جەلیلی جەلیل، د.ئوردوخانی جەلیل، د. رەحیمی قازی، د. شاکرۆی محۆ، د.مەمەد بەیایڤ.

لە دوای گەڕانەوەم لە کۆنفرانس لە رۆژنامەی- سەردەمی نوێ- دا وتارێکم لەسەر کۆنفرانسەکە بڵاوکردەوە، کە لێرەدا دەقەکەی دەخەمە بەرچاو، کە لە ژمارەی (54)ی سێپتەمبەری 1990دا بڵاوکراوەتەوە.

# کۆنفرانسی گشتی کوردەکانی سۆڤیەت

- کوردەکانی سۆڤیەت داوای دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور دەکەن.
- 400 کەس پتر بەشداری کۆنفرانس بوون.
- نوێنەری هێزە سیاسیەکانی کوردستان و کەسانی کۆمەڵایەتی و زاناو نووسەران بەشداری کۆنفرانسی مۆسکۆیان کرد.
- کوردەکانی سۆڤیەت رەخنە لە هەڵوێستی سۆڤیەت و بێ دەنگی بەرانبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستانی عێراقدا دەگرن.
- کۆنفرانس داوای بەهێز بوونی پەیوەندی لە نێوان کوردەکانی سۆڤیەت و کوردی دەرەوە دەکات.
- کوردەکانی سۆڤیەت پشتگیری خەباتی گەلەکەیان لە کوردستان دەکەن لە پێناوی ماف چارەنووسدا.

لە رۆژانی 25-26ی تەمووزی 1990دا، لە مۆسکۆ بۆ یەکەمجار لە ماوەی (70) ساڵدا، کوردەکانی سۆڤیەت کۆنفرانسێکیان بەست لەژێر سەردێڕی: "کوردەکانی سۆڤیەت: مێژوو و سەردەم".

لە کۆنفرانسەکەدا نزیکەی (500)کەس ئامادەبوو (بڕیار بوو، تەنیا (400) کەس ئامادەبێت، بەڵام دوای زۆرتر هاتن- بۆیە ژمارەیان نزیکەی 500کەس دەبوو).

لە نوێنەرانی کوردەکانی سۆڤیەت لە هەموو کۆمارەکان و هەروەها کوردناسان و زانایانی سۆڤیەت و نوێنەرانی دەزگای دەوڵەتی و ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی سۆڤیەت. کۆنفرانسەکە لە ئینیستیتۆی مارکسیزم- لینینزم دا بەسترا.

(14)کەس لە نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و نووسەر و

روناکبیرانی کوردی دەرەوەش وەك میوان بەشداری کۆنفرانسیان کرد. لە سەرەتادا کۆنفرانسەکە وەك کۆنفرانسێکی زانستی نەخشەی بۆ کێشرابوو، لە بەرنامەی کاریدا نزیکەی (40) راپۆرت تۆمار کرابوو، بەڵام لەبەر زۆری میوانەکان و خوێندنەوەی وتارەکانیان، ماوەی پێشکەش کردنی هەموو راپۆرتەکان نەبوو. کۆمیتەی رێکخەری کۆنفرانس لە (25)کەس پێکهاتبوو بە سەرۆکایەتی ئەکادیمێك نادرۆڤ. لە ماوەی دوو رۆژدا، زانایان و نوێنەرانی کۆنفرانس لەسەر زۆر لایەنی ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت دوان، بە تێکرایی لەسەر مێژووی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور لە ئازەربایجان (1923–1929) قسەیان کرد، هەروەها سیاسەتی راگوێزانی کوردەکان لە کۆتایی ساڵانی 1920و ناوەراستی چلەکان بۆ ئاسیای ناوەندی و پێشێلکردنی ماف گەلی کورد لەکاتی دەستەڵاتی ستالیندا خرایە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و لێدوان.

لە رۆژی یەکەمدا سێ راپۆرتی سەرەکی پێشکەش کرا لەلایەن نادرۆڤ – باری کوردەکانی ئاسیای ناوەند.. لە لایەن شاکرۆی محۆ – باری کوردەکانی ئەرمەنستان.. لە لایەن مەمێد بەباییڤ – باری کوردەکانی ئازەربایجان، جگە لە وتارەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و رێکخراوە کولتوورییەکانی کوردی لە ئەوروپادا.

هەروەها لە رۆژی یەکەمدا، نوێنەری ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت باریس ئەلێنیك و نوێنەری ئەنجوومەنی مۆسکۆ و چەندان زاناو نوێنەرانی کوردەکانی کازاخستان و کەرغیزیاو ئەرمەنستان و گورجستان راپۆرت و وتاریان خوێندەوە..

ئەوەی شایانی باس بێت لە کۆنفرانسەکەدا بە تێکرایی باسی

مەسـەلەی کـورد و بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان کـرا. هـەروەها باسـی هەڵوێسـتی یـەکێتی سـۆڤیەت و بـێ دەنگـی بەرانبـەر بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاوی کـرا. کـۆنفرانس بـە نـاردنی پـەیامێك بـۆ میخائیـل گەرباچۆـڤ و ئەنجوومـەنی بـاڵای سـۆڤیەت و دەرکردنـی بەرنامەیـەك کۆتایی بەکاری خۆی هێنا.

لـە بەیاننامـەی کۆتـایی کـۆنفرانس دا هـاتووە: "دیاردەیـەکی ناکۆکیدارە، کە لە ساڵانی پریسترویکەشدا، چارەسـەری مەسـەلەی کورد ناکرێ و مافە لە کیس چووەکانی ساڵانی سەرکوتکردنی بۆ ناگەڕێتـەوە، تەگـەرە دەخرێتـە بـەر کـاری چاپەمەنی کـوردی و پـەخش و رادیـۆ و وتنـەوەی زمـان و ئـەدەبی کـوردی" لـە کۆنفرانسـەکەدا گرنگـی بـە بـاری پەیوەنـدی کولتـووری و پەیوەندییـەکانی تـری کوردەکـانی سـۆڤیەت و کوردی دەرەوە درا. هەروەها گوتراوە:

"بەشـدارانی کـۆنفرانس ئـەو راسـتیەیان دەسـت نیشـان کـرد، کـە بەداخـەوە سیاسـەتی بیرکردنـەوەی نـوێ، تـا ئێسـتا کـورد و خەباتـە نەتەوایەتیەکـەی نەگرتۆتـەوەو رۆڵـی مەسـەلەی کـورد لـە پەیوەنـدی نێونەتەوایەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەڵنەسەنگاندراوە.

"لەبارەی هەڵوێسـتی سـۆڤیەت لەسـەر مەسـەلەی کورد لـە بەیانەکەدا هاتووە: "بەشدارانی کۆنفرانس بە سەرسوڕمانەوە تەماشای بێ دەنگی یـەکێتی سـۆڤیەت دەکـەن، بەرانبـەر قەڵاچـۆکردنی کـورد، بـە تایبـەتی بەکارهێنانی چەکی کیماوی لە ساڵی 1988 لە کوردستانی عێراقدا"

لـە بـارەی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتانەوە لـە بەیاننامەکـەدا گـوتراوە: "کۆنفرانس ئەو ئەرکەی دیاری کرد، کە پێویستە زەمینـە خـۆش بکـرێ بـۆ دامەزرانـدنی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان و رێگـادان بـە جێنشـین

کردن، یاخود کۆکردنەوەی بەشی زۆری کوردەکان لە ناوچەیەکی تری سۆڤیەتدا، لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی باری سروشتی و ئاو و هەواو پێکهێنانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆیان".

لەکۆتایی گوتراوە: "لە بارودۆخی نائاسایی و ئاڵۆزی وڵاتدا، کورد دڵسۆزی و ئەمەکداری ترادیسۆنی و مێژووی و پەیوەندی روحی لەگەڵ ئەو گەلانەی پێکەوە دەژین رادەگرێ و بەشداری لە رەخساندن و دابین کردنی بارودۆخی هەمەلایەنەی پەرەپێدانی میللەتانی گەورە و بچوك دەکا".

لە رۆژی 1990/7/27 لە هۆڵی ئاهەنگەکان، ئاهەنگێکی گۆرانی و هەڵپەرکێ و شانۆگەری، لەلایەن تیپی گۆرانیی و هەڵپەرکێ و شانۆی گورجستان و ئەرمەنستان و کازاخستان پێشکەش کرا.

من دوای کۆنفرانس گەڕامەوە لێنینگراد، چەند رۆژێك لەوێ مامەوە، بەیانی 1990/8/2 نانی بەیانیم دەخوارد، گوێم لە رادیۆی مۆسکۆ دەگرت، کە هەواڵی داگیرکردنی کوێت لە لایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە بڵاو کرایەوە، من یەکسەر پەیوەندیم بە (ئەبو تارا- برایمی سۆفی) کادیری پێشکەوتووی پارتی کۆمۆنیستی عێراق کرد و گوتم: "بزن عەجەلی بێت، نانی شوان دەخوا" مەبەستی ئەو پەندە دیارە چ دەگەیەنێ.

راست دوای چوار مانگ حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پەلاماری کوێتیان دا، لە 1991/1/17. دەستگاکانی راگەیاندنی ئەمریکا و سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بووش هانی خەڵکی عێراقی دا کە دژی سەدام راپەڕین، بەڵام کە لە بەسرە راپەڕین دەستی پێکرد و هەموو خوارووی عێراقی گرتەوە، مەترسی رژێمێکی ئیسلامی

سەر بە ئێران هاتە گۆڕێ، حکومەتی ئەمریکا پشتی لە خەڵکی عێراق کرد و ڕێگای بە دەستگا داپڵۆسێنەکانی بەعس دا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان و لە سەرەتای مانگی ئادار گەلی کوردستانیش ڕاپەڕی، سەرەتا لە شاری ڕانیە دەستی پێکرد لە 5/ئادار و دوایی هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە، ئا لەو کات و وەختەدا ئێمە لە ستۆکهۆڵم خەریکی ئامادەکردنی کۆنفرانسی کوردی بووین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەر لەوەی باسی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بکەم، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم، کە کۆنفرانسی ستۆکهۆلم دەربارەی مەسەلەی کورد دوا کۆنفرانس بوو لەو زنجیرە کۆنفرانسانە – کۆنفرانسی پاریس لە ئۆکتۆبەری 1989، هەروەها کۆنفرانسێك لە لۆزان– سویسرا.. تەمموزی 1990 مۆسکۆ .. لە 1991/2/27 کۆنفرانسێك لە واشنگتۆن گیرا و لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجەش لە ڕۆژانی 17،16،15 ئاداری 1991 کۆنفرانسی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد، بە دەستپێشخەری کۆمیتەی سویدی بۆ مافی کورد بەسترا.

هەرچەندە، من لەو ماوەیەدا خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك بووم لەسەر کوردەکانی سۆڤیەت بۆ کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم، چونکە کۆمیتەی سویدی بۆ مافی کورد و بەدەست پێشخەری کاك عومەر شێخمووس و من و ئەندامی پەرلەمانی سوێد– سۆسیال– دیموکرات هانس یۆران فرانگ یان، ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە.. هانس– منی ڕاسپارد کە من کارەکە ئەنجام بدەم، چونکە پەیوەندی بە کوردەکانی سۆڤیەتەوە هەیە، هەروەها زمانی ڕووسی دەزانم، دەتوانم زانیاری زۆرتر لەم بارەیەوە بخەمە بەردەستی بەشداربووانی کۆنفرانس.. من پشتم بەست بەو سەرچاوانەی کوردەکانی سۆڤیەت و ڕاپۆرتەکانی کۆنفرانسی

مۆسکۆی ساڵی 1990، راپۆرتەکەم بە زمانی رووسی ئامادە کرد و پاشان لە ڕێگای کاك عومەر شێخ مووس کە ئەندامی ئامادەکار و توێژەر بوو لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، رووسی زانێکی باشی دۆزییەوە، کە راپۆرتەکە وەرگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. دوای ئەوەی راپۆرتەکە بە ئینگلیزی ئامادەکرا، خستمە بەردەستی هانس یۆران فرانگ، ئەویش پەسەندی کرد و گوتی ئەو لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەشی دەکات، بەڵام راپۆرتەکە بە ناوی من بوو، ئەوەی شایانی باسە، ئەو راپۆرتە لەلایەن کاك بەدران ئەحمەد حەبیب کراوەتە کوردی و لە رۆژنامەی (ئالای ئازادی) بڵاوکرایەوە، هەروەها خواڵێخۆشبوو مامۆستا عەبدولقادر فەرهادی لە رۆژنامەی ئینگلیزی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەولێر دوای 1992–1993 دەری دەکرد، بڵاوی کردەوە.. بێگومان ئەو کۆنفرانسانە دیاردەیەکی نوێ بوون لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان.

1990/10/22 هەرچەندە ئەوە ماوەی دە دوانزە رۆژە لەبەر ژانی دەستم هیچم پێ نانووسرێ، بەڵام دەمەوێ ئەو چەند دێڕە هەر تۆمار بکەم، لەبەر ژانی دەستم خەوم نەماوە، بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستم، کە دێمە مووتبەق لە پەنجەرەوە، دیمەنی بەیانی، کە هێڵێکی سپی، پەیتا پەیتا، بەری ئاسۆ رووناکتر دەکا.. ئاسمان رەنگێکی تایبەتی وەردەگرێ، تاریکی دەرەوێتەوە، بەری ئاسمان رەنگی سپی دەبێ، نەختێك زەردە تێکەڵاوی سپی و شینی دەبێ، دار و چڵەکانی هەر رەش و وتاریك دیارن.. ئەو دیمەنەی بەرەبەیانی لە مێشکم دا تۆمار کراوە، هەر کە چاو لە ئاسۆی بەرەبەیانی دەکەم، ئەو دیمەنەم دێتەوە بەرچاو، کە لە ساڵانی کۆتایی پەنجاکان بە ترێن (شەمەندەفەر) لە هەولێرەوە

دەچـووومە بەغـدا، بەرەبـەیانی دەگەیشـتینە (شـارەبان – سـەعدیە)، ئاسمان ئەو رەنگەی وەردەگرت لە ناو و لە پەنا دار خورماکان گزنگی رۆژی نویّ– بە تیشکی شاپەڕی خۆی دونیای رووناک دەکردەوە.

ئەو دیمەنەی لە هۆشم دا تۆمار کراوە .. ئێستا بەرەبەیانی رۆژی 1990/10/23، کاتژمێری 6/10 بەیانی هەمان هەست، هەمان دیمەنی نیشتمانم لەبەر چاوەو.. بیرو هۆشم دەگەڕێتەوە ولآت، کە ئەوە ماوەی بیست ساڵە لێی بیّ بەشم.. لەبەر ئەوەی ژانی دەستم دەستی پێکرد، ناتوانم هەموو هەستەکانم تۆمار بکەم و چاوەڕوانی دەرچوونی شاپەڕی گزنگ و تیشکی رۆژم.

## 1990/11/11

دوای ئـەوەی دکتۆرەکـانی سـوێد نـەیانتوانی ژانـی دەسـتم راگـرن، دەسـتی راسـتەم لـەکار کـەوتبوو، شـەوێکیان کـاك فـارس بـاوە، کـە لـە سـتۆکهۆڵم جـیران بـووین، هاتـە سـەردانم، زانـی ژانـی دەسـتم هـەر بەردەوامـە، پێـی گـوتم دکتـۆر، مـن لـەکاتی خـۆی هاتمـە ڤییـەننا بـۆ چارەسـەر کردنـی دەسـتم و لـەویّ دکتۆرێـك پێـی گـوتم: بـڕۆ چیکۆسـلۆڤاکیاو ناوونیشـانی دکتـۆرێکی پێـدام و لـەویّ چـارەم کـرا.. ئەمنیش ئەو وتەیەم قۆستەوە، یەکسەر پەیوەندیم بە هونەرمەندی گەورە قادر دیلان کرد، کە لە براگ دەژیاو گوتی: لێرە شوێنی باش هەیە بۆ ئـەو جـۆرە نەخۆشـیانە، بـڕۆ ڤیـزە وەرگـرە و ئاگـادارم بکـە، تـا یەکسـەر شوێنت بۆ بگرین لای کاك تـەها مـەعروف – برازای دکتـۆر ئاوڕەحمـانی حـاجی مـارف.. منـیش دوای ئـەوەی ڤیـزەم وەرگـرت و بـە تەلـەفۆن ئاگاداری کاك قادرم کرد کە ئامادەم، رۆژوو شوێنی نەخۆشخانەکەم بۆ

دیار بکەن تا بلیتی فڕۆکە بکڕم و بێم بۆ پراگ.

ئاگاداریان کردم، کە ڕۆژی 1990/11/12 دەبێ لە پراگ بم. منیش بلیتی فڕۆکەم بۆ ڕۆژی 1990/11/11 کڕی و بەرەو پراگ فڕیم.

ڕۆژی 11/11 کاتژمێری 11:30 گەیشتمە فڕۆکەخانەی پراگ، لە فڕۆکەخانەدا، دوو برادەر کاك وریا ئەوسا نوێنەر و بەرپرسی بەرەی کوردستانی بوو لە پراگ و کاك ئەسکەندەریش لە ڕێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو، ئەسکەندەرم لە سۆڤیەتەوە دەناسی، کاتی خۆی خوێندکار بوو لە لینینگراد، بەڵام خوێندنی تەواو نەکرد و چووە بەرلینی ڕۆژئاوا، پێکەوە گەڕاینەوە ماڵی کاك وریا، کە خێزانەکەی خوارزای دکتۆر ئەحمەد و دکتۆر نالی ئامێدی بوو، لە ماڵی وریا دوو چامان خواردەوە، پاشان پێکەوە نانی نیوەڕۆمان لە چێشتخانەی (کییڤ) خوارد و چووینە نێو شار، پاشان گەڕاینەوە ماڵی کاك وریا و جانتامان هەڵگرت و چووینە ماڵی (ئەبو ئەحمەد) و پاشان شەوێ سەعات 10:00 نانی ئێوارەمان لەگەڵ برادەران خوارد، شەوێ لەلای ئەبو ئەحمەد خەوتم.

بەیانی 11/12 کاتژمێر 9:40 کاك وریا هاتەلام و پێکەوە هاتینە شار لەگەڵ ئەسکەندەر یەلدا یەکتریمان گرتەوەو ڕوومانکردە شاری تەبلیسی بۆ چارەکردن، لەوێ لەسەرەتادا شوقەیەکم گرت بە (200) کرۆنی چیکی، بەڵام ڕۆژی 11/13/ عیلاج دەستی پێکرد، عیلاجەکە بۆ ماوەی (21) ڕۆژ بوو- شوێنی زۆر خۆش بوو لە سەدەی 18 دروستکرابوون، عیلاجی سروشتی ئەنجامدەدرا.. هەم شوێنی عیلاج، هەم نووستن و نانخواردن، ڕۆژی (50)دۆلار بوو..، ژورێکی سەربەخۆم هەبوو، T.V و حەمام، و سێ جەمەش لە چێشتخانە نانم دەخوارد،

**خواردنیش خۆم رامدەسپارد.. عیلاجەکە لە سەعات 7:00 بەیانی تا 12 درێژەی هەبوو، ئێواران بەنێو دارستان و باخچەکان پیاسەم دەکرد، بۆم هەبوو تا سەعات 9:00ی شەو لە دەرەوە بم، ئەو شوێنەی تێیدا عیلاج دەکرام تێدا دەکرد، کاتی خۆی بە ناوی مۆسیقاری بەناوبانگ بیتهۆڤن بوو، بیتهۆڤن و هاینەی شاعیری ئەڵمانی لەکاتی خۆیدا لێرەدا عیلاج کرابوون.**

**دوای تەواو بوون، گەڕامەوە، پراگ، ئەوەش لەبیر نەکەم لە و ماوەیەدا، جارێك کاك وریا و قادر دیلان سەردانیان کردم، لەوێش کاك تەها مەعروف بە ڕاستی زۆر یارمەتی دام و جارێکیش لەماڵەوەیان نانمخوارد. کاك تەها تا بڵێی کوڕێکی باش و خزمەتگوزارە و کەم وێنەیە لە دۆستایەتیدا. دوای گەڕانەوەم بۆ پراگ لای هونەرمەند قادر دیلان مامەوە، شەوێك چەند برادەرێك هاتنە ئەوێ لەوانە شێخ عەلی (د.خەلیلی جندی، و کاك ئەسکەندەر و خوشکە شادان، خوشکی دکتۆر شوکریە رەسوڵ)، شەوێکی زۆر خۆش بوو، پاشان لە پراگ کۆڕێکم لەسەر شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا گۆران بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد. لەو سەردانەم هونەرمەند قادر دیلان– دوو بەکرەی تۆمار کراوی سیمیناری هاوڕێی شەهید جەمال حەیدەری پێشکەش کردم، کە لە ساڵی 1962 تۆمار کرابوو و لای هونەرمەند پارێزرابوو..**

**من و کاك قادر، پێشتر لە کۆنگرەی 19ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد– پراگ یەکتریمان ناسی و تا کۆچی دوایی دۆستایەتیمان کرد هەر بەردەوام بوو، کاتێ خۆی کە سەردانی کردم، لەگەڵ هونەرمەند خالید رەشید چاومان پێکەوت و هەروەها لە ساڵی 1996 لە برۆکسل پێکەوە بووین. لە چلەی دیلان دا شتێکم نووسیوە.**

بێگۆمان کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم لە بارودۆخێکی زۆر ناسك بەسترا، دوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و راپەڕینی گەلانی عێراق دژی سەدام حوسێن و هەواڵی تێکشکانی هێزەکانی بەعس لە کوردستان و ئازاد کردنی شارەکانی سلێمانی و هەولێر بەتایبەتی، چونکە کۆنفرانس بەر لە رزگارکردنی دهۆك و کەرکووك بوو.

لەو کۆنفرانسەدا، پتر لە (200) کەس لە زاناو ئەندامانی پەرلەمان و رۆژنامەنووسانی وڵاتانی: سوێد، ئینگلستان، ئەمریکا، فرانسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندە و سۆڤیەت و وڵاتانی تر ئامادەبوون، جگە لە نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە تەك نووسەر و روناکبیران و نوێنەرانی کۆمەڵەو مەڵبەندەکانی کولتوری کوردی لە ئەوروپا، ئەمریکاو ئوسترالیا. کۆنفرانس سێ رۆژی خایاند. لە شوێنێك بەسترا دەستگاکانی ئاسایش دەیپاراست، بۆ ئەندامانی بەشدار بوو، نەبوو لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا، شوێنەکە بەجێ بهێڵین- هۆڵی کۆنفرانس، شوێنی نووستن و نانخواردنی هەبوو و هەموو ئەوە لە باڵەخانەیەکی تایبەت بوو لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم.

بێگومان ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی بەشداری کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بوون- دەمناسین، بەڵام بەداخەوە ناوی هەموویانم لەیاد نەماوە، تەنیا ئەوانەی لەیادم ماون، تۆماریانم کردووە، داوای لێبوردنیش لەوانی تر دەکەم.

ئەو زاتانە بەشداریان کردبوو: عەزیز محەمەد، مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی، ئیبراهیم ئەحمەد، بەهائەدین نوری، عەدنان موفتی، دکتۆر مەحمود عوسمان، عەلی سنجاری، د. عەبدولباقی مائی، د.جەمشید حەیدەری، هۆشیار زێباری، مولازم کەریم، شێرکۆ بێکەس، شێخ

عـزەدینی حوسـێنی، مـەلا حەسـەنی رسـتگار، عەبـدوڵڵای موهتـەدی، شاکرۆی محۆ، سەلاحی موهتەدی، کەریمی حیسامی، حەمەڕەش رەشۆ، کـەیا ئیـزۆك، حەنـەڤ جـەلیلی، عومـەر شـێخ مـووس، نـادر نادریۆـڤ، هەروەها نوێنـەرانی حیزبەکانی باکوور و کوردسـتانی سوریا (نایەتـەوە یادم نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کێ بوو).

لە رۆژی سێیەمی کۆنفرانس 1991/3/17 کۆنفرانس پێـنج گرووپـی پێکهێنـا بـۆ لێکۆڵینـەوەی کێشـەی کـورد لـە هـەموو رووێکـەوە، مـن لـە گروپی– نـەوت و مەسـەلەی کورد بەشداریم کرد، واتـە بوونی نـەوت لـە کوردسـتان چ کاریگـەری لەسـەر چارەسـەری مەسـەلەی کـورد دا هەیـە. دوای تـەواو بـوونی کـۆنفرانس بەیاننامەیـەکی فـرەوان بڵاوکرایـەوە، هـەروەها لـە شـەوی 18/17 ئـادار 1991، کوردەکـانی بەشـداربووی کۆنفرانس کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان پێکهێنا بۆ ئاڵوگۆڕی راو بۆچوون لەسەر مەسـەلەی کـورد بەگشـتی و راگەیانـدنێکیان بڵاو کـردەوە، ئـەوەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

## راگەیاندنێك

دوای تەواو بوونی کۆنگرەی جیهانی ستۆکهۆڵم دەربارەی پاراستنی مافـەکانی کـورد. کۆبوونەوەیـەکی فـراوان لـە شـەوی 18/17ی ئـاداری 1991 کـرا، بـە بەشـداری پـتر لـە سـەد کـەس لـە نوێنـەرانی پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتان و رێکخـراوە کۆمەڵایەتییـەکان و کەسـانی نووسـەر و رۆژنامەنووسـانی کـورد لـە هـەموو پارچـەکانی کوردسـتان و وڵاتانی دەرەوە هاتبوون بۆ بەشداری کۆنگرەکە:

پـاش ئـەوەی بەشـدارانی کۆبوونەوەکـە بـە تێـر و تەسـەلی لەسـەر

بارودۆخی کوردستان بەگشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی دوان، بە تێکڕایی ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەیان پەسند کرد:

1. کۆبوونەوەکە بە توندی و بە هەموو شێوەیەك پشتگیری ڕاپەڕینە قارەمانانەکەی ڕۆڵەکانی کوردستانی عێراق دەکات و سڵاوی گەرم و پڕ شانازی خۆی بۆ پێشمەرگە و چەکدارە قارەمانەکان و هەموو خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان ڕادەگەیەنێ و بە هەموو تواناو شێوەیەك پشتگیری هەوڵ و کۆششی بەرەی کوردستانی دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری گەلی کوردستانی عێراق و پاراستنی دەستکەوتەکانی و پەیدا کردنی هەموو جۆرە کۆمەکێك بۆ خەڵکی کوردستان.. هەروەها بەشدارانی کۆبوونەوەکە پشتیوانی ڕاپەڕین و خەباتی گەلی عێراق لەپێناو ئازادی دیموکراتی دەکەن.

2. بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە کاتێکدا پشتیوانی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی هێزە کوردستانیەکان کردویانە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی، داوا لە هەموو لایەنە کوردستانیەکان دەکات، گیروگرفتی نێوانیان بخەنەلاوە و پێکەوە هەنگاوبنێن و پەلە بکەن بۆ بەستنی ئەم کۆنگرە گرنگە.

3. کۆبوونەوەکە پشتیوانی گەرم لە خەباتی نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات، لە پێناو ڕزگاری و هێنانەدی مافە ڕەواکانی دا.

4. کۆبوونەوەکە بەستن و ئەنجامەکانی کۆنگرەی جیهانی ستۆکهۆڵم بە شێوەیەکی ئیجابی (پۆزەتیڤ) هەڵدەسەنگێنێ و بەم بۆنەیەوە سوپاسی کۆمیتەی سویدی بۆ (پاراستنی ماف مرۆڤ لە کوردستان) و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد و گەل و حکومەتی سوێد

**دەکات.**

# بەشدارانی کورد
# لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم
# 1991/3/19

من دوای کۆنفرانس و لە کاتی ڕاپەڕینەکەی گەلی کوردستان، لە ژمارەی (70)ی گۆڤاری بەربانگ/ ئاداری 1991، وتارێکم نووسی لەژێر سەردێڕی: (ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئەرکی ئەمڕۆ)، لە وتارەکەدا هاتووە: بێگومان ڕاپەڕینەکەو دەستکەوتەکانی بەرهەمی خەباتی تێکڕای خەڵکی کوردستانە، نەك دەستەیەك یا هێزێك.. هەروەها: بە ئەرکی نیشتمانی خۆمانی دەزانین، کە هەندێ بیرو بۆچوونی خۆمان لەم رووەوە دەربڕین.. بە بڕوای ئێمە ئەرکەکە دوو بەشە، بەشێك پەیوەندی بە ناوەوە هەیە، ئەوی تریش بە دەرەوەی وڵات.

1) لە ناوەوە (لە کوردستان):

- پاراستنی یەکێتی ریزەکانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و حیزب و گرووپە سیاسیەکانی کوردستانی بە تایبەتی، وەلانانی هەموو گیروگرفتێکی لاوەکی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان.

- هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ رووداو بۆچوونە جیاوازەکان لە روانگەی بەرپرسیاریەتی مێژوویی و پاراستنی دەستکەوتەکانی خەباتی قارەمانانەی خەڵکی راپەریوی کوردستان.

- ڕێزگرتن و پاراستنی ماف مرۆڤ لە بوواری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادی بیرو بۆچوون و هەڵوێستی سیاسی و ڕێکخستن و خۆپیشاندان.. هتد.

**– دوور کەوتنەوەو خۆپاراستن لە گیانی تۆڵە سەندنەوە و سیاسەتی سەرکوتکردن و داپڵۆسین.**

**– گرنگی دان بە دابین کردنی ژیانی ئابووری و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و چەسپاندنی دەزگای دیموکراتی بۆ بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەی جەماوە.**

**لە دەرەوەی وڵات:**

**لە روانگەی کۆبوونەوەی بەشدار بووانی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم و راگەیاندنەکەیان بۆ پشتگیری خەباتی گەلی کوردستانی عێراق، من لەوتارەکەمدا چەند ئەرکێکم دیاری کردووە، بۆ ئێمەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات:**

**– لە هەر وڵاتێك کە کوردی ئاوارەی تێدایە، پێویستە بە زووترین کات کۆمیتەی پشتگیری دامەزرێ و دەست بەکاربێ بۆ: کۆکردنەوەی کۆمەك و یارمەتی بۆ خەڵکی کوردستان.**

**– دامەزراندنی کۆمیتەی پەیوەندی لەگەڵ دەستگاکانی دەوڵەتی و راگەیاندنی جیهانی بۆ سەرنج راکێشان بۆ بارودۆخی کوردستان و پشتگیری کردنی خەباتی گەلی کوردستان.**

**– چالاکی هەمەجۆرە لە نێو کوردەکان و بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و مرۆڤ دۆستانی ئەوروپایی بۆ یارمەتیدان و کۆکردنەوەی دەرمان و دراو بۆ خەڵکی کوردستان.**

**– کردنەوەی سەندوقی پیتاك و کۆکردنەوەی مانگانە لە کورد و بێگانە.**

**– سەرلێدانی دەستەیەك لە دکتۆرانی کورد و بێگانە بۆ کوردستان و یارمەتی دانی خەڵکە لێقەوماوەکە.**

لە کۆتایی وتارەکەمدا هاتووە: پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

ئەو وتارە بەر لە بیست ساڵ نووسراوە، هێشتا کۆڕەو رووی نەدابوو، بەڵام بەداخەوە دوای بیست ساڵ لە حوکمڕانی کورد، ماڤی مرۆڤ پێشێلکراوەو دەکرێ لەلایەن دەستەڵاتدارانی کوردستان، سیاسەتی سەرکوتکردن درێژەی هەیە، نموونەیەکی دڵخۆشکەر پیشانی دۆستانی کورد نەدراوە، ئەوانەی لە رۆژانی تەنگانەدا بەهانامانەوە دەهاتن و سیاسەتی داپڵۆسین و قڕکردنی کوردیان لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان مەحکووم دەکرد.

## ساڵی 1991

## 1991/2/2

لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم، هەندێ یاداشتم بەرچاو کەوت، هەندێکیان بڵاو دەکەمەوە، لەوانە 1991/2/2 کاك دلێر ئەحمەد بێکەس (دکتۆر دلێر) لە ستۆکهۆڵمەوە دەگەڕایەوە لینینگراد.. منیش لە دەفتەرەکەمدا ئەو چەند دێڕەم نووسیوە: ئێستا لە لێنینگراد خواردەمەنی و میوە چنگ ناکەوێ، باری ژیانی خەڵکی زۆر دژوارە.. من وەزعی داراییم خراپ بوو، بۆم نەدەکرا هیچ یارمەتییەك بۆ ناسیاوێکم رەوانە بکەم، کە باری ئابووری زۆر خراپ بوو، خۆی و دوو منداڵی تەنیا (140) روبلیان هەبوو، لە ساڵی 1990 توانیم یارمەتی بۆ رەوانە بکەم، بەڵام ئەم ساڵ بۆم نەلوا، هەرچەندە دەزانم باری ژیانی ئەو ساڵ زۆر دژوارترە لە جاران. دەشزانم کە ئێستا لەکوردستانی عێراق شەڕە، زۆر

منداڵی کورد و نەتەوەکانی تر لە برسان و لە ژێر دەنگی بۆمبباران دەژین، مەترسی قڕکردنیان هەیە، بەڵام لێرەوە هیچم بۆ ناکرێ، هەرچۆنێك بووایە، دەبووایە یارمەتی ئەو دۆستەم بدەم..

## 1991/3/6

ئەمڕۆ پاسپۆرتی هاوولاتی سویدم وەرگرت. 13ساڵ پتر لە سۆڤیەتدا ژیاوم، بەڵام ئامادە نەبووم، ببمە هاوولاتی ئەو دەوڵەتە، هەرچەند بڕیارمدا بوو، ئەگەر رۆژێك هاوولاتی خۆم بگۆڕم، تەنیا سۆڤیەت بە وڵاتی خۆم هەڵبژێرم.. من ئەوکات وام بیر دەکردەوە، نابێ هاوولاتی عێراقی بگۆڕم، بەڵام لە ساڵی 1989ەوە بۆچوونم گۆڕا، هەر بۆیەش داوای هاوولاتی سویدم کرد، چونکە من لە ساڵی 1988 مافی ئەوەم هەبوو، ببمە هاوولاتی سوید.. لە ساڵی 1990 بڕیارمدا، ببمە سویدی، چونکە سوید لە ناخۆشترین ساتدا، منی لە ئامێز گرتووە و پاراستووە، سوید وەك وڵاتی دووەم هەڵدەبژێرم، چونکە منی کورد دەوڵەتی خۆم نەبێ، کوردستانەکەم وەك زیندان بێ بۆ خۆم و نەتەوەکەم، بۆ دەبێ هاوولاتی داگیرکەرانی کوردستان بم، ئەگەر من لە وڵاتی خۆمدا.. بێگانەم، لێرەشدا (لە سوید) هەر بێگانەم، بەڵام لێرەدا وەك هاوولاتیەك رەفتارم لەگەڵ دەکەن، بۆیە کە تا ئەورۆژەی پاسپۆرتی کوردستانیم پێ نەدرێ، هەر سویدی بمێنمەوە (ئێستاش 2011/12/6) لەسەر هەمان بۆچوونم.

1991/3/26

سەر لە بەیانی قسەم لەگەڵ کاك جەوهەر نامیق کرد و خواحافیزیم لێ کرد، بەڵام نەختێك ناخۆشیمان لە بارەی راپەڕینی خەڵکی کوردستان بوو، من گوتم کە راپەڕینەکە خەڵکی کوردستان پێی هەڵساون و هێزەکان پشتگیرییان کردووە و پاشان سەرکردایەتیان کردووە، ئەویش دەیگوت: نەخێر حیزبەکان راستەوخۆ بارەکەیان تەقاندەوە.. ئەوەشم پێ گوت: سەرکردایەتی بەرە، هەریەك بە جۆرێك بارەکە لێکدەدەنەوە، د. مەحمود دەڵێ:

راپەڕینەکە خەڵکی کردوویانە، ئێوەو یەکێتی وا پیشان دەدەن هەر ئێوە کردووتانە!! (کە ئەوەم دەنووسی زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کاك جەوهەر لەسەر خەت بوو، دوعاخوازی کرد و گوتی ئەمڕۆ 3/26 سەفەر دەکا).. پاشان کاك جەوهەر پرسیارێکی لێکردم، کە چاوەڕوانم لەو نەدەکرد و پرسی کاك عەزیز داوای پەنابەری نەکردووە..؟

گوتم چۆن پرسیاری وا دەکەی؟ پێم وایە ئەگەر بتگوتبایە: پێویستە بگەڕێتەوە، لێرە چ دەکا؟ لەسەر ئەو مەوزوعە نەختێك بەتووندی قسەمان کرد.. گوتی: نەمدەزانی کە ئەوەندە حەریسی لەسەر حیزبی شیوعی.

گوتم، من لەسەر هەموو لایەك حەریسم، ئێستا ناکرێ هیچ بۆچوونێك بێتە گۆڕێ و کاربکاتە سەر پەیوەندی و تەحالوف، چونکە ئەو جۆرە بۆچوونانە بە بڕوای من لە خزمەتی کەسدا نییە، گوتی من 70٪ بە گاڵتە وتم، برادەر، چۆن بە گومان لە پرسیارەکەم دەڕوانی؟

منیش گوتم: چونکە من سەریحم لەگەڵتا، بۆیە ناتوانم بە جۆرێکی تر بدوێم، ئەگەر یەکێکی تر وای بگوتبایە هەر گوێم نەدەدایە، بەڵام پێم ناخۆشە تۆ وا بیر بکەیتەوە.

## 1991/4/1 کۆڕەو

ئەمشەو دەستگاکانی راگەیاندنی جیهانی رایانگەیاند، کە رژێمی بەغدا هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر ناوچە رزگار کراوەکانی کوردستان هێناوە، کەرکووکی لە دەست پێشمەرگە دەرهێناوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵك کوژراون و سەدان هەزار ژن و منداڵ شارەکانیان بەجێ هێشتووە، هێرشی دوژمن بەردەوامە بۆ سەر هەموو شارەکانی کوردستان، دوژمن بۆمبای ناپاڵم و فسفۆری بەکار دەهێنێ دژی شارەکانی دهۆك، هەولێر و زاخۆ، جگە لە کەرکووك.. هەروەها دوێنی نامەیەکی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی گەیشتووە، کە بۆ جۆرج بووشیان رەوانە کردووە.. ئەمشەو کاتژمێر 2:30 کاك عەبدولوەهاب عەلی (پ.د.ك) ئاگاداری کردم، کە کۆبوونەوەیەك بەم شەوە هەیە لە بەر دەرگای باڵیۆزخانەی ئەمریکا، ئەگەر بتوانرێ ئاگاداری کوردەکانی تر بکرێت، کە بەشداری تێدا بکەن.

من تەنیا فەهد گردەوانیم ئاگادار کرد و پێکەوە هاتینە بەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا، نزیکەی سەعات (3)ی شەو بوو، کە هاتین نزیکەی (100) کەسێك لەبەردەم دەرگای باڵیۆزخانەدا کۆببوونەوە، بەرە بەرە خەڵکی تریش هەر دەهاتن. ئەوەی شایانی باسە، ئەوە سێ رۆژە من بە هەموو لایەك رادەگەیەنم، کە پێویستە کارێك بکرێ، چونکە سەدام ئەو جارە لەناومان دەبا.. بەڵام بە داخەوە کەس گوێی لەو قسانەم نەدەگرت.

ئێستاش بەو برادەرانەم گوت، کە پێویستە خەڵکێکی زۆر ئاگادار بکرێن و بەرەو باڵیۆزخانەو ئەندامانی دایمی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتان بۆ هەموو باڵۆزخانەکان بڕۆن.

ئەمشەو بروسکەیەکی بەرەی کوردستانی گەیشتۆتە سوێد و داوای کردووە، کە پێویستە هەوڵێکی زۆر بدرێ و فشار بخرێتە سەر رای گشتی و سەفارەتەکان، چونکە میللەتی کورد دوو چاری نەمان و قربوون دایە، ئەگەر کارێك نەکرێ، حکومەتی بەغدا کوردی کوردستانی عێراق لەنێو دەبا.

ئەو خەڵکانەی بەردەم سەفارەت کۆبووینەوە، هەموو هاوار دەکەن: کوردستان سۆلیداریەتێت- پشتیوانی لە کوردستان- بکەن.

کوردستان لەنێو بردن راگرن.

## کاتژمێری 15 :4ی شەوی 1991/4/1 ستۆکهۆڵم

لە 1991/4/1 کوردەکانی سوێد، لە هەموو شارەکان روویانکردە ستۆکهۆڵم و لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا کۆبوونەوە، ژنانی کورد و هەندێك لە پیاوانیش لە نزیك باڵیۆزخانە مانیان گرت و لەسەر شەقام رایەخیان راخست و شەوو ڕۆژ شوێنی خۆیان بەجێ نەدەهێشت و هاوولاتیانی سوێدیش گوڵیان دەهێناو پشتگیری خۆیان بۆ گەلی کوردستان رادەگەیاند.. بەشداربووانی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و مانگرتووەکان بڕیاریان دا، هەندێ روو بکەنە بەر باڵیۆزخانەکانی ولاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەروەها ڕۆژانی شەممەو یەك شەممە لە باخچەی پاشادا کۆڕ و کۆبوونەوەو خۆپیشاندان ئەنجام بدرێ، هونەرمەندانی کوردیش بەشدارییەکی چالاکیان هەبوو (ناسری رەزازی، نەجمەدینی غولامی، شڤان و دەیانی تر.. هەروەها چەند شاندێك پێکهات بۆ سەردانی باڵیۆزخانەکانی ئینگلستان، فەرەنسا و سۆڤیەت و چین، ئەوەی بێتەوە یادم، ئێمە سێ کەس (من و

دکتۆر ناسح غەفور و برادەرێکی تر بوو ناوەکەم لەیاد نەماوە)، چووینە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و بارەکەمان بۆ شی کردنەوە و داوای هەڵویستمان لیّ کردن.. ئەم خۆپیشاندان و مانگرتنە درێژەی هەبوو، تا ئەو رۆژەی T.Vیەکان، وێنەی چاوپێکەوتنی نوێنەرانی بەرەیان لەگەڵ سەدام حوسێن پیشاندا– ماچە بەناوبانگەکانی خەڵکی وەك ئەوەی ئاوێکی ساردی پێدا بکەن.. دیارە ماچ و مووچەکە لەگەڵ دیکتاتۆری عێراق هەموو سەرکردە و بەرپرسانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی لەخۆ گرت، ئەوانەی بەشداری گفتوگۆیان لەگەڵ حکومەتی بەعس دەکرد.. دیارە کوردەکانی هەندەران زۆر بێزاریان دەربڕی بەرانبەر نوێنەرانی بەرەی کوردستانی، ئەوانەی لەگەڵ سەدام حوسێن کۆبوونەوە.. دیارە کەس دژی گفتوگۆ نەبوو، بەڵام نەك کورد بچێتە بەغدا، بەڵکو پێویست بوو، لە شوێنێك ئەنجام بدرێت بەغدا نەبێت و بە بەشداری لایەنی سێیەم گفتوگۆکان ئەنجام بدریّ، دیارە هەڵویستی وڵاتانی ئەوروپا و دەرکردنی بڕیاری (688) کاریگەری هەبوو لەسەر گفتوگۆ و دابین کردنی زۆنی ئارام لە سەرووی هێڵی 36..

لەیەکی ئایار مانگی1991/5 من و جوانە پێکەوە بەشداری جێژنی یەکی ئایارمان کرد لەگەڵ کۆمەڵەی سپۆنگەو خۆپیشاندەرانی پارتی سۆسیال – دیموکراتی سوێد. جوانە دروشمێکی هەڵکرتبوو تێیدا نووسرابوو: منداڵانی کورد دەمرن و UN (نەتەوە یەکگرتووەکان چاو دەپۆشن).

## 1991/6/9

ئێستا بە کەشتی Silyaی فینلەندی بەرەو فینلەندە گەشتێك دەکەم. لە نهۆمی 12 لە بارێك دانیشتوم، دەریای بالتیکم لەبەر چاوە،

قەنەفەی باڕەکە لە مەخمەری پەمەیە، گڵۆپەکان لە شێوەی گوڵی تولپان دروستکراوە. کە چاو لە دەریا دەکەم، وا هەست دەکەم لەوانەبێ دواجار بەو ڕێگایەدا هاتوو چۆ بکەم، بێگومان ئەو هەستە پەیوەندی بەوە هەیە، کە دەگەڕێمەوە وڵات، هەرچۆنێك بێت لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوو زۆر دەریام بینیوە، زۆرم رابواردووە، کەم جار بێ هەوەسی خۆم کردووە.. ئەگەر بێرەشدا نەگەڕێمەوە، ئەوە زۆرم لە دەست نەچووە.

## 1991/6/10

ئێستا کاتژمێر 10:45 خوولەکە لە وێستگەی هیلنسکی دانیشتووم، جگارە دەکێشم قاوە دەخۆمەوە، جوان و کاتیاش لە دەرەوە لەلای جانتەکان ماون. لە سوێدەوە گەیشتینە فینلەندە.. هەر ئەوڕۆش سەعات 13،12 بەرەو شاری لێنینگراد بەڕێ دەکەوم، کە نزیکەی (10) ساڵی تێدا ژیاوم. زۆربەی ژیانی لاویەتیم بەو شارە بەستراوەتەوە..

لە ساڵی 1970 تا 1983، خوێندنم، ژنهێنانم، دوو منداڵم هاتونەتە دونیا (حەیدەر 1972، جوان 1979)، پاشان لە رۆژی 1983/3/4 رووم کردە شاری ستۆکهۆڵم.

ئەوە (8) ساڵە لێرەدا لە (سوێد) دەژیم و چەند مانگێکە بوومەتە هاووڵاتی سوێدی، بەڵام غەریبی و دوورە وڵاتی وای لێکردووم بە هەر جۆرێك بێت بەرەو نیشتمان بگەڕێمەوە.

ئێستا لە باڕی ترێن (شەمەندەفەر) دانیشتووم بەرەو لێنینگراد دەڕۆین.

جوان و کاتیە برسی بوون، نانی هەردووکیان (16) دۆلاری کرد، بۆ خۆشم بیرەکم بە دوو دۆلار کڕی، بۆ ئەوەی نانی ئێوارە نەخۆم (7) دۆلار

پاشــەکەوت دەکــەم، لەبــەر ئــەوەی ڕێگاکــەم دوورە، پــارەم پــێ دەوێ، دۆلارەکە ئەگەر کەم بێت، مەجبوری دەستی بێگانە دەبم.

## 1991/6/15

. دەنگوباسی ئەمڕۆ وا ڕادەگەیەنێ، مام جەلال لە ئەنقەرە چاوی بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا کەوتووە.

ـ دوا سـەربازی ئـەمریکا شـاری دهـۆکی جێهێشـتووە، بـەلام هێـزی هاوپەیمانەکان لە ناوچەکەدا، هەر ماون، تا ئێستا گفتوگۆی نێوان ڕژێم و بەرە (بەرەی کوردستانی) تەواو نەبووەو بێ ئەنجامە.

## 1991/6/20

لەم چەند ڕۆژەدا، چەند جارێك لەگەڵ کاك برایمی صۆفی چاومان پێك کەوتووە، چ لەلای هیوای زاوای و چ لـەلای د.کامـەران شـۆڕش. هـەروەها لەگـەڵ میم، بـەلام ئـەمڕۆ باوکی تـارا (کـاك بـرایم) گەڕایـەوە سـتۆکهۆڵم و خواحافیزیمـان لێـك کـرد، بـەو نیـازەی لـە کوردسـتان چـاومان پێـك بکەویتەوە، بەپێی دەنگوباسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، دوای جێژنی قوربان، ڕێکـەوتن لـەنێوان نوێنـەرانی بـەرەی کوردسـتان و دەوڵـەتی عێـراق مـۆر دەکرێ.

بڕیاری گەڕانەوەم بۆ کوردستان، بەر لە ڕاپەڕینەکەی کوردستان بوو، دوای ڕاپەڕینەکەش هـەرماوە، بـەلام لەبـەر گفتوگـۆی نێـوان ڕژێـم و کـورد دوام خست، ئێستا بڕیار وایە لـە کۆتـایی ئـەم مانگـەدا بـەرەو کوردسـتان بگەڕێمەوە.

ئـەمڕۆ دوای سـەعات و نیوێـك لەبـەردەم قونسـلخانەی فینلەنـدی، دیسان مەسەلەی ڤیزای جوانە چارە نەکرا، کە گەڕامەوە، لیدیا (لیدیا کچی هاوڕێم نەریمان عەزیز پشتیوان)ە لەگەڵ دایکی لە ماڵی ئێمە بوو.. بـە داپـیرەی جـوانم ڕاگەیانـد، کـە مەسـەلەی ڤـیزای جوانـە جـێ بـەجێ نەکراوە، پێم گوت لەگەڵ جوانە بڕۆن و ڤیزاکە وەرگرن.. لەوە نەختێك عاجزیمان بوو.. چونکە گوتی من تەندروستیم باش نیە، گوتم هـەموو داپیرەکـان بـەو کـارە هەڵدەسـتن.. ماڵـەوەم بـەجێ هێشـت و چـوومە چێشتخانەی تبلیسی بۆ خواردن و خواردنەوە.

ـ لێرەدا لـە دەفتەرەکـەم، بابـەتێکم نووسـیوە، بـەڵام دیـارە تـەواوم نەکردووە دەربارەی ناکۆکی نێوان سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە.

نموونەیـەك لـەو ناکۆکیانـە دەگەڕێتـەوە سـاڵی 1961 کـە حکومـەتی قاسم شـەڕی بەسـەر کـوردا فـەرز کـرد، پـارتی کۆمۆنیسـت هـەوادارێکی زۆری لە کوردستان هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەو پارتە لەگەڵ قاسم بوو و پشتگیری دەکرد لەژێر دروشمی (کفاح – تضامن – کفاح – خـەبات – پشـتگیری – خـەبات). هـەوڵی دەدا بـە جۆرێـك تەئسـیری لـە سیاسەتی دەوڵـەت بکـەن و بۆ چارەکردنی ئاشتیانەی مەسـەلەی کورد، بـەڵام ڕژێـم کوردسـتانی بۆمبابـاران دەکـرد، جوتیارەکـانی کوردسـتان کەوتنە بەر پەلامار و هێرشەکانی دەوڵەت، ناچار دەبوون، کە یەك ڕێگا هەبوو بیگرن، ئەویش خەباتی چەکداری بوو و پاڵ دان بوو بە هێزەکانی پارتی پ.د.ك، چونکە دوژمـن دەسـتی نەدەپاراسـت و ئـەوەی لێـك جیا نەدەکردەوە کام هێزی کوردیـە (پارتیـە)و کـام لەگـەڵ (کۆمۆنیستەکانە)، ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی بەرەبـەرە پـارتی کۆمۆنیسـت هـەوادارەکانی لەدەست بچێ.

هەرچەندە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان باش دەیزانی، کە ڕژێم سیاسەتی شۆڤێنی وێرانکردنی کوردستان و پێشێلکردنی ماڤ کوردی گرتۆتەبەر، بەڵام بۆی نەدەکرا، سیاسەتی خۆی لەگەڵ سیاسەتی بەرگری کردن و خەبات کردن دژی هەڵوێستی ڕژێم بگونجێنیٚ، لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندی و سیاسەتی گشتی ئەو پارتە لە بەغدا دۆستایەتی حکومەتی عێراق (قاسم)ی هەڵبژارد بوو، جا ئەگەر ڕێکخراوی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووایە، ئەو سیاسەتی و تاکتیکی خۆی لەگەڵ بارودۆخی بزووتنەوەی کوردی دەگونجاندو دەیتوانی سەرکردایەتی خەباتی خەڵك بکات و لە جاران بەهێزتریش دەبوو، بزووتنەوەی کوردیش هەڵنەدەخلیسکایە باوەشی ڕژێمی شای ئێران.. هەر لەو نووسینەدا کە نامەویٚ هەمووی بڵاو بکەمەوە، تەنیا ئامارژە بە نموونەی ساڵی 1974یش دەکەم، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەڵەیەکی ستراتیجییان کرد، چونکە پارتی و شیوعی دوو هاوپەیمانی ستراتیجی بوون، بەڵام پارتی دوای بەیاننامەی ئاداری 1970، هاوپەیمانی ستراتیجی بە هاوپەیمانی کاتی گۆڕییەوە، کە بەعس بوو و لەماوەی چوار ساڵدا تاکە دەستەڵاتداری کوردستان بوو، خەباتی هاوبەشی شاخ و پێشمەرگایەتی پشتگویٚ خست، پارتی کۆمۆنیستیش کە چووە بەرە لەگەڵ بەعسدا، هاوپەیمانی ستراتیجی بە هاوپەیمانی کاتی گۆڕییەوە و مەرجەکانی بەعسی قەبووڵ کرد لەکار نەکردن لەنێو لەشکردا، لەنێو ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و ددانی بە سەرکردایەتی بەعس دانا بۆ حوکمی عێراق و هەردوو لا تووشی نسکۆبوون و گەلانی عێراق و بزاڤی دیموکراتی تێدا زیان بەخش بوون.

1991/6/26

گەیشتمە شاری تبلیس- پایتەختی گورجستان، لە فڕۆکەخانە ژۆراو سێرگی چاوەڕوانیان دەکردم.. (ژۆرا، کوردێکی گورجستان بوو، لە زانکۆی لێنینگراد لە بەشی زمانی عەرەبی خوێندکار بوو، لەگەڵ من لە زانکۆدا یەکتریمان ناسی و هەروەها لەگەڵ دایك و باوك و خوشکی ئاشنایەتیم پەیدا کرد، ئەگەر ئەوان بهاتبانە لێنینگراد چاومان پێك دەکەوت، منیش کە سەردانی گورجستانم دەکرد، دەچوومەماڵیان، سێرگیٚ ئەویش هەر کورد بوو، خوشکی ژۆرا ناوی رۆزە بوو)، لە ڕێگادا پێم سەیر هات؟! کە سێرگی گوتی بۆ چ هوتێلێك بچین؟ چونکە هەموو جار، کە دەهاتم هەر لەلای ئەوان دادەبەزیم، هەروەها گوتی: یەکسەر بچینە وێستگە، تۆ ئەوڕۆ دەڕۆی؟ منیش گوتم: نەخێر ئەوڕۆ ناڕۆم، بەڵام لام گرنگ نییە لە کوییٚ دەبم، من پێویستم بەوەیە لەگەڵ چەند هاوڕیٚ و دۆستێکم پەیوەندی بکەم.

گوتیان: باشە، با بچینە ماڵەوە.. پاشان بڕیار دەدەین.. گوتم: زۆر باشە.. دوایی زانیم کە ژۆرە رۆژی 6/27/ بۆ لینینگراد سەفەر دەکات و رۆزەی خوشکی لەگەڵ مێردەکەی (ئیلۆ) بۆ ئەمریکا سەفەر دەکەن. لە ماڵەوەیان قاوەیەکمان خواردەوە، پاشان دایکی ژۆرا ماسی ئامادە کرد، منیش حەز لە ماسی ناکەم، بۆنەکەی زۆر ناخۆش بوو. لە ماڵەوە دەرچووین بەرەو هوتێل- لە یەکەم هوتێل- سێرگی چووە ژوورەوە هاتەوە گوتی داوای (75) دۆلار دەکەن، گوتم با بۆ هوتێلێکی تر بچین، گوتیان: هوتێلی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی گورجستان، هاتینە هوتێلەکە ژۆرا چووە ژوورەوە، لەگەڵ بەرپرسیاری هوتێلەکە قسەی کرد و هاتە دەریٚ.. گوتی جێگا هەیە، ژوورێکی دوو نەفەری و

لەگەڵ حەمام و تەلەفزیۆن.. گوتم: زۆر باشە.. هاتینە هوتێلەکە کاغەزی پێویستمان پڕ کردەوە. چوومە ژوورەکەم و جلم گۆڕی و پاشان پێکەوە چووینە خانەی ڕۆژنامەنووسان، نانی ئێوارە و نیوەڕۆمان خوارد لەگەڵ یەك بوتڵ ڤۆدگا، دوای سەرمان لە ڕۆزای خوشکی ژۆرا دا، قاوەیەکم لەلای ئەویش خواردەوە، دوایی گەڕامەوە هوتێل.. بەر لە نووستن لەگەڵ شێخ مراز (شێخی ئێزیدییەکانی تبلیس) ڕێکەوتین، کە ڕۆژی 6/27 کاتژمێر (10)ی بەیانی لەلای من کۆبینەوە- لامارا پاشایڤا (پسپۆڕی ئێتنوگرافی یە)، ژۆرە شەمۆییڤ- سکرتێری کۆمەڵەی ڕۆناهی و شێخ مراز. پاشان لێی خەوتم.

بەیانی ڕۆژی 6/27 سەعات (10)، عەزیزی ئیسکۆ (شاعیر و مامۆستای زمانی کوردی)، شێخ مراز، سکرتێری کۆمەڵە، ژۆرە (خۆدۆیان) و ژۆرە شەمۆییڤ، سیرگی هەموو هاتنە لای من، بەڵام ژۆرە خودۆیان و سێرگی زوو ڕۆیشتن، ماینەوە من و عەزیز ئیسکۆ و ئەوانی تر.

عەزیزی ئیسکۆ بە کورتی باسی چالاکی کۆمەڵەی ڕۆناهی کرد، باسی بەستنی کۆنفرانسی کۆمەڵەو خۆپیشاندانی کۆمەڵە لە ڕۆژی 9/نیسان- یادی دامرکاندنی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی گورجستان- هەروەها یادی هەڵەبجە، کە یادیان کردبۆوە، هەموو ئەوانەی بۆ باس کردم و دوایی گوتی: کوردەکانی گورجستان، خۆپیشاندانێکی گەورەیان بۆ تراژیدیای کوردستانی عێراق سازکرد. پاشان کاك عەزیز لەبەر هەندێ کار، ئێمەی بەجێ هێشت.. شێخ مراز هەندێ گلەیی کرد، کە لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی هەندێ کەس بۆ سوێد بانگ دەکرێن، کە نوێنەری کەس نین- دیارە مەبەستی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بوو، کە

لــە ڕۆژانــی 15-17ی ئــادار بەســترا. کــە نادرۆــڤ و شــاکرۆی محــۆ بانگێشت کرابوون. بۆم روون کردەوە، کە میوانەکان لەلایەن کۆمیتەی سـوێدەوە بانگێشـت کرایـنـە و پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە نییـە. پاشـان زۆر بابـەتم بـۆ بـاس کـرد و پـێم لەسـەر ئـەوە داگـرت کـە پێویسـتە یـەکێتی ریزەکانی کورد بپارێزین.

## 1991/6/28

ئەمڕۆ لەگەڵ شێخ مراز چووینە ماڵـەوەیان و نانی نیوەڕۆمان لـەلای ئـەوان خـوارد. شـێخ مـراز باسـی خـۆی دەکـرد، کـە چـەند هەوڵیـداوە خوێنـدن و زمـانی کـوردی لـەنێو کوردەکـانی گورجسـتان بـڵاو بکاتـەوە، بەڵام گلەیی لە هەمووان دەکرد، من یەکێکم نەدی، لەوی تر رازی بێت، دیارە ئەوە نەخۆشی کوردە، کەس بە کاری ئەوی تر رازی نییە.

پاشـان شـێخ مـراز پێشـنیاری کـرد پێکـەوە بچینە تازیـە و ناشـتنی (عەگیـد بەنـدۆری)، کـە لـەو دوو رۆژەدا کۆچـی دوایـی کـردووە.. چـوینە شوێنی تازیە، خێوەتێکی گـەورە هەڵدرابوو، نزیکـەی (400) پیاو و ژن دەورەیــان لــە جەســتەی مردووەکــە دابــوو، ئــەویش لەســەر شــێوەی رووسەکان جلی لەبەر کرابوو (جلی ئەوروپیانە) و چەندان دەستە گوڵی لەتـەك دانرابـوو، کـوڕ و کـچ و نـەوەکانی لەتـەك جەسـتەکەی فرمێسـکیان هەڵدەڕشت و سەردولکەیان دەگوت.

جەمشید، خزمێکی عەگید بوو، داوای لێکردم وێنـەی کۆچکردووەکە لەگەڵ کەسوکارەکانی بگرم. منیش وەك پێویست ئەو ئەرکەم ئەنجام دا، پاشان هەموو لایەك پێکەوە تەرمی عەگیدمان خستە نێو پاسێك و لەگەڵ چـەند پـاس و ئۆتـۆمبێلێکی دی بـەرەو قەبرسـتانمان بـرد. گۆڕسـتانی

کوردەکانی تبلیس دوورە لە شار، لەسەر لوتکەی چیایەکە. شێخ مراز ئاگاداری کردم، کە کوردەکانی گورجستان (5) قەبرستانیان لە ناوچەی تبلیس دا هەیە.

کە گەیشتینە قەبرستان.. چیم دی.. دیارە هەر قەبرێك، شێوەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش پەیوەندی بە باری ئابووری خاوەنەکەیەوە هەیە. هەندێ قەبر، بە مەرمەڕی رەش هەڵچندراوە، وێنەی خاوەنەکەی بەقەد بالآی مەرمەڕەکە هەڵکەندراوە، بە گوڵ دەوراوپشتی چێندراوە وەك مەزاری گەورە پیاوانی دەوڵەت، پارەییەکی زۆریان لێ خەرج کردووە، ئەوەی سەرنجی راکێشام لەسەر کێلەکان، جگە لە وێنەی مردووەکە، رۆژی لەدایکبوون و کۆچکردنی، هەروەها سمبوڵی پیشەی مردووەکە، یاخود هۆی مردنەکە بۆ نموونە- ئەگەر کۆچکردوو بە رووداوی ئۆتۆمبێل چووە- وێنەی ئۆتۆمبێلەکە و ژمارەکەشی دیاری کراوە.. دوای ناشتنی مردووەکە، هەموو لایەك گەڕاینەوە بۆ رەشماڵەکە، مێز رازاندرابووەوە، شەراب، ڤۆدگا، میوە، سەوزە، خەیار و تەماتە و رەیحان.. دیار بوو مانگاییێکیشیان سەربڕی بوو و گوشتەکەیان کوڵاندبوو.. جا برا بۆ خێر و رەحمەتی مردووەکە هەر گۆشت هەڵدەوەرا، بە تایبەتی شێخی عەشیرەتەکەی بەو کارە هەڵدەستا.. ئێزیدیەکان لە چەند بنەماڵەی شێخان پێکدێن.. بنەماڵەی شێخان کچ نادەنە پیران، پیر کچ نادەنە مرید، بەڵام بە پێچەوانە (شێخ و پیر) بۆیان هەیە ژن لە دەستەکانی لە خۆیان نزمتر بخوازن.

تا سەعات 7:40 ماینەوە، پاشان من لەگەڵ هونەرمەند (ئەندۆ) گەڕاینەوە هوتێل- کە گەڕاینەوە، دیتمان کاك عەزیزی ئیسکۆ و سکرتێری کۆمەڵەی روناهی چاوەڕوانیان دەکردین و پاشان ژۆراش هات.

## 1991/6/29

کاتـژمێر 13:35 خوولـەك لـە تبلیسـیەوە بـە فڕۆکـە بـەرەو بـاتۆمی فڕیم، یەکسـەر لـە فڕۆکەخانـەی باتۆمی بە تاکسـی بـەرەو شـاری سـارپ چووم، کە دەکاتە دەرگای سنووری تورکیا و گورجستان.

لە کاتژمێری 1:30 لـە سـارپەوە بـۆ سـەمسـۆن بـەڕێ کـەوتم و شـۆفێر گـوتی: لێـرەوە بـۆ دیـار بـەکر نـزیکترە، بـەڵام بـۆم دەرکـەوت لـە ڕێگـای تەرابزونەوە، ڕێگا نزیکتر بوو.

کاتـژمێر (4)ی بـەیانی گەیشـتمە سەمسـۆن، چـوومە نـزکترین هوتێـل (Gold) و لـەوێ دابـەزیم- شـەوی بـە (30) هـەزار لـیرە بـوو. کاتـژمێری (8)ی بەیانی لە خەو هەڵسام، دوشێکم وەرگرت و گوێم لـە دەنگوباسـی B.B.C T.V بوو، پاشان هاتمەوە خوارێ تەلەفۆنم لەگەڵ ستۆکهۆڵم کرد و نانی بەیانیم خوارد، دوای ئەوە ڕوومکردە بازاڕی سەمسۆن و لـەوێ زانـیم یەکـەم پـاس بـۆ دیاربـەکر سـەعات (5)ی ئێـوارە دەردەچـێ، بـە پێویستم زانی تەلەفۆن بۆ دیار بەکر بکەم و هـەروەها بـۆ ئەسـتەمبۆڵ بـۆ کاك محەمەد عەلی ئەسلان.

## 1991/6/30

ئێستا لە شاری سەمسۆن بە تەنیا دەگەڕێم و کەس ناناسـم، زۆربـەی شـەقامەکانی نێـو شـارم کوتایـەوە، بـە باخچـە و لێـوار و قـەراخ دەریـای ڕەش گەڕام.. خواخوام بوو، چاوم بە کوردێك بکەوێ، بەڵام بۆم دەرکەوت کە زۆربەی خەڵکی شار تورك-زمانن- بـەنێو پارکی ئـەتاتورك دەگـەڕام، لـەناکاو گـوێم لـە وشـەی کـوردی بـوو.. گـوێی خـۆم قـوڵاخ کـرد.. چـەند

سەربازێکی گەنج کە تازە بانگهێشتی لەشکر کرابوون، لەگەڵ پیرە باوك و پیرە دایکیان، کە دیارە بۆ سەردانیان هاتبوون بە کرمانجی دەدوان. منیش لێیان نزیك بوومەوە و پرسیم.. کرمانجن؟ ئەرێ.. ئەزیش کوردم.

ئافرەتەکە گوتی.. خەڵك ئامەدێم، دوو کوڕی مە لە میسل (موسڵ) کاردەکەن، دوای چاکوچۆنی خودا حافیزیم لێکردن، هەندێکی تریش بە شەقامەکاندا گەڕام و سوڕامەوە و پاشان گەڕامەوە هوتێلٰ و تەلەفۆنم لەگەڵ کاك مستەفای تانریکولو (برای کاك ویلدان- سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد کرد، کاك مستەفا پارێزەر و لە دیاربەکر کار دەکات).. ئاگادارم کرد، کە بەیانی دەگەمە دیاربەکر، پاشان (20) دۆلارم گۆڕیەوە، چوومە چێشتخانەیەك نان و کەباب و دوو چای خەستم لەسەر کرد.

دوای نانخواردن، دیسان لە بێ کاری بە شەقامەکاندا سوڕامەوە، تووشی بارێك هاتم و لەوێ بیریەکم خواردەوەو ئەو چەند دێڕەشم تۆمار کرد. سەمسۆن شارێکی گەورەیە دەکەوێتە قەراخ دەریا، هەرچەندە جوانە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس ناناسم، پێم ناخۆشە.

ئەوەی سەرنجی راکێشام لە تبلیسی (گورجستان، لە هوتێلی کۆمیتەی ناوەندی لە ژووری (302) هاتبوومە خواری و لە (سەمسۆن)یش ژوورەکەم ژمارە (302) بوو. ئەوە بە قسەی پێشینان - بەختە کاتژمێر (5)ی ئێواری بەرەو دیاربەکر بەڕێ کەوتم، لە ڕێگادا بە شارێکی زۆر جوان و کۆندا تێپەڕیم، کە لە قەد چیابوو، بە دەیان ئەشکەوتی تێدا هەڵکەندرابوو- ئاماسیە- پێم وایە کاتی خۆی پیرەمێردی شاعیر لەم شارەدا کارمەند بووە.. چەند مزگەوتی مێژوویی لە شارەکەدا هەیە.

# 1991/7/1

**لە ڕێگای نزیک دیاربەکر، پاسەکەمان نەختێک وەستا، منیش هاتمە خوارێ، جگارەیەکم پێ کرد و چاوم بە دار تووێک کەوت، من ئەوە بیست ساڵ پترە، تووم نەدیتوە و نەخواردووە، تووی شامی بوو هەندێکم لێ خوارد، جگارەکم لە یەکێك لە هەڤاڵەکانی نێو پاسەکە وەرگرت، توتنی کوردی بۆن خۆش بوو. خۆ ئەوە، ئەمنم لە کوردستان، ئەو خەونەم هاتەدی و سەردانی دیار بەکر بکەم، کە لەکاتی دەوڵەتی عوسمانی دا، مام ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری- نوێنەری ئەو شارە بوو، لە ئەنجوومەنی (مەبعوسان)، لە ئەستەمبوڵ. دە ساڵ لەمەوبەر کە لە سەردانی سوریا بووم، ویستم لە ڕێگای تورکیاوە، بگەڕێمەوە سۆڤیەت، بەڵام ڤیزای تورکی ئەستەنگ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا هاووڵاتی سوێدم، بێ ڤیزا دەتوانم بۆ هەموو وڵاتان بچم، جگە لە سۆڤیەت، ئێران و عێراق.**

**ئەمڕۆ چاوم بە کاک مستەفا تانزیکولو- کە بە مستەفا سەزگین ناسراوە - کەوت و چووینە ماڵەوەیان، لەگەڵ باوك و دایك و خێزانی کاك مستەفا نانی نیوەڕۆمان خوارد.. ئەمڕۆ ئێوارە نیازم هەیە لەگەڵ تێکۆشەر کاك مەهدی زانا، چاومان پێك بکەوێ و بەیانیش لەگەڵ نوێنەری پەناهەندەکانی کوردستان- ئەوانەی لە ساڵی 1988، لەکاتی ئەنفال روویان لە تورکیا کردبوو چاومان پێك بکەوێ بکەوێ.**

**کاك مستەفاو باوکی داوای لێبوردنیان کرد، کە ئەمشەو ناتوانن لەگەڵم بن، چونکە مستەفا سەردانی دکتۆری ددانی هەیە و باوکیشی هەندێ کاری هەیە، لە بانك.**

**برادەرێکی کاك ویلدان، ناوی عوسمان بوو، کە زانی من لە سوێد**

هاتووم، گوتی: دەبێ ئەمشەو پێکەوەبین.. منیش لەبەر ئەوەی کەسم نەدەناسی و ناسیاوەکانی خۆشم، کە خزم و کەسیان لە سوێدە، کەسیانم نەدیتبوو، ژوانم لەگەڵ دانا، کەچی نەهاتە ژوانەکە، بەڵام لە کاك مستەفام پرسی بوو: ئەرێ لە نزیك هوتێل شوێنێ هەیە؟ کە شەو تێیدا کاتەکە بکوژم!!.. ئەویش باڕی سینانی پیشاندام، کە نزیك هوتێلەکە بوو.. ئێستاکە یادداشتەکانم دەنووسم، بە تەنیا لە باڕەکەدا دانیشتووم، تکە دەخۆم و وردە وردە دەخۆمەوە.

بە قەناعەتی خۆم کاك مستەفا خۆی دزییەوە، ئەگەر ئەو هاتبووایە هەولێر بۆ لای من، بەم شێوەیە رەفتارم لەگەڵدا نەدەکرد، بەڵام پێشینان راستیان گوتووە:- "کەڤر (بەرد) لە شوێنی خۆیدا، سەنگی هەیە".

بێگومان ئەوەش ئەزموونێکی نوێیە لە ژیانمدا، ئەگەر سوودی لێ وەرگرم، چونکە کورد فێر نەبووە، سوود لە چەوتیەوکانی خۆی وەرگرێ.. شەو کاتژمێر 11:15 گەڕامەوە هوتێل و چەند تێبینیەکم لای خۆم تۆمار کرد.

## 1991/7/2

ئەمڕۆ بەیانی سێ هەڤاڵی کۆمیتەی پەنابەرانی کورد لە دیار بەکر هاتنە لام، پاش ئەوەی بە کورتی باسی پەنابەرانی کوردیان بۆ کردم، پاشان باس هاتە سەر مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان، رێگایان بۆ دەستنیشان کردم و هەروەها ناوی ئەو بەرپرسانەیان دامێ، کە دەتوانم لە رێگای ئەوانەوە بگەمە شەقلاوە.

دوایی پێکەوە دەرچووین بۆ کڕینی بلیتی پاس بۆ سلۆپی و لەوێوەش بۆ خابوور و زاخۆ. لە رێگادا تووشی کاك مەهدی زانا بووین،

بەگەڵمان کەوت پارەی بلیتی پاسەکەشی دا، پاشان لەگەڵ کاک مەهدی چووینە چایخانەیەك، ئەوەی شایانی باسە، لە ڕێگادا، چەندان کەس بەرەو کاك مەهدیەوە هاتن و چاك و چۆنییان لەگەڵ دەکرد و زۆر ڕێزیان لیّ دەنا، هەندێك دەستیشیان ماچ دەکرد.

پاشان لەگەڵ کاك مەهدی چووینە نووسینگەی ڕۆژنامەی (HAP) پارتی خەڵکی نیستمانی، چایەکمان لەویّ خواردەوە، دوایی چوینە باخچەیەکی گەورە و چایخانەیەکی مەزن. چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کاك مەهدی زانا تۆمار کرد (ئەو چاوپێکەوتنەم، لە دوای گەڕانەوەم بۆ سوێد لە ژمارەی (75)ی گۆڤاری بەربانگ، ساڵی 1991 بڵاوکردەوە).

ئێوارە پەیوەندیم لەگەڵ دایکی حەیدەر کرد، کە بەیانی بەرەو کوردستان دەگەڕێمەوە (مەبەستم باشووری کوردستانە).

## 1991/7/3

سەر لە بەیانی ئەمڕۆ بە پاس بەرەو سلۆپی بەڕێکەوتم، سەعات 12:15 گەیشتمە شارۆچکەی سلۆپی و لەوێشەوە دوای نیو سەعات گەیشتمە پردی خابوور، کە سنووری عێراق و تورکیا دەست پێدەکات، دوای ئەوەی چووومە بنکەی پۆلیسی سنوور و پاسپۆرتم مۆرکرد، کە تورکیا بەجیّ دەهێڵم، هاتمە سەر سنوور بەپیّ پردەکەم بڕی، دوو زارۆکی زاخۆیی یارمەتیان دام بۆ هەڵگرتنی جانتاکان.. کە گەیشتمە کۆتایی پردەکە، چەند زارۆکی کورد کە جگارە و مافوور و فەرشی دیواریان بە لەشکری هاوپەیمانەکان دەفرۆشت، پێشوازییان لێکردم، ئاوێکی ساردیان دامیّ، داوایان لێکردم، ئەگەر برسیمە نانیان لەگەڵدا بخۆم.. هەندیّ کێکی ئەمریکییان پێدام، زۆر پرسیاریان لە بارەی سوێد

و ژیان لە دەرەوەی ولأت لیّ کردم.. دوایی لەگەڵ کاك مەکی (خزمی کاك جەلال ئامێدی بوو – بەداخەوە کاك جەلال لە دوای راپەڕین بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد)، کە لەسەر پردەکە یەکتریمان ناسی و پێکەوە ئۆتۆمۆبێلمان گرت، دیسان کاك مەکی نەیهێشت پارەی ئۆتۆمبێل بدەم، چووینە زاخۆ و لەوێوە چووینە گەراجی دهۆك.. نەفەر نەبوو، بۆیە کاك مەکی تاکسی تایبەتی گرت و پارەکەشی بەخۆی دا.

لە رێگا لە کاك مەکی-م پرسی: من دوو هاوڕێم هەیە، خەڵکی ئامێدین کاك ئەحمەد یونس و دکتۆر ئەحمەد موختار ئامێدی، ئایا تۆ دەیانناسی؟

گوتی: هەردووکیان لە دهۆك دەژین و هەر دووکیان دەناسم.

گەیشتینە دهۆك داوام لە کاك مەکی کرد من بگەیەنێتە ماڵی کاك ئەحمەد یونس، چونکە من و کاك ئەحمەد لە ساڵی 1959 یەکتر دەناسین و لە ساڵی 1977 چاومان پێك نەکەوتووە، کاك ئەحمەد زۆر چاکەی لەسەر من هەیە و بە برای خۆمی دەزانم، بەڵکو هەندیّ جار لە براش زێترە.

هاتینە ماڵی کاك ئەحمەد، خۆی لەماڵ نەبوو، بەڵام بڵندی کوڕی لە ماڵەوە بوو، کە لەگەڵ باوکی سێوێکە کەرت کراوە، بە گەرمی پێشوازی لیّ کردم و وەك باوکی هەڵس و کەوتی کرد.. نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد.. پاشان چوومە سەرەوە، دوشێکم وەرگرت.. سەعات (7) کاك بڵند و شێرزاد و کاك مەکی هاتن کە بچین بۆ سێلاڤ (سۆلاڤ) یاخود زاویتە. لە رێگادا زانیمان کە ئەمڕۆ مام جەلال و کاك مەسعود لە سۆلاڤ بوون و گەڕاونەوە رانیە.

چووینە بارەگای پارتی و گوتیان کاك نەجمەدین یوسفی لەوێیە،

**لەبەر ئەوەی نایناسم، بڕیارمدا سەردانی بارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەین، چونکە کاك حوسێن سنجاری لەوێیە کە هاتینە ئەوێ، گوتیان کاك نەوشیروان مستەفاش لەوێیە. گوتم: زۆر باشە، یەکەمجارە لەگەڵ کاك نەوشیوان یەکتری دەبینین، هەرچەندە بەناو یەکتری دەناسین، لەگەڵ کاك نەوشیروان مستەفا و کاك حوسێن سنجاری و کاك د.بەرهەم سالح دانیشتین و باسی بۆچوونی دەرەوە لەسەر کورد، هەروەها هەڵوێستی کوردەکانی هەندەران لەم رووەوە هاتە گۆڕێ.. بەکورتی بۆچوونی برایانی دەرەوەم دەربڕی و روونکردنەوە و هەندێ وتار و دەنگوباسی رۆژنامەکان دەربارەی قسەکانی مام جەلال و گفتوگۆی نێوان بەعس و بەرەی کوردستانی و هەروەها ئەوەی دەگوترێ کە کاك نەوشیروان فشاری هێناوەتە سەر مام جەلال، وابزانم ئەو هەواڵە لە رۆژنامەی "الحياه"و رۆژنامەی "صوت الكويت" باس کراوە.. هەموو ئەوانەم بۆ باس کردن.**

**دیارە ئەو هەواڵە کاك نەوشێروانی نەختێك نیگەران کرد، چونکە رووی لە دکتۆر بەرهەم کرد، باسی یەکێکی کرد، نەمزانی کێ بوو.. لەو دانیشتەنەدا کاك شەوکەتی حاجی موشیر بەشداری کرد.**

**کاتژمێری 10:30 کاك بڵند هاتەوە دوام، چونکە نانی ئێوارەم لەگەڵ کاك نەوشێروان و هاوڕێیانی خوارد. کە گەڕاینەوەماڵەوە لە رێگادا چووینە بارێك، بەلام دانەنیشتین، چونکە کاك ئەحمەد لە سۆلاڤ گەڕابووەوە، لەگەڵ کاك ئەحمەد یەکتریمان ماچ کرد و باسی رابردوو و رووداوەکانی دهۆك و کوردستانمان کرد، تا سەعات (1)ی شەو- واتە 1991/7/4.**



منو هاوڕێ عەزیز محەمەد- کۆنفرانسی کورد – ستۆکهۆلم 1991



لەبەر دەرگای ماڵی ستالین لە گورجستان لەگەڵ ڕۆزەخودیانو هاوسەرەکەی






**لەراستەوە: هۆشیار زێباری – عەزیز محەمەد – ئەحمەد بانیخیلانی**



ئەحمەد یونس ئامێدی



عەگیدی حۆدۆ محوی ( برای شەکرۆ )





رافیق عەرمۆت ( ئامۆزای شەکرۆ )



دکتۆر ڕەحیمی قازی – دکتۆر و شاعیر حەکیمەی بلوری- د. جەمشید حەیدەری - باکۆ –
ئازەربیجان، لە ئەکادیمیای زانستی باکۆ / 1989




برۆکسل – 1996 ، لەراستەوە : د. جەمشید حەیدەری ، مۆسیقار خالد ڕەشید ، د.
نوری تاڵەبانی، مۆسیقار قادر دیلان ، شاعیر حەمەئەمین پێنجوینی







مۆسکۆ – 1967 کچی شەهید فەهد



کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم – ئاداری 1991
(مەلا حەسەنی رستگار / حیزبی دیموکراتی کوردستان – شەهید ملازم کەریم / پاسۆک



**نوێنەری کوردەکانی سۆڤیەت لە خۆپیشاندانی 1990 – محەمەد بەیادیڤ**



**دیاربەکر – تەمووزی 1991 (د. جەمشید حەیدەری – مەهدی زانا**



کۆنفرانسی کوردەکانی سۆڤیەت – تەمموزی 1990
لەچەپەوە دکتۆر صادق شەرەفکەندی و دکتۆر مارفی هومەر گوڵ لەبەردەم دەرگای کۆنفرانس




خۆپیشاندانی کوردەکانی سۆڤیەت – تەمموزی 1990- مۆسکۆ



مامۆستایان : دڵزار ، کەریم حسامی ، فەهد گردەوانی ، د. جمشید حەیدەری



کۆنفرانسی کوردەکانی سۆڤیەت – تەمموزی 1990 / ئەکادیمی نادر نادرییڤ – هۆڵی کۆنفرانس



عەزیز محەمەد          کردنەوەی کۆنفرانسی مۆسکۆ – تەمموزی 1990



مامۆستا قادر دیلان و د. جمشید حەیدەری – بۆن – ئەڵمانیا / 1996/7/6






**ریزی پیشەوە لەچەپەوە: شیخ مراز (ئیزیدییە) و مەلای (موسڵمان) هەموویان کوردی سۆڤیەتن، لە پشت مەلای موسڵمانان ئەبو تارا (برایمی صۆفی) دیارە، هەروەها لە لای راستەوە لەدواوە د. ئەفراسیا و هەورامی دیارە)، ئینستیتیوتی مارکسیزم – لینینزم / مۆکسۆ / 26ی تەمموزی** 1990

## بەشی دەیەم / (کۆتایی)

## 1991/7/4- دهۆك- 1991/9/5 ستۆکهۆڵم.

## 1991/7/4- دهۆك – شەقلاوە - هەولێر- شەقلاوە - دهۆك

سەر لەبەیانی لە خەو هەڵسام، دوای ریش تاشین و گوێ لە رادیۆ گرتنم، هاتمەوە خواریٚ. کاك ئەحمەد لە خەو هەڵسا، پێکەوە نانی بەیانیمان خوارد، پاشان دەرچووین سەر لە کاك بەرهەم ساڵح (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بدەین، بۆ ئەوەی پێکەوە بەرەو شەقلاوە بەڕێ بکەوین. دوای ئەوەی ماوەیەك بەدوای ماڵەکەی گەڕاین، دۆزیمانەوە.. کاك بەرهەم ئاگاداری کردم کە دوای کاتژمێر 12 بەڕێ دەکەوین، بۆیە من و کاك ئەحمەد گەڕاینەوە، پاشان پێکەوە لەگەڵ کاك ئەحمەد و کاك قەسیم حەسەن چووینە بازاڕی دهۆك، کاك ئەحمەد (کرێکی) جوانی بۆ کڕیم (بۆ رانك و چۆغە) و دوایی گەڕاینەوە ماڵی کاك ئەحمەد و نانی نیوەڕۆمان خوارد..

سەعات سیٚ و نیو کاك بەرهەم پەیدا بوو، پێکەوە دەرچووین بەرەو شێلە دزە، ئامێدی و پاشان بارزان– ئەوەی راستی بێت ئێمە سەعات 4:15 لە زاویتە دەرچووین و شەو سەعات 10:00 گەیشتینە شەقلاوەو

لـە بارەگـای یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان کـە لـە (فنـدق شـەقلاوە السیاحی) بوو، دابەزین.

شەوێ لـەو هوتێلـەدا کاك فوئاد مەعصوم و هـەڵۆی برایم ئەحمـەد و ئازا دۆغرەمەچی لەوێ بوون. هەندێ باس لە گفتوگۆی دواڕۆژی کورد، بەتایبـەتی گونـدە چـۆڵەکان و ئاوارەکـان کـرا.. نانمـان لـەوێ خـوارد و دوایی ژووریان دامێ و لێی خەوتم.

1991/7/5 بەیانی زوو لە خەو هەڵسام و کە هاتمەوە خوارێ، چاوم بـە دکتـۆر کـەمال فوئـاد کـەوت.. گـوتی: نانـەکی بخـۆ.. گـوتم: دەترسێم نمەکتان بکەم و پاشان قسەتان پێ بڵێم، بۆیە هەر چایەك دەخۆمـەوە، لـە دوای چا خواردنەوە، هەر لەوێ ناسیاویم لەگەڵ نووسەری کورد (خـدری سـلێمان- پـیر خـدر) پەیـدا کـرد، مـن ئـەوم لـە نووسـینی کتـێبی "ئێزیدیایەتی" ەوە دەناسی.. داوام کرد من بگەیەننە بارەگـای (حیزبـی شیوعی عێراق).. کاك خدر لەگەڵما هات بۆ بارەگای حیزبی شیوعی.

کـە گەیشـتمە بارەگـا لـە دەرگـادا چاوم بـە حوسـێنە گـۆج (حوسـێنی زەخـۆك) و کانـەبی گـەورە و مامۆسـتا گـۆران (مـەحمود خـدر) و هەنـدێ برادەرانی تر کەوت.. پاشـان چوومە لای هـاوڕێ عـەزیز محەمـەد.. لـەوێ ئاگاداریـان کـردم، کـە مامۆسـتا محەمـەدی مـەلا کـەریم و دکتـۆر عـزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە شەقلاوەن.

پاشان لەگەڵ مامۆستا گۆران، پێکەوە چووینە سەر مەیدان، بۆ مـاڵی حەسەنی ساڵح ئاغـای مـاوەرانی.. ئـەوەی شـایانی باسـە، لەبـەر دەرگـای ماڵی حەسەن ئاغا، چاوم بـە سـەرداری بـرازام کـەوت، مـن (14)سـاڵ بـوو سـەردارم نـەدیبوو، واتـە لـە دوای 1977، سـەرداریش لـەکاتی شـەڕی ئێـران-عێـراق بـەدیل گیرابـوو، بـۆ مـاوەی نـۆ سـاڵ لـە بەندیخانـە و ئۆردوگای دیلەکانی عێراق لە ئێران دەست بەسـەر بوو، بـەڵام کـە دیـتم

گەنجێك لە بەردەرگای ماڵی خاڵی (حەسەن ئاغا) خاڵی سەرداره، ئۆتۆمبێلی دەشوشت، یەكسەر ناسیمەوەو باوەشم پێدا كرد و ماچم كرد..

سەردار منی بردە ماڵی سنۆبەری برازام و عەقید دڵشادی سەدیق بەگ (كە هاوسەری سنۆبەرە) و لەگەڵ منداڵەكانی، ئەوكات كوڕەكی تەمەن یەك ساڵانیان هەبوو ناوی (ساكار) بوو، ئەوان سێ كوڕ و كچێكیان هەبوو، كچەكەیان (سكاڵاو كوڕەكانیش سامان، سەپان و ساكار). نانی نیوەڕۆمان پێكەوە خوارد، پاشان لەگەڵ سەردار پێكەوە هاتینە بارێك و بیرەكمان خواردەوە، پاشان چوینە بارەگای یەكێتی نیشتمانی كوردستان جانتاكانمان گواستەوە بۆ ماڵی سنۆبەر.

ئێوارە سەعات 5:00 هاتمە بارەگای حیزبی شیوعی، بۆ ئەوەی لەوێ چاوم بە مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم بكەوێ تا سەعات 6:00 چاوەڕوان بووم، كەس بەدەر نەكەوت، بەڵام دوایی چاوم بەكاك تەحسین محەمەد خەلیل كەوت.. كە ئاگاداری كاك تەحسینم كرد و گوتم: من چاوەڕوانی كاك عەزیزم.. گوتی: ئێستا دەتنێرمە ماڵی هاوڕێ عەزیز.. ئیدی پاش كەمێك منی لەگەڵ پێشمەرگەیەك رەوانەی ماڵی هاوڕێ عەزیز كرد، كە چووم دیتم– هاوڕێیان كەریم ئەحمەد و مەلا حەسەن لەوێ بوون، پاشان دكتۆر عزەدین و مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم هاتن.. دوایی كاك عەباس بەدری رۆژنامەنووس هات و هەندێ قسەوباسمان كرد.. پاشان لەگەڵ دكتۆر عزەدین و كاكە حەمە و كاك زاهیری كارەباچی (برای مامۆستا رەوەند) چووینە بارێك.. من و كاك زاهیر عارەقمان خواردەوە، بەڵام كاكە حەمە و دكتۆر عزەدین و پارێزەر محەمەد ساڵح ئاكرەیی بیرەیان خواردەوە..

لەگەڵ كاكە حەمە كەوتینە باس و خواس لەسەر وتارەكەی ئەو و

دکتۆر کەمال مەزهەر دەربارەی تورکەکانی بولگاریا و لەگەڵ کاك زاهیر لەمەڕ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد قسەمان کرد، هەروەها مـن بۆچوونی کوردەکانی دووره وڵاتم دەربارەی باری کوردستان بۆ باس کردن.. دیار بوو بۆچوون و هەڵسەنگاندنی من لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو.

## 1991/7/6

بەیانی چاوەڕوانی هاتنی مومتازی برام بووم، بەڵام پاشان هەواڵ گەیشت کە ڕێگای هەولێر گیراوەو چونکە دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی کاك مەسعود و مام جەلال ڕوویانکردۆتە هەولێر، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت بە سەرۆکایەتی عیزەت ئیبراهیم..

دوای ئەوە لەماڵەوە دەرچووم و سەرم لە حەسەنی ساڵح ئاغا دا، پاشان بیستم، کە مومتازی برام و نازەنینی خوشکم گەیشتوونەتە شەقلاوەو کاك مومتاز بەرەو بازاڕ چووە، بەڵام نازەنین لە ماڵەوە چاوەڕوانی من دەکات، کە ئەو هەواڵەم زانی، یەکسەر بۆ ماڵەوە گەڕامەوە لەگەڵ نازەنین پاشی (14) ساڵ، چاومان بەیەك کەوتەوە و پێك شاد بووینەوە، یەکتریمام ماچ کرد و گریاین و فرمێسك لە چاومان قەتیس بوو.

پاشان سەرداری برازام چووە بازاڕ بە دوای مومتاز و مومتازیش هاتەوەو پێك شادبووینەوە، دوای نانی نیوەڕۆ، مومتاز هەندێ دەنگوباسی دەربارەی نووسەران و هەروەها ڕووداوەکانی کوردستان بۆ گێڕامەوە.

پاش نیوەڕۆ لەگەڵ مومتاز چووینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی

عێراق، بەڵام کەسیان لەوێ نەبوون، تەنیا کاك تەحسین محەمەد خەلیل، هاوڕێیەکی لەگەڵمان ڕەوانەی ماڵی هاوڕێ عەزیز کرد.. کە هاتینە وێندەرێ دیتمان: دکتۆر عزەدین، کاکە حەمە، کاك کەریم لەوێ بوون، بەڵام هاوڕێ عەزیز، بانگ کراو بەپەلە چووە لای مام جەلال، چونکە نوێنەرانی بەرە لە هەولێرەوە گەڕابوونەوە، هەندێ دەنگوباسی نوێیان لابوو، چونکە بەرە بڕیاری دابوو، چەند گۆڕانکارییەك بەسەر پرۆژەی ڕێکەوتننامەکە بهێنی و لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانە دەبێ گفتوگۆ بکرێ.

کە لای هاوڕێ عەزیز بووین، کاك عەتا تاڵەبانی هات، پاشان دکتۆر عزەدین و کاکە حەمە و کاك عەتا چوونە سەردانی مامۆستا برایم ئەحمەد، دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ عەزیز، من و مومتاز بە سێ قۆڵی دانیشتین، هەندێ گلەیی و گازاندەمان کرد و هەندێ باسی تایبەتیشمان کرد.. لەوکاتەدا بوو پێشمەرگەیەکی حیزب ئاگاداری کردم، کە بەختیاری برازام لە هەولێرەوە هاتووە.

هاوڕێ عەزیز گوتی: با هەموویان بێنە سەرەوە.. بەختیار و ڕوناك و منداڵەکانی و سنۆبەر هاتنە ئەوێ، تا درەنگ لەلای هاوڕێ عەزیز بووین، پاشان منداڵەکانمان گەیاندە ماڵەوە. من و سەردار و بەختیار و مومتاز چووینە باڕی (سنوور) لەوێ نان و خواردنەوەمان خوارد، کە گەڕاینەوە ماڵەوە، تا شەوێکی درەنگ دانیشتین و باسی زۆر شتمان کرد.

## 1991 /7/7

ئەمڕۆ بەیانی کاتژمێری 6:30 خولەك، کاك مومتاز و بەختیار و منداڵەکانی گەڕانەوە هەولێر.

ئەمن چاوەڕوانی سەردارم دەکرد کە بێت و پێکەوە بچینە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی چاوم بە کاک جەوهەر نامیق بکەوێ، کە چوومە بارەگاکە، نەک تەنیا چاوم بە کاک جەوهەر کەوت، بەڵکو بە بەڕێزان: کاک قادر عەزیز، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، د.مەحمود و عوسمان، د.کەمال فوئاد، مولازم شوان، د.فوئاد مەعسوم، کاک عیماد ئەحمەد و هاوڕێ عەزیز کەوت، سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی هەموو لەوێ بوون.

سەعات 11:00 بارەگای پارتیم بەجێ هێشت، چونکە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەستی پێدەکرد.

پاشان چوومە گازینۆیەک، لەوێ چاوم بە نووسەران: نەوزاد رەفعەت، محەمەد خدر مەولود و چەند نووسەرێکی تر کەوت و لەگەڵیان دانیشتم، کە لەوێ بووم، چاوم هەڵبڕی دیتم مامۆستا برایم ئەحمەد و کاک محەمەد و کاک محەمەد سابیری زاوای لەوێن.. چوومە لای کاک محەمەد سابیر و یەکترمان ماچ کرد، من کاک محەمەد لەسوێدەوە دەناسم و بەڵام مامۆستا برایم گوتی: من ماچم تەرک کردووە، دوای ئەو ماچە!!

## 1991/7/8

ئەمڕۆ بەیانی سەرم لە حەسەنی ساڵح ئاغا دا بۆ ئەوەی پێکەوە بۆ باتاس بڕۆین، بەڵام دوای خست بۆ ئێوارە، هێشتا لە ماڵی حەسەن بووین کە سامانی کوڕی دڵشاد هات و ئاگاداری کردم، کە کاک ساڵح و باجی نەزیهەی خێزانی و سەروی کچی و لەگەڵ کچەزاکەی فاتێ هاتوون، دوای 14 ساڵ لەگەڵ کاک ساڵح و منداڵەکانی چاومان پێککەوتەوە و دڵمان پێك شاد بووەوە، ئەوەی جێگای داخە، دوا جار من

لە ساڵی 1977 دایکم و هەردوو خوشکەکانم دیت، لەو ماوەیەدا کە من دوورە وڵات بووم، ئەوان کۆچیان کردبوو.

لەبەر هاتنی کاك ساڵح من لەماڵەوە مامەوە و دەرنەچووم، تا سەعات 6:00ی ئێوارە، لەگەڵ کاك ساڵح باسی ئەو چەند ساڵانەی رابردوومان کرد. ئێوارە لەگەڵ عەقید دڵشاد پێکەوە بەرەو بازاڕ چووین، لە رێگادا بەبێترمەکە (گەڕەکی سەرەکی دیانەکانی شەقلاوەیە) تێپەڕین، لەرێگا چاومان بە کاك دارۆی شێخ نوری کەوت، دەچووە هوتێلی شەقلاوە بۆ سەردانی مامۆستا برایم ئەحمەد، بەڵام ئێمە چووینە لای بەرگ درویێك–رانکو چۆغەلمان بە (70) دینار کڕی و بە دورمانمان دا، لە گەڕانەوەدا تووشی کاك ئازاد حەمە شەریف بووین.. گوتی: من و عەبدوڵڵا سەراج بە دواتا ئەگەڕێین و هەروەها دکتۆر کوردستان موکریانی و دکتۆر جەمال رەشید هاتن و هەموومان پێکەوە روومانکردە چایخانەیەك.. لەوێ کاك عزەدینی هونەرمەند و پێشمەرگە لە چاوەڕوانیماندا بوو.

لەگەڵ ئەوان باسی راپەڕین و تێکشکانەکە کرا، پەنجە بۆ ئەوە راکێشرا، کە هێزەکان ئامادە نەبوون بۆ راپەڕین و بەرگری، هەروەها باس لە تالان و بڕین و قاچاغچیایەتی کرا، گۆترا کە رێکخراوەکان کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان پێنەکرا، چونکە ئامادە نەبوون، بەڵکو هەر خەریکی کردنەوەی بارەگا بوون، هەروەها ئاماژە بەوە کرا، کە ئەوانەی دوێنێ لەگەڵ حکومەت بوون، ئەمڕۆ چەکیان لە شانە و ناوی پێشمەرگەیان لەخۆ ناوەو گوێ بە روناکبیران نادەن و بێ ئیدارەییە.. تا درەنگ پێکەوە بووین، کە گەڕامەوە کاك ساڵح چاوەڕوانی دەکردم و تا درەنگانێك دانیشتین.

## 1991/7/9

**ئەمڕۆ بەیانی کاک مومتاز و حاجی برایم و عەلی کوڕی لە هەولێرەوە هاتن.. دوو سەعات پێکەوەبووین.. مامۆستا گۆران هات سەردانی کردم، پاشان من و مومتاز و حاجی برایم چووینە بارەگا، لەوێ چاومان بە کاک حاجی مەلا سەعید و تەحسین محەمەد خەلیل و کانەبی گەورە کەوت و لە بارەگای حیزب ئاگاداری هاوڕێ عەزیزمان کرد، کە کاک سالح لە هەولێرەوە هاتووە.**

**لە بارەگای حیزب دەرچووین، چووینە سەردانی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوێش چاومان بە مەلا محەمەدی مەلا قادر (باوکی نیان) و هەروەها بە کاک خورشید شێرەو کاک حەمە کەریم هەورامی و کاک پیرۆت ئەحمەد کەوت. لەگەڵ دکتۆر پیرۆت، ڕێککەوتین، کە بروسکەیەك بۆ کاک مەسعود ڕەوانە بکات و ئاگاداری بکات کە دەمەوێ چاوم پێی بکەوێ.**

**پاشان لەگەڵ مومتاز و حاجی برایم چووینە سەر دەڕاسە (دیارە دەڕاسەی ماڵی حاجی برایم لە ناوچەی شەقلاوە دەگەڕا) و لەوێ چاوم بە کوڕەزاکانی حاجی برایم کەوت: خەلیل، مەهدی، فایەق و کوڕەکانی خالیدی مام خدری و منداڵەکانی تر.. تا سەعات 4:15 پێکەوە بووین، من چوومە بارەگای پارتی و کاک مومتاز و حاجی برایم بەرەو هەولێر گەڕانەوە.**

**لەگەڵ دکتۆر پیرۆت ئەحمەد پێکەوە کەوتینەڕێ بەرەو سارداو، کە**

دەکەویتە ڕێگای مێرگەسوور. کە گەیشتینە ساڕداو، کاك مەسعود دوو میوانی لەلابوون، دکتۆر سەلاحی حەفید و دکتۆرێکی تر.... ماوەیەك تا کاك مەسعود میوانەکانی ڕۆیشتن، لەگەڵ کاك عەبدولموهەیمنی بارزانی و لەگەڵ گەنجێکی بارزانی و کاك خەلیل بارزانی (ئەو کاك خەلیل-ە کاتی خۆی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤیەت بووە، بۆیە کەوتینە قسە کردن بە زمانی ڕووسی).

دوای ئەوەی میوانەکانی کاك مەسعود ڕۆیشتن، نێچیرڤان سڵاوی کرد و ئێمەی بۆ لای کاك مەسعود برد. من لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەتەوە- هونەرمەندێك بە ناوی (ئەنۆ) میدالیەکی بۆ سەرۆك بارزانی (مەبەستم مەلا مستەفایە) لەگەڵ من ڕەوانەی کردبوو.. من سڵاوی کوردەکانی سۆڤیەتم پێ ڕاگەیاند و میدالیەکەم پێشکەش کرد.

پاشان بە کاك مەسعودم گوت: من لە ڕێگای دکتۆر مەحمود عوسمان لە کۆتایی مانگی مایس نامەیەکم بۆ سەرکردایەتی بەرە ڕوانە کردووە، ئەو نامەیە بۆچوونی تایبەتی خۆم و بۆچوونی هەندێ لەو نووسەر و کوردانەی ناوەوەی سوێدی دەربارەی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم لەخۆدەگرت، بەڵام دەرکەوت ئەو نامەیە نەگەیشتووە، چونکە نە کاك مەسعود و نە کاك جەوهەر نامیق و نە هاوڕێ عەزیز محەمەد ئاگاداری ئەو نامەیە نەبوون، جا کەوابێ هەڵگری نامەکە نەیگەیاندووە، یا دکتۆر مەحمود پشت گوێی خستووە؟

منیش گوتم: دیارە زۆربەی ئەو بۆچوونانە لەلایەن زۆر لایەنەوە بە بەرە ڕاگەیاندراوە، پێی ناوێ دووپاتی بکەمەوە، بەڵام بە باشی دەزانم هەندێ سەرنجم لە بارەی باری ئێستاوە بخەمە ڕوو، لەوانە:

. نەبوونی کۆنترۆڵ و بەڕەڵلایی لە کوردستان، ڕاوڕووت، زۆر بوونی

بارەگا، حکومەت خۆی ئامادە دەکا و بەرەو هێزەکانی خەریکی کاری ترن، پشت گوێ خستنی روناکبیران و ئەفسەران و سوود وەر نەگرتن لە توانایان بۆ خزمەتی شۆڕش و ئاوەدانکردنەوە.

. پێویستە سوود لە ئەزموونی سالانی 70-74 و 68-91 وەرگرن، پێویستە مرۆڤی بە کەفائەت لە شوێنی خۆیان بن، چاوپێکەوتن لەگەڵ روناکبیران، بەناوی بەرەوە بکرێ، نەك بە ناوی حیزبێك.

- پێویستە ئەگەر رێککەوتن، بەیانەکە نەکەوێتە رۆژی 17 تەمموز، چونکە ئەو رۆژە بۆ کورد، رۆژی خوێن رێشتنی کوردە.

کاك مەسعود گوتی: ئەوانەی دەڵێی بە قسە ئاسانە، بەلام بەداخەوە هەموو لایەك بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی لەبەرچاو دەگرن.

منیش گوتم: پێویستە حیزبەکان لەپێناو میللەت بن، نەك میللەت لەپێناوی حیزبەکان.. دوای گفتوگۆیەکی درێژ خواحافیزیم لەگەڵ کاك مەسعود کرد و گوتم: هیوادارم دوای گەڕانەوەت لە بەغدا چاومان پێك بکەوێ.. کە: نیازم هەیە لە ولات بم، چونکە ئەگەر ئێمە هەر رەخنەیەکمان لە حیزبەکان و سیاسەتی هێزەکان هەبێ، پێویستە لە مەیدان ئەو کارە بکەین و هەڵوێستی خۆمان دەربڕین.

پاشان لەگەڕانەوەدا، لەگەڵ کاك پیرۆت ئەحمەد لاماندایە لای دکتۆرەکانی ئوتریش (نەمسا) لە دیانا و بیرەیەکمان لای ئەوان خواردەوە و گەڕاینەوە بەرەو شەقلاوە.

نانێکی باشمان لە ماڵی کاك پیرۆت خوارد، دوایی براکانی کاك پیرۆت، منیان گەیاندەوە ماڵەوە نزیکەی سەعات 12:00ی شەو بوو.

لەبەر ئەوەی فۆتۆ کۆپی نامەکەی، کە بۆ بەرەم رەوانە کرد، نەدۆزییەوە، بەلام رەشنووسی نامەکەم بە دەستخەت دۆزییەوە، کە لە

1991/5/26 لە ستۆکهۆڵم نووسراوە بۆ دکتۆر مەحمود عوسمان ڕەوانە کراوە، تا بیگەینێتە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.

لێرەدا دەقەکەی لای خۆم وەك خۆی بۆ مێژوو بڵاو دەکەمەوە:

هاتنی هەڵگری ئەو نامەیە بۆ لای جەنابتان بە هەل دەزانم، کە هەندێ بۆچوونی خۆم و زۆر لەو کوردانەی لە ئاوارەییدا دەژین لە بارەی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و بەرەی کوردستانی-تان بۆ بنووسم، بەو هیوایەی، کە ئێوە بە برایانی سەرکردایەتی بەرەی ڕابگەیەنین.

پێشەکی دەمەوێ بڵێم کەس مەسەلەی گفتوگۆ وەك پرەنسیپ ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی خەباتی دەزانم، بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ کێ؟ بۆ چ؟ لە چ هەل و مەرجێکدا و لەژێر چاودێری کام ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و لەکوێ؟

. بە بۆچوونی من و لەو زانیاریانەی دەگاتە دەرەوە، نەك تەنیا پرس بە خەڵکی هەڕاوی کورد نەکراوە، کە خاوەن مەسەلەکەن، بەڵکو بە هەندێ لایەنی بەرەی کوردستانی و هەروەها ئەو لایەنانەی بەم کارە هەڵساون، پرس و ڕاوێژیان لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی خۆشیان نەکردووە. دیارە ئەوە پێشێل کردنی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتییە. زۆر بە داخەوە دیارە هێزەکانی کوردستانی دوای ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتووەو ئەو گۆڕانکاریانەی لە جیهان ڕوویداوە و ڕوو دەدا، تا ئێستاش وەك (شوان و مێگەل) ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی کورد دەکەن.

- شێوەی ڕەفتاری دەستەی نوێنەرایەتی (چوار حیزبەکە) لەگەڵ حاکمی عێراق و گفتوگۆیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بێگانەکان، ڕوو سپی کردنی جەلادی کورد و گەلانی عێراقە، سوود وەنەگرتنە لە ئەزموونی

رابردووی نزیك و دوور.

. ئەو پرۆژەی پێشکەشی رژێم کراوە بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەی پارتی لە 1973/3/9 بۆ ئۆتۆنۆمی، ئەوەیان زۆر لاوازترە.. لەکاتێکدا، دوای بیست ساڵ لەسەر بەیانی ئادار، دوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی بەسەر گەلی کورد هاتووە، دوای تراژیدیای نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، بە هانا هاتنی رای گشتی جیهان بۆ مەسەلەی کورد، کە جۆرێك بووە لە ماوەی 70 ساڵەی دواییدا، وێنەی نەبووە.. بەڵام بەداخەوە وا دەردەکەوێ سوود لە دوژمن وەرنەگیراوە..

پێم وایە رۆژی ئەوە هاتووە، جۆری دروشممان بگۆڕین، شێوەی کارمان بگۆڕین، رای گشتی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو بگرین.. لام وایە ئەگەر ئەو هەموو قوربانییە هەر بۆ (ئۆتۆنۆمییە)، پێی ناوێ چیتر خەڵکی کورد بە کوشتن بدەین، لام وایە ئەو جارە ئەگەر لەگەڵ رژێم رێکبکەون، جارێکی تر کە رژێم هەڵگەڕاوەو پەلاماری داین، جارێکی تر خەڵك بۆ شۆڕش بانگ نەکەن، مادام هەر بۆ ئۆتۆنۆمییە، چونکە ئۆتۆنۆمی ئەوەندە خوێنەی ناوێ...

ئەگەر خەڵك بۆ شۆڕش بانگهێشت کرا، بۆ ئازادی بێ، نەك ئۆتۆنۆمی، پێویستە لەگەڵ هەموو هێزەکانی کوردستان پێکەوە بێت، نەك دەستەیەك ناڕازی بوو و بداتە چیا، چونکە ئاشکرایە کە باری چیوپۆلتیکا ئێستا، نە رۆژهەلات، نە رۆژئاوا، پشتگیری ئازادی کوردستان ناکەن، بۆیێ با خەڵکی هیچی تر تووشی مردن و کوردستان تووشی وێران کردن نەکەین.. ئەگەر پیاو بیەوێ لەسەر پرۆژەکەی بەرە بنووسێ، دەبێ چەندان لاپەڕە رەشکاتەوە.. لام وایە ئێوەش کەموکوڕییەکەی باش دەزانن، پێویست ناکا باسی بکەم.

. ئەوەی جێی سەر سوڕمانە، لایەنەکانی بەرە کە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم دەکەن، ڕژێم هەموو داخوازییەکانی بەرە دەزانێ، بەڵام خەڵکی کورد هیچ نازانێ، پێویستە گفتوگۆیەکە ئاشکرابێ، هیچ لە خەڵك نەشاردرێتەوە، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ بە خەڵکی ڕابگەیێنن کە داخوازیەکان چیە، لەسەر چ خاڵێك ڕێکەوتوون و چ خاڵێك تەگەرەی کەوتۆتە بەری.. پێویستە پێ لەسەر نەمانی لەشکری عێراق لە کوردستان داگرن، یاخود هەموو لەشکرەکەی عێراق لە کوردستان لە کورد پێك بێت.

بە هیچ جۆرێك مەسەلەی گەرەنتی پشتگوێ نەخرێت. هیچ ڕێکەوتنێك لەلایەن دەستەی گفتوگۆ مۆر نەکرێ، بێ ئەوەی کۆنگرەیەکی فراوانی بۆ بگێڕێ یاخود دەبێ بەدەنگدانێکی گشتی گەل بڕیاری لەسەر بدات.

مەسەلەی شێوەی پەیوەندی کورد لەگەڵ ڕژێم لە عێراق -مەبەستم- ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی- پێویستە بە (إستفتاء) و لەژێر چاودێری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ.

. ئەگەر ڕێکەوتن ڕوویدا، پێویستە بە هەموو جۆرێك هەوڵ بدرێ کە یەکێتی ڕیزەکانی بەرەی کوردستانی بپارێزرێت، با هەندێ لایەن وەك (معارەزە) کار بکەن، کەس سەرکوت نەکرێ لەسەر بۆچوون و هەڵوێستی سیاسی، هەروەها ئازادی بیروباوەڕ و ڕۆژنامەو ڕێکخستن لە کوردستان دابین بکرێ، با ئەزموون لە چوار ساڵەی (70–74) وەرگرین، بە تەنیا بەشداری وەزارەت نەکەن لەگەڵ بەعس.. بێگومان درێژەدان بە گفتوگۆ زیانی زۆرە، چونکە خەڵك سارد دەکاتەوە، چ لە وڵاتدا و چ لە دەرەوە، ڕای گشتی جیهان سارد بووەتەوە، پێویستە ئەو بارە گونجاوەی جیهان لە بار نەچێ.. (هەرچەندە لەبار چووە)، لە 20 نیسان تا ئێستا خەڵکی ساردبوونەتەوە.. زۆر شت هەیە من نایینووسم، چونکە لەو بڕوایەدام

جەنابتان ئاگادارن و دەزانن باری دەرەوە چۆنە..

تکایە با سەرکردەکانی کورد (هێزەکانی بەرە) نەك تەنیا لەگەڵ دەوڵەت راستگۆبن، پێویستە لە سەرەتادا لەگەڵ خەڵکی کورد راستگۆبن، چونکە خەڵکی ئێستا گومانیان لێدەکات.

دکتۆر تکایەکی برایانەم هەیە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە، بەڵکو باشترە هەر دەقەکەی بدەیتە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.

سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم.

***براتان/ جەمشید حەیدەری***

***1991/5/26- ستۆکهۆلم سوێد.***

**ئەوەی شایانی باسە**

لە کۆتایی نامەکەدا، دوای ئەوەی واژۆم کردووە، دوو خاڵم نووسیوە:

. مەسەلەی کەرکووك.. من لام گرنگ نیە، حکومەتدان بەوە بنێ کە کەرکووك کوردستانە، لە کاتێکا کوردستان بەشێکە لە عێراق و لە دەستووری عێراقیش بەندێك هەیە، کە دەڵێ: عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب، پێویستە هیچ بەندێك لە دەستووری عێراق، رێگا نەدا خاکی کوردستان بە خاکی عەرەب دانێ- پێویستە پێ لەسەر ئەوە داگرن کە عێراق لە دوو إقلیم پێکدێ و إقلیمی کوردستان بەشێکە لە خاکی کورد.

. نەك تەنیا پێویستە عەلەم و شیعاری عێراق رەنگدانەوەی یەکێتی سیاسی نەتەوەی کورد و عەرەب و کەسایەتیەکان بێ، بەڵکو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئۆتۆنۆمی هەیە، ئۆتۆنۆمی-یش ئاڵای خۆی هەیە.

تێبینی:

لەوکاتەی دەقی نامەکە بڵاو دەکەمەوە، لەوانەیە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی ئەو کاتم ناکۆک بم، بەڵام بۆ مێژوو بێ دەستکاری وەک خۆی بڵاوم کردەوە. (2011/12/18).

## 1991/7/10

ئەمڕۆ بەیانی هاتمە شار، چاوم بە عوسمانی ئیسماعیل حەیدەری پلکزام کەوت، کە بیست ساڵ لەمەوپێش چاومان پێککەوتبوو، پێکەوە سەرمان لە عەبدوڵڵای بەرگ دوروو داو، رانکو چۆغەکەم وەرگرتەوەو چوین بۆ کڕینی (پشتێن، کڵاو و جەمەدانی). چاوم بە مامۆستا تایەر (رەوەند) کەوت.. گوتی: کاک موراد جوان و کاک ئەحمەد – مراد سکرتێری پارتی پێشەنگ و ئەحمەدیش پارتی (کۆک)ی سۆسیالیست، کە هەردووکیان کوردی باکووری کوردستانن و لە سوید دەژیان، لە سوێد هاتوون و کاتژمێر 10:00ی بەیانی دێنە بارەگای شیوعی، بەڵام من کاتژمێر 12:00 هاتمە بارەگای حیزبی شیوعی، کە هاتمە وێ، دیتم کاک شەمسەدین موفتی و پێنج لە هەڤاڵانی کوردستانی باکوور لەوێ بوون.. نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ هاوڕێ عەزیز و هاوڕێ کەریم و مەلا حەسەن (فەتاح تۆفیق رواندزی) پێکەوە خوارد..

پاشان پێکەوە هاتینە بازاڕ لە چایخانەیەک روونیشتین تا کاتژمێر (4)ی ئێوارە، ئەوانم بەڕێ کرد بۆ رواندوز، چونکە میوانی برادەرانی م.س. پارتی بوون، خۆشم هاتمە گازینۆ.. لەوێ باسی مامۆستا سەعید ناکام- مان دەکرد، لە ناکاو مامۆستا ناکام بە بەردەممان تێپەڕی.. کاک نەوزاد رەفعەتی شاعیر گوتی بانگی بکەین.. گوتم نەخێر، بەخۆم دەچمە لای.. مامۆستا ناکام چووە کتێبخانەی شانۆ، من و نەوزاد بە دوایدا

چووینە ژوورەوە.. چاك و خۆشیمان لێکرد، لەو کاتەدا کاك مومتاز و خێزانی و منداڵەکانی سازان، زیلان و کاروان لەبەر دەممان دابەزین– من لەنزیك کتێبخانەی شانۆ– "شوقەکەم ئەو ڕۆژە بۆ مانگێك بە (400) دینار گرت بووو"، پاش یەکتر ماچ کردن، چووینەوە شوقەکە و ئەم شەو یەکەم شەوبوو لەگەڵ مومتاز و منداڵەکانی پێکەوە لەم شوقەیەدا نوستین، دوێنێ ئێوارە.. لە تەك هوتێل خانزاد بە پێیان دەگەڕامەوە، پیاوێکی پیر لە دوامەوە دەڕۆیشت، من هەستم کرد، ئەو کەسە چاودێریم دەکات، بەڵام خۆم تێ نەگەیاند و ئەویش هەر دوور بە دوور لە دوامەوە دەڕۆیشت..

## 1991/7/11

ئەمڕۆ بەیانی زوو، کاك ئەحمەد بێکەس–ی باوکی دلێر هاتەلام، دوای ساڵی 1957 و 1963 بۆ یەکەم جار بوو چاوم پێی بکەوێ، من لە ساڵی 1957 کاك ئەحمەدم دەناسی، کە سەرتاشخانەی بێکەسی لە هەولێر هەبوو.. پاشان لە ساڵی 1963 لە هیران، لە کاتی پێشمەرگایەتیەوە چاوم پێنەکەوتبوو.

دیارە ئەو کەسەی ئێوارەی پێشوو بە دوامدا دەڕۆیشت، کاك ئەحمەد بووە، ئەو دوو دڵ بووە، ئەوە منم یاخود نا، بەڵام بە دوامدا هاتووە بزانێ لەکوێ دەژیم.. دیارە دڵنیا بووە، بۆیە بەیانی زوو هاتۆتە لام.. کاك ئەحمەد، کوڕەکی لە سۆڤیەت دەیخوێند و لە سوێدیش پەنابەر بوو، هەروەها کچێکی خێزانی ئاسۆی خوارزام بوو.. هاتبووە سۆراخی دلێری کوڕی.. کاك ئەحمەد دەنگوباسی دلێری لێ پرسیم و دوایی گەڕایەوە هەولێر..

دوای رۆیشتنی كاك ئەحمەد، من و مومتاز و كاروان سەردانی دكتۆر عزەدینمان كرد، كە لەو ماڵەدا دەژیا، هاوڕێ كەریم ئەحمەدی لێ دەژیا.. نزیكەی سەعاتێك لەگەڵ عزەدین و هاوڕێ كەریم پێكەوە بووین.. پاشان چووینە لای هاوڕێ عەزیز محەمەد لە بارەگای حیزبی شیوعی.. لەگەڵ هاوڕێ عەزیز پێكەوە چووینە لای كاك ساڵح.. هاوڕێ عەزیز باسی هەڵوێستی بەرەی كوردستانی و دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی لە بەغدا بۆ كردین (دەستەی نوێنەرایەتی)، چۆن ئامادە بوون ئەو پرۆژەیە مۆركەن، كە حكومەت ئامادەی كردبوو، كە زۆر لاواز بوو، بەڵكو پرۆژەكە چەسپاندنی رژێم بوو، كاك مەسعود و ئەوان بەو نیازە گەڕابوونەوە كە پرۆژەكە مۆر بكەن، بەڵام سەركردایەتی بەرە و بەتایبەتی مام جەلال هەڵوێستی زۆر توند بوو، هەروەها كاك هۆشیار زێباری راپۆرتێكی باشی لە بارەی باری نێودەوڵەتان ئامادە كردبوو، كە پێویست بوو سەركردایەتی بەرە ئەو بارە لەبەر چاو بگرێ.. بۆیە سەركردایەتی بەرە چوارچێوەیەكی بۆ شاندی بەرە دیار كرد.. یەكەم مەسەلە. فراوان كردنی پانتایی خاكی كوردستان و سنووری جوگرافیایی، مەسەلەی ئاشتی و ئاسایشی كوردستان، مەسەلەی دیموكراتیەت و ئازادی رێكخستن.. بە هیچ جۆرێك كورد خۆی نەخاتە ئەو داوە كە حكومەت بۆی داناوە.

هەڕەشە و دژایەتی ئەمریكا و ئێران و وڵاتانی تر، كە تا دوێنی دەستی یارمەتیان بۆ كورد درێژ كردووە.

هاوڕێ عەزیز و مومتاز و كاك ساڵح و من لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان، بێ رێكخستن و فەرهود و تالان و خۆ ئامادە نەكردن دواین.. هاوڕێ عەزیز نانی نیوەڕۆی لەگەڵ ئێمە خوارد، كاتژمێر 2:00

گەڕاندمانەوەماڵەوەی.

دوای گەڕانەوەمان بۆ ماڵی، من نیو کاتژمێر نووستم، کە لە ناکاو ئاسۆ و شیلان و سەردار و دایکی لێم بە ژوور کەوتن.. جارێکی تر لەگەڵ ئاسۆی خوارزام ئامێزمان لێك گرت و زۆر ماچم کرد و ئەویش لە کانگای دڵیەوە هەمان رەفتاری لەگەڵ من کرد.

ئێوارە کاك مومتاز لە هەولێر گەڕایەوە، کاك ساڵح و منداڵەکانی و بەختیار و منداڵەکانی هەموو هاتنەلام. ئەو جارەیان تەنیا چوار کەس لە ماڵەوەمان نەبوون. یەکیان حەمەی خوارزام بوو، کە لە بەندیخانە بوو لە بەغدا و نازەنینی خوشکم، کە چووەتە سەردانی حەمە لە بەغدا و لەیلاو نادیای کچەکانی شەهید کاك جەمال، کە تا ئێستا ئەو سیانەم نەدیوە (حەمە، لەیلا و نادیا).

ئێوارە کاك مەحمود خدر (گۆران) و کاك گوشاد حەمە سەعید هاتنە لام و بانگهێشتی کۆڕێکی چیرۆکیان کردم و هەروەها داوایان لێکردم کە کۆڕێك بگێرم.. بەلام من پێم راگەیاندن، ئێستا ئەرکی ئێمە ئەوەیە نووسەر و روناکبیران کۆ بکەینەوە، هەڵوێستی دیاری نووسەران روون بکەینەوە، ئەرکی خۆمان دەست نیشان بکەین، ئێمە نەبینە پاشکۆی ئەم و ئەو، بەڵکو پێویستە رۆڵی خۆمان لەو رۆژی ئەمڕۆ و دوا ڕۆژی کوردستان دیار بکەین.. نووسەران لە جیهاندا رۆڵێکی گەورەیان لەسەر شانە، پێویستە بە ئەنجامی بگەیەنین.. دوایی ئەوان چوونە ئاهەنگی هونەرمەند کاك ناسری رەزازی لە هوتێل شەقلاوەی (سیاحی)..

دوای سەعات نۆی شەو کاك ئیسماعیل مەلا و کاك نەوزاد و دکتۆر جاسم محەمەد ئەلگاتع هاتنە لام، لەگەڵ ئەوانیش هەندێك باسی کوردی دەرەوەو رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان و راپەڕینی کوردستان و

بانگەوازی کردنی رای گشتی جیهان بۆ پشتیگیری خەباتی رەوای کورد و دەستی یارمەتی درێژکردنی بۆ لێقەوماوان و ئاوارەکانی کورد لە سنووری تورکیا و ئێران کرا.

دوای رۆیشتنی کاك ئیسماعیل خۆشناو و دکتۆر جاسم، من و ئاسۆ و سەردار کەوتینە موناقەشە لەسەر گەردون و بوون و ژیان و مردن، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانمان جیاواز بوو، نەگەیشتینە ئەنجام، نە من ئەوانم ئیقناع کرد و نە ئەوان منیان ئیقناع کرد.

ئێستاکە کاتژمێر 1:10ی شەوە، من دانیشتووم رووداوی ئەم رۆژەم تۆمار دەکەم.

هەندێ دەنگوباس هەیە کە ئەمریکا دوێنی لە جبەخانەی رەشکینی داوە، هەندێکیش دەڵێن، حکومەت خۆی جبەخانەکەی تەقاندۆتەوە.. هەواڵێك هەیە کە حکومەت لەلای بنەسلاوەوە ویستوویەتی بەرەو پێش بێت، بەڵام پێشمەرگە رێگای لێ گرتوون..

دەنگو باسەکان رادەگەیەنن، کە دوێنی شەڕێکی قورس لەنێوان پێشمەرگەو دەوڵەت لە ناوچەی کۆیە روویداوە.

## 1991/7/12

لە ئێوارەی 7/12 یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکی بۆ چیرۆك گێڕا، لە کۆڕەکەدا مامۆستایان سەعید ناکام، برایم ئەحمەد، مومتاز حەیدەری و چەندان نووسەر و هونەرمەند ئامادەبوون.

لەسەرەتادا کاك گوشاد حەمە سەعید بەخێر هاتنی میوانەکانی کرد، بەتایبەتی ناوی من و مامۆستا برایم ئەحمەدی هێنا.. لە پاشاندا

مامۆستا سەعید ناکامی پێشکەش کرد، کە چەند تێبینیەکی دەربڕی لەبارەی بارەگاو بێ شوێنی یەکێتی نووسەران، کە تا ئێستا هەر بەڵێنیان دەدەنێ، بەڵام بە ئەنجامی ناگەیەنن، پاشان گلەیی و رەخنەی لە هێزە سیاسییەکان گرت، کە بەرەڵڵایی و باڵی بەسەر ناوچەکە دا گرتووەو گوتی تا ئێستا نەیان توانیوە خەبەرێ بڵاو بکەنەوەو خەڵکی ئاگادار بکەن لەسەر گفتوگۆ و لەسەر راووڕووت و گواستنەوەی شتومەکی دەزگاکان و فرۆشتنی، هەروەها پەنجەی بۆ ئەوە راکێشا کە دوژمن بە سەدان کەسی هەیە لە ناوچەکە دەنگوباس کۆدەکاتەوەو خۆڕێك دەخەن، بەڵام بەرە هیچ جۆرە هەڵوێستێك نانوێنێ.

پاشان داوایان لە مامۆستا برایم کرد چەند قسەیەك بۆ کۆڕەکە بکا.. مامۆستا برایم گوتی: باسی ئەوەتان بۆ دەکەم بۆ هاتوومەتەوە کوردستان، کوردەکانی دەرەوە لە دوورەوە، بە وردی ئاگاداری رووداوەکان و گفتوگۆی نێوان بەغدا و بەرەن، بەڵام بە چاکیان زانی نامە بۆ سەرکردایەتی رەوانە بکەن، بەڵام هەر نامەیەك دەنووسرا، بەر لەوەی رەوانە بکرێ، بارەکە دەگۆڕا، بڕیار درا (5) کەس رەوانە بکەین بۆ کوردستان (دیارە کوردەکانی بەریتانیا ئەو بڕیارەیان دابوو)، بەڵام تەنیا دوو کەس بۆیان لوا ڤیزە وەرگرن، ئازا دوغرمەچی و برایم ئەحمەد، ئەوانیش کە هاتن نامەو بۆچوونی زۆربەی رای کوردەکانی دەرەوەیان هێنا، کە پێویستە دەستەی نوێنەرایەتی بەرە پێ لەسەر هەندێ خاڵ داگرن، کە پەیوەندی بە مەسەلەی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەوە هەیە، جوگرافیای کوردستان، مەسەلەی دیموکراتیەت، مەسەلەی (سیقە و باوەڕپێکردن).. مامۆستا گوتی: ناکرێ باوەڕ بە رژێم و سەدام بکرێ و باسی لێ نەکرێ.. چونکە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی حوکمی بەعس

تەنیا کوشتن و وێران کردن و ڕەوکردن ڕەفتاری ڕژێم بووە.. هەروەها گلەیی لەوە کرد، کە نەدەبووایە هەندێ لە سەرکردەکان ڕوو لە بەغدا بکەن، بەڵکو ڕەوشتی بارزانی ڕەحمەتیان پەیڕەو بکردایە باشتر بوو، زۆر لایەنی تری باس کرد. پاشان مامۆستا مەلا محەمەد قسەی کرد، بە توندی ڕەدی مامۆستا برایم ئەحمەدیشی دایەوە، بەڵکو وای پیشان دا، کە پێویستە بە زووترین کات ڕێکەوتن مۆر بکرێ..

دوایی نووسەرە چیرۆکنووسەکان- ڕاکار ئەحمەد و محەمەد خدر مەولود چیرۆکەکانی خۆیان خوێندەوە.. کاک مەریوان وریا قانیع بە پەلە هەڵی سەنگاندن، تێبینیەکانی مەریوان زۆر زیرەکانەبوو. کۆڕەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

## 7/13

سەر لە بەیانی ڕۆژی 7/13 لەسەر داخوازی کاک عەبدوڵلا ئاگرین، لە بارەگای پاسۆك، باسێکم لەبارەی کورد لە ئەوروپا بۆ کادیرەکانی پاسۆك پێشکەش کرد، کە دوو کاتژمێری خایاند. دانی ئێوارەش لەگەڵ حەمید حەسەن- هاوڕێی دێرینم کاتێکی خۆشمان بەسەربرد.. ئەوەی شایانی باس بێت، ئەوڕۆ ساڵڕۆژی شەهید بوونی زانای لێهاتوو و سیاسی و گەورە پیاوی کورد دکتۆر ئاوڕەحمانی قاسملۆ بوو، من لە سەرەتای باسەکەم لە بارەگای پاسۆك دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهید قاسملۆ داوای بێ دەنگ وەستانم کرد.

## 1991/7/14

ئەمڕۆ ساڵڕۆژی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958ی گەلانی عێراق

بوو، کە رژێمی پاشایەتیان لەنێوبرد و کۆماری عێراقیان دامەزراند.

ئەمڕۆ بەیانی کاک مومتاز دەبووایە لەگەڵ هاوڕێ عەزیز چاویان پێکبکەوێ، بەڵام هەندەی پێ نەچوو، گەڕایەوەو گوتی کە مام جەلال دەهاتە لای هاوڕێ عەزیز، بۆیە دانیشتنەکەیان دواخست. جا پێکەوە لەگەڵ کاک مومتاز سەری ماڵی سنۆبەری برازامان دا، پاشان سەردانی ماڵی قادر ئاغای برای ساڵح ئاغامان کرد، چونکە کوڕەکەی-تەصادومی- کردبوو. دوایی چووینە چایخانەیەك دانیشتین.. کاك سەعدوڵڵا پەرۆش و چەند نووسەرێك هاتنە لام.. ئێوارە عەریف عەلی هات، پاشان کاك نەوزاد رەفعەت هات و ئاگاداری کردم، کە بارزانی مەلا خالید دەیەوێ بمبینێ.. بارزانیش هات و هەر لەو کاتەدا بوو، کە گوشاد حەمە سەعید و محەمەد خدر و سەعدوڵڵا پەرۆش هاتنە لام.

کاك بارزان نانی ئێوارەی لە لامان خوارد، باسی هەندێ لە خۆڕاگرتنەکانی پێشمەرگە و شەڕی دوڵە رەقەی بۆ کردین، کە چۆن لە ماوەی 17 رۆژ دا، ئابلوقەدرابوون و هیچ نەبوو بیخۆن و پاشان لە رێگای جاشەکانی (سوار ئاغای ئاکۆ) سوارەی عەباسی مامەند ئاغا رزگار کران.

بارزان باسی باری ئێستای پێشمەرگەی کوردستانی کرد.. پەنجەی بۆ ئەوە راکێشا، کە زۆربەی پێشمەرگە، چەند جار چووینە پاڵ رژێم و هاتوونەتەوە ناو شۆڕش و زۆر لە وانەی لەناو هێزەکانن سەر بە رژێمن.

تابوری پێنجەم لە کاردایە.. هێزەکان هەریەکەو بۆ خۆیانی رادەکێشن.. سەدان جەردە و پیاو کوژ خۆیان داوەتە پاڵ ئەم و ئەو.. ئاغاکان و سەرۆك جاشەکان دەست درێژی دەکەن.. کوردستان تاڵان دەکرێ.. بێخمە بە ماڵی عومەر ئاغای سورچی فرۆشراوەو هەموو کەرستەکان بۆ ئێران دەڕوا. تەعەداو زوڵم لە خەڵك دەکرێ، خەڵك

دەکوژرێ، ئۆتۆمۆبێل دەڕفێندرێ.. هێزەکان خەریکی پارە کۆکردنەوەو پەیڕەو نەکردنی هەموو جۆرە پرنسیپێکن.. باسی لەناڕەزایی خەڵکی کرد، پێم گوت: وا مەکەن کە خەڵك بڵێ هەزار رەحمەت لە کفن دزی.. گوتی: ئێستا وا دەڵێن.. ئێستا بە پێی ئامار (132) بارەگای هێز و رێکخراوەکان تەنیا لە شەقلاوەدا هەیە.. بێ سەروبەری، بێ کۆنترۆڵ، گیرفان پڕکردن.. کاك بارزان مەترسی پێشان دا.. دوای ئەوەی رێکەوتن مۆر دەکرێ و ئاشتی دەگەڕێتەوە کوردستان، لەوانەیە زۆر کەس بکوژرێن.. پاشان باسی ئەوەی کرد، کە هەندێ لە سەرۆك جاشەکان پەیوەندی لەگەڵ قەرارگای رەمەزان دەبەستن و لەگەڵ ئێران پەیوەندی دەگرن..

بارزان گوتی: سیاسەتی ئێمە ئەوەیە، کە سەرۆك جاشەکان بە هەر جۆرێك بێ لە دەوڵەتی مەرکەزی دوور بکەنەوە، بۆیە دەمانەوێ پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئێران ببەستن، تا رێگای گەڕانەوەیان بۆ ناو رژێم ببڕن.. گوتی: ئێمە ناتوانین، یاخود نامانەوێ سەرۆك عەشیرەتەکان بکوژین، یاخود ئەوانەی تا دوێنێ لە ئیستخبارات بوون، ئەوڕۆ لە تەك ئێمە چەکیان هەڵگرتووە. ئەوەی دوێنێ پێشمەرگە بوو، لەگەڵ ئەوەی جاش و ئەمن و موخابەرات بوو، هیچ جیاوازییەك نییە، بەڵکو، ئەوانەی پیاوی رژێم بوون، خۆیان پێشخستووە، داوای فەرماندەییش دەکەن.. بارەکە زۆر ئاڵۆزەو مەترسی تێکدان لە ناوەوە زۆرە.

## 1991/7/16

ئەمڕۆ بەیانی سەردانی باسترمەمان کرد بۆ پرسەی خزمێك، کە گەڕاینەوە لە نزیك ماڵەوە چاومان بە حاجی برایم و خەلیلی کوڕی کەوت و نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد و پاشان کاك مومتاز لەگەڵ حاجی

برایم گەڕانەوە هەولێر.

ئێوارەی 7/16 کاك بارزان هاتەلام و پێکەوە چووینە سەردانی کاك فارس باوە، بەڵام لەماڵ نەبوو و لە دەرەوە چاومان پێك کەوت، پاشان ئەوانم بەجێ هێشت، بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە، کە لە ڕێگا چاوم بە دوو هەڤاڵی باکوری کوردستان کەوت و پێیم گوتن، کە: ماڵەکەم لە تەك کتێبخانەی شانۆیە، دەتوانن بێن بۆ لام، پاشان چاوم بە کاك ناسری ڕەزازی هونەرمەند کەوت و پێکەوە چووینە ماڵەوەیان بۆلای مەرزیە و منداڵەکانی، تا سەعات 9:30 لای ئەوان بووم، کە گەڕامەوە ماڵەوە، کاك موراد جوان و کاك ئەحمەد و برادەرێکی تر هاتنە لام، باسی هەندێ بارودۆخی کوردستانم بۆ کردن و ئەوانیش بۆچوونی خۆیان خستەڕوو، کە بۆچوونەکانمان بۆ بارودۆخەکە زۆر نزیك بوو.. تا سەعات 11:30 لەلام بوون، دوایی گەڕانەوە بۆ هوتێلی کۆشکی میدیا- بارەگای لقی دووی پارتی بوو.

## 7/17

لە کاتژمێر 8:30 هاوبیرییێکی پاسۆك بە دوای کاك مومتاز هات، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا لە هەولێرەوە نەگەیشتبوو، گەڕایەوە، دیارە مومتاز دەبووایە بەشی دووەمی موحازەرەکەی بۆ کادیرانی پاسۆك ئەو ڕۆژە تەواو بکات، بەڵام کاتژمێر 9:30 گەیشتە شەقلاوەو گوتی باری هەولێر ئاڵۆزە و دزی زۆرە، بۆیە پێویستە بگەڕیمەوە هەولێر، لەبەر ئەوەی بڕیار بوو، منیش بچمە هەولێر، بۆیە منیش بڕیارمدا هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەوان بچمە هەولێر...

ئێوارەی 7/17 لە شەقلاوە بەڕێ کەوتین بۆ هەولێر کە 14 ساڵ

لەمەوبەر بۆ دواجار هەولێرم دیبوو.. لەوکاتەی لە شەقلاوە بە ڕێکەوتین، لە ناخەوە دوودڵ بووم، لە لایەك زۆر ئارەزووی بینینی هەولێرم دەکرد، لەلایەکی تر مەترسی ڕژێمم بوو، نەك هەر بۆ خۆم، بەڵکو بۆ ئەوانیش..

هەستێکی سەیر شڵەژاندمی.. کە لە کۆڕێ دەرچووین و گەیشتینە یەکەم سەیتەرە (بازگە)ی دەوڵەتی عێراق، ڕووبەڕووی لەشکری بەغدا بووم..

چونکە کۆڕێ هێلی نێوان دەستەڵاتی بەرەو حکومەت بوو. زۆرم پێ سەیر هات، کە منێکی ئەوەندە دوژمنداری ڕژێم دەکەم، ئێستا بەپێی خۆم هاتوومەتە بەردەستی ڕژێم.. لە سەیتەرەی کۆڕی دەربازبووین و گەیشتینە سەلاحەدین، لە ڕێگادا چەندان تانك و ماشێنی عەسکەری شکاو و تێك شکاوم بەرچاو کەوت، کە لە سەلاحەدین تێپەڕین و بە لۆفەکانی پیرمام دەهاتینە خوارێ.. دڵەکوتەم بوو، چونکە چەندان ساڵ بوو، خەونم بەوە دەدیت، کە بە ئازادی، جارێکی تر بەو لۆفانەدا بەرەو هەولێر شۆڕببمەوە.. ئەوە، ئەو ئاواتەشم هاتەدی.

لە ڕێگادا مومتاز و منداڵەکانی باسی کۆڕەوەکەیان بۆ دەگێڕامەوە، کە چۆن لە ڕۆژانی 3/31و تا 1991/4/1، ڕێگاکە جمەی لە خەڵکی ڕاکردوو دەهات و چۆن کۆپتەرەکانی ڕژێم گوللە بارانی دەکردن، لە ڕێگادا چەندان کەس کوژران و شوێنی قەبرەکانیان نیشاندام، لە شوێنێکدا گوتیان: ئەو ماشینە شکاو و سووتاوە دەبینی، بنەماڵەیەك هەموویان پێکەوە کۆپتەر دەستڕێژی لێکردن و هەموویان لەژێر بۆدی ماشینەکەدا نێژراون..

تا لە شار نزیك دەبووینەوە هەستەکەم دەگۆڕا.. باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد کەوا من جارێکی تر بەوشێوەیە چاوم بە هەولێر بکەوێتەوە، چەند کیلۆ مەترێك ماوە بگەینە شار... هەولێر زۆر گەورە بووە، هەندێ

شوێن و شەقام و ناوچەی تێدایە، من خەونیشم پێوە نەدەدی، شەقامی 60 مەتری، 100 مەتری.. پیشەسازی، رووناکی، کانی، خەبات، موفتی.. هتد. لە ئازادی (گەرەکەکەمان) نزیك بووینەوە.. ئەوە گەیشتینە بەر دەرگای ماڵەوەمان..

سەعات 5 و چەند خولەکێك بوو گەیشتینە ماڵەوە، کاك مومتاز یەکسەر تەلەفۆنی بۆ سەید مەولود بێخاڵی کرد، کە من هاتووم بۆ هەولێر و هەروەها بە تەلەفۆن ئاگاداری کاك حەمەدەمین پێنجوێنی کرد.

ئێوارە کاك سەید مەولود و کاك تاریق جامباز پێکەوە هاتنە لام و ئاگاداریان کردین، کە باری شار زۆر ئاڵۆزە، نزیکەی هەزار کەس خۆپێشاندانیان کرد و داوای هەرزانکردنی نان و خواردەمەنی دەکەن و بەرەو پارێزگا رۆیشتن، پێشمەرگە هەوڵیان داوە خۆپیشاندانەکە هێمن بکەنەوەو ئاشتیانەبێت، بەڵام ئەمن ئاگری کردۆتەوەو پێشمەرگەش دەستڕێژی کردوەو شەڕ دەستی پێکردووە.. لەشکر بە هاوەن و تۆپ شاریان دا بەر گوللە تۆپ و پێشمەرگەش لە قەڵای هەولێرەوە، بە قازیفەو ئارپیجی- پارێزگاو ئۆردوگایان دایە بەر گوللە.. شەڕ لە کاتژمێری 6 ئێوارە تا 11:00 شەو بەردەوام بوو، بەپێی دەنگوباسی نێو شار، کە خۆم لەوێ بووم کوژراوەکانی خەڵك لە (30) کەس پتر بوو، بریندارەکان نزیکەی (100) کەس دەبوو. دیار نییە چەند ئەمن و سەرباز کوژران..

خەڵکی هەولێر پارێزگایان گرت، لەگەڵ بارەگای ئەمن... هەر ئەو شەوە دکتۆر مارف خەزنەدار و کاك حەمەدەمین پێنجوێنی هاتنە لام، هەرچەند تەقە هەر هەبوو.

## 1991/7/18

سەر لە بەیانی من و کاك مومتاز چووینە دادگا تا مەسەلەی وەکالەتی گشتی بکەم، کە گەیشتینە نزیك پارێزگا، ناوچەکە لەلایەن سەربازی دەوڵەتەوە داگیرکراوبوو، هەرچەند مەتریك سەربازێك وەستابوو.. ژمارەیەك لە خۆپیشاندانەکان بەرەو پارێزگا دەهاتن.. من و کاك مومتاز گەیشتینە بەر دەرگای دادگاو چاومان بە کاك شێروان حەیدەری کەوت.. کاك شێروان گوتی زووکەن، وەزع زۆر ئاڵۆزە.. من و مومتاز چووینە دایەرەی کاتب عەدل.. لەو کاتەی من وەکالەتەکەم ئیمزا دەکرد، گوللەباران دەستی پێکرد، گوللە بەسەر دادگادا دەهاویشترا، کارگێڕی دادگا رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، ئەوەمان تەواو کرد، هاتینە لای (کاتب عەدل) کچێکی گەنج بوو، بەڵام رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و دەیوست کارەکە بەجێ بهێڵێ، مومتاز پێی گوت تکایە ئەو وەکالەتەمان بۆ پەسەند بکە، کچەش لە کەریدۆر، کاغەزەکەی ئیمزا کرد.. گەڕاینەوە ماڵەوە عەسرێ سەرەکی ماڵی کاك ساڵح و بەختیار و پاشان و دوکتۆرە شوکریەمان دا، ئێوارەکەی چووینە ماڵی حاجی برایم و نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد.

7/19 سەرلە بەیانی چوومە قەبرستانی مەلا حەیدەر، کە قەبری خوشك و براو دایکم لەوێ یە، نیوەڕۆ بانگهێشت کرابووین بۆ نانخواردن لە ماڵی خوشکەکانی کاك فەهد گردەوانی سامیە، وەهبیە، روناك و بەیان و دایکی فەهد. لە کاتژمێر 1:10 تا چواری ئێوارە لە ماڵی ئەوان ماینەوە، پێش ئەوەی بچینە ماڵی خوشکەکانی فەهد، چووم سەردانی هاوڕێم بەکر کاکیم کرد.

ئێوارە کاك شێروان حەیدەری و کاك ساڵح هاتنە لام. کاتژمێر 6:00 حەوتوانەی ئاسۆی خوارزام و شیلانی خێزانی بوو.. کاتژمێری 8:00

**من و مومتاز و بەختیار چوینە ماڵی نازەنینی خوشکم، ماڵەکەیان جمەی دەهات لە کچ و کاڵ و ژن، بەجلی رەنگاورەنگ و گۆرانی و هەڵپەرکێ.. دکتۆرە شوکریە رەسوڵیش لەناو میوانەکاندا بوو.. تا درەنگ دانیشتین، پاشان کاك حەیدەر هەمزەش هات.**

## 1991/7/20

**سەر لە بەیانی چووینە لیژنەی تەنسیق (کە لەنێوان حکومەت و بەرەی کوردستانی دا هەبوو) بەڵام کەسمان لەوێ نەدیت، دوایی چوینەلای دکتۆر ئەمەل حەنا، ددانێکم شکابوو، بۆی دەرهێنام و دوایی لەگەڵ مومتاز پێکەوە گەڕاینەوە ماڵەوە..**

**بۆ ماوەی سەعاتێك سەرێکی نازەنین و ئاسۆ و شیلانم دا، بۆ خواردنی نیوەڕۆ گەڕامەوە ماڵی مومتاز، ئاسۆ نانی نیوەڕۆی لەگەڵمان خوارد تا سەعات 3:30 ماوە، پاشان رۆیشت، منیش دوشێکم وەرگرت و نەختێك نووستم، کە لەخەو هەڵسام، کاك حەمەد ئەمین پێنجوێنی ئاگاداری کردین، کە لە سلێمانیش راپەڕین بووەو پێشمەرگە و جەماوەر دەستیان بەسەر شاردا گرتووە، پتر لە (200) کەس کوژراوە.**

**ئێوارە رادیۆی "دەنگی گەلی کوردستان"ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە درێژی باسی رووداوەکانی هەولێر و سلێمانی کرد. بەپێی دەنگوباسی رادیۆ لە سلێمانی لە (10) پێشمەرگە پتر و (100) کوژراو هەیە، هەروەها (280) سەربازی کوژراو هەیە، لەگەڵ (2500) سەرباز و (70) ئەفسەریش بەدیلگیراون..**

**شەو لەگەڵ مومتازی برام باسی هەندێك لە نووسەر و ئەدیبانمان کرد، کە چۆن بە هێمنی خزمەتی بەعسیان دەکرد، جا بە نووسینی**

راپۆرت و یاخود هەڵسەنگاندنی کتێب و رووداو، یا بەشێوەیەکی تر.. بەڵام هەندێکی تر بە ئاشکرا کاریان لەگەڵ دەکردن، هەندێکی تر بە نهێنی بۆ ئەوە خەڵك پێیان نەزانێ..

مومتاز باسی کابرایەکی بۆ کردم کە ناوی (أبو عەلا) بوو و بەرپرسیاری ئەمنی شیمال بوو، کە ئەو کەسە پەیوەندی لەگەڵ دەکرد، بەڵام رۆژێك داوای لێ نەکرد ببێتە ئەندامی بەعس، بەڵکو دەیویست سوودی لێ وەرگرێ و چۆن لە رەفتاری رۆژانەی دا سوود وەرگرێ، کە پتر خزمەت بکات و هەستی خەڵکیش بریندار نەکات، ئەو مرۆڤە دیارە دکتۆرای دەنووسی، پێویستی بە سەرچاوە هەبوو.. بە قسەی مومتاز، کە خۆی دوور راگرتووە لە هاوکاری نووسینی وتار لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی دەوڵەت.. دەستگیر کردنی ئاسۆ و حەمەی (خوارزامان) و حوکمدانی ئاسۆ بە (ئیعدام) و پاشان حەمەی برای بە (20) ساڵ، دەردێکی زۆری مومتازیان داوە. ئاسۆ لەلایەن دکتۆر محەمەد عەقراوی بەگرتن دراوە، لە کاتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ (ئاڵای شۆڕش) لەنێو شاردا.

## 1991/7/21

ئەمڕۆ یادی شەهید کردنی کاك جەمال حەیدەری– برامانە، هەر ئەمڕۆش دەوڵەتی عێراق لێبوردنی گشتی بۆ راکردووە سیاسیەکان و دەستگیر کراوە سیاسیەکان دەرکرد، جگە لە ئەفسەرەکان.

واتە بەپێی ئەو بڕیارە، لەو رۆژە دەبووایە هەموو بەرهەڵستکارانی سیاسی لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق سەربەست بکرێن. نازانم بەرەی کوردستانی و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن چۆن ئەو بڕیارە هەڵدەسەنگێنن؟

باری ئێمەش کە هاوولاتی دەرەوەین چۆن چارەسەر دەکرێ.. ئێستاکە ئەو دێڕانە دەنووسمەوە کاتژمێر (12)ی شەوی 21-22/7/ 1991ە.

## 1991/7/22

ئەمڕۆ لەگەڵ چەند کەسێك، باسی رووداوەکانی 3/31 یان دەکرد، کە لە رێگادا لە کۆڕەوەکەدا، چۆن فڕۆکەکانی رژێم دەستڕێژیان لەخەڵك دەکرد و کە چەند بنەماڵە تووشی کارەسات و مردن هاتن.. باسی مامۆستایەکی کچیان کرد بە ناوی (لایقە) کە چۆن منداڵێکی بەر مەمکانی رزگار کردووە.. دەگێرنەوە، خێزانێك ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتە بەر دەستڕێژ، کە ئافرەتێك و دوو برای لەگەڵ دەبێ، دوو براشی لە پێشمەرگایەتی کوژرابوون، هەموویان دەکەونە بەر رێژنەی فڕۆکە، هەر دوو براکەی دەکوژرێ و خۆی دەکوژرێت، بەڵام منداڵێکی ساوای بەر مەمکانی دەبێ کە زیندووە رزگاردەبێ، دیارە کە مامۆستا لایقە دەگاتە سەریان ئافرەتەکە تەواو نەبووە و بۆیێ دەستی لە منداڵەکەی بەر نابێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەتەکە کاری لە کاران ترازابوو، مامۆستا لایقە منداڵەکە رزگار دەکات و داوا لە خەڵك دەکات و هەندێ ئاو لە قوڕگی منداڵەکە دەکات وەك ئەوەی باڵندەیەك ئاو بدات.. لە ئافرەتانی تر دەپاڕێتەوە، ئەوانەی منداڵی بەر مەمکیان هەیە، قومێك شیر بدەنە ئەو منداڵە، بەمجۆرە منداڵەکە لە مردن رزگار دەکات، ئێستا منداڵەکە لەلای ئەو مامۆستایە و لە هەولێر دەژییێت، دیارە ئەو برایانەی ئەو باسەیان بۆ گێڕامەوە، پاشان دەیان رووداوی تری جەرگبڕی وایان بۆ دەگێڕامەوە، بەڵام بە داخەوە لە توانام نەبوو هەمووی تۆمار بکەم، چونکە نەدەکرا، من هەر دانیشم ئەو رووداوانە بنووسمەوە، بەڵکو شەو دەگەڕامەوە

ماڵەوە، کە هەموویان نووستبوون، ئەوەی بۆیان گێڕاومەتەوە، ئەوەی لە یادم ماوە هەمووم تۆمار دەکرد. ئێستا کاتژمێری (12)ی شەوی 22-1991/7/23.

## 1991/7/23

بەپێی ئەو بڕیارەی لەلایەن حکومەتی بەعس دەرکرابوو، بۆ ئازاد کردنی گیراوە سیاسییەکان لە رۆژی 1991/7/21، ئێمە ئەمڕۆ چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە حەمەی خوارزام بەربێت و بگاتەوە هەولێر، بۆیە ئەمڕۆ هاتمە هەولێر، بەڵام تا 8/3 لە هەولێر مامەوە، حەمە بەر نەبوو.

ئێوارەی 8/3، کاتژمێر 7:45 گەیشتمەوە شەقلاوە، بەهیوا بووم بۆ کاتژمێر (6) بگەم بۆ ئەوەی بە کۆڕەکەی کاک فەرهاد شاکەلی رابگەم، بەڵام کە گەیشتمە هۆڵی هوتێل میدیا، فەرهاد وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، هەندێکیش لە بەشدار بووەکان تێبینی خۆیان لەسەر قسەکانی فەرهاد دەردەبڕی، لەوانە کاک شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس و کاک مەریوان وریا قانیع، بە توندی ئەوەیان رادەگەیاند، کە ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن سوودیان لەوە وەرنەگرتووەو ئاشنایەتیان لەگەڵ رێبازە ئەدەبیەکانی تازە کەمە، یاخود خوول لەنێو جغزێك دەخۆنەوە.. پاشان چاوم بە مامۆستا سەعید ناکام و مەحمود زامدار کەوت، لە وەڵامی پرسیارێك کاک فەرهاد گوتی: زۆربەی ئەو کەسانەی دەیانناسیٚ تا سەدام مابیٚ ناگەڕێنەوە کوردستان، ئەگەر رێکەوتنیش لەگەڵ میری بکریٚ، بەڵام ئەوە (9) ساڵە سەدامیش نەماوە، _ بەڵام کاک فەرهاد هەر

نەگەڕاوەتــەوە کوردســتان- 23/11/2011 _، دوای تــەواو بــوونی لــە کۆڕەکە من لەگەڵ کاك بارزانی مەلا خالید پێکەوە گەڕاینەوەماڵی من.

## 8/4 ئەمڕۆ یەك مانگی تەواوە لە کوردستانم

دوێـنێ شـەو عەقیـد (د) ئاگـاداری کـردم، کـە لـە بارەگـای یـەکێتی نیشـتمانی کۆبوونەوەیـەك کـراو یـەکێتی هێزەکـانی خـۆی کردۆتـە سـێ لەشـکر و بـەپێی لێپرسـراوێکی یـەکێتی هێزەکـان دەگاتـە (69) هـەزار چەکدار.

. خەڵکی گلـەیی لـەوە دەکـەن، کـە یارمەتیـەکی زۆر دەگاتـە ناوچـەکە، بـەڵام زۆربـەی دەفرۆشـرێ، ناگاتـە ئـەو خەڵکـەی، کـە پێویسـتیان پێـی هەیـە، دەدرێتـە هەنـدێ خـزم و کەسـی سـەرکردەکان، یـاخود دۆسـتانی هەندێ لایـەن، کـە لەوانـە هەندێکیان پێویستیان پێی نییـە، هـەروەها تـا ئێستاش کەلوپەل و کەرەستەی دەزگاکانی حکومەت بە بەردەوامی بـۆ ئێران ڕەوانە دەکرێ.. تا ئێستاش هەر باس باسی فرۆشتنی بێخمەیە.. هــەروەها خــەڵکی لــە هەنــدێ ڕەفتــاری پێشــمەرگە ناڕەزاییــان هەیــە.. هێزەکان لە نێو خۆیان تەبا نینـە، یـەکێتی و دۆستەکانی بە جۆرێك کـار دەکـەن و پـارتی بـە جـۆرێکی تـر.. کـە لەگـەڵ هـەر لایـەك باسـی یـەکێتی ریزەکــان دەکــەی و پێویســتە بیپارێزیــت، بــۆ تۆمــەتی نەپاراســتنی یەکڕیزیەکە، هەر یـەك ئەوەکـەی تـر تاوانبـار دەکـات و دەیخاتـە ئەسـتۆی لایەنی تر..

ئــەمڕۆ ئێــوارە تیپــی شــانۆی راســتی، کــە هــەموویان لاون و بــەبێ

یارمەتی لایەك و هێزێك، شانۆگەری (کێ تاوانبارە؟ کێ شێتە؟) لە نووسین و دەرهێنانی کاوە کەریم شێرە پێشکەش دەکات.

شانۆگەرییەکە لەبەر بێ پارەیی و یارمەتی، هونەرمەندان و ئەکتەرەکان نەیانتوانیوە مۆسیقاو میکیاج بکەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، لاپەڕەیەکی تاوانی رژێمی بەعس نیشان دەدات. شانۆگەرییەکە بە خۆپیشاندان دەست پێدەکا و هاوار دەکەن.. نامانەوێ.. بڕوخێ.. چەند تێکۆشەرێك دەستگیر دەکرێن لەوانە: پارێزەرێك، پزیشکێك، هونەرمەندێك و دوو کچ و چەند کەسی تر.. پیاوانی رژێم هەوڵ دەدەن بیانکڕن، یەکێکیان خۆی دەفرۆشێ و دەڕوخێ، بەلاّم ئەوانی تر، هەڵوێستیان ئازایانە دەبێ، بە تایبەتی کچەکان و روناکبیرەکان.. باسی رژێمی داگیرکەر و باسی ئازادی کوردستان دەکرێ.. کۆتایی شانۆگەرییەکە بەوە دێ.. جەماوەر رادەپەڕێ دژی رژێم، دەستگاکانی رژێم دەڕوخێن و بە خەڵك رادەگەیەنن کە نابێ: بەعس لە کوردستان بمێنێ.

- زۆر بەداخەوە، تائێستا زۆرێك لە پیاوانی رژێم، کە ناوی پێشمەرگەیان لێنراوە، هەموو دەستەلاّتێکیان هەیە، خۆیان و چەکدارەکانیان دەسوڕێنەوەو دەیان بارەگایان بۆ کراوەتەوە، سوودیان لە تالاّنی و دەستگاکان و خانووی خەڵك وەرگرتووە، جگە لە فرۆشتنی ماشینی (ئوتۆمبێل) و قاچاغچیەتی، زۆبەی پێشمەرگە کۆنەکان، ماوەی چەند مانگێکە مووچەیان وەرنەگرتووەو باری ژیانیان زۆر خەراپە، هیچ جۆرە کاسبییەك نەماوە، جگە لە قاچاغچییەتی، ژیان زۆر گرانە- دەربارەی گرانی ژیان و پێداویستیەکان من لە وتارێك دا کە لە ژێر سەردێڕی "سەردانێکی کوردستان" کە لە ژمارەی (75) گۆڤاری بەربانگ

ساڵی 1991 بڵاو کراوەنەوەم لە کوردستانەوە و دەقی وتارەکە لەو بەشەدا بڵاو دەکرێتەوە، بۆیە، لێرەدا نامەوێ درێژە بەو خاڵانە بدەم.

ئەوەی شایانی باس بێت، بە دەفتەری یادداشتەکانم گەڕام، هیچ نووسینێك دەربارەی رۆژانی 8/5-8/14م نەدۆزیەوە، تەنیا پێنج دێڕ نەبێ کە تێیدا هاتووە، کە لە هەولێر بووم، چاوم بە کاك بەکر کاکی، عەبدوڵڵای ئیبراهیم، تاریق جامباز، سەید مەولود بێخاڵی و د.مارف خەزنەدار و کاك قادری مەلا ئەحمەدی دەرگەڵەیی و دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد و د. شێرزاد ئەحمەد نەجاڕ و مامۆستای هونەرمەند محەمەد عەلی عارف کەوتووە، لەگەڵ هەندێ لە خزمان.

ئەم شەو، 2011/12/23 کە ئەو بەشەی بیرەوەرییەکانم ئامادە دەکەم، بەپێویستم زانی لەسەر ئەو دۆست و هاورییانەم چەند دێڕێك بنووسم، چونکە سێیان ماڵئاواییان کرد و تەمەن درێژی بۆ ئەوانی تر دەخوازم.

من لەگەڵ هاوڕێم بەکر کاکی لە ساڵی 1956-ەوە یەکتریمان ناسیوەو زۆر دۆست بووین، بەکر ئینسانێکی زەحمەتکێش و دۆستێکی بەوەفا و قسە خۆش بوو تا پێش چەند ساڵێك، یەکتریمان دەدیت، بەڵام بەداخەوە نازانرێ چۆن مردووە، یا کوژراوە لە شوقەکەی خۆیدا، دەنگوباسی کاك عەبدوڵڵا نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم لە بەغدا دەژیاو جاروبارێ سەردانی ژن و منداڵەکانی لە هەولێر دەکرد، هەر جارێ بهاتبایە هەولێر چاومان پێك دەکەوت، بەڵام دوای روخانی سەدام دەنگوباسی نازانم.. کاك تاریق و مام سەید مەولود خوا تەمەنیان درێژ بکات لە هەولێر دەژین، جاروبار چاومان پێك دەکەوێ، بەتایبەتی لەگەڵ تاریق، بەڵام مام سەید

نەخۆش و پیرە، جارجارە سەری لێ دەدەم لەماڵەوە.

دكتۆر عەبدوڵڵا حەداد، ماوەیەك لە كۆلیژی پەروەردە و كۆلیژی زمان پێكەوە كارمان دەكرد، بەداخەوە ساڵی 2009 بە نەخۆشییەكی كتوپڕ كۆچی دوایی كرد، لە شوێنێكی تری بیرەوەرییەكانم باسم كردووە، ساڵی 2010 دكتۆر مارف خەزنەدار ماڵئاوایی لێكردین، دكتۆر مارف بە درێژایی تەمەنی خزمەتی ئەدەبیاتی كوردی كرد، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست، كە لە ژیاندا بوو قەدری نەگیرا، كاك دكتۆر شێرزاد ئەحمەد نەجاڕ و كاك قادر ئەحمەد لە ژیاندان تەمەنیان درێژ بێت، من لەگەڵ دكتۆر شێرزاد لە پەنجاكانەوە یەكتری دەناسین و هەروەها لەگەڵ كاك قادر ئەحمەد لە 1956 لە قۆناخی یەكی ناوەندییەوە..

## 1991/8/14

دوای گەڕانەوەم لە هەولێر بە چەند رۆژێك سەردانێكی رواندزم كرد، لەوێ چاوم بە دكتۆر جەرجیس حەسەن كەوت (د.جەرجیس لە مۆسكۆ مێژووی تەواو كردووە، لەنێو پارتی دا گەیشتە پلەی ئەندامی م.س)، هەروەها چاوم كەوت بە مامۆستا عەلی عەبدوڵڵای جێگری سەرۆكی پارتی و كاك فرانسۆ هەریری.. (لەگەڵ فرانسۆ لە ساڵانی پەنجاوە ناسیاویم هەبوو، بەداخەوە كە دوای دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە پارێزگای هەولێر، بەڵام بە دەستی تیرۆرستان تیرۆركرا)، پاشان سەردانی بارەگای حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستانم كرد و لەوێ چاوم بە كاك قادر عەزیز و ئەبوبەكر خۆشناو كەوت (كاك ئەبوبەكر بە ئەبوبەكر خۆشناو ناسرابوو.. ئەوكات لەگەڵ (ئاڵای

شۆڕش)بوو، بەڵام دوایی گەڕایەوە نێو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای راپەڕین کۆلیژی ئادابی تەواو کرد، ماستەر و دکتۆرای لە ئەدەبیاتی کوردی وەرگرت، شاعیر و وەرگێڕێکی باش بوو، زۆر بەداخەوە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد). لەگەڵ کاك قادر و ئەبوبەکر هەندێ باسی راپەڕین و تێکشکانەکەمان کرد، هەروەها باسی مەسەلەی یەکێتی چەپەکانمان کرد.

بۆ ماوەی دوو رۆژ لە ماڵی ئەکرەم حەیدەری پلکزام بوو، هەروەها سەردانێکی شێخ سلێمانی مستەفا ئەفەندیم کرد.. هەر لەو رۆژانەدا، چاوم بە کاك جەلال دەباغ و هاوڕێ کەریم ئەحمەد و هەندێ لە هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست کەوت.

. لەو ماوەیەدا، نامەیەکی کاك فەهد گردەوانیم لە سوێدەوە پێگەیشت هەواڵی گەڕانەوەی جوان و دایکی تێدا هاتبوو، کە دەگەڕێنەوە ستۆکهۆڵم، لە رێگای خوالێخۆشبوو کاك فارس باوە، وەڵامم بۆ فەهد، رەوانە کردەوە.

ـ لەو ماوەیەدا گوێ بیستی زۆر هەواڵ بووم، دەربارەی هەندێ لەوانەی بەر لە راپەڕین لەگەڵ بەعس کاریان دەکرد و خەراپەکارییان زۆر کردووە دژی خەڵك، بەڵام ئێستا چەك لە شان و رۆڵیان هەیە (سەر بە هەندێ لە هێزە سیاسیەکانن، بەتایبەتی ئاماژەیان بە چەند ناوێك دەکرد، کە پیاو کوژ و پێشمەرگە کوژ بووینە وەك فارس کەریم، رەفعەتی کوێخا عەبدوڵڵا (ئەبو کەرخی)، سینۆ (سلێمان) و ئەمین ناوێك، وەك دەیانگێڕایەوە کە فارس کەریم مستەشار بوو، بە سەدان لاوی گرتووە، لە ماڵەوە بەندیخانەی تایبەتی خۆی هەبووە، ئێستاش خاوەن هێزێکی گەورەیە لە ناوچەی رواندوز و حاجی ئۆمەران) یاخود سینۆ (سلێمان

عەبدوڵڵا) کە خەڵکی رواندزە، تاوانبارە و دەستی لە کوشتنی (12) کەسی خەڵکی رواندز هەیە، یاخود ئەمین نەجار، کە موستەشار بوو، دەستی لە کوشتنی دوو تێکۆشەری حیزبی کۆمۆنیست دا هەبوو. ناوی دەیان لەو جۆرەیان دەهێنا، بەداخەوە هەمووم نەنووسیوە..

لەو ڕۆوە، بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی (45)ساڵەی دامەزرانی.

## ڕۆژی 1991/8/15

ئەمڕۆ لەسەر داخوازی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، کۆڕێکم لەسەر کورد و کوردەلۆژی سۆڤیەت گێڕا.

بەر لە کۆڕەکە چاوم بە مەلا بەختیار کەوت، کە ئەوکات بەرپرسی "ئاڵای شۆڕش" بوو و بارەگایان لە شەقڵاوە هەبوو، مەلا بەختیار کە زانی کۆڕەکەی من لەسەر سۆڤیەتە، گوتی کاک جەمشید دیارە گفتوگۆمان دەبێت، گوتم فەرموو دوای کۆڕەکە بۆچوونی خۆت لەسەر کۆڕەکە بخە بەرچاو.. من کۆڕەکەم گێڕا، کە شاعیری لاو کاک نەوزاد رەفعەت بەڕێوەی دەبرد، دوای ئەوەی قسەکانم تەواو کرد، دەرگای گفتوگۆ خرایە سەرپشت، ژمارەیەک لەوانەی لە کۆڕەکەدا ئامادەبوون، قسەیان کرد، جگە لە مەلا بەختیار کە ئامادەبوو، بەڵام هیچ قسەی نەکرد. ئەوانەی بۆچوونی خۆیان خستە بەرچاو ماموٚستا: سەعید ناکام، د.عزەدین مستەفا رەسوڵ، د.کوردستان موکریانی، دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد، د.شوکریە رەسوڵ، کاک کاردۆ محەمەد و هەندێ برای تر کە ناویانم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەوەی منی نیگەران کرد، لەو کاتەی دکتۆر شوکریە هاتە قسە کردن، هەریەک لە دکتۆر کوردستان موکریانی

و دکتۆر جەمال رەشید، کۆڕەکەیان جێهێشت، من نەمدەزانی کە ئەوانە نێوانیان خەراپە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆڕەکە بۆ من سازکرابوو، نەك بۆ دکتۆر شوکریە.. نە دەبووایە بەم شێوەیە رەفتار بکەن.

دوای تەواو بوونی کۆڕەکە، لە هاتنە دەرەوە لە مەلا بەختیارم پرسی، کوا بۆ قسەت نەکرد؟! گوتی: چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد، وامدەزانی ئێستا بە سیاسەتی سۆڤیەتدا هەڵدەڵێی و مەدحیان دەکەی.

لەو ماوەی کە لە شەقلاوە بووم، کۆڕێکم بۆ برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان گێڕا لەسەر داخوازی کاك مەحمود محەمەد، کە ئەو کات کادیری لقی دووی پارتی بوو.

من تا 1991/8/22 لە شەقلاوە مامەوە، لەو کاتەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی گەڕانەوە شەقلاوە.

لە دوای 8/15 من خۆم ئامادە دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ سوێد، بەڵام بە پێویستم دەزانی تا بکرێ زانیاری دەربارەی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی و ئەنجامەکانی وەدەست بهێنم، هەروەها بتوانم روماڵی چالاکیەکانی رۆشنبیری یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە شەقلاوە لەلای خۆم تۆمار بکەم، بۆ ئەوەی کە دەگەڕێمەوە ستۆکهۆڵم هەگبەم پڕبێت..

لەو ماوەیەدا، ئەوەی پێم کرا لە کۆ کردنەوەی زانیاری چ دەربارەی گفتوگۆکان لە رێگای پەیوەندی کردن، بە لایەنە سیاسیەکان، سەردانی برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم کرد و لەگەڵ دکتۆر فوئاد لە هوتێلی شەقلاوە دانیشتم و هەندێ هەواڵ و بۆچوونی ئەوم وەرگرت، لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان و قادر عەزیز و هاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیست بە تایبەتی هاوڕێ عەزیز محەمەد دانیشتم. بێگومان توانیم

هەرسیٚ پرۆژەکەی نێوان بەرەو حکومەت وەدەستخەم، هەرچەندە بڵاو نەکرابوونەوە.

لە شەقلاوە بە رێکەوتم بەرەو دهۆك و لەویٚ لەگەڵ کاك ئەحمەد یونس، پێکەوە بەشداریمان لە ئاهەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، کە لە نزیك ئامێدی سازکرا و گۆرانی بێژی باکوری کوردستان (شیرین) تێیدا ئامادە بوو و کاك فازڵ میرانی لە ئاهەنگەکەدا ئامادە بوو، دوو رۆژێك لە دهۆك و ئامێدی بووم، پاشان بەرەو تورکیا بە رێکەوتم، کاك بڵندی کوڕی کاك ئەحمەد تا سەرسنوور لەگەڵما هات.

من لەبەر ئەوەی لە رێگای سۆڤیەت هاتبوومەوە، وتم: هەر بە هەمان رێگادا بگەڕێمەوە، لە ئیبراهیم خەلیل پەڕیمەوە (لەسەر پردەکەی نێوان باشوور و باکوور) بۆ سلۆپی و لەوێوە من بڕیارمدا بچمە دیار بەکر بۆ دیتنی هەندیٚ دۆست و هاوڕیٚ.. لە دیاربەکر بەرەو شاری سارپ کەوتمە ڕێگا (وەك لە شوێنێکی تریش ئاماژەی پێکراوە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و سۆڤیەت، رۆژی 1991/8/28 گەیشتمە سنوور، بەڵام کە لە تورکیا دەرچووم و پاسپۆرتم مۆر کرا، لایەنی سۆڤیەتی رێگایان نەدامیٚ بە سۆڤیەتدا بگەڕێمەوە، چونکە رایانگەیاند کە دەرگای سنوور ئێستا تەنیا بۆ رووس و تورکەکانە، هەرچەندە من ئاماژەم پێکرد کە لەو سنوورە دەربازی تورکیا بویمە، گوتیان بڕیارەکە نوێیە.

من ناچار بووم بگەڕێمەوە تەرابزوون، چونکە گەمی لەوێوە بۆ ئۆدیسا هەیە، من ڤیزەی سۆڤیەتیم هەبوو.. پێویست بوو لە ترابزوونەوە بچمە بەندەری- پۆتی، کە گەمیەکانی لیٚ رادەوەستاو بەرەو ئۆدۆیسا دەڕوات.

## 1991/8/29

لـە بەیانیـەوە خـۆم ئامـادە دەکـەم بـۆ ئـەوەی بـەرەو (پـۆتی-یـپتی) بەڕێکـەوم، گوتیـان کـات (10)ی بـەیانی، مـن ئامـادەم، بـەڵام تـا ئێسـتا (12:30) زۆربـــەی ڕێبوارەکـــان نەهاتوونـــە، زۆربـــەی پەســـاژێرەکان (ڕێبوارەکان) ژنن، هەموویان کەلوپەلی کە لە سۆڤیەت چەنگ ناکەوێ، لە بازاڕی تەرابزوون دەفرۆشن و بە بڕە پارەیەکی کـەم- فلیمـی ئـەڵمانی بـە (1000) لیرە- ئەو دەمـە دەیکـردە نیـو دۆلاری ئـەمریکی، یـاخود کاڤیـار (هێلکەماسی) بە دوو دۆلار، چ نافرۆشن.. نازانم خۆیان دەفرۆشن یاخود نا؟!

لێـرەدا هــەموو شــتێك دەکــڕدرێ و دەفرۆشــرێ.. کــات 12:30 لــە ترابزوون بەرەو (پۆتی) بەڕێکەوتین، بەڵام لەبەر بەرزی هەواو شەپۆلی دەریا، گەمی نەڕۆیشت.. لە بەندەرەکە ناسیاویم لەگەڵ خوێنـدکارێکی تـورك بـە نـاوی (حیلمـی) لەگـەڵ کـوڕێکی ئـەمریکی پەیـدا کـرد، کـە هـەر دووکیان بەرەو ئەستەمبۆڵ دەگەڕانەوە، لەگەڵ ئەوان ڕێکەوتم منیش بە (پاس) بگەڕێمەوە ئەستەمبۆڵ و لەوێوە بگەڕێمـەوە سـوێد.. ئێـوارە کـات (7:55) بەرەو ئەستەمبۆڵ بەڕێکەوتین.

کــات 12 شــەوی 29-1991/8/30.. شــاری سەمســۆنمان بــەجێ هێشت بەرەو ئەستەمبۆڵ.. ئێستا کـە بیرەوەرییـەکانم تۆمـار دەکـەم کـات 6:14ی بەیانییە ڕۆژی 1991/8/30، ئەمشـەو چـەند جارێـك لـە ڕێگـادا وەسـتاوین بـۆ چـا خـواردنـەوە، یـاخود لەبـەر ئەوانـەی کـە نوێـژ دەکـەن.. شـەو لـە ڕێگـادا دەخـەوتم، بـەڵام خەوەکـەم پچـڕ پچـڕ بـوو، زۆر بـیرم لـە ڕووداوەکانی کوردستان دەکردەوە، کـە پێویسـتە راسـتگۆیانە لـە سـوێد باسیان بکەم و لە ژێر ناوی (چیم دی، چیم بیست و چیم زانی).

پێویستە باسەکەم ئەو خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرێ:

1. بارودۆخی راپەڕینەکە و رۆڵی جەماوەر و هێزەکان لە رزگار کردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

2. باری ناوەخۆ دوای رزگار کردن.

3. لێبوردنی هێزەکانی سەر بە رژێم (واتە جاشەکان).

4ـ کردنەوەی بارەگا و راوڕووت کردن لە شارەکان چ لەلایەن خەڵکی کورد یاخود لەلایەن هێزەکانی (حرس الجمهوری) گاردی کۆماری.

5. ژیاندنەوەی ئاغایەتی، خەریکی میوانداری دەوڵەمەند و جاشەکان.

6. شوراکان.

7. تێکشکان و هۆیەکانی.

8. خۆڕاگرتنی کۆرێ و ئەزمەڕ.

9. گفتوگۆی نێوان رژێم و بەرە.

10. هەڵوێستی هەر لایەك لە گفتوگۆ.

11. گفتوگۆ و پرنسیپەکانی.

12. پرۆژەی دەوڵەت و دەستەی نوێنەرایەتی بەرە.

13. ئاستەنگ و تەگەرە لەبەردەم گفتوگۆدا.

14ـ سوود وەر نەگرتن لە بارودۆخی ناوچەی ئازاد کراو و نەبوونی دەستگای دەوڵەت.

15. هەزار رەحمەت لە کفن دزا!.

16ـ سەرکردەکانی کورد وەك تەلەفۆنی گشتی (عمومی) بێ پارە کار ناکەن.

17. تالانکردنی کوردستان و شکاندنی ناردنی ئامرازی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئێران.

18. جێ بەجێ نەکردن و پەیڕەو نەکردنی بەرنامەو بڕیارەکانی بەرە.

19– تابووری پێنجەم.

20ـ زۆر بـوونی بارەگـا و نـەبوونی گیـانی بـەرەیی لـەنێوان ئەنـدام و جەماوەری هێزە دەستەڵاتدارەکان.
21. داوای میللەت – یەکێتی ریزەکان..
22. دوژمن کار دەکا و ئێمە خەریکی تاڵان و گیرفان پڕکردنین.
23. دوژمن خۆی رێك دەخاو پەیوەندی بە جاش و پیاوەکانی گرێداوە. ئێمەش...
24. ئاسۆی دوای رێکەوتن.

## 1991/8/30

کـات 11:00 گەیشـتینە ئەسـتەمبۆڵ، لەگـەڵ حیلمـی (خوێنـدکاری بەشی فەلسەفە بوو لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ کە هاوڕێگابووین) چووینە ماڵەوەیان.. دایکی بە تەنیا بوو، گوتی من چاوەڕوانم نەدەکرد، کەس بێت، بۆیە دەبێ بەو خواردنە رازی بن کە هەیە: ماکە رۆنی؟ یا برنج؟ ئێمە هەرسێکمان (حیلمی و کوڕە ئەمریکی یەکە و من) گوتمان (برنج).

مـن نـازانم چ دەکـەم، بـۆ کـوێ دەچـم، کـەی بلیـت دەکـڕم.. هـەردوو هاوڕێکانم گەنجن تەمەنیان 25–26 ساڵی یە، بەڵام زۆر ماندوو دیارن، هەرچەندە تەمەنی من بە قەدەر تەمەنی هەردووکیانە، بەڵام وا هەست دەکەم، کە لە هەردووکیان خۆڕاگرتر بم.

## 1991/8/31 ئەستەمبۆڵ

دوێنـێ کـات (17) چاوم بـە مامۆسـتا محەمـەد عـەلی ئەسـڵان کۆنـە سـەرۆکی پـارتی کارگـەرانی تورکیا کـەوت. پێویسـتە بڵێم من دوای نـان خـواردن لەگـەڵ حیلمـی و برادەرەکـەی بـە تەلـەفۆن پەیوەنـدیم بـە کـاك

محەمـــەد عـــەلی ئەســـلان کـــرد، دەرکـــەوت ماڵەکـــەیان زۆر لـــە مـــاڵی (حیلمی)یـەوە دوور نـەبوو، چـوومە ماڵـەوەیان. نزیکـەی چـوار کاتـژمێر پێکـەوەبووین.. لەسـەر بـاری سیاسـی کوردسـتانی تورکیـا دوایـن.. ئـەو دەیگۆت لە باری ئێستای تورکیادا کە نیمچە دیموکراتیەت هەیە، دەکرێ بزووتنـــەوەی کـــورد ســـوودی لـــێ وەرگـــرێ- ئـــەویش بـــە دامەزرانـــدنی پـــارتێکی دیمـــوکراتی (کـــوردی- تـــورکی) کـــە مەســـەلەی کـــورد بخاتـــە پرۆگرامـی خـۆی و ئەنـدامی پارتـە کوردییـەکان وەرگـرێ وەك تـاك، نـەك رێکخـراو.. لـە هـەمان کاتـدا، لەبـەر ئـەوەی فشـار و تـیرۆر هەیـە، پارتـە نهێنیـەکان درێـژە بـە خـەباتی خۆیـان بـدەن.. هـەروەها بـوونی خـەباتی چەکداری، هیچ رێگا لەبەر دەم ئەو خەباتە ناگرێ، بە مەرجێك رێکخـراوە نهێنیەکان هێرش و پەلامار نەکەنە سەر رێکخراوە ئاشکراکان و نەخوازن رێبـازی خۆیـان بەسـەریاندا بسـەپێنن، لـە هـەمان کاتیشـدا، رێکخـراوە ئاشـکراکان خۆیـان دوور بخەنـەوە لـە هێـرش و قسـەکردن دژی هێـزە نهێنیەکان... رەخنەگرتنیش لە هەندێ هەڵوێست و بۆچوونی هێزەکان، دژایـەتی ناگەیـەنێ.. هـەروەها ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە بـوونی رێبـەری هێزەکـان لـە دەرەوەی وڵات، هـیچ سـوودی نییـە، چـونکە ئـەو دەنـگ و باسـەی پێیـان دەگـات، پـڕە لـە کـەم و کـوڕی و ناتـەواوی، بۆیـەش لێکدانەوەو ئەنجامەکانیشی تەواو دەرناچێ. پێویستە ئەو رێبەرانەی لە دەرەوە دەژیـن، لـەژێر سـەرکردایەتی رێکخراوەکـانی نـاوەوە کاربکـەن و رێنمـایی لەوانـە وەرگـرن، نـەك بـە پێچـەوانەوە.. مـن لەگـەڵ زۆربـەی بۆچوونەکانی محەمەد عەلی ئەسلان بووم.. کات 21:00 منی گەڕاندەوە ماڵە خانەخوێیەکەم.. چاوپێکەوتنەکەم سەرکەوتوو بوو.

## 1991/9/1- ئەستەمبۆڵ

من کاتی خۆی، واتە بەر لە گەڕانەوەم بۆ کوردستان، لە ڕێگای کاک فارس باوە، تەلەفۆن و ناوونیشانی دکتۆر خدری حاجی تەهام وەرگرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە گەڕامەوە کوردستان، بە ئەستەمبۆڵدا نەهاتم، پێویستم بەوە نەبوو پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام ئێستا کە گەڕانەوەم بۆ سوێد، بە ناچاری دەبوایە لە ڕێگای ئەستەمبۆڵەوە بەرەو سوێد بگەڕێمەوە، لە ئەستەمبۆڵیش من تەنیا دوو ناوونیشانم هەبوو، یەکیان مامۆستا محەمەد عەلی ئەسلان، ئەویتریان د.خدری حاجی تەها.. دوای دیتنی مامۆستا محەمەد، پەیوەندیم بە دکتۆر خدر کرد، کە لە شەستەکانەوە لە ئەستەمبۆڵ دەژیا و پزیشکی منداڵان بوو و هەر لەوێش ژنی هێنابوو، من کاتی خۆی لەگەڵ دکتۆر خدر پێکەوە قوتابی بووین، بەڵام پتر لە (28) ساڵ بوو چاومان پێك نەکەوتبوو.. زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کردم و لەگەڵما هات بۆ کڕینی بلیتی پاس لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ میونیخ (میونشین– ئەڵمانیا)، شەو لە ماڵی دکتۆر خدر خەوتم، بەڵام جانتام لە عیادەکەی بەجێ هێشت، هەر لە عیادەکەی ئەو تەلەفۆنەم بۆ دایکی حەیدەر کرد و ئاگادارم کرد کە من لە ڕێگای ئەڵمانیاوە دەگەڕێمەوە، چونکە پارەی فڕۆکە زۆرە و لە توانامدا نییە، بەڵکو کرێی پاس لە ئەستەمبۆڵەوە تا میونیخ (100) دۆلارە، بەڵام نزیکەی (70) کاتژمێرە.

## 1991/9/2

بەیانی لەگەڵ دکتۆر هاتینە نێو شار، چووینە هوتێلی (تەورێز) و ژوورێکم لەوێ گرت، دکتۆر کات (11) ڕۆیشت، گوتی کات 13:36

دەگەڕێمەوە لات، بەڵام ئێستا کە ئەوە تۆمار دەکەم کات 15:10یە دکتۆر هەر نەگەڕاوەتەوە لام، بەڵام بە پێویستم زانی پێی بڵێم کە باری ماڵەوەم بینی، کاك دکتۆر– ئەوە ژیان نییە تێیدای، برا بگەڕێوە هەولێر.

کات 3:30 دکتۆر هاتە لام و پێکەوە چووینە بازاڕ هەندێ جلوبەرگم بۆ دایکی حەیدەر و جوانەو حەیدەر کڕی، هەروەها بۆ خۆشم بلوز و کراسێکم کڕی. ئێوارە لەگەڵ دکتۆر خدر پێکەوە نانمان خوارد، من پارەکەم دا، چونکە دوێنی ئەو پارەی نانخواردنی من و دوو برادەرەکەمی (حیلمی و ئەمریکی یەکەی هاوڕێی)دا.

ئەمڕۆ کات (17) بەرەو میونیخ بەڕێ دەکەوم.. پاس لە سەعات (17) لە ئەستەمبوڵ دەرچوو و بەرەو (سۆفیا– پایتەختی بۆلگارستان)، کات (10) شەوێ گەیشتینە سنووری تورکیا، ئێستا کات (10:50) خوولەکە چاوەڕوانی لە سنوور دەرچوونی دەکەین.

1991/9/3 ئێستا کات (12:24) لە گومرگی سنوور دەرباز بووین.

من لە دوای پەڕینەوە لە سنووری تورکیا، لە خاکی بۆلگارستان، پاس هەندێ وەستا لەوێ من (پەنیر و گوێزم کڕی) لەگەڵ خۆم بۆ سوێد بیهێنم، چونکە پەنیری بۆلگاری لە پەنیری وردی خۆمان دەچێ، تەنەکەیەك چوار کیلۆیی بە (5) دۆلار و نزیکەی (2) کیلۆ گوێز ئەویش بە (5) دۆلار.

رۆژی 9/3 کات (10:30) گەیشتینە پایتەختی یۆگۆسلافیا– بێلگراد، پاس لە کات (10:45) بەرەو شاری زاگرب (پایتەختی کرواتیا) بەڕێکەوت، نێوان بێلگراد و زاگرب (370) کم. لە ڕێگادا نانی نیوەڕۆم خوارد، دوای ئەوەی پاوەنی ئینگلیزیم گۆڕییەوە بە دیناری یۆگۆسلاف (ئەوەی شایانی باس بێت، پارەی یۆگۆسلاف پێی دەگوترێ دینار– 10

پـاوەنی ئینگلیـزی دەکاتـە 370 دینـاری یۆگۆسـلاڤی– نانەکـەم بـایی (270) دینار بوو.

کـات (16:10) واتـە چـوار و دەخولـەك، گەیشـتینە ناوەنـدی شـاری زاگرب. ئێستاکە کات (18)یە لـە وێستگەی بەنزین وەستاوین لـە نزیك سـنووری ئاوسـتریا (نەمسـا)، قـاوە دەخۆمـەوە و یادەوەرییـەکانی رێگـا یاداشت دەکەم، ئەو شەو بە خاکی نەمسا تێدەپـەڕین و بـەیانی دەگەینـە میونیخ و لەوێوە بۆ هامبۆرگ– کۆبنهاگنی– ستۆکهۆڵم.

لێرەدا بە پێویستم زانی هەندێ تێبینی لەسـەر یۆگۆسلاڤیا تۆمـار بکـەم، لـە سـنووری تورکیـاوە تـا دەگاتـە سـنووری نەمسـا، شـۆفێری پاسـەکە هـەر خـەریکی دابەشکردنی تەکـەی جگـارە (گڵۆس) و بوتڵی وێسـکی بەسـەر ئەفسـەر و پۆلیسـەکانی یۆگۆسـلاڤی، تـا ئاسـتەنگ نەخەنـە بـەر شـۆفێر و موسـافیرەکان– واتـە بـێ بـەرتیل دەربـاز نـەدەبووین، ئـەوەی شـایانی باسـە، پـۆلیس و ئەفسـەرەکانی سـەر سـنوور و رێگـای نێودەوڵـەتی بولگاریـا و یۆگۆسـلافیا بـەرتیل خـۆر بوون، بە چەند دانە پاکەتێکی جگـارە رازی دەبوون، وەك ئەفسـەری فرۆکەخانــەی دیمەشــق– ســوریا وابــوون، (گەنــدەڵی تەشــەنەی کردبوو..!!!).

کـات 18:45 گەیشـتینە شـاری مـاری بـوور و لـە کـات 19:08 گەیشتینە سنووری یۆگۆسلاڤیا– نەمسا.

کات 19:35 سنووری نەمسامان بڕی بەرەو شـاری ڤێنـا– پایتـەختی نەمسـا–، لـە رێگـادا بـە شـاری گـرۆس تێدەپـەڕین، کـە (47)کـم لـە سنوورەوە دوورە. ئێستا کاتژمێر بەکاتی تورکیا 19:42، بەڵام بەکاتی نەمسا دەکاتە 18:42.

**کاتــژمێر 12 شــەوی 3/4 مــانگی ئــەیلوولی 1991، پاســەکەمان گەیشـتە شـاری سـالزبێرگ، لـە نێوەنـدی شـار هەنـدێ لەوانـەی لـەنێو پاسەکەدا بوون، هاتنـە خـوارێ، پاشـان بـەڕێ کـەوتین بـەرەو سـنووری نەمسـا– ئـەڵمانیا.. لـەوێ پاسـەکە راوەسـتا، چـونکە بـۆی نـەبوو لـە سـنووری نەمسـا بپەڕێتــەوە، بــەڵکو دەبووایــە چــاوەڕوانی پاســێکی ئەڵمانی بکەین تا بمان گوازێتەوە بۆ میونیخ.**

## 1991/9/4

**ئێستا کات یەکی بەیانییە، لەسەر سنووری نەمسا– ئـەڵمانیا، ئـەمڕۆ 9/4 دەکاتـە (21) سـاڵی رەبـەق، کـە مـن لـە 1970/9/4– وە هاتوومەتـە ئەوروپا.**

**کـات (4)ی بـەیانی گەیشـتینە وێسـتگەی تـرێنی میـونیخ – لـە پـاس دابەزین.. من چووم نێو هۆڵی بلیت بڕین.. گوتیـان یەکـەم شـەمەندەفەر کات 6–ی بەیانی دەردەچێ بۆ هامبۆرگ، بلیتم کڕی.. چاوەڕانی کـاتی دەرچوونی شەمەندەفەرم کرد، بۆ خۆم گوێز و پەنیرم خوارد و جگـارە لـە دوای جگـارەم دەکێشـا.. تـا کـاتی شـەمەندەفەر هـات، شـەمەندەفەرەکە خێرابوو، چونکە وەك گوتیان نێـوان میـونیخ وهـامبۆرگ (600)کم، کـات 12:00 نیوەڕۆی 9/4 گەیشمە هامبۆرگ.**

**هامبۆرگ، یەکێکە لە شارە جوانـەکانی ئـەڵمانیا، هەرچـەندە ئـەڵمانیا شـاری جـوانی زۆرە– لایپـزگ، میـونیخ، درسـدتن، کـۆڵن، بـەرلین... هتـد، هەر یـەك لـەم شـارانە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، چ لـە بـواری کولتـووری، (مۆسیقا، ئەدەب، شانۆ، پەیکەرتاشی و هونەری شێوەکاری) مێـژوویی،**

بیناسازی و میعماری و پیشەسازیدا.

له وێستگەی ترێنی هامبۆرگ پرسیاری یەکەم شەمەندەفەرم کرد بۆ ستۆکهۆڵم، گوتیان: کات (17) هەیە و منیش بلیتم بڕی.. کاتم زۆر بوو، نزیکەی (5) کاتژمێرم ماوە هەبوو، بۆیە جانتاو کەلوپەلەکەم لە وێستگەکەدا خستە جێی تایبەت و خۆشم بە پیاسە بەرەو شار ڕۆیشتم.. ڕێگایەکم گرت تا بە هەمان ڕێگا بگەڕێمەوە وێستگە.. شارەکە گەورەیە و زۆریش قەرەباڵغە.. بە پارکەکاندا گەڕام و پاشان سەردانی قەبرستانێکم کرد، دیتم پەیکەری شاعیری گەورەی ئەڵمان (هاینا) ی لێ بوو، وێنەیەکم بۆ گرت و پاشان گەڕامەوە وێستگە و نانم خوارد.

کات (5)ی ئێوارە سواری شەمەندەفەربووم بۆ دانیمارك.. لەنێوان دانیمارك و ئەڵمانیا دەریا هەیە. پێویستەشەمەندەفەر (ڤارگۆنەکان) بچێتە نێو پاپۆڕی نێوان هەردوو دەوڵەت، نایەتەوە یادم، کات چەند بوو، بەڵام دەزانم ئێمە لەنێو پاپۆڕەکە لە ڤارگۆن دابەزین و چووینە نهۆمی سەرەوە، لەوێ بوفیە و قاوەخانەو بازاڕی تێدا بوو. لەنێو پاپۆڕدا بازاڕی ئازاد هەیە، واتە شتومەك هەرزانە و بێ گومرگە.. هەندێ شیرینیم بۆ منداڵەکان کڕی. پاشان گەیشتینە کۆبنهاگن- لەوێ ترێنمان گۆڕی بۆ سوێد ڕۆژی 9/5 گەیشتمە ستۆکهۆڵم.

دوای گەڕانەوەم لە کوردستان، بە پێویستم زانی وتارێك بنووسم لەسەر سەردانەکەم بۆ کوردستانی دوای ڕاپەڕین، هەروەك لە شوێنێکی تری ئەم بیرەوەرییانەدا ئاماژەم پێکردووە، کە هەوڵبدەم بە ڕاستگۆیی ئەوەی دیومە و بیستومە بخەمە بەرچاوی کوردەکانی هەندەران، لێرەدا دەقی ئەو وتارە بڵاو دەکەمەوە، کە لەژێر سەردێڕی: "سەردانێکی کوردستان" کە لە ژمارەی (75) گۆڤاری "بەربانگ" ئۆرگانی فیدراسۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی سوێد-ساڵی 1991 بڵاومکردەوە.

# دەقی وتارەکە
# سەردانێکی کوردستان

گەر مرۆڤ بیەوێ باسی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی باشوور بکات، پێویستە بە شێنەیی و بە چاوێکی بێ چاویلکە. ئەوەی بەرچاوی کەوتووەو یا بیستوویەتی بیخاتە بەر بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکی کورد و بابەتیانە باسیان بکات و تیشك بخاتە سەریان.

دیارە سەردانەکەی من و دەیان کەسی تر لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان، دەستکەوتی ئەو ڕاپەڕینەی گەلی کوردستان بوو، کە دامو دەزگای حکومەتی بەغدای لە ناوچەکانی کوردستان لەبەر یەك هەڵتەکاند. هەر چەند ڕاپەڕین و سەرکەوتنەکەی کوردستان، تەنیا چەند حەفتەیەك درێژەی هەبوو، بەڵام چێژی ئازادی خوێنێکی نوێی وەبەر خەڵك نا و ئەوەشی سەلماند کە ڕژێم لە ماوەی 23 ساڵدا سەرەڕای سەرکوتکردنی خەڵك و کوشت و بڕ و بە عارەب کردنی کوردستان و خاپور کردنی وڵات و شێواندنی باری کۆمەڵایەتی، نەك هەر نەیتوانیوە گیانی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕی خەڵکی کورد تێکبشکێنێ، بەڵکو لە کاتی هەڵکەوت و دەرەتاندا، قینی پیرۆزی خەڵك هاتە جۆش و کوردستانیان لە دامو دەزگای فاشیستی و چڵکاو خۆری داپڵۆسێنەر پاك کردەوە.

هەرچەندە بە داخەوە هەندێ نیشانەی بێ سەر و بەری و بێ ڕێکخراوەیی لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا دەرکەوت، بەڵام ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە سەر شوێنەواری پەروەردەیی ڕژێمی بەعس بە تایبەت مستەشاران و ئامیری هێزی بەرگری و بەکرێ گیراوانی ناپاکی سەر بە

میری، کە راپەڕینی جەماوەر و نەمانی دەستگای دەوڵەتیان بە هەلزانی و نەك هەر بۆ لەبەین بردنی بەڵگەو دۆکۆمێنتی سیخوڕی و تاوانباری خۆیان، دایرەکانی دەوڵەتیان راماڵی، بەڵکو قوتابخانە و تاپۆ و نفوس و نەخۆشخانەکانیان تالآن کرد.

پاش ئەوەی هێرشی دڕندانەی رژێم بۆ سەر کوردستان پەرەی سەند و شارە گەورەکان کەوتنەوە بەر دەستی رژێمی بەعس، هەر ئەو چڵکاو خۆر و بەکرێگیراوانەی، کە دوێنێ بۆ تالآن دەگەڵ راپەڕینی خەڵك کەوتبوون، لە جیاتی ئەوەی شان بەشانی هێزی پێشمەرگە و خەڵك بەرگری بکەن، لە ترسی دەوڵەت رایان دەکرد و خەڵکیشیان دەترسان.

دوای ئەوە کە هێزی پێشمەرگە قارەمانانە پێشی لەشکری بەعسی گرت، رژێم ناچار بوو داوای وەستانی شەڕ و گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی کوردستانی بکات.

ئەو کاتەی من گەیشتمە کوردستان زۆربەی ئاوارەکانی سەر سنووری تورکیاو ئێران گەڕابوونەوەو لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا گیرسابوونەوە.

ئەوانەی شارەکانی تریش کە ماڵیان وێران نەکرابوو، چووبوونەوە. خەڵکی ناوچەی کەرکووك نەبێ کە لە سلێمانی و پێنجوێن و دیانا بڵاوبوونەتەوە، خەڵکی شارەکانی تریش کە ماڵیان بە تەواوی وێران کراون، بە ناچاری لەژێر کەپر و خێوەتدا دەژین.

ئەوەی شایانی باسە، لە ناوچەکانی سەرسنووری تورکیاوە، مرۆڤ چاوی بە هەندێ کۆمەڵگای زۆرە ملێ دەکەوێ، کە ئێستا کەسی لێ ناژی. کە دەپرسی بۆ ئەو خانووانە کەسی لێ نییە؟ دەڵێن: دەوڵەت عارەبی هێنابووە ناوچەکانی سەر سنوور و زۆربەی باخ و زەوییەکانی بەوان بەخشی بوو، لە کاتی راپەڕینەکەدا و دوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان، عارەبەکان ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە.. بەڵام کەس خانووەکانیانی ئاوەدان نەکردۆتەوە.

## باری ژیانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان

کوردستان لە ماوەی ئەو 10-15 ساڵەی دواییدا تووشی زۆر کارەساتی گەورە هاتووە، چ لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و هاوکات شەڕی کورد و رژێمی بەغدا، چ لەبەر سیاسەتی ئابلووقەی ئابووری رژێم لە کوردستان، لە تەك لەنێو بردنی بنەمای ژیانی ئابووری کوردستان و سووتاندنی باخ و باخاتی، کوێرکردنەوەی کانی و سەرچاوەکانی ئاو و راگوێزانی زۆرە ملێی خەڵك، چ بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان یاخود رووکردنی جوتیارەکانی گوندەکانی نزیك بۆ شارەکان، هەروەها قەدەغە کردنی کشت و کاڵ، ئەو هۆیانەی سەرەوە جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانی تووشی برسیەتی و کۆڵەواری کردووە، جگە لەوەش پێشتر رژێم بە هەموو شێوەیەك نارەزایی خەڵکی سەرکوت کردووە و هەوڵیداوە برسیەتی و بێ کاری خەڵکەکە بۆ مەبەستی گڵاوی خۆی بەکار بهێنێ، واتە خەڵکی ناچاربکات ببێتە جاش و سیخوڕ و...هتد.

دەوڵەت هەموو ئامرازێکی بۆ شێواندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە کوردستاندا بەکار هێناوە. بێگومان باری ناهەمواری ژیانی کورد و زەبرو زەنگ و زیندان، بە کۆمەڵ کوشتن و راونان و راگوێزان و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، لە تەك تێکشکانی رژێم لە شەڕی کەنداودا، لە هەمان کات، خۆڕاگرتنی پێشمەرگەو چالاکی نهێنی هێزە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی و گروپ و رێکخراوەکانی ناو شارەکان، زەمینە خۆشکەری راپەڕینەکەی بەهاری ئەم ساڵ بوو.

# تەنگ و چەڵەمەی ئابووری

جەماوەری کوردستان، لە ناوچە ئازاد کراوەکان، لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکووك لە تەنگ و چەڵەمەیەکی ئابووریدا دەژین، بێ کاری و گرانی کەرەستەو پێویستیەکانی ژیان، لە تەك دیارەدەکانی وەك: دزی، تالان، کوشتن، قاچاغچیەتی سیمای رۆژانەی ئەمڕۆی کوردستانی باشوورە.

تەنیا چەند نموونەیەك لە سەر گرانی پێداویستیەکانی ژیان، راستی ئەو بارە دەسەلمێنێت، کە دووچاری خەڵك بووە:

| | |
|---|---|
| - کیلۆی ئارد | 2,5 دوو دینار و نیو. |
| - کیلۆی ماست | 3 دینار |
| - کیلۆی شەکر | 5 دینار |
| - کیلۆی چای | 30 دینار |
| - کیلۆی رۆن | 16 دینار |
| - کیلۆی توتن | 20-40 دینار |
| . کرێ خانوو بۆ دوو ژوور | 150 دینار |

**<u>تێبینی</u>:- ئەوە لە ساڵی 1991، کە خەڵك باری زۆر خراپ بوو، بەڵام ئێستاکە وتارەکە دووبارە دەنووسمەوە، ژیان زۆر گرانترە، بەڵام مووچە و پارە زۆر ترە..**

**2012/1/1- هەولێر**

من تەنیا باسی ئەو شتانەم کردووە، نەك باسی گۆشت و برنج و میوەو سەوزە.. هتد، چونکە زۆر خێزان هەیە بە دوو مانگ جارێك چاویان بە گۆشت ناکەوێ، یاخود منداڵەکانیان میوە ناخۆن. ئەوەی راستی بێت دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و UN و هەندێ رێکخراوی خێرخواز دەستی یارمەتییان بۆ کورد درێژ کردووە، بەڵام بە داخەوە ئەو یارمەتییانە بە نیوەچڵی دەگاتە کوردستان، جا هەندێ دەدزرێ و بە سێ قات دەفرۆشرێتەوە بە خەڵك. لەوانەیە لە هەندێ ناوچەدا کە نوێنەرانی UN راستەوخۆ یارمەتییەکە دابەش بکەن، بارەکە باشتر بێت.

## باری ئیداری و خاوێنی و تەندروستی

لە مانگی ئادارەوە لە ناوچە ئازاد کراوەکان و لەو شارانەی، کە بە رواڵەت دەستەڵاتی دەوڵەتی تێدایە، دەزگا و ئیدارە بەو شێوەیەی کە پێویستە نییەو تەنیا لەوانەیە لە ناوچەی بادینان بارەکە باشتر بێ.. هۆی ئەم بارە ناهەموارە، لەو شارانەی بە رواڵەت دەزگای دەوڵەتی تێدا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ:

1. زۆربەی کارگێڕەکانی پێشوو بۆ بەغدا و موسڵ رایان کردووە.
2. زۆربەی دەزگاکانی تالآن کراون بۆ نموونە:

أ- نەخۆشخانەکان- چوار پایە، کورسی، ئامرازی عەمەلیات و پێداویستیەکانی پزیشکان و دەرمان تالآن کراون.

ب . دایەرەکانی تاپۆ، نفوس، بەلەدییە بە تەواوی سوتێنراون، هیچ بەڵگەیەك نەماوە کە مرۆڤ بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ، کە خاوەنی خانوویەکە، یا پارچە زەوییەکە.. یا (لە 3/31 و لە 4،3،2،1)ی

نیسانیش حەرەسی جمهوری و پیاوانی بەعس لە موسڵەوە روویانکردۆتە شارەکانی کوردستان ماڵەکانیان تاڵان کردووە).

ج . ئامرازی ئاوەدان کردنەوەو ڕێگاو بان خاوێنکردنەوە وەك: ماشینی ئاگر کوژاندنەوە، بلدۆزەر و شۆفەڵ و زبڵ کۆکەرەوە.. هتد... هەمووی تاڵان کراون بۆ ئەو دیوی سنوور ئێران ڕەوانە دەکرێن.

د . کەرستەی بیناو ئاوەدان کردنەوە بە دەگمەن چەنگ دەکەوێ.

و . دوو دەستەڵات هەیە، یەکێ هی دەوڵەتە، ئەوی تریش هی پێشمەرگەیە- بۆیە کار ناڕوا، کاربەدەستانی دەوڵەت دوو دڵن و ناوێرن هیچ بڕیارێك وەرگرن، ئەوەش بووەتە هۆی یاری کردن بە بژێوی خەڵك و بەرز بوونەوەی نرخی شتوومەك لە بازاڕەکاندا.

کاری هاونیشتمانیەکان بەبێ بەرتیل و واستە ئەنجام نادرێ، ئەوەی پارەو پولی هەبێ، کارەکەی دەڕوات.. ئەوەی نەشی بێ ناڕوا؟!..

**باری سیاسی و عەسکەری:**

**أ- سیاسی**

لە کوردستانی ئەمڕۆدا، سەربەستی و تاڕادەیەکی زۆریش دیموکراتی پەیڕەو دەکرێ، هەموو هێزە سیاسیەکانی (بەرەی کوردستانی)، ئەو هێزانەی لە بەرەشدا ئەندام نین، بارەگا و چەکداری خۆیان هەیە، بە سەربەستیش دەتوانن راو بۆچوونیان دەربڕن. بۆ نموونە ئەو هێزانەی لە بەرەدا نین و بارەگایان لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا هەیە ئەمانەن:

ئاڵای شۆڕش.. بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی.. حیزبولڵای شۆڕشگێڕ. ڕەوتی کۆمۆنیست، جگە لە هێزە سیاسیەکان، ڕێکخراوی پیشەیی و نووسەران و هونەرمەندان و لاوان و ئافرەتانیش بارەگای

تایبەتی خۆیان هەیە.

**ب- عەسکەری**

دوای تێکشکانە عەسکەرییەکەی ساڵی 1988 و ئەنفالەکان، کە ڕژێمی بەعس هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەی دژی کورد بەکار هێنا، زۆربەی پێشمەرگەکان لە سنوور پەڕینەوە، بەڵام لە کاتی داگیر کردنی (کوێت) لەلایەن بەعسەوە، هێزەکانی بەرە، پەیتا پەیتا مەفرەزەی چەکداریان بۆ ناوچەکان ڕەوانە دەکرد و دەستیان بە چالاکی سیاسی دەکرد، بەڵام خۆیان دوورە پەرێز لە لێکدان لەگەڵ عەسکەر رادەگرت. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی کەنداو، چالاکی سیاسی و عەسکەری پەرەی سەند و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاسۆی ڕووخانی ڕژێم نزیکتر دەبووەوە، لە شوباتی رابردوودا، کە هێزە هاوپەیمانەکان لەشکری عێراقیان تێك شکاند و لە (کوێت) وەدەریان نان، دەزگای لەشکری و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوەی عێراقیان لە بنەوە هەڵتەکاند، لەولاوەش بێزاری و ناڕەزایی خەڵك بەرانبەر هەڵوێست و سیاسەتی ڕژێم پەرەی سەند، ئیدی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی چەند هەنگاوێکی ژیرانەی هاویشت وەك: لێبوردنی گشتی بۆ ئەو هێزانەی سەر بە ڕژێم بوون (جاش و ئەفواجی خەفیفە) وەك ئاشکرایە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێمیش وەك زۆربەی کورد لە پرۆشکی سیاسەتی شۆڤینستانەو ملهوڕانەی ڕژێم ڕزگار نەبوون، بەڵکو لە زۆر ناوچەدا ڕژێم ناچاری دەکردن، کە گوند و شارۆچکەکانی سەر بە وانیش وێرانکەن و ئاگری تێ بەردەن، جا کە هەستیان کرد ڕژێم لە ڕوخاندایەو بەرەش لێبوردنی دەرکردووە، خۆیان دایە پاڵ ڕاپەڕینەکەی کوردستان. لە ڕاستیشدا لە هەندێ ناوچە دەستێکی باڵاشیان لە تێکشکانی هێزەکانی دەوڵەتدا هەبووە.

دوای راپەڕینەکە و تا ئێستاش ئەو چەکدارانە نەك لەبەر بیروباوەڕ (چونکە خاوەن بیرو باوەڕ نین)، بەڵکو لەبەر هەندێ هەڵوێستی تیرەگری و ناحەزیی عەشایەری کۆن، هەر دەستەیەك خۆی دەداتە پاڵ پارتێك لە پارتەکانی بەرەی کوردستانی... حیزبەکانیش ئەوانە دەقۆزنەوە.. بەداخەوە موستەشارەکان و پیاوانی ئەمن و ئیستخباراتی دوێنێ، ئامیر هێز و ئامیر بەتالیۆن و چەکدارەکانیشیان (پێشمەرگەیان) ناوە!

جا لەبەر ئەوە جاشەکان- ببورن چەکدارە شۆڕشگێڕەکان- کە دوێنێ دەوڵەتی بەعس وای پەروەردە کردبوون کە سەر بەستن لە کوشتن و تالآن کردنی جەماوەردا، ئەمڕۆش دەست لە کارو پیشەی کۆن هەڵناگرن. بەرەش بۆی ناکرێ سزایان بدات، چونکە هەر دەستەیەك سەر بە لایەنێکی نێو بەرەن و پسوولەیان لە گیرفاندایە. زۆر پێشمەرگە و روناکبیر پەنجە بۆ هەندێ ئامیر هێزی (تازە) رادەکێشن، کە تا رۆژی راپەڕینەکە، چەندان کەسیان کوشتووەو ئەشکەنجە داوە، یاخود لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی شۆڕشی نوێدا، پیاوی سەبعاوی و تاها رەمەزان و عەلی کیمیاوی بوون، ئێستاش لە شەقڵاوە، لە بارەگای حیزبەکانی بەرەدا لە پێشی پێشەوەن!

## گفتوگۆی نێوان بەرەو رژێمی بەغدا

بە گوێرەی دەزگای راگەیاندنی نێو نەتەوەیی و بەڵگەنامەکانی گفتوگۆی نێوان دەوڵەتی عێراق و بەرە، سەرەتای رەسمی گفتوگۆ دەبێتە 1991/4/20. من نامەوێ بە درێژی باسی قۆناخەکانی گفتوگۆ، یاخود هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە لە نێوان بەرەو دەوڵەت دابوو، یا ئەو کۆبوونەوانەی کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کردوونی بۆ باس و لێدوان لە سەر ئەنجامی هەر قۆناخێك لە گفتوگۆکە بکەم، چونکە

لەلایەك پێویستی بە نامیلکە، یەك یاخود کتێبێکی قەوارە گەورە هەیە، لەلایەکی تر هەموو ئەو بەڵگەنامانە لەبەر دەستدا نین تاوەکو وەك پێویست سوودیان لێ وەربگیرێت. بۆیە تەنیا لەسەر چەند خاڵێك، کە پێوەندی بەو بەڵگەنامانەوە هەیە دەدوێم.

لە 1991/8/20 دا، دەستەی نوێنەرایەتی بەرە لە بەغداوە چەند پرۆژەیەکیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ کوردستان هێنابووەوە، ئاشکراشە کە سەرکردایەتی سیاسی بەرە هەندێ لایەنی ئەو پرۆژانەیان رەتکردۆتەوە (ئەوەی رەتکراوەتەوە چییە؟ من نازانم).

ئەوەی شایانی باسە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا ئەم دواییە، کەم و زۆر ناوەڕۆکی داخوازییەکانی بەرەو کۆسپ و تەگەرەی گفتوگۆی نێوان رژێم و بەرەیان نەدەزانی، چونکە نە بەرەو نە ئەو حیزبانەی راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت گفتوگۆیان دەکرد، رۆشناییان دەخستە سەر گیرو گرفت و ناکۆکی نێوان بەرەو دەوڵەت و نە خەبەرەکەیان بڵاو دەکردەوە. تەنیا لەو ماوەیەدا سێ حیزب لە بەرە (جگە لە حیزبی شیوعی) هەریەکەی ژمارەیەك رۆژنامەی ناوەندییان بڵاو کردۆتەوەو هەروەها ئێزگەی رادیۆی کوردستان هەیە.

تا من لە کوردستان بووم گفتوگۆی بەرەو رژێم بە چەند قۆناخدا تێپەڕی، کە بەمجۆرە بوو:

ـ 1991/4/20 تا 1991/4/28 دەستەی نوێنەرایەتی بەرە، بە سەرۆکایەتی مام جەلال و ئەندامیەتی کاك سامی عەبدولڕەحمان، کاك رەسووڵ مامەند، کاك نێچیروان بارزانی..

ـ لە 1991/5/7 تاکو 1991/6/17 دەستەی نوێنەرایەتی بەرە بە سەرۆکایەتی کاك مەسعود بارزانی و ئەندامیەتی کاك نەوشیروان مستەفا، کاك رەسووڵ مەمەند، کاك سامی عەبدولڕەحمان. لە قۆناخی

دووەمــدا دەســتەی نوێنەرایــەتی بــەرەو حکومــەت پرۆژەکــەیان ئامــادە کردبوو، بەڵام لەلایەن بەرەوە رەتکرایەوە.

وەك دەگوترا لـەو کۆبوونـەوەیان مـام جـەلال هەڵوێسـتی تونـد بـووەو کـاك هۆشـیار زێبـاری راپـۆرتێکی رێکـوپێکی لەسـەر بـاری نێودەوڵـەتی مەسـەلەی کـورد پێشـکەش کـردووە. پاشـان سـەرکردایەتی بـەرە لـە کۆبوونـەوەکانی سـەرەتای مـانگی تـەممووزدا بڕیـاری داوە کـە گفتوگـۆ بگوێزنەوە بۆ کوردستان. ئەوە بوو نوێنەرانی بەرە لە رۆژی 1991/7/6 دا بـە سـەرۆکایەتی کـاك مەسـعود بـارزانی و ئەندامییـەتی مـام جـەلال تاڵەبانی و دکتۆر مەحمود عوسمان و کاك سامی عەبدولڕەحمان، چوونە هەولێر و چاویان بە عیزەت دووری و وەزیری دیفاع کەوت.

لـە رۆژی 1991/7/7 دا، سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی کۆبوونەوەیـەکی لـە هوتێـل (کۆشـکی میـدیا) لـە شـەقڵاوە بـە بەشـداری نوێنەرانی هەر هەشت حیزبی ئەندامی بەرە کرد. لەوانەی من خۆم چاوم پێکەوتن لە و کۆبوونەوەدا مامۆستایان عەلی عەبدوڵڵا، جەوهـەر نـامیق، جـەلال تاڵـەبانی، د.فوئـاد مەعسـوم، د.کـەمال فوئـاد، دکتـۆر مـەحمود عوسمان، قـادر عـەزیز، عیمـاد ئەحمـەد، مـولازم شـوان، عـەزیز محەمـەد و کەریم ئەحمەد بوون.

لـەو کۆبوونەوەیـەدا جگـە لـەوەی هەنـدێ لایـەنی پـرۆژەی گفتوگـۆ باسکراو بەیانێکیش لەلایەن بەرەوە بڵاو کرایەوە.

ـ قۆناخی سێیەم لە گفتوگۆ لە رۆژی 1991/7/10 دەستی پێکرد، بەڵام نوێنەرانی بەرە 8/20 گەڕانەوە شەقڵاوە، ئەوەی شایانی باس بێت هەڵوێسـتی رژێـم لـە بـارەی کەرکووکـەوە گـۆڕا! دیـارە کودەتـای رۆژی 1991/8/19 لـە سۆڤیەت وای لە بەعس کـرد چاوەڕوان بکا بۆ ئەوەی خـۆی بگرێتـەوەو بۆیـەش بـە گـەرمی پێشـوازی لـەو کودەتایـە کـرد.

دەیـانگێڕاوە تـاریق عـەزیز لـە 8/20 بـە دەسـتەی نوێنەرایـەتی بـەرەی ڕاگەیاندبوو، کە مەسەلەی کەرکووك نابێ هەر باس بکرێ.

دەستەی نوێنەرایەتی بەرە کە بۆ دواجار گەڕایەوە بۆ کوردستان سـێ پـرۆژەی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـابوو، کـە کـەمترین داخـوازی کـوردی دابـین نەدەکرد. ئەم پرۆژانە لەلایەن بەرەوە بڵاو نەکراونەتەوە (من لە ڕێگایەکی تایبەتی وە دەستم کەوت و لەگەڵ خوم هێنامەوە ئەوروپا).

من لێرەدا تـەنیا بـە کـورتی لەسـەر هەنـدێ بەنـدی پرۆژەکـان دەدوێـم، چـونکە وەك ئاشـکرا بـوو سـەرکردایەتی بـەرە لـە کۆبوونـەوەی کۆتـایی مـانگی ئابـدا بـە هەنـدێ لایـەنی ڕازی نـەبوو، بیرخەرەوەیـەکی داوەتـە بەعس، چ خاڵێك ڕەتکراوەتەوە، دیارە من نایزانم. ئەوەی شایانی باسە لەنێو خەڵك و ئەندامانی هێزە و گروپە سیاسیەکانە چەند خاڵێك یەکلا نەکراوەتەوە، کە پەیوەندییان بە:

1. پانتایی خاکی کوردستان و سنووری ئۆتۆنۆمی.

لێرەدا دەبێ بگوترێ بەعس بە هیچ جۆرێك دان بە (مەندەلی و ژەنگار و زمار) نانێ کە کوردستانە. خانەقین لەبەر ئاسایشی ستراتیژی عێراق نـاکرێ بخرێتـە ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی. کـەرکووك، ئەمـە ئـەوە و هەنـدێ شوێنی تریش لەبەر بیرە نەوتیەکان.

2ـ ئـەمن و ئاسـایش تـەنیا دەوڵـەتی ناوەنـدی بەرپرسـیارە، چـونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بـە سـەدام حوسـێنەوە هەیـە، دەسـتەڵاتی ئـەویش جێگای گفتوگۆ کردن نییە.

3ـ دیموکراتیـەت و فـرە حیزبـی و کـاری سیاسـی لـەنێو لەشـکردا. ئەوەی ڕاستی بێت حیزبی بـەعس دەیـەوێت لەشکر تـەنیا بـەعس بێت، حیزبـەکانی تـریش بە بـەرەی کوردستانیشـەوە بـە بەشـێکی تەواوکـەری ڕێبازی بەعس بن.

**پرۆژەکان بریتین لە:**

1ــ پــرۆژەی قــانونی ئۆتۆنــۆمی کــە لــە 1991/7/14 لەســەری ڕێکەوتوون، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قانوونی ساڵی 1974 کە لەلایــەن شۆڕشــی ئەیلوولــەوە ڕەتکرایــەوە. لەوانەیــە هەنــدێ خــاڵی بــە جــۆرێکی تــر داڕێــژرابێ.. دیــارە ئــەوە کــاری بــرا قانوونیەکانــە لایــەنی قانوونی و جیاوازییەکان روون بکەنەوە.

2ـ پـرۆژەی کاغـەزی ئاسایی کردنـەوە (ورقـه التطبيـع)، کـە لـە ڕۆژی 1991/7/21 هەر دوو لا لە سەری ڕێککەوتوون، بریتییە لە (20) بەند. هەندێ بەند دەوڵەت ئەنجامیان دەدات، هەندێکیش بەرە، کە بریتییە لەو بەندانە (9،15،16) کە پەیوەندی بە ڕاگرتنی ئێزگە و دانەوەی چەك و نەهێشتنی پێشمەرگەوە هەیە.

3. پرۆژەی بەیانی سیاسییە، کە لە 1991/8/14 هەردوولا لە سەری ڕێککــەوتوون و بریتییــە لــە (7) بەنــد و لــە بەنــدی دووەمــدا گــوتراوە: "پارتی بەعس و بەرەی کوردستانی ڕێکن لەسەر پەسنی ڕۆڵی مێژوویی ســەیدای ســەرۆکی فەرمانــدە ســەدام حوســێن، کــە ئەنــدازیاری یەکــەمی ئەنجامــدانی ئــەم دەســکەوتە" بــەیانی ئــاداری 1970"ی مەزنــە). لێــرەدا تــەنیا پەنجــە بــۆ ڕۆڵــی خوالێخۆشــبوو مســتەفا بــارزانی رادەکێشــێ لــە گەیشتنە ئەنجامدانی بەیانی ئادار.

هەر لە هەمان بەندداهاتووە: "هەردوولا واتە بەرەو بەعس" پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە (سەرکردایەتی سەرۆکی فەرمانـدە سـەدام حوسـێن بـۆ وڵات، دابــین کردنــی بنەمایــە بــۆ پاراســتنی ئــەم دەســکەوتانە و دەســکەوتەکانی تــری شــۆڕش و کــاری نیشــتمانی). ئەگــەر بەنــدەکانی تریش وەلانێن، تەنیا ئەو بەندە بەسە بۆ سپیکردنەوەی لاپەڕەی ڕەش و

جینایەتەکانی سەدام حوسێنی دکتاتۆر، بەرانبەر بە گەلی کوردستان و عێراق و مرۆڤایەتی بەگشتی تەوهینە بە خوێنی شەهیدانی کوردستان و بە گلکۆی بارزانی.

ئەوەی راستی بێت ئەو پرۆژانە بەو هەموو کەموکوڕییەوەی، کاک مەسعود و دەستەی نوێنەرایەتی بەرە بۆیان هەبوو مۆری بکەن، چونکە سەرکردایەتی سیاسی بەرە دەستەلاتی پێدا بوون.

***خوێنەری بەڕێز لێرەدا، بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانم کۆتایی دێ و چاوەڕوانی بەرگی سێیەم بن.***



**نازەنین حەیدەری – د. جەمشید حەیدەری**



**سالّح حەیدەری ، د.جەمشید حەیدەری**



**لەراستەوە : زاهیر کارەباچی ، د. عیزەدین مستەفا رەسول ،**
**محەمەدی مەلا کەریم مودەریس ، جەمشید حەیدەری ،**



**د. جەمشید حەیدەری لەگەڵ مەهدی زانا لەتەك یەك دانیشتوون /**
**تەمووزی 1991 - دیاربەکر**



کوردەکانی گورجستان



لە چەپەوە : نازەنین حەیدەری – م. عەزیز محەمەد – مومتاز حەیدەری –
ئاسۆ حەیدەری ئەحمەدی زادە



**گروپی کوردی – گوردستان لەگەڵ کەریمی ئەنقۆسی**



**شەقڵاوە/ 1991 لەریزی پێشەوە : سەعید ناکەم، مەلا محمدی مەلاقادر، ......، جەمشید حەیدەری**



لەراستەوە : محەمەد خدر مەولود ، نەوزاد رەفعەت ، سەعەدولا پەرۆش ، د. جەمشید حەیدەری ، نەژادی عەزیز سورمێ ، نەوزاد عەلی ئەحمەد / شەقلاوە تەمووزی 1991



لەراستەوە : عەبدوللا حەسەن زادە ، مومتاز حەیدەری ، شەهید سەعید شەرەفکەندی ، د. جەمشید حەیدەری / بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان - 1991





م. عەزیز محەمەد – د. جەمشید حەیدەری / ستۆکهۆڵم - 1991



د. جمشید حەیدەری - کۆڕێك لەبارەی کورد و کوردۆلۆژی لە سۆڤیەتدا
یەکێتی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر – 1991



ئۆلف تانبەری ئەندامی کۆمیتەی سویدی بۆ کورد ، پرۆفیسۆر جویس لۆ و
د. جەمشید حەیدەری / کۆنفرانسی کوردی ستۆکهۆڵم 1991



**ئەحمەد یونس – د. جەمشید حەیدەری / ئامێدی**



حەوشەی مزگەوتێك لە ئامەد (دیاربەکر)

# پێرست


**بەشی یەکەم**

بەیروت – مۆسکۆ .............................................. 5

**بەشی دووەم**

9/ 1967 - 12/ 1968.................................... 39

**بەشی سێیەم**

بەغدا لەکۆتایی مانگی 12/ی 1968 تا 1970/9/4

.......... 79

**بەشی چوارەم**

1970/9/4 بەغدا – پراگ – مۆسکۆ ........................ 121

**بەشی پێنجەم**

1974/3/11 تا 1976/2/7 ................................... 157

**بەشی شەشەم**

1976/2/7 – 1983/3/5 ...................................... 187

**بەشی حەوتەم**

ستۆکهۆڵم 1983/3/5 ......................................... 133

**بەشی هەشتەم**

1986 – 1989 ................................................ 283

**بەشی نۆیەم**

1989– 1991/7/4

............................................. 325

**بەشی دەیەم / (کۆتایی)** 387

**ستۆکهۆلم** 1991/7/4- **دهۆك**- 1991/9/5

.....................